# ناسیۆنالیزمی کوردی
# لە روانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە
## بەرگی یەکەم

نووسینی:
**کۆمەڵێک توێژەر**

لە ئینگلیزییەوە:
**محەمەد حەمەسالح تۆفیق**

سلێمانی - ٢٠٢١

ناوی کتیب : ناسیۆنالیزمی کوردی له روانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە
بەرگی یەکەم
نووسینی : کۆمەڵێک توێژەر
له ئینگلیزییەوە : محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
هەڵەبڕی : ئەکبەر حەسەن
نەخشەسازی ناوەڕۆک و بەرگ : ئەمیرە عومەر
تابلۆی سەر بەرگ : د. ڕێبوار سەعید
چاپ : چاپی یەکەم
تیراژ : (١٠٠٠) دانە
نرخ : هەردوو بەرگ (١٠٠٠٠) دینار
چاپخانە : چاپخانەی حەمدی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٤٣٣) ی ساڵی (٢٠٢١) ی پێدراوە
زنجیرەی کتێب : (٥٦٠ / ٣)

**سەرپەرشتیاری چاپ**
**عوسمان حەسەن شاکر**

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری
سلێمانی – ٢٠٢١

# پێڕست


| ز | بابەت | نووسەر | ژمارەی لاپەڕە |
| --- | --- | --- | --- |
| | پێشەکیی وەرگێڕ | | ٧ |
| ١ | پاشخانی مێژوویی: ڕەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی | مایکڵ ئەپەڵ | ١٩ |
| ٢ | ناسیۆنالیزمی کوردی: ڕەگ و ریشەکانی چین؟ | ژێگەر حەسەن | ٨١ |
| ٣ | شێخ مەحموود: سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی باشووری کوردی لە کوردستانی عێراقدا، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم | وەدیع جوەیدە | ١٢٣ |
| ٤ | پێنج قۆناخ بۆ بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا | م. هاکان یاڤوز | ١٩٥ |
| ٥ | ناسیۆنالیزمی کوردی لەروانگەیەکی ئیسلامییەوە: گوتاری نووسەرە ئیسلامییەکانی تورکیا | ئومێت جزرە ساکاڵیئوغلوو | ٢٥٥ |
| ٦ | کوردایەتی: هاوکاریی نێوان کوردان و تێپەڕاندنی سنوورەکان لە سەردەمی جەنگ و هێدمەکاندا | ولیەم گۆرلەی | ٣٠٧ |
| ٧ | ناسیۆنالیزمی کوردی | س. ج. ئێدمۆندس | ٣٦٩ |
| ٨ | بزاڤی شارستانی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ماندێتی بەریتانیادا: سلێمانی، ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٣٠ | جۆری تێجێڵ گۆرگاس | ٤٠٧ |
| ٩ | خەسڵەتە سەرەکییەکانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد لە عێراقی نوێدا | ئارام ڕەفعەت | ٤٥٣ |
| ١٠ | پێکهێنانی گەلان و دروستکردنی دەوڵەتان: جیاوازیی ئیتنۆ – ئایینی و دامەزراندنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە لە ساڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٣دا | گیدیتا فۆنتانا | ٤٩٩ |

# پێشەکیی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە بریتییە لە ٢٢ باس و لێکۆڵینەوە، کە بەرگی یەکەم ١٠ باس و دووەم ١٢ باسی لەخۆگرتووە و لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر و توێژەرەوە نووسراون و لە گۆڤاری نێودەوڵەتیی ئاست بەرزدا بڵاوبوونەتەوە. بەشێکی زۆریان باس و لێکۆڵینەوەی قووڵن لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و مێژووی سەرهەڵدانی و بە وردی ئەو مێژووەیان تاوتوێ کردووە، چەند بابەتێکی کەمیشی تێدایە لە شێوەی وتار و راپۆرتی رۆژنامەوانیدان، بەڵام کەسانێک ئەنجامیانداون هەم شارەزا و هەم نوێنەری سەنتەری لێکۆڵینەوە و رۆژنامەی سەنگین و ناودارن. لێکۆڵینەوەکان هی کەسانێکن کە شارەزا و پرۆفیسۆرن لە مەڵبەندی توێژینەوە و زانکۆ ناودار و سەنگینەکانی جیهاندا لە ڕووی بایەخدان بە زانستە جۆراوجۆرەکانی ئەنترۆپۆلۆجی، مێژوو، سۆسیۆلۆجی و گەلێ بواری تری هاوشێوەدا. نووسەرەکانی ئەم باسانە کورد و تورک و ئەمریکی و ئەوروپی و ئوسترالیی تێدایە و هەریەکەیان لە دید و روانگەیەکەوە بۆ مەسەلەکە و رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی کوردی چوون.

بابەتەکان بەشێکیانم لەو گۆڤارانە دەرهێناوە کە خراونەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و هەموو کەس بۆی هەیە سوودیان لێببینێت، بەشێکی بەرچاویشیان، کۆمەڵە بابەتێکن بەسەریەکەوە، بە سوپاسەوە دۆستی دێرینم کاک فەرهاد شاکەلی بۆیناردم، کە مامۆستایە لە زانکۆی ئەپسالا لە سوێد.

به دڵنیاییەوە باس و لێکۆڵینەوەکانی کە لەبارەی ناسیۆنالیزم بەگشتی لە ئاستی جیهاندا و ناسیۆنالیزمی کوردی بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ ئێمەی کورد زۆر پێویست بن، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە لە کوێی دنیا و وڵاتانی دەوروبەرماندایین. هەڵبەت ئێمە ئەوە زیاد لە سەدەیەکە لەم وڵاتە چەند جار دابەشبووەماندا خەبات و بەرخودان دەکەین لەپێناوی بەدیهێنانی مافی خەڵکی بە درێژایــی مێــژووی ســتەمدیدەمان و لەپێنــاوی گەیشــتن بە ئامــانجی بەدەوڵەتبــوون. لەم ڕێــگە دووروودرێژەشــدا ئــازیزانی هێجگــار زۆرمــان لەدەســتداوە، مــاڵی خەڵــک وێرانبــووە، قوربــانیی زۆر دراوە، دەربەدەری وڵاتان و تاراوگە بووین و لەو میللەتە کەمانەی سەر ئەرزین کە بەشێکی بەرچاومان ئاوارە و دیاسپۆرایە. لە سەر خاکی خۆمان جینۆساید کراوین و دواجــاریش بەپــێچەوانەی زۆرێــک لە نەتەوە و گەلانــی هــاودەرد و جینۆســایدکراوی دنیــا، هێشــتا لە نێــو تــۆز و خــۆڵی نەهــامەتی و کارەساتەکانمانەوە هەر هەڵنەساوینەتەوە، با وەک قەقنەس لە ناو سووتماکی خۆمانەوە و وەک نەتەوە هەر زیندوو بین و نەفەوتابین، بەڵام نەفەوتانێکە بە تامی مردن. ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین بۆ و لەبەرچی؟ ئاخۆ دەکرێ هۆکــاری گشــت دەرد و مەینەتییەکانمــان بە درێژایــی مێژوومــان بخەیــنە ئەستۆی جیۆپۆڵەتیک و ململانێی کۆنی ئیمپراتۆریەتەکان و بەتایبەتی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێران و دواتریش بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهان؟ ئاخر خۆ دەبێت بەخۆماندا بچینەوە و لەو دەمەوە بای ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوەپەرستی بە سەر گەلانی ناوچەکەدا هەڵیکردووە و خەباتی زۆریکیان گەیشتووەبەر و ئامانجی سەربەخۆییان بەدەستهاتووە. ئاخۆ ئێمە سەرباری ئەو هەموو قوربانییەی داومانە و تا ئێستا هیچێکی وامان بۆ مەیسەر نەبووە هەر خەتای ئەو هۆکارانە بوون کە ئاماژەیان پێدرا، یان ئەوەتا ناتەواوییەک لەخۆماندا هەیە و مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزممان جێی پرسیارە؟ ئاخۆ

ئێمە بەڕاستی گەیشتووینە قۆناخی ناسیۆنالیزم یان هێشتا هەر لە جوغزی خێڵ و عەشیرەت دەرنەچووین و ئەوەش کە کراوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نـۆزدەوە بە کـاریگەریی سـەرۆکە خێڵەکـی و ئاینییەکـان یـان تـاکی ناسیۆنالیست و هەڵگری ئایدیای ناسیۆنالیزم بەڕێوەچووە.

زۆربەی لێکۆڵەران و سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا نەتەوەپەرستی یان بابڵێین جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب لە ناوچەکەدا لە ژێر کاریگەریی نەتەوەپەرستیی تورکدا بوون، کە لە هەناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە پێشتر سەریهەڵداوە بە کاریگەریی ئایدیای ناسیۆنالیزمی ئەوروپی و ئەمە لە رێگەی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی و تورکە لاوەکانەوە تەشەنەی کرد و کاریشی کردبووە سەر دەستەبژێری نەتەوەخوازی کورد و یانە و رێکخراوی هاوشێوەیان دروستکردبوو. نەتەوەپەرستی لای تورک زۆر توندڕەوانە دەستیپێکرد و لێکەوتەکانی دواتری گەشەکردنی بزووتنەوە نەتەوەپەرست و ناسیۆنالیستییەکەی ئەتاتورک و دواتر دەسەڵات گرتنەدەست و بردنی تورکیا بە ئاقارێکی ترسناکدا کە ئەوە نزیکەی سەدەیەکە بەردەوامە و کورد و تەواوی گرووپە ئیتنیکییەکانی تری ئەو وڵاتە بەدەستییەوە دەناڵێنن و هەموو چەشنە جینۆسایدێکی فیزیکی و کولتووری و مۆراڵییان بەسەردا سەپاندوون و پەلی داگیرکاریشی هاوێشتووە بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی و دنیای لێ بووە بە ناحەز و دوژمن و لە ناوخۆشدا بەشێکی بەرچاوی خەڵکی تورکنەژادی لە سەر رەفتاری قبووڵ نەکردنی هیچ کەس و نەتەوەیەکی دەرەوەی خۆیان راهێناوە و کردوویەتی بە نەریت و کولتوور، ئەگەرچی هەموو تورک نەکەوتوونەتە بەر کاریگەریی ئەو شێواندن و داماڵینە لە بەها مرۆڤایەتییەکان و هێشتا هەر پەراوێزێکی خەڵکی چەپ و دیموکرات و تەنانەت موسوڵمانی نەریتی و سەر بە رێبازە سۆفیگەرییە جۆراوجۆرەکان

هەر کـاریگەرن، بەدەر لە حیزبەکـانی ئیسـلامی سیاسـی کە ئەوانـیش هەر نەتەوەپەرسـتن بە بـارێکی تـردا و بە گـوێرەی هەمـان کولتـووری بـاو توندڕەویشن.

ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمەی تورک و ئەقڵییەتی پاوانخوازی شێوەیەک لە کـاریگەریی بەجێهێشـتووە لای کـورد وەک پراکتیزەکـردن لە بـزووتنەوەی چەکداری و رزگاریخوازیدا بە درێژایی زەمان و سەردەمێکی دوور و درێژ. هەروەهـا لای عەرەبیش بە درێژایی ماوەی سەدەی بیست کاتێ کە وڵاتە کۆڵـۆنی کراوەکانیـان لە رکێفـی دەوڵەتـی عوسـمانی و دواتـر دەوڵەتە کۆلۆنیاڵییەکـانی تـری ئەوروپـا دەرچـوون و بە نـاو سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگـرت، ئەگەرچی لە رووی ئـابووری و سیاسییەوە هەر وابەستەی وڵاتە سـەرمایەدارەکان بـوون، بەتـایبەتی  وڵاتە عەرەبیـیە نەوتییەکـان و لە هەندێکیاندا لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەوە کۆمەڵێک حیزبی نەتەوەپەرست دروستبوون لە ژێر هەژمـوون و کـاریگەریی نەتەوەپەرستە تونـدڕەوەکانی عەرەبـدا، کە ئەمـانیش هەر لە ژێـر کـاریگەریی نەتەوەپەرستەکانی تورکدا بوون، چەشنی ساتیع ئەلحوسەری و کەسانی تر بەتـایبەتی لە عێـراق و سـووریادا. تەنـانەت شـا فەیسـەڵی یەکەم لە پـاش دروسـتکردنی دەوڵەتـی عێـراق لەسەردەسـتی بەریتانیـادا و هێنـانی ئەم لە حیجـازەوە، تـاڕادەیەک لە هەڵسـوکەوت و بڕیارەکانیـدا ناسیۆنالیسـتێکی پەرگـری عەرەب بـوو بەرانـبەر بە کـورد، لەو بەشـەیدا کە بەریتانیـا لە پـاش هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی دایبـڕی و لکانـدی بە دەوڵەتە نـامۆ و ناسروشتییە دروستکراوەکەی عێراقەوە. زۆربەی حیزبەکانی نەتەوەپەرستی وڵاتانی عەرەب، بە ناوی جیاجیایانەوە، لە سەر ئەو بنەمایە دروستبوون کە خەبـات بکەن بۆ رزگـارکردنی نەتەوە یـان گەلانـی عەرەب لە وابەستەیی بە وڵاتە زلهێزەکانی سەرمایەدارییەوە و دەرهێنانی سامانی کانزایی و نەوتیی

وڵاتەکانیـان لە ژێـر چنگیـان و تەرخـانکردنی بـۆ پێشخسـتن و پەرەپێـدانی مرۆیـی و ئـابووریی وڵاتەکانیـان. لەوەش ئەولاتـر رۆیشـتن بـۆ رزگـارکردنی فەلەسـتین و تـووڕدانی جووەکـانی ئیسـرائیل بـۆ نـاو دەریـا و سـڕینەوەی دەوڵەتەکەیان لە سـەر نەخشـەی جیهان. ئەوجا خەیاڵپڵاویی نەتەوەپەرستیی عەرەب دوورتـر رۆیشـت و بە خەیـاڵ هەر ٢٢ دەوڵەتەکەیـان لە زەریـاوە بـۆ کەنـداو کـرد بە یەک و ئیمپراتـۆرێکی ناسیۆنالیسـتیان لە سـەر تەخـت دانـا چەشـنی سـوڵتانی عوسـمانی حـوکمی تەواوی رەعییەتـی عەرەب بکات و لەم پێناوەشدا ئەفسانە و خەیاڵی سیمبۆڵ و قارەمـانی نەتەوەیی، پێش ئیسـلام و دوای ئیسـلامیش نەمـا زینـدووی نەکەنەوە و بە شـان و باڵیـدا هەڵـنەدەن و خەڵکی هانبدەن لە سەر رێچکەیان بڕۆن بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی شکۆ و شـانازیی لەدەسـتچووی نەتەوە. لە دیدی ئەمـانەوە ئەوانەی لە سـەر خاکی عەرەب دەژین دەبێ هەر عەرەب بن و بەم هزر و تێگەیشتنە شوناسـی کورد و ئەمازیغ و ئەفریقییەکانی رۆژئاوا و باشووری سوودان و سـەرجەمی کەمینەی ئیتنیک و ئایین و مەزهەبیان لە ئەقڵ و رەفتاریاندا سڕییەوە. پاشـان داهاتی مۆڵی نەوتیان تەرخانکرد بۆ تواندنەوە و دەرپەڕاندنی تـوخمی غەیـرە عەرەبی وڵاتەکانیان تا ئاستی جینۆسـاید و وێرانکردنـی خاکیـان وەک حاڵەتی کـورد لە کوردسـتانی بندەسـتی عێـراق و سـووریادا و ئیتنیـک و نەتەوە ئەفریقییەکـان لە دارفـور و باشـووری سـووداندا و جینۆسـایدی شـوناس و کولتـووری ئەمازیغییەکـانی هەردوو وڵاتـی مەغریـب و جەزائیـر. هەر هەمـان ئەو سامانەش بوو بە ئامرازی دەسـتی حوکمڕانە ملهوڕ و گەندەڵەکانی ئەم وڵاتـانە، بە رژێـمە کۆمـاری و مەلەکـی و میرەکانیـانەوە، بـۆ بەرهەمهێنـانی سـتەمکاری دژ بە گەلـی خۆیـان و خنکانـدنی ئـازادی و دیموکراسـی لە وڵاتەکانیانـدا و لەبـری بایەخـدان بە ئامرازەکـانی پێشخسـتنی بوارەکـانی فەرهەنگ و ژیان ژمارەی زیندان و زیندانییەکانیان لە هی هەموو دنیا زیاترە.

سیستەمی خوێندن و پەروەردەش لە هی هەموو جیهان دواکەوتووتر و وێرانترە و لەجیاتی پێشکەوتن خراپترین هزری نەتەوەیی و ئایینیی بەرهەمهێناوە. ئەم دۆخە لای تورکیش لەمان باشتر نییە. عەرەب و دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانیان، کە بەتەواوی پشتیان کردووەتە گەلانی خۆیان، نەک هەر فەلەستینیان پێ رزگار نەکرا، بەڵکو لە ساڵی راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، لە ١٩٤٨دا، ژمارەیەک جەنگی گەورەشیان لەگەڵیدا دۆڕاند و لێکەوتەکانی ماڵوێرانییەکی سامناک بوو بۆ گەلەکانی خۆیان و چەسپاندنی زیاتری دواکەوتن بوو لە گەلێ سەرەوە و ئەنجامیش واکەوتەوە نە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و نە رێکخراوەکانی رزگاریی فەلەستین هیچیان بەهیچ نەکرد و مەسەلەکە بوو بە بازرگانییەکی هەرزانبەها و هیچیتر و تەنها ژمارەیەک لەو بەناو سەرکردانەی پێ دەوڵەمەند بوون لە سەر حیسابی بەفیرۆدانی گیان و ماڵی خەڵکە هەژار و هەستپاکەکەی عەرەب و فەلەستینییەکان. نموونەیەکی بەرچاوی ئەمەش کاتێ کە یاسر عەرەفاتی رابەر و سیمبۆلی بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین دەمرێت تەنها ژن و کچەکەی دەبن بە میراتگری چەند ملیار دۆلارێکی ملکی رێکخراوەکە، کە ئەم بۆ خۆی قۆرخی کردبوو. بێگومان ئەم نموونەیە لای ئێمەش زۆر و بەرچاوە و بێ هیچ سڵ و شەرمێک لە خەڵکی ستەمدیدە و قوربانی دەگوزەرێت.

لەم عێراقە دروستکراوەی دەستی بەریتانیادا، کە بە ناڕەوا و لەبەر بەرژەوەندیی زلهێزەکان ئەم بەشی باشوورەی کوردستانی خرایەسەر، هەر لە دروستبوونیەوە و وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە سەر دەستی مەلیکە هاوردەکەیەوە بە رەفتار و ئەقڵییەتی ناسیۆنالیستی و شۆڤێنێتی نەتەوەی سەردەستدا لەگەڵ کورد هێنایان و دژ بە کۆمەڵێک مافی بنەڕەتییان

وەستانەوە و بە شێوەیەکی نالۆجیکی و ناشارستانیانە مامەڵەیان لەگەڵ کرد. ئەم رەفتـارە لە سـەردەمی کۆماریشـدا درێـژەی کێشـا و لە سـاڵی ١٩٦١وە بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی کـورد بە فـۆرمێکی چەکدارانە بەرەنگـاری ئەو دۆخە بـووەتەوە و نەتەوەپەرسـتی عەرەبیـی حـوکمڕان بەردەوام بە ئـاگر و ئاسن مامەڵەی لەگەڵ کورددا کردووە و درێغیی نەکردووە لە ستەمکاری و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و شار و دێهات سووتاندن و رووخاندن و کاولکاری تـا هـاتنە سـەر دەسـەڵاتی حیزبـی بەعـس، کە پەڕگرتـرین دەسـتە و تـاقمی ناسیۆنالیستی عەرەبی پێکهێنابوو. ئەو هەر لە دەسپێکی حوکمڕانییەوە کەوتە سیاســەتی پاکتــاوی نەژادی و بەعەرەبکــردن و راگواســتن دژ بە کــورد و سـەرەنجام بە قۆناخەکـانی جینۆسـاید کۆتـایی پێهێنـا، کە خۆیـان لە ئەنفـال و بەکارهێنانی گازی کیمیایی و لەناوبردنی بارزانییەکان و کوشتن و دەرکردنی فەیلییەکانــدا بینیــیەوە و بێگومــان تــێکەڵ بە کــورتبینی و نەخوێنــدنەوەی رەوشــەکەش بــوو لەلایەن حیــزب و سیاســەتمەداران و بازرگــانی جەنگــی "ناسیۆنالیستی" کوردەوە کە سـەرەنجام "بە رەنج و کۆششـی هەمـوو لایەک!" کوردسـتان بـوو بە سـووتماک. حیزبـی بەعـس هەر بە کـوردەوە نەوەسـتا و جەنگێکی درێژخایەنی لەگەڵ ئێراندا بەرپاکرد و دوای ئەوەش پەلـی کوتـا بـۆ کوەیــت و پاشــانیش خــۆی بە گورگــانخواردوو دا بە دەســتی ئەمریکــا و هاوپەیمانــان و دواجــار ئەو رژێــمە نەگریســەیان رووخانــد و رادەســتی حیزبەکـانی ئیسـلامی سیاسـیی شـیعەیان کـرد، کە لە ڕووی مامەڵەکردنیـان لەگەڵ کورد لە ناوەرۆکدا هەمـان رەفتـاری ئەوانـی پێش خۆیانیـان هەبـوو بە هەندێک نەرمی و تەفرەدانەوە، لە ژێر پەردەی بەشداریکرنی کورد لە حوکمی عێراقدا و لە ناوەرۆکیشدا هیچ دەسەڵاتێکی نیە و نەیشـیبووە. تـاڵان و بڕۆ و دەسـتبردن بـۆ سـامانی گشـتی لە عێراقدا لە سـەردەمی دەسـەڵاتی بەعسـەوە

درێــژەی هەیە و بــووە بە کولتــوور، کە زیــاتر لە ســەردەمی تــاڵانکردن و سووتاندنی دێهاتی کوردنشینەوە سەرچاوەی گرتووە. دواتریش تاڵانییەکانی جەنگی ئێران و داگیرکردنی کوەیتیشی هاتەسەر. بەڵام پاشان لە سەردەمی راپەڕینی کورد و باشووری عێراق دواجاریش رووخاندنی رژێمی بەعس و بەناو رزگارکردنی عێراق هێندەی تر کولتووری تاڵان و بڕۆ بوو بە رەفتار و خوویەکی ئاسایی و شەرم و شوورەیی لێهەڵگیرا و ئەوجا لای حیزبە شیعییە حوکمڕانەکان گەیشتە ترۆپک و هیچ سنوورێکی یاسایی و مۆراڵی نەمایەوە بۆ بەربەستی لێکردنی و بەمە عێراقیش گەیشتووەتە لێواری داڕووخان و لەبەریەک هەڵوەشانەوە. ئەمانە هەر لە سەرەتاوە تا دەگاتە ئێستای عێراقی وێرانە نەیانتوانی و بێگومان هەرگیزیش ناتوانن دەوڵەتێکی شارستانی بنیات بنــێن کە هاوڵاتیــانی تێــدا یەکســان بــن لە ئەرک و مافــدا و هەردەم نەتەوەپەرستی لە دروشم و رەفتاری جینگۆیزمی خۆی نەکەوتووە، واتە بە پیرۆزدانــانی خاکپەرســتی و پاشــانیش دۆڕانــدنی و پشــت تێکردنــی لە هەر پێچێکــی مێــژوودا کە بەرژەوەنــدیی ئەو تــاک و گرووپــانەی تێــدا نامێنێــت. ســەرباری ئەوەش تونــدڕەویی مەزهەبیــی شــیعەش هێنــدەی تــر دۆخەکەی ئاڵۆزکرد و هیچ سنوورێکی مۆراڵ نەما نەبەزێنرێت. ئەمە بۆ کورد و حیزبی ئەم سەردەمەی کوردییش، لە هەرێمی کوردستاندا، راستە و پڕ بە پێستی رەوش و رەفتارێتی و بەتایبەتیش ئەوانی جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست.

ئەم دۆخە لەئێستادا لە سووریاش بەرجەستەیە، کە ئەویش لە چلەکانی ســەدەی رابــوردووەوە گرفتــاری دەســتی دوور لە مــۆراڵی ناسیۆنالیســتی عەرەب بــووە و بــاڵێکی تــری حیزبــی بەعــس کە هەمــان سیاســەتی ئەوانــی عێراقیــان هەیە جــڵەوی حوکمیــان لەدەســتدایە. لەوێ لە ســاڵانی چلەکــان و پێشتریشەوە دەستیان داوەتە سیاسەتی پشتێنەی عەرەبیی پاکتاوی نەژادی

دژ بە کورد، کە بریتیبوو لە نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکان لە سنووری دەستکردی نێوان کوردەکانی سووریا و تورکیادا بۆ لێکتر دابڕینیان و ڕاگواستنیان بۆ گوند و شارەکانی دیوی ناوەوەی سووریا و سەرباری ئەمەش بێبەشکردنیان لە ڕەگەزنامەی سووری و ئەنجامیش بێبەشکردنیان لە خوێندنی باڵا و کار و گەلێ مافی سرووشتیی مرۆڤ. ئەم ڕەوشە لە ئێستادا ئەزموونە سەرکەوتووەکەی کوردانی ڕۆژئاڤا چارەسەرێکی لۆجیکییان بۆ دۆزیوەتە و خەڵکی عەرەب و ئاشووری و ئەرمەن و تاڕادەیەکیش تورکمانیان و هەروەها گرووپە ئایینی و مەزهەبییە جیاوازەکانی ئەوێیان بەکردەوە تێکەڵی دەسەڵاتداریێتیی ئەزموونەکە کردووە سەرباری داگیرکاری و کاریگەریی دوژمنکارانەی تورکیا و ڕژێمی سووریا و دەستێوەردانی دوژمنکارانە و بەرژەوەندخوازانەی نێودەوڵەتی.

هەمان سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لە لایەن ڕژێمی نەتەوەپەرستی توندڕەوی تورکیاوە دژ بە کورد پیادە دەکرێت لە سەروەختی کودەتای تورکە لاوەکانەوە لە ساڵی ١٩٠٨دا و پاشانیش لەسەردەستی بزووتنەوە پان تورکیستە توندڕەوەکەی کەمالییەکاندا کە لە ساڵانی ١٩٢٠کانەوە جڵەوی حوکمیان لە تورکیادا کەوتەدەست و تائێستاش پراکتیزەی جینۆسایدی کورد دەکەن بە دڕندانەترین شێوە و کۆمەڵگەی تورکیان تووشی دەردێکی کوشندەی شێواندنی وا کردووە کە لە تورک زیاتر کەس تەنانەت بە مرۆڤیش نەزانن. هەڵبەت مەبەستم تورکە دیموکرات و چەپەکان نیە کە لە ئەنجامی سیاسەتی نەگۆڕی ئەم ڕژێمەدا ڕێژەیەکی کەم لەوانە ماونەتەوە و کاریگەرییەکی تاڕادەیەک لاوازیان هەیە.

ناسیۆنالیستی پان ئێرانیزمیش بە بارێکی کەمێک ئەهوەنتر و سووکتردا هەمان ڕۆڵی ئەوانیتر دەبینێت لە بەرانبەر کوردی ئێران و بلووچ و نەتەوە و

ئایین و مەزهەبەکانی تری بەدەر لە شیعەگەرا و جیاکارییەکی بەرچاو هەیە دژ بە نەتەوە و گرووپــی کەمیــنەی ئــایینی و مەزهەبیــی وەک ســوننە و یارسان و زەردەشتی و هیتر.

لە کوردستانی عێراقیشدا، پاش ئەوەی لە سالآنی ١٩٢٠کانەوە خەڵکی کورد دەچەوسینرێنەوە بە دەستی عەرەبی نەتەوەپەرست و کۆنەپەرست و شۆڤێنی، لە وڵاتیکدا کە هەردەم ئەم نەتەوەپەستانە تێیدا باڵادەست بوون و لەدژی نیشتمانپەروەر و دیموکراتخوازی تەنانەت عەرەبی عێراقیش هەر سیاسەتیان چەوت و بەدەر بووە لە لۆجیک و دادپەروەری. ئەوجا لە پاش ئەم هەموو قوربانی و ماڵویرانییەی خەڵکە کوردەکە بە خولیا و ئامانجێکی نەتەوەیی پاک و بێگەردەوە تووشیهات و پاش ئەوەی ستەمکردنی رژێمی عێراق گەیشتە ترۆپکی کە جینۆسایدە و لە ساڵی ١٩٩١وە و لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتی هەرێمی و نیودەوڵەتی و شکستی رژێمی بەعس خەڵک راپەڕی و دامودەزگای بەعسیان لە کوردستان وەدەرنا و دواتر لە ساڵی ١٩٩٢دا بە هەڵبژاردنی نێوان حیزبەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد حکوومەتی هەرێمی تێدا دروستبوو. پاش گۆڕینی رژێمی بەعسیش و تێکشکاندنی داروباری عێراق وەک دەوڵەت لەلایەن ئەمریکا و هاوپەمانانەوە، حیزبەکانی کورد بەشدارییان کرد لە دووبارە دروستکردنەوەی دەوڵەتی وردوخاشکراوی عێراقدا و دیسانەوە بە قەولی ئەردۆغانی شەریکە بەشمان لە داهاتی نەوتدا ئەم "هەرێمە جوانەیان"، بە قەولی سەرۆکە ملهوڕەکەی تورکیا، خستەوە سەر دەوڵەتی عێراقی رادەستکراوی دەستی کۆمەڵێک بەناو سیاسەتمەداری "رێکەوت" و مفتخۆر و هەلپەرست لەلایەک و دەستە و تاقمی شیعەگەرای سیاسی و لێبووک و جووڵێنراوی دەستی دەرەکی و ناخ و رەفتار نەتەوەپەرستی عرووبی، لە بەرانبەر بەشدارییەکی بێدەسەڵاتانەی

حیزبە کوردییەکان لە حوکمی عێراقدا، بەپێی سیاسەتێکی داڕێژراوی تائیفی، کە لە ناوەرۆکدا لە ئەزموونە شکستخواردووەکەی لوبنان دەچوو، واتە سەرۆک کۆمار بۆ کورد و سەرۆک وەزیران بۆ شیعە و سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ سوننە، لەکاتێکدا دەسەڵاتی راستەقینەی جێبەجێ کردن لای حیزبەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە بوو و هەمیشە کورد لە پەرلەماندا کەمینە بووە و لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر حیزبەکانی کورد تەباش بووبێتن تێیدا هەر هیچیان پێنەکراوە بۆ جێگیرکردنی هەندێک مافی بنەڕەتیی کورد لە هەرێمدا.

خوێنەری بەڕێز

ئەمەی لە بەردەستتدایە را و بۆچوونی کۆمەڵە نووسەر و توێژەرێکی کارامەیە لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و هەریەکەیان لە دیدگەیەکەوە شیکاریی بۆ مەسەلەی ئەو ناسیۆنالیزمە کردووە و زۆرێکیان لە رەگ و ریشە و مێژووەکەی وەستاون لە سەد و ئەوەندە ساڵی رابوردوودا، چەشنی مایکڵ ئەپەڵ لە بابەتی "پاشخانی مێژوویی: رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی نوێی" و ژێگەر حەسەن لە بابەتی "ناسیۆنالیزمی کوردی: رەگ و ریشەکانی چین؟" و وەدیع جوەیدە لە بابەتی "شێخ مەحموود .. سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی باشووری کورد لە کوردستانی عێراقدا..." و ئێدمۆندس لە بابەتی "ناسیۆنالیزمی کوردیدا" و رۆبەرت ئۆڵسن لە بابەتی "شەڕ لە سەر کوردستاندا..." و هاکان یاڤوز لە "پێنج قۆناغ بۆ بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا" و ئومیت جزرە ساکالیئۆغڵوو لە "ناسیۆنالیزمی کوردی لە روانگەیەکی ئیسلامییەوە .. گوتاری نووسەرە ئیسلامییەکانی تورکیا"،

جۆردی تێجیڵ گۆرگاس له "بزاڤی شارستانی له کوردستانی عێراق له ماوەی ماندێتی بەریتانیادا ..." و ئارام ڕەفعەت له "خەسڵەته سەرەکییەکانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد له عێراقی نوێدا" و گوینەش موراد تەزجور له "ناسیۆنالیزمی کوردی و شوناس له تورکیادا: سەرلەنوێ لێکدانەوەی چەمک و تێگەیشتنەکان" و جانێت کلەین له "کورده نەتەوەیی و نانەتەوەییەکاندا: پێداچوونەوەیەک به ناسیۆنالیزمی کەمایەتییەکان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا" و ویلیەم گۆرلەی له "کوردایەتی: هاوکاریی نێوان کوردان و تێپەڕاندنی سنوورەکان له سەردەمی جەنگ و هێدمەکاندا" و .. تاد.

له نووسینی ئەم بابەتانەدا توێژەران کورد و تورک و ئەوروپی و ئەمریکی و ئوسترالی بەشدارن و تێکڕا بابەتەکان وێنەیەک لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕەهەندەکانیەوە پێکدەهێنن که ئێمەی کورد لەمڕۆدا زۆرمان پێویست پێیەتی و وەک یەکێک له هۆکارەکانی پێداچوونەوە به رابوردووی نزیکماندا و وەستان له سەر زیاتر تێگەیشتن له بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەم سەدە و نیوەی رابوردوومانـدا و زیاتر تێگەیشتن له ئاستەنگەکانی بەردەمی ئەو بزاڤە و بەراورد کردنی لەگەڵ ئەوی گەلانی هاوشێوەمان و بەتایبەتی لەگەڵ ئەو گەل و گرووپه نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیانەی به شێوەیەک له شێوەکان وەک ئێمه گرفتاری ستەمی مێژوویی و بێمافی و جینۆساید بوونەتەوە و بتوانین له هەڵه و کەموکورتییەکانی خۆمان پەند وەربگرین.

# ١

# پاشخانی مێژوویی:

# ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی

**مایکڵ ئەپەڵ**

پرۆفیسۆری مێژوو لە زانکۆی حەیفا

- **مایکڵ ئەپەڵ** Michael Eppel

پرۆفیسـۆر لە زانکـۆی حەیفـا / سـەرۆکی بەشـی مێـژووی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست. لە کتێبە گرنگەکانی:

- گەلێکی بێدەوڵەت: کورد لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بۆ بەرەبەیانی ناسیۆنالیزم (٢٠١٦).
- عێـراق لە پاشـایەتییەوە بـۆ ملهـوڕی: لە سـەردەمی هاشـمییەوە بـۆ سەرهەڵدانی سەددام (٢٠٠٤).
- ململانێی فەلەستین لە مێژووی نوێی عێراقدا: دینامیکییەتی تێوەگلان، ١٩٢٨ – ١٩٤٨.
- دەستەبژێر و ئەفەندی و گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و پان – عەرەبیزم لە عێراقی هاشمیدا، ١٩٢١ – ١٩٥٨.

جـگە لە دەیـان بـاس و لێکـۆڵینەوەی ورد لە سـەر کـورد و عەرەب و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی دیاردەیەکی نوێیە. بەهەرحاڵ، پەرەسەندنی کۆی شوناسەکان، بەڵگە و ئاماژەکان، نەریتە کولتووری و فەرهەنگییەکان و خودهۆشیاری لە سەردەمی پێش مۆدێرنەدا سەرچاوەیەکی لەبنەهاتووی بنیاتنانی گوتارێکی ناسیۆنالیستیی مۆدێرن و "کۆمەڵگە خەیاڵییە" مۆدێرنەکان پێکدێنن. تێگەیشتن لە گەشەکردنی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان و ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتوون لە بنیاتنانی گێڕانەوە یان حیکایەتێکی نەتەوەییدا پێویستی بە ئەزموونێکی نزیکی گەشەکردنی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و زمانەوانییە.*

یەکەم گوزارش و دەربڕینەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەرایی سەدەی بیستدا سەریهەڵدا. شێخ عوبەیدوڵا، کە ساڵی ١٨٧٨ دژ بە ئیمپراتۆریتی عوسمانی یاخیبوونی بەرپاکرد و دوو ساڵیش دواتر ناوچەی ورمێی ئێرانی داگیرکرد، لەبارەی سەربەخۆیی کوردەوە دەدوا. هەڵوێستی ئەو لەبەرانبەر ئیمپراتۆریتی عوسمانیدا تەمومژاوی بوو و پاڵنەر و رەفتارەکانی نەریتی و خێڵەکی و فیودالانە بوون. لە هەندێ بۆنەدا عوبەیدوڵا زاراوەی "نەتەوە یان تایفەی کوردی" بەکاردەهێنا و ئاواتی خۆی بۆ یەکگرتنی کورد و دەوڵەتێکی کوردی دەرەبڕی لە ژێر سایە و حوکمی خۆیدا[١]. لای خۆیشییەوە، حاجی قادری کۆیی (١٨١٧ – ١٨٩٧) رۆڵی خۆی بینیوە لە گەشەکردنی هۆشیارییەکی نەتەوەیی کورددا لە دەسکاری کردن و رێکخستن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی داستانی مەم و زینی ئەحمەدی

خانیدا، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٦٩٥دا بڵاوبووەوە. مەم و زین دەربڕینی شوناسێکی کوردیی سەربەخۆ و خولیا و ئاواتی حاکمێکی کوردی تێدایە[٢]. ئەمە لەلایەن نەتەوەپەروەرەکانەوە وەک حیکایەت و داستانێکی دوورودرێژی ناسیۆنالیزم وەرگیرا. هەنگاوێکی تر بە ئاڕاستەی خودهۆشیاریی کوردیدا دەرکردنی یەکەم رۆژنامە بوو بە زمانی کوردی، بە ناوی "*کوردستان*" لە ساڵی ١٨٩٨دا. ناسیۆناڵیزمی کوردی بە پرۆسەی مۆدێرن بوون و بەرەورووبوونەوە لەگەڵ رۆژئاوادا بەرجەستەبوو لە ماوەی حوکمی عوسمانی و ئێراندا بۆ کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا، گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی و گوتاری نەتەوەیی گرێدرابوو بە هەردوک شوناسی کوردیی مێژوویی و ئەفسانەییەوە و گەشەکردن و رۆڵی بەدرێژایی مێژووی پێش ئیسلام و ئیسلامەوە.

مەبەستی ئەم بەشە خستنەڕووی مێژووی پەرەسەندن و پێکهاتە سۆسیۆ – سیاسییەکانە لە کوردستاندا و ئیشارەت کردنە بۆ پەیدابوونی کورد و بەڵگە و دەلالەتەکانی "*کورد* و *ئەکراد*" و شوناسی کورد و خێڵەکانی کورد و میرنشینە کوردییەکان بەدرێژایی مێژووی ئیسلام[٣]. ئەمە دەشێ وا تەماشا بکرێت کە مێژووی کوردستان و ئەو پەرەسەندنە مێژووییانە بێت کە بە ئاڕاستەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردیدا رۆیشتبێت، رێک وەک گاڵییەکان و فرانکەکان و میرۆڤینکەکان تێبینیی دەکرێن وەک بەشێک لە مێژووی فەرەنسا، مێژووی میر مێزسکۆ و بنەماڵەی پاشایەتیی پۆڵەندا، ریچاردی شێردڵ و مێژووی ئینگلیز، میرەکانی کێیڤ و مۆسکۆ وەک بەڵگە و ئاماژە بۆ مێژووی رووسیا. راستییەکەی چەمکی "نەتەوەیی" لێرەدا ناتوانرێ بسەپێنرێت بەسەر ئەم حاڵەتەی ئێرەدا چونکە چەمکی ناسیۆنالیزمی نوێ تەنها لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی مۆدێرندا گەشەی کردووە. بەهەرحاڵ،

مەسەلەکانی پێش مۆدێرنە، راستی بن یان داهێنراو، چەشنی کەسایەتی، ئەفسانەکان و ئەفسانە میللییەکان وا لە بزووتنەوە مۆدێرنە میللی یان نەتەوەییەکان دەکەن کە وا گوتارێکی نەتەوەیی مۆدێرن بنیات بنێن. گەشەکردنی شوناسێکی نەتەوەیی کوردی بەندبووە بە پەرەسەندنێکی سەرەکی کە وەکو کورد دەسنیشانکراوە، چەشنی خێڵە کوردەکان، میرنشینەکان، هۆنراوە و قەسیدە و دابونەریتی زارەکی. ناسنامەی ئیتنیکیی کوردی و تۆوی دەوڵەتسازیی کورد – لە فۆرمی میرنشینە ئۆتۆنۆمیدارەکاندا کە لە سەرەتای ئیسلامەوە تا سەدەی نۆزدەهەم لە دۆخێکی هەژموون و باڵادەستدا بوون و هەلومەرجیان رەخساندووە بۆ گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن. بەڵام لەناوچوونیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا و پرۆسەی خاوی مۆدێرنیزە و گەشەکردنی سنووردار ی چینە کۆمەڵایەتییە نوێکان و لێژبوونەوەیان بەرەو ئاوێتەبوون یان تەنانەت توانەوەیان لەناو شوناسی پەرەسەندووی تورک و عەرەب و ئێرانییەکاندا و نەبوونی نەریتی زمانێکی ئاستبەرزی کوردی هۆکاری سەرەکی بوون بۆ لاوازی و دواکەوتنی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. بنیاتنانی نەتەوەیی کورد و درووستکردنی حیکایەت یان گێڕانەوەیەکی نەتەوەیی لەلایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی مۆدێرنی کوردەوە پێویستی بە نزیکترین تاقیکردنەوەی شوناسی کوردییە لە یادەوەرییە بەکۆمەڵ و پەرەسەندنە مێژووییەکاندا کە وا کاریان کردووەتە سەر زمانی کوردی و ئەو بارودۆخە سۆسیۆ – سیاسییەی کە پێش بەرەبەیانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن کەوتوون و تایبەتمەندیان کردووە. بارودۆخی نێودەوڵەتی و سەرلەنوێ نەخشەکێشانەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، کە کوردی بە بێدەوڵەت هێشتەوە، لەهەمان کاتیشدا دەستباڵایی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسێسبوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو دۆخ و

هەلـومەرجەی درووسـتکرد کە وا بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی کـوردی تێـدا پەرەبسـێنێت. بەهەرحـاڵ، تێگەیشـتن لە بنەماکـانی بـزووتنەوەکە پێویسـتی بە تـوێژینەوەیەکی قـووڵی مێـژووی کوردسـتان و کـورد و کاراکتەرەکـانی پـێش گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی مۆدێرنە[٤].

## کورد و کوردستان و گەشەکردنی ئیسلام

تۆمـــارە مێـــژووییە ئیســـلامییەکانی چەرخـــی ناوەڕاســـت و کتێـــبە مێژووییەکـان و بەهەمـان شـێوەش تـوێژینەوە نوێکـانی تەرخـانکراو بـۆ هەڵکشـانی ئیسـلام و فتووحاتەکـانی لە سـەدەی حەوتەمـدا، بەشـێوەیەکی سەرەتایی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوە بوو لە نێوان موسڵمانەکان و دوژمن و رکابەرە بەهێزەکانیان لە ئیمپراتۆرێتەکانی ساسانیی فارسی و بیزەنتییەکاندا، کە حکوومەتی سەنترالی خۆیان و هێز و دەسەڵاتی خۆیان و ئایینی خۆیان و کولتوورێکی نووسراوی خۆیـان دەستەبەر کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، جگە لە بەگژداچوونەوە و ململانێیان لەگەڵ دەوڵەتە چاک رێکخراوەکان و کولتوورە مەحـــکەم و پتەوەکـــان، موســـڵمانەکان ناوچەکـــانی بـــاکوور و بـــاکووری رۆژهەڵاتـی دیجلە و پێدەشـتەکانی فورات و هەردە و بەرزاییەکانی ئێرانیـان داگیرکـــرد لە شـــەڕ و بەرەوڕووبوونەوەیانـــدا لەگەڵ کوردەکـــانی یـــان *"ئەلئەکـــرادی"* دانیشـــتوانە خێڵەکـــی و شـــوانکارە و جووتیـــارە گوندنشـــینە نەخوێندەوارەکانـــدا، کە وا دەســـەڵاتێکی ســـێنترالیان نەبـــوو و بە دیـــالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی قسـەیان دەکرد کە نزیکایەتی لەگەڵ زمـانی فارسـیدا هەبوو. ئەمە رووبەڕوونەوەیەک بوو لە نێوان شـەپۆلێکی کۆچەری فراوانخوازی خێڵە شوانکارە عەرەبی زمانەکانی بیابانەکانی عەرەب و شام کە

به هۆکــاری ئایــدیۆلۆجیایەکی هانــدەری ســەروو خێڵــی ئیســلامییەوە یەکیانگرتبوو و لەگەڵ خێڵە چیانشینە شوانکارەکاندا بەریەک کەوتبوون کە بە دیـالێکتە جۆراوجۆرەکـانی زمـانی کـوردی دەدوان و دەسـەڵاتێکی سیاسـیی باڵای سەروو خێڵ و ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینیی رێکخراویان نەبوو.

ئیســلام، کە لە نێـو دانیشــتوانی مێرگەکــان (واحــة) و خــێڵە شــوانکارە کۆچەرەکـانی دوورگەی عەرەبـی لە مـاوەی سـەدەی حەوتەمـدا بڵاوبـووەوە، هەرزوو سـەرچاوەیەکی دەسـەڵات و شـەرعییەتی پێکهێنـا بـۆ سـەرکردایەتیی سەروو خێڵ و پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆجیی رەخساند بۆ پەلکوتان و فراوانبوون و خاک و ناوچە نەریتییەکانی کۆچکردنی وەرزیـی خێڵ تێپەڕێنێت. لەولاشـەوە، خێڵە کوردەکان ئـایین و بـاوەڕێکی یەکگرتـوو لایـان گەلاڵە نەبـوو و لەهەمـان کاتیشدا سەرکردایەتی یان پەیامێکی یەکگرتوویان نەبوو، بەڵام بە پێچەوانەی دۆخـی کـوردەوە، زمـانێکی گەشـەکردووی پتەو لە نـیمچە دوورگەی عەرەبدا هەبــوو، تەنــانەت لەپــێش ســەرهەڵدانی ئیسلامیشــدا – کە بڵاوبــوونەوەی ئیسلام و کولتووری ئیسلامی خێراتری کرد لە ژینگەی عەرەبیدا، لەولاشـەوە گەشەکردنێکی زمانەوانیی هاوتەریب لە ناو خـێڵە کوردەکانـدا نەڕەخسـابوو و هیچکــام لە دیــالێکتە کوردییەکــانیش باڵادەســتی و هەژمــوونی بــۆ خــۆی دەستەبەر کردبوو. بەواتایەکیتر زمانێکی بنەڕەتیی یەکگرتوو نەهاتە ئاراوە.

تێـرم یـان زاراوەی "کوردەکـان" (*ئەلئەکراد*) وەک بەڵـگە و ئامـاژەی ئەوە هەیە کە شوناسی بەکۆمەڵی کورد لە سەر بنـاغەیەکی جێگیـری سـەروو خێڵ یـان سـەروو رێکخـراوی لۆکـاڵی وا درووسـت نەبـووە کە خولیـا و مەراقـی بەدیهێنانی سەربەخۆیی بێت یان خێڵە جۆراوجۆرەکانی کورد یەکبخـات. خـێڵە عەرەبەکان، لەکاتێکدا کە بە دانپیانان و سەلماندنی هەموو لایەک ناسنامەکانی خۆیــان دەپاراســت، ســوودێکی بەرچاویشــیان لەو خــێڵانە دەبینــی کە

بەرەوڕووبوونەوە و شەڕیان لەگەڵ دەکردن لە ماوەی هێرش و پەلاماردان و بەرفراوانکردنی رووبەری داگیرکارییان، بەپێی ئەو راستییەی کە باوەڕێکیان هەبوو، جگە لە پرینسیپێکی رێکخراو و سەرکردایەتییەکی سەروو خێڵ و رەوایی پێدانێکی ئایینیش. پەرەسەندنی "کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی" ئیسلامی هێز و دەسەڵاتی دا بە موسڵمانەکان کە هەژموونی خۆیان بسەپێنن بە سەر گرووپەکانی ئەو دانیشتوانانەدا کە پرۆسەیەکی هاوشێوەیان ئەزموون نەکردبوو. لەکاتێکدا کە وا ئیسلام چاودێریی قۆناخە سەرەتاییەکانی گەشەکردنی دەوڵەتی عەرەبیی دەکرد (لانی کەم تا کۆتایی خەلافەتی ئەمەوییەکان)، بەڵام گەشەسەندنێکی لەو شێوە لە نێو خێڵە کوردەکاندا روویندا.

واتا و دەلالەتەکانی "*کورد و ئەکراد و مەعقەل ئەلئەکراد*" (واتە قەڵای پتەوی کوردان) لە کتێبی ئەلبەلازەری (البلاذری) (ساڵی ٨٩٢ کۆچی دوایی کردووە)، کە ناوی *فتووحولبولدانە* (فتوح البلدان، واتە داگیرکردنی وڵاتان)، کە بەراییترین کتێبە باس و خواسی نەریتی داگیرکاریی ئیسلامیی تێدابێت. بە پێی کتێبی ئەلبەلازەری بێت موسڵمانەکان لەگەڵ کورد بەشەڕهاتوون بەدرێژایی ماوەی داگیرکردنی وڵاتی فارس و ناوچەکانی مووسڵ و ئازەربایجان و خێڵە کوردەکان بەئاشکرا لەپاڵ لەشکری ساسانیی ئێراندا شەڕیان کردووە. ئەوجا پاش ئەوەی کە هاتنە سەر ئایینی ئیسلام و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیش، کوردەکان هەر بەردەوام بوون لە سەر یاخیبوون و هەڵکوتانەسەر و پەلاماردانی گەشتیار و کاروانی بازرگانان هەرکاتێک کە حکوومەتی ناوەندی دەسەڵاتی لەکزی بدایە یان لە ئەنجامی یاخیبوون و ململانێی ناوخۆییەوە لاواز بوایە[٥].

ئەلـــتەبەری (الطبـــری ٨٣٨ – ٩٣٢)، کە وا یەکـــێکە لە گەورەتـــرین مێژوونووسـانی سـەرەتای ئیسـلام و لە حەڤـدە بەرگـی کتێـبە سـی و نـۆ بەرگییەکەی کە نـاوی (*تـأریخ الرسـل والملـوک*، واتە مێژووی پێغەمبەران و پادشـایانە) و بە شـێوەیەکی بـاو بە "مێـژووی تەبەری" دەناسـرێت، بـاس لە کـورد دەکـات، هەڵـبەت بـاس و ئاماژەکـانیش بەزۆری لەبـارەی دانیشـتوانە خێڵەکییە گوندنشـین و شـوانکارە و کۆچەرەکـان بـوون کە وا جڵەوکردنیـان ئاسان نەبووە و هەمیشە مەیلیان بەلای ملکەچ نەبوونەوە بووە بۆ حکوومەتی ناوەندی. ئەلتەبەری یەکەمجار باس لەو کوردانە دەکات کە لە سێهەم ساڵی حـوکمی عوسـمانی خەلـیفەدا، لە ناوچەکـانی باشـووری لوڕسـتان لە نزیـک رووباری کاروون یـاخیبوون[٦]. تەبەریش وەکو بـلازەری ئیشـارەت بەوە دەدا کە لە کـاتی داگیرکردنـی ئێـران لە لایەن ئیسـلامەکانەوە، کوردەکـان لەپـاڵ فارسـەکاندا شـەڕیان کـردووە دژ بەو موسـڵمانانەی بـۆ ناوچەکـانی ولاتـی فـارس و ئەهـواز پێشـڕەوییان کـردووە[٧]. راسـتییەکەی دەوڵەتـی ئیسـلامیش، وەک دەوڵەتـی بێزەنتینـی و ئێرانـی سـەفەوی، بەزەحـمەت حـوکمی خـۆی دەسەپاند بەسەر خێڵە کوردە یاخییەکاندا، لەسۆنگەی ئەوەوە کە جەنگاوەری کـارامە بـوون و جیۆپۆڵەتیکی خـاک و ولاتەکەیـان کەوتبـووە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی و بێزنتییەوە.

ئەمـڕۆ هـیچ سـەرچاوەیەکی مێژوویـی نابینیت بـاس لە مەسـەلەی ئـایین بکات لەنـاو کورددا لەپێش سـەرهەڵدانی ئیسـلامدا. ئەگەری زۆریش هەیە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لە سـەر ئـایینی زەردەشـتی و مـانی بووبێتن، لەگەڵ بـوونی هەنـدێک کریسـتیاندا. بەڵـگەی زەردەشـتییەت لەنـاو کـورددا لە هـۆنراوەیەکی سـەرچاوە نەزانـراودایە، کە روون و ئاشـکرا دەگەڕێـتەوە بـۆ سەدەی حەوتەم یان هەشتەم و بە دیالێکتێکی کوردی نووسـراوە و بە خەتـی

ئارامی و داخ و حەسرەت بۆ تێکدان و رووخاندنی پەرستگە زەردەشتییەکان دەردەبڕێت لە سەر دەستی عەرەب لە ناوچەی شارەزووری باشووری کوردستاندا[8].

زۆربەی زۆری کورد لە هەردوو سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا بوون بە ئیسلام. بەهەرحاڵ، دابڕانی سروشتی لە کوردستانی شاخاویدا و شلوشۆڵیی حوکمی دەوڵەتی ئیسلامی ئاسانکاریی کرد بۆ مەسەلەی پارێزگاریی لە نەریت و ڕێوڕەسم و بیروباوەڕی پێش ئیسلام و پەرەسەندنی دەستە و تاقمی هەرتەقەی (هێتەرۆدۆکس) وەک ئەهلی هەق و یەزیدییەکان و درووستبوونی ریبازەکانی سۆفیزم وەک پێکهاتەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیی باو لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

بە شیوەیەکی دانپێدانراو، ئەو خێڵە کوردانەی کەوا چوونەتە دنیایەکی ئایینی و کولتووریی ئیسلامەوە کە تا ئاستێکی زۆر پشتیان بە زمانی عەرەبی و فارسی بەستووە. هەژموونی عەرەبی وەک زمان لە ئایین و یاسا و کولتووری ئیسلامدا و باڵادەستیی فارسی و تورکی لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا و هەروەها لەو ناوچانەی کە داهێنانی کولتوور و ئەدەبیان تێدا دەکرێت لە سەرانسەری دنیای ئیسلامدا لەبەرئەوە دیالێکتەکانی کورد دابەزیونەتە ئاست و دۆخی زمانی رەشەخەڵکەکە. بێگومان هەژموونی نووسین بە ئەلفبێ یان پیتی عەرەبی و نەبوونی ئەلفبێیەکی تایبەتی کوردی وای لە نووسین بە پیتی عەرەبی کردووە کە زاڵ و باڵادەست بێت و نەبوونی زمانێکی نووسراوی کوردی لەجێی دیالێکتە ناوخۆیی و لۆکاڵەکانی کوردی و دابەزێت بۆ پلە و پێگەیەکی خوارتر لەچاو زمانی فارسیدا، کە زمانێکی باش فۆرمەڵەکراو و دەوڵەمەندە بە نەریت و کولتوورێکی نووسراو کە وا خۆی گونجاندووە لەگەڵ ئەلفبێی زمانی عەرەبیدا و توانیویێتی سەرکەوتووانە

پارێزگاری لەخۆی بکات و خۆی بگونجێنێت و لەناو ئایینی ئیسلامیشدا گەشە بکات.

هۆنراوەی کوردی، بەشێوەیەکی سەرەکی لە دیالێکتی گۆراندا، پچڕپچڕ گەشەی کردووە تا سەدەی هەژدە. بەهەرحاڵ، نەبوونی یان لاوازیی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەگەڵ بەرژەوەندی و خولیایەک بۆ چاودێری کردنی زمانی کوردی، وایکرد کە بنەمایەک دروست نەبێت بۆ پەرەسەندنی زمانێکی ئەدەبیی کوردیی ستاندارد. ئەم لاوازیی زمانەش دیسان ڕێگر بوو لە پەرەسەندنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردیی مۆدێرن و هۆشیارییەکی نەتەوەیی یەکگرتوو لە سەدەی بیستەمدا[٩].

## بنەماڵە خێڵەکی و فیوداڵەکانی کورد و شەپۆلەکانی داگیرکردنی تورکیا

لە نێوان سەدەکانی حەوت و شانزەدا کوردستان چەندین جار داگیرکراوە لەلایەن شەپۆلی خێڵە کۆچەر و داگیرکەرەکانی – عەرەب و تورکە خوارەزم و مەنگۆل و دواتریش تورکمانەکانەوە – کە وا پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردیان تێکوپێکدا.

داگیرکردنی موسڵمان و زەوتکردنی تورکی سەلجووقی و داگیرکاریی مەنگۆل و خاک و وڵات زەوتکردن لە لایەن خێڵە تورکمانەکانەوە – قەرەقۆینلوو و ئاق قۆینلوو لە سەدەی پانزەدا – کە لە لایەن شەپۆلە گەورەکانی خێڵە کۆچەرەکانەوە جێبەجێکران کە وا ڕێکخراو و لەڕووی سیاسیشەوە بەسەر کوردەکاندا زاڵبوون. دانیشتوانی کورد هیچ شتێکی پاڵنەریان نەبوو بۆ پەلهاوێشتن و فراوانخوازی لەدەرەوەی خۆیان، چونکە

لەلایەن خێڵەکانەوە جموجووڵی گەورە نەبوو بە ئاراستەی ناوچەکانی ژیان و گوزەران کردن لە دەرەوەی چیاکانی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە نە هێزی خێڵەکـان پەرەیســەندبوو و نە پێکهـاتەی سیاسـیی تـۆکمە و رێکخـراو یـان ئایـدیۆلۆجیایەکی ئـاییني پـاڵنەری بـوو. لێـرە خـێڵە کوردەکـان چالاکـانە تێوەگلابـوون لە شـەڕ و ململانێـی نـاوخۆی فەرمـانڕەوا سـەلجووقییەکاندا، کـاتێکیش حـوکمڕانیی ناوەنـدی سـەلجووقیش هـاتە کـزی و لاوازی بە هـۆی بەردەوامیـی قەیرانەکـانەوە، ئەمـان (واتە کوردەکـان) لە شـاخەکان و قەڵا و قایمکـاریی نـاو شـاخەکانەوە شـۆڕبوونە خـوارەوە و کەوتـنە پەلامـاردانی نیشتەجێ و ئاوایی پێدەشتەکان و کاروان رووتکردنەوە لە رێگەوبانەکاندا.

لە نێــوان ســەرهەڵدانی ئیســلام لە ســەدەی حەوتەم و داگیرکــردن و دابەشــکردنی کوردســـتان لەلایەن هەردوو ئیمپراتــۆرێتی عوســـمانی و ســەفەوییەوە لە ســەدەی شــانزەهەمدا، کــورد رۆڵێکــی بینیــوە لە مێــژووی ئیســلامدا. ئەو رۆڵەی ئەوان لەســۆنگەی بەشــداربوونی بنەمــاڵە خێڵەکیــیە فیوداڵەکـانەوە بـوو لە ململانێی دەسـەڵاتی دەوڵەتە حوکمڕانەکـانی ئیسـلام و ناوەندەکانی دەرەوەی کوردسـتان و وەک ئەنـدامانی خـێڵە چیانشـینەکان یـان میرنشـینە خێڵەکییەکـانی کە بەدوای ئەوەدا دەگەڕان خۆیـان رزگـار بـکەن لە ستەمی حکوومەتێکی ناوەندی. لە قۆناخە بەراییەکانی ئیسلامیشدا، کوردەکـان لەنـاوخۆدا دابەشـبووبوون و هـیچ میرنشـین یـان بنەمـاڵەیەکی کورد نەیتوانی باڵادەست و خاوەن هەژموون بێت و پارچە گرنگەکانی کوردسـتان یەکبخـات. خێڵە کوردەکان ئایینێکی رێکخراو، زمانێکی نووسینی ستاندارد و دەسەڵاتێکی سیاسـیی بـان خێڵیـان نەبـوو. لەبەرئەوەی هیچکـام لە ئیمـارەت و بنەمـاڵە کوردییەکان نەبوونە هۆکاری هاندان و ورووژانی یەکگرتن و هاوکۆیی کورد،

بـۆیە هـیچ کاتێـک وەک کـورد ڕەچـاو نەکـران و یارمەتیـدەری پارێزگـاریی مۆرک و شوناسی کورد نەبوون.

لاوازبــوونی ئیمپراتــۆریێتی عەباســی لە ناوەڕاســتی ســەدەی نــۆهەم بەملاوە و نەتوانایی لە سەپاندنی حوکم و دەسەڵاتێکی کاریگەردا بـارودۆخی خوڵقاند بـۆ بەهێزبـوونی بنەمـاڵە خێڵەکییە فیوداڵەکـانی کـورد. ململانێـی نـاو بنەماڵەکـانی بـوەیهی و فارسـی کە بـوون بە هێزێکـی سـەرەکی لە بەغـدا و لە ناوجەرگەی ئیمپراتۆریێتی عەباسیدا و سەرەتای دزەکردنی خێڵە تورکەکان بۆ نـاو دەسـەڵاتی خەلافەت زەمینەیەکـی رەخسـاند بـۆ سـەرهەڵدانی بنەمـاڵەی حەسنەوییەی کوردی (٩٥٩ – ١٠٩٥)، لە ناو خێڵی بەرزیکانیدا[١٠]. قەڵەمڕەوی حوکمی ئەم بنەماڵەیە لە باشووری ڕۆژهەڵاتـی ئازەربایجانەوە درێژبووبووە تا هەرێمی شـارەزوور و چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتـی شـەتتولعەرەبەوە. ئەم بنەمـاڵەیە بە دەسـتی بنەمـاڵەی عەنـازییە یـان بەنوعەنـاز (٩٩٠ – ١١١٦) شکســـتیهێنا، کە دەکەوتە ناوچەکـــانی کرماشـــان و شـــارەزوورەوە، بەڵام قەڵەمـڕەوی تـا مەنـدەلی ڕۆیشـتبوو، لە چیاکـانی خـوارووی دیجلـەوە و لە سنووری ئێستای عێراق و ئێراندا[١١].

لە ناوەڕاسـتی سـەدەی دەیەمـدا بنەمـاڵەی شـەددادی (شـادیانی ٩٥١ – ١٠٧٥) سـەریهەڵدا، کە قەڵەمـڕەوی حوکمیـان لە هەردوو ڕووبـاری ئـاراس و کوورەوە لە باشـووری ڕۆژهەڵات و ناوەڕاسـتی قەوقـازەوە درێژبووبـووەوە بـۆ هەکـاری و ئەو ناوچـانەی کە ئێسـتا دەکەونە بـاکووری عێـراق و سـەر سنووری نێوان تورکیا و ئێرانی ئەمڕۆ[١٢] و پێگە و خاڵی سەرەکییان گەنجە و دوین بووە.

لە ڕۆژئاوای کوردستاندا و لە کۆتایی سەدەی دەیەمدا بنەمـاڵەی کـوردی مەروانـی (بەنـو مەروان ٩٨٤ – ١٠٨٣) پەیـدابوو. ناوەنـدی ئەم بنەمـاڵەیە لە

مەیافارقین و دیاربەکر (بە کوردی ئامەد) بووە و هەروەها کۆنترۆڵی نەسیبین و جەزیرەی ئیبن عومەریشی کردووە[١٣]. گرنگترین سەردەمیان، حوکمڕانیی حاکمی مەروانی ناسرولدەولە ئەحمەد ئەبوناسر بن مەروان (ناصر الدولة أحمد أبوناصر بن مروان ١٠١١ – ١٠٦١) بوو لە دیاربەکر، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی فەرمیی خەلیفەی عەباسی و راستەوخۆ بەشێوەیەکی دیفاکتۆ سەر بە پیاوی بەهێزی خەلافەت سوڵتانولدەولەی بوەیهی بوو (١٠١٢ – ١٠٢١)[١٤]. ساڵانی دووورودرێژی حوکمی ناسرولدەولە مۆرکی گەشەکردنی ئابووری و کولتووریيان پێوەبوو. بە پشتگیریی ئەم، مزگەوت و نەخۆشخانە و پرد درووستکران و لە دەرباری ئەمیشدا زانایان یان *"عولەما"* و شاعیران چالاک بوون و وەفد و نێردە لە میسری فاتمی و ئیمپراتۆری بیزەنتینەوە دەهاتنە خزمەتی.

بنەماڵە کوردەکان لە ئەنجامی زیادکردنی کۆچی خێڵە تورکەکان بۆ ناو خاک و قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریێتی عەباسی گلۆڵەیان کەوتە لێژی و هەروەها بە هۆی گواستنەوەی بنەماڵەی تورکی سەلجووقی بۆ پێگەی هێزێکی باڵادەست لە بەغدا و سەرانسەری ئیمپراتۆریێتەکەدا. لە نێوان ساڵانی ١٠٢٠ و ١٠٤١دا خێڵە تورکەکان چەند ناوچەیەکی کوردنشینیان لە ئازەربایجان و هەکاری و شارەکانی مەیافارقین و حەمدان و دیاربەکر داگیرکرد[١٥]. لە ساڵانی ١٠٥٤ – ١٠٥٥دا، حاکمی مەروانی ناسرولدەولە بن مەروان ملکەچیی خۆی قبووڵکرد بۆ توغرول بەگی حاکمی سەلجووق و بەیعەتی دایە. بۆ ساڵی دواتر، حاکمی بنەماڵەی شەددادی لە گەنجە، لە باشووری قەوقاز سوێندی بەیعەتی خوارد بۆ حاکمی سەلجووقی[١٦].

خاڵی وەرچەرخان لە داگیرکردنی ئیمپراتۆریێتی عەباسی و ناوچەکانی کوردستان لەلایەن تورکەکانەوە شەڕی مەلازگرد (مەلازکرد) بوو لە ساڵی

١٠٧١دا، کاتێ کە سەلجووقییەکان لەشکری بیزەنتییان شکاند و سەلماندیان کە وا هێزی گەورەی موسڵمانن[١٧]. لە ساڵی ١٠٧٥دا، سەلجووقییەکان بە سەرکردایەتیی سوڵتان ئەلپ ئەرسەلان بنەماڵەی شەددادیی تێکشکاند (لقێکی تری ئەو بنەماڵەیە لە شاری ئانی لە رۆژئاوای قەوقاز لە سەر سنووری ئەرمینیا تا ساڵی ١١٩٥ لەبرەودابوو). هەروەها بنەماڵەی مەروانیش لە سەردەستی سەلجووقییەکان تێکشکا. لە ساڵی ١٠٨٣دا، دوا شار و قەڵا و قایمکاریی بندەستی ئەم بنەماڵەیە لە جەزیرەی ئیبن عومەر داگیرکرا[١٨]. هەتا کۆتایی سەدەی دوانزەهەم ئەندامانی بنەماڵەی مەروانی وەک حوکمڕانی شار و ویلایەتەکان دادەنران، بەڵام هیچ کاتێک وەک حوکمڕانی سەربەخۆ کاریان نەدەکرد، بەڵکو هەمیشە ملکەچی دەسەڵاتی سەلجووقییەکان بوون. بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی بەردەوامی کوردەکان دەبوو فەرمانڕەوایانی سەلجووق قەڵا و قایمکارییەکانیان بگرن و ناچاریان بکەن بگەڕێنەوە ناوچە شاخاوییە دوورەدەستەکان بۆ دابینکردنی سەلامەتیی رێگەوبانە سەرەکییەکان. لە تۆمارە مێژووییەکەی سەرەتای سەدەی دوانزەهەمیدا، ئیبنولئەسیری (إبن الأثیر) مێژوونووس، کە دڵسۆزی بنەماڵەی زەنگیی حوکمڕانە تورکمانەکان بوو، باس لە سەرکەوتنەکانی ئەتابەگ عیمادەدین زەنگی دەکات لە داگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری قەڵا و قایمکاریی کورد لە ناوچەکانی جەزیرە و مووسڵ و هەکاری لە ساڵانی ١١٢٢ – ١١٢٣ و ١١٤٢ – ١١٤٣دا و هەروەها لە ناوچەی تکریت لە ١١٣٣ – ١١٣٤دا[١٩].

هەرچەندە بنەماڵە کوردەکان بە سەرهەڵدان و هەڵکشانی تورکە سەلجووقییەکان لە سەدەکانی یانزە و دوانزەدا[١٥] شکستیانهێنا، بەڵام هەندێک لەو بنەماڵە کوردانە، بەتایبەتی ئەوانەی پلە و پێگەیان هەبوو لەو هێزە سەربازییانەی بنەماڵە تورکەکان فەرمانڕەواییان دەکرد، لە ژێر سایەی

حوکمڕانە سەلجووقییەکاندا بووبوون بە خاوەنی هێز و دەسەلات. ئەمە ئەو بارودۆخە بوو کە سەرهەڵدانی خێزانی سەلاحەدینی ئەیوبیی لێکەوتەوە، لە شاری دوینی باشووری قەوقاز، کە تێیدا لە خزمەتی بنەماڵەی شەددادییەکاندا بوون. لە پاش کەوتنی بنەماڵەی شەددادی، ئەیوبییەکان لە دوین کۆچیان کرد و کەوتنە خزمەتی سەلجووقییەکانەوە و باپیری سەلاحەدین کرا بە حاکمی شاری تکریت لەبریی حوکمڕانیی زەنگی[٢٠].

لە جیهانی ئیسلامیدا، سەلاحەدین لە زەینی خەڵکدا وا جێگیر بووە کە ئەو حوکمڕانە موسڵمانەیە کە وا خاچدارە فرانکییە داگیرکەرەکانی دەرپەڕاندووە. سەلاحەدین بووە بە کەسایەتییەکی سەرسامکەر لەناو موسڵمانە سوننییەکاندا و بووە بە قارەمانێکی نەتەوەیی عەرەب لە سەدەی بیستەمدا – بەتایبەتی پاڵەوانی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمیی عەرەبی سووریا و عەرەبی عێراق و عەرەبی میسر و جێگەی سەرسامی بوو لەلایەن سەرکردە عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی وەک جەمال عەبدولناسر و حافز ئەسەد و بووبوو بە نموونەی باڵا بۆ سەددام حوسێن. هەرچەندە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی سەدەی بیستەم برەوی بە ئەفسانەی سەلاحەدین داوە وەک قارەمانێکی نەتەوەیی کورد کە وا ئیسلامی لە خاچپەرستان رزگار کردووە، بەلام بەشێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکان رقی خۆیان بەرانبەری دەردەبڕن چونکە پێگەی بەهێزی خۆی بەکارنەهێناوە بۆ پێشخستنی مەسەلەی کورد و گەلاڵەکردنی دەوڵەتێکی کوردی.

ئەیوبییەکان یەکەم بنەماڵەی کورد بوون لە مێژووی ئیسلامدا کە دەسەلاتی راستەقینەیان وەدەستهێناوە. بەلام بنکەی دەسەلاتی ئەوان لە میسر بوو، دوور لە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی تر. هەڵبەت شوناسی بەکۆمەڵی ئەو کوردانەی کە وەک سەرباز و ئەفسەر خزمەتیان

کردووه له لەشکری سەلاحەدیندا "نەتەوەیی" نەبووه بەواتای ناسیۆنالیزمی مـۆدێرن کە خولیـای دەوڵەتسـازیی هەیە بە پێـی بنەمـای ناسـنامەیەکی نەتەوەیـی و "کۆمەڵگەیەکی وێناکراوی" نەتەوەیـی نەبـووە و حـاڵ و بـارەکە تەنها ئیسلامی بووە و کوردەکانیش پابەند و ملکەچی ئیسلام و خێڵەکانیان و سەلاحەدین بوون. بەهەرحـاڵ، جیاوازیی نێوان کوردەکان و تورکەکان و لە هەنـدێ حاڵەتیشـدا تەنـانەت یەکگرتـوویی کـورد لەبەرانـبەر تـورک لە نـاو لەشـکری زەنگـی و ئەیوبیـدا رۆڵێکـی بینیـوە لە ململانێـی نێـوان فەرمانـدە جۆراوجۆرەکانـدا. هەر لەبەر ئەوەش بـووە کە سـەلاحەدین بە میـرات فەرماندەیی لەشکری زەنگیی وەرگرتووە لە میسر لە پاش مەرگی فەرماندەی پێشـووی کە شـێرکۆ بـووە (واتە مـامی سـەلاحەدین – و)، باشـەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتوویی نێوان فەرماندە کوردەکان لەدژی تورکەکان[٢١].

وێنەی کـورد لە تۆمـارە مێـژووییە گەورەکـانی ئیبنـولئەثیر (*الکامـل فـی التـأریخ*) و ئیبـن خەلـدوون (*تـأریخ الأعـلام*)، کە زانیـاریی لە ئیبنـولئەثیرەوە وەرگرتـووە وێنەیەکـی روونـی کـۆمەڵگەیەکی گوندنشـین و شـوانکارە و خێڵەکی و بنەماڵەگەلێکی خێڵەکی و فیوداڵی نێو قەڵا و قایمکاریی شـاخاوی و شـارگەلی بچـووک و پەرت و بـڵاو دەخـاتەڕوو. کـورد بەزۆری لە سـیاقی "عەرەبەکـان و کوردەکـان"دا بـاس دەکـرێن – نەک بە مانـایەکی نەتەوەیـی و ئیتنیکیـی مـۆدێرن، بەڵکـو زیـاتر لە واتـایەکی سۆسـیۆلۆجیدا – وەک شـەڕفرۆش و خەڵکـی خێڵەکیـی یـاخیی شـوانکارە و کـۆچەر و بنەمـاڵەگەلی فیـوداڵ کەوا شـارانی وەک دویـن و گەنـجە و هەکـاری و دیاربەکریـان کردووەتە سەنتەر و پایتەختیان[٢٢].

## دابەشبوونی کوردستان لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان لە سەدەی شانزەهەمدا

لە سەدەی شانزەهەمدا گۆرانکارییەکی قووڵ و بنەڕەتی روویدا لە مێژووی کوردستاندا، کاتێ کە تەواوی ناوچەکە لەلایەن دوو رکابەری بەهێزەوە داگیرکرا و دابەشبوو، کە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیی سوننی و ئێران لە ژێر رکێفی شیعەی سەفەویدا. لەو دەمەدا، دەوڵەتی شیعەی ئێران، کە ساڵی ١٥٠١ لە ژێر سایەی شا ئیسماعیلدا یەکیگرت، کۆتایی بە حوکمی بنەماڵەی ئاق قۆینلووی تورکمان هێنا، کە وا زۆربەی کوردستانی کۆنترۆڵ کردبوو لە سەردەمی سەرکەوتنیەوە بەسەر قەرەقۆینلوو و هاوپەیمانە کوردەکانیدا لە ساڵی ١٤٧٦دا[٢٣]. یەکخستنی دەوڵەتی ئێرانی شیعە و تیکەڵبوونی لەگەڵ قزڵباشەکاندا، کە تەوژمێکی سۆفیگەریی بوو و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیسلامی شیعەدا هەبوو و کاریگەرییەکی بەرچاویشی هەبوو لە ناو خێڵە تورکمانەکانی ئەنەدۆڵدا و تەحەدا و بەرەنگارییەکی توندیان پێکهێنا بۆ ئیمپراتۆریێتی عوسمانی. لەبەر رۆشنایی شیعەگەریی ئێران و هەڕەشەی قزڵباشەکاندا، سوڵتان سەلیمی یەکەم بەرەیەکی نوێی لە رۆژهەلات کردەوە، سەرەڕای جەنگە بەردەوامەکانی ئەوروپای دژ بە وڵاتە کریستیانەکان و بە شێوەیەکی سەرەکی بنەماڵەی هابوسبورگ. ململانێ و رکابەریی عوسمانی و ئێرانییەکان، کە زیاد لە سێسەد ساڵی خایاند، لە ساڵی ١٥١٤وە تا پەیماننامەی ئەرزڕووم لە ساڵی ١٨٢٣دا، بووبوو بە شەڕ لە سەر خاکی کوردستان. لەبەر رۆشنایی دژایەتیی عوسمانی و کورد لەبەرانبەر شیعە سەفەوییەکان و هاوپەیمانەکانیان، کە تورکمانە قزڵباشەکان بوون، بارودۆخێک هاتەپێشەوە بۆ هەماهەنگی کردنی نێوان میرە کوردەکان و خێڵەکان و ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا.

هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان کورد و عوسمانییەکان بەوە بەهێز و پتەو بوو کەوا مەولانا ئیدریسی بەدلیسیی پیاوی دەوڵەت و دەربار و خاوەن پلە و پێگەی ئایینی کە ئەمینداری دوا حوکمڕانی ئاق قۆینلوو بوو پێش ئەوەی ئەو بنەماڵەیە لەلایەن سەفەوییەکانەوە رابماڵرێن و لەناوببرێن و پاشان ئەم کەسە بەردەوام بوو لە خزمەتکردن لە دەرباری سوڵتان سەلیمی یەکەمدا[٢٤]. بەدلیسی، لە ژێر فەرمانی سوڵتاندا کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی میرە کوردەکان قەناعەت پێبکات کە ببنە پاڵپشتی عوسمانییەکان و زۆربەی میر و خێڵە کوردەکان عوسمانییەکانیان بەلاوە پەسەندتر بوو چونکە ئەمان خاوەنی دەسەلات و هێز بوون و هەروەها هاوبەشییەکی بەرژەوەندیش هەبوو دژ بە قزڵباشەکان. فاکتەرە هاوکارەکانی تریش رەنگە مەسەلەی سوننی و سروشتی نامەرکەزییەتی حوکمی عوسمانی و ئەو خولیا و ئاواتەی کەوا کورد بتوانن حوکمی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمیی خۆیان دابمەزرێنن لەژێر سایەی ئەو حوکمەدا. بەپێی تێڕوانینی ئەوان، سیاسەتی عوسمانی سەبارەت بە هاندانی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەمیر و پیاوە بەهێزەکانی کە لە کوردستاندا بوون پەسەندتر بوو لە سیاسەتی سەفەوییەکان، کەوا کاریان بۆ ئەوە دەکرد میرە کوردە بەهێزەکان و بنەماڵە حوکمڕانەکان لاببەن و پشتیوانیی لە ئەندامانی خێزان و بنەماڵە پەراوێزکەوتووەکان بکەن کە پشتیان بە حوکمڕانە سەفەوییەکان بەستبوو.

بە دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکاندا لە شەڕی چاڵدیران لە ساڵی ١٥١٤دا، عوسمانییەکان کۆنترۆڵی زۆربەی خاکی کوردستانیان کرد. کاتێ کە سوپای عوسمانی چەندین مانگی دواتر، رووبەڕووی زەحمەتی و ئاستەنگ بووەوە، بەدوای رێکخستنەوەی قزڵباشەکان، کەوا گەمارۆیان بە سەر دیاربەکردا سەپاندبوو بەیارمەتیی

سـەفەوییەکان، هێــزە خێڵەکیــیە کوردەکـــانی کە لەلایەن بەدلیســـییەوە ڕێکخرابـــوون هاوکـــاریی عوســـمانییەکانیان کـــرد لە شکســـتپێهێنانی ڕکابەرەکانیان.

لە سـەدەی شـانزەهەمدا، ژمـارەیەک لە میرنشـینەکان بە دەسـت چەنـد بنەماڵەیەکی دێرینەوە بوون، وەک میرنشینەکانی بەدلیس و بابان و موکری و شارەزوور، کە هەوڵی مانۆڕیـان دەدا لە نێوان هەردوو هێزی دەسەڵاتداردا، عوسمانی و سەفەوی و دڵسۆزی و ملکەچیی خۆیان دەگۆڕی لە لایەکەوە بۆ ئەولای تـر بەپێی ئەوەی کاملایـان دۆخـی پارێزگـاری و سـەربەخۆییانی پـێ پەسەندترە[٢٥]. لە هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، زۆربەی ئیمارەتەکان لە ژێر ڕکێفی عوسـمانییەکاندا بـوون، ئیمـارەتی ئەردەڵانـی لێدەرچێت کە لە ژێـر دەسەڵاتی ئێراندابوو.

لە سـاڵی ١٦٣٩دا، ڕێککەوتننـامەیەکی سـنوور – کە ڕێککەوتننـامەی زەهـاب (قەسـری شـیرین) بـوو– لە نێـوان ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانی و ئێرانـی سـەفەویدا مـۆرکرا و دابەشـبوونی کوردسـتانی لە نێـوان هەردوو ئیمپراتۆرێتەکەدا یەکلاکردەوە. سـەرەڕای ئەم ڕێککەوتننامەیەش، شەڕوشـۆڕ لە نێـوان عوسـمانییەکان و ئێرانییەکانـدا هەر بەردەوام بـوو تـا ئیمزاکردنـی پەیماننامەی ئەرزڕووم لە ساڵی ١٨٢٣دا.

## میرنشینە کوردەکانی ژێر رکێفی عوسمانی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا و گوزارشە ئەدەبییەکانی پرۆتۆناسیۆنالیزم لە ناو کورددا

میرنشـــینە کوردەکـــان، لە ژێـــر رکێفـــی عوســـمانیدا، پـــلەی جیـــاواز و جۆراوجۆری سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمییان هەبوو. هەندێک لەو ئیمارەتانە، سەرباری ئەوەی لە ژێر دەسەڵات و رکێفی عوسمانیدا بوون و دڵسۆزی و پابەندیی خۆیان بۆ دەردەبڕی، بەڵام خاوەنی سەربەخۆییەکی بەرچاو بوون. هەندێکیشیان بەر حوکمڕانییەکی کاریگەری عوسمانی کەوتبوون کە دەیتوانی ئۆتۆنۆمییان سنووردار بکات و ئاستی سەربەخۆییەکە بەندبوو بە هێزی میر و توانای مانۆڕکردنی لەبەرانبەر دەسەڵاتدارانی عوسمانیدا لە بەغدا و بەسرە و مووسڵ و هەروەها پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ئەستەمبووڵدا.

ئیمپراتۆریێتی عوسمانی پێویستی بە هێزی کورد بوو دژ بە ئێرانی بندەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەوییەکان و دوای ئەوانیش قاجارەکان. هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریێتی عوسمانیی سوننی و دەوڵەتی ئێرانی شیعەی رکابەریدا بایەخی تەواوی بە میرنشین و خێڵە کوردەکان پەیداکردبوو. هەندێک قۆناخی شلوشاوی حوکمی عوسمانی بواری دابوو بە میرنشینە کوردەکان مانۆڕی خۆیان بکەن و کاریگەرییان بخەنەگەڕ لە سەر هاوتایی و هاوسەنگیی نێوان هێزە ناوخۆییە جۆراوجۆرەکان و والییەکانی عوسمانی لە بەغدا و مووسڵدا (واتە حوکمڕانی عوسمانی لەو ناوچەیەدا). هەرچەندە ئیمارەتە کوردییەکان لە ژێر حوکمڕانیی سوڵتانی عوسمانی و شای ئێراندا بوون و حاکمەکانی ئێران لە کرماشان و تەبریز ناوبەناو یارمەتییان دەدان لە خەبات و ململانێیاندا دژ بە حاکمە عوسمانییەکان.

جیــاواز لەو رووبەرە تــاڕادەیەک بەرفــراوانەی کە لەلایەن میرنشـــینە کوردییەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو لە ئیمپراتۆریتی عوسمانیی ناسـێنتراڵدا، تەنها یەک ئیمارەتی کوردیی گرنگ هەبوو، کە ئەویش ئەردەلان بوو، کە وا ئاستێک ئۆتۆنــۆمیی هەبــوو لە ئێرانــی ژێــر دەســەلاتی ســەفەویدا و وەک ئەنــدامی دەســتەی حــوکمڕان پــلە و پــایەی بەرزیــان وەرگــرت لە دەربــاری شــادا. سەفەوییەکان لەکاتێکدا کە سوودیان لە یارمەتیی کوردەکان وەرگرت دژ بە ئیمپراتـۆریتی عوسـمانی، لە هەمـان کاتـدا سـەربەخۆیی هێـزە کوردییەکانیـان تێکشکاند. شاعەباسی سـەفەوی هەوڵیدەدا پاڵپشـتیی کوردەکان بەدەسـتبێنێت وەک هێزێکــی شــەڕکەر دژ بە ئۆزبەکەکــان لە بــاکوور و عوســمانییەکان لە رۆژئاواوە. بەهەرحاڵ، هاوزەمان لەگەڵ ئەم هەوڵەی دیالۆگدا، شـا بە زەبـری هێز هەموو هێزە سەربەخۆییخوازەکان و هەموو شێوە رەفتارێکی ناهاوکاری لە ناو کوردەکاندا سەرکوتکرد. وەک بەشێک لە جووڵەی سـەربازی بەنیـازی ســەپاندنی دەســەلاتی ئێــران بەســەر کوردەکانــدا، ئێرانییەکــان ســاڵی ١٦٠٨ گەمارۆی قەلای دمدمیان دا لە نـاوچەیەکی نزیکی دەریاچەی ورمێ و تەنها ئەوکاتە توانییان بیگرن کە تەواوی بەرگریکارە کوردەکانی بکوژن[٢٦]. یەک لە ئەفسانە میللییەکانی کورد کە وا لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیـی کـوردەوە لە سەدەی بیستدا کراوە بە سیمبۆڵ ئەو بەرگرییە قارەمانانە بووە لە دمدم.

خێــڵ و میرنشــینە کوردەکــان گرفتــاری شــەڕ و ململانێــی نــاوخۆ و پەیوەنـدییەکی ئـاڵۆز بـوون لەگەڵ دەوڵەتـی عوسـمانیدا و ئاسـت و پـلەی ئەو سەربەخۆییەی کە هەیانبوو بەندبوو بە هێزی حکوومەتی ناوەندی و والییە عوسـمانییەکانەوە. بەهێزبـوون و لاوازبـوونی میرنشـینەکان گرێدراو بـوو بە توانـــای ئیمپراتــۆریتی عوســـمانییەوە لە ســـەپاندنی حـــوکمێکی ناوەنـــدیی کـاریگەرانە یـان توانـای والییە عوسـمانییەکان بـۆ مـانۆڕکردن لە نێوان هێـزە

ناوخۆییە جۆراوجۆرەکاندا. بەڵام ململانێ و رکابەرییەکانی نێوان ئیمارەت و خێڵەکان و کزیی هۆشیاریی نەتەوەیی و قایلبوون بە گوتارێکی عوسمانیی ئیسلامی لەلایەن میرە*کانەوە* و سەرکردایەتیی خێڵەکی رێگەی لە هەر یەکگرتنێکی بەرچاوی کورد گرتبوو دژ بە حکوومەتی ناوەندی. هیچکامێکیش لە ئیمارەتە کوردییەکان پەرەی نەسەند بەئاراستەی توانایەکی بەهێزی وادا کە هەژموون و دەسەڵاتی بەردەوامی بشکێت بەسەر ئیمارەت و خێڵەکانی تردا و هیچکامێکیشیان نەبوون بە چەقی گەشەکردنی هێزێکی سیاسیی ناوەندی لە کوردستاندا. هۆکارێکی تریش بوو بە سەرباری ئەم دۆخە و ئەویش سیاسەتی عوسمانی بوو کە ئامانجی رێگرتن بوو لە پەرەسەندنێکی لەو چەشنە بە مانۆڕکردن و بەکارهێنانی ناکۆکی و ململانێی ناو ئەو خێزان و بنەماڵانەی کۆنترۆڵی میرنشینەکانیان کردبوو، بەهەمان شێوەش کارکردن لە سەر رکابەریی نێوان خێڵە کوردەکان، کە فرەجار پشتی لایەکیان دەگرت دژ بە لاکەی تر.

بایەخدارترین سەرچاوەکانی زانیاری لە سەر بارودۆخی کوردستان لەو چەرخ و رۆژگارەدا نووسینەکانی ئەولیا چەلەبیی گەڕیدەی عوسمانییە (١٦١١ – ١٦٨٥)، کە چەند جارێک گەشتی لە کوردستاندا کردووە لە نێوان ساڵانی ١٦٤٠ و ١٦٥٦دا. لە گەشتی سێهەمیدا، لە ساڵانی ١٦٥٥ – ١٦٥٦دا، چەلەبی ماوەیەکی تارادەیەک درێژی بەسەربرد لە دیاربەکر و بەدلیسدا، هەروەها سەردانی دوانزە میرنشینی تریشی کرد[٢٧].

چەلەبی باسێکی جوگرافیی کوردستان دەکات و ئیشارەت بە گرنگیی ستراتیجیی میرنشینە کوردییەکان دەکات لە روانگەی ئیمپراتۆریتی عوسمانییەوە وەک ناوبەین و بەربەستێک بە رووی ئێراندا. وەسفکردنەکەی وێنەی بووژانەوەیەکی ئابووری و کولتووری، پەرەسەندنێکی شارستانی و

سەربازیی میرە کوردەکان دەخاتەڕوو (ئەگەرچی تاڕادەیەکیش سنووردار بوو‌بێتن). شارەکانی دیاربەکر و بەدلیس وەک ناوەندی گەشەکردووی کولتووریی نایاب وەسفکردووە، کە شارانی پڕ لە زانا و خوێندەواری ئاستبەرز و بازرگان و پیشەوەری کارامە بوون. هەروەها چالاکیی ئایینی و رۆشنبیری لە مزگەوت و مەدرەسەکاندا (کە لە هەندێ شوێنی کوردستان حوجرەشی پێدەڵێن – وەرگێڕ) ئەنجامدراون و ریباز و تەریقەتە کاریگەرییەکانی سۆفیگەریش، وەک نەقشبەندی و بەکتاشی، تێکەڵی ئەم چالاکییانە بوون.

بە هەمان دەستوور، چەلەبی باس لە عەبدال خانی حاکمی بەدلیس دەکات، وەک کەسێکی خاوەن رۆشنبیریی فراوان لە گەلێ بواری جۆراوجۆردا، لەوانە تەلارسازی، شیعر، پزیشکی و دەرمانسازی و نیگارکێشان و هەروەها شارەزا لە چەندین زمان و پشتیوانی کردن لە هونەر و زانستی جۆراوجۆر[٢٨]. کتێبخانەکەی هەزاران کتێبی تێدابووە و لەوانە کۆکراوەیەک لە ئەدەبی ئەوروپی[٢٩]. بەپێی قسەی چەلەبی بێت، عەبدال خان توانیویێتی حەفتا هەزار جەنگاوەر تەیار و ئامادە بکات (پێدەچێت ئەم ژمارەیە تاڕادەیەک زۆری پێوەنرابێت). هەروەها چەلەبی سەرنجیداوە کە وا *"عولەما"* کوردەکان لە دەرباری خاندا شیعریان بە چەندین دیالێکتی کوردی نووسیوە و خوێندووەتەوە.

یەک لە بەرزترین خاڵی چالاکیی ئایینی و ئەدەبی و رۆشنبیری چامەی شیعریی *"مەم و زین"* بووە، کە لەلایەن شاعیر و پیاوی ئایینی ئەحمەدی خانی بە دیالێکتی کرمانجی نووسراوە و ساڵی ١٦٩٥ بڵاوکراوەتەوە[٣٠]. ئەو گێڕانەوە بنەڕەتییەی قەسیدە شیعرییەکەی لە سەر بنیاتنراوە چیرۆکێکی ئەڤینداریییە، کە پێشتر لە شێوازی جۆراوجۆردا و تەواوی جیهانی موسڵمانی

عەرەبی و فارسی زماندا دەرکەوتووە و ئەم کارە هیچ وەختێک بە گوزارشی تایبەت و جیاکار دانانرێت لە شوناسی نەتەوەیی سەرەتایی یان پرۆتۆنەتەوەیی کورددا، بەڵام پێشەکییەکەی باسێکی تراجیدی لەخۆدەگرێت سەبارەت بە دۆخی جیۆپۆڵەتیکی کورد لەبەرانبەر فارس و عەرەب و تورک و جۆرجییەکاندا.

**تۆ تەماشاکە، لە عەرەبەوە بۆ جۆرجییەکان**
**کوردەکان بوون بە چەشنی قەڵاکان**
**تورک و فارس گەمارۆیان داون**
**کوردەکانیش لە هەر چوارلاوە**
**ئەوانیش هەردوولایان خەڵکی کوردیان**
**کردووەتە ئامانجی نیشانی تیرەکانیان**
**ئەوان دەڵێن ببنە کلیلی سنوورەکان و**
**هەر تیرە و هۆزێک قەڵا و سەنگەرێکی**
**ترسناکیان پێکدەهێنن**
**هەرکاتێک دەریای عومان (عوسمانییەکان) و**
**دەریای تاجیک (فارسەکان)**
**هەڵچوون و شڵەقان**
**ئەوە کورد نوقمی خوێن دەبن و**
**وەک بەرزەخ لێکیان جوێ دەکاتەوە[٣١].**

*بفکر ژ عەرەب حەتتا گورجان*
کورمانج چ بوویە شوبهێ بورجان
ئەڤ رۆم و عەجەم ب وان حەسارن

کرمانج هەمی لە چار کەنارن

هەردوو تەرەفان قەبیلێ کورمانج

بۆ تیرێ قەزا کرینە ئارمانج

گۆیا کو لسەر حەددان کلیدن

هەر تائیفە سەددەکن، سەدیدن

ئەڤ قولزمێ رۆم و بەحری تاجیک

هندی کو دکن خورووج و تەحریک

کورمانج دبن ب خوون مولەتتەخ

وام ژ یێکڤە دکن میسالێ بەرزەخ

باسکردنی روون و ئاشکرای خەونە سیاسییەکانی کورد و کوردیش وەک قەوارەیەکی بەسەریەکەوە گوزارشێکی جیاکار پێکدێنێت لە چەمکی تایبەتمەندی پرۆتۆنەتەوەیی. چامە شیعرییەکە دەربڕینی شوناسی شەخسیی کورد لەخۆدەگرێت و دەیخاتە سەر زاری کەسایەتییە میللییەکان:

من گەڕیدەیەکم و بن و بنەچەم لە گەورەپیاوان نیە
خۆم خۆمم پێگەیاندووە و هیچم نەخوێندووە.
من کوردێکم خەڵکی چیاکانم و لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووم
ئەمە چەند چیرۆکێکە لە کوردەوارییەوە (واتە شیوازی ژیانی کوردانە) ...[٣٢].

ئەز پیلەوەرم نەگەوهەریمە

خود ڕەستەمە ئەز، نەپەروەریمە

کورمانجم و کووهی و کەناری

ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری

بڕگەیەکی تر، رەنگدانەوەی پەرۆشییە بۆ پاشایەکی کورد – ئەمە بۆ دەسەڵاتی دیبلۆماسی و سەربازیی کوردە و رەنگە کاردانەوەیەکیش بێت بۆ لەناوبردنی میرنشینی بەدلیس لەلایەن عوسمانییەکانەوە.

ئەگەر کورد پاشایەکی هەبوایە...

ئەو رۆمییانە (واتە تورکە عوسمانییەکان) ئێمەیان تێکنەدەشکاند،

ئیمەش ماڵوێران نەدەبووین بەدەستی کوندەپەپووەکان،

ئێمە بەم چارەنووسە و بێ ماڵ و حاڵ نەدەبووین،

بە دەستی تورک و تاجیک شکستمان نەدەخوارد و سەرشۆڕ نەدەبووین،

ئەگەر پاشایەکمان هەبوایە و،

خودا تاجێکی پێ رەوا ببینیایە و،

تەخت و تاجی بۆ دابنایە،

ئەوە بەختێکی باش رووی لە ئێمە دەکرد و،

بەدڵنیاییەوە ئێمەش برەومان دەبوو[٣٤].

*گەردێ هەبوو مە پادشاهەک*

*غالب نەدبوو لسەر مە ئەڤ ڕووم*

*نەدبوونە خەرابەیێ د دەست بووم*

*مەحکوومون عەلەیهی و سەعالیک*

*مەغلووب موتیعێ تورک و تاجیک*

*گەر دێ هەبووا مە پادشاهەک*

*حاسڵ ببوویا ژ بۆ وی تاجەک*

*ئەلبەتتە دبوو مەی رەواجەک*

*تەعیین ببوویا ژ بۆ وی تەختەک*

*ظایر ڤە دبوو ژ بۆمە بەختەک*

بێگومان ئەحمەدی خانی نەتەوەپەرستێکی کورد نەبووە بە مانای نوێ، بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەو پێدەچێت بە پێشبینیکاری خودهۆشیارکردنەوەی کورد دابنرێت و وەک پێشبینیکەر یان نوقڵانە لێدەرێکی چەمکی ناسیۆنالیستی دابنرێت کە لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا پەرەیسەندووە[٣٥].

شیعری کوردی بە دیالێکتی گۆران لە سەدەی پانزەوە بۆ هەژدە گەشەکردنی باشی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لە سنەی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵاندا لە ئێران، هەروەها لە شوێنانی تری باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێکیتر لە گرنگترین دەربڕین و گوزارش لە شوناسی ئیتنیکیی کورد تۆماری مێژوویی "*شەرەفنامە .. مێژووی دەوڵەت و میرنشینەکانی کورد*" بوو، کە یەکەمجار لە ساڵی ١٥٩٥دا بە زمانی فارسی لە لایەن میر شەرەفخانی بەدلیسییەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە بەدواداچوون و شوێنکەوتنی مێژووی کوردە لە ئاوێزەی بنەماڵەی میر و حوکمڕانە کوردەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە. کتێبەکە سەرچاوەیەکی

هێجگار گرنگی زانیارییە لەبارەی مێژووی کوردەوە لە سەدەی دوانزەوە تا سەدەی شانزە[٣٦].

بەهەرحاڵ، ئەم ئاڕاستە رۆشنبیرییە پرۆتۆنەتەوەییە بەردەوام نەبوو و گۆڕانکارییەکی گوتار پێویست بوو بۆ پەرەسەندنی بەردەوام و تەشەنەکردنی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردی و گەشەکردنی وەک فاکتەرێکی گرنگی راستیی سیاسی و کۆمەڵایەتی. هەڵبەت هیچ یەکێک لە میرنشینەکان توانای کۆکردنەوەی هێز و توانای تەواویان نەبوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و بەهێزکردنی شوناسێکی بەکۆمەڵ و سوود و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان یان درووستکردنی دینامیکەکانی بنیاتنانی دەوڵەت. لە کوردستاندا، بارودۆخێک نەڕەخسابوو بۆ پەرەسەندنی بورجوازییەتێکی شارستانی یان ئەریستۆکراتی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی بە گوتار و بەرژەوەندییە بان خێڵ و بان لۆکاڵ و بان میرنشینەکانەوە.

هەندێک لە میرنشینەکان هەر زوو لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەوە دۆخی سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدابوو و بووبوونە قەزا (*سنجەق*)ی کارگێڕیی عوسمانی و لە حکوومەتی ناوەندیی ئەستەمبووڵەوە حوکمڕانیان بۆ دادەمەزرا. هەندێ جار ئەم حوکمڕانانە سەر بە خێزان و بنەماڵەی میر بوون و هەندێ جاریش بەتەواوی نامۆ و بێگانە بوون. هەر لەهەمان کات و سەردەمیشدا، ئەو میرنشینانەی کە وا ئاستی جۆراوجۆری سەربەخۆییان هێشتبووەوە پەیوەست بوو بە هێزی میر و توانای بۆ مانۆڕکردن لە نێوان دەسەڵاتەکانی عوسمانیدا لە بەغدا و بەسرە (؟) و مووسڵ و لەهەمان کاتیشدا پەیوەندییەکانی لە ئەستەمبووڵدا.

هێزی دەوڵەتی عوسمانی و فشەڵی و سروشتی حوکمی ناسەنترالی لە کوردستاندا، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هێشتا هەر لە توانای ئیمارەتە

کوردییەکـــان بەدەربـــوو کە وا بتـــوانن بەرهەڵســـتیی بـــکەن. یەکەم پەرەسەندنەکانی زمانی ئەدەبی و کولتووریی کوردی و کارگێڕییەکی کوردی شکستیهێنا و دیـالێکتە کوردییەکـانیش بەرەو شـێوازێکی ئاخـاوتنی میللـی و خەڵکە ئاساییەکە وەرگەڕان.

## لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان: هۆکار و کاریگەرییەکان

وەرچەرخـانە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان لە ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانیدا و گۆڕانکارییەکـان لە پەیوەنـدییە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە کاریگەریی دوورمەودای هەبوو لە سەر دۆخـی سیاسـی لە کوردسـتاندا و لە سـەر سیسـتەمێکی هەرێمیـی زاڵ و باڵادەسـتیش لە ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانی و ئێرانـدا لە سـەدەی شـانزەوە. سـەنتراڵیزە کردنـی سیسـتەمی کـارگێڕی بەشـێکی پێویسـتی چاکسـازییەکانی عوسـمانی بـوو لە سـەردەمی حـوکمڕانیی سـوڵتان مەحمـوودی دووەمـدا (١٨٠٨ – ١٨٣٩) و بەدرێژایی سەردەمی تەنزیماتیش (١٨٣٩ – ١٨٧٦)، بەڵام ململانێی نێوان دەوڵەتـی عوسـمانی و میرنشـینە کوردییەکـانی ورووژانـد کە پەلەقـاژەی پاراسـتنی سـەربەخۆییان بـوون. گەشـەکردنی بەرژەوەنـدییەکانی بەریتانیا و رووسیا و کاریگەرییـان لەنـاو هەردوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و ئێرانـدا – هاوزەمـان لەگەڵ کۆتـایی سـەدەیەک شەڕوشـۆڕی نێـوان ئێـران و عوسـمانییەکان، کە وا یەکەم پەیماننـامەی ئەرزڕوومـی سـاڵی ١٨٢٣ و دووەم پەیماننامەی ئەرزڕوومـی سـاڵی ١٨٤٧ – گۆڕانکارییەکی وایان لە بارودۆخی هەرێمـی و نێودەوڵەتیـدا بەرپـاکرد کە بە زیـانی سـەربەخۆیی میرنشـینە کوردییەکـان شـکایەوە[٣٧]. کۆتاییهـاتنی جەنگـی عوسـمانی – ئێـران بـایەخی

میرنشـینه کوردەکـانی نەهێشـت وەک هێزێکـی سـەر سـنووری عوسـمانی و توانـای مانۆڕکردنیـانی کەمکـردەوە لە نێـوان حکوومەتەکـانی عوسـمانی و ئێران و هێزە ناوخۆییەکانی تردا.

لە کۆتایی سەردەمی حوکمی خانمی تسار کاترینی مەزندا (کە لە ساڵی ١٧٦٢ – ١٧٩٦ حـوکمی کـرد) و لە مـاوەی حـوکمی جێگرەوەکەیـدا، پۆڵسـی یەکەم (کە حـوکمکردنی لە نێـوان ١٧٩٦ – ١٨٠١دا بـوو)، رووسـیا زۆربەی ناوچەی قەوقازی داگیرکرد. نزیکبوونەوەی رووسیا لە ئێران، لەدوای گرتنی قەوقـاز و زیـادبوونی چـالاکیی رووسـیا لە ئێرانـدا بایەخـدانی بەریتانییەکـانی زیاتر کرد و کاری کردە سـەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و ئیمپراتۆریێتی عوسـمانیدا. لەهەمـان کاتیشـدا، بەهێزبـوونی بەرژەوەنـدییە ئابوورییەکـانی کۆمپانیـای رۆژهەڵاتـی هندسـتان لە کەنداوی فارسـدا پـاڵی بە بەریتانیـاوە نـا هەوڵ و چالاکییەکانی خۆی لە میزۆپۆتامیا و کوردستاندا زیاد بکات و بەو نیازەش کە دزەکردنی رووسیا بوەستێنێت. ئەو سیاسـەتەی کە بەریتانییەکان کەوتنە پەیڕەویکردنـی بەنیـازی پارێزگـاری لێکـردن و مـانەوە و یەکگرتـوویی دۆخـی ئیمپراتـۆریێتی عوسـمانی بـوو وەک بەربەسـتێک بە ڕووی پەلکوتـان و فراوانخوازیی رووسیادا بە ئاراستەی هندستان. لێرەوە سیستەمی هەرێمـی و نێـــودەوڵەتی ســـەبارەت بە کوردســـتان لە سیســـتەمی دوو جەمســـەریی عوسمانی – ئێرانەوە گۆڕا بۆ سیستەمێکی چوار جەمسـەری، کە رووسـیا و بەرتانیاش رۆڵی خۆیان تێدا بینی.

نـاکۆکی و ململانـێ لە نێـوان خـێڵە کوردەکـان و جووتیـارە ئاسـوورییە نیشـتەجێکاندا پەرەیسـەند بە زیـادبوونی گرژی و ئـاڵۆزیی نێوان موسڵمان و کریسـتیانەکاندا بە هـۆی چاکسـازییەکانی نـاو ئیمپراتـۆریێتی عوسـمانی و بەریەککەوتنی نزیکتر لەگەڵ رۆژئاوادا و توندوتۆڵ بوونی پەیوەندی لە نێوان

کۆمەڵگە کریستیانەکانی ناوخۆ و زلهێزە رۆژئاواییەکاندا. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا و بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوای جەنگی ساڵانی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ی رووسیا – عوسمانی و سەرهەڵدانی ململانێی نێوان کورد و ئەرمەنیش.

## لاوازبوونی میرنشینەکانی بابان و هەکاری لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەدا

وەک ئەنجامێک بۆ کۆتایی جەنگەکانی عوسمانی و ئێران بەگوێرەی پەیماننامەی ئەرزرۆمی ساڵی ١٨٢٣، میرنشینە کوردەکانی بابان و هەکاری گرنگی و بایەخی خۆیان لەدەستدا و تواناشیان بۆ مانۆڕکردن لەبەرانبەر دەوڵەتی عوسمانیدا هاتەکزی. هەردوو میرنشینەکە، بابان کە پایتەختی سلێمانی بوو و تارادەیەک لە بەغدا کاریگەری هەبوو، لەگەڵ هەکاری کە دەکەوتە رۆژئاوای دەریاچەی ورمێوە لە سەر سنووری ئێران (لەو سەردەمەدا – و)، پلە و پێگەی خۆیان لەدەستدا. هەردوکیان بە هۆی ئاژاوە و ململانێی ناوخۆ و رووداوە جیهانییەکانەوە لاواز بووبوون و دواجاریش لە ساڵانی ١٨٣٠کاندا کۆتاییان هات و لەناوچوون (١٨٤٠کان بۆ بابان راستترە – و). زانیاریی زۆر لە سەر بارودۆخی سیاسیی خانەوادەی بابانییەکان و پەیوەندیی نێوان هێزە ناوخۆییە جۆراوجۆرەکان لە بەسرە و بەغدا و باشووری کوردستان لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، لە نووسینەکانی کلۆدیۆس ریچەوە دەستدەکەون، کە بریکاری کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هندستان بووە لە بەسرە و بەغدا[٣٨].

میرەکـانی خـانەوادەی بابـان، کە لە سـاڵی ١٧٨٧وە لە سـلێمانی جێگیـر بووبـوون (گەلـێ سـەرچاوە ئیشـارەت بە سـاڵی ١٧٨٤ دەکـات کە شـاری سلێمانیی تێدا دروستکراوە – وەرگێڕ)، کاریگەرییەکی بەرچاویان ئەزموون کردبوو لە سەر پەرەسەندنە سیاسییەکان لە بەغدا بۆ نزیکەی سێ دەیە.ماڵی بابان رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە سیستەمێکی ئاڵۆز و دینامیکیی هێزەکاندا، کە وا حوکمڕانە مەملووکە ناوخۆییەکان و ئەو والییانەی کە لەلایەن حکوومەتی ئەسـتەمبووڵەوە دادەنـران (بەمەبەسـتی بەهێزکردنـی کـۆنترۆڵی حکـوومەتی مەرکەزی بەسـەر ویلایەتەکـانی عێـراقەوە) و فیدراسـیۆنی بەهێـزی خـێڵە بەدووەکانی لەخۆدەگرت. نزیکیی بابانەکان لە بەغداوە و ئەو رۆڵە سەربازییە یەکلاکەرەوەی کە دەیانبینی بۆ پارێزگاریی لە دەسەڵات و کاریگەریی ئێران رۆڵێکـی گەورەی دابـوونێ لە ململانـێ سیاسـییەکانی بەغـدادا[٣٩]. دەسـەڵات و کاریگەریی سیاسیی بابانەکان وردە وردە دایەکزی لە ئەنجامی رکابەری و ململانێی نـاو بنەمـاڵەکە، کە والییە عوسـمانییەکان و حـوکمڕانە ئێرانییەکـانی نـاوچەی ئەردەڵان چاودێرییـان دەکـرد و بەکاریانـدەهێنان. بەوپێـیە و لە سـەرەتای سـاڵانی ١٨٢٠کانـدا عوسـمانییەکان توانییـان سـەربەخۆیی یـان ئۆتۆنۆمیی میرنشینەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبکەنەوە.

کۆتـایی جەنگەکـانی عوسـمانی و ئێـران بـوو بە فـاکتەری لاوازکـردن و خـانەوادەی بابـانی لە بـایەخی خـۆی دامـاڵی وەک هێزیکـی سـنووری ئیمپراتـۆریێتی عوسـمانی و توانایـان نەهێشـت بـۆ مـانۆڕکردن و بەکارهێنـانی رکـابەریی عوسـمانی و ئێرانـی. دوورخسـتنەوەی مەملووکەکـان لە بەغـدا لە سـاڵی ١٨٣١دا بە هـۆی هێزەکـانی سـوڵتان مەحمـوودی دووەمەوە، وەک بەشـێک لە هەوڵەکـانی بـۆ رامـاڵین و شکسـتپێهێنانی هێـزە سـەربەخۆکان لە سەرانسـەری ئیمپراتۆرێتـدا و دامەزرانـدنی کـارگێڕییەکی ناوەنـدی و بـوو بە

مایەی زیاتر تێکشکاندنی پێگەی بنەماڵەی بابان. بێگومان بابانەکان بەردەوام بوون لە سەرۆکایەتیی کردنی میرنشینەکە تا ساڵانی ١٨٥٠کان، بەڵام دامەزراندنیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە بوو و مەودا و قەبارەی سەربەخۆییەکەیان وردە وردە کەمدەکرایەوە تا لە دواجاردا بەتەواوی لەناوبرا.

## سەرهەڵدان و کەوتنی میرنشینی سۆران

لەگەڵ لاوازکردنی ئیمارەتی باباندا، دوو میرنشینی بەناو و شۆرەت مابوونەوە کە سۆران و بۆتان بوون. یەکەمیان (کە ئەمڕۆ دەکەوێتە هەرێمە کوردییەکەی باکووری عێراقەوە، نزیک بە شارەکانی هەولێر و ڕەواندز)، میر محەمەد کۆری بەتوانا و دەسەڵاتدار سەرۆکایەتیی دەکرد (مەبەست لە کۆر نابینایە، کە وا ناوی دەرکردبوو چونکە چاوی چەپی لەدەستدابوو)، دووەمیان سەنتەری لە جەزیرە بوو بە سەرۆکایەتیی میر بەدرخان. ئیمارەتەکانی تری وەک هەکاری و بادینان، گرفتاری ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی خزم و خوێشە حوکمڕانەکان بووبوون. جگە لەوە، مۆزاییکێکی بچووکتر و کەمبایەختری خێڵەکان و خانە لۆکاڵەکان هەبوون.

دەرکەوتنی کۆر محەمەد (کە فرەجاریش پاشای کۆرەشی پێدەوترا – و) لە سەروەختی لاوازیی عوسمانیدا بوو بەدوای جەنگەکەی ١٨٢٨ – ١٨٢٩یدا لەگەڵ رووسیا و داگیرکردنی سووریا (کە ئەو دەمە پێیدەوترا وڵاتی شام – و) لەلایەن محەمەد عەلیی حاکمی میسرەوە لە ساڵی ١٨٣١دا. کۆر محەمەد، کە ساڵی ١٨١٤ بە میرات حوکمی سۆرانی وەرگرتبوو، شاری ڕەواندزی پایتەختی پەرەپێدا و شوورە و قەڵا و قایمکاریی تێدا دروستکرد. هەروەها

*دیوانێک* یـان ئەنجـومەنێکی راوێژکـاریی تێـدا دامەزرانـد. ئەو بە دڵـگەرم و دەمـارگرژی ئـایینیی ناسـرابوو و پشـتگیریی زانایـانی نـاوخۆیی (*عولەمـا*)ی دەسـتەبەر کردبـوو. هەروەهـا کـۆر مـحەمەد سـوپایەکی دامەزرانـد بە هێـزی سـوارە و پیـادە و تەنـانەت هەنـدێک تـۆپیش. زۆربەی هێـزە سـەربازییەکەی پشـتی بە خێڵەکـان دەبەسـت، بەڵام یەکەیەکـی سـەربازیی رێکخراویشـی لەخۆگرتبـوو[٤٠]. لەهەمـان کاتدا وەرشـە و کـارگەی درووسـتکردنی شمشـێر و تفەنگ و تەنانەت تۆپیشی چێکردبوو. گوزارشی تر لەبارەی خولیا و مەراقی پشتبەخۆبەسـتنی گەیشـتبووە ئاسـتی سـکەی پـارە لێـدان کە وا نـاوی خـۆی هەڵگرتبـوو، هەروەهـا ناوهێنانیشـی لە وتـاردانی نـوێژی جەمـاعەتی رۆژی هەینیدا لە مزگەوتەکانی قەڵەمڕەوی ئیمارەتەکەدا[٤١].

بێگومان حاڵەتەکەی ئەم و کارەکانی زۆر لەوە کەمتر بوون کە مـحەمەد عەلی ئەنجامیدابوون، یان تەنانەت لەوانەی عەلی بەگی حوکمرانی مەملووکیی میسـر لە نیـوەی دووەمـی سـەدەی هەژدەدا. بەهەرحـاڵ، کـۆر مـحەمەد ئەو مەیـل و ئاڕاسـتەیەی دەگەیانـد کە لە نـاو حـوکمڕانە سـەربەخۆکاندا بـرەوی پەیـداکردبوو لە سـەرتاپا ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانیدا لە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەوە و ئەوەش سەریکێشـایەوە بـۆ ئەوەی ئیمپراتۆرێـت لە سـەدەی نۆزدەدا بە ریفۆرم و چاکسازی وەڵامبداتەوە، بەتـایبەتی بە مۆدێرن کـردن و سەنتراڵیزە کردنی حکوومەت و سیستەمی کارگێڕییەکەی.

لە ساڵانی ١٨٢٠کان و سەرەتای ١٨٣٠کاندا میرنشینی سۆران لە سایەی حـوکمی کـۆر مـحەمەددا بـوو بە هێزێکـی بنەڕەتـی لە باشـوور و ناوەڕاسـتی کورسـتاندا. لەم سـەردەمەدا هەژمـوون و  دەسـەڵاتی خـۆی سـەپاند بە سـەر میرنشـینی هەکـاری و عەشـیرەتەکانی برادۆسـت و سـوورچی و مامشـدا و شارەکانی زاخۆ و دهۆک و ئامێدیی پایتەختی ئیمارەتی بادینانیشی گـرت[٤٢] و

تەنها میرنشینی بۆتان مایەوە کە نەکەوتە ژێردەستی. لە ساڵی ١٨٣٣دا و بەدوای سەرکوتکردنی ئێزیدییەکان و گرتنی بادینانـدا، کۆر محەمەد چاوی خستە سەر بۆتان و بەئاسانی پایتەختەکەی گرت، کە جەزیرەی ئیبن عومەر بوو. بەهەرحاڵ، هێزەکانی بەدرخان خۆیان لە ژمارەیەک قەڵا و قایمکاریدا حەشاردا کە وا کۆر محەمەد هەوڵیدەدا داگیریان بکات. بەرگری کردنی بەدرخان و هاوکارانی، هاوزەمان لەگەڵ راپەڕینێکدا کە لە ئامێدی و شوێنانی تر بەرپابوو، کۆر محەمەدی ناچارکرد کە هێرشەکەی بوەستێنێت[٤٣].

لە هاوینی ساڵی ١٨٣٤دا، عوسمانییەکان هێرشێکیان لەدژی کۆر محەمەد دەستپێکرد، بەڵام سەرکەوتنی لە بەرپەرچدانەوەیدا متمانەی بەخۆی زیادکرد[٤٤]. ئەمەش بوو بە کۆڵەکەی چالاکییەکانی لە ناو خێڵە کوردەکانی ئێراندا، شانبەشانی هەوڵەکانی مانۆڕکردنی لە نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا. لەڕاستیدا، ئەم جموجووڵە گومانی لای ئێرانییەکان پەیداکرد و مەترسیش لای رووسەکانی نیشتەجێی تاران و تەبرێز پەیدابوو کە وا هێز و دەسەڵاتی ئێران بداتە کزی و ئەمەش لەلایەن بەریتانییەکانەوە وەک هەل و دەرفەت بقۆزرێتەوە و بەکاربهێنرێت، لەولاشەوە بەریتانییەکان ترسیان لێنیشتبوو کە رووسیا لاوازیی عوسمانییەکان بە هەل بزانێت و بەکاریبێنێت. هەرچۆنێک بێت، ئەم دژوارییە لە نێوان سیاسەتەکانی ئەم دوو هێزە ئەورووپییەدا و ئەم سیاسەتانە رەنگە وا تەماشا بکرێن کە پێشاندانی نموونەیەکی دیبلۆماسییە کە بەدرێژایی سەدەکانی نۆزدە و بیست چەندبارە دەبوونەوە و پێدەچێت درێژە بکێشێت بۆ سەدەی بیست و یەکیش. بەگشتی بڵێین – بەتایبەتیش کاتێ کە دەبوو بڕیارە یەکلاکەرەوەکان وەربگیرێن – هێزە ئەوروپییەکان وایان پێ پەسەندبوو کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و مانەوە و بوونی ئێران و ئیمپراتۆریتی عوسمانی دابین بکەن

(هەڵبەت دوای جەنگی جیهانیی یەکەم تورکیاش)، وەک لەوەی پشتیوانی بکەن لە کوردەکان و میرنشینەکانی سەدەی نۆزدە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک.

نیگەران بوون لە هەماهەنگیی نێوان کۆر محەمەد و محەمەدعەلی لە سووریا و بە گونجاندن لەگەڵ ئەو سیاسەتەی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە نیمچە سەربەخۆیی هێزەکان، سوڵتان مەحموودی دووەم فەرمانی کرد بە حاکمەکانی مووسڵ و بەغدا کە وا یارمەتیی فەرماندەی هێزەکانی باشووری ئەنەدۆڵ بدەن بۆ تێکشکاندنی کۆر محەمەد. هێرش و پەلاماری عوسمانی لە هاوینی ساڵی ١٨٣٦دا کۆر محەمەدی ناچارکرد پاشەکشە بکات و لە رەواندزدا خۆی قایم بکات. دڵسۆزیی خێڵە کوردەکانیش بەندبوو بە توانای ئەوەوە کە تا چەند دەیانترسێنێت و هەڕەشەیە بۆیان. کاتێ کە روونبووەوە کە وا عوسمانییەکان باڵادەست و زاڵن، خێڵەکان بەرژەوەندیی خۆیان هەڵبژارد و ئامادە نەبوون چیتر یارمەتیی بدەن. پاشان لە خودی سۆران خۆیدا کێشە و ناکۆکی لەناو *"عولەماکاندا"* سەریهەڵدا سەبارەت بە ناوهێنانی کۆر محەمەد لە وتاردانی نوێژی هەینیدا، لەبری ناوی سوڵتانی عوسمانی.

دواجار کۆر محەمەد، بە هۆی ئەوەوە کە تادەهات دابڕان و تەریکبوونی رووڵەزیادی بوو، ناچار کەوتە دانوستاندن لەگەڵ عوسمانییەکاندا. هەروەها بەریتانییەکانیش لەم گفتوگۆ و دانوستانەدا رۆڵێکیان بینی و دیپلۆماتکارێکی بەریتانی، بە ناوی ریچارد وود، هاتە رەواندز لە هەوڵێکدا بۆ قەناعەتهێنان بە کۆر محەمەد کە خۆی رادەستی عوسمانییەکان بکات لەبەرانبەر رێککەوتنێکیاندا کە لێبگەڕێن وەک حوکمڕانی ئیمارەتی سۆران بمێنیتەوە[٤٥]. هەرچۆنێک بووبێت، ئەگەری تەواو هەیە کە وا وود بایەخێکی هێجگار گەورەی دابێت بە رۆڵی خۆی لە قەناعەت پێکردنی کۆر محەمەد بەوەی کە

خۆی رادەستی عوسمانییەکان بکات. هەروەها پێگەی کۆر محەمەد لاواز بووبوو بە هۆی سروشتی فشەڵ و ناجێگیری هاوپەیمانە خێڵەکییەکانیەوە، چون هەر عەشیرەتێک لە دواجاردا بەرژەوەندییەکانی خۆیی هەڵبژارد و کاتێ بەرەورووی هێزی عوسمانی بوونەوە عەشیرەتە هاوپەیمانەکان چەکیان دانا و شەڕیان نەکرد. سەرباری ئەوەش، لەلایەن *"عولەماکانی"* رەواندزەوە مستەکۆڵەیەکی توندی بەرکەوت، کاتێ رایانگەیاند کە وا دژی شەڕ و بەرەورووبوونەوەی سوڵتانن (کە پێدەچێت لە ژێر کاریگەری و فشاری عوسمانییەکاندا بووبێت) و موفتیی شار تا ئەو رادەیەش رۆیشت کە *فتوای* حەرام کردنی شەڕی دەرکرد دژ بە سوڵتان[٤٦].

کۆر محەمەد، لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە ئێرانییەکان نەیاندەویست یارمەتیی بدەن یان تەنانەت دالدەشی بدەن و لەبەر تەریکبوون و کەس بەدەمەوە نەهاتنی دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی و پشتگرتنیشی لەلایەن بەریتانیاوە قایل بوو بە خۆرادەستکردن و چوون بۆ ئەستەمبوڵ. روون و ئاشکراش بە پێی بنەمای بەڵێنێک لە لایەن رەشید پاشای فەرماندەی عوسمانییەوە کە ئەگەر هات و خۆی رادەستکرد و دەسەڵاتی عوسمانیی قبووڵکرد، ئەوە رێگەی پێدەدرێت بەردەوام بێت لە سەر حوکمکردنی سۆران[٤٧].

پاشان کۆر محەمەد بەرەو ئەستەمبوول رۆیشت بەو ئاواتەی کە چاوی بە سوڵتان بکەوێت. لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا کە لە ئەستەمبووڵ بەسەریبرد، بەڵێنی عوسمانی بۆ دووپات دەکرایەوە کە بەردەوام دەبێت لە حوکمکردنی میرنشینەکەیدا، ئەگەرچی سەربەخۆییەکەی رەنگە سنووردار بکرێت و دەبێت دەسەڵاتی عوسمانی قبووڵ بکات. دواجار لە رێگەی گەڕانەوەیدا بەرەو سۆران لە رێگەی دەریای رەشەوە، بێسەروشوێن

دەکرێــت و بەتەواوی رێـــی تێـــدەچێت کە وا لەلایەن عوســـمانییەکانەوە کوژرابێت.

بێگومان میرنشینی سۆران و فەرمانڕەوا خولیا و مەراقدارەکەی بوون بە قوربـانی گۆڕانکـاریی بـارودۆخی نێـودەوڵەتی. پەرەسـەندنی دەسـتێوەردانی بەریتانیـا و رووسـیا، وەسـتانی جەنـگ و شەڕوشـۆڕ لە نێـوان ئێـران و عوســمانیدا، هەروەهــا خێرابــوونی چاکســازییەکان و ئاڕاســتەکان بەرەو سەنتراڵیزەبوونی حوکمی عوسمانی میرنشینەکەی بەرەو رووخان برد.

## میرنشینی بۆتـان: کەوتـنە نێـو تـۆڕێکی ئـاڵۆزی پەیوەنـدییەکانی موسڵمان و کریستیانەوە

لە پـاش رووخــانی سـۆران، بۆتــان وەک دوا گرنگتــرین میرنشــین و تـۆکمەترین هێــزی نــاوخۆی کوردســتان مــایەوە و مــحەمەد بەدرخــانی فەرمــانڕەوای، پشــتیوانی لە عوســمانییەکانی کـرد لە جەنگـی عوســمانی و میســردا و تەنــانەت پلەیەکــی بەرزی ســەربازیی عوسمانیشــی پێـدرا. ئەو دەیویســت پــێگە و هەڵوێســت و پەیوەنــدییەکانی لەگەڵ عوســمانییەکاندا بەکاربێنێــت بــۆ بەهێزکردنــی دۆخــی ســەربەخۆییەکەی لەچوارچێــوەی ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانیدا. بەدرخـان وەک بەهێزترین کەسـایەتیی نـاوخۆیی لە کوردستاندا، کەوتە فراوانکردنی پانتـایی دەسـەڵات و کاریگەرییەکانی و لەبەر رۆشنایی کۆتاییهاتنی دیفاکتۆی میرنشینی هەکاری پەلی پارێزگاریی بۆ سـەر ئەو ناوچەیەش هاوێشت.

لە سـاڵانی ١٨٣٠کانـدا میسـیۆنێرە (مـژدەدەرە) پرۆتسـتانتە ئەمریکـی و بەریتانییەکـان، کە وا هەوڵیانـدەدا کریسـتیانە نەسـتوورییەکان بهێنـنە سـەر

ڕێبازی پرۆتستانییەت چالاکییەکانیان لە ناوچەی هەکارییەوە دەستپێکرد. دابەشبوون و ناکۆکییەکان لە کەنیسەی ئاسووریدا، کە یەکێکە لە کۆنترین کەنیسەکانی مەسیحییەت، سەرنجی تایفە جۆراوجۆرەکانی کەنیسە ڕۆژئاواییەکانی ڕاکێشا. چالاکیی ڕوولەزیادی مژدەدەرانە پەرەسەندنی تێوەگلان و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوای لێکەوتەوە لە دەوڵەتی عوسمانیدا و کێبەرکێ و ڕکابەرییەکی توندی بەرپاکرد لەناو مسیۆنێرەکاندا و بەهەمان شێوەش ڕکابەریی ناوخۆیی زیادکرد لەناو ئاسوورییەکاندا.

مسیۆنێرە ئەمریکییەکان ئەو ماف و ئیمتیازاتەی کە وەک بەشێک لە چاکسازییەکانی تەنزیمات پێیاندرابوو بەکاریانهێنا بۆ بنیاتنانی کەنیسە لە ناوچەی هەکاریدا، ئەمەش بوو بە مایەی وروژاندنی گومان لای دانیشتوانی کوردی موسڵمانی هەکاری و مەترسیی دزەکردنی کریستیان و بەهێزبوونی دانیشتوانی کریستیانی لێکەوتەوە[٤٨]. میر نووروڵا بەگی حوکمڕانی هەکاری (باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان)، بە ڕەسمی گەورە فیودالی نەستوورییەکان بوو. بەڵام لە ساڵانی ١٨٣٠کاندا پەیوەندیی نێوان نووروڵا بەگ و نەستوورییەکان تێکچووبوو. کاربەدەستە عوسمانییەکان، کە زۆر پەست و تووڕەبوون لە چالاکیی ڕۆژئاواییەکان لە ناوچەکەدا، نووروڵا بەگیان هاندەدا کە وا دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەستوورییەکاندا بسەپێنێت و ناچار لەبەر لاوازبوونی دەسەڵاتی میرنشینی هەکاری ئەمیش لە ساڵی ١٨٣٩دا ڕووی لە بەدرخان نا و داوای یارمەتیی لێکرد و بەدرخانیش ئەم دەرفەتەی قۆستەوە بۆ بەهێزکردنی سایە و پارێزگاریی خۆی بەسەر ئیمارەتی لاوازی هەکاریدا[٤٩].

کاریگەریی شێخ تەهای نەهریی *"عالم"* (واتە زانا یان پیاوی ئایینی) وادیارە کاریشی کردووەتە سەر ڕەفتاری بەدرخان، چونکە مسیۆنێرە

ئەمریکییەکان و گەڕیدە بەریتانییەکان کە باس لەم ڕووداوانە دەکەن جەخت لە سەر ئەو دەمارگرژییە ئاینییە ئیسلامییە دەکەنەوە کە وا خەسڵەتی هەردوک ئەمیر بەدرخان و شێخ تەهاش بووە.

بەپێی گەڕیدە بەریتانییەکان و مسیۆنێرە ئەمریکییەکان بێت، هێزەکانی بەدرخان لە ساڵی ١٨٤٣دا حەوت تا دە هەزار کریستیانی ئاسوورییان کوشتووە[٥٠]. گرژییەکانی موسڵمان و کریستیان و پێکدادانەکان لە کوردستاندا فۆرمی شەڕ و ململانێی کورد و ئاسوورییان وەرگرت. ململانێ و گرژییە نەریتییەکان لە نێوان کوردە موسڵمانەکان و ئاسووری و ئەرمەنە کریستیانەکان لەو سەردەمەدا ڕەنگدانەوەی درز و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو لە نێوان دانیشتوانی شوانکارە و خێڵەکیی کورد و تورک و کریستیانە نیشتەجێکاندا، کە وا جووتیار و هەروەها بازرگان و پیشەگەر بوون. هەروەها گرژی و ململانێی دەسەڵاتیش هەبوو لە نێوان کوردە خێڵەکییەکان و جووتیارە کوردزمانە ناخێڵەکییەکاندا، کە بەزۆری وەک کورد تەماشا نەدەکران.

چالاکییەکانی مسیۆنێریی لێبەدەر، کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەبوو لە تێکدانی هاوسەنگیی ناوخۆییدا، کاریگەریی ڕۆژئاوا لە کوردستاندا ناڕاستەوخۆ بوو و بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە پەرەسەندنە گشتییەکانی نێو ئیمپراتۆریتی عوسمانییەوە سەرچاوەی دەگرت و بە تێڕوانینی ئەوەی کە ئیمپراتۆریتەکە لاواز بوو، بە بەراورد لەگەڵ بەریتانیا و رووسیادا. ئەو گەڕیدە بەریتانییانەش کە لە ساڵەکانی ١٨٣٠کان و ١٨٤٠کاندا سەردانی کوردستانیان کردووە لەو کوردانەیان بیستووە کە وا دواندوونیان گوایە هیوای زۆریان بە زیادبوونی هێزی بەریتانیا و رووسیا هەیە کە رزگاریان بکەن لە حوکمی عوسمانی[٥١]. ئەوە مەسەلەیەکی سەلمێنراوە کە بێزاری و

گومـانی کوردەکـان لە دەسـەڵاتدارانی عوسـمانییەکان بە هۆکـاری هەوڵ و تەقەلای ئیمپراتۆریـت زیـادی کردبـوو سـەبارەت بە سـەپاندنی سیسـتەمێکی بەڕێوەبردنی سـەنترال و چاکسـازییەکان کە وەک هەڕەشـە لێکدەدرایەوە بۆ سەربەخۆیی خێڵە کوردەکان. لە هەمان کاتیشدا، کوردەکان ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو کە زلهێزە ئەوروپییەکان پشتی کریستیانەکانی ناوخۆ دەگرن – چـونکە متمـانە بەخۆکردنیـان بەهێـز بووبـوو لە ئەنجـامی چالاکییەکـانی مـژدەدەرە ئەوروپییەکـان کە وەک هاوپەیمـانی سرووشـتیی کریسـتیانەکان تەماشا دەکران.

هەڵبەت بەتەواوی ڕێی تێدەچێت کە وا بەدرخـان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسـمانییەوە یـاریی پێکـراوە، کە بانگەشـەی ڕاگرتنـی چـالاکیی کریسـتیانی ڕۆژئـاوای دەکـرد[٥٢]. کوشـتاری کریسـتیانەکان، کە مسـیۆنێر و گەڕیـدە ڕۆژئاواییەکان باسیان لێوەدەکرد، بوو بە هـۆی بەرپابوونی نارەزایی توندی بەریتانیـا و فشـارکردن بـۆ رووخانـدنی بەدرخـان[٥٣]. بەڵام لە تێڕوانینـی دوولایەنەی عوسـمانییەکانەوە، ئەوان بەئاشـکرا ئەمیـان بەکاردەهێنـا بـۆ لاوازکردنـی چـالاکیی کریسـتیانی رۆژئـاوا کەچـی لەهەمـان کاتـدا هەوڵـی بەربەستکردنیشـیان دەدا لەوەی ببێـتە هێزێکـی لۆکـاڵی گەورەی دەرەقەت نەهاتوو.

هاوپەیمـانیی بەدرخـان لەگەڵ میـر نـووروڵا بەگـی هەکـاری و خـان مـحەمەدی مـووش نەیدەتوانی لەبەرانبەر سـوپای عوسـمانیدا بوەسـتێت، کە نوێکرابـووەوە و لە سەردەستی ئەفسـەرە پرووسـییەکان مەشـق و ڕاهێنـانی کردبوو. جگە لەوەش، یەزدانشـێر خـانی خزمـی بەدرخـان و یەک لە فەرماندە دەرکەوتووەکـانی سـوپاکەی، هەڵـگەڕایەوە و چـووە پـاڵ عوسـمانییەکان. بەدرخـان، بە هۆکـاری فشـاری بەهێـزی عوسـمانی لە سـاڵی ١٨٤٧دا خـۆی

رادەستکرد و لە کوردستان دوورخرایەوە. بەڵام دواجار لێبووردنی بۆ دەرچوو و بە نازناوی پاشا خەڵات کرا و بۆ چەندین دەیە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیی کرد. زیاد لە دووسەد کەسیش لە ئەندامانی خانەوادەی بەدرخان پرۆسەی بەعوسمانیبوونیان ئەزموونکرد، چەشنی زۆرێکیتر لە کەسانی سەر بە دەستەبژێری خێڵەکیی فیودالّی کورد کە وا یان کۆچیان کرد یان دوورخرانەوە بۆ ئەستەمبووڵ و تێکەڵ بە دەزگا و دامەزراوەی عوسمانی بوون[٥٤] و دواتر نەوەکانی سورەیا (١٨٨٣ – ١٩٣٨)، جەلادەت (١٨٩٣ – ١٩٥١)، کامەران (١٨٩٣ – ١٩٧٨) بوون بە کەسانی دەمسپیی زۆر گرنگی ناسیۆنالیزمی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.

گرژی و ناکۆکیی نێوان میرنشینی بۆتان لە ژێر دەسەڵاتی بەدرخان و ئیمپراتۆرێتدا گوزارشێکی نارەزایی کورد بوو لە مەیل و ئاراستەی عوسمانی بەرەو سەنترالّیزە و ریفۆرم. لەناوبردنی ئەم میرنشینە لە هەوڵ و تەقەلای عوسمانییەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەسەر هێزە نیمچە سەربەخۆکانی چواردەوری و بەهێزکردنی حوکمی عوسمانی لە ئەنەدۆڵی رۆژهەلات و کوردستاندا. زنجیرەی ئەو رووداوانەی کە بە لەناوبردنی حوکمی بەدرخان کۆتاییهات تێکچوونی پەیوەندییەکانی موسڵمان – کریستیان لەخۆدەگرێت و پەیوەستبوونیان بە کاریگەریی بەریتانیاوە لەمیانەی ریفۆرم و چاکسازییەکانی عوسمانیدا.

لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بەئاشکرا لاواز بووبوو لەبەرانبەر زیادبوونی هێزی وڵاتە رۆژئاواییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، هێز و توانای رێژەیی مۆدێرنبوون و ریفۆرمی دەوڵەتی عوسمانی و حکوومەت و سوپا زیادی کردبوو بەبەراورد لەگەڵ میرنشینە

کوردەکانـدا، کە نەیانـدەتوانی لە دەوری شوناسـێکی کـوردی یەکبگـرن یـان بەرژەوەندییەکی هاوبەش بۆ خۆیان دەسنیشان بکەن.

## راپەڕینی یەزدانشێر

## لە سەروبەندی جەنگی کریمیا و پەیوەندیی کورد و رووسیا

خولیـا و مەراقـی رووسـیا لە ناوچەکـانی بەڵکـان و حەوزی دەریـای رەشـدا و هەوڵـی ئیمپراتـۆرێتی عوسـمانی بـۆ بەرگریکردنـی لەو فشـارانەی رووسیا کە سەریکێشایەوە بۆ جەنگی کریمیا لە ساڵی ١٨٥٣دا. ئیمپراتۆرێتی عوسمانی یارمەتیی سەربازیی لە هەردوک بەریتانیا و فەرەنسا وەرگرت، کە هەردوکیان لە هەوڵی بەرگرتندا بوون لە هەرەسهێنانی ئەو ئیمپراتۆرێتە بۆ رێگرتن لە رووسیا کە ببێتە هێزێکی باڵادەست لە ئەستەمبووڵدا. جەنگەکە، کە وەرچەرخا بۆ ململانێی چەکداری لە نێوان هێزە ئەوروپییەکاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەرێمەکانی بەڵکان و نیمچە دوورگەی کریمیا لە سەر دەریای رەش بەرپابوو. بەرەیەکی لاوەکی ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە ناو قەوقاز و باشووریەوە و هەندێ شوێنیشیان نیشتەجێی کوردەکان بوو. لاوازیی سوپای عوسمانی و بەزینی لەبەرانبەر رووسیادا لە بەرەی قەوقاز و بە شێوەیەکی سەرەکیش لە ناوچەی قارسدا بوو بە پشخانی راپەڕینێکی کورتخایەنی کوردەکان لە پایز و زستانی ١٨٥٤ – ١٨٥٥دا. ٥٥

لەنێو بەشداربووانی شەڕەکەی ناوچەی قارسدا لە مانگی دیسەمبەری ١٨٥٣دا هێزێکی نارێکخراو هەبوو کە پێکهاتبوو لە نزیکەی پەنجا هەزار سوارەی کورد. هەردوک رووسەکان و عوسمانییەکان هەر لایەکیان کوردیان دەجووڵاند بۆ ئەوەی لە بەرەی ئەواندا شەڕ بکەن و لەدوای شکستی

هێزەکانی عوسمانی لە دیسەمبەری ١٨٥٣دا، چواردە کەسی ناوداری کورد کەوتنە پەیوەندی کردن لەگەڵ رووسەکاندا بەنیازی ئەوەی بگەنە رێککەوتنێک. بەشێک لەو هێزە کوردییانەی لەپاڵ عوسمانییەکاندا شەڕیان دەکرد سەنگەریان گۆڕی و چوونە پاڵ رووسیا. کۆڵۆنێلێکی رووس بە ناوی لۆریس مەلیکۆڤ، کرا بە بەرپرسیاری پەیوەندی لەگەڵ خێڵە کوردەکاندا. شکستهێنانێکی تری سوپای عوسمانی لە ساڵی ١٨٥٤دا لە سەردەستی رووسیا بەتوندی ویست و خواستی کوردی کەمکردەوە کە بەردەوامبن لە سەر هاوکاری و یارمەتیدانی عوسمانییەکان[٥٦].

دیارترین کەسایەتیی ناوداری کورد کە وا عوسمانییەکان هەوڵیان دەدا بەلای خۆیاندا رایبکێشن یەزدانشێر بوو، کە وا پلەیەکی سەربازیی باڵای پێبەخشرابوو وەک خەڵاتی خیانەتکردنی لە میر بەدرخان لە ساڵی ١٨٤٧دا. بەهەرحاڵ، یەزدانشێر تووشی نائومێدی بووبوو بە هۆی ئەوەوە کە عوسمانییەکان رەتیانکردەوە دەسەڵاتی سەربەخۆیی بدەنێ بەسەر قەڵەمڕەوی میرنشینی بۆتان و ناوچەکانی تری کوردستاندا. ئەوان هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تریان نەدایە جگە لەوەی کە لە خزمەتی ئیمپراتۆرێتدا بێت و ئەم نائومێدییە شەخسییە بوو بە مۆتیڤێکی گرنگی هەوڵی یاخیبوون و راپەڕینەکەی.

عوسمانییەکان بە هۆی زیانی شکستەکانیانەوە لە بەرەی رووسیا و رووڵەکزی کردنی خواستی کورد بۆ یارمەتیدانیان، یەزدانشێریان کرد بە بەرپرسی ئەرکی بەسەربازگرتنی کورد لە ناوچەکانی جزیرە و مووسڵ وەک یەکەی نارێکخراوی سوپای عوسمانی. ئەوجا لەبەر سەرکەوتنەکانی ئەم کوردانە لە هاوینی ١٨٥٤دا، رووسەکان پەیامێکیان نارد بۆ یەزدانشێر و

داوایان لێکرد یارمەتیی عوسمانییەکان نەدا. لە پایزی هەمان ساڵدا پەیوەندیی نێوان عوسمانییەکان و یەزدانشێر رووی لەکزی کرد.

هەرچەندە پەیوەندیی نێوان یەزدانشێر و عوسمانییەکان بێشک هۆکاری سەرەکیی راپەڕینەکەی کورد بوو، بەڵام جگە لەوەش لە ئەنجامی دۆخی نالەباری ئابووری و نەدارایی دانیشتوانە کوردەکەوە بوو بە هۆی جەنگ و داتەپینی دەوڵەتی عوسمانی و شکستهێنانی بەردەوامی لەبەرانبەر رووسیادا، کە وەک هێزێکی تۆکمە و گەشەکردوو لەقەڵەم دەدرا. لە نێوان دیسەمبەری ١٨٥٤ و شوباتی ١٨٥٥دا، یەزدانشێر شارەکانی بەدلیس و میدیاتی داگیرکرد. وادیارە فراوانبوونی راپەڕینەکە عوسمانییەکان و بەهەمان شێوەش بەریتانییەکانی هەراسان کردبێت و بەتەواوی ترسیان لێنیشتبێت. شوێنی راپەڕینەکە، کە کەوتبووە باشووری ئەو هێزانەی عوسمانییەوە کە وا پشتی هێزەکانی رووسیایان گرتبوو لە باکوورەوە، هەڕەشەیەکی ستراتیجیی پێکدەهێنا، بەتایبەتی کە وا هێزەکانی یەزدانشێر لەگەڵ عەرەبەکاندا یەکیانگرت لە ناوچەی ماردیندا. بەگوێرەی کتێبێکی ل. ی. ئەڤێریانۆڤ، کە ئەفسەرێکی هەواڵگریی رووسیا بووە و بە پەیوەندییەکانی رووسیادا چووەتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، یەزدانشێر سەرکردایەتیی لە نێوان شەست بۆ سەد هەزار سەربازی کردووە. بەهەرحاڵ، پێدەچێت ئەم ژمارەیە زیادەڕۆیی زۆری تێداکرابێت، چونکە هێزە خێڵەکییەکانی ئەو لەشکرێکی نارێکخراو بوو و بەشێوەیەکی سەرەکی خواستی تالانوبرۆ پاڵی پێوەنابوون و دڵسۆزی و پابەندییان تەنها خێڵەکییانە بووە. سەرەڕای ئەوەش پێدەچێت مانەوەی لەو شارانەدا کە گرتبوونی ناجێگیر و بۆ ماوەیەکی کورت بووبێت.

یەزدانشێر هەوڵیدابوو چالاکییە سەربازییەکانی لەگەڵ رووسەکاندا رێکبخات و پشتگیریی ئەوان دەستەبەر بکات، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست

نەهێنا. لەهەمان کاتیشدا، کەوتە ئەنجامدانی نامە و نامەکاری لەگەڵ سەرۆکە ناودار و دەسەڵاتدارەکانی کورددا لە ناوچەکانی وان و بەدلیس و مووشدا. عوسمانییەکان وایبۆچوون کە یاخیبوون لە پشتی بەرەی جەنگیانەوە دژ بە رووسیا هەڕەشەیەکی پڕمەترسیی پێکدەهێنا. لە مانگی کانوونی دووەمی ١٨٥٥دا، جەنەراڵی بەریتانی ولیەم فەنویک ولیەمز، کە سەرکردایەتیی هێزەکانی عوسمانی و ئەفسەرە بەریتانییەکانی دەکرد لە ناوچەی قارسدا، هۆشدارییەکی گەیاندە یەزدانشێر کە وا هەر شەڕ و ناکۆکییەکی لەگەڵ عوسمانییەکاندا بە شەڕ و دوژمنایەتی دادەنێت لەگەڵ بەریتانیادا. ئەوجا لەبەر نەمانی هیچ هیوایەک بە هاوکاری و هەماهەنگیی رووسیا و لەسۆنگەی فشاری هاوبەشی سوپای عوسمانی لە کوردستاندا و هەڕەشەکەی بەریتانیا، یەزدانشێر خۆی رادەستکرد، بێئەوەی بچێتە شەڕێکی راستەوخۆوە لەگەڵ سوپای بالادەستی عوسمانیدا. راستییەکەی بارودۆخی تەواوی خۆڕادەستکردنەکەی روون نیە[٥٧]. هێزەکانی، کە پێدەچوو خێڵەکی و بە لاوازی رێکخرابێتن، روون و ئاشکرا بەتەواوی بڵاوەیان لێکرد. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە کە وا گۆڕینی ملکەچی و دڵسۆزیی یەزدانشێر، وەک لە خیانەتەکەیدا دەرکەوت بۆ میر بەدرخان لە کاتی یاخیبوونی دژی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٤٧دا، رۆڵی بینیبێت لە پاشەکشە و هەرەسهێنانی یاخیبوونەکەی خۆیدا، تەنانەت پێش ئەوەی هیچ پێکدادانێکی راستەقینە لەگەڵ هێزەکانی عوسمانیدا بەرپا ببێت[٥٨].

راپەڕینەکە بەئاشکرا بوو بە ئیلهامبەخشی هیوا و ئاواتی یەک لە گرنگترین پێشبینیکاران و نوقڵانەلێدەرانی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی مۆدێرنی کورد، کە ئەویش حاجی قادری کۆیی بوو، کە وا باسی یەزدانشێری سەرکردەی راپەڕینەکەی کردووە لە شیعرەکانیدا[٥٩]. بەگشتی، راپەڕینەکە

بەدەگمەن باسکراوە لەلایەن داکۆکیکارانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە. بێگومان دەبێ ئەوەش وەبیربێنینەوە کە یەزدانشێر رۆڵی لە شکستی کورددا بینیوە بەوەی کە چووە پاڵ لایەنی عوسمانی پاش ئەوەی خیانەتی لە میر بەدرخان کرد و دواتر نەوەکانی یارمەتیدەر بوون لە شێوازبەندی و گەڵاڵەبوونی گێڕانەوەیەکی مێژوویی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. لەئێستادا نەوەکانی بەدرخان وەک خیانەتکار و هەلپەرستێک تێیدەڕوانن. لەگەڵ ئەوەشدا، سروشتی دواتری پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانییەکان و یەزدانشێر، وەک ئەو پەیوەندیانەی باڵیان کێشابوو بەسەر نێوانی بەدرخان و ئیمپراتۆریێتدا لە پاش خۆڕادەستکردنی خان، ئاماژەن بە خەسڵەتی خێڵەکیی فیودالی سەرکردەکانی هەردوو راپەڕینەکە، چەشنی بالادەستیی راستیی سیاسی. چونکە لە پاش ماوەیەکی کورتی دوورخستنەوە هەردوکیان پلە و پۆستی بالایان درایە لە سیستەمی کارگێڕیی عوسمانیدا و لەو ویلایەتانەی کە زۆر دووربوون لە کوردستانەوە. هەردوکیشیان تاکۆتایی ژیانیان وەک حوکمڕانی عوسمانی مانەوە، دوور لە کوردستان و هەر پابەندییەکی نەتەوەیی مۆدێرنی کورد.

## سەرەتاکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

لە دوادوایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، کاتێ کە بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەیانسەند و پاش دووبارە نەخشەکێشانەوەی هەرێمی لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، بارودۆخی کورد لە هی عەرەب و تورک و فارسەکان خراپتربوو. بنەتۆوی دەوڵەتسازیی کورد، بۆ نموونە میرنشینە کوردییە سەربەخۆکان، لە نیوەی

یەکەمی سەدەی نۆزدەوە لەناوبرابوون لە ئەنجامی چاکسازییەکانی عوسمانی و گۆڕانکارییەکان لە بارودۆخی نێودەوڵەتیدا. لە ماوەی دوا دەیەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا، دەستەبژێری خێڵەکی و فیودالی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی دوورخرابوونەوە یان راگوێزرابوون بۆ ئەستەمبووڵ و ئیزمیر و ئاوێتەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی عوسمانی بووبوون و ئامادە نەبوون هەوڵ بدەن و جارێکی تر دۆخی سەرکردایەتیی خۆیان لە کوردستاندا بگێڕنەوە[٦٠]. لە ماوەی سالانی ١٩١٤ بۆ ١٩٢٤، کە نەخشەی سیاسیی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی پاش عوسمانی کێشرایەوە، کوردەکان ئەو سەرکردانەیان نەبوو کە توانا و دەرەقەتی رۆڵێکیان ببێت هاوشێوە و هاوتەریبی ئەو رۆڵەی میرەکانی بنەماڵەی هاشمی گێڕایان لە سەروبەندی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبدا.

لەکاتێکدا کە وا دەوڵەتی عوسمانی تا ئەو ئاستە بەهێزبوو کە میرنشینە کوردەکان لەناوببات و بیانسڕێتەوە، بەلام نەیتوانی حوکمێکی کاریگەر بسەپێنێت کە سوودبەخش بێت بۆیان. ئەمە بارودۆخێکی لێکەوتەوە کە بە واتای گشتی نائارام بوو وەک: بەخێرایی تیکچوونی شیرازەی یاساوڕێسای گشتی، درووستبوونی توندوتیژی و راوڕووت و شەڕوشۆڕ و هەڵکوتانەسەری خێڵ و هۆز، کە بەزۆری دانیشتوانی شوانکارە بوون دژ بە جووتیارە نیشتەجێ و جێگیرەکان. ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی لەناوچوونی ئیمارەتەکان هاتەکایەوە بارودۆخێکی وای درووستکرد کە تیایدا هاوکۆیی و یەکگرتوویی تیرە و تایفە و هۆز پتەوبێت و دۆخی سەرهەڵدانی شیخەکانی رێبازە سۆفییەکان برەوبسێنێت. زۆرێک لە رابەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی سەدەی بیست سەر بە تیرە و خێڵەکانی

بەرزانی و بەرزنجی و تاڵەبانی و زێباری بن، کە هاوزەمان لەگەڵ نەمانی میرنشینە کوردییەکاندا سەریانهەڵدا.

کوردستان، بە بارودۆخی جوگرافیی ئالۆزیەوە و بە نەبوونی سەرچاوەیەکی سرووشتیی ئەوتۆوە لە پێش سەردەمی نەوتدا، کە بەرژەوەندیی ئابووریی رۆژئاوا بوروژێنێت، تەنها بەرکەوتنێکی سنووورداری هەبوو لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداریی جیهانیدا. لە ناوچەکانی تردا، تێکەڵبوون بە ئابووریی جیهانی ئەنجام و لێکەوتەی کارەساتباری هەبوو، بەڵام بەرکەوتەی ئابووریش لەگەڵ رۆژئاوادا هەلومەرجی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی خوڵقاند و بوو بە هۆی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوە نەتەوەییەکان. پەرەسەندنی ناوەندە شارستانییەکان، کۆمەڵگەیەکی شارستانی و چینە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان سنووردار بوو لە کوردستان و لەم رووەوە لەدوای شام، ئەنەدۆڵ، میسر و پێدەشتەکانی دیجلە و فوراتەوە دێت. کوردستان لە رووی جوگرافییەوە پەراوێز کەوتووە و دەرچەیەکی نیە لە سەر دەریا و پەیوەندیی لەگەڵ رۆژئاوادا لاواز و ناڕاستەوخۆ بوو، کۆمەڵگەکەشی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە خێڵەکی مابووەوە. نەبوونی زمانێکی کوردیی ستانداری نووسراو، هەنگاوی سست و قورسی مۆدێرن بوون و پەرەسەندنێکی خاوی بورجوازی و چینی ناوەڕاستی مۆدێرنی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی مۆدێلەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکی پەرەسەندنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کورد و هۆشیارییەکی نەتەوایەتیی دواخستبوو.

تا ئاستێک، شوناسی کورد وێکهاتووەتەوە لەگەڵ دانیشتوانێکی خێڵەکی و تاڕادەیەک شوانکارە و دێهاتی و دوا پاشماوەی ئەریستۆکراتییەتێکی تیرە و هۆز. چینێکی ناوەڕاستی مۆدێرنی بچووکی کورد لە ئەستەمبووڵ و ئیزمیردا گیرسابوونەوە و چووبوونە سەر کولتوور و فەرهەنگی تورک و عەرەب و

ئـاوێتەی دەزگـا و دامەزراوەی عوسـمانی بووبـوون. لە دیـد و بۆچـوونی ئەوانەوە شوناسـی کـورد هاوتەریـب بـوو لەگەڵ دواکەوتـوویی و کۆنەپەرستی و هەژاری و واباشترە تێکەڵ بە وڵاتەکانی عوسمانی (دواتر تورکیا) و ئێرانی ببێت و شوناسێکی تورکی، ئێرانی یان عەرەبی وەربگرێت. ئەم حاڵەتی خۆگونجاندنە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە هاندەدرا و ڕێگەی بۆ خۆشدەکرا، کە بریتیبوون لە ئیمراتۆریێتی عوسمانی و ئێران تا جەنگی جیهانیی یەکەم و پاشانیش تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا. ئەوان بۆ ماوەی چەندین سەدە کوردستانیان لەبندەستدا بووە و بەرژەوەندییەکی چەسپاویان بووە لە سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی شوناسی کورد (وەک ئەوەی لە تورکیادا ئەنجامدەدرێت، یان بە شێوەیەکی جیاواز لە ئێراندا)، یان مامەڵەکردنێکی تایبەت و پڕ لە جیاکاری لەگەڵ کورددا وەک کەمینەیەک (وەک عێراق). هەرچۆنێک بووە، بەرژەوەندییە زاڵەکان مەسەلەی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هێناوەتە ئاراوە و بەم جۆرە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی، نەک باسکردنی دەوڵەتێکی خۆیان، تا ئێستاش بووە بە بژاردەیەک.

هەرچەندە ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی لە سیاق و بارودۆخی مۆدێرنیزەدا گەشەی کردووە و بەریەککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوادا و هەژموونی دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە سەرهەڵدانی گوتارێکی نەتەوەیی کوردی و هۆشیارییەکی نەتەوەیی کوردی. پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد خێرایی بەخۆوە بینیوە لە پاش کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە لەگەڵ کۆتایی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئایدیۆلۆجیای ئەتاتورکدا. بەڵام خێڵگەرایی و تایفەگەرایی و یەکگرتوویی

لۆکاڵی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر بە هەژموونداری مایەوە. تەنها بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٤٦دا (کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان) بزووتنەوەی نەتەوەیی مۆدێرن بوو بە هێزێکی سەنترالّ یان ناوەندی. شوناسی کورد، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سیاسیی خێڵەکیی فیودالّ، نەریتە زارەکییەکان و بەڵگە و دەلالەتەکانی پێش ئیسلامی *"کورد و ئەکراد"* بەدرێژایی مێژووی ئیسلام مانەوە و بەردەوام بوون. بەتێکڕایی، گوتاری نەتەوایەتیی کورد لە رووداوە راستەقینە و خەیاڵییەکان وەرگیراوە لە مێژووی کوردستاندا و پشتیان بە ئاماژە و دەلالەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی شوناسێکی کوردیی پێش مۆدێرنیتە بەستووە. لەئێستادا ئەزموونێکی قووڵ و گشتگیری پەرەسەندنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە – سیاسییەکان لە کوردستاندا، گوزارش و دەربڕینەکانی شوناسی کورد لە سەرەتاکانی ئیسلامەوە و گەشەکردنی زمانی کوردی پێویستە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە گەل / نەتەوەی مۆدێرنی کورد.

## سەرچاوە

ناوی بابەت/ پاشخانی مێژوویی: ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی

لێکۆڵینەوەی: مایکڵ ئەپەڵ

پرۆفیسۆر لە زانکۆی حەیفا، بەشی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

Historical Setting: The Roots of Modern Kurdish Nationalism

In Ofra Bengio (editor), Kurdish Awakening (Austin, Texas University Press, 2014).

A Reseach by: Michael Eppel

University of Haifa, Department of Middle Eastern History

(Historian, Middle Eastern Affairs Analyst, International Relations analyst)

## پەراوێز

١ – ڕۆبەرت ئۆڵسن، "سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و یاخیبوونی شێخ سەعید، ١٨٨٠ – ١٩٢٥"، لاپەڕە ١ – ٢٥؛ هاکان ئویزئۆغلوو، "ناودارانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی: پەرەسەندنی شوناسەکان، ڕکابەریی دڵسۆزییەکان و گۆڕانکاریی سنوورەکان"، ل ٧٢ – ٧٨ ؛ وەدیع جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: ڕەگ و ریشە و پەرەسەندنەکانی"، ل ٧٥ – ١٠٢؛ سولەیمان ئەسەد ئەسلان، "ململانێی پێکهاتنی دەزگاکان و شکستی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی ١٩١٨ – ١٩٢٢"، ل ٥٩ – ٦٥.

٢ – ئەمیر حەسەنپوور، "پێکهێنانی شوناسی کورد: گوتارە مێژوویی و ئەدەبییەکانی پێش سەدەی بیستەم"، ل ١٠٦ – ١٦١ ؛ مارتن ڤان برونەسن ، "مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردی"، ل ٤٠ – ٥٧؛ فەرهاد شاکەلی، "ناسیونالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا".

٣ – لەبارەی گرنگیی "ناوێکی بەکۆمەڵ" یان بەڵگە و ئاماژەکانی ئیتنیی پێش مۆدێرن گرووپی ئیتنیکی، بڕوانە ئەنتۆنی سمیث، "ڕەگ و ریشەی ئیتنیکیی نەتەوەکان"، ل ٢٢ – ٢٣.

٤ – بەکارهێنانی تێرم یان زاراوەی "پرۆتۆناسیۆنالیزم" کە لە سیاقی ئەم بابەتە نووسینەدا بە واتای خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، شوناس یان ناسنامە بەکۆمەڵەکان و تێگەیشتنەکان لە سەردەمێکی پێش مۆدێرنە و پێش ناسیۆنالیستیدا دێت و هاوشێوەی نەوەکانیانە لە نەتەوە و ناسیۆنالیزمە مۆدێرنەکانە.

٥ – ئەحمەد بن یەحیا بن جەببار ئەلبلاذەری، "فتووح ئەلبولدان"، ل ٤٦٤، ٤٦٧، ٥٣٨، ٥٤٨.

٦ – تەبەری، مێژووی تەبەری (تاریخ ئەلڕوسول وەلملووک – تأریخ الرسل والملوک)، بەرگی ١٥، "قەیرانی سەرەتای خیلافەت"، وەرگێڕانی ر. ستیفن هامفەری، ل ٣٤.

٧ – تەبەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ١٤، "داگیرکردنی (فەتح)ی ئێران"، وەرگێڕانی جی. ڕێکس سمیث، ل ٧٣ ، ٧٨ – ٧٩.

٨ – جەی. کوردۆ (ناوی خوازراو)، "کوردستان: ڕەگ و ریشەی شارستانییەتی کورد"، ل ٥٥.

٩ – لەبارەی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی زمان لە گەشەکردنی شوناسی نەتەوەیی و هۆشیاریی نەتەوەیی، بڕوانە ئەمیری حەسەنپوور، "ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستاندا: ١٩١٨ – ١٩٥٨".

١٠ – بەپێی ئیبن خەلدوون: ریزانکاس. ئیبن خەلدوون، "تاریخولئەعلام – تأریخ الأعلام"، بەرگی ٤، ل ١٠٩٣ هەروەها بڕوانە محەمەد ئەمین زەکی، "خلاصة تأریخ

الكرد وكردستان ، تأريخ الدول والإمارات الكردية في العهد الإسلامي"، بەرگی ٢، ل ٦٦ – ٨٩.

١١ – ڤلادیمیر مینۆرسکی، "ئەننازیدس (عەننازییەکان) Annazids"، EI ، چاپی نوێ، (لایدن: ئی. جەی. بریڵ، ١٩٥٤ – ٢٠٠٣)، بەرگی ١، ل ٥١٢ – ٥١٣.

١٢ – بڕوانە توێژینەوەی کلاسیکی لە سەر شەددادییەکان: ڤلادیمیر مینۆرسکی، "توێژینەوەکان لە سەر مێژووی قەوقاز"، ل ٣٣ – ٧٨. هەروەها بڕوانە ئەمین زەکی، "خولاصة تأريخ الكرد وكردستان"، ل ٩٠ – ٩٤.

١٣ – لەبارەی بنەماڵەی مەروانییەوە، بڕوانە ئیبن خەلدوون، "تأريخ العلامات"، بەرگی ٤، ل ٦٧٤ – ٦٨٦ ؛ هەروەها ئێچ. ئێف. ئامەدرۆز، "بنەماڵەی مەروانی لە مەیافارقین لە سەدەکانی دە و یانزەی زایینیدا"، ل ١٢٣ – ١٥٤. هەروەها بڕوانە ئەمین زەکی، ""خولاصة تأريخ الكرد وكردستان"، بەگی ٢، ل ٩٥ – ١٣٥.

١٤ – ئامەدرۆز، "بنەماڵەی مەروانی..."، ل ١٣١.

١٥ – عیززەدین ئیبنولئەثیر، "الكامل فی التأريخ"، بەرگی ٩، ل ٣٨٤ – ٣٨٦.

١٦ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٩٨ – ٥٩٩.

١٧ – هەمان سەرچاوە، بەرگی ١٠، ل ٦٥ – ٦٧.

١٨– هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.

١٩ – هەمان سەرچاوە، ل ٦٠٤. هەروەها بڕوانە وەرگێڕانی ئینگلیزیی: عیززەدین ئیبنولئەثیر "تۆماری مێژووی ئیبنولئەثیر بۆ سەردەمی خاچپەرستی لە ئەلکامیل فی ئەلتاریخ، بەشی ١: سالآنی ٤٩١ – ٥٤١ی کۆچی/ ١٠٩٧ – ١١٤٦، هاتنی فرانکییەکان و کاردانەوەی موسڵمانەکان – وەرگێڕانی د. س. ریچاردس، ل ٢٤٠، ٣٠٧، ٣٦٧ ؛ عزالدين إبن الأثير، "تۆماری مێژووی تورکە سەلجووقییەکان: هەڵبژاردە لە الكامل فی التأريخی عزالدين إبن الأثير"، وەرگێڕانی د. س. ریچاردس، ل ١٥، ١٩، ٤٥، ٥٨، ٦٠ – ٦٢، ....".

٢٠ – مینۆرسکی، "مێژووی قەوقاز"، ل ١١٦ – ١٣٦، ١٤٦ – ١٥٧.

٢١ – هەمان سەرچاوە، ل ١٣٨.

٢٢ – بۆ گفتوگۆیەکی قووڵ لەبارەی دید و بۆچوون و نموونە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و شوناسی کوردییەوە، بڕوانە مارتن ڤان برۆنەسن "ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان"، ل ٥٠ – ١٣٢. بۆ قسەکردن لە سەر مەسەلەی ئەو مانایەی لە پشتی بەڵگە و دەلالەتی "کوردەوەیە"لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا، بڕوانە ڤان برونەسن، "کۆمەڵگەی کوردی، ئیتنیک و نەژاد، ناسیۆنالیزم و کێشەی پەنابەرەکان"، ل ٣٣ – ٦٧.

٢٣ – لەبارەی خێڵە کوردەکان و میرنشینە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاق قۆینلوو و قەرە قۆینلوو، بەتایبەتی میرنشینەکانی حەسەنکێف (لە نێوان ئامەد و جزیرەدا)، هەکاری و چەمشکەزەک (لە ناوچەی دەرسیمی رۆژئاوای کوردستان و لە تورکیای ئێستادا کراوە بە تونجەلی)، بڕوانە ڤان برونەسن، "ئاغا و شێخ و دەوڵەت"، ل ١٣٧، ١٤٥ – ١٥١. لەبارەی ئاق قۆینلوو، بڕوانە جۆن ی. وودس، "خێڵی ئاق قۆینلوو، کۆنفیدراسیۆن، ئیمپراتۆرێت".

٢٤ – مارتن ڤان برونەسن و هیندریک بۆیسچۆتن، "ئەولیا چەلەبی لە دیاربەکر: بەشی پەیوەندیدار لە شایەتنامە"، ل ١٣ – ١٥.

٢٥ – ئویزئۆغلوو، "ناودارانی کورد"، ل ٥٠.

٢٦ – جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، ل ٢٣.

٢٧ – مارتن ڤان برونەسن، "کوردستان لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا وەک لە شایەتنامەکەی ئەولیا چەلەپیدا رەنگدەداتەوە"، ل ١ – ١١. مارتن ڤان برونەسن و هیندریک بۆیسچۆتن، "چەلەبی لە دیاربەکر"؛ رۆبەرت دانکۆف، "ئەولیا چەلەبی لە بەدلیس"؛ ئویزئۆغلووو، "ناودارانی کورد"، ل ٣٣ – ٣٥.

٢٨ – دانکۆف، "ئەولیا چەلەبی لە بەدلیس"، ل ٩٢ – ١٠٧.

٢٩ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٣ – ٢٩٥. ڤان برونەسن، "ئاغا و شێخ و دەوڵەت"، ل ١٦٢ – ١٧٠.

٣٠ – شاکەلی، "ناسیۆنالیزمی کوردی". بۆ گفتوگۆیەکی قووڵ لە سەر قەسیدەکە، بڕوانە ئەمیر حەسەنپوور، "بنیاتنانی شوناسی کوردی"، بەتایبەتی ل ١٠٦ – ١٣١.

٣١ – وەک لە حەسەنپوورەوە وەرگێڕدراوە، "بنیاتنانی شوناسی کوردی"، ل ١١٨ – ١١٩.

٣٢ – وەک لە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

٣٣ – وەک لە لایەن شاکەلییەوە وەرگێڕدراوە لە "ناسیۆنالیزمی کوردی"، ل ٧١.

٣٤ – هەمان سەرچاوە، ل ٧٤.

٣٥ – لەبارەی بەکارهێنانی "مەم و زین"ەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی مۆدێرنی کوردەوە، بڕوانە حەسەنپوور، "بنیاتنانی شوناسی کوردی"، ل ١٢٩ – ١٤٢. ڤان برونەسن، "مەم و زینی ئەحمەدی خانی"، ل ٤٠ – ٥٧.

٣٦ – شرف الدين خان بدليسی، "شرفنامه، فی تأريخ الدول والإمارات الكردية". هەمان ئەم کتێبەی میر شەرەفخانی بەدلیسی لە لایەن میهرداد ئیزەدییەوە کراوە بە ئینگلیزی، لە ژێر ناوی "شەرەفنامە، مێژووی نەتەوەی کورد، The Sharafnama, or the History of Kurdish Nation".

٣٧ – مایکڵ ئەپەڵ، "لەناوبردنی میرنشینە کوردەکان: کاریگەریی چاکسازییەکانی عوسمانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەر کوردستان لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا"، ل ٢٤٤ – ٢٤٦.

٣٨ – کلۆدیۆس جەیمس ریچ، "یاداشتی نیشتەجێیەک لە کوردستاندا Narratives of a Residence in Koordistan"، بەرگی ١.

٣٩ – هەمان سەرچاوە، ل ٩٦ – ٩٧. ت. نیونهیوس، "سیاسەت و کۆمەڵگە لە سەرەتاکانی عێراقی نوێدا: پاشاکانی مەملووک، شێخە خێڵەکییەکان و حوکمی ناوخۆیی لە نێوان ساڵانی ١٨٠٢ و ١٨٣١دا"، ل ٩٧.

٤٠ – جەلیلی جەلیل، "کوردەکانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا"، (بە زمانی رووسی)، ل ٩٦ ؛ جەیمس بەیلی فرەیزەر، "گەشت لە کوردستان و میزۆپۆتامیا .. لەگەڵ باسێکی چەند بەشێکی ئەو ولاتانەی تا ئێستا سەردانی

نەکراون لەلایەن ئەوروپییەکانەوە، هەروەها هێڵکاریی خەسڵەت و ڕەفتاری خێڵە کورد و عەرەبەکان"، ل ٦٤.

٤١ – جەلیل، "کوردەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا"، (بە ڕووسی)، ل ٥٥.

٤٢ – باسێکی گشتیی پەرەسەندنی دەسەڵاتی کۆر محەمەد لە کتێبی جوەیدەدا دەستدەکەوێت "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، ل ٥٥ – ٥٦. بۆ وێنەیەکی وردتر لەو بارەوە بڕوانە فرەیزەر، "گەشت..."، بەرگی ١، ل ١٠٢. هەروەها ئێچ. سی. ڕۆڵینسن، "سەرنج لە سەر گەشتێک لە تەبریزەوە بە کوردستانی ئێراندا، بۆ شوێنەوارەکانی تەختی سولەیمان"، ل ٣٢. محەمەد ئەمین زەکی، "خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، من أقدم العصور حتى الآن"، ل ٢٤٣.

٤٣ – جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، ل ٥٩ ؛ ئەمین زەکی، "خلاصة ..."، ل ٢٤٥.

٤٤ – بۆ باسێکی دوورودرێژ لەبارەی کەوتنی کۆر محەمەدەوە بڕوانە جەلیل، "کوردەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا"، (بە ڕووسی)، ل ١٠٠ – ١٢٢.

٤٥ – ئە. ب. کەنینگهام، "بەرایی نامە و نامەکارییەکانی ریچارد وود، ١٨٣١ – ١٨٤١"، ل ٩٧. ئەم هەوڵدانەی وود بۆ ئەوە بووە بگاتە چارەسەرێک کە وا لێبگەڕێن کۆر محەمەد هەر بە حوکمڕان بمێنێتەوە لە ڕەواندزدا. بەڵام ملکەچبوونی بۆ عوسمانییەکانیش دیسان لەلایەن گەڕیدە دەبڵیو. ئێف. ئەینسوێرثەوە باسکراوە لە کتێبیدا، گەشت و لێکۆڵینەوەکان لە ئاسیای بچووک، میزۆپۆتامیا و کلدۆئەرمینیادا"، ل ٣٢٣.

٤٦ – ئەمین زەکی، "خلاصة ..."، ل ٢٤٧ ؛ فرەیزەر، "گەشت..."، بەرگی ١، ل ٨١ – ٨٢ ؛ جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، ل ٦٠، ٣١٩.

٤٧ – ئەینسوێرث، "گەشت ... "، بەرگی ١، ل ٣٢٣. جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، ل ٦٠.

٤٨ – چالاكیی مسیۆنێری و تایفەی نەستووری و ڕووداوەكانی لێرەدا خراونەتەڕوو لە زنجیرەیەک سەرچاوە و توێژینەوەی سەرەتاییدا باسكراون كە ڕەنگدانەوەی دید و بۆچوونی مسیۆنێرەكان و كریستیانەكانی ناوخۆن. بڕوانە كەمال سەلیبی و یوسف ک. خووری، "مسیۆنێریی هێراڵد، لە باكووری عێراقەوە ڕاپۆرت دەدا، ١٨٣٣ – ١٨٤٧". گێڕانەوەیەكی هاوسەنگ ڕەنگە زیاتر لە كتێبەكانی گەڕیدە و شوێنەوارناسە بەریتانییەكاندا دەستبكەوێت، وەک سێر ئۆستن هێنری لایارد: "دۆزراوەكانی شوێنەواری نەینەوا و بابل و لەگەڵ گەشت لە ئەرمینیا و كوردستان و بیاباندا و باسێكی گشتیی دۆزراوەكانی نەینەوا"، ل ١٢٢ – ١٧٠. هەروەها بڕوانە جۆن جۆزێف، "نەستوورییەكان و دراوسێكانیان" ؛ گۆردن تایلەر، "تا و تینوێتی: دكتۆر گرانت و خێڵە كریستیانەكانی كوردستان".

٤٩ – ئی. بی. سۆن، "لە میزۆپۆتامیا و كوردستاندا بە نەناسراوی"، ل ١٥٦. جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد"، ل ٦٩. ڤان برونەسن، "ئاغا و شێخ و دەوڵەت"، ل ٢٩٢.

٥٠ – ئۆستن هێنری لایارد، "نەینەوا و شوێنەوارەكانی"، بەرگی ١، ل ١٧٣. جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد"، ل ٧٢، ٣٢٢.

٥١ – ئەینسوێرث، "گەشت ..."، ل ٢٧١، ٢٨١.

٥٢ – سەلیبی و خووری، "مسیۆنێریی هێراڵد..."، ل ٤٧٤، ٤٨٣.

٥٣ – لایارد، "دۆزینەوەكان ..."، ل ١٢٢.

٥٤ – نەزان، "كوردەكان لە بندەستی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا"، لە كتێبی "گەلێكی بێ وڵات: كورد و كوردستان"، جی. كەیلاند، ل٢٤. هەرچەندە خانەوادەی بەدرخان تێكەڵی دەزگا و دامەزراوەكانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بەڵام ئەندامانی خێزانەكە بەردەوام بوون لە سەر هەوڵ و كۆششیان بۆ زیندووكردنەوە و بووژاندنەوەی میرنشینی بۆتان و لە كۆتایی سەدەی نۆزدەوە ڕۆڵێكی سەنترالیان گێڕا بۆ گەشەكردن و بڵاوكردنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی. عوسمان پاشای بەدرخان لە ساڵی ١٨٧٩دا هەوڵیدا ژیاندنەوەی میرنشینی بۆتان و یەكگرتنی كورد لە ژێر سەركردایەتیی خۆیدا. كەسانی تری سەر بەو خانەوادەیە ویستیان ئۆتۆنۆمیی كورد

پێشبخەن لە پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨وە تا سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەم. لە ساڵی ١٩٠٩دا عەبدوڕەزاق بەدرخان هەوڵیدا قەناعەت بە رووسیا بکات کە پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بکات. لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، عەبدوڕەزاق و کامیل بەدرخان هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ رووسیادا دەکرد. بڕوانە دێڤید ماکدواڵ، "مێژووی هاوچەرخی کورد"، ل ٩٩ – ١٠٠. جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، ل ١٢١.

٥٥ – یاخیبوونەکەی یەزدانشێر زۆر بەدەگمەن توێژینەوەی لە سەر کراوە. تەنها کتێبی کەندان بادەم، کە لە سەر جەنگی کریمیایە رووماڵێکی تێدایە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەو پەیوەندییانە دەدوێت کە لە نێوان ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و بەریتانیادا بووە لەبارەی جەنگی کریمیاوە، بڕوانە "جەنگی کریمیای عوسمانی (١٨٥٣ – ١٨٥٦)"، ل ٣٦٠ – ٣٧٧. سەرچاوەیەکی گرنگ کە باسی جەنگی تێدایە لە تێڕوانینی رووسیاوە، کتێبێکە لەلایەن ئەفسەرێکی هەواڵگرییەوە نووسراوە کە لە ئەرکانی جەنگی سوپای رووسیا بووە لە قەوقاز، ئەویش کاپتن ئێڵ. ئای. ئەڤێریانۆڤە، "کورد لە جەنگەکانی رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا لە سەدەی نۆزدەدا"، (کە بە زمانی رووسییە). ئەم کتێبە بەڵگەنامەی گرنگی لەخۆگرتووە و پێداچوونەوەیەکی مێژوویییە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و کورد بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم.

٥٦ – بادەم، "جەنگی کریمیای عوسمانی"، ل ٣٦٦ ؛ ئەڤێریانۆڤ، "کورد لە جەنگەکانی رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا لە سەدەی نۆزدەدا"، ل ٩٣.

٥٧ – بادەم، "جەنگی کریمیای عوسمانی"، ل ٣٧٣.

٥٨ – وردەکاریی تێکەڵبوونی بەریتانیا بەم مەسەلەیە لە یاداشتەکانی دکتۆری بەریتانی هامفرەی ساندویثدا باسکراوە کە بەرپرسی کەتیبەی پزیشکیی بەریتانی بووە لە هێزەکانی عوسمانیی ئەو ناوچەیەدا. ساندویث، "یاداشت (گێڕانەوە): گەمارۆدانی قارس"، ل ٢١٢ – ٢١٥.

٥٩ – فەرهاد شاکەلی، "حاجی قادری کۆیی"، رۆژنامەی کوردیش گڵۆب، هەولێر، ٧ی شوباتی ٢٠١٠.

٦٠ – ئەسڵان، "شەڕ و ململانێکان"، ل ٣١١ ، هەروەها لە بەشی دووی توێژینەوەکەیدا بە نموونە هێناویەتیەوە، ل ١٠١ – ١٠٣، ١٥٠ – ١٥٩.

# ٢

# ناسیۆنالیزمی کوردی:
# ڕەگ و ڕیشەکانی چین؟

**ژیگەر حەسەن**

توێژەر و وانەبێژێکی کوردە لە زانکۆی ڕۆژئاوای ئۆنتاریۆ – کەنەدا

○ **ژێگەر حەسەن** Zheger Hassan

توێژەر و وانەبێژێکی کــــوردە لە زانکۆی رۆژئـاوای ئۆنتـاریۆ (کــەنەدا – تۆرەنتـۆ) و سـاڵی ٢٠١٩ بڕوانـامەی دکتـۆرای لە زانسـتە سیاسـییەکاندا بەدەسـتهێناوە و ناونیشـانی نـامەکەی "رەگ و بنەمـا و پەرەســەندنی دەوڵەتە دیفاکتۆکـان: تێهەڵکێشــی زیمنیــی کوردســتانی عێـراق". جـگە لەم باســەی ئێـرەی کە بە ناونیشــانی "ناســیۆنالیزمی کوردی: رەگ و ریشەکانی چین؟"ە، چەند باسێکی تری لە سەر کورد بڵاوبوونەتەوە، گرنگترینیان "زۆرێک لە تێگەیشـتنە هەڵەکان لەبارەی کوردەوە".

دکتـۆر ژێـگەر حـاڵی حـازر پرۆفیسـۆری یاریـدەدەرە لە بـواری زانسـتە سیاسـییەکاندا لە کۆلێچی زانکـۆی کینـگ لە شـاری لەنـدەنی نـاوچەی ئۆنتـاریۆی کەنەدا و هـاوبەڕیوەبەری دەسـتەی تـوێژینەوەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بـاکووری ئەفریقـایە لە زانکـۆی ئۆنتـاریۆی رۆژئاوا لە گەورە شاری تۆرەنتۆی کەنەدا.

## کورتەیەک

بۆچوونێکی گشتیی هەیە لای هەندێک لە ئەکادیمییان و ناسیۆنالیستانی کورد کە وا ناسیۆنالیزمی کوردی کۆن و تەمەنی چەندین سەدەیە لە مێژوودا و ئەم دید و بۆچوونەش لە گێڕانەوەی دەماودەمی مێژوویی و تایبەتمەندیی فەرهەنگ و زمانی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت و هەروەها ئەدەب وەک بنەمایەکی کۆنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد.

بەرەیەکی پێچەوانە لە نوێگەرە هاوچەرخەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە چەمکی ناسیۆنالیزم یان نەتەوەپەرستی بەرهەمی پیشەسازی و مۆدێرنیتەیە. مەسەلەی رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزم لە مشتومڕی نێوان سەرەتاییناسی و مۆدێرنە دوورتر نەڕۆیشتووە و مامەڵەیەکی ئەڵتەرناتیڤ لەبارەی پەیدابوونی ناسیۆنالیزمەوە لە کارەکانی ئەنتۆنی سمیثدا دەردەکەون. ئەم مامەڵە و تاوتوێ کردنە کە ناوی سەرەتاییناسیی "نەرمی" لێدەنرێت پێ لە توخمەکانی سەرەتاییناسی و نوێگەری دەنێت سەبارەت بە ناسیۆنالیزم. مەسەلەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاخۆ ناسیۆنالیزم لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئەمە بە میرات ماوەتەوە یان دروستکراوە؟ ئەم باسە چاو بەو چەندوچوونە کلاسیکییەدا دەگێڕێتەوە کە لە نێوان هەردوو تیۆرییە باڵادەست و باوەکەدا هەیە سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و هەڵسەنگاندنی ئەوە دەکات کە تا چ ئاستێک بەسەر مەسەلەی کورددا دەسەپێت. باسەکە

مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە وا نە ڕێبازی سەرەتایی و نە نوێگەری بەتەنها ناتوانێت ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ بنەچەکانی ناسیۆنالیزمی کورد بکات. لەجیاتیدا باسەکە لەوە دەدوێت کە نەتەوەکان، وەک مەسەلەی کورد دەریدەخات، هەردوو خەسڵەتی سەرەتاییناسی و نوێگەریی تێدایە.

وشە و دەستەواژە سەرەکییەکانی ئەم باسە ئەمانەن: nationalism ناسیۆنالیزم (نەتەوەگەری یان نەتەوەپەرستی)، primordialism سەرەتاییناسی یان بناژۆخوازی، modernism مۆدێرنیزم یان نوێگەری، ناسیۆنالیزمی کوردی، مێژووی کورد، ئەدەبی کوردی.

## پێشەکی

بۆچوونێکی گشتیی هەیە لای هەندێک لە ئەکادیمییان و ناسیۆنالیستانی کورد کەوا ناسیۆنالیزمی کوردی کۆن و تەمەنی چەندین سەدەیە لە مێژوودا و ئەم دید و بۆچوونەش لە گێڕانەوەی دەماودەمی مێژوویی و تایبەتمەندیی فەرهەنگ و زمانی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت و هەروەها ئەدەب وەک بنەمایەکی کۆنی ناسنامەی نیشتمانیی کورد. ئەو ئەکادیمی و نەتەوەییە کوردانە هاوبەشن لە تێڕوانینی سەرەتاییدا بۆ ناسیۆنالیزم، کە وایبۆدەچێت میللەتان خەسڵەتی نەگۆڕیان هەیە (Joireman جۆیەرمان ٢٠٠٣ : ٢٠). هەڵبەت ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە فرەجار خاسییەتی نوێی نەتەوە و گەلان و ناسیۆنالیزم پشتگوێ دەخەن. هەرچی مۆدێرنیستەکانن ئەوان چەمکی ناسیۆنالیزم بە کۆن و مێژوویی نازانن، بەڵکو پێیانوایە ئەمە بیرۆکەیەکی ڕۆژئاواییە و پیشەسازی بەرهەمیهێناوە و پێشکەشی گەلانی ڕۆژهەڵاتی کردووە (ڤان برونەسن؛ هیرشلەر؛ سترۆهمییێر)[١]. مۆدێرنیستەکان

بەم هەلومەرجانە دەڕواننە ناسیۆنالیزمی کوردی و بە شێوەیەکی تایبەتتر ئەوان وا تەماشای روخساری دەکەن کە وا پەرچەکرداری ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە بن کە بەدوای رووخانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا هاتن. لە پێش ئەم سەردەمەدا بە پێی هێڵە خێڵەکی و جوگرافییەکان کورد دابڕ و دابەش کرابوون و هەستێکی پتەوی یەکێتیی نیشتمانییان نەبوو و مەسەلەی بناغەی ناسیۆنالیزم لە مشتومڕی سەرەتایی نویێ بەولاوەتر نەدەڕۆیشت. بەهەرحاڵ کارەکەی ئەنتۆني سمیث لەبارەی "سەرەتایی نەرمەوە" ئەڵتەرناتیڤێک دەڕەخسێنێت بۆ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم. ئەم ریبازە پیێ لەوە دەنیێت کە ناسیۆنالیزم گشت توخمە سەرەتایی و نوێکان لەخۆدەگریێت.

هەڵبەت ئەگەر بە تێرمێکی لاواز لێکیبدەینەوە، ئاخۆ ناسیۆنالیزم لەکوێوە هاتووە؟ ئایا لە رەچەڵەکەوە هاتووە یان درووستکراوە؟ بە شێوەیەکی دیاریکراوتریش ئایا ناسیۆنالیزمی کورد کۆنە یان دیاردەیەکی نوێیە؟ ئەم نووسینە چاوخشاندنەوەیەکە بە مشتومڕی کلاسیکیی نێوان دوو تیۆرییە سەرەکییەکەی لەمەڕ ناسیۆنالیزم و ئەگەری جێبەجیێ کردنی هەر یەکەیان لە سەر مەسەلەی کورد هەڵدەسەنگێنیت. من وایبۆدەچم کە وا نە رێباز یان بۆچوونی سەرەتایی و نە مۆدێرنیتەش هەر یەکەیان بەتەنها ناکریێت راڤەی رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکات و مەسەلەی کورد ئەوە دەردەخات کە وا نەتەوە و ناسیۆنالیزم خاسییەتی سەرەتایی و مۆدێرنیشیان هەیە و گەلێک یان میللەتێک بەرهەمی کۆمەڵێک پراکتیزەی فەرهەنگی و زمانەوانیی تایبەتە و بەزۆریش درێژخایەن. ئەم نووسینە پشت بە بۆچوونی سەرەتایی "نەرم" دەبەستێت لەپێناوی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان دوو تیۆرییەکە. بە شێوەیەکی زیاتر پراکتیکیش، تیۆریی سەرەتایی نەرم یارمەتیدەرە لە پاڵپشتی کردنی پەرەسەندنی مێژووی کورددا، وەک گەلێکی

نیشتەجێی جێگیر و پیادە کردنی فەرهەنگیی کۆن، بەڵام بێ پەرەپێدانی هەست و هۆشی ناسیۆنالیزم تا مۆدێرن بوون. بێگومان پێدەچێت مۆدێرنیتە لەخۆیدا بەس نەبێت بۆ بەرهەمهێنانی هەست و هۆشێکی جێگیر بە نەتەوەبوون، بە تایبەتی لە حاڵەتی کورددا. بەم رەنگە نووسینەکە ئاماژە بەوە دەدات کە وا پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی نوێی کورد پێویستی بە بوونی فەرهەنگ و زمانێکی کۆنە (با فەرهەنگ و زمانێکی تەواو جیاکار و تایبەتیش نەبێت) و هەروەها پاڵنەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاریکراویش.

باشە چۆن لێکۆڵینەوە لە تەنها حاڵەتێک یارمەتیدەرمان دەبێت لە تێگەیشتنێکی باشتری پەیدابوونی میللەتان و ناسیۆنالیزم؟ لێکۆڵینەوە لە حاڵەتێک بریتییە لە "لێکۆڵینەوەیەکی چڕ بۆ تاقە حاڵەتێک بە مەبەستی تێگەیشتن لە کۆمەڵێکی گەورەتری حاڵەتەکان" (Gerring گێرینگ ٢٠٠٧ : ٩٥). رەخساندنی تیشک خستنە سەری قووڵ سوودی تایبەت دەگەیەنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاقە حاڵەتێک. یەکەم لێکۆڵینەوەی یەک حاڵەت ئەنجامگیرییەکی سوودبەخش دەڕەخسێنێت بۆ بەراورد کردنی ئەم یەکەیە بە یەکە هاوشێوەکانی تر (Gerring گێرینگ ٢٠٠٤ : ٣٤٦ ؛ Hawkins هاوکینز ٢٠٠٩). دووەم، خوێندنەوەیەکی ورد بۆ حاڵەتی کوردی ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک دەڕەخسێنێت بۆ دید و بۆچوونە سەرەتایی و مۆدێرنەکان و جگە لەوەش، دەکرێت ئەنجامەکان یان ئەو تیۆرییەی لە دۆخی کورد کەوتووەتەوە بەکاربهێنرێت و لە سەر دۆخە هاوشێوەکانی تر جێبەجێ بکرێت.

ئەم بابەتە نووسینە بەم شێوەیەی خوارەوە بەردەوام دەبێت. بەشی یەکەمی بەکورتی رووماڵی مێژووی کورد دەکات بۆ دۆزینەوەی سیاقی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەشی دووەمیشی دید و بۆچوونی سەرەتایی باس دەکات و روونی دەکاتەوە کە چۆن بەسەر مەسەلەی

کورددا جێبەجێ دەبێت و هەندێک رەخنە لەم رێبازە دەگرێت و هەروەها تیشک دەخاتە سەر گرنگیی ئەدەبی کوردی بۆ ناساندن و پەرەپێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەشی سێهەمیش لە روانگەی مۆدێرنیتەوە دەدوێت بۆ ناسیۆنالیزم و چۆنێتیی راڤەکردن و لێکدانەوەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد و هەندێک رەخنە لە سەر ئەم رێبازە. ئەم بەشە هەرچەندە وا پێدەچێت لێکدانەوەیەکی قەناعەتبەخشی زیاتر دەدات بە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتەواوە. بەشی چوارەم باس لە بەشداریی تیۆریی ئەڵتەرناتیڤ دەکات بۆ ناسیۆنالیزم لە رێگەی پەیرەوی کردنی کارەکانی ئەنتۆنی سمیثەوە. لەم رووەوە، بابەتەکە پەیرەویی بابەتی "نەرمی" سەرەتایی دەکات بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کەوا ناسیۆنالیزمی کورد لە کوێوە هاتووە و چۆن پەرەیسەندووە. دوا بەشیش هەندێک سەرنجی کۆتایی دەخاتەڕوو سەبارەت بە سوودی سەرەتایی "نەرم" بۆ راڤە کردنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم.

پێش خوێندنەوە و بەدواداچوونی بابەتەکە وا باشترە چەمکە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستنیشان بکرێت، کە بریتین لە نەتەوە و ناسیۆنالیزم و رەگەز یان ئیتنیک (یان کۆمەڵگەی ئیتنیکی) و ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە پێناسەکەی ئەنتۆنی سمیث دەبەستێت بۆ نەتەوە بەو پێیەی *"کۆمەڵە مرۆڤێکن خودی خۆیان دیاری و دەسنیشانکردووە و ئەندامەکانی بەشدارن لە گەلاڵە کردنی ئەفسانە و یادەوەری و هێما و بەها و نەریتی هاوبەش و لە نیشتمانێکی خاوەن ناسنامە و مێژوویيدا نیشتەجێن و فەرهەنگێکی گشتیی جیاکار دەخوڵقێنن و بڵاویدەکەنەوە و هەروەها پەیڕەویی نەریت و یاسا و رێسای هاوبەش دەکەن"* (سمیث ٢٠٠٨ : ١٩).

هەڵبەت لەبەرئەوەی پێناسەکەی سمیث جۆرێکی نموونەیی و ئایدیاڵە، ئەوە نەتەوەکان دەکەونە سەر زنجیرەیەکی بەدەستهێنانی زیاتر لەم خاسییەتانە. لەم حاڵەتەدا تێرمی "ئیتنی" وا پێناسە دەکریت کە وا بریتییە لە "کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو کە هاوبەشن لە ئەفسانە و فەرهەنگ و مێژوویاندا و لە باوباپیرانەوە بۆیان بەجێماوە، لە سەر خاکێکی دیاریکراو و لەگەڵ هەست و هۆشێکی یەکگرتوو" (سمیث ١٩٨٦ : ٣٢). بەهەرحاڵ، مەسەلەی "هەست و هۆشێکی یەکگرتوو" تەمومژاوییە و سەر ناکێشێتەوە بۆ ناسیۆنالیزم و حەز و ئارەزووی سەربەخۆیی. ناسیۆنالیزم رەنگدانەوەی ئارەزووی گەلێکی دیاریکراوە بۆ یەکخستنی یەکە سیاسی و نیشتمانییەکان (Gellner گێلنەر ١٩٨٣ : ١). فرە جاریش ئەم ئارەزووە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە ئامانجێکی سیاسیی کۆنکریتییەوە کە وا ئەو نەتەوەیە هەوڵدەدات لە کۆتاییدا دەوڵەت دامەزرێنێت. بەم شێوەیە دەکرێت ناسیۆنالیزمی کوردی وا ببینرێت کە ئامانجی لە پێکهێنانی ناسنامەیەکی کوردیدا بدۆزێتەوە لە رێگەی پەیوەستبوون بە زمان و فەرهەنگ و مێژووی هاوبەشەوە وەک هۆکارێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. ئەو بەشەی دادێت بریتییە لە گێڕانەوەیەکی کورت و گشتیی مێژووی کورد.

## مێژووی کورد و مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی

لە سەدەی حەوتەمدا داگیرکاریی عەرەب ئیسلامی هێنایە ناوچەکەوە، بەڵام کورد فەرهەنگ و کولتوور و زمانی داگیرکەرانی وەرنەگرت. جگە لەمەش زانیاریی زۆر کەمە لەبارەی کوردەوە لە پێش ئیسلام و حوکمی عەرەبدا (Hassanpour حەسەنپوور ١٩٩٢ ؛ McDowall ماکدواڵ ٢٠٠٤). ئەوەی دەیزانین کە وا کۆمەڵگەی کوردی خێڵەکی بووە بە خەسڵەتی حوکمی

لۆکاڵی و دابڕکاریی جوگرافییەوە. لە پاش سەردەمی داگیرکاریی عەرەبی کوردەکان کەوتنە سەردەمێکی پاشاگەردانییەوە و بوون بە ژێردەستەی دەسەڵاتی سەلجووقە تورکەکان و مەغۆلەکان (Hassanpour حەسەنپوور ١٩٩٢ : ٥٠). ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا دوادوایی سەدەی پانزەیەم و سەرەتای سەدەی شانزەیەم، کە لەمە بەدوا خێڵە کوردەکان خۆیان رادەستی حوکمی عوسمانی و فارسی کرد و تیرە و هۆزە کوردەکان دانیان نا بە دەسەڵاتی شای سەفەوی و سوڵتانی عوسمانیدا، بەڵام هەر خۆیان بە دەسەڵاتداری خاک و هۆزەکانی خۆیان مانەوە و بگرە سەربەخۆییەکی زۆریشیان هەبوو (McDowall ماکدواڵ ٢٠٠٤ : ٢٧). لەگەڵ جێگیریی رێژەیی ئەم شێوازە دەسەڵاتەدا شەر و پێکدادان لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان و دەسەڵاتە ناوەندییەکان و خێڵە کوردەکاندا هەر بەردەوام دووبارە دەبووەوە، تا هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرێتی سەفەوی لە سەدەی هەژدەدا و لاوازبوونی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی کە لە سەدەی نۆزدەوە دەستیپێکرد (Hassanpour حەسەنپوور ١٩٩٢؛ McDowall ماکدواڵ؛ Olson ئۆڵسن ١٩٨٩).

سەردەمی حوکمی عوسمانی و سەفەوی مۆرکی پەیدابوونی ناسنامەیەکی کوردیی تێدا گەڵاڵەبوو کە هاوشێوەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنە (حەسەنپوور ١٩٩٢). حەسەنپوور دەڵێت "ئایدیای نەتەوە و ناسیۆنالیزم، کە دژوارییەکی مێژوویی سەدەی حەڤدەهەمە، لەڕاستیدا لە بارودۆخ و ژینگەی تایبەتی کوردستاندا گەشەی کردووە (١٩٩٢ : ٥٥). ئەو نووسەرانی کوردی وەک شەرەف خانی بەتلیسی و ئەحمەدی خانی بە نموونە دێنێتەوە وەک بەڵگەیەک بۆ بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مشتومڕ لە سەر ناونانی دەکات بە ناسیۆنالیزمی "فیودالی" وەک جیاکردنەوەی لە

ناسیۆنالیزمی "مۆدیرنی چینی ناوەڕاست" (١٩٩٢ : ٥٦ – ٧). حەسەنپوور ئاماژە بەوە دەدات کە وا ناسیۆنالیزمی کوردیی مۆدێرن لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵداوە بەڵام تا رووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیست گەڵاڵە نەبووە، چەشنی شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا. هەرچەندە حەسەنپوور باس لە سەرهەڵدان و بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، بەڵام جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە تاوەکو سەدەی بیستەم کۆمەڵگەی کوردی فیودالْ بووە و یەکگرتوو نەبووە و ناسیۆنالیزمی نوێ یان مۆدێرنی کورد لە ئەنجامی "هەوڵ و تێکۆشانی کورد بۆ بەرگری کردن لە توانەوە" هاتووەتە کایەوە (١٩٩٢ : ٦٥). ئەم سیاسەتە جیاکارییانە ئەنجامی بەرجەستەبوونی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم.

رووخانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستدا بوو بە مۆرکێکی یەکلاکەرەوە لە مێژووی کورددا. کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و لێکەوتەکانی پەیماننامەی ئاشتیی نێوان عوسمانییەکان (واتە تورکیای ئێستا) و بەریتانیای مەزن مەسەلەی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی هێنایە ئاراوە. پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠، کە نوێنەرانی هەردوو ئیمپراتۆریێتی بەریتانی و عوسمانی ئیمزایان کردبوو، مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی رێکخستبوو، لە رێگەی دوو مادەی دیاریکراوەوە، کە ٦٢ و ٦٤ بوون. پەیماننامەکە ئۆتۆنۆمیی دەستەبەر دەکرد و یەکەمیان ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دابین دەکات "لەو ناوچانەی دەکەونە رۆژهەڵاتی فوراتەوە، لە خوارووی سنووری باشووری ئەرمینیاوە کە دواتر دەستنیشان دەکرێن و لە باکووری سنووری تورکیاوە لەگەڵ سووریا و میزۆپۆتامیادا" (پەیماننامەی سیڤەر ١٩٢٠). وەفدێکی ئەورووپی کە بریتیبوون لە سێ کەس رەشنووسی

پەیماننامەیەکیان نووسیبوو بۆ پشتگیری کردن لەم مادەیە. هەروەها مادەی ٦٤یش گرنگە و دەقەکەی بەم جۆرەیە:

"لە ماوەی یەک ساڵی دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، پێویستە لە سەر خەڵکانی کوردی دانیشتووی ئەو ناوچانەی لە مادەی ٦٢دا هاتووە رووبکەنە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ نواندنی ئەوەی کە وا **زۆرینەیەکی دانیشتوانی ئەم ناوچانە ئارەزووی سەربەخۆیی دەکەن لە تورکیا** و ئەگەر ئەنجومەن وایبینی کە وا ئەم خەڵکانە توانای ئەم سەربەخۆییەیان هەیە و دەستەبەر کردنی راسپارد، ئەوە تورکیا رەزامەند دەبێت لە سەر جێبەجێ کردنی راسپاردەکە و دەستبەرداری هەموو ماف و خاوەنداریێتییەک دەبێت لە سەر ئەم ناوچانە (لێرەدا جەختی لە سەر دەکاتەوە)".

هەڵبەت ئەم مادەیە هەرگیز جێبەجێ نەکرا و ئەگەری درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەئارادا نەما کاتێ کە تورکیا دانوستانی دووبارە کردەوە بە پێی پەیماننامەیەکی نوێ لە ژێر سەرکردایەتیی ئەتاتورکدا و پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ دانی بە مافی کوردەکاندا نەنا. بەهەرحاڵ، سیڤەر هەر بە گرنگی دەمێنێتەوە وەک هۆکارێکی سیمبۆلی، چونکە لە دیدێکی نەتەوەیی کوردەوە کوردی وا ناساندووە کە خەڵکانێکی جیاوازن لە تورکی عوسمانی و عەرەب. لە هەمووی گرنگتر ئەم بەندە روون و ئاشکرا دید و بۆچوونی کوردی بەستەوە بە دەوڵەتی کوردی و دەربڕینی ئارەزووی کورد بە سەربەخۆییەوە. وەک ئەنجامێک، هەر هەوڵ و تەقەلایەکی ئایندە بۆ بەدەوڵەتبوون پێویستی بە پاڵپشتیی دانیشتوانێک هەیە، کە وا لەو کاتەدا، ئەوەندە یەکگرتوو نەبوون بۆ گەلاڵە کردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی. بێگومان ئەمەش ئەو کاتە دەگۆڕێت کە وا کورد دەست بکەن بە ناساندن و

گوزارشـکردن لە فەرهەنـگ و زمـانی هاوبەشـیان. کـوردە نەتەوەییەکـان لە سەرەتای سـەدەی بیستەمەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە هەستێکی ناسنامەی سەرەتایی لای خەڵکی کورد بورووژێنن.

## دید و بۆچوونی سەرەتایی و ناسیۆنالیزمی کوردی

بۆچوونی سەرەتایی مشتومڕ لە سـەر ئەوە دەکات کە نەتەوە و میللەتان "بە شـێوەیەکی خۆڕسـک و سروشـتی" کـۆن و رەگ داکوتـاون (Ozkirimli ئـۆیزکریملی ٢٠١٠ : ٤٩). ئەم دیـدە وا لە ناسـیۆنالیزم و وابەسـتەگییە ئیتنیکییەکـان دەڕوانێـت کە بەرهەمـی پەیوەنـدییەکانی خـوێن و خێـزان و مێـژووی دێـرینن (Joireman جۆیەرمـان ٢٠٠٣ : ١٩ – ٢٠). بە پێـی ئەم تێڕوانینە چەندین سەدە لە مێژوو و فەرهەنگ و زێد و نیشتمانێکی هاوبەش باشـترین راڤەکـردنە بـۆ پەیـدابوونی ناسـیۆنالیزم. سەرەتاییناسـان primordialists وا دەڕوانـنە ناسـنامە و میللەتـان کە پێـدراوێکی قـووڵ و بەهێز و چەسپاو بێت (Eller and Coughlan ئێلەر و کۆغلان ١٩٩٣ : ١٨٧). چەند کەمپێکی جۆراوجۆر هەن لە ناو مۆدێلی سەرەتاییدا و بۆ مەبەستی ئەم نووسینە باس لە دوانیان دەکەین. یەکەم سەرەتاییناسیی "کولتووری" جەخت لە سەر گرنگیی ئەندامبوون دەکاتەوە لە گرووپێکدا کە خەسڵەتی فەرهەنگی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتیی ئەو گرووپەی تێدابێت (Joireman جۆیەرمان ٢٠٠٣ : ٢٤). هەندێک لە لایەنگرانی سەرەتاییناسیی "کولتووری" وەک ئێدوارد شیلز (١٩٥٧)، ئادریان هاستینگز (١٩٩٧) و کلیفۆرد گێرتز (١٩٧٣)، کە هەریەکەیان بۆچـوونی خـۆی هەبـووە لە روونکـردنەوەی ناسـنامەی نیشـتمانی لە روانگەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە. بۆ نموونە کلیفۆرد گیرتز (١٩٧٣ : ٢٥٩)، وا بـاس لە پەیوەنـدیی سـەرەتایی دەکـات کە "پێـدراوێکی" بـوونی

کۆمەڵایەتییە و لەدایکبوونەوە هاوڕێتە لە کۆمەڵگەیەکی ئایینیی تایبەتدا کە بە زمانێکی تایبەت دەئاخڤێت و ئەم چونیەکییە لە خوێن و زمان و دابونەریت و شتی لەم چەشنەدا بە مەسەلەیەکی لەباسکردن نەهاتوو دادەنرێت کە ناتوانرێت بەسەریدا زاڵبیت. گیرتز جەخت لە سەر پەیوەندییە کولتوورییەکان دەکاتەوە کەوا دێنە بەرچاو "ئاسایی و سروشتی بن" و گرنگ نیە ئەمان پتەو و رەگداکوتاو بن، بەڵکو خەڵکەکە وا تەماشای دەکەن کە ئەمە پێدراوە (Smith سمیث ٢٠٠١ : ٥٣). بەم رەنگە سەرەتاییناسان باوەڕ بە سروشتی بوون و کۆنیی گەلان یان میللەتان دەکەن. گرووپی دووەم "سەرەتاییناسیی نەرم soft primordialism"، کەوا تیشک دەخاتە سەر رۆڵی مێژوو و نیشتمانی هاوبەش (بۆ نموونە پەیوەندییە سایکۆلۆجی و سۆزدارییەکان) لە یەکخستنی گرووپێکدا (Joireman جۆیەرمان ٢٠٠٣ : ٢٨). واڵکەر کۆنۆر و ئەنتۆني سمیث لایەنگری ئەم بۆچوونەن. هەرچەندە ئەم لێکدانەوەیە بنەما "بایۆلۆجییەکانی" گەلان پشتگوێ دەخات، بەڵام بەوە قایلە کەوا گەلان خۆڕسک و نەگۆڕن (٢٠٠٣ : ٢٨). بیرۆکەی باوەڕ و مێژووی هاوبەش سوودبەخشترین بۆچوونە لەبارەی پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردەوە (٢٠٠٣ : ٢٩). هەردوو گرووپی سەرەتاییناسیی کولتووری و نەرم هەندێک بیر و بۆچوونی سوودبەخشیان لەم بارەیەوە خستووەتەڕوو، جگە لە کورتە باسکردنێکیش لەبارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە.

توێژەرانی کوردۆلۆجیی کورد بەزۆری تیشک دەخەنە سەر توخمەکانی کولتوور و زمانەوانی و سایکۆلۆجیی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی. (ئێدمۆندز ١٩٦٨ ؛ حەسەنپوور ١٩٧١ : ٨٧) مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکەن کەوا کورد کۆمەڵگەیەکی جیاکار بووە لانیکەم لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمەوە و ناوی "کورد" وەک دەلالەتێک بەکارهاتووە بۆ دانیشتوانی

ڕۆژئاوای ئێران. ئیدمۆندز بە جوانترین شێوە ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەم ڕەنگە کورتکردووەتەوە:

"کوردەکان بریتین لە یەک میللەت یان نەتەوە کە بە لای کەمەوە سێ هەزار ساڵە لەم شوێنەی ئێستایاندا نیشتەجێن. ئەمان هاوژیان و شایەتحاڵی سەرهەڵدان و رووخانی گەلێ ئیمپراتۆریێت بوون، چەشنی ئاشووری و فارس و گریک و ڕۆمان و عەرەب و مەغۆل و تورک، هەروەها مێژوو و زمان و فەرهەنگی تایبەتی خۆیان هەیە و وڵاتەکەیان بە ناڕەوا دابەشکراوە، بەڵام ئەمان خۆیان خاوەنی ڕەسەنی وڵاتەکەن نەک ئەو بێگانە و نامۆیانەی بواریان داون ئەمان وەک کەمینە تێیدا بژین و بەگوێرەی  خواست و 'پیاوەتیی' ئەم داگیرکەرانە کەمێ چاوپۆشییان لێکراوە و هەندێ مافی ژیانیان پێڕەوا بینراوە (ئیدمۆندز ١٩٧١ : ٨٨)".

حەسەنپوور (٢٠٠٣) ئیشارەت بە کۆنیی زمانی کوردی دەکات و بۆ ئەو، زمان توخمی بنەڕەتیی گەل و نەتەوەیە کە لە دامەزراندنی ئەدەبێکدا ڕەنگدەداتەوە. هەڵبەت ئاماژە بەوەش دەکات کەوا کورد هاوبەشی هەندێک ئەزموونکردنی زمان و کولتوورە لەگەڵ دراوسێکانیدا، بەڵام نابێت زیادەڕۆیی بکەین لەم مەسەلەیەدا، چونکە جیاوازییەکان زۆر زیاترە لە هاوشێوەییەکان. ئەو توخمەکانی تری ناسنامەی نیشتمانی پشتگوێ دەخات و لەجیاتیدا جەخت لە سەر پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی دەکاتەوە کە لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمەوە دەستپێکردووە و بەو پێیە مێژوویەکی دوورودرێژ و کۆن بە ناسیۆنالیزمی کورد دەدات.

باس و خواسە سەرەتاییەکان پشت بە گێڕانەوە تایبەتەکان و زمان و ئەدەبی کوردی دەبەستن بۆ پێکهینان و گەلاڵەکردنی گەلێکی کۆن. لە سەدەی بیستەمەوە ئەوانەی داکۆکیی لە ناسیۆنالیزمی کورد دەکەن کارە

مێژووییەکانیــان کــردووەتە بنەمــا بــۆ لەچوارچێوەنــان و بەرهەمهێنــانی ناســنامەیەکی نیشــتمانی (Vali وەلــی ٢٠٠٣ : ٦٣). لە پــاش رووخــانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی زۆرێک لە بیرمەندە کوردەکان کەوتنە بیرکردنەوە لە کوردبوونی خۆیان. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٣١، مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی (١٩٣١ : ١) پرسیاری ئەوەی کرد کەوا "بنەچەی سروشتیی کورد لەچییەوە هاتووە؟" ئەوانیتری، وەک جەمال نەبەز، ناسیۆنالیزمی کوردیان لە نووسینە مێژووییەکان و شەرەفخانی بەدلیسی و هۆنراوەی ئەحمەدی خانی هەڵێنجا (حەسەنپوور ٢٠٠٣ : ١٠٠). بەمەش نکووڵی لەوە دەکەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی تەنها شێوازبەندییەکی چەمکە رۆژئاواییەکان بێت.

کوردەکان زیاد لە دوو هەزار ساڵە لەم خاکەی خۆیاندا نیشتەجێن، واتە (باکووری عێراق و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و رۆژئاوای ئێران و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا) و ئەوان لەڕووی کولتووری و زمانەوانییەوە لە دراوسێ عەرەب و تورک و فارسەکانیان جیاوازن[٢] (ماکدواڵ ٢٠٠٤ ؛ ڤان برونەسن ١٩٩٤). لەگەڵ ئەوەشدا کە وا کۆمەڵگەی کوردی لە سەرەتادا خێڵەکی و کۆچەر بووە، بەڵام ئەمە هەندێک هەڵوەشانەوەی بەخۆوە بینیوە لە هەردوو سەدەی پانزە و شانزەدا و سەری کێشایەوە بۆ دەرکەوتنی هێزێکی سیاسیی کوردی و دامەزراندنی میرنشینە کوردەکان (قاسملوو ١٩٦٥ : ٣٧ ؛ حەسەنپوور ١٩٩٢). لەم ماوەیەدا شێخەکان باڵادەستییەکی بۆماوەییان بۆ خۆیان دەستەبەر کردبوو و حوکمی خاک و خەڵکیان دەکرد (١٩٩٢ : ٥٢). ململانێی هێزە هەرێمییەکان، کە لە سەرەوە باسی لێوە کراوە، لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریتی عوسمانی و سەفەویدا بوو بە هۆکاری زیادبوونی پەراوێزخستنی کورد لەم ماوەیەدا و ئەمەش سنووری بۆ ئەو سەربەخۆییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دانا کە لە رابوردوودا هەیانبوو (١٩٩٢ : ٥٣). لە ژێر

سایەی ئەم بارودۆخەدا شاعیری سەنگین ئەحمەدی خانی داخی خۆی دەربڕیوە بۆ ملکەچ پێکردنی کوردەکان و بوو بە ئیلهامبەخشی "سەرهەڵدانی رابوونی نیشتمانی لە کۆمەڵگەیەکدا کە لە سەر بنەمای دەرەبەگایەتی رێکخرابوو و لە بنەمادا لایەنداری بۆ خێزان و خێڵ و شوێنی لەدایکبوون بوو" (١٩٩٢ : ٥٥). داستانی مەم و زینی خانی لە سەدەی حەڤدەهەمدا وەک سەنگی مەحەک وابوو بۆ هەر مشتومڕێک لەبارەی رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە. داستانەکە بریتییە لە چیرۆکێکی ئەڤینداریی تراجیدیی کوڕ و کچێکی گەنج، مەم و زین کە لە دوو خێڵی جیاواز بوون و ستەم و بەدبەختی لێکتری جیاکردنەوە. بێگومان لە سەر ئاستێکی بەرفراوان ئەم چیرۆکە سیمبۆڵ و هێمایە بۆ دۆخی کورد لە ژێر سایەی حوکمی بێگانەدا. نەتەوەپەروەران بیرۆکەکەی خانییان قۆستووەتەوە بۆ "دەردێ مە" (واتە تێکۆشانمان)، کە بێبەشبوونی کورد دەگەیەنێت (Strohmeier ستڕۆهمایەر ٢٠٠٣). هەروەها بانگەشەکەی خانی گرنگە بۆ پاشای کوردان بە ئامانجی یەکخستن و رزگار کردنی تەواوی کوردانی بندەستی حوکمی بێگانە، کە بەردەوام راوەدوویان دەنێت بە هۆی کەرت و پەرتی و دابەشبوونیانەوە. هەڵبەت ئەم کارەی وەک سرووودی نیشتمانی دەخوێنرێتەوە و بەو پێیە ئەو خاڵەی بۆ دەستەبژێرانی کورد دابینکردووە کە لێیەوە ناسنامەیەکی نیشتمانی بنیات بنێن.

جگە لەوەش، سەرەتاییناسان premordials وایبۆدەچن کە ئەم چامە شیعرییە سروشت و ناخی ناسیۆنالیزمی کورد دەردەخات (Strohmeier ستڕۆهمایەر ٢٠٠٣ : ٢٧ ؛ Van Bruinessen ڤان برونەسن ٢٠٠٣). سەرەرای هەڵوێستی خانی لە شکۆدان بە خەیاڵدان و ئەندێشەی دەستەجەمعیی کورد، بەڵام کارەکەی زانا کوردناسەکان Kurdologists و

ناسیۆنالیستە کوردەکانی کرد بە دوو بەرەوە: ئەوانەی باوەڕیان وایە کە نووسینەکانی مەزنیی گەلی کورد دەردەخات و ئەوانەش کە وایاندەبینی کە بنەمایەک پێکدێنێت بۆ ناسیۆنالیزمی نوێ. لەم بارەیەوە ئەحمەد زادە (٢٠٠٧) ئەوە رووندەکاتەوە کە وا "کوردەکان بۆ رەواییدان بە رەگ و ریشەی مێژوویان لەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژین و مێژووی تێکۆشانیان دووبارە دەکەنەوە لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانیاندا، بە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیشەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی دەگەڕێنەوە بۆ مەم و زینی ئەحمەدی خانی کە لە ساڵی ١٦٩٥دا نووسراوە. لە سەدەی بیستەوە، کوردەکان تادێت داواکارییە نەتەوەییەکانیان زیاتر دەچەسپێنن لە رێگەی گەڕانەوە بۆ ئەم کارە ئەدەبییانە. هاوشان لەگەڵ دانپیانان بە بایەخی سیمبۆلیی خانیدا، بەڵام مارتن ڤان برونەسن (٢٠٠٣ : ٤١ – ٣) پێچەوانەی ئەم ئیدیعا سەرەتاییەیە لەبارەی خانییەوە و لەبری ئەوە وایدادەنێت کە پاڵنەری خانی بۆ نووسینی چامە شیعرییەکە بە زمانی کوردی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونە دژ بە سیاسەتی توانەوەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی.

هەڵبەت گەلێک کۆت و پێوەند لە رێگەی مامەڵە و رێبازی سەرەتاییدایە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە ناسیۆنالیزمی کوردی و کارەکەی خانییەوە. یەکەم هەرچەندە خانی خۆی بە کورد پێناسە دەکات و هانی یەکگرتنی کورد دەدات، بەڵام رەخنەگران مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکەن کە وا خەڵک لە سەدەی حەڤدەهەمدا خۆیان بە ناسنامەیەکی دیاریکراو پێناسە نەکردووە (ڤان برونەسن ٢٠٠٣ : ٤٤). بەکارهێنانی خانی بۆ تێرمی "کورد" ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە خەڵکانێک کە جیاواز بوون، بەڵام بێ هیچ ناسنامەیەکی هاوبەش و لەجیاتیی ئەوە ملکەچی و پابەندی بۆ خێڵی لۆکاڵی و شا و سوڵتان بەگشتی بووە و ناکرێت لێکدانەوەی خانی بۆ یەکگرتنی کورد لە ژێر سایەی تاقە

فەرمانڕەوایەکدا بە بانگەشـەیەکی لەقەڵەم بـدەین بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی مـۆدێرن، چـونکە کـارەکەی خـانی پـێش چەرخـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی مـۆدێرن کەوتووە (٢٠٠٣ : ٤٥). پێدەچێت رەخنەگرانی کارەکەی خانی لە سەر هەق بن چونکە ئەوە بەڵگەیەکی تەواو نیە بۆ بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵام ئەم کارەی خانی ئاماژەیە بۆ بوونی جۆرێک لە ناونان و جیاوازی کردن لە نێوان کوردەکـان و دراوسـێکانیاندا. رەنـگە دانیشـتوانە کـوردەکە ئەو هەسـت و هۆشـەیان بە یەکگـرتن و نەتەوەپەروەری نەبووبێـت وەک ئەمـڕۆ ئـێمە لێیتێـدەگەین، بەڵام ناشـکرێت نکـوولّی لە بـوونی ناسـنامەیەکی کـوردیی تایبەتمەنـد بکەیـن لەو رۆژگـارەدا. خـۆ ئەگەر سەرەتاییناسـە کوردەکـان بەو جۆرە دڵگەرمن لە خستنەگەڕی ئەدەبی سەدەی حەڤدهەم وەک بەڵگەیەک بۆ مێـژووی کۆنیـان، دەبێـت ئەوەش بگوترێـت کە وا رەخنەگـران خێـرا رەتیدەکەنەوە.

سـەرەڕای ئەو بەرپەرچـدانەوانەش کە لە سـەرەوە باسـکران، سەرەتاییناسـەکان بەرەوڕووی دوو رەخنەی بەرفراوان بـوونەتەوە لە سـەر ئەم بـابەتە. یەکەم ئەندێشـە و بۆچـوونی سەرەتاییناسـی بـۆ ناسـنامەیەکی نەتەوەیـی چەسـپاو کە بـوار بە گـۆڕان نـادات (جۆیەرمـان ٢٠٠٣ : ٣١). بەهەرحـاڵ، ناسـنامە و نەتەوە یـان مـیللەت مەسـەلەیەکی دەڵەمەیە و چوارچیوەیەکی نەگۆڕی نیە. بۆ نمـوونە، دێڤید لایتین (١٩٩٨) روونیدەکاتەوە کە وا لەگەڵ ئەوەشـدا کە هەنـدێ ناسـنامەی ئیتنیکـی قـوولّن (وەک سەرەتاییناسـەکان دەڵـێن)، بەڵام هەنـدێکی تریـان لەڕووی کولتـوورییەوە بنیاتدەنرێن و ئەگەری دامەزراندنیان تۆکمەترە. لایتین بۆچوونەکەی بەسەر ئەو دانیشـتوانە رووسـانەدا دەسـەپێنێت کە نیشـتەجێی لاتڤیـا و ئیسـتۆنیا و ئۆکرانیـا و کازاخسـتانن و مشـتومڕ لە سـەر ئەوە دەکـات کەوا ئەو گـرووپە

خەڵــکە رووســـی زمانـــانە بە شـــێوەی جۆراوجـــۆر کەوتـــوونەتەوە و پەرەیانســـەندووە و هەنـــدێکیان لە نێـــو خەڵـــکە خـــۆولاتییە رەســـەنەکەدا تـــواونەتەوە و ئەوانیتریـــان وەک کـــۆمەڵە خەڵکێـــک خۆیـــان دابڕیـــوە و ناسـنامەیەکی نوێیـان بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر کـردووە (چەشـنی کوردەکـانی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا)[٣]، بەشێکی تریشیان ناسنامەیەکی تری نوێیان بۆ خۆیان داتاشیوە (١٩٩٨ : ٣٢ – ٤). خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کەوا ناسنامەی تـاک یـان کۆمەڵ دەکرێت بە پێی تێپەڕینی کـات بگۆڕێت و بەم جۆرە سەرەتاییناسی شکستیهێناوە لە راڤەکردنی گۆڕاندا و لێکدانەوەشی بۆ ناکات (جۆیەرمان ٢٠٠٣ : ٣٢). رەنگە کەسێک یان میللەتێک لە یەک کاتدا زیاد لە ناسنامەیەکی ببێت (بۆ نموونە کوردی تورکیا).

لەگەڵ ئەو رەخنانە و ساغنەبوونەوەی بنەما مێژووییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی هەندێک لە کوردۆلۆجیستە کوردەکان بەردەوامن لە سەر برەودان بە چەمکە کۆنەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەگەرمیش پشتیوانی لێدەکەن. وەک ئێرنیسـت رینـان (١٨٨٢) لە جارنامەکەیـدا دەڵێت کە وا "هەڵەی مێـژووی ئەو ئەوەیە کە بەشـێکە لە نەتەوە یـان گەلێـک nation". بەهەرحـاڵ، کـۆدەنگیی ئەکـادیمی لە سـەر ئەوەیە کە وا نەتەوە، گەل، میللەت، ئوممە مەسـەلەگەلێکی نوێ و مۆدێرنن. بەشی دووەمی ئەم باسەش لە رێبازی مۆدێرنە و نوێگەری دەدوێــت و مشــتومڕ لە ســەر ئەو دیــد و بۆچــوونە دەکــات کە چــۆن ناسیۆنالیزمی کوردی راڤە دەکات لەگەڵ دەستنیشـانکردنی ئەو رەخنـانەی دژ بە مۆدێرنیزمن.

## باس و خواسی مۆدێرنە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی

ڕێبازی مۆدێرنە بەرەنگاریی گریمانە بنەڕەتییەکانی سەرەتاییناسی دەبێتەوە سەبارەت بە سروشتی نەگۆڕ و چەسپاوی ناسنامە نەتەوەیی یان نیشتمانییەکان و بەردەوامییان. لە ساڵانی ١٩٨٠کانەوە، مۆدێرنیستەکان، بە جەختکردنەوەیان لە سەر سروشتی پێکهاتنی نەتەوە و گەلان، گریمانە بنەڕەتییەکانی سەرەتاییناسییان هەڵتەکاندووە. مۆدێرنیتە مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە ناسنامەی نەتەوەیی یان نیشتمانی، لەجیاتی ئەوەی جێگیر و چەسپاو بێت، بەردەوام لە لایەن نەوە تازەکانەوە گفتوگۆی لە سەر دەکرێت و چوارچێوەی نوێی بۆ دادەنرێت (ئۆیزکریملی ٢٠١٠ : ٦١). مۆدێرنیتە بەرەنگاری بیر و باوەڕی سەرەتایی دەبێتەوە بە سروشتی بوون و مەزنیی گەلان و نەتەوەکان و مۆدێرنیزم، وەک تیۆرییەک بۆ ناسیۆنالیزم، لە تیۆرییەکانی نوێگەریی ساڵانی ١٩٦٠کانەوە سەریهەڵداوە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا (٢٠١٠ : ٧٢). پاڵپشتە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازەش جۆن بروڵی (١٩٨٢) و ئەریک هۆبسباوم (١٩٩٠) و ئێرنست گێڵنەر (١٩٦٤ و ١٩٨٣) و بێنەدیکت ئەندرسن (١٩٨٥). ئەوان چاپ و بڵاوکردنەوە و پیشەسازی و سێکولاریزم و دەوڵەت بە ئامراز دەزانن بۆ لەدایکبوونی نەتەوە و نەتەوەسازی (ناسیۆنالیزم) و جەخت لە سەر بنیاتنانی کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ پێکهێنانی نەتەوە و نەتەوەسازی. بۆ نموونە، ئێرنست گێڵنەر (١٩٦٤)، باس لەوە دەکات کە "ناسیۆنالیزم هۆشیاری و بێداربوونەوەی نەتەوەکان نیە لە سەر خودئاگایی، بەڵکو ئەوانی تێدا دەدۆزێتەوە لەکاتێکدا کە تێیدا نین".

بێنەدیکت ئەندرسن (١٩٨٥) لە کتێبی "کۆمەڵگەکانی خەیاڵ"دا یەک لە قەناعەتبەخشترین مەسەلەکانی تیۆریی مۆدێرنە دەخاتەڕوو. توێژینەوەکەی

ئەندرسن تیشک دەخاتە سەر سێ "پارادۆکس – دژبەر"ی ناسیۆنالیزم. یەکەم، سەرنجی ئەوە دەدا کە نەتەوەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی دیاردەیەکی نوێن بە پێی گێڕانەوە و باسە بابەتییەکان بەڵام ئەوان بڕوایان بە خۆیان هێناوە کە زۆر کۆنن (١٩٨٥ : ٦). دووەم، مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کەوا گەلان و نەتەوەکان تایبەتمەندییان نیە و بە هەزاران بوونیان هەیە. سێهەم، ئەندرسن (١٩٨٥ : ٦) وایدەبینێت کەوا گەلان و نەتەوەکان هێزی سیاسییان هەیە، بەڵام بەزۆری لە ڕووی فەلسەفییەوە یەکگرتوو نین و بۆ یارمەتیدان لە تێگەیشتنی چۆنێتیی پەیدابوونی ئەم پەیوەندییە دژبەیەکە، ئەندرسن وا پێناسەی نەتەوەیەک دەکات کە "کۆمەڵگەیەکی سیاسیی خەیاڵ ئامێزە" و تاکەکان تێیدا باوەڕیان وایە کە ئەندامی کۆمەڵگەیەکن لەگەڵ تاکەکانی تردا کە شتێک لەبارەی یەکترەوە دەزانن یان ڕەنگە هەر یەکتریشیان نەبینیبێت.

مۆدێرنیستەکان وایبۆدەچن کە ناسیۆنالیزم لە ڕێگەی بنیاتنانی زمان و مێژووی هاوبەشەوە زاتی وەبەردەنرێت. چاپەمەنیی سەرمایەداری ئاسانکاریی بۆ پاشەکشەی زمانە لۆکاڵی و ناوچەییەکان کردووە و ئەنجامیش پاڵپشتی پەرەسەندنی زمانێکی هاوبەش بووە[٤]. چاپی بەکۆمەڵی ڕۆمان و ڕۆژنامە بواری ڕەخساند بۆ ئەو کەسانەی لێکتر دابڕابوون کە لە یەک کاتدا بەشداریی ڕووداوەکان بن و ئەزموونی بکەن. بە تێپەڕینی ڕۆژگار چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کار و بەرهەمەکان بە زاراوە ناوچەییە جیاوازەکان هەموویانی پێکەوە بەستەوە و زمانێکی نووسینی هاوبەشی لێبەرهەم هات (ئەندرسن ١٩٨٥). ئەم پەرەسەندنەش هاوکات بوو لەگەڵ بیرۆکراتییەتدا و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسی بکرێت، ناوەندەکانی کارگێڕی پشتیان بە زمانێکی هاوبەش بەست.

لێکدانەوە نوێگەرەکان بەردەوام بەکاردەهێنرێن بۆ راڤەکردنی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و زۆربەی ئەکادیمییەکان وا باس لەم ناسیۆنالیزمە دەکەن کە مۆدێرن و درووستکراوە. ئەم بەرەیە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم شوێن ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەوێت و مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە ناسیۆنالیزمی کوردی وەک رەتکردنەوەیەکی شۆڕشی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا و دوابەدوای ئەویش رووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا هاتە ئاراوە. بیر و ئایدیای شۆڕشی تورکە لاوەکان سەبارەت بە چاکسازیی دەستوور و ناسیۆنالیزمی تورکی بوو بە ئیلهامبەخشی کوردەکان بۆ دامەزراندنی یانە و رێکخراوەکانیان و پیادە کردنی خوێندنیان بە زمانی کوردی. نەتەوەپەروەرەکان (ناسیۆنالیستەکان)ی کورد کەوتنە هاندانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێو کوردەکاندا لە رێگەی دووبارە چاپکردنی فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردییەوە و بە تایبەتی کار و بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی و شەرەفخانی بەدلیسی (نەعمانی ١٩٦٦ : ٢٨١). ئەمە یەک لەو رێگایانە بوو کە وا ئەم کار و بەرهەمانەی پێگەڕایەوە نێو کۆمەڵگەی کوردی و یارمەتیی ناسیۆنالیستە کوردەکانی دا نەتەوە و میللەتی کورد بنیات بنێن. هەرچەندە نەعمانی هەڵکشانی هەستی نەتەوایەتی دەگێڕێتەوە بۆ دەڤەرە کوردییەکەی تورکیا، بەڵام ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراقدا بە جۆش و خورۆشترە و هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەش دیمۆگرافیا و جوگرافیایە، چونکە کوردەکان لە عێراقدا رێژەیەکی گەورەتر لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن وەک لە رێژەی کورد لە وڵاتەکانی تردا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دانیشتوانی کورد نزیکەی ١٠%یان پێکدەهێنا لە هەریەکە لە تورکیا و ئێراندا، کەچی نزیکەی ٢٠%ی دانیشتوانی عێراقیان پێکدەهێنا. جگە لەوەش کورد لە عێراقدا

لەڕووی جوگرافییەوە زیاتر چڕبوون و توانییان بەرهەڵستییەکی کاریگەر بەرپا بکەن دژ بە دەوڵەتی عێراقی تازە درووستبوو.

وەک لە پێشەوە باسکرا، زۆرێک لە نووسین و دانراوە ئەکادیمییەکان لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە چەندوچوون لە سەر ئەوە دەکەن کەوا لە پاش رووخانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانییەوە سەریهەڵداوە (گونتەر ٢٠٠٧ ؛ هاڵیدەی ٢٠٠٦ ؛ جەبار ٢٠٠٦ ؛ جوەیدە ٢٠٠٦ ؛ ماکدواڵ ٢٠٠٤ ؛ ئۆڵسن ١٩٨٩ ؛ وەلی ١٩٩٨). بۆنموونە، رۆبەرت ئۆڵسن (١٩٨٩) تێبینیی ئەوە دەکات کە لەبەریەک هەڵوەشانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و شۆڕشی تورکە لاوەکان هانی خۆکۆکردنەوە و جموجووڵی خەڵکی کوردی دا کە رێکخراوەکانی خۆیان پێکبهێنن. هەروەها جموجووڵەکە هاورێ و هاوزەمان بوو لەگەڵ ئەوەی کە لاوەکانی کورد رووبکەنە خوێندن لە قوتابخانە ئەورووپییەکاندا و لەوێ ئاشنا بن بە چەمکە نەتەوەییە نوێکان. پاشان ئەم بیر و ئایدیایەیان گواستەوە بۆ کاربەدەست و بەرپرسە ئایینییە لۆکاڵییەکان و ئەمانیش بە رۆڵی خۆیان کەوتنە بڵاوکردنەوەی چەمکی ناسنامە و دابونەریتی کورد لە نێو رەشەخەڵکەکەی کورددا (ئۆڵسن ١٩٨٩ : xvii). لە پێش ساڵانی ١٩٠٠کاندا، کوردەکان لە لایەن میرنشین و خێڵەکانەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا رێکخرابوون. لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی بوو بە هۆی کێبەرکێی هەرێم و ناوچەکان لە سەر زەویوزار و سەرچاوەکان لە نێوان گرووپە جیاجیاکاندا و سەرۆک هۆزە کوردەکانی ناچارکرد داوای خاوەندارێتیی مێژوویی ئەو خاک و زەوییانە بکەن کە تێیاندا نیشتەجێ بوون.

درووستکردنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد پرۆژەی مشتومڕی دەستەبژێرێکی مۆدێرنیستەکانە و ئەم ناسیۆنالیزمە زیاتر درووستکراوی ئەندێشە و خەیاڵە (سترۆهمایەر ٢٠٠٣). هەروەها یەکەم رۆژنامەی کوردی،

*کوردستان*، کە ساڵی ١٨٩٨ دامەزرا، هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو لە بنیاتنانی ناسنامەیەکی کوردیدا (سترۆهمایەر ٢٠٠٣). سترۆهمایەر، وەک بەڵگەیەک ئاماژە بۆ بیر و بۆچوونی رۆژنامەی *"کوردستان"* دەکات کە وا هانی کوردەکانی داوە لە "خەوی غەفڵەتی خۆیان بەئاگابێنەوە و پێ لە دواکەوتووییان بنێن" (٢٠٠٣ : ٢٣). بە هەمان شێوە رۆژنامەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کورد کۆمەڵە خەڵکێکی جیاوازن و مێژوویەکی کۆن و کولتوور و زمانێکی جیاکاریان هەیە و هەر کاتێ لە دەستی زاڵم و ستەمکارانی بێگانە رزگاریان بوو توانای گەشەکردن و بووژانەوەیان هەیە. رۆژنامەی *کوردستان* هاوکار و یارمەتیدەر بوو لە زیندووکردنەوە و بووژانەوەی ئەدەب و مێژووی کورد بە ئامانجی گەڵاڵە کردنی ناسنامەیەکی کوردی (٢٠٠٣ : ٢٦ ؛ ڤان برونەسن ٢٠٠٣ : ٥٠). ئەمەش بەڵگەیە کە وا کورد ناسنامەیەکی تۆکمە و پتەویان لە تاکەکەس و هۆزەکان و کۆمەڵە پچڕپچڕ و جیاجیاکان درووستکردووە. چاپ مەسەلەیەکی تەواو پێویست بوو بۆ بنیاتنانی نەتەوە و گەلان و لە سەرێکی تریشەوە گۆڕانکاریی ستروکتووری لە ئەنجامی رووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێزکرد. وەک پێشتر باسی لێوەکرا، لەپێش رووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا، ئایین ناسنامەی گشتگیری خەڵک بوو کە دانیشتوانی پێ دیاری دەکرا و دەناسرا، بەڵام لەگەڵ درووستکردنی دەوڵەتگەلێکی نوێ لە ناوچەکەدا، وەک عێراق و تورکیا، کۆمەڵە و گرووپەکان کەوتنە ناساندنی خۆیان بە پێی رەگەز و ئیتنیکیان. بۆ نموونە، لەپێناوی تەنگ پێهەڵچنین و سنووردار کردنی گرووپە ئیتنیکییەکانی تردا، تورکیا ناسنامەی تورکبوونی زاڵکرد بەسەر ناسنامەی ئیسلامیدا کە وا گشتگیرتر بوو. هەڵبەت تەنها لەم کاتەدا کوردەکان دەستیانکرد بە بنیاتنانی ناسنامەیەکی پێچەوانە لە شێوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

تیۆریی مۆدێرنیزم گێڕانەوەیەکی قەناعەتبەخش دێنێتە ئاراوە بۆ هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەهەرحاڵ، ڕەخنەکان لەوە دەدوێن کە مۆدێرنیستەکان بەزۆری گریمانەی شێوەیەکی نموونەیی باس دەکەن بۆ گەل و نەتەوە، لە سەر بنەمای ئەزموونی ئەورووپای ڕۆژئاوا لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا (Ozkirimli ئۆێزکریملی ٢٠١٠ : ١٢٦). ئەوان چەندوچوون لە سەر ئەوە دەکەن کە هەستی نەتەوایەتی پێش سەدەی هەژدە هەبووە. بۆ نموونە، باس لەوە دەکرێت کە هاوڵاتیانی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسپانیا لە سەدەکانی پانزە و شانزەدا هەستی نەتەوایەتییان زۆر بەهێز بووە (٢٠١٠ : ١٢٦).

جگە لەوە، مۆدێرنیستەکان شکستیانهێناوە لەو تێگەیشتنەی کە بنیاتنانی نەتەوە و گەلان پێویستی بە هەندێک بنەمای رابوردوو هەیە. ناسیۆنالیستەکان ناتوانن نەتەوە یان گەلێک درووست بکەن بە بێ نەریتێکی مێژوویی کە وا کاری پێبکات. ڕەخنەی دووەمیش دژ بە مۆدێرنیزم کە ئەمەیان بەهێزترە ئەوەیە کە ناتوانێت توخمی سۆزداریی ناسنامە و ناسیۆنالیزم راڤە بکات (ئۆێزکریملی ٢٠١٠ : ١٣١). هەروەها ناشتوانێت کاریگەریی نەتەوە و میللەتان ڕەچاو بکات لە سەر ئەندامەکانی. بۆ نموونە، بۆچی باوەشیان بۆ نەتەوە کردووەتەوە و ئامادەن لەپێناوی مەسەلەی نەتەوەییدا بمرن ئەگەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەندێشە و خەیاڵ بن؟ هەڵبەت مۆدێرنیزم ئەو پەیوەندییە سۆزدارییانە فەرامۆش دەکات کە وا تاکەکەسان بە نەتەوەوە دەبەستن. بە دڵنیاییەوە زۆر گرنگە مەودای بیر و باوەڕی خەڵک بە بابەتێتیی نەتەوە هەڵبسەنگێنین و بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە نووسینەکە فۆرمەڵەی دیدێکی ئەڵتەرناتیڤ پێشکەش دەکات بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم، ئەویش سەرەتاییناسیی "نەرمە" و بەشی داهاتووش خستنەڕووی زیاترە کە

چـۆن سـەرەتاییناسـیی "نەرم" هاوکـار و یارمەتیـدەر دەبێـت لە راڤە کردنـی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

## تیۆرییەکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ناسیۆنالیزم

ئەم پەرەگرافـانەی خـوارەوە چەنـدوچوون لە سـەر ئەوە دەکـات کە وا کـارەکەی ئەنتـۆنی سـمیث تێگەیشـتنێکی سـوودبەخش دەسـتەبەر دەکـات بـۆ دەرکەوتنی نەتەوە و ناسـیۆنالیزم بەگشـتی و مەسـەلەی کورد بە شـێوەیەکی زۆر تـایبەتتر. ئەم بەشـە هەوڵـدەدات بۆشـایی نێـوان سەرەتاییناسـی و مۆدێرنیزم پڕبکاتەوە لە رێگەی پێشکەش کردنی تێگەیشتنێکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەم دید و روانگە ئەڵتەرنـاتیڤە تێگەیشـتنی سەرەتایی "نەرم" لە ساندرا جۆیرمان (Sandra Joireman ساندرا جۆیەرمان ۲۰۰۳) وەردەگرێـت. وەک لێـرەدا بەکارهـاتووە، سەرەتاییناسـیی "نەرم" وا لە گەلان و ناسـیۆنالیزم گەیشـتووە کە خـاوەنی تـوخمە کـۆن و نوێکـانە و ناسنامەشـی بە شـێوەیەکی دەڵەمەیـی رەچـاو دەکـات. لە پـێش سـەدەی نۆزدەهەمـدا کـۆمەڵە و گرووپگەلێـک هەبـوون کە وا کولتـوور و زمـانی هاوبەشیان هەبوو بەڵام تەکنۆلۆجیا و پیشەسازی و مۆدێرنیزمیان پێویست بـوو بۆ یەکخسـتن و روونبوونەوەی ناسـنامەی تەمومژاوییـان. گرووپگەلێک کەوا فەرهەنگ و زمانێکی تایبەتی و هەست و هۆشی کۆمەڵگەییان هەبووبێت لە پێش چەند سـەدەیەکەوە بوونیـان هەبووە و بنەمـا سـەرەتاییەکانی گەل و نەتەوەیـــان رەخســـاندووە (Clark کـــلارک ۱۹۹٥ : ۱۰). بەم رێـــگەیە سەرەتاییناسیی "نەرم" دانی بە سـەردەمی نەتەوە و میللەتە کۆنەکاندا ناوە و بەڵام لە هەمـان کاتیشـدا لە گرنگیـی مـۆدێرنە تێـدەگات لە رابەریکردنـی

دەرکەوتنی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا. ئەم تێگەیشتنەش بۆ ناسیۆنالیزم پشت بە کارەکەی ئەنتۆني سمیث دەبەستێت.

سمیث (١٩٨٦) رەخنە لە هەردوک سەرەتاییناسی و مۆدێرنیزم دەگرێت و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە مۆدێرنیزم رۆڵی کولتوور و زمان و سیمبۆڵ و ئەفسانە کەمدەکاتەوە لە پرۆسەی پێکهاتن و دروستکردنی گەل و نەتەوەدا، لەکاتێکدا کە سەرەتاییناسی راڤەی پەرەسەندنی گەل و نەتەوە ناکات بە تێپەڕینی رۆژگار یان بۆچی خەڵک ناسنامەیەک وەردەگرن و یەکێکیتر دەخەنە لاوە (وەک ئەڵمانی لەجیاتی پرووسی) (Smith سمیث ٥٤ : ٢٠٠١). بۆ راستکردنەوەی ئەم ناتەواوی و کەموکوورییانە سەرەتاییناسیی "نەرم" جەخت لە سەر رۆڵی کولتوور و زمان دەکاتەوە کە کار لە سەر یەکخستنی ئەو کۆمەڵە خەڵکانە دەکەن کە وا هاوبەشن لە پراکتیزەکردنیاندا. سمیث دەڵێت کە وا چەند خاسییەتێکی "کۆن" هەن کە تایبەتن بە نەتەوەکان و دەکرێت لە هونەر و زمان و زانست و یاساکانی کۆمەڵگەدا بیاندۆزینەوە (سمیث ٢٠٠٨). بەو پێیە بێت نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکرێت لە یەک کاتدا سەرەتایی و مۆدێرن بن.

وەک پێشتر باسی لێوە کراوە سمیث تێرمی "ئیتنی ethnie" بەکاردێنێت بۆ لێکدانەوەی ئەو رێگە و شێوازەی لە چەرخ و سەردەمە کۆنەکاندا گرووپەکانی پێ رێکدەخرا (سمیث ١٩٨٦ : ٣٢). تێرمی "ئیتني" جەخت لە سەر هەست و هۆشی مێژوویی کۆمەڵگە دەکاتەوە. پێناسەی ئەمەش وا هاتووە کە "کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراوە و ئەفسانە و کولتوور و مێژووی رەچەڵەکی هاوبەشیان هەیە و پەیوەستن بە ناوچەیەکی دیاریکراو و هەستکردن بە هاوکۆیی و هاوکاریی یەکتر" (١٩٨٦ : ٣٢). بە پێی ئەم تێگەیشتنە، سمیث مشتومڕی ئەوە دەکات کە رەگەز و ئیتنیکەکان لە سەردەمی جیاجیادا

پەیدابوون و دووبارە دەرکەوتوونەتەوە لە کاتی جیا و کیشوەری جیاوازدا و هەندێکیشیان لە کۆتاییدا بوون بە گەل و دەوڵەت بە هۆکاری "شۆڕشی سێینەوە". ئەم شۆڕشی سێینەیە بریتییە لە شۆڕش لە دابەشکردنی کاردا، شۆڕش لە کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبەرایەتیدا و شۆڕش لە هەماهەنگی و ڕێکخستنی کولتووریدا (١٩٨٦ : ١٣١). بۆ نموونە، خوێندن و سەربازگیریی زۆرەملێ دوو بنەمای سەرەکی بوون بۆ چاندنی هەستی نەتەوایەتی لە هاولاتیبووندا.

سمیث پرسیارگەلێک دەورووژێنێت لەبارەی ئەو هۆکارانەوە کە وای لە "گەل – نەتەوە" کردووە ببێت بە نموونە و ئایدیای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕەگەزی مرۆڤ و بۆچی زۆرێک لە ئیتنییەکان، ئەگەرچی هەمووشیان نەبن، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوە دەدەن. لەم سۆنگەیەوە ئەو باوەڕی وایە کە شۆڕشی سێینە بەرپرسیار بووە لەوەی پێکهێنانی گەل – نەتەوە مایەی پەسەندی بێت (سمیث ١٩٨٦ : ١٣١). لە حاڵەتی یەکەمدا، چالاکیی بەرزی دەوڵەت ناوەندە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی ناچار کردووە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا درووست بکەن و ئەمەش بوو بە هۆکاری پێکەوەبەستنی ناوەندەکانی دێهات و شارستان. دووەم، شۆڕشی کارگێڕی و سەربازی دابەشکردنی هەرێمی بەهێز کرد لە ئەوروپادا و بوو بە پشتیوانی ڕێکخستنی یاسا و ڕێسا لە نێوان دەوڵەتەکاندا. دواجاریش شۆڕشی کولتووری و خوێندەواری سیستەمی نەریتیی کەنیسەی گۆڕییەوە بە دەوڵەتی خاوەن سەربەخۆیی. بەم شێوەیە، شۆڕشی سێینە بوو بە هۆکاری دامەزراندنی دەوڵەتگەلێکی ناوەندی و هەموار لەڕووی کولتوورییەوە و بە داهاتنی سەدەی بیستەم ئەوروپای دابەشکردە سەر "تۆڕێک لە دەوڵەتی" بیرۆکراتی و "ئەقڵانی" (سمیث ١٩٨٦ : ١٣٤). لەگەڵ ئەوەشدا، پەرەسەندنی درووستبوونی

دەوڵەت – نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر بەکەمی دەشوبهێتە سەر پەرەسەندنی رۆژئاوایی. دواجار شۆڕشی سێینە بە ماوەیەکی دوورودرێژ گەیشت و بە شێوەیەکی نایەکسان تەشەنەی کرد و بڵاوبووەوە و بە هۆی کۆمەڵگە ئیتنیکییە جۆراوجۆرەکانەوە، ئەم کۆمەڵانە بە پێی بنەما و پێوەرە ئیتنیکییەکان زیاتر خۆیان دەناساند. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەست و هۆشە ئیتنیکییەکان بەردەوام بوون بەڵام، جگە لە ئێرانییەکان، ئەم کۆمەڵ و گرووپانە نەیانتوانی دەربڕین و گوزارشێکی هەرێمی یان سیاسی بدۆزنەوە.

## تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە روانگەی سەرەتاییناسیی "نەرمەوە"

بەدڵنیاییەوە کورد دەتوانن بڵێن کە رەگ و ریشەیان کۆنە و تێبینیی کولتوور و زمان و نیشتمانێکی کورد کراوە لە سەدەی حەوتەمەوە. زمانی کوردیش دیالێکتی جۆراوجۆری تێدایە بەڵام لێکچوون و یەکگرتنی بنەڕەتیی هەیە لە زمانی کوردیدا (Minorsky in Van Bruinessen مینۆرسکی لە کتێبی ڤان برونەسن ١٩٩٤). حەسەنپوور لە کتێبە ناوازەکەیدا لە سەر زمانی کوردی داکۆکی لە سەر ئەوە دەکات کە وا زمانی کوردیی نووسراو لە سەدەکانی پانزە و شانزەدا گەشەی کردووە، لەکاتێکدا کە زمانی عەرەبی و فارسی باڵادەست بوون (حەسەنپوور ١٩٩٢ : ٤٥٥). جگە لەوەش، کوردەکان کولتوور و فەرهەنگێکی خۆیان ئەزموون دەکەن، لە نێویدا جلوبەرگ و خواردن و موزیک و پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەوەی دراوسێکانیان جیاوازە. یەکەمجار خانی گوزارشی لەم جیاوازییە کولتووری و زمانەوانی کردووە بۆ تیشک خستنە سەر بوونی ناسنامەیەکی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا

که بەتەواوی ساغنەبووەتەوە. کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵی هەبوو لە یەکخستن و شکڵگرتنی ناسیۆنالیزمی کورد لە سەر کۆڵەکەی هەردوک کولتوور و زمانی کوردیی کۆن. سەرەڕای ئەوەی کە کورد، بە پێی تێگەیشتن و چەمکی مۆدێرنیزم هەستی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی نیە بەڵام چەندین سەدەیە ڕەگەز و ئیتنیکی کورد هەیە و جگە لەوەش خەڵکی کورد لە سەر "خاک و نیشتمانی" ئێستای خۆیان دەژین و ئەزموونی کولتوور و زمانی هاوبەشی خۆی دەکات بە شێوەیەکی جیاواز لە گرووپ و کۆمەڵە دراوسێکانی لە سەدەی حەوتەمەوە (حەسەنپوور ١٩٩٢، ماکدواڵ ٢٠٠٤).

سەرەتاییناسیی "نەرم" بیر و بۆچوونیکی سوودبەخش دەرەخسێنێت بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی کورد. چەمک و تێگەیشتنی سمیث بۆ ئیتنی بەتایبەتی سوودبەخش و گونجاوە لێرەدا. بەزۆری ناسیۆنالیستە کوردەکان ئیدیعای مێژوویەک دەکەن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان و کورد پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە وا گەلێکی تایبەتمەند و جیاکارن و بۆ چەندین سەدەیە لە هەمان ناوچەدا نیشتەجێن. هەڵبەت ئەم بیر و بۆچوونە لە دەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا چەسپاوە، کە لە ئیستادا خاوەنی ئۆتۆنۆمییە لە باکووری عێراقدا. دەستوورەکە بەم وشانە دەستپێدەکات: کورد گەلێکی دێرینە و لە هەزاران ساڵەوە لەم نیشتمانەی خۆیدا دەژی، کە کوردستانە. گەلێک بە خەسڵەت و پێوەرێک شایستەی پراکتیزە کردنی مافی چارەی خۆنووسینە وەک میللەتان و خەڵکانی تری جیهان (دەستووری کاتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان).

بە دڵنیاییەوە دەگونجێت بەو جۆرە راڤەی ئەم جاڕدانە بکرێت کە تەکتیکێکی سیاسییە و ئامانجی پارێزگاری کردنە لە دەسەڵاتی کورد بە سەر ئەو خاک و ناوچانەدا کە حاڵی حازر حوکمی دەکات و ڕەوایی پێدانی

جیابوونەوەی پاشەڕۆژە لە عێراق. بەڵام ئەمە دوورمان ناخاتەوە لە بایەخ و گرنگیی ئەم ڕاگەیاندنە، چونکە بە ڕوونی جەخت لە سەر باوەڕی کوردەکان دەکات بە کۆنیی نەتەوە و نیشتمانیان و جیاوازییان لەوانیتر.

## ئەنجام

کورد لە سەدەی حەوتەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیست لە ژێر دەستی حوکمڕانە داگیرکەر و ستەمکارە یەک لە دوای یەکەکاندا بوون و لەگەڵ ئەوەشدا مانەوە و زۆرێک لە ناسنامەی خۆیان هێشتەوە. شایانی ئاماژە پێکردنە کە وا سەرەڕای ئەوەی کورد گیرۆدەی حوکمی داگیرکاری و کۆلۆنیالیی بوون، بەڵام رابەر و سەرکردە کوردەکان بەرپرسیارێتیی دانیشتوان و هەرێمەکانیان لەئەستۆگرتبوو. خێڵ و هۆزە کوردەکان هەمیشە خۆیان بە بەرپرس زانیوە لە پاراستنی خەڵک و دانیشتوان و ئەمەش بەڵگەیە بۆ خاڵێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە کە ناسنامەی کوردی پەرچەکردار نەبووە بۆ مەیل و رەفتاری داگیرکەران، بەڵکو بەردەوامییە بە پەیڕەویکردنی پراکتیزەی زمان و کولتووری هاوبەش و توانای کورد. خوێندنەوەیەک بۆ مێژووی کورد ئاماژە بەوە دەکات کە ناسنامەی کورد دەبوو پەکیبکەوێت بە هۆی رووداوگەلێکی تایبەتییەوە (وەک داگیرکاریی عەرەب و حوکمی هەردوو ئیمپراتۆرێتی فارسی و تورکی)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان توانییان پارێزگاریی لە ناسنامەیەک بکەن کە تەمەنی چەندین سەدە بوو. لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کوردەکان کەوتنە بەرهەڵستی و بەرپەرچدانەوەی هەوڵ و تەقەلای ئەوانەی دەیانویست کورد لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتانی خانەخوێدا بتوێننەوە. ئا لەم کاتەدا بوو کە وا ناسیۆنالیزمی کورد توخمی

نوێی بەکارهێنا وەک بانگەشە کردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی و بەشارستانی کردن.

ئەم بابەتە نووسینە رووماڵی ئەدەبی نەتەوەیی کردووە بۆ راڤەکردن و لێکدانەوەی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەم نووسینە بە دوای دوو دید و بۆچوونەوەیە کە لە کێبەرکێدان بۆ راڤە کردن و لێکدانەوەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم. لە روانگەی سەرەتاییناسییەوە کۆمەڵ و گرووپەکان خەسڵەتی کۆنیـان هەیە و ئەمە بۆچوونێـک دەگەیەنێـت کە نەتەوە و گەلان کـۆنن و پابەنـدیی تاکەکەسـێک بە گـرووپ و کـۆمەڵەوە رەگـداکوتاون. ئەمە سەردەکێشـێتەوە بـۆ هەنـدێ گریمـانەی سـەرەتایی کە رەخنەیـان لێگیـراوە. یەکەم، رەخنە لە سەرەتاییناسـی دەگیرێـت بە گریمـانەی ئەوەی ناسـنامەکان جێگیـر و چەسـپاون. هەڵـبەت وەک پێشـتر باسـکرا، رەخنەگرانـی ئەم دیـد و بۆچـوونە ئامـاژە بـۆ سروشـتی نـاجێگیر و دەڵەمەیـی ناسـنامەکان دەکەن. ناسـنامەی تـاک یـان کـۆمەڵ لەوانەیە بە تێپەڕینـی کـات و رۆژگـار بگۆڕێـت. رەخنەی دووەم دەڵێت کە وا سـەرەتاییناسـی primordialism شکسـتدێنێت لە راڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو حاڵەتانەی کە تاک یان کۆمەڵ فرە ناسنامەن یان فـرە ئینتیمـان. لە هەمـان کاتیشـدا، مـۆدێرنیزم جەخـت لە سـەر سروشـتی دامەزراندنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکات و مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە وا نەتەوەکـان و ناسـیۆنالیزم دەرەنجـامی پیشەسـازی و پەرەسـەندنی رۆژنـامەی چـاپکراو و پراکتیـزە بیرۆکراتییە نوێکانە. ئەم دیـد و بۆچـوونەش هەندێ لایەنی کەموکورتیی تێدایە کە بە شـێوەیەکی کـاریگەر مـامەڵە نـاکەن. یەکەم، مـۆدێرنیزم ناتوانێت لێکدانەوە بـۆ هەسـتی نەتەوایەتـی بکـات لە پـێش سـەدەی هەژدەدا و دووەم، مـۆدێرنیزم ناتوانێـت لێکـدانەوە بـۆ هەسـت و پەیوەندیی سۆزداریی تاکەکەسان بکات لەپێناوی نەتەوە و میللەتەکەیاندا.

به هـۆی بـوونی نـاتەواوی و کەموکـورتی لە هەردوک مـۆدێرنیزم و سەرەتاییناسـیدا، ئەم باسـە سەرەتاییناسـیی "نەرم" دێنێـتە ئـاراوە بـۆ لێکدانەوە و راڤەکردنـی پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردی. سەرەتاییناسـیی "نەرم" درک بەوە دەکات کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم خاوەنی توخمگەلی کۆن و نـوێن. هەروەهـا باسـەکە چەنـدوچوون لە سـەر ئەوە دەکـات کە بـوونی کولتوور و زمـانێکی کۆن هاوزەمـانە لەگەڵ پـاڵنەری سیاسـی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە هاوکار بوون لە گەڵاڵەبوون و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردیـدا. لە پێـداچوونەوەی گفتوگـۆی کلاسـیکیی نێـوان سەرەتاییناسـی و مۆدێرنیزمـدا، ئەم باسـە مشـتومڕ لە سـەر ئەوە دەکـات کە وا هیچکامیـان بە تەنها ناتوانێت رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی کوردی لێکبداتەوە و لەبری ئەوە کورد هەردوو خاسییەتەکە دەخەنەڕوو. ئەنجامیش ئەم لێکۆڵینەوەیە مەتەڵێک دێنێتە ئاراوە کە جێی بایەخ و تێبینییە و ئەویش ئاخۆ نەتەوە لە یەک کاتدا هەردوو تـوخمی سەرەتاییناسـی و مـۆدێرن لەخۆدەگرێـت؟ بەدڵنیـاییەوە مەسـەلەی کـورد، کە مـن لێـرەدا مشـتومڕی لە سـەر دەکەم ئەو حـاڵەتە دەسـەلمێنێت. ئەم ئەنجـامگیرییە لە بـاس و خواسـی ئەکادیمیدا رەنگدەداتەوە لەبارەی کوردەوە و رەنگە لە سـەر مەسـەلەکانی تری ناسـیۆنالیزمیش. وەک پێشـتر باسـمان کـرد، کوردناسـەکان دابەش بـوون بەسـەر دوو بەرەی دژبەیەکدا کە دان بە بیـر و بۆچـوونی یەکتـردا نـانێن و یەک لە ئەگەرەکـانی هەوڵ و بەشـداریی ئەم باسـە پڕکـردنەوەی بۆشـایی و پـێکەوە گرێـدانی ئەم دوو بەرەیەیە لە رێـگەی پیشـاندانی ئەوەی کە ناسـیۆنالیزمی کـوردی نەیدەتوانی دەربکەوێت و پەیدابێت بە بێ زمـان و کولتوور و مێژوویەکـی دێرین. لە کۆتاییدا، کارکردن لە سـەر گەل و نەتەوەکانی تر جێی پەسـەندییە لەپێناوی دیاری کردنی ئەوەی ئاخۆ حاڵەتی کوردی تایبەتمەندە یان ئایا ئەو

درەنجامــانەی لێــرە بەدەســتهاتوون جێبەجــێ دەبێــت بە ســەر دنیــایەکی گەورەتری ئەم حاڵەتانەدا.

**تێبینی:**

- ژێگەر حەسەن Zhegar Hassan خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی رۆژئاوای ئۆنتاریۆ بەشی زانستە سیاسییەکان، لە وڵاتی کەنەدا. تێزی دکتۆراکەی لە سەر دۆخی دیفاکتۆی کوردستانی عێراقە لە ناو عێراقێکی فیدراڵدا.
- ئەم باسە ساڵی ٢٠١٣ لە گۆڤاری ئینتەرناشناڵ جۆرناڵ بۆ لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی عێراق، بەرگی ٧، ژمارە ٢، ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە

*International Journal of Contemporary Iraqi Studies Volume 7 Number 2, © 2013 Intellect Ltd Article.*

## پەراوێز

١ – مۆدێرنیزم، وەک لێرەدا بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەو بیر و بۆچوونە دەگەڕێتەوە کە وا نەتەوە نەتەوەگەری یــان ناسـیۆنالیزم بەرهەمـی مـۆدێرنیتەیە. بەم رەنـگە، نەتەوە و ناسیۆنالیزم تازەن و لەم دوو سـەدەیەی دواییدا پەیدابوون و دەرەنجامی 'پرۆسـەی مۆدێرن بوونن' وەک پیشەسازی و سـەرمایەداری و شارسـتانین (ئوێزکریملی ٢٠١٠ : ٧٢).

٢ – دەبێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە وا کورد لە هەندێ بواری زمـانەوانی و فەرهەنگیدا هاوبەشـن لەگەڵ دراوسـێکانیان، بەڵام ئەم خـاڵە نابێت زیـاد لە پێویسـت جەختـی لە سەر بکرێت چونکە جیاوازییەکان زۆر زیاترن لە هاوشێوەییەکان.

٣ – لایتـین (١٩٩٨ : ٣١) ناسـنامەیەکی 'تـۆپەڵ' وا پێناسـە دەکـات وەک 'خەسـڵەتێکی ئەندامێتی کە سیفەتێکی هاوبەشـی هەبێت لە نـاو کۆمەڵێک ناسنامەدا کە وا هەندێک

خاسییەی هاوبەشیان هەیە جیا لەوانەی لە کۆمەڵگەیەکی باڵادەستدا هەن کە ئەمان تێدا دەژین.

٤ – چاپەمەنی سەرمایەداری ئاماژەیە بۆ زیادبوونی خێرا و بەرفراوانیی لە چاپکردنی رۆژنامە و کتێب لە بازاڕی سەرمایەداریدا و خستنەڕووی بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە لە رووی جوگرافی و زمانەوانییەوە دابڕاون. ئەندرسن مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە ئەم پەرەسەندنە زمانێکی هاوبەشي لۆکاڵیی نووسینی هێناوەتە ئاراوە و بواری داوە بە گەلە "دابڕاوەکان" کە بە زمانێکی هاوبەش قسە بکەن (ئەندرسن ١٩٨٥: ٢٦ – ٤٢).

## سەرچاوەکان


- ئەحمەد زادە، هـ، (٢٠٠٧)، "گەڕان بەدوای گێڕانەوەیەکی کوردیدا پێمان بڵێت کە وا کورد کێن In search of a Kurdish novel that tells us who the Kurds are" ، *گۆڤاری توێژینەوە ئێرانییەکان*، ژمارە ٤٠ : ٥ ، ل ٥٧٩ – ٥٩٢.
- ئەندرسن، ب. (١٩٨٥)، *"کۆمەڵگەکانی خەیاڵ Imagined Communities"*، لەندەن: ڤێرسۆ؛ بریۆیلی، جەی. (١٩٨٢)، *"ناسیۆنالیزم و دەوڵەت Nationalism and the State"*، مانجستەر: چاپی زانکۆی مانچستەر.
- کلارک، س. (١٩٩٥)، *"دەوڵەت و حاڵەت: سەرهەڵدانی دەوڵەت و هێزی ئەریستۆکراتی لە ئەورووپای رۆژئاوادا State and Status: The Rise of the State and Aristocratic Power in Western Europe"*، مۆنتریاڵ و کینگستۆن: ماکگیل – چاپی زانکۆی کوین؛ ئێدمۆندس، سی. جەی. (١٩٦٨)، "شەڕی کورد لە عێراقدا: پاشخانی دەستووری The Kurdish War in Iraq: The constitutional background"، *گۆڤاری جیهانی ئەمڕۆ The World Today*، ژمارە ٢٤ : ١٢، ل ٥١٢ – ٥٢٠.
- "ناسیۆنالیزمی کوردی Kurdish nationalism"، *گۆڤاری مێژووی هاوچەرخ*، ژمارە ٦ : ١ (١٩٧١)، ل ٨٧ – ٩٧، ٩٩ – ١٠٧.

- ئێللەر، جەی. دی. و کۆغلان، ئارڕ. ئێم، (١٩٩٣) "هەژاریی سەرەتاییناسی: روونکردنەوەی پەیوەندییە ئیتنیکییەکان :The Poverty of Primordialism The Demystification of Ethnic Attachments"، گۆڤاری توێژینەوە ئیتنیکی و رەگەزییەکان، ژمارە ١٦ : ٢، ل ١٨٣ – ٢٠٢.
- گیرتز، سی. (١٩٧٣)، *"راڤە کردن و لێکدانەوەی کولتوورەکان The Interpretation of Cultures"*، نیویۆرک: کتێبە سەرەکییەکان.
- گێلنەر، ی. (١٩٦٤)، *"بیر و گۆڕان Thought and Change"*، لەندەن: وەیدنفێڵد و نیکۆڵسن.
- (١٩٨٣)، *"نەتەوە و ناسیۆنالیزم Nations and Nationalism"*، ئیثاکا: چاپی زانکۆی کۆرنێڵ.
- گێڕینگ. جەی، (٢٠٠٤)، "لێکۆڵینەوەی حاڵەت چیە و سوودی چیە؟ What is a case study and what is it good for"، *گۆڤاری پێداچوونەوەی زانستە سیاسییەکانی ئەمریکی*، ژمارە ٩٨ : ٢، ل ٣٤١ – ٣٥٤.
- (٢٠٠٧)، "لێکۆڵینەوەی حاڵەت چیە و سوودی چیە"، لە کتێبی سی. بۆیخ و ئێس. سی. ستۆکس، *"کورتەی ئۆکسفۆرد بۆ سیاسەتە بەراوردکارییەکان Oxford Handbook of Comparative Politics"*، نیویۆرک: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ل ٩٠ – ١٢٢.
- قاسملو، عەبدورەحمان، (١٩٦٥)، *"کوردستان و کورد Kurdistan and the Kurds"*، لەندەن: کۆلێتس هۆڵدینگی سنووردار.
- گونتەر، م. (٢٠٠٧)، "بنەما نوێیەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی The modern origins of Kurdish nationalism"، لە کتێبی م. م. ئەحمەد و م. گونتەر، *"پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی The Evolution of Kurdish Nationalism"*، سانتا ئاننا، کالیفۆرنیا: کۆمپانیای بڵاوکەرەوەی مازدا، ل ١ – ١٧.
- هاڵیدەی، ف. (٢٠٠٦)، "ئایا دەتوانین مێژوویەکی نوێ بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی بنووسینەوە؟ Can we write a modernist history of Kurdish

"nationalism له کتێبی فالح عەبدولجەبار و هشام داود، *"کوردەکان: ناسیۆنالیزم و سیاسەت The Kurds: Nationalism and Politics "*، لەندەن: خانەی بڵاوکەرەوەی ساقی، ل ١١ — ٢٠.

- حەسەنپوور، ئەمیر (١٩٩٢)، *"ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان، Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 – 1985"*، سان فرانسیسکۆ: چاپخانەی زانکۆی مەیلین بۆ لێکۆڵینەوە.
- حەسەنپوور، ئەمیر (٢٠٠٣) ، "دروستکردنی ناسنامەی کوردی: گوتارە مێژوویی و ئەدەبییەکان لە پێش سەدەی بیستەمدا The making of Kurdish identity: Pre – 20th century historical and literary discourses"، لە کتێبی عەباس وەلی، *"چەند بابەت و نووسینێک لە سەر رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی کوردی Essays on the Origins of Kurdish Nationalism "*، کالیفۆرنیا: خانەی بڵاوکردنەوەی مازدا، ل ١٦٠ — ١٦٢.
- هاستینگز، ئە. (١٩٩٧)، *"بنیاتنانی نەتەوە: رەگەز و ئایین و ناسیۆنالیزم The Construction of Nationhood: Ethnicity, Religion, and Nationalism"*، لەندەن: چاپی زانکۆی کامبریج.
- هاوکینس. دی. (٢٠٠٩)، "لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکان Case studies"، لە کتێبی ت. لاندمان و ن. رۆبنسن، "کورتەیەکی سیاسەتە بەراوردکارییەکان The Sage Handbook of Comparative Politics"، لۆس ئەنجلس: بڵاوکراوەکانی سەیگ، ل ٥٠ — ٦٦.
- هۆبسباوم. ی. ، (١٩٩٠)، *"نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم لە ساڵی ١٧٨٠وە Nations and Nationalism Since 1780 "*، کامبریج: چاپخانەی زانکۆی کامبریج.
- جەبار، ف. (فالح عبدالجبار)، (٢٠٠٦)، "ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا: تێرامان لە لایەنی هاوشێوەیی و بۆشایی لە بنیاتدا “Arab Nationalism Versus Kurdish Nationalism: Reflections on Structural Parallels and Discontinuities”، لە کتێبی ف. ئە. جەبار و هـ. داود، *"کوردەکان: ناسیۆنالیزم و سیاسەت*

"*The Kurds: Nationalism and Politics*"، لەندەن: خانەی بڵاوکردنەوەی ساقی.

- جۆیرمان، س. ف. (٢٠٠٣)، *"ناسیۆنالیزم و ناسنامەی سیاسی "Nationalism and Political Identity*"، نیویۆرک: کۆنتینوم.

- Jwaideh, W. (2006), *The Kurdish National Movement: Its Origins and Developments,* Syracuse: Syracuse University Press.

- جوەیدە، وەدیع، (٢٠٠٦)، *"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: بنەما و پەرەسەندنەکانی The Kurdish National Movement: Its Origins and Developments*"، سیراکۆس: چاپی زانکۆی سیراکۆس.

- لایتین، دی. (١٩٩٨)، *"ناسنامە لە دروستبووندا: دانیشتوانی رووسی زمان لە چواردەوری نزیکدا Identity in Formation: The Russian Speaking Populations in the Near Abroad*"، ئیثاکا: چاپی زانکۆی کۆرنیڵ.

- ماکدواڵ، د. (٢٠٠٤)، *"مێژووی نوێی کوردەکان A Modern History of the Kurds*"، نیویۆرک: ئای. بی. تۆریس.

- نعمانی، ئای. تی. (١٩٦٦)، "هەوڵی کورد بۆ مافی چارەنووس The Kurdish drive for self – determination"، *گۆڤاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، ژمارە ٢٠ : ٣ ، ل ٢٧٩ – ٢٩٥.

- ئۆڵسن، ر. (١٩٨٩)، *"دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد و شۆڕشی شێخ سەعید، The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, ١٨٨٠ – ١٩٢٥*"، ئۆستن: چاپی زانکۆی تەکساس.

- ئوێزکریملی، یو. (٢٠١٠)، *"تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم: پێشەکییەکی رەخنەگرانە "Theories of Nationalism: A Critical Introduction"*، نیویۆرک: پاڵگرەیڤ ماکمیلان.

- Renan, E. (1882), 'Qu'est–ce qu'une nation?'/'What is a nation?' Conference faite en Sorbonne, 11 March, (Delivered as a lecture at the Sorbonne).

- ریّنان، ی. (١٨٨٢)، *"نەتەوە چیە؟* What is a nation"، (موحازەرەیەکە لە زانکۆی سۆربۆن وتراوەتەوە).
- شیلز، ی. (١٩٥٧)، "پەیوەندییە سەرەتایی و شەخسی و پیرۆز و مەدەنییەکان: هەندێک تێبینیی تایبەت لەبارەی پەیوەندیی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تیۆرییەوە Primordial, Personal, Sacred and Civil Ties: Some Particular Observations on the Relationship of Sociological Research and Theory"، *گۆڤاری سۆسیۆلۆجیی بەریتانی*، ژمارە ٨ : ٢، ل ١٣٠ – ١٤٥.
- سمیث، ئە. (١٩٨٦)، *"رەگ و ریشە ئیتنیکییەکانی نەتەوە The Ethnic Origins of Nations"*، ئۆکسفۆرد: باسیل بلاکوێلی سنووردار.
- (٢٠٠١)، *"ناسیۆنالیزم: تیۆری و ئایدیۆلۆجی و مێژوو Nationalism: Theory, Ideology, History"*، کامبریج: چاپی پۆلێتی.
- (٢٠٠٨)، *"بنەما کولتوورییەکانی نەتەوە: زنجیرەی هەرەمی و پەیمان و کۆمار The Cultural Foundations of Nations: Hierarchy, Covenant, and Republic"*، ئۆکسفۆرد: بڵاوکەرەوەی بلاکوێل.
- سترۆهمایەر، م. (٢٠٠٣)، *"وێنەگەلێکی یەکلاکەرەوە لە پێشکەش کردنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد Crucial Images in the Presentation of a Kurdish National Identity"*، لەیدن: بریل.
- پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠)، *"پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان* Treaty of Sevres (1920), *'Treaty of Sevres and Lausanne*"، www.fransamaltingvongeusau.com/documents
- وەلی، عەباس (١٩٩٨)، "کورد و 'ئەوانیتر': ناسنامەی پچڕپچڕ و سیاسەتی پچڕپچڕ The Kurds and Their "Others": Fragmented Identity and Fragmented Politics"، *گۆڤاری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی باشووری ئاسیا، ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، ژمارە ١٨ : ٢، ل ٨٢ – ٩٥.
- وەلی، عەباس، (٢٠٠٣)، *"چەند باس و بابەتێک لە سەر بنەچەی ناسیۆنالیزمی کوردی Essays on the Origins of Kurdish Nationalism"*، کالیفۆرنیا: بڵاوکەرەوەی مازدا.

- ڤان برونەسن، م. (١٩٩٤)، "ناسیۆنالیزمی کوردی و کێبەرکێی دڵسۆزیی ئیتنیکی Kurdish nationalism and competing ethnic loyalties "، *گۆڤاری گەلانی سەر دەریای ناوەڕاست*، ژمارە ٦٨ – ٦٩، ل ١١ – ٣٧.
- (٢٠٠٣) ، "مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆڵی لە پەیدابوونی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردیدا Ehmedi Xani's Mem u Zin and its role in the emergence of Kurdish national awareness"، لە کتێبی عەباس وەلی، *"چەند بابەت و باسێک لە سەر بنەچەی ناسیۆنالیزمی کوردی Essays on the Origins of Kurdish Nationalism "*، کالیفۆرنیا: خانەی بڵاوکردنەوەی مازدا.
- زەکی، محەمەد ئەمین (١٩٣١)، *"کورتە مێژوویەک لە سەر کورد و کوردستان A Brief History of the Kurds and Kurdistan "*، دوو بەرگ، بەغدا: بڵاوکەرەوەی دارولسەلام.

Hassan, Z. (2013), 'Kurdish nationalism: What are its origins?', *International Journal of Contemporary Iraqi Studies*, 7: 2, pp. 75 – 89, doi: 10.1386 / jcis. 7. 2. 75 – 1

- حەســەن، ژێــگەر (٢٠١٣)، "ناســیۆنالیزمی کــوردی: ڕەگ و ریشــەی چــیە؟ Kurdish Nationalism: What are its Origins?"، *گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوەی هاوچەرخی عێراقی*، ژمارە ٧ : ٢، ل ٧٥ – ٨٩ .
- JCIS – 7. 2 – Hassan, pp. 75 – 8٩. indd ٨٨ ١٢/١٨/١٣ ٧: ٤٣: ٢٨ PM
حەسەن، ژێگەر، *"ناسیۆنالیزمی کوردی"*.... *"Kurdish Nationalism"*.

٣

# شێخ مەحموود .. سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی باشووری کوردی لە کوردستانی عێراقدا، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم

**وەدیع جوەیدە**

**١٩١٦ – ٢٠٠١**

زانایەکی عێراقی – ئەمریکیی پڕ بەرهەم بووە

○ **وەدیع جوەیدە** Wadie Jwaideh، ١٩١٦ – ٢٠٠١

لەدایکبووی شاری بەسرەیە و ساڵی ١٩٤٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە و ساڵی ١٩٦٠ بڕوانامەی دکتۆرای مێژووی لە زانکۆی سیراکۆس لە نیویۆرک / ئەمریکا بەدەستهێناوە لە سەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد و دوورودرێژ بە ناونیشانی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: رەگ و ریشە و پەرەسەندنەکانی". ساڵی ٢٠٠٤ و پاش ٤٤ ساڵ ئەم نامەیەی جوەیدە لە زانکۆی سیراکۆس چاپکراوە و بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ و جێمتمانە بۆ توێژەرانی بواری کوردناسی و مەسەلەی کورد. بەندە ساڵی ٢٠٠٩ بەشی دەیەمی ئەم باسەم لە ئینگلیزییەوە کردووەتە کوردی بۆ هەفتەی یادی شێخ مەحموود و دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان لە سلێمانی. خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییدا ئەم کتێبە کراوەتە کوردی و بڵاوکراوەتەوە.

جوەیدە پاش وەرگرتنی دکتۆرا لە زانکۆکانی ئیندیانا و کالیفۆرنیا لە ئەمریکا بووە بە پرۆفیسۆری بواری مێژوو. هەروەها بەشی توێژینەوەی زمانەکانی رۆژهەڵاتی نزیکی لە زانکۆی ئیندیانا دامەزراندووە و ساڵی ١٩٨٥ خانەنشین بووە و تا ساڵی ١٩٩٠ وەک پرۆفیسۆری شەرەف لە زانکۆی کالیفۆرنیا موحازەرەی داوە. جوەیدە گەلێ باس و لێکۆڵینەوەی تری بڵاوکردووەتەوە، لەوانە پێشەکیی کتێبی "معجم البلدان"ی یاقووتی حەمەوی (١٩٥٩)، کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (١٩٨٧)، ئەلئیدریسی: ئینسکلۆپیدیای بەریتانیکا (١٩٧٤)، کۆکراوەی کارەکانی وەدیع جوەیدە کە فۆتۆکۆپیی نامە و نووسراوەکانی فەرمانگەی دەرەوەی بەریتانیا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٣٦ – ١٩٢٤دا.

## پێشڕەوی کردنی بەریتانیا لە باشووری کوردستاندا

لە مارتی ١٩١٧دا بەریتانیا بەغدای داگیرکرد و ئەم کارەش هێزەکانی بەریتانیای لە میزۆپۆتامیادا نزیک خستەوە لە خێڵەکانی باشووری کوردستان. لەو دەمەدا ئیعتیباراتی سیاسی وایکردبوو کە شەڕی سەربازی دژی فراوانبونی کاریگەریی بەریتانیا بەرپا بێت لەم ناوچەیەدا[١]. بەم پێیە لە ماوەی داگیرکردنی ناوچەی خانەقین لەلایەن رووسیاوە، کە لە نیسان بۆ حوزێرانی ١٩١٧ی خایاند، بەریتانییەکان پەیوەندییەکی لاوازیان هەبوو تەنها لەگەڵ چەند کەسێکی خێڵەکی کورددا و بەتایبەتی لەگەڵ مستەفا پاشای سەرۆک هۆزی باجەلاندا[٢]. پاش کشانەوەی رووس لە خانەقین جارێکیتر تورک داگیری کردەوە و تێیدا مایەوە تا کاتی داگیرکردنی لەلایەن بەریتانییەکانەوە لە دیسەمبەری ١٩١٧دا. کەواتە لە پاش داگیرکردنی خانەقین لەلایەن بەریتانییەکانەوە بەکردەوە پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ کوردەکاندا درووستکرد.

## پەیوەندیی بەریتانیا لەگەڵ خێڵە کوردەکاندا

بەریتانییەکان کەوتنە کار بۆ چەسپاندنی جێپێی خۆیان لە خانەقیندا و پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان لەگەڵ باجەلاندا دامەزراند و وردە وردە چوونە ناو هۆز و خێڵەکانی تری ئەو ناوەوە و لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩١٧دا[٣] بەریتانییەکان پەیوەندییان لەگەڵ شێخ حەمیدی تاڵەبانیدا بەست و زانییان کە وا هۆزەکەی ئەم و هۆزەکانی تری ناوچەکە سەرکەوتووانە

بەرەنگـاری داواکارییەکـانی تـورک بـوونەتەوە بـۆ هاوکـاری و یارمەتیـدان، سەرۆک هۆزی تاڵەبانی، کە هێزەکانی خۆی لە ناوچەی گلدا کۆکردبووەوە لە رۆژهەڵاتی تاووغەوە (داقووق)، هێزی سـوارەی خێڵەکانی تریشـی چووبووە پاڵ. شـێخ حەمید تەنهـا پشـتی بە هێـزی خـێڵەکەی خـۆی نەبەسـتبوو، بەڵکو هێزی خێڵی داودەی هاوپەیمانیشی لەگەڵ بوو[٤].

لەپێشدا بەریتانییەکان وا خۆیان دەرخست کە تەنها دەیانەوێت پەیوەندیی دۆسـتانەیان لەگەڵ ئەم هـۆزانەدا بپـارێزن و هانیـان بـدەن نەهـێڵن دانەوێڵە و کەلـوپەلی پێویسـتیان پێبگـات. ئەمـان لەم کارەیانـدا سـەرکەوتوو بـوون، بەڵام خۆیـان لەوە دەپاراسـت دنەیـان بـدەن بـۆ ئەوەی هەڵکـوتنە سـەر تورکەکـان چونکە دەرفەتـی ئەوەیـان نەبـوو هـیچ یارمەتییەکیـان بـدەن. لە بەهـاری سـاڵی ١٩١٨دا هێزەکانی بەریتانیا بە توندی پێشـڕەوییان کـرد و لە مـاوەیەکی کەمـدا کفری و توزخورماتوو و کەرکووکیـان گـرت و ئەم چوونە پێشـەوە زەمینەی بۆ بەریتانییەکان ساز کرد پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ شـێخ حەمیدی تاڵەبانیـدا گرێبـدەن[٥]. ئێسـتا بـۆ یەکەمجـار هێزەکـانی کـورد دژ بە تـورک  بەکـارهێنران هێزێکـی کـورد کە نـزیکەی دووسـەد پیـاوی بـاجەڵان و دەلـۆ و سـورەمیری پێکهاتبوو. لە نیسانی ١٩١٨دا پەلاماری تورکیان دا لە سەر سیروان[٦].

پاشـان بەریتانییەکـان چاویـان بـڕییە ناوچەکـانی ئەودیـوی سـنوور لە رۆژهەڵاتی خانەقیندا کە بۆ ماوەیەک لانکەی پیلانگێڕی بوو لەدژیـان. ئێرە لە رووی سـتراتیجەوە نـاوچەیەکی بایەخـدار بـوو و رێـگەی گرنگـی نێـوان کرمانشا – بەغدای پێدا تێپەڕ دەبوو و کۆنترۆڵی هێڵەکانی پەیوەندیی نێوان میزۆپۆتامیـا و ئێرانـی دەکـرد کە وا گیریخواردبـوو بەدەسـت شـەڕ و شـۆڕی بەردەوام و لە یاسـا هەڵگەڕانەوەیەکـی بەردەوامەوە. بەکرێگیراوانـی ئەڵمـان و تـورک، دیموکراتەکـانی ئێـران و تیـرە و هـۆزی نـاوچەکە لە جموجـووڵی

بەردەوامدا بوون لە دژی بەریتانییەکانی داگیرکەری ئەم ناوچانە. ئەمانە گەلێ کــردەوەی وەرســکەریان ئەنجامــدەدا وەک تێکشــکاندن و وێرانکردنــی دامودەزگاکــانی ســەربازیی بەریتــانی و پەلامــاردانی شــوێنە چەپەک و دوورەدەســتەکان و بچڕانــدنی هێڵەکــانی پەیوەنــدی، بەڵام بەریتانییەکــان، بە هاوکــاری تیــرە و هۆزەکــانی ســەربەخۆیان فرەجــار ئەم هەوڵانەیــان پووچەکردەوە. لەم سـەروبەندەدا بـوو کە وا تـاقمە ناحەزەکـانی بـاجەڵان و گـۆران کەرەســتە و ئــامێری کۆمپانیــای نەوتــی ئەنگلــۆ – ئێرانییــان لە چیاسـورخی نزیـک خـانەقین تێکوپێک دابـوو، لە هەمـان کاتیشـدا تاقمێک لە هۆزی ناحەزی کەلهوڕ لە بۆسەیەکدا پەلاماری تیمێکی رووپێویی بەریتانییان دابوو. هەروەها سـەرۆک هـۆزی سنجابی (سنجاوی) عەلـی ئەکبەر خـان، کە سـەرۆکی سـنجابی و گـۆرانی هاوپەیمـانی بـوو، چالاکـانە رێـی بە کـاروانی کەلـوپەل و پێداویسـتیی خـانەقین دەگـرت. لە نیسـانی سـاڵی ١٩١٨دا هەردوو هـۆزی قەڵخـانی و کەلهـوڕ، بە پاڵپشـتی رەتڵێکی هێزەکانی بەریتانیا توانییـان هێزەکــانی عەلــی ئەکــبەر خــان ببەزێــنن و پەرت و بڵاویــان بــکەنەوە، کە هەمــاهەنگی لەگەڵ ســلێمان میــرزای دیمــوکراتی ئێــران کردبــوو و لەگەڵ بەکرێگیراوانی ئەڵمان و تورکیشدا پیلانگێڕی دەکرد[٧]. لە پاش گرتنی سلێمان میرزا، عەلی ئەکبەر خان هەر بەردەوام بوو لە سەر پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ بەکرێگیــراوە ئەڵمــان و تورکەکانــدا. دواجــار وەک باســدەکرێت لەگەڵ ڤــۆن درۆفلـی بریکـاری ئەڵمانـدا رێککەوتـووە کە سـنجابی و خـێڵە هاوپەیمانەکـانی چەکدار بکرێن لە دژی بەریتانیا و پاشـان بە بریـنداری هەڵاتـووە لە شـەڕێکی دژ بە بەریتانیادا و کەنارگیر بووە[٨].

## یەکەم پێشنیازی شێخ مەحموود بۆ بەریتانییەکان

لە پاش ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتووی سەربازیی بەریتانیا، کە وا گرتنی سلێمان میرزای لێکەوتەوە، مێجەر گوڵدسمیسی ئەفسەری سیاسی بەرپرسی خانەقین کەوتە ئەنجامدانی گەشتێکی پشکنین لە دێهاتی دەوروبەریدا. لەم دەمەدا شێخ مەحموود، کە دواتر رۆڵێکی بایەخداری گێڕا لە مێژووی کوردستانی باشووردا، یەکەمجار بوو ناوی بکەوێتە ناوناوانەوە. بەگوێرەی راپۆرتێکی فەرمیی بەریتانی کە وا "لەم گەشتەدا بوو کە شێخ مەحموود لە سلێمانییەوە نوێنەری خۆی نارد بۆ چاوپێکەوتنی ئەفسەری سیاسی و داوای کرد وەک نوێنەری حکوومەتی بەریتانیا لە سلێمانی دەستبەکاربێت، تا ئێمە دەگەین"[٩].

سەرکەوتنەکانی بەریتانیا بە ئاشکرا کاری کردبووە سەر کوردەکان و بڕیاریاندابوو بدەنە پاڵ لایەنی براوە. بەریتانییەکان نامەیان لە هەمەوەندەوە پێگەیشتبوو، کە هۆزێکی جەنگاوەری بەرچاو بوو لە کوردستانی باشووردا و ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو بۆ هەر هاوکارییەک لێیان بخوازرێت. لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆک و پیاوماقووڵانی کورددا کە لە سلێمانی بەسترا بڕیاریاندا حکوومەتێکی کاتی دابمەزرێنن بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود و هەڵوێستێکی دۆستانە بنوێنن لە ئاست بەریتانیادا[١٠]. بەپێی راپۆرتێکی سێر ئەرنۆڵد ویڵسنی جێگری کۆمیسیۆنی مەدەنی:

"شێخ مەحموود خۆی نووسیبووی (لەجیاتی هەموو گەلی کورد لە هەردوو بەری سنوور) ئامادەیی دەربڕیوە حکوومەتمان رادەست بکات یان وەک نوێنەری ئێمە کار بکات لە ژێر سایەی ئاڵای شکۆداری بەریتانیادا. ئەو دەڵێ کەوا میللەتی کوردستان خۆشحاڵن بە سەرکەوتنمان و بە هۆی هێزە قارەمانەکانمانەوە لە دەسەڵاتی ملهوڕی تورک رزگاریان بووە و چاوەڕوانن

له ژێر فەرمانڕەوایی ئێمەدا ببووژێنەوە. پاشان بەوە کۆتایی پێدێنێت کە داوای زەمانەتێک دەکات کە وا ئێمە لە هیچ حاڵەتێکدا ڕێگە بە گەڕانەوەی دەسەڵاتدارانی تورک نەدەین بۆ کوردستان"[١١].

## کشانەوەی بەریتانیا لە کەرکووک

بەپێی ویڵسن، کاتێ کە بەریتانیا بڕیاریداوە لە مایسی ١٩١٨دا کەرکووک چۆڵ بکات، ئەو ناچار بووە کوردەکان ئاگادار بکاتەوە کە بەریتانیا لەبەر کەشوهەوای گەرم شارەکە چۆڵ دەکات و بەنیازن زوو بگەڕێنەوە، هەروەها دەڵێ: "من پێشنیازی شێخ مەحموودم پێ پەسەندبوو کە نوێنەرمان بێت ئەگەر بتوانێ و بە کردەوە ڕاگەیاندنێکی گشتیشمان لەو بارەیەوە دەرکرد"[١٢].

بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە هەرگیز دەرنەکرا و هەر کە کەرکووک چۆڵکرا لەلایەن بەریتانییەکانەوە لە ٢٤ی مایسدا دەستبەجێ لەلایەن تورکەکانەوە داگیرکرایەوە. لە هەمان کاتیشدا هێزێکی تورک چوو بۆ سلێمانی و جارێکیتر گرتیەوە و ئەحکامی عورفیی (دۆخی بەڕێوەبردنی سەربازیی) تێدا ڕاگەیەنرا[١٣]. شێخ مەحموود گیرا و ڕەوانەی کەرکووک کرا و لەوێ خرایە بەندیخانەوە. ئەو پیاوماقووڵانەش کە سەر بە شێخ بوون گیران یان پارە و پووڵیان پێبژێردرا و بێحورمەتی و سووکایەتییەکی زۆر بەو کەسانە کرا کە سەر بە حکوومەتەکە بوون[١٤].

بێگومان هەندێ کەس زەبر و سزای قورسی تورکیان پێگەیشت[١٥]، بەڵام بەگشتی پێدەچوو تورکەکان ڕادەیەکی ناسروشتیی نەرمییان پێشاندابێت و ئاقڵانە خۆیان پاراست لە کار و کردەوەی توندوتیژ. ئەوان لەبەر ئەوەی نەیاندەخواست خۆ بخەنە بەر مەترسی هەرا و هەڵچوونی خێڵەکان چونکە لە

بارودۆخێکـدا نەبـوون دەرەقەتیـان بـێن و لەو سـۆنگەیەوە ئـازاری شـێخ مەحموودیـان نەدا و پاش بەسـەربردنی مـاوەیەک لە بەنـدیخانەی کەرکووک بەریانـدا و ڕێگەشـیان دا بگەڕێـتەوە مـاڵی خـۆی[١٦]. هەروەهـا هـیچ تـاڵان و بـڕۆیەک نەکـرا دەرهەق بە مـاڵ و سـامانی خەڵـک و هۆزەکـان. سـوپا هەر پێداویسـتییەکی هەبـوایە بە کـاش پـارەکەی دەدا و هێـزە خێڵەکییەکـانی لێڤـی لەکاتی خۆیدا مووچەی خۆیان وەردەگرت. ئەم هەڵوێسـتی ڕازیکردنە لەلایەن دەسـەڵاتدارانی تـورکەوە کـاریگەریی باشـی هەبـوو بـۆ ڕاکێشـانی هۆزەکـان بەلای خۆیاندا و بەو پێیە زۆرێک لە خەڵـک بەشـێوەیەکی خۆبەخشـانە دایانە پـاڵ تـورک، هەرچەنـدە ئاگـاداریی ئەوەیـان پێـداوین کە هەنـدێ کەس بە زۆر ناچار کراون بچنە خزمەتیانەوە[١٧].

واپێدەچێت کشـانەوەی بەریتانیا لە کەرکووک بە هـۆی تێکچـوونی بـاری سەربازییەوە بووبێت لە هەرێمی قەوقاز و گریمانەی ئەرک و بەرپرسیارێتیی قـورس بووبێـت لە ئێرانـدا لەلایەن فەرمانـدەیی لەشـکری بەریتانیـاوە لە میزۆپۆتامیـا. ئەم بـارودۆخە بـوو بە هـۆی تێکچـوونی شـیرازەی هەمـوو هۆکارێکی گواستنەوەی ڕێگاکانی ئێران[١٨].

کشانەوە لە کەرکووک زللەیەکی توند بوو بۆ شکۆ و ناوبـانگی بەریتانیا لە کوردسـتاندا و ڕاسـتییەکەی لە سەرانسـەری میزۆپۆتامیاشـدا و بەریتانیـا بەردەوام بەدەسـت کـاریگەریی ئەم مەسـەلەیەوە دەیناڵانـد، بـۆ مـاوەیەکی دوورودرێـژیش لەدوای بـردنەوەی جەنگـی جیهـانیی یەکەم. کوردەکـان هەڵوێسـتی خۆیـان بەرانـبەر بەریتانیـا ئاشـکرا کردبـوو وا ئێسـتا دوودڵـی و گومان تەنگی پێهەڵچنیون و باوەڕیـان بە هێز و بەڵێنەکانی بەریتانیا زۆر بە خراپـی لەق بـووە. ویڵسـن کـاردانەوەی سـەرکردە کوردەکـان سـەبارەت بە کشـانەوەی بەریتانیا لە کەرکووک باسـدەکات و جەخـت لە سـەر کـاریگەریی

ناخۆشـی ئەو بەڵێنە زۆر و زەوەنـدانە دەکـات کە ئەفسـەرە سیاسـییەکان بە کوردیان دەدا سەبارەت بە پشتگیری و هاوکارییان:

"ئەوان ئەوەیان بەتەواوی لا ئاشکرابوو کە وا ئەو زەمانەتی پشتگیرییەی لەخۆڕا لەلایەن ئەفسەرە سیاسییە نابەرپرسەکانەوە پێیاندەدرا و بە زمنی لەو پێشنیازانەی لە کەرکووک لەلایەن بۆلارد و لە کفری لەلایەن لۆنگریگەوە باس دەکـران جێی متمـانە نەبـوون و لای ئەوان وا کەوتـووەتەوە کە ئـێمە هەمـان گەمەکەی رووسـیا دەکەیـن لە بەکارهێنـانی دزێـوی هۆزەکانـدا وەک چـنگە پشـیلە. سـەرۆکەکانی ئەوان، کە هەندێکیان سـەرۆکی دەمڕاستی هەمەوەندن، بەڕێـوە بـوون بـۆ کەرکـووک لە کـاتی کشـانەوەکەدا، بەڵام بەوپەڕی ڕق و تـووڕەییەوە گەڕانەوە مـاڵی خۆیـان. ئەوان وا هەسـتدەکەن کە ئـێمە ناپاکیمـان لەگەڵ کـردوون، چـونکە وایبـۆدەچن کە ئـێمە هانمانـداون خۆیـان بـۆ تـورکی دوژمن دەربخەن و پاشان فریوماندان. سەرۆکەکانی هەمەوەند بەتایبەتی قەت لێمان خۆشـنابن و بۆ چەندین سـاڵی تر وەک نـاحەز لەگەڵمـان هەڵسـوکەوت دەکەن"[١٩].

تورکەکان، وەک چاوەڕوان دەکرا، کشـانەوەی بەریتانیایـان لە کەرکووک تا پەری ئەوپەڕ بەکارهێنا و ئەمەیـان گێڕایەوە بۆ بـاری ناسـک و لەسـەرپلی هاوپەیمانـان لە بەرەی رۆژئـاوادا و بەوەیـان دانـا رێخۆشـکەرێک بێـت بـۆ کشانەوە لە میزۆپۆتامیا. بەپێی قسەی ویڵسـن پرۆپاگەندەی تـورکی باسـی لە کـاریگەریی مەسـەلەی "ئینگلیـزی فێڵبـاز" دەکـرد، کـاتێ کە میللەتـانی تـر بەکاردێنێت بـۆ شـەڕی خـۆی. کتێبەکەی نـامیلکەیەکی پرۆپاگەنـدەی تـورکی گواسـتووەتەوە کە ژمـارەیەک کارەسـاتی تێـدایە بە هـۆی ئەو کەسـانەوە کە فریویـان خـواردووە و بـوونەتە ئەڵقەلەگـوێی بەریتانییەکـان و هەرەشـەی ئەنجامی خراپی ئەوانە دەکات کە بەرەی تورکیان بەجێهێشـتووە و لە هەمـان

کاتیشـــدا بەڵێنـــی خەڵات و بەراتـــی گەورە دەداتە ئەوانەی هەڵوێســـتیان نەگۆڕیوە و بە دڵسۆزی تورکیا ماونەتەوە[٢٠].

ویڵسـن بـاس لەوە دەکـات کە وا هـیچ ئاگـایەکی لە بڕیـاری چـۆڵکردنی کەرکـووک نەبـووە و بە جەختکـردنەوە باسـی ئەوە دەکـات کە نە ئەو و نە ئەفسەری سیاسی شوێنەکە، مێجەر ریدەر بۆلارد (دواتر بوو بە سێر ریدەر بۆلارد)، هیچ زانیارییەکیان نەدراوەتێ کە وا داگیرکردنەکە جێگیر و بەردەوام نابێـت. راســتییەکەی ئەو بە چەنـد رۆژێکـی کەم دوای گرتنـی کەرکـووک لەلایەن بەریتانیـاوە بە فـڕۆکە چـووە کەرکـووک بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەبـارەی ژمـارەیەک کێشـەی بەپەلەوە و بـۆ نـاونووس کردنـی پشـتیوانیی هۆزەکـان و رەچـاوکردنی هێڵەکـانی پەیوەنـدیی بەریتانیـا و زەمـانەتکردنی دابینکردنـی زەخیرە و پێداویستی، بەتایبەتیش گۆشت بۆ هێزەکـان[٢١]. کـاریگەریی قووڵی ئەم شکسـتهێنانەی بەریتانیـا لە سـەر کوردەکـان هەر زوو دەرکەوت، چـونکە بەریتانییەکان هەموو هەوڵێکیان خستەکار بۆ پێکهێنـانی هێزێکی لێڤیی کورد لەو هاوینەدا بەڵام شکستیهێناوە و بەپێچەوانەوە تورکەکان توانییـان هێزێکی سوارەی گەورە پێکبهێنن دژ بە رکابەرەکانیان لە ئێراندا[٢٢].

## سیستەمی خێڵەکی لە باشووری کوردستاندا

لە پـایزی ١٩١٨دا موتەسـەڕیفی عوسـمانی و حـامیەی سـەربازیی لە سلێمانی خۆیان رادەستی شێخ مەحموود کرد و بەشێوەیەکی فەرمی ئیدارەی عوسـمانی لە دەڤەرەکەدا کۆتاییهـات. کشـانەوەی هێزەکـانی تـورک و کاربەدەستانی بوو بە هـۆی ئەوەی کە وا شـێخ مەحموودی سـەرداری کورد بە تەنها کـۆنترۆڵی سـلێمانی و نـاوچە دێهاتییەکـانی دەوروبەری بکـات. لێرە

بەدواوە شێخ مەحموود نامەی بۆ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغدا ڕەوانە کرد و داوای دەکرد کوردستان لە لیستی گەلانی ڕزگارکراو دەرنەکرێت[٢٣]. ڕاستییەکەی شێخ مەحموود لەڕووی سیاسییەوە گەورەترین کەسایەتی بوو لە ناوچەکەدا و ئەمەش هاوتا بوو لەگەڵ خواستیدا بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانیادا و پاڵی بەدەسەڵاتەوە دەنا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەڵتەرناتیڤی ئەمەش ئەو لەشکر و سوپایە بوو کە شێخ لە سەربازگەی سلێمانی و ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەریدا کۆیکردبووەوە و بەریتانییەکان جگە لە قبووڵکردنی پێشنیازی شێخ بۆ یارمەتیدان و هاوکاری کردنی هیچ چارەسەرێکی تریان شکنەدەبرد.

میجەر ئی. دەبڵیو. سی. نۆئێڵ، کە ئەفسەرێک بوو ئەزموونێکی باشی پەیداکردبوو لەگەڵ هۆزی بەختیاری و تیرە و هۆزەکانی تری ئێراندا، ئەرکی گەلاڵەکردن و دامەزراندنی ئیدارەی پێسپێردرابوو لە کوردستانی باشووردا[٢٤]. ئەو ڕاسپاردانەی درابوو بە نۆئێڵ لەپێش سەفەرکردنیدا بۆ سلێمانی هەندێک بەڵگە و ئاماژەی نیاز و مەبەستی بەریتانیای تێدایە:

"تۆ بە ئەفسەری سیاسی دامەزراوی لە کەرتی کەرکووکدا و لە یەکی نۆڤەمبەردا دەستبەکار دەبیت. کەرتی کەرکووک division لە زێی خواروو تا دیالە و باشووری ڕۆژهەڵاتی سنووری تورکیا – ئێران دەگرێتەوە و بەشێکی ویلایەتی مووسڵ دەگرێتەوە، کە دوا کاروبار ڕێکخستنە لە ژێر چاودێریی حکوومەتی خاوەن شکۆدا. لە حاڵی حازردا دەبێت داگیرکردنی سەربازی و بەڕێوەبردنی هێزەکە ڕەچاو بکرێت و دەبێ تۆ لە سەر ئەم گریمانەیە کار بکەیت لە مامەڵەکردندا لەگەڵ سەرۆکەکان و ئەوەت لە زەیندا بێت کە ئەگەری ئەوە نیە دەسەڵاتدارانی سەربازی خۆیان تاوتوێی ناردنی هێزی جێگرەوە دەکەن بۆ سلێمانی یان شوێنەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی

ئێستامانەوە. هەروەها ئەرکی تۆ دەبێت کە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکە ناوخۆییەکاندا بکەیت بۆ بەرقەرارکردنی ئارامی لە ناوچەکانی دەرەوەی سنووری داگیرکردنی سەربازیماندا، بۆ دەرپەڕاندن و گرتنی بەکرێگیراوانی دوژمن و دابینکردنی پێداویستیی هێزەکانمان. بە هەمان شێوە تۆ دەسەڵات پێدراوی خەرجکردنی لەو بوارەدا و لە حاڵەتی بڕە پارەی زۆر و قەبەدا و بەبێ لێکحاڵیبوون دەبێت سەرۆکەکان لایان روونبێت کە وا هەر رێکخستنێکی کاروبار کە تۆ ئەنجامیدەدەیت بەزەرووڕەت کاتی دەبێت و دەکرێ لە هەر کاتێکدا چاوی پێدابخشێنرێتەوە. تۆ دەسەڵات پێدراوی بە دامەزراندنی شێخ مەحموود وەک نوێنەری خۆمان لە سلێمانی و ئەگەر بە گونجاویشت زانی بە هەمان شێوە کەسانی هەڵبژاردە و جێ متمانەی خۆت لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و شوێنانی تر دابنێیت. دەبێ ئەوەش روونبکرێتەوە بۆ سەرۆک هۆزەکانی پەیوەندییان لەگەڵ گرێدەدەیت کە وا نیازی سەپاندنی هیچ جۆرە ئیدارەیەک لەئارادا نیە نامۆ بێت لەگەڵ داب و نەریت و ئارەزووی ئەواندا. لەم حاڵەتەدا سەرۆک هۆزەکان خولیای پێکهێنانی هاوپەیمانێتیان دەکەوێتەسەر بۆ راییکردنی کاروباریان بە سەرپەرشتی و رێنمایی ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا و بە شێوەیەکی یاسایی باجیان لێوەردەگیرێت بەپێی یاسای تورکی، بەڵام بەپێی پێویست دەسکاری و گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت، بۆ ئەنجامدانی رێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی وڵاتەکەیان"[٢٥].

لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ١٩١٨دا مێجەر نۆئێل گەیشتە سلێمانی و بەگەرمی پێشوازیی لێکرا. ئەمیش دەسبەجێ کەوتە کارکردن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی بەڕێوەبەرێتی، کە ئومێدی لێدەکرا لای خەڵک پەسەند بێت. شێخ مەحموود بە حوکمداری ناوچەکە و سەرۆکی باشووری کوردیی سەربەخۆ دانرا. کاربەدەستانی دیکەی کورد لە ژێر سەرپەرشتی ئەفسەرە

سیاســـییەکانی بەریتانیـــادا کاریـــان دەکـــرد و کاروبـــاری جۆراوجـــۆری ئیدارەکەیان پێسپێردرا. سەرۆک هۆزەکانیش لەلایەن حکوومەتەوە کاروباری تیـــرە و هۆزەکانیـــان خرابـــووە ئەســـتۆ و لە ڕێگـــای شـــێخ مەحمـــوودەوە بەرپرسیار بوون بەرانبەر بە دەسەڵاتداری بەریتانیا. ئەوان وەک کاربەدەستی فەرمیی حکوومەت دەناسران و مووچەیان دەدرایە[٢٦].

گومانێکی ئەوتۆی تێدا نیە کە وا سیستەمی تازە دامەزراوی حکوومەت لە باشـووری کوردسـتاندا بەزۆری دەگەڕێتەوە بـۆ ئەزمـوونی کۆلۆنیـاڵیی بەریتانیا لە هندستان و شوێنانی تردا. سروشتی ئەو ئەرک و کارانەی نێوان حکـوومەتی بەریتانیـا و کۆنفیـدراڵییەتی باشـووری کوردیـدا لەو پەیوەنـدیی سـەربەخۆیی و دەسـەڵاتی بـاڵایە دەچـوو کە لە نێـوان تـاجی بەریتـانی و ویلایەتەکانی هندستاندا هەبوو[٢٧]. سیستەمی نوێی بەڕێوەبردن لە باشووری کوردستاندا بەئاشکرا پشتی بە بنەمای حوکمی ناڕاستەوخۆ[٢٨] دەبەست و لە فرە ڕووەوە ئاسەواری سیستەمی ساندیمانی تێدابوو، بەتایبەتی سیستەمی برووسی و مەلیکی، کە لەمەوە وەرگیرابوون.

## سیستەمی ساندیمان

ئەم سیستەمە بەناوی سێر ڕۆبەرت ساندیمانەوە[٢٩] ناونراوە و شێوازێکی بەڕێوەبردن بوو لە بەلووجستاندا بە مەبەستی پێکهاتنی ئەم دەڤەرە کێوی و شاخاوییە لەگەڵ سیستەمی ئیمپراتۆریێتی هندیی – بەریتانیدا. ئەم سیستەمە بریتییە لە ڕژێمێکی خێڵەکیی لاوەکی و لەلایەن فەرمانڕەوایەکی باڵادەستی خۆماڵییەوە سەرۆکایەتیی دەکرا، کە خانی کەڵات بوو (هەرێمێکە لە هندستان – وەرگێڕ)، کە وەک بڵێی سیاسەتێکی پێشکەوتووی سەرکەوتووانە بوو[٣٠].

مەبەستی ئەم سیاسەتە پاراستنی دانیشتوانی سنووری سند بوو لە تاڵان و بڕۆی یاخیبووانی ئەو هەردە و چیایانە، کە وڵاتی سەخت و شاخاوییان بووبوو بە داڵدە و حەشارگەیان و لە سەرێکی تریشەوە مەبەست بەهێزکردنی بەرگریی هندستان بوو لە دژی داگیرکردنی بێگانە. سیستەمی ساندیمان کەوتبووە بەر رەخنە لەبەر ئەوەی زۆر پشتی دەبەست بە کاریگەریی شەخسی یەک کەس و هەروەها لە سەر بنەمای ئەو یارمەتییە مادییانەی کە دەدرا شێوازێکی پارەکێشانەوە و گەندەڵیشی درووستکردبوو. بەهەرحاڵ، مێژوونووسی بەریتانی سی. کۆڵن دەیڤیس C. Collin Davies سەرنجی ئەوە دەدات کە ئەم یارمەتییە داراییە بە ئابڕووچوون و گەندەڵی وەسف ناکرێت، چونکە ئەوان لە بەرانبەر خزمەتی زۆر و تاقەتپڕووکێندا ئەم یارمەتیانەیان وەرگرت، وەک پاسکردنی رێگەوبانی بازرگانی و دەربەندی نێو چیاکان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی جیرگە کە بە واتای "ئەنجومەنی هۆزەکان"[٣١] دێت.

## سیستەمی برووس یان مەلیکی

ئەمە ئەو ناوەیە کە دراوەتە سیستەمەکەی ساندیمان و لە ناو مەحسوودەکانی سنووری باکوری رۆژئاوای هندستاندا پەیڕەوی دەکرا لەلایەن دەرەجات برووس Darajat R. I. Bruce ی کۆمیسۆنەوە[٣٢]. ئەم سیستەمە دواتر و لەبەر چەندین هۆکار شکستیهێنا. یەکەم لەبەر ئەوەی لەنێو مەحسوودە دیموکراتەکاندا کاری پێکرا چونکە مەلیکەکانیان (سەرۆکەکانیان) ئەو دەسەڵاتەیان نەبوو کە سەرۆکەکانی بروهوی Bruhui و بلووچ لە بلووچستاندا هەیانبوو. بەم پێیە مەبەستی برووس لەوەی کە وا سەرۆکەکانی

مەحسوود سەرکەوتوو دەبن لە کۆنترۆڵکردنی خێڵەکانیاندا، لەبەرانبەر پارە و یارمەتیـــدا، شکســـتیهێنا. دووەم، ئەو سیســـتەمەکەی بـــێ دەســـەڵات بەسەرداشکانی سەربازیی وڵاتی مەحسوود دەستپێکرد بەپێچەوانەی ئەوەی کە ســـاندیمان لە بلووچســـتاندا کـــردی. جـــگە لەوەش، مەحســـوودەکان بەپـــێچەوانەی بلووچەکـــانەوە هەمیشـــە دەســـەڵاتی ســـەرکردە ئاینییەکـــان بەسەریاندا زاڵبووە و لە ژێر کاریگەریی ئەماندا چەکیان لەدژی بەریتانییەکان هەڵگرتـــووە بە هاوســـۆزی یـــان بەدەمەوەچـــوونی بـــانگەوازی خـــزمە موسڵمانەکانیان لە ئەفغانستان[٣٣].

بەو پێـیە سیسـتەمی نـوێی بەڕێـوەبردنی بەریتانییەکـان لە باشـووری کوردستاندا لە گەلێ رووەوە لە سیستەمی برووس یان مەلیکی دەچوو لەنێو مەحسوودەکاندا. تێکچوونی خێرا و دواتر شکستهێنانی تەواوی ئەم سیستەمە لە باشووری کوردستاندا گومانی نەهێشتەوە کە بێسوود بوو بۆ ئەو هەرێمە وەک چۆن کەڵکی نەبوو بۆ مەحسـوودەکانی سنووری رۆژئاوای هندسـتان. رەنگە ئەم بەراوردە لەوەدا بایەخی هەبێت کە وا کورد و مەحسوود چونیەکن لە ژمارەیەک رووەوە. چونکە کوردەکانیش وەک مەحسـوودەکان هەمیشـە لە رەوشـی رزگاریخوازیـدا بـوون و بەردەوام بەگژ ئەوانەدا دەچـوونەوە کە لە هەوڵـی کۆنترۆڵکردنیانـدا بـوون. بەهەمـان شـێوەی مەحسـوود کـوردیش لە رۆژگاری شێخ عوبێدوڵاوە لەلایەن سـەرۆکە ئاینییەکانەوە کۆنترۆڵ کراون، کە شێخەکان بوون جگە لە ئاغا کە وا سەرۆکی دنیایی بوون. لە کوردستانی ژێردەســتی بەریتانیــادا پرۆپاگەنــدەی تــورکی یــان ئیســلامی زیرەکــانە سەرکەوتووبوو لە هەڵگێڕانەوەی زۆرێک لە کوردەکان لەدژی بەریتانیا. بەم رەنـگە، کـورد وەکـو مەحسـوود، لەلایەن وڵاتێکـی ئیسـلامییەوە هانـدەدران لە دژی بەریتانیا راپەڕن و وەک ئەوانیشـیان کرد لە ژێر سـەرکردایەتی خـاوەن

پله و پایه ئایینییەکاندا. شتێکی سەیرە سەرنجی ئەوە بدەیت کە وا برووس، لە نووسینەکانیدا نزیکەی بیست ساڵ پێش ئەوەی بەریتانیا پەیوەندیی راستەوخۆ بە کوردەوە پەیدا بکات، بێت و بە مەحسوودیان بەراورد بکات. لە داکۆکی کردنیدا لە مەحسوود برگەیەکی دوورودرێژی لە کتێبەکەی لۆرد کۆرزۆن Lord Curzon "ئێران و مەسەلەی ئێران" گواستووەتەوە کە وا کۆرزۆن داکۆکی لە کورد دەکات دژ بە سیستەم و یاخیگەری و متمانە پێنەکردن. پاشان برووس دەگاتە ئەم ئەنجامە "ئەگەر ئێمە ناوی کوردەکان بگۆڕینە مەحسوودە وەزیرییەکان ئەوە ئەم باسە پڕ بەپێستی بارودۆخی ئەوانیشە"[٣٤].

بەڵام رەنگە مەسەلەکە مشتومڕی ئەوە هەڵبگرێت کەوا سیستەمی ئیدارەی تازە لە کوردستاندا رەنگە کاری خۆی کردبێت چونکە بەریتانیا هێزی تەواوی هێنابوو بۆ سەپاندنی، یان شێخ مەحمموودی بەدەستەوە بووە بۆ ئەو کارە، کە هۆکارێکی هەڵبژاردە بوو بۆ جێبەجێ کردنی سیستەمەکە و بەردەوام بوو لە هاوکاری و هەماهەنگی کردنیان. بەتەواوی روون و بەڵگە نەویستە کە وا هەردوک ئەم گریمانەیە سروشتی بنەڕەتیی حاڵەتەکەی فەرامۆش کردووە تا ئەم ئاستەی گرنگی پێدانی بەریتانییەکان، دابینکردنی هێزی تەواو بۆ سەپاندنی سیستەمی ئیداریی نوێ دەبوو لە خۆیدا شکستخواردوو بێت، چونکە ئەوان بۆ ئەوە پەنایان بردە ئەو سیستەمە رێک بۆ خۆلادان بوو لە بەکارهێنانی هێزی قەبە لە ناوچەکەدا. بەریتانییەکان بە تەمابوون، لە رێگەی دامەزراندنی سیستەمێکی حکوومیی پەسەند لەلایەن خەڵکەوە، ئەرکێکی گرانیان نەکەوێتە سەر کە خەرجی زۆری تێبچێت، دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە وا بەریتانیای مەزن لەو دەمەدا سەرگەرمی ئەوەبوو هێزەکانی لە میزۆپۆتامیادا زۆر ئەمسەر و ئەوسەر پێنەکات و بەو پێیەش نە

هێزی مرۆیی و نە مادی لەو کاتەدا لەبەردەستدا نەبوون. مشتومڕ لە سەر ئەوەی سیستەمەکە دەبوو کاری خۆی بکات چونکە شێخ مەحموود هاوکار بوو، بەڵام کارەکە لەوەدابوو کە سەرکەوتن یان شکستهێنانی سیستەمێکی حکوومەت، کە پشت بە هەڵوێستی تاقە کەسێک ببەستێ ئەوە مانای وایە ئەو سیستەمە راست نیە.

## دامەزراندنی شێخ مەحموود وەک حوکمدار

بۆ ئەوەی زانیارییی ئەو بارودۆخەی لە کوردستانی باشووردا بەدەستبێنین و بەرچاوڕوونییەکمان لەبارەی دۆخی بەریتانییەکان دەستبکەوێت لەو ناوچەیەدا، سێر ئەرنۆڵد ویڵسنی جێگری کۆمیسیۆنی مەدەنی لە ١ی دیسەمبەری ١٩١٨دا بە فڕۆکە چوو بۆ سلێمانی. لەم ماوەیەدا کۆبوونەوەیەک سازکرا لەگەڵ نزیکەی شەست سەرۆک هۆزدا. سەرۆکەکان بەزۆری لە کوردستانی باشوورەوە هاتبوون، بەڵام ژمارەیەکیان لە ناوچەکانی سنە و سەقز و هەورامانی ئێرانەوە هاتبوون. گفتوگۆیەکی دووروودرێژ بەدوای کۆبوونەوەکەدا هات لە نێوان شێخ مەحموود و پیاوانی تردا و گەلێ تەوەری باری سیاسی قسەی لە سەر کرا. ویڵسن راپۆرتێکی لە سەر ناوەرۆکی ئەم گفتوگۆیانە نووسیوە و بەگوێرەی قسەکانی ئەو کوردەکان بڕیاری بەرهەڵستیی گەڕانەوەی تورکەکانیان داوە کە وا دەست بدەنە چەک لەدژیان. هەرچەندە سەرۆکە کوردەکان دانیان بەوەدا ناوە کە هەرچۆنێک بێت پارێزگارییی بەریتانییان پێویستە، بەڵام واپێدەچوو بە کۆی دەنگ نەگەنە رێککەوتن کە چۆن ئەو کارە بکرێت. هەندێک سەرۆک هۆز خۆیان وا دەردەخست کە ئیدارەی بەریتانییان پێپەسەندە لە کوردستاندا،

بەڵام بەشێکیان دژ بەم پرۆژەیە بوون هەندێک پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کەوا دەبێ کوردستان لە لەندەنەوە بەڕێوەببرێت نەک لە بەغداوە و لە دیدی ئەوانەوە لەندەن شوێنی ئەستەمبووڵی گرتووەتەوە. بەپێی قسەی ویڵسن بێت چەند کەسێکی کەم لەو سەرۆکە کوردانەی لەوێ کۆبوونەوە بەنهێنی بەمیان وتووە کە وا هەرگیز سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود قبووڵ ناکەن، بەڵام بە گرنگییەوە ئەوەش دەڵێت کە ئەمانە نەیانتوانیوە پێشنیازی کەسێکی ئەڵتەرناتیڤ بکەن[٣٥].

لە پاش گفتوگۆیەکی زۆر شێخ مەحموود بەڵگەنامەیەکی داوەتە دەست ویڵسن کە لەلایەن نزیکەی چل سەرۆکەوە مۆرکراوە و ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

"حکوومەتی خاوەن شکۆ نیاز و مەبەستی خۆی راگەیاندووە بۆ رزگارکردنی میللەتانی رۆژهەڵات لە دەست زوڵم و زۆری تورک و هاوکارییان بکات لە دامەزراندنی سەربەخۆیی خۆیاندا. بۆیە سەرۆکەکان وەک نوێنەری گەلی کوردستان تکا لە حکوومەت دەکەن بیانخاتە ژێر پارێزگاری بەریتانیاوە و بیانبەستێ بە عێراقەوە و بێبەشیان نەکات لە سوود و خێراتی ئەو پێکهاتەیە. ئەوان داوایان لە کۆمیسۆنی مەدەنیی مێزۆپۆتامیا کرد نوێنەرێک بنێرێتە لایان لەگەڵ هاوکاری و یارمەتیی پێویستدا تاوەکو گەلی کورد، لە ژێر چاودێریی بەریتانیادا، بتوانێ بە ئاشتی گەشە بکات و پێشبکەوێت و ژیانی مەدەنیی خۆی بەرقەرار بکات. ئەگەر حکوومەت هاوکاری و پارێزگاریی خۆی بۆ ئەوان درێژە پێبدات ئەوە بەڵێن دەدەن لە فەرمان و ئامۆژگارییەکانی دەرنەچن"[٣٦].

لە وەڵامدانەوەی ئەم داواکارییەدا، ویڵسنی جێگری کۆمیسۆنی مەدەنی نامەیەکی دایە دەست شێخ مەحموود کە جەخت و پشتیوانی دەکات لە سەر

ئەو خاڵانەی لە نووسراوەکەی ئەواندا هاتووە. لە هەمان کاتیشدا نامەکە دوا مۆری فەرمیی مێجەر نۆئێلی چەسپاند سەبارەت بە پێشتر دامەزراندنی شێخ مەحموود بە حوکمداری باشووری کوردستان. من نەمتوانی تێکستی تەواوی ئەم دۆکۆمێنتە بەدەستبهێنم کە بەئاشکرا بنەمای یاسایی دامەزراندنی دەسەڵاتی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستاندا رادەگەیەنێت. بەهەرحاڵ، دەکرێ ناوەرۆکی ئەم نامەیە لە ژمارەیەک خاڵدا کورت بکەینەوە:

"لەبەرانبەردا شێخ مەحموود نامەیەکی دراوەتێ و ئەوەی تێدا هاتووە کە وا هەموو هۆزە کوردەکان لە زێی گەورەوە تا دیالە (سیروان)، ئەوانەی لێبەدەر کە لە خاکی ئێراندان، بەتەواوی ئازادی و خواستی خۆیانەوە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودیان قبووڵە و ئەم نامەیەش پشتگیریی ئەخلاقیی ئێمە دەگەیەنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی سەرەوە، لەبری حکوومەتی بەریتانیا، کە دەبێت فەرمانەکانی جێبەجێ بکرێت"[٣٧].

هەردوو بەڵگەنامەکە – ئەو راگەیاندنەی کە لەلایەن سەرۆکەکانەوە مۆرکرابوو و ئەو نامەیەی ویڵسنیش – هەریەک بەجیا یان پێکەوە وەریانبگرین بە رێکەوتننامەیەکی فەرمی ناژمێردرێن لە نێوان دوو لایەنی وەک یەک و سەربەخۆدا و شێخ مەحموود یان سەرۆکە کوردەکانی تر هەرچۆنێک بیریان کردبێتەوە لەم رێکەوتننامە تازەیە، هیچ گومانی تێدا نیە کە بەریتانییەکان تەنها بە رێککەوتنێکی شلوشۆڵیان لەقەڵەمداوە بۆ ماوەیەکی کاتی لەگەڵ جەمسەرێکی دەسەڵات بەدەستی لۆکاڵدا کە وا چەند ئامانجێکی کورتخایەن بێنێتەدی و لە هیچ شوێنێکی هەردوو بەڵگەنامەکەدا هیچ باسێکی روون و ئاشکرای سروشتی دەسەڵاتەکانی شێخ مەحموود نەکراوە.

لە یەکەم بەڵگەنامەدا کە لەلایەن نزیکەی چل سەرۆک هۆزەوە مۆرکراوە خۆیان بە "نوێنەرانی گەلی کوردستان" ناودەبەن. کێشەکە لەوەدایە کە وا

شـێخ مەحمـوود و سـەرۆکەکانی تـری کۆبـوونەوەکە بە نـاوی گەلـی کوردستانەوە قسەیان دەکرد. ڕاستییەکەی خودی شێخ خۆی هەمیشە ئەوەی دەردەبـڕی کە هێـز و دەسـەڵاتی ئەو لەلایەن خەڵکـی کـوردەوەیە و لەلایەن هەموو کوردی ویلایەتی مووسڵەوە دەسەڵاتی پێدراوە.

بەڵام وادەردەکەوێت بەریتانییەکـان ئەم سـووربوونەیان بە ئیـدیعایەکی بێ بنەمـا لەقەڵەمـدابێت و ڕووی خۆیـان لەم مەسـەلەیە وەردەگێـڕا. جێگـری کۆمیسیاری مەدەنی نەک تەنها ئەمەی پشتگوێ دەخست، بەڵکو ئاماژەی بۆ ئەوە دەکـرد کە دەسـەڵاتی شـێخ لە حکـوومەتی بەریتانیـاوەیە. ڕاسـتییەکەی نـامەکەی ویڵسـن بە ئاشـکراییەکی ئـازاربەخش ئەوە دەردەبـڕێ کە وا شـێخ مەحمـوود تـا ئەو ئاسـتە دەتـوانێ پشـتگیریی بەریتانیـا مسـۆگەر بکـات کە ملکەچی ئەوان بێت و خواستیان جێبەجێ بکات وەک ئەڵقەلەگوێیەکی خۆیان.

لە سەردانەکەی ویڵسندا بۆ سلێمانی گفتوگۆ لە سـەر چەند مەسـەلەیەکی تـر کـرا. وا باسـدەکرێ کە شـێخ مەحمـوود داوای کردبێـت ئەفسـەرە بەریتانییەکـان بکـرێنە بەرپرسـی هەمـوو دامودەزگاکـانی حکـوومەت و ئەو هێـزەی لیڤـی کە وا نیـازبوو درووسـتی بکەن، بەڵام ئەو مەرجەی دانـاوە کە بەپێـی توانـا کاربەدەسـتی لەوان خـوارتر کـورد بـن نەک عەرەب[٣٨]. خەڵکـی شـارەکان و عەشـایەری کەرکـووک و کفـری ڕازی نەبـوون بـدەنە پـاڵ حکوومەتێکی پێشنیازکراوی وا بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود و لەبری ئەوە داوای ئیدارەدانی ڕاستەوخۆی بەریتانیایان کرد و شێخ مەحموودیش پێی لە سەر هاتنە پاڵی ئەوان دانەگرت[٣٩].

نوێنەرانی تیرە و هـۆزە کوردەکانی ئێرانیش کە داوایان کردبوو بخـرێنە سـەر حکـوومەتە سـەربەخۆکەی شـێخ مەحمـوود ئاگـادار کـرانەوە کە ئەوە کـارێکی مەحـاڵە و تێیانگەیانـدن کە وا پابەنـدییە نێودەوڵەتییەکـانی بەریتانیـا

ڕێگە بە حکوومەتی ئەو وڵاتە نادات پشتگیریی پرۆژەیەکی لەو چەشنە بکات، بەڵکو داوایان لێکرا لە سەر ئێران بمێننەوە و پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ باشووری کوردستانی سەربەخۆدا بهێڵینەوە. ئەوانیش قەناعەتیان بەو ڕوونکردنەوەیە کرد و وایان دەربڕی کە ئەو بارودۆخەیان پێ پەسەندە[٤٠].

مێجەر نۆئێل، کە بۆ هەولێر و ڕەواندز نێردرابوو بە مەبەستی هاندانی تیرە و هۆزەکانی ئەو ناوە بۆ ئەوەی بچنە پاڵ حکوومەتی کوردستانی باشوور بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود، لەم ئەرکەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. کوردەکانی ئەو ناوچانە هاوبەشی ئاشتی و ئیمیتیازاتی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود بکەن، کە پێیانوابوو لەڕووی پارێزگاری و مادییەوە بەریتانیای لەپشت بێت[٤١]. پاشان زۆری نەبرد ئەفسەرانی سیاسی بۆ کۆیە و ڕانیە دانران و سیستەمی بەڕێوەبردنی سلێمانی پەلی کوتا بۆ ئەوێ و ناوچەی ڕەواندزیش. کاری سەرەکی لە ڕەواندزدا بەرەنگاربوونەوەی وێرانەی جەنگ بوو. ڕەواندز و ناوچە دێهاتییەکانی دەوروپشتی لە بارێکی زۆر خراپدا ئەژیان لە ئەنجامی شەڕی یەک لە دوای یەکی تورک و ڕووس و بەدوایدا گرانی و برسێتی و تاعوون ماڵکاولییەکی بێئامانی بەرپا کرد. هەنگاوی بەپەلە گیرایە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا لە هەولێرەوە بارە دانەوێڵەیان بۆ ڕەوانە کرا و دەستکرا بە فریاکەوتنی برسێتی و هانی کشتوکاڵ کردن درا و چەردەیەک یاسا و ئاسایش هاتە ئاراوە، بەڵام ئەرکەکە زۆر گران کەوتەوە لە ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکانی باکووری ڕەواندزدا[٤٢].

## شێخ دەسەڵاتی خۆی بەهێز دەکات

شێخ مەحموود هەر لە سەرەتاوە بڕیاریدابوو هەموو ئەو ناوچانە بەهێز بکـات کە کەوتبـوونە ژێـر دەسـتی ئەمەوە وەک حوکمـدار. بەم دیـد و بۆچـوونەوە هەردەم لە پەلەقـاژەی ئەوەدابـوو تەواوی دەسـەڵات لە دەسـتی خۆیـدا کۆبکـاتەوە. ئەو دەیویسـت دڵسـۆزیی زۆرێـک لە سـەرۆک هۆزەکـان مسـۆگەر بکـات لە ڕێگەی دابەشـکردنی پـارە و ئیمتیـازاتەوە، هەریەکە بەپێـی خـۆی. بەکارهێنـانی یـارمەتیی دارایـی زۆر و زەوەنـد کە لەلایەن حکـوومەتی بەریتانیاوە بۆی ڕەخسـێنرابوو و ئەو شـێوازی دەسـەڵات قۆرخکردنەی وەک حوکمدار بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی پێگەی خـۆی لەنێو تیرە و هۆزەکاندا بە چـاکی درکـی پێـدەکرا لەلایەن بەریتانییەکـانەوە، ڕاپۆرتێـک کە لە سـاڵی ١٩١٩دا نووسراوە سەرنجی ئەوە دەدا کە وا:

"هەروەهـا دڵسـۆزی بـۆ شـێخ مەحمـوود وەک حوکمـداری وڵاتەکە هەلـومەرجێکی ڕەخسـاندووە کە بە هـۆی پـارە و مـاڵی حکـوومەتی خـاوەن شـکۆوە لە یەک کاتـدا ببـێ بە کەسـایەتییەکی بەناوبانـگ و خـاوەن مـاڵ و دەسـەڵاتێکی شـاهانە. لە پاش ملکەچـی و دڵسـۆزی خەڵات و بەرات بە کـاش ئامادەیە"، کە لەو ڕۆژگارەدا دەگمەن بوو، بەپێی ئەو سیستەمە سەرۆک هـۆز پارەی باشی دەستدەکەوێت و هی هۆزەکەش بۆ خۆی قۆرخ دەکات بێئەوەی چاودێریی کاربەدەستانی حکوومەتی بەسەرەوەبێت"[٤٣].

شـێخ، لە گەڕانیـدا بـۆ بەسـتنەوەی هۆزەکـان بەخـۆیەوە لە پـاکژکردن و کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبەرێتییە تازەکەیدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا و پۆسـتی جۆراوجۆری بە خزم و ناسیاوەکانی پڕکردەوە و بە زیرەکی هەموو ئەوانەی دوورخستەوە کە بە دڵسۆز و پشتیوانی لەقەڵەم نەدەدان[٤٤]. ئەوانەی ملکەچ و سـەربەخۆی بـوون هەمـوو پۆسـتە گرنگەکانیـان لە حکـوومەتە نـوێکەدا قـۆرخ

کردبوو. بەم رەنگە سەرۆکی پۆلیسی سلێمانی و قازیی دادگای سلێمانی و ئەوانیتریش لە سەردەستی شێخ خۆیدا دانرابوون[٤٥]. تەنانەت لێڤیی کورد، کە هێزێکی کاریگەر بوو و لە سەروبەندی پێکهێنانی حکوومەتی کوردستانی باشووردا دامەزرابوو، دەبوو سوێندی دڵسۆزییان بۆ خودی شێخ مەحموود بخواردایە[٤٦]. شێخ سوودی لە کەشوهەوای دەرکەوتنی تاک دەبینی. بەریتانییەکان پێویستیان بە پشتگیریی ئەم بوو وەک چۆن ئەمیش بە هەمان شێوە پێویستی بەوان بوو. گێرتروود بێڵ دەگێڕێتەوە کە:

"بەبێ ئەو هاوکاری و یارمەتییەی ئەو دەبوو پێگەیەکی سەربازیی بەهێز دامەزرێنین، کە لەو دەمەدا لەتوانادا نەبوو ئەو کارە بکەین. لە دید و بۆچوونی سیاسییەوە بایەخێکی گەورەی هەبوو ئێمە بتوانین یاسا و نیزام لەو ناوچەیەدا بپارێزین و لە هەمان کاتیشدا خۆ لابدەین لە بەکارهێنانی هێز بۆ ئەو مەبەستە"[٤٧].

بێگومان شێخ مەحموود بەئاگابوو لە رۆڵ و بایەخی خۆی بۆ بەریتانییەکان. ئێمە نازانین تا چەند بڕوای هەبوو بەوەی کە پشتی دەگرن، بەڵام ئەو هەموو کاتێ بێ دوودڵی گوزارشی لەوە دەکرد کە "ئەوان ئامادەبوون بۆ دامەزراندنی حوکمداریتییەکەی و ئەگەر پێویستی بکردایە هێزیان بەکاردەهێنا"[٤٨].

بەپێی زەروورەتی ئەو کات و سەردەمە کەسانی کاریگەری تایبەت لەو بەڕێوەبەریتییە تازەیەدا دەیانتوانی هەر بەرەنگارییەک رابماڵن ئەگەر رێی لە فراوانخوازیی دەسەڵاتی شێخ مەحموود بگرتایە. کورد کە زۆری بەدەست شەڕوشۆڕەوە چەشتبوو تامەزرۆی حەوانەوە و پشوودان بوو، هەروەها بەریتانییەکانیش کە هێز و دەسەڵاتێکی نوێ بوون لەو خاکەدا، واپێدەچوو بڕیاریان دابێت سوود و قازانجی بەڕێوەبەریتییەکەیان پەرەپێبدەن لە ژێر

سایەی سەرکردایەتیی شێخدا. بەم رەنگە بەرەنگاریی خەفە کرابوو و رژێمی تازە لە سەرتاپای هەرێمەکەدا قبوول کرابوو تاڕادەیەک بە بێ بەرهەڵستی. مێجەر سۆن بەم شێوەیە باسی کاردانەوەی کوردەکان دەکات لە ئاست دامەزراندنی حکوومەتی نوێی شێخ مەحموودا:

"هیچ کاتێ کوردەکان هێندە پەرۆش نەبوون بۆ ئاشتی، چون ئەوەندەیان نەبوونی و نەدارایی چەشتبوو کە وا ئامادە بوون بۆ مۆرکردنی هەر بەڵگەنامەیەک یان جاڕدانی هەر راگەیاندنێک بۆ رەخساندنی ئارامی و خۆراک. بەم جۆرە هۆز لە دوای هۆز کە تا ئەمڕۆ شێخ مەحموودیان ناسیبوو یان لە باشترین حاڵەتدا وەک نەوەی پیاوچاکان ناسیبوویان، کەچی دۆعایان دەکرد بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە تازەکەوە بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود، ئەو برگەیەی واتێدەگەیشتن کە وا حکوومەتی بەریتانیا بۆ مەبەستی خۆی دایتاشیوە"[٤٩].

## رەخنە لە سیستەمی خێڵەکی، کە لە کوردستانی باشووردا پەیڕەوکرا

مێجەر سۆن، لە راپۆرتێکی فەرمیدا بەتوندی رەخنە لەو سیستەمە نوێیەی کارگێڕی دەگرێت. لە برگەیەکدا لە ژێر سەردێڕی "سەرنج لە سیستەمی خێڵەکیی بەڕێوەبردن"، دەستنیشانی لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی سیستەمە تازەکە دەکات و خاڵ بە خاڵ خراپییەکانی باس دەکات. لە برگەی یەکەمدا باسی مەبەست و چاوەڕوانیی سەرکردە دەکات و هیچ بوارێکی گومانی نەهێشتووەتەوە کە وا بەریتانیا پێشنیازی سیستەمەکەی کردووە و پشتی گرتووە و شێخ مەحموود وەک ئامێرێک دانراوە بۆ جێبەجێ کردنی و هەردوک بەپێچەوانەی یەکتر دەجووڵێنەوە.

"سیستەمێکی بەڕێوەبردن کە دەکرێ ناوی لێبنێیت سیستەمی خێڵەکی پەیڕەوی کراوە. ئەمە لەلایەن ئەفسەری سیاسیی بەرپرسەوە وادانراوە ئاسوودەییەکی نەتەوەیی بێت و کەسایەتی و خاسییەتی کوردستان بپارێزێت. بەهەرحاڵ، ئەمە ئارەزووی شێخ مەحموود بوو بۆ دامەزراندنی سیستەمی خێڵەکی، واتە لەم ڕێگەیەوە بەئاسانی دەیتوانی بەرتیل بداتە سەرۆک هۆزەکان یان هەڕەشەیان لێبکات و زیاتر کونترۆڵ لە دەستی خۆیدا کۆ بکاتەوە خێراتر پێگە و دەسەڵاتی ڕەها بەدەستبێنێ کە مەبەستی بوو پێیبگات. سیستەمی حوکمکردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن کاربەدەستانەوە کەوا بەشێوەیەکی سروشتی بەلای تێکشکاندنی تیرە و هۆزدا دایدەشکێنێ و دەخوازێ کۆمەڵگایەکی دیموکرات و تەبا لە ڕەنجدان و کارکردندا دابمەزرێنێ و ئەمەیان ئەو نەیدەخواست. ئەو وەک ڕاوێژکاری سەرەکی ئەفسەری سیاسی هانی بووژانەوەی سیستەمی خێڵەکیی دەدا – کە لە سلێمانیدا – لە حاڵەتی گیانەڵادا بوو"[٥٠].

ئەگەرچی زۆر روون و ئاشکرایە کەوا سۆن زۆر رقی لە شێخ مەحموود بوو و خۆی بۆ مەڵاس دابوو لە داهاتوودا پێی بڕێژێت، بەڵام هێشتا هەر سیستەمەکە و ئەوانەش کە لایان پەسەندبوو بێ دەسکاری مابوونەوە و لەمەودوا لە هەموو پەیوەندییە فەرمییەکانی تریشدا سۆن هەرگیز قسەی نەدەخواردەوە و نە پێداویستیی فەرمی نەریتی رەفتارکردن و نە ترس لەوەی دیسپلینی کاروبار دەشێوێنێ هیچیان نەیانتوانی زمانی ئەم کابرایە نەرم بکات یان هەڵوێستی چاک بکات[٥١].

لە بواری هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و سەرۆکی کوردا، سۆن دێتە سەر باسی پرۆسەکە و خراپیی ئەم سیستەمە نوێیە کەوا بێکەڵکە و دواکەوتووە و جێبەجێ ناکرێت و دەڵێ: "بووژاندنەوەی سیستەمی خێڵەکی

بزووتنەوەیەکـــی پـــێچەوانە و پاشـــگەزبوونەوەیە. ئێســـتا کوردســـتان بە شـێوەیەکی فـراوان لە خێڵگەرایـی دەرچـووە و ئاسـتێکی بـووژانەوەی تێـدا هـاتووەتە ئـاراوە و لە فـرە رووەوە چـووەتەوە دۆخـی پـێش جەنـگ. ئێسـتا ئەفسەری سیاسی دید و بۆچوونی شێخ مەحموودی قبووڵ کردووە کە تەواو وزە و توانـای تەرخـان کـردووە بـۆ دووبـارە گێـڕانەوەی خـێڵگەری و هەر پیاوێک نازنـاوی هـۆز یـان خێڵـی پێوە بێت خـراوەتە ژێر رکێفـی سـەرۆک هۆزێکەوە. بیرۆکەکە وابوو کە باشووری کوردستان دابەش بکرێت بە سـەر ناوچەکـانی خێڵـدا و بخـرێتە ژێـر رکێفـی سـەرۆک خێڵەکـانەوە. پیـاوانی دێهاتنشـینی بێکەڵک و گەمژەیان دۆزیوەتەوە و بە سـەرۆکی ئەو خێڵانەیـان دانـــاون کە دەمـــێکە پووکـــاونەتەوە و لەنـــاوچوون. بە دەســـتە و تـــاقمی خانوونشـینی نـاوچە گەرمەکانی لای کفرییـان وتـووە کە یەکبگرنەوە و بیـری خۆیان بخەنەوە کە رۆژگارێک خەڵکی خێڵەکی بوون و سەرۆک خێڵیـان بـۆ دۆزراوەتەوە و باج و خەراجی داهات دەبوو بەپێی خەملاندنی ئەم سـەرۆک هۆزە بدرێ. دەبوو ئەم سەرۆک هـۆزە ئیدارەی یاسـا بدات، کە تەنهـا دەبوو دانـی بەوەدا بنـایە کە شـێخ مەحمـوود حوکمـداری کوردسـتانە، حوکمـدارێکی رەهای خێرخواز و لە بەرانبەردا خەڵات و یارمەتی وەربگرێت. ژیانی خۆشـی بۆ پیاوی عەشایەر بوو بەڵام مردن و فەوتان بۆ بازرگانی و شارستانییەت و ئـارامی. ئەمە هەروابـوو و تۆمـاری جێگـری ئەفســەری سیاسـی لە سـلێمانی شـەڕێکی سـەخت و درێژخـایەن دەخـاتەڕوو دژ بە ئەنجـامە سروشـتییەکانی سیســتەمەکە. تاوانبــارێکی خێڵەکــی خــۆی فڕێبــداتە بەرپێــی ســەرۆکەکەی، گوناهکـارێکی گەورە کوڕنـۆش بـۆ شـێخ مەحمـوود ببـات دەبەخشـرێت و تەنانەت بەر سۆز و خۆشەویستیش دەکەوێت. هەر جۆرە گونـاه و تاوانێک دەکرێ ببەخشرێت ئەگەر بەرزبکرێتەوە بۆ شـێخ مەحموود کە وا دەسبەجێ کارەکە لەگەڵ ئەو بەناو سەرۆک خێڵەی کێشەی گوناهکار چارەسـەر دەکات.

خەڵکی وڵاتەکە بەجارێ نائومێد بوون، دەست و قاچیان دەبەسترێت و دەخرێنە بەردەستی ئەو سەرۆک هۆزانەی بوون بە خاوەن دەسەڵات بۆ ئەوەی زوڵم و ستەمیان لێبکەن و خەڵتانی خوێنیان بکەن"[٥٢].

ئەنجامی چوونە ناو ئەم سیستەمەوە سەپاندنی رژێمێکی گەندەڵی ستەمکار بوو بە سەر خەڵکەوە. سۆن بە چاکی رەوتی خراپەکاری و نادادیی ئەم رژێمە باس دەکات: "سیستەمی خێڵەکی سیستەمێکی ئایدیالیستە و وەک گەلێ پرۆژەی لەو چەشنە هەڵدەوەشێتەوە کاتێ پەیوەندیی لەگەڵ بێرێزکردنی مرۆڤدا دەگرێت. کاریگەریی ئەو لە نایاسایی بەربڵاودایە و خەڵکی دەرفەتی ئەوتۆیان نیە بۆ سەرفرازبوون و رزگاربوون لە ستەمکاریی ئاست نزم و بەکورتی ئەم سیستەمە بوو بە چاودێر و باوکی خەڵکی خراپ و زیانبەخش و سەرکوتکەری کەسانی دیموکرات"[٥٣].

سۆن باسی ئەوە دەکات کە وا ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا ناتەواوی و کۆسپی ئەم سیستەمەیان دۆزیوەتەوە، هەروەها راپۆرتێکی گواستووەتەوە کە لەلایەن کاپتن لۆنگریگی (دواتر بووە بە بریگادێر یان لیوا) یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە کەرکووک بەرز کراوەتەوە، لە رۆژی ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩١٨دا. کورتەی راپۆرتەکەی لۆنگریگ ئەوەیە کەوا سەرەڕای قبووڵکردنی ئەم سیستەمە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری کوردەوە، بەڵام تەنها بۆ ئەوە دەشێت ببێتە مایەی نیگەرانی ئەو کەسانەی کە بە بێکەڵکی دەزانن. هەروەها سەرنجی ئەوەش دەدا کە وا رەنگە هەندێک تا ئەو ئاستە لێی ناڕەحەت بن کە حەز بکەن ئەفەندییە کۆنەکان، واتە کاربەدەستانی تورک بگەڕێنەوە. لەوەش زیاتر، لۆنگریگ ترسی ئەوە دەردەبڕێ کە وا کورد لە ژێر سایەی ئەم سیستەمە نوێیەدا رەنگە بیسەلمێنن کە یەکسان بن لەگەڵ توورکدا شوەک ستەمکارێک[٥٤]. هەروەها پرکێشیی ئەو رایەش دەکات کە ئەم رژێمە

نــوێیە ڕەنــگە لەلایەن جووتیــارانەوە بــدرێتە دواوە. دواجــار دەگــاتە ئەو ئەنجامەی کە وا "ئەمە بەئاشکرا دیموکراسـی دەکاتە قوربـانی نەتەوەیی، جا باشتر بێت یان خراپتر. کارێکی ئاسانە، با خۆشیش نەبێت، کەڕ بیت لەئاست هاواری ڕاستەقینەدا دژ بە کاری هەڵبژاردەی خۆمان"[٥٥].

لە ڕاپۆرتێکی تردا کە مانگێک دواتر (لە دیسـەمبەر – کانونی دووەمـی ١٩١٨ – ١٩١٩دا) لۆنگریـگ بەرزی کـردووەتەوە و دیسـان مشـتومڕ لە سـەر سیستەمی خێڵەکی دەکات و وەک ئەزموونێک بۆی دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی تێبینی ئەو مەترسیانە دەکات کە پەیوەندیدارە بەوەی "خەڵکی خێڵەکی بخرێنە بەر ڕەحمەتـی سـەرۆک خێڵەکانیـان و بـاس لە سـوود و قازانجێـک کە لەم سیستەمە بەدەستدێت. بەپێی بۆچوونی ئەو سیستەمە کە چاودێریی هەستی نەتەوەیـی دوور دەخــاتەوە و ژمــارەی گوناهکــارانی دژ بە دادپەروەری و ئازادی کەمدەکاتەوە"[٥٦].

کـارێکی باشـە رای ئەفسـەرێکی بەریتـانی تـر ڕەچـاو بکەیـن سـەبارەت بە سیسـتەمی نـوێی کـارپێکراوی خێڵەکـی، کە ئەویـش جـاردینە Jardine و لەو دەمەدا یاریدەدەری ئەفسـەری سیاسـی بـوو لە کفری و لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێ: "سیسـتەمی خێڵەکیـی قەزا لە بـارێکی هەڵوەشـانەوە و لەناوچوونـدایە و ئەمە پرۆســەیەکە لەلایەن سیاســەتی تــورکەوە چــاودێریی دەکرێـت لە دەمــی حـوڕییەتەوە"[٥٧]. لە هەنـدێ حاڵەتـدا کوێخـای گونـد کەس بە سـەرووی خـۆی نازانێ، ئەفسەری سیاسیی لێبەدەر. ئەمە وادێتە بەرچاو کە ئاسانکردنی کاری کۆکردنەوەی داهات بێت، بەڵام وا لە کارگێڕی دەکات لە ڕووی دادپەروەری و یاســا و نیـزامەوە قورســایی زیـادی بکەوێـتە سـەر وەک لەو شـوێنانەی سیستەمی خێڵەکی لە شێوازی سەرەتاییدا خۆی دەنوێنێ. لە چەندین شوێنی ئەم ناوچەیەدا من توانیومە وا لە سیستەمی خێڵەکی بکەم بەرپرس بێت لە

قـانون و نیـزام، بەڵام هەمـوو هەوڵەکـان بـۆ بەکارهێنـانی ئەو سیسـتەمە لە داهـات کۆکردنەوەدا تەنهـا بووە بە مـایەی دواخسـتنی بێپاسـاوی کۆکردنەوە یـان مـامەڵەی نـاڕەوا و نـابەجێ لەگەڵ فەلاحـدا، واتە جووتیـار. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی خێڵەکی بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنێم"[٥٨].

لەم راپــۆرتەوە تێبینــی ئەوە دەکرێــت کەوا تەنــانەت ئەو ئەفســەرە سیاسـییانەش کە وەک سـۆن بەو توندییە بەرهەڵسـتی سیسـتەمی خێڵەکیـان نەکـردووە، بەڵام ئەمـانیش بەدگومـانیی خۆیانیـان لەئاسـت دادپەروەری و حیکمەتی کارپێکردنی خستووەتەڕوو. بێگومان بەریتانییەکان وەک هۆکارێکی کاتی پەنایان بردووەتە بەر سیستەمی خێڵەکی. بە نەبوون و دەستنەکەوتنی ژمارەی گونجاوی کارمەندی ئەزموونداری بەڕێوەبردن و هێزێکی گەورەی کارامە کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەرکی پارێزگاریی یاسا و رێسـادا بکات لە ناوچە تازە داگیرکراوەکاندا، بۆیە ناچار دەبن سیستەمێکی حکوومەت دابهێنن کە بتوانن لە رێگەی بەگەڕخستنی ژمارەیەکی کەمی ئەفسـەرانی خۆیـانەوە و بە سەرپەرشتی ئیداریی ئەوان کار رایببکەن.

بەریتانییەکان پێویستیان، یان وایلێکدەدەنەوە کە پێویستیان بە پشتگیریی سـەرکردە خۆماڵییەکـان هەیە، بەشـێوەیەکی هێند خراپ کەوا بـێ دوودڵـی تـا پەڕی ئەوپەڕی دەڕۆن بــۆ رازیکــردنیان لەپێنــاوی مسۆگەرکــردنی هـەماهەنگی و هاوکارییاندا، کاربەدەستە بەریتانییەکـان زۆر دوور دەڕۆن تـا ئاسـتی ملکەچکردن و مـامەڵەی نـاڕەوا، لە سـەر حیسـابی خەڵکەکە بەگشـتی زۆرێک لە سەرکردە خێڵەکییە دەسەڵاتدارەکان هەلیان بۆ رەخساوە زەویوزار بـکەنە مڵکیـان و هـیچ ناونیشـانێکی روونیشـیان نـیە و راسـتییەکەی لە زۆر حاڵەتـدا ئەوان هـیچ مافێکیـان لەو زەویـوزارەدا نـیە کە لە ژێـر دەسـتیاندایە بەدەر لەوەی کە بەزۆر داگیریان کردووە. بێڵ ئەم کێشـەیە لە چەند دێڕێکدا

ڕوونـدەکاتەوە کەوا: "لە سـەرەتاوە دڵەڕاوکێیەکـی تـایبەتی لە نـاو ئاغاکانـدا پەیـــدابوو لەترســـی ئەوەی کە وا داگیرکردنـــی بەریتانییەکـــان دەبـــێ ئەو پرسیارەی بەدوادا بێت چەشنی خاوەنداریێتیی زەوی، کە لە زۆربەی حاڵەتدا هـیچ مافێکیـان بەسـەرەوە نیە بەزۆر داگیرکردنـی نەبێت. هەرچەنـدە توانـا و دەسەڵاتی ئاغا و سەید لەگەڵ بەرژەوەندیی ڕەشەخەڵکەکەدا یەکینەدەگرتەوە، بەڵام لەو دەمەدا مەحـاڵ بـوو بەربەسـتیان بـۆ دابنێـی. بـۆ هیـۆرکردنەوە و ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی چینی فەرمانڕەوا تۆماری تاپۆ نەنێردرا بۆ بەغدا، کە دەبوو وردبینیی تێدا بکرایە و لەبری ئەوە ڕێگەدرا کە بە شێوەیەکی کـاتی لە سلێمانی بمێنێتەوە"[٥٩]. لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنەکانی دواتردا، ئاشکرابوو کە ئەم ئیمتیـــازانە بەتەواوی  بێســـوودن، لەبەر ئەوەی گەلێــک لەوانەی ئەم خەڵات و بەراتەیـان درایە دواتـر و پـاش چەنـد مانگێـگ لە دژی بەریتانیـا هەستان.

## تێکچوونی پەیوەندیی نێوان شێخ مەحموود و بەریتانییەکان

### - بێزاریی شێخ لە کۆت و پێوەندەکانی بەریتانیا

ئێستا شێخ مەحموود ئەو پێگەیەی بەدەستهێناوە کە بە پەرۆشەوە هەوڵی بۆ داوە و ئەو ڕاستییەی نەدەشاردەوە کە هەموو ئیمیتیازێکی ویستووە، بەڵام هیچکام لەو پابەندییانەی بۆ بەدینەهات کە هاوشانی ئیمتیازاتەکانی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا راستیی دامەزراندنی وەک حوکمدار هەندێ بارودۆخی تایبەتی هێنایە پێشەوە و واپێدەچوو حیسابی دەسەڵاتە بێسنوورەکەی خۆی بۆ دەکردن. ئەو ناوچەیەی بۆی هەبوو ئیدارەی بدات سنوورەکەی لە نێوان زێی گەورە و رووباری سیرواندا بوو و دەسەڵاتی ئەویش وەک فەرمانڕەوایەک بەتەواوی کورتکرابووەوە بەوەی سەر بە بەریتانیایە. شێخ نەیدەویست ئەوە قبووڵ بکات و بەکۆیلەکردنێکی ئەنقەستی لەقەڵەمدەدا بۆ تەگەرەدان لە دەسەڵات و کاریگەریی ئەو دەستوەردانە لە ئازادیی کارکردنیدا.

ئێدمۆندس، لە نووسینێکیدا چەندین ساڵ دوای ئەم رووداوانە باس لە کاردانەوەی شێخ مەحموود دەکات بەرانبەر بەو کۆت و سنووردانانەی خستبوویانە سەر دەسەڵاتەکەی و سەرنج رادەکێشێ بۆ سەرجەمی بارودۆخەکە کە وا نەگونجاو و قبووڵ نەکراو بووە بۆ سروشت و ئەقڵییەتی کەسێکی وەک شێخ مەحموود و دەڵێت کە وا "ئەو زۆر بێتاقەت بوو لە سنووردار کردنی دەسەڵاتەکەی بۆ ئەو ناوچانەی دیاریکرابوون. تەنانەت لە سەردەمی تورکیشدا ئەو وەک هاوڵاتییەکی کاربەدەست لە رێگەی دەست و پێوەندیەوە ترسی خستبووە دڵی شارەوە، کەچی ئێستا بە فەرمی حوکمدارە و تێناگات لەو گرفت و کۆسپانەی خراونەتە بەردەمی، تەنانەت لەلایەن دەستەی راوێژکاریی نۆئێڵی لەسەرخۆ و میانڕەویشەوە"[٦٠].

بێـڵ گومــان نــاهێڵێتەوە لە هەڵوێســتی شـێخ مەحمــوود ســەبارەت بەم مەسـەلەیە و جەخـت لە سـەر ئەوە دەکـات کە ئەم هەڵوێسـتەی شـێخ لە ژێـر کاریگەریی توندی پیاوەکانی دەوروپشتیدا بوو. بەپێی قسەی بێڵ، ئەم پیـاوانە لەجیـاتی ئەوەی هـانی بـدەن بـۆ گفتوگـۆیەکی هێمنـانە و لەسـەرخۆ، دنەی ئەوەیان دەدا هەڵوێستێکی ڕەق و پڕ لە بەرەنگاری وەربگرێت و دەڵێت:

"شێخ مەحموود ئامادە نەبوو کەمتر لە تورکمـان لێ قبـووڵ بکـات و هـیچ سنوورێک بۆ دەسـەڵاتی دابنێین. کۆمەڵێک کەسـانی خۆپەرسـت و مەراییکەر دەوریــان دابــوو و مێشــکیان پڕکردبــوو لە ئایـدیای پەڕگـر و نــاواقیعی و خستبوویانە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە فەرمانڕەوای تەواوی کوردستانە. ئەو بەردەوام دەسـتی دەخسـتە کاروبـاری ئیـدارەوە و دەزگاکـانی بەڕێـوەبردنی پڕکردبوو لە خزمی خۆی و کەسانی مفتخۆر"[٦١].

هەرچەنـدە شـێخ مەحمـوود دڵـی خـۆش بـوو بە پشـتگیری و یارمەتیـدانی بەریتانیـا، بەڵام بەئاشـکرا بڕیاریـدابوو مـل بـۆ هـیچ ڕێگـرییەک کەچ نەکـات. ســەرەتا بەئاگــادارییەوە خــۆی وا پیشــاندەدا پێداویســتییەکانی سیاســەتی بەریتانی جێبەجێ دەکات، بەڵام پێدەچوو بڕیاری خۆی دابێت کە بە ڕێگەی تــایبەتی خــۆی شــوێن ئامانجەکــانی بکەوێـت. بەم ڕەنـگە هەمـوو توانــای خســتبێتەگەڕ بــۆ بەهێزکردنــی دەســەڵاتەکەی و فراوانکردنــی کــاریگەریی لە سەرانســـەری کوردســـتاندا، بێگوێـــدانە ئەوەی بەریتانییەکـــان چـــۆن بێردەکەنەوە و چیدەکەن و لە ماوەیەکی ستانداری کەمدا توانی سـەرکەوتن بەدەسـتبێنێت. لە زیادکردنی هێز و دەسـەڵاتدا و فراوانکردنـی کـاریگەریی بـۆ ئاستێک کە وا بەریتانییەکان هەستیان کرد ناچارن هەندێک کاری بەپەلە بکەن بۆ ئەوەی رایبگرن پێش ئەوەی بارودۆخەکەیان لەدەست دەربچێت.

هێشتا مانگێک تێپەڕ نەبووبوو بە سەر دامەزراندنی شێخ مەحموودا وەک حوکمــدار لەلایەن جێگــری کۆمیســیۆنی مەدەنیــیەوە کــاتێ بەریتانییەکــان بەخۆیان زانی کە وا بەرەورووی پێویستبوون بە پێداچوونەوەیەکی کاریگەر بــوونەتەوە بــۆ تەواوی کاروباریــان لە باشــووری کوردســتاندا. دوو دەقــی چــونیەکی دوو راپــۆرتی فەرمــی بــاس لەوە دەکەن کە "بەکۆتــایی مــانگی دیسەمبەر دوودڵی و گومان سەریانهەڵدا کە ئاخۆ ئەقڵ قبوولی دەکات رێگە بە زیادبوونی دەسەڵاتی شێخ مەحموود بدرێت کە بەم رادەیە گەورە ببێت و پەرەبسێنێت"[٦٢].

رەنــگە مەســەلەکە ســەیر و نــامۆ بێــت و تەنــانەت دژواریــش بێــت کەوا بەریتانییەکان هێند بێزار بن لە گەشەکردنی هێز و دەســەڵاتی پیاوێــک خۆیــان پشــتیان گرتبێــت و یارمەتییــان دابێــت و دەســگرۆییان کردبێــت کە بکــرێتە فەرمــانڕەوای حکوومەتێکی کــوردیی نــیمچە ســەربەخۆ. تــا ئەو ئاســتەی ئەم مشــتومڕە پەیوەنــدیی بەو مەســەلەیەوە هەبێت، مەســەلەیەکی بنەڕەتیــی نــیە بڕیاری ئەوە بدەیت ئاخۆ شێخ مەحموود لەم پێگەیەدا قەرزاری بەریتانییەکانە و ئەگەر وابــووە تــا چ ئاســتێک ئەوە بایەخدارە  کە شــێخ چۆن بیــر لەم بــارە دەکــاتەوە. راســتییەک هەیە کە وا شــێخ مەحمــوود بەریتانییەکــانی بە خــاوەن چــاکە و پیــاوەتی بەســەرخۆیەوە نەدەزانــی و بەم پێــیەش هەســتی نەدەکــرد چاولەبەریــانە و دەبــێ هەتاهەتــایە دڵســۆزیان بێــت و لە مامەڵەکردنیانــدا وادەردەکەوت سیاســـەتێکی هەلپەرســـتانەی گـــرتبێتەبەر. ئەو ســـوودی لەو یارمەتییە مادی و مەعنەوییــانە دەبینی کە دەیانــدایە و بەردەوام بوو لە ســەر هاوکــاری و هەمــاهەنگی لەگەڵیانــدا تــا ئەو ئاســتەی ئەم پەیوەنــدی و مــامەڵەیە سوودبەخش بوو.

شێخ مەحموود بە هەڵپەوە کاری دەکرد بۆ زیادکردنی توانا و دەسەڵاتەکەی و فراوانکردنی کاریگەریی خۆی نەک تەنها لە سنووری کوردستانی باشووردا، بەڵکو لە هەر شوێنێک بۆی بلوایە دەیکرد. ئەگەرچی لەڕاستیدا ئەو بەدوای تێکدانی پەیوەندیی لەگەڵ بەریتانیادا نەدەگەڕا، بەڵام لەمەودوا کەمتر گوێی بە رازیکردنی رووکەش دەدا و بەئاشکرا سەرگەرمی بەهێزکردنی پێگەی خۆی بوو، لەهەمان کاتیشدا گاڵتەی بە ڕێکەوتننامەکانی دەهات لەگەڵ بەریتانیادا و راسپاردەی ئەفسەرە سیاسییەکانی پشتگوێ دەخست و واپێدەچێت گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کە وا شتێکی ئەوتۆ نەماوە بەدەستبێت لە ڕێگای هاوکاریی زیاترەوە لەگەڵیاندا. سەرباری ئەوەش وایبۆدەچوو کەوا هێند بەهێزبووە بەریتانییەکان پرکێشی ناکەن بەرەنگاری ببنەوە و بەگژیدا بچن و بەو پێیە چی بخوازێت دەیکات و کەس پێیناوێرێت. سەیر لەوەدایە کەوا شێخ مەحموود، وا بەپەلە و پاش قۆرخکردنی دەسەڵات، کۆمەڵێک کار و کردەوە بکات و بیپلکێنێتە باری ناکۆکی و ململانێوە لەگەڵ بەریتانییەکاندا. لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، کە رەنگە ویستبێتی خۆی دەرباز بکات لە وابەستەیی بە بەریتانییەکانەوە، گومانی تێدا نیە کەوا پەلەی کردووە لە کارەکەیدا و تەکنیکی نەبووە و زۆری بیر نەکردووەتەوە لە خۆدوورگرتن لە ململانێیەکی نابەرابەر. کاربەدەستە بەریتانییەکان لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیداری باشووری کوردیدا پەشۆکاو و نائومێد و تووڕە بوون لە هەڵسوکەوتی شێخ و ئەمانە هەرگیز لێی نابوورن چونکە زۆر بە ڕەقی هیوا و ئاوات و چاوەڕوانییانی بەبادا و هەر کاتێ ناوی بێنن لێی پڕن و بە باشە باسی ناکەن و لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر زمانیان بەخێر بگەڕێت لەئاستیدا دەڵێن پیاوێکی شێت یان منداڵ بوو. ساڵی ١٩٢٨ و لە هەوڵدانێکدا بۆ دۆزینەوەی روونکردنەوەیەک لەبارەی رەفتار و هەڵسوکەوتی شێخ مەحموودەوە جی. ئێم. لیس Lees حوکمێکی سەخت بە سەر کەسایەتیی

شێخدا دەدات و دەڵێت: "ناوبانگی خراپی شێخ مەحموود لە سەر مەسەلەی پارە و فروفێڵ بەتەواوی زڕاوە، بەڵام بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئێمەدا هاوکات و هاوتەریب بوو بۆیە دەرفەتی نەبوو چیتر درۆمان لەگەڵ بکات. بەداخەوە زۆر بەرەهایی متمانەی پێکرا و زۆر ڕێگەی پێدرا کۆنترۆڵی پارە و پووڵی یارمەتییە قەبەکەی بکات. ئەو هەر زوو قۆرخکردنی دەسەڵات و پارە لەخشتەی برد و کەڵکەڵە و خولیای لەو سنوورە تێپەڕی کە بۆی دیاریکرابوو و لەدواییدا خۆی بە مەلیکی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو لەقەڵەمدەدا"[٦٣].

ویلسن لەبارەی شێخ مەحموودەوە دەڵێ: "لە کەمتەرخەمیدا، نەک لە سادەیی و بەرائەتدا، لە منداڵێک دەچوو، بە خولیایەکی گەورە و کارامەییەکی سروشتی زۆرەوە. ئەو خاوەنی سۆزێکی بەلێشاو و لە هەمان کاتیشدا دڵڕەقییەکی بێپایان بوو و وەک سۆن بۆیدەچیت کەوا فرەجار بەرپرسیی نەبووە لە رەفتار و هەڵسوکەوتی"[٦٤].

## - کاریگەریی ئایدیا و ڕووداوەکان لە سەر شێخ مەحموود

نووسەرانی تری بەریتانی راوبۆچوونی هاوشێوەیان لەبارەی شێخ مەحموودەوە دەربڕیوە. ئەم تۆمەتانە تا چەند راستە یان نە مەسەلەیەک نین و هەندێ شتی تر دەبێ کاریگەرییان بووبێت بەسەر هەڵوێست و کردەوەکانی شێخ مەحموودەوە. بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی شیاو لە سەر بیرکردنەوەی شێخ مەحموود درووست بکەین و بگەینە هەڵسەنگاندنێکی رەوا بۆ ئاکار و رەفتاری، دەبێ هەموو فاکتەرەکان رەچاو بکەین.

بیرکــردنەوەی شــێخ مەحمــوود ئەو ئایــدیایە داگیــری کردبــوو کە وا کوردەکان – بەتایبەتی ئەوانەی باشووری کوردستان – مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیانیان هەبێت و ئەویش بە هەقی خۆی سەرۆکی دەوڵەتێکی وابێت. ئایدیای دەوڵەتێکی کوردی لە گەلێ بەیان و جارنامەی جۆراوجۆری هاوپەیمانانـدا بانگەشــەی بۆ کـراوە و لە سـەردەمی جەنگ و دواتـریش کەشـوهەوای گشـتیی ئەم بیـر و بۆچـوونە و پاشـان زاڵبـوون و تەشــەنەکردنی لە نـاو سـەرکردە کوردەکانـدا لە هەمـوو شـوێنێک و ئایـدیای سـەرۆکایەتیی ئەو و کەسـایەتیی خـۆی و دەرکەوتـن و دەسـەڵاتی بنەمـاڵەی بەرزنجی لە باشووری کوردستاندا سەریهەڵداوە.

شـێخ مەحمـوود لەم پـلە و پایەیـدا بەزۆری قەرزاری شـکۆ و ناوبـانگی بنەمـاڵەکەیەتی و پیـرۆزی و شـکۆی سـێ کەس لە باوبـاپیرانی خەرمـانەیەکی پیرۆزیـی گەورەیـان بـۆ ئەم بەجێهێشـتووە. بـاپیرە گەورەی کە شـێخ مـارفی نـۆدێیە زانـایەکی ئـایینیی گەورە بـووە و لە مشـتومڕی مـوعجیزە ئـامێزدا سەرکەوتووە بە سەر مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا[٦٥] و حاجی کاک ئەحمەدی باپیری شێخێکی گەورەی تەریقەت بووە لە باشـووری کوردسـتاندا[٦٦]. پاشـان شێخ سەعیدی باوکیشی هێز و شکۆیەکی گەورەی بووە و هـاوڕێی سـوڵتان عەبدولحەمیـــد بـــووە و بە شـــەهیدی کـــۆچی دوایـــی کـــردووە و لە ئاژاوەگێڕییەکەی شاری مووسڵدا کوژراوە و بۆ ماوەیەکی دووردرێژ بوو بە سـیمبۆڵی سـتەم و ناپـاکی دەرهەق کـردن لە نـاو بنەمـاڵەی بەرزنجـی و شوێنکەوتووانیدا دژ بە حکوومەتی عوسمانی[٦٧].

ئەم بنەمــاڵەیە، کە لە شـوێنی تـری ئەم لێکـۆڵینەوەیەدا نـاوی هــاتووە، بەردەوامتــرین و بەهێزتــرین داواکــاری دەســەڵات بــووە لە نــاوچەکەدا لە سەردەمی کەوتنی بابانەکانەوە. شێخ مەحموود ئەگەرچی بەتەمەنترین کەسی

بنەماڵەی دەسەڵاتداری ساداتی بەرزنجە نەبوو، بەڵام وەک سەرۆکی تەواوی دەمسپییانی بنەماڵە پیرۆزەکە ناسرا و بەیعەتی پێدرابوو. کەوابوو وەک سەرۆکی بنەماڵەی بەرزنجە و وەک سەرکردەیەکی کاریزمی، شێخ هەستی ئەوەی لادرووستبوو بەهێزترین داوای هەبێت بۆ سەرکردایەتیی کوردستانی باشوور.

لەم سۆنگەیەوە، شێخ مەحموود هەمیشە سووربوو لە سەر ئەوەی کە لەلایەن کوردی ویلایەتی مووسڵ و بگرە بەشی سەرەکیی کوردەکانی ئێرانیش مورید و شوێنکەوتووی هەیە. ئەگەر ئەو بەڕاستی قەناعەتی بەم راستییە هەبووبێت، کە وادیارە هەیشیبووە، دەبێ رەچاوی سنووردانان بۆ حوکمکردنی تەنها بەشێکی ئەو خاکەی داوای دەکات و ملکەچی دەسەڵاتەکەی بۆ بەریتانییەکان وەک ستەمێکی ناڕەوا و بێئابڕوو تەماشا دەکرد بۆ سەر مافەکانی. بەڵگەش بۆ ئەمە روون و ئاشکرایە و شێخ قەناعەتی تەواوی هەبوو بە رەوایی داواکانی مافی شوێنکەوتنیان. سێر ئەرنۆڵد ویڵسن، کاتێ سەردانی شێخ مەحموودی کرد بە بۆنەی برینداربوونی قورسییەوە لە شەڕی دەربەندی بازیاندا، وێنەیەکی یادەوەریمان بۆ دەگێڕێتەوە لەبارەی ئەم سەرۆکە کوردەوە. ویڵسن کە نزیکەی دە ساڵ دوای ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ شێخ مەحموود بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "من لە ئۆفیسی سلێمانی لە سێ بۆنەدا چاوم پێکەوت، لە نەخۆشخانە بینیم، کاتێ بە شکۆوە ئیشارەتی بۆ کردم و نکووڵی لە توانای هەر دادگایەکی سەربازی کرد بۆ دادگایی کردنی و بەندی دوانزەی سەرۆک ویڵسن و جاڕنامەی ئەنگلۆ – فەرەنسیی ٨ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ی بۆ دەرهێنام، کە وەرگێڕدراوێکی کوردی و لە سەر پەڕەی قورئان نووسرابوو، وەک بازیبەند کردبوویە قۆڵی"[٦٨].

لەڕاستیدا ئەمە وێنەیەکی کارای سەرۆکێکی شۆڕشگێڕی کورد بوو بە گیان و خولیای ئەو دەمەوە لە کوردستاندا. ئەو بەڵگە و دۆکۆمێنتانە شێخ بەشەخسی هەڵیگرتبوون و بەوانە داواکاری و داکۆکیی خۆی پێشکەش دەکرد، کە بێگومان هەڵبژاردەیەکی باش بوون. بەهەرحاڵ، ئەمە دوان لەو فاکتەرە زۆرانە دەنوێنێ کە نەک هەر کاریگەرییان لە سەر شێخ هەبوو، بەڵکو لە سەر ژمارەیەکی بێپایانی پیاوانی نەوەی ئەو هەبوو. ئێمە دەبێ بۆ ئەم هێزانە بگەڕێینەوە ئەگەر بمانەوێ لە پیاوێک تێبگەین کەوا بەم تۆنە دۆغری و راستەقینەیە دەدوا لەگەڵ یەکێک لە نوێنەرە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆریێتێک کەوا بەگژیدا چووە و بەرەنگاری بووەتەوە ئەگەرچی سەرکەوتنیشی بەدەست نەهێنابێت.

هەڵسوکەوتی شێخ مەحموود بوو بە جێی باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام تەنها لەو کاتەدا کە دژ بە کاروباری شێوازی حکوومەت دەخرایەڕوو لە میزۆپۆتامیای داگیرکراودا لەلایەن بەریتانیاوە. تێکەڵ و پێکەڵیی ئایدیای نوێ و نامۆ، داواکاریی دژبەیەکی گرووپە ناحەزەکان و رکابەرە ئایدیۆلۆجییەکان، فروفێڵ و ناپاکیی تەوژمە سیاسییەکان. واتەوات و دوودڵی و گومانی مێشک و دڵی زۆرێک لە پیاوان، بەیان و جاڕنامەی جۆراوجۆری هاوپەیمانان و جەنگ .. چەشنی بەیاننامەی ئەنگلۆ – فەرەنسیی ٨ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ و چواردە بەندەکەی سەرۆک ویلسن، بەتایبەتی بەندی دوانزە لەبارەی چارەی خۆنووسینی گەلانی غەیرە تورکی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی[٦٩]. ئاژاوەگێڕیی تورک بە تۆنی پان ئیسلامیی مەیلدار بەلای کورددا[٧٠]، پرۆپاگەندەی شەریفی مەککە، بە شێوەیەکی سەرەکی پان عەرەب و ناوچە عەرەبی زمانەکان، چالاکییەکانی نەتەوە پەروەرانی کورد لە سەرچاوەی جیاوازە لە بەرگی جۆراجۆرەوە[٧١]. هەڵچوونی شۆڕشی کۆمۆنیستی و

تەشەنەکردنی لە ناوچەکەدا لە پاش شۆڕشی رووسیا. هەموو ئەمانە تەنها جەختکردن بوو لە سەر هیوا و ئاوات و مەترسی ئەو ساتەوەختە و زیادبوونی پەشۆکاوی و شپرزەیی و لە ناوەڕاستی هەموو ئەمانەدا بەریتانییەکان چەواشە بووبوون و نیاز و مەبەستی نەزانراویان گومانی لێئالابوو[٧٢]. پاشان واتەوات و راپۆرتی دژ بەیەک دەهاتن و دەچوون. لە هەموو لایەک قسە و باسی دەستبالایی ئەرمەن[٧٣]، زاڵبوونی عەرەب[٧٤]، بووژانەوەی هێزی سەربازیی تورک[٧٥]، فەرەنسا ویلایەتی مووسڵ بۆ خۆی دەبات[٧٦] و بەریتانیا لەوەدایە میزۆپۆتامیا چۆڵ بکات و هەر هەموو ئەمانەش زەمینە و بنەمای خۆی هەبوو.

لە باکووردا، پاشەڕۆژی ویلایەتی مووسڵ هێشتا هەر لە گوماندا بوو، تورک کردبووی بە هەرا و هوریا و هەڕەشەکردنی گێڕانەوەی بۆ خۆیان. زۆر لە ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکانی ویلایەتەکە یان دەسەڵاتێکی کزی بەریتانییەکانی بەسەرەوەبوو یان کەس دەستی پێنەدەگەیشت و تورک بۆیدەچوو. لە ناوچە عەرەبنشینەکان لە باشوور دۆخەکە تارادەیەک هەر گرژبوو[٧٧] و سیاسەتی بەریتانیا ئەزموونگەری و کاتی بوو[٧٨].

بۆ کەسانی وەک شێخ مەحموود کە زۆری لەپێشەوە مابوو، ئەوەی کە سکاڵا و گومان بوو ئێستا وەک ئەگەرێکی جیاکار دەرکەوتووە. ئا لەم کاتەدابوو کە وا شێخ بڕیاریدا پەیوەندیی لەگەڵ تورک دامەزرێنێ و هەر زوو نووسراوی نارد بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ سەنتەری هەرا و ئاژاوەی تورک لە شرناخ و ناو هۆزی گۆیانی یاخی[٧٩]. لێرەدا دەبێ ئیشارەت بەوە بکرێ کە وا کەسێک لە پێگەی شێخ مەحموودا بێت پێویستە دوورتر بڕوانێت لە هاوکارە بەریتانییەکان. لەبەرەی شێخدا هەندێ شتی جیددی حیسابی بۆ نەکرابوو و شیرازەی تێکچوو بە هۆی خولیا و پەلکوتانی لەسنوور بەدەری و گەوجیی

راوێژكـارانیەوە. ئەو ئامۆژگـاریی راوێژكـارە بەریتانییەكـانی پشتگوێخسـت و گـاڵتەی بە خواسـت و ئیرادەیـان دەكـرد و بەگشـتی هەڵوێسـتێكی رەقـی وەرگرت. پیاوێكی سەرچڵی توندڕەوی لەرووی سیاسییەوە وشك و بەئاشكرا حیسابی بۆ دەرەنجامی ململانێ و پێكدادان نەدەكرد لەگەڵ هێزێكی گەورەدا. ئەو پیـاوانەی كە لە دەوری بـوون لەبـری ئەوەی ئامۆژگـاریی بـكەن و هەڵچوون و تووڕەیی خاوبكەنەوە، تەنها هانیاندەدا بۆ پەرگری لە بەدیهێنـانی ئامانجەكانیـدا. كـارێكی مەحـاڵ نەبـوو كە وا شـێخ دەیتـوانی سـەركەوتن بەدەسـتبێنێ لە ئەنجامـدانی زۆرێـك لە نیـاز و مەبەسـتەكانی ئەگەر نەرمـی و زمانخۆشیی بەكاربهێنایە. بەریتانییەكان زۆر بێزار و خەمنـاك بوون لە سـەر ئەو كێشـە و سەرئێشـانە و زۆر لەوە ژیرتـر بـوون كە دۆسـتێكی بەنرخیـان لەدەستبچێت. ئەوان تووشی كێشە و گرفتی زۆر بوون لە میزۆپۆتامیـادا و لە سەرانسەری جیهاندا كە وا هەرگیـز ئارەزووی ئەوەیـان نەبووە بەدوای هـیچ شتێكدا بگەڕێن لە چارەسەری ئاشتیانە بەولاوە هەر كاتێ گونجابێت.

## - كەمكردنەوەی دەسەڵاتی شێخ لەلایەن بەریتانیاوە

ئێستا بەریتانییەكان قەناعەتیان هێنـاوە كە وا چیتر نـاتوانن بڕوا بە شـێخ مەحمــوود بــكەن و تــا ئیجرائــاتی تونــد نەكەن بــۆ تەگەرە خســتنەڕێی دەســـەڵاتەكەی ئەوە تەواوی پــێگە و شــوێنیان لە كوردســـتاندا بەردەوام هەڕەشەی سـەختی لە سـەرە. ویڵسـن ئەوە ڕووندەكاتەوە و دەڵـێ: "ئێسـتا وا ڕوونبـووەتەوە كە نـاتوانین بە ئـاقڵانە و بە ڕێكـی و چالاكـانە پشـتی شـێخ مەحمـوود بگـرین بـۆ ئەوەی دەسـەڵاتی بشـكێ بەسـەر خێڵەكانـدا، چـونكە بەشـێوەیەكی گشـتی لە سـەر ئەوە ڕێكەوتـووین كە وا پێویسـتە بە جۆرێـك

سیاسەتمان لە باشووری کوردستاندا بگونجێنین و شێوازێکی بەڕێوەبردنی وا بخەملێنین هاوشێوە بێت لەگەڵ شوێنەکانی تری عێراقدا"[٨٠].

لە سەرەتای مارتی ١٩١٩دا ویلسنی جێگری کۆمیسیاری مەدەنی کۆنفرانسێکی لە بەغدا بەست بەمەبەستی گفتوگۆ کردن لە سەر دوا پەرەسەندن و پێشهاتەکانی کوردستانی باشوور. ژمارەیەک خەڵکی شارەزا چوونە کۆنفرانسەکە، لەوانە سۆن، نۆئێل، لیچمان و ئەی. ئێل. گۆردن وۆکەر. لە پاش مشتومڕێکی زۆر لە سەر شێخ مەحموود و تەواوی دۆخەکە لە کوردستانی باشووردا هەموو کۆک بوون لە سەر ئەوەی کەوا "دەبێت دەسەلاتی شێخ مەحموود وردە وردە کەمبکرێتەوە، بەلام ئەگەر بکرێت بەشێوەیەک بێت کە خۆبپارێزین لە بەرپابونی ناکۆکیی گەورە"[٨١]. لێرەدا گەیشتنە دوو بڕیاری بایەخدار، یەکەم: دەبێ سۆن جێگەی نۆئێل بگرێتەوە وەک ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی و دووەم ژمارەیەک لەو خێڵ و ناوچانەی تائێستا لە ژێر ڕکێفی شێخدان دەبێ ڕێگەیان بدرێت جیابنەوە و لێیبکشێنەوە[٨٢]. دامەزراندنی سۆن بەڵگەیەکی روون بوو کە وا بەریتانییەکان نیازیانە بەتوندی مامەڵە لەگەڵ شێخدا بکەن و بەش بەحاڵی سۆن ناسرابوو بەوەی کە توند و ناحەزە لەگەڵ بنەماڵەی بەرزنجەدا بەگشتی و شێخ مەحموودیش بەتایبەتی. ئەمەش ئەو هەستە دەگەیەنێت کەوا هەرگیز ناتوانێت ئەم کارە بشارێتەوە، وەک پێشتر باسی لێوەکرا[٨٣].

هەنگاوی بەپەلە نرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی لە کۆنفرانسەکەدا وەرگیرابوون. سۆن سەفەری کرد بۆ سلێمانی و لە ڕێگەیدا بەرەو ئەو شارە لە کفری و کەرکووک لایدا، بەنیازی کارکردن لەو پرۆسەیەدا کەوا بە زووترین کات جێبەجێی دەکات و ئەویش داماڵینی ناوچە و هۆزی جۆراوجۆر لە ژێر دەسەلاتی شێخ[٨٤].

هۆزی جاف، کە هەواری زستانەیان لە ناوچەی کفری بوو، واباس بوو کۆکن لە سەر ئەوەی لە شێخ مەحموود جیاببنەوە و راستەوخۆ بخرێنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە[85]. کابتن جی. ئێم. لی کەوا کرابوو بە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسیی بەرپرسی کاروباری جاف لە هەڵەبجەدا، لە ناوەڕاستی مارتدا گەیشتە ناوچەی کفری و بۆ ماوەی چەند رۆژێک خۆی خەریک کرد. لەو ماوەیەدا یارمەتی مانگانەی بە سەرۆک تیرەکانی جاف دەدا، لەوانەی کە نەیانویستبوو لە شێخ مەحموودی وەربگرن و ئەم برە پارەیەشی لە سەرجەمی کۆی یارمەتییەکەی شێخ مەحموود بڕی. بێگومان ئەم کارە لای جافەکان ئەوەی بەجێهێشت کەوا بەریتانیا هەڵوێستی گۆڕیوە لەبەرانبەر سەرۆکی کورددا و ئێستا سیاسەتێکی نوێ جێی گرتووەتەوە[86]. لە مارتی ١٩١٩دا ناوچەکانی کەرکووک و کفری لە کۆنفدراڵییەتی باشووری کوردستانی شێخ مەحموود دابڕا و بەشێکی نوییان پێکهێنا[87]. قەزای هەڵەبجەش کە بەشێک بوو لە ناوچەی سلێمانیی ئێستا خرایە ژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی بەریتانییەکان.

ئێستا بۆ هەموو لایەک روونبووەوە کەوا شێخ متمانەی بەریتانییەکانی لەدەستداوە و بەو پێیە ئەو یارمەتی و پاڵپشتە ماددی و مەعنەوییەش لەدەستدەدات کە بۆیان دابینکردبوو. ئەو پیاوەی کە ماوەیەک لەمەوپێش جاری سەرۆکی کوردستانی باشووری بۆدرا و هەموو کوردی دڵسۆز دایانە پاڵی، وا ئێستا بە ساختەچییەکی فێڵباز لەقەڵەم دەدرێت و دەبێت هەموو کەسی لێبتەکێتەوە. ئەم پەرەسەندن و پێشهاتە بەقووڵی کاری کردە سەر کوردەکانی باشوور. رکابەر و ناحەزەکانی گومان و دوودڵییەکی زۆریان لە رۆڵی شێخ دەربڕی وەک سەرۆک و دەمڕاستی باشووری کوردستان و قۆرخکردنی دەسەڵاتی ئەویان بەناچاری قبووڵ کرد. ئەم کەسانە ئێستا

خۆشـحاڵن بەوەی کە وا گڵۆڵەی شـێخ کەوتـووەتە لێژی وەک پاکانەیەک بـۆ هەڵوێسـتی ناچـاریی پێشـوویان لەئاسـتیدا. بەهەرحـاڵ، لە چـاوی موریـد و شـوێنکەوتووانیەوە و ئەو ژمـارە زۆرەی خزمەکـانیەوە کەوا شـێخ پیـاوێکی زوڵم لێکراوە و ئێستا لە هەموو کات زیاتر شیاوی بەزەیی و دڵسۆزییە.

قرتانـدنی دەسـەڵاتی شـێخ بە ئاشـکرا جێبەجێکـرا بـێ هـیچ رووداوێکـی بەرهەڵستکاری. ئەو واقیعەی کەوا دوژمنەکانی بەخۆشییەوە لێیان دەڕوانی و شێخ و دەستە و تاقمیشی لێی بێدەنگ بوون و بەرهەڵستییان نەکرد، وای لە سۆن کرد کە راپۆرتێکی پێشوەخت بدات لە سـەر کاریگەریی ئەم حاڵەتە لە سلێمانی و دێهاتی دەوروبەری. بەپێی قسەی ئەو، کاریگەریی شێخ مەحموود بەخێرایـی  وا دابەزیـوە لە بەرقەراربـوونی یاسـا و نیزامـدا خەڵکـی شـار و عەشایرەکان بارودۆخی نوێیان پێباشە و پێشوازی لێدەکەن [88].

بۆ بەدبەختی، ئـارامیی بـارۆدۆخەکە سـاختە بـوو و گەشـبینییەکە لەجێی خۆیدا نەبوو. شێخ چەند بە تاڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکەی وەرگرت چەند بەتونـدی لێیـان دێتەدەسـت هەر زوو دەرکەوت. لەڕاسـتیدا نەدەکـرا و رێـی تێنەدەچـوو کە چـاوەڕێی پیاوێـک بکەیـت لە سروشـت و کەسـایەتیی شـێخ مەحموودا بێت هەروا بەئاسانی لێگەڕێت دەسەڵاتی لەدەست بدات و بێدەنگیی لێبکـات و ئـابڕووی بچێـت بێئەوەی خەبـات و ململانـێ بکـات. لە راپـۆرتێکی فەرمیـدا کە سـاڵێک پـاش ئەو رووداوانە نووسـرابوو، سـۆن بەتونـدی کـار و رەفتـاری شـێخ تۆمەتبـار دەکـات لەو کـاتەدا. بەگـوێرەی قسـەکانی ئەم شـێخ کۆسـپی بـۆ بەڕێـوەبردنی رێـک و راسـت درووسـت دەکـرد و بە هەمـوو شێوەیەکی خراپ هەوڵی سووککردنی حکوومەتی بەریتانیـا و کاربەدەسـتانی دەدا و تاقمێـک شــەڕخواز و داخ لەدڵــی لەدەوری خــۆی کۆکردبــووەوە و

کەوتبووە پلاندانان بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە حکوومەتی بەریتانیا بکاتەوە[٨٩].
ئا بەم رق و تووڕەییەوە بوو کە بەریتانیا بەرەنگاری دەسەڵاتی بووەوە.

## یاخیبوون و بەزینی شێخ مەحموود

### - گرتنی سلێمانی لەلایەن هێزەکانی شێخەوە

لەکاتێکدا کە بەریتانییەکان بەجیددی بیریان لەوە دەکردەوە بگەنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ شێخ مەحموودا[٩٠]، کەچی ئەو کوتوپڕ کەوتە هێرش و پەلاماردانێکی نائومێدانە بۆ گێڕانەوەی شکۆ و دەسەڵاتەکەی[٩١]. هێزێکی خێڵەکی کە بەزۆری لە هۆزەکانی هەورامی و مەریوانی لەودیوی سنوورەوە لە ئێران پێکهاتبوو بە سەرکردایەتیی مەحموود خانی دزڵی[٩٢]، بەڵام لە ژێر فەرمانی شێخ مەحموودا لە بەیانیی زووی ٢٣ی مایسی ١٩١٩ هاتە قەراخ سلێمانی و بێ گرفتێکی ئەوتۆ توانی ئەو هێزەی لیڤی بشکێنێت کە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان نێردرابوو. مورید و شوێنکەوتووانی تری شێخ مەحموود لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری دایانە پاڵ ئەم هێزە و شاریان گرت. مێجەر گرینهاوس Greenhouse، کە لەجێی مێجەر سۆن بەرپرس بوو لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەری تری بەریتانیدا بەدیل گیران[٩٣].

شێخ مەحموود وەک فەرمانڕەوای هەموو کوردستان جاڕی لەخۆی دا و خەزێنەی گرت[٩٤] و ئاڵای خۆی هەڵکرد[٩٥] و کاربەدەستانی تایبەتی خۆی دامەزراند[٩٦]. خەتی تەلگراف بۆ کەرکووک پچڕا و ڕێگەیان لە پەیامنێرانی گرینهاوس بڕی و پۆستەکانیان پێگرتن[٩٧]. یەکەم هەواڵی ئەم ڕووداوانەی سلێمانی لە ڕێگەی لییەوە Lee کە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بوو لە

هەڵەبجە، گەیشتە جیهانی دەرەوە[٩٨]. لی خۆی لە هەڵەبجە هەڵاتبوو و لە خانەقین خۆی حەشاردابوو پاش ئەوەی هەوڵی گرتنی درابوو[٩٩]. هەر دوابەدوای هەرا و راپەڕینەکەی، پیاوەکانی شێخ کاروانێکی حکوومەتیان رووتکردەوە کە لە کفرییەوە بەرەو سلێمانی دەهات. دەسکەوتەکان، کە پارە و تفەنگ و ئەسپ بوون سامانێکی گرنگ بوو بۆ ئەو سەرچاوە کەمەی شێخ[١٠٠]. راستییەکەی ئەمە سەرەتایەکی مژدەبەخش بوو و شێخ بەخێرایی چەندین سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا.

## - بەزینی بەریتانیا لە ملەی تاسلووجە

بەریتانییەکان، پاش ئەوەی بە پێشهات و بارودۆخەکەیان زانی، بڕیاری ئیجرائاتی پێچەوانەیان وەرگرت و وەک هەنگاوێکی رێخۆشکەر ئەو ئەفسەرەی فەرماندەیی سەربازخانەی کەرکووکی دەکرد راسپێردرا هێزێک بنێرێتە چەمچەماڵ لە سەر رێگای سەرەکیی کەرکووک – سلێمانی. هەرچەندە فەرمان و راسپاردەکان روونبوون کە نابێ لەو شوێنە بەولاوە بڕۆن، بەڵام ئەفسەرە فەرماندەکە بایەخێکی بۆ کارامەیی شەڕکردنی کوردەکان و هەڵەت و سەختیی ناوچەکە دانەنا و حیسابی بۆ فەرمانی سەرووی خۆی نەکردبوو لەبەر ئەوە فەرمانی دەرکرد بۆ هێزێکی بچووک کە لە هێزی سوارە و لێڤی و چەند ئۆتۆمبیلێکی زرێپۆش و رەشاشی لویسی سەر ئۆتۆمبێلی فۆرد پێکهاتبوو تا دەربەندی تاسلووجە پێشڕەویی بکات کە دوانزە میل لە سلێمانییەوە دووربوو. هێزەکە دووچاری تێکشکان و پاشەکشە بووەوە و کورد تا دووریی بیست و پێنج میل راویان نا و بەجارێ شپرزەیان کرد. هێزەکە زیانێکی قورسی لێکەوت و چوار ئۆتۆمبیلی زرێپۆش و نۆزدە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری فۆردی لەدەستدا[١٠١].

سەرکەوتنی شێخ کاریگەرییەکی خێرا و کارەبا ئاسای درووستکرد لە سەرتاپای کوردستانی باشووردا. ویڵسن، لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەم رووداوە دڵتەزێنە، ئەو بڕوایەی لای دانیشتوانی کوردستانی باشوور چەسپاند کەوا جارێکیتر ئێمە توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەمان نابێت. شۆڕش و یاخیبوون لە هەرێمەکانی ئێراندا بەرپابووە و گەلێ لە تیرە و هۆزەکان دژ بە حکوومەتی ئێران هەڵسان و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە جەنگاوەر و پارتیزانی شێخ مەحموودن لەپێناوی کوردستانێکی سەرفراز و یەکگرتوودا"[١٠٢].

## - بەزینی شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان

بەریتانییەکان تەواو درکیان بە مەترسیی بارودۆخەکە کردبوو. وا ئێستا هەموو باشووری کوردستان زانیویتی کەوا شێخ بەریتانییەکانی لە سلێمانیدا بەزاندووە و لە دەربەندی تاسلووجەشدا بەسەریاندا زاڵبووە و راویناون. ئەوان لەوە تێگەیشتن کەوا مانەوەیان لە بەشێکی بایەخداری ناوچە داگیرکراوەکاندا بەجیددیی هەڕەشەی لە سەرە و هەستیانکرد کەوا ئەگەر ئیجرائاتی کاریگەر و بەپەلە نەکەن بۆ لەکۆڵکردنەوەی شێخ رەنگە سەرکەوتن بەدەستبێنێت لە راپەڕینی تەواوی وڵاتەکە لەدژیان و ویڵسن لێرەدا درێژە بە قسەکانی پێشووی دەدا و دەڵێ: "فەرماندەی گشتی لەوە گەیشتووە کە دەبێ زۆر بەخێرایی ئەم هەستە لای بەریتانییەکان بڕەوێتەوە"[١٠٣]. ئەرکی پێکهێنان و فەرماندەیی هێزێکی لووتشکێن دژ بە شێخ مەحموود بە مێجەر جەنەراڵ سێر تیۆدۆر فرەیزەر سپێردرا، کە فەرماندەی تیپی هەژدە بوو لە مووسڵ. ئەو هێزە لە کەرکووک کەوتە خۆئامادەکردن و بریتی بوو لە دوو

لیوای پیادە بە پاڵپشتی هێزی سوارە و زرێپۆش و یەکەی هێزی ئاسمانی. رەتڵێکی تریش دەبوو لە خانەقینەوە پێشڕەوی بکات بۆ سلێمانی[١٠٤].

هێـــزەکەی جەنەراڵ فرەیـــزەر لە ١٥ی حـــوزێرانی ١٩١٩دا گەیشـــتە چەمچەماڵ و لە ١٧ی ئەو مانگەدا تەواوی هێزەکە پێشڕەویی کرد بۆ گوندی تەکیەی کاک ئەحمەد، کە نزیکەی سێ میلێک لە دەربەندی بازیانەوە دوور بوو[١٠٥]. لە بەرەبەیانی ١٨ی حوزێراندا هێزەکانی پیادە بە بەرزاییە تووشەکانی ئەمـبەر و ئەوبەری دەربەنـدەکەی بازیانـدا هەڵکشـان و هێزەکـانی تـریش دەربەندەکەیان بە چەکی قورس کوتا[١٠٦]. هەر کە هێزەکانی شێخ هێرشیان هێنا بۆ بەرگری کردن لە دەربەندەکە دژ بە هێزە سەرەکییەکەی ئینگلیز کە شـەپۆل شـەپۆل دەڕژانە دەربەندە تەنگەکەوە، لەم کاتەدا بەخۆیان زانی لە هەمـوو لایەکەوە گەمـارۆ دراون. ئەو هێـزانەی زووتـر بە ڕووی ڕۆژئـاوای شاخەکەدا هەڵگەڕابوون وا ئێستا بە ڕووکاری ئەمدیودا بەرەوخوار دەبنەوە. فرەی نەخایاند هێزەکانی شێخ لە هەر چوارلاوە ئابڵووقەدران و تێکشکان و شێخ بەتەواوەتی شکستی خوارد و بەزی و چل و هەشت کەس لە پیاوەکانی کوژران و زیاد لە سەد کەسیان بەدیل گیران و ئەوانی تریشیان پەرت و بڵاوبوونەوە و هەڵاتن[١٠٧].

بەم رەنگە لە حوزێرانی ١٩١٩دا شەڕی دەربەندی بازیان کۆتایی هات، کە یەکێک بوو لە چەندین شـەڕ لەم شـوێنە سـتراتیژییەدا[١٠٨]. بەم جۆرە لە مێژووی ئیمپراتۆریتی بەریتانیادا ڕووداوێکی وا کە شۆڕشی شێخ مەحموودە بەرپـابوو و ڕێ و شـوێنێکی بایەخـداری وەرگـرت لە مێـژووی نەتەوەیـی کورددا. ڕاستییەکەی رەنگە ئەمە هەندێ کاریگەریی بەجێهێشتبێت لە سەر رەفتـاری هۆزەکـانی دەلـۆ و زەنگـنە و داودە و خـێڵە کوردەکـانی تـری باشووری کەرکووک، کە ساڵێک دواتر و لە دەمی یاخیبوونە چەکدارییە

ترسناکەکەی ناوچە عەرەبی زمانەکانی میزۆپۆتامیادا دژ بە دەسەڵاتەکانی داگیرکەر راپەڕین و تەقینەوە[١٠٩].

لە پاش شەڕی دەربەندی بازیان، ئینگلیزەکان چەند سەعاتێک بە دڵەڕاوکێوە بەدوای شێخ مەحموودا دەگەڕان، کە دواتر بە برینداریيەکی سەختەوە دۆزییانەوە. بەپێی گێڕانەوەی ئێدمۆندس، کە وەک ئەفسەرێکی سیاسی هاورێیەتی هێزەکەی فرەیزەری کردبوو و دەڵی "مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بوو کە وا پێویستە نەمرێت پێش ئەوەی لەلایەن کەسایەتییەکی کوردەوە دەستنیشان بکرێت و نەهێڵن هەڵبێت چونکە هەر دیارنەمانێکی ئەفسانە و موعجیزە ئامێز دواتر کێشە و گرفتی لەڕادەبەدەری بۆ دروست دەکردین"[١١٠].

مەسەلەیەکی تر کە لەم کاتەدا خولیای بەریتانییەکان بوو، ئەویش چارەنووسی ئەفسەرە دیلەکان بوو لە سلێمانی[١١١]. هەرچەندە ئەوە زانرابوو کە وا زیانیان پێنەگەیشتووە، بەڵام ترسی ئەوە هەبوو کە بکوژرێن پاش ئەوەی هەواڵی بەزینی شێخ لە سلێمانیدا ئاشکرابوو[١١٢]. بەم پێیە فەرمان بە هێزێکی سوارەی بچووک درا دەسبەجێ بڕۆن بۆ سلێمانی. هێزەکە ئەرکی خۆی بە سەرکەوتوویی بەجێهێنا و گەیشتە سلێمانی پێش ئەوەی دەنگوباسی کارەساتەکەی بازیان بگاتە ناو خەڵکی شار. پاشان دیلەکان ئازادکران و شاریش داگیرکرایەوە[١١٣].

## - تاوانبارکردن و حوکمدانی شێخ مەحموود

برینەکەی شێخ مەحموود زوو چاکبووەوە و درا بە دادگایەکی سەربازی، کە تێیدا تاوانبارکرا و حوکمی سێدارەی بۆ دەرچوو. بەڵام فەرماندەی گشتیی بەریتانی سێر جۆرج ماکمونSir George MacMunn حوکمەکەی بۆ گۆڕییە بەندکردنی هەتاهەتایی و پاشان جارێکیتر بەر بەزەیی کەوت و ئەم حوکمەشی گۆڕا بە دوورخستنەوە بۆ هیندستان لە ساڵی ١٩٢١دا[١١٤]. ویڵسن لە ساڵی ١٩٦٣دا دەنووسێت کە وا هەرچەندە لەو کاتەدا لەو هۆیانە تێدەگەیشت کە پاڵیناوە بە فەرماندەی گشتییەوە ئەم هەڵوێستی بەزەییە وەربگرێت، بەڵام ئەم، واتە ویڵسن، لە سەر بنەمایەکی پراکتیکی بەرهەڵستیی ئەو بڕیارەی کردووە، چونکە لەوە ترساوە کە تا شێخ مەحموود لەژیاندابێت هیچ هیوایەکی راستەقینە بە ئاسایش و ئارامی نابێت لە ناوچەی سلێمانیدا[١١٥]. چەند ساڵێک دواتر سێر جۆرج ماکمون ئەو باروزرووفی سووککردنی سزا و بەزەییە بەم جۆرە لێکدەداتەوە: "شێخ مەحموود وەک دیلێک لە دەربەندی بازیانەوە هێنرا و من دامە دادگا و حوکمی سێدارەدانی بۆ دەرچوو. من دەمزانی ئەم کابرایە زۆڵ و شەیتانە و خەڵک دەیانویست هەڵیبواسم، بەڵام وایبۆدەچووم کە وا کردەوەیەکی ئاوها رەوا نیە. بەگشتی دواکەوتنی سەقامگیرکردنی پاشەڕۆژی عێراق هێندە کارێکی گەورەبوو کە هەموو کەسێکی تووشی چەواشە و سەرەگێژە دەکرد. شێخ مەحموود قەرزاری دڵسۆزییەکی کاتی بوو بۆ بەریتانیا، چوونکە کاتێ کە کوودەتاکەی ئەنجامدا ئەو چوار پێنج ئەفسەرە ئینگلیزەی نەکوشت کە وا کەوتبوونە دەستی و من وایبۆدەچووم کە وا کوشتنی گەمەیەکی دادپەروەرانە نەبوو بۆ بەریتانیا "[١١٦].

ئیجرائاتەکـــان، وەک ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکـــان ســـەلماندیان، شکسـتیانهێنا لە بەدیهێنـانی هەر ئەنجـامێکی جێگیـردا. سـەرەڕای ئامـاژەی تـایبەتی چـاکبوونێکی ڕووکەش، بەڵام دۆخەکە هەر بە مـۆلەقی مـایەوە وەک پێشـتر. تەنـانەت دوو سـاڵیش دوای ئەم ڕووداوانە، ئاسـایس و ئـارامی کە ئامـانجی سـەرەکیی ئینگلیـز بـوو لە باشـووری کوردسـتاندا، پێـدەچوو هەر لەئارادا نەبێت. بەریتانییەکان، بە نائومێدییەکی ئاشکراوە پەنایان دەبردە بەر چارەسەری چاوەڕوان نەکراو. ئەوان شێخ مەحموودیان بەخشی و هێنایانەوە بـۆ سـلێمانی و جـارێکیتر کردیـانەوە بە حوکمـدار، بـۆ ئەوەی چەنـد مانگێک دواتـر خەبـات و ململانـێکە دەسـت پێبکـاتەوە. چیرۆکـی ئەم تـاقیکردنەوە بێهوودەیە لە بەشـی یازدەی ئەم باسـەدا دێت (مەبەست کتێبەکەی د. وەدیع جوەیدە خۆیەتی The Kurdish National Movement بزووتنەوەی نەتەوەیی کـورد – و). لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە هۆکارەکـانی سـەرنەکەوتنی شۆڕشـی یەکەمجـاری شـێخ هەڵبسـەنگێندرێن، کەوا گەیانـدیە ئەو شکسـت و بەزینـە لە دەربەندی بازیاندا.

## هۆکارەکانی شکستهێنانی شۆڕشەکەی شێخ

ڕێکخسـتنی لاواز و سـەرچاوە و دەرامەتـی نـاتەواو ڕەنـگە بەرپرسـی سـەرەکی سـەرنەکەوتنی شۆڕشـەکە بـووبێتن. بەپێـی سـەرچاوەیەک نـامە و نووسراوی دەست بەسەر گیراو ژمارەیەک هۆکار و ڕاستیی بایەخی تایبەتی سـەربازی ڕوونـدەکاتەوە. یەکەم تەواوی هێـزەکەی شـێخ مەحمـوود لە تـاقە یەک بەتاڵیۆن پێکهاتبوو بە چوار لقەوە. لە هەمـان کاتدا توانـای جموجووڵی ئەم هێـزە سـنووردار بـوو بە هـۆی نەبـوونی هێزێکـی سـوارەی تـۆکمەوە[١١٧].

دووەم، بە ماوەیەکی کەم پاش هەڵگیرسانی شۆڕشەکە، شێخ مەحموود نەیتوانی پارەی مووچەی هێزی لێڤی دابین بکات و ناڕەزاییەکی بەرچاوی هێنایە ئاراوە و خۆدزینەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە لە خزمەتی سەربازی[١١٨]. سێهەم جبەخانەی چەک و فیشەک کێشەیەکی جیددی و گەورە بوو، وەک لە فەرمانێکی دەست بەسەرداگیراودا دەردەکەوێت سەبارەت بە قەدەغەکردنی سەرفکردنی تەنانەت تاقە یەک فیشەکیش بێ ڕەزامەندیی پێشتر و بەپێچەوانەوە ئەو کەسە سزای توند و سەخت بدرێت. بەپێی ئەم فەرمانە، هەموو جۆرە تەقەکردنێک بە توندی قەدەغەیە تاوەکو ڕەشاشەکان دەستڕێژ نەکەن[١١٩]. خاڵی چوارەمیش، لە سەرچاوەی پێشوودا باسی لێوە نەکراوە بەڵام بەزمنیی ئاماژەی پێکراوە، مەسەلەی وره بوو[١٢٠]. ئەگەرچی شێخ و ژمارەیەک لە شوێنکەوتووانی بە ئازایەتی و ورەیەکی بەرزەوە شەڕیان دەکرد، بەڵام جێی گومانە تەواوی هێزەکەی لە هەمان ڕۆحییەتدا بووبێتن. ڕاستییەکەی ئەو لێڤیانەی کە بە ڕێکی مووچەیان نەدەدرایە و لە سەر دەستی بەریتانییەکاندا مەشقیان کردبوو وەک باسدەکرا لە شەڕەکەدا تفەنگەکانیان پشکنرا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەوا شەڕیان نەکردووە و تەقە لە تفەنگیانەوە نەکراوە[١٢١].

هێز و پێکهاتەی چەکدارەکانی شێخ متمانەیەکی بەجێیان دەگەیاند و بەڵگەی توانا و میللەت پەروەریی ئەویان دەنواند لەو دەمەی شۆڕشەکەدا. جگە لە مورید و شوێنکەوتووانی لە ناو سلێمانی و دەوروبەریدا[١٢٢] و خزمە زۆرەکانی لە بنەماڵەی بەرزنجە و دۆست و شناسیان[١٢٣]، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی تیرە و هۆزەکانیشی لەگەڵ بوو[١٢٤]. لەوانە هەورامانی بە سەرکردایەتیی مەحموود خانی دزلی[١٢٥]، مەریوانی[١٢٦] بە سەرکردایەتیی مەحموود خانی کانی سانان[١٢٧]، هەمەوەند بە سەرکردایەتیی کەریمی فەتاح

بەگ[128]. تیرەی مکایەڵیی جاف[129]، جەباری بە سەرۆکایەتیی سەید محەمەدی جەباری[130]. شێخ بزێنی بە سەرۆکایەتیی فارس ئاغای سەرۆکیان[131]، بەشێک لە سمایل عوزێری[132]، تاقمێک لە شوان بە سەرۆکایەتیی عەزەی شەریف جەلال[133] و دەستە و تاقمی بچوکتر وەک موریدانی شێخ عەبدولای عەسکەر لە ناوچەی قەلاسێوکە (ئاغجلەر)[134].

سەرەڕای ئەم هەموو ناوە شکۆدارانەی عەشایەر، ئەو یارمەتی و پشتگیرییەی لە شێخ دەکرا لاواز و بێسوود بوو، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی  بە یەکدڵی لە بەرەی ئەمدا بوون هەرگیز لە چەند سەد کەسێک تێپەڕی نەکرد، دەنا هەموو ئەوانیتر هەندێکی لێبەدەر، وادیارە دڵسۆزییان جێی متمانە نەبوو و پشتگیرییان هەروا بەرێکەوت و گۆترەکاری و کورتخایەن بوو. دڵسۆزە کەمەکانیش لە سەر بناغەی کۆمەڵگای خێڵەکی رێکخرابوون و نەیاندەتوانی دژ بە سوپای گەورە و توندوتۆڵ بوەستنەوە. بە کەمی دەتوانن بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبێنن لە بەرانبەر دوژمنی هاوبەشیاندا. وەک راستییەک چەمکی دوژمنی هاوبەش بۆ تێکڕا خەڵکی خێڵەکی تێرمێکی دژوارە و لەم رووەوە دوژمن واتە دوژمنەکەی و دوژمنی خێڵەکەی و ئەم بارە بەتەواوی پێچەوانەی ئەقڵ و ژیربێژیی خێڵەکییە کە خۆی لەم پەندە باوەدا دەبینێتەوە "دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە".

هەڵبەت کاتی زۆر دەوێ بۆ کورد لە تەواوی ناوچەکەیاندا کە جیاوازییان بخەنە لاوە و کینە و ناحەزییان بەرانبەر بە یەکتر لە بیربچێتەوە بۆ ئەوەی لەدژی نەیاری دەرەکی یەکبگرن. ئێستا ئەو یەکگرتنە زیاتر ریزپەڕە وەک لەوەی نەریتی چەسپاو بێت. لەوەش زیاتر ئەم یەکگرتن و هاوپەیمانێتیانە هەرگیز ئەوەندە بەردەوام نەبوون تا بتوانن مەبەستی خۆیانی پێ بەدیبێنن دژ بە دەسەڵاتی زاڵ و ناحەزی ستەمکاریان. وەک بینیمان، شێخ مەحموود

داوای له کوردەکانی باشوور کرد که وا شەڕی بەریتانیا بکەن به ناوی ناسیۆنالیزمی کورد و ئیسلامەوە. واته ئەمە خەباتی نەتەوەیی و جیهاد بوو. بەهەرحاڵ، بۆ زۆرینەی کورد ناسیۆنالیزم چەمکێکی تازه بوو و پێی ئاشنا نەبووبوون. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو شکستی هێنا و ئەنجامی خواستراوی بەدەستەوه نەدا. به پێچەوانەوه تا ئەو دەمه جیهاد زۆر ئاشنا بوو به خەڵکەکه وەک هۆکارێکی بێهیوایی. کوردەکان پێشتر ئەزموونی لەم جۆرەیان لەلایەن کەسێکەوه هەبوو که زۆر گەورەتر و بەتواناتر بوو له شێخ مەحموود، بەڵام شکستی هێناوه. بانگەشه کردن بۆ جیهاد لەلایەن سوڵتان یان خەلیفەوه پاشخانی دەستدانه چەکی هەبوو و به زۆریی ئامرازی دەستی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی بوون، بەڵام لەدژی هەمان دوژمن که ئینگلیز بوو نوشوستیی هێنا له خەڵکی خێڵەکی کورد به هۆی ناکۆکیی ناوخۆ و ناحەزیی نێوان هۆزەکانیان پاش چوار ساڵی جەنگ.

شێخ دەیزانی که ناتوانێ کوردستانی باشوور بخاتەوه جووڵه ئەگەر گیانێکی نوێ نەکاتەوه بەر هاوڕەگەزەکانیدا. به ئاشکرا ئەمەشی پێنەدەکرا و شکستیهێنا له چارەسەرکردنی ناکۆکییان و بۆڕدانی ئەو رکابەرانەی بەرهەڵستیان دەکرد. جاف و پشدەر دوان له بەهێزترین هاوپەیمانی خێڵەکی بوون له باشووری کوردستاندا و به ناحەزی مانەوه و چالاکانه پاڵپشتی رکابەره ئینگلیزەکانی ئەمیان دەکرد[١٣٥].

بێڵ، ساڵی ١٩٢٠ دەنووسێت که وا "لاوازی و نەکارایی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لەوەدا بوو که وا لەو هەزاران کەسەی بەناو لەپشتی بوون. پاڵپشت و دڵسۆزه چالاکەکانی له سێسەد کەس تێپەڕیان نەدەکرد"[١٣٦]. هەرچەنده ئەم مەزەنده کەمەی بێڵ رەنگه هەوڵدانێک بێت بۆ کەمکردنەوەی بەئەنقەستی بایەخی شێخ مەحموود، بەڵام گومانیش لەوەدا نیه که ژمارەی

پیاوەکانی زۆر لەوە کەمتر بوون کە باسی لێوە دەکرا، چونکە لە موریدەکانی بترازێت "کە ئەمانە لە ڕووی ئایین و تەریقەتەوە دڵسۆزی بوون"، لەگەڵ ئەوانەی پەیوەندیی خزمایەتی یان بەرژەوەندییان لەگەڵیدا هەبوو، دەنا ژمارەی ئەوانەی دڵگەرم و دڵسۆزی مەسەلەکەی شێخ بوون زۆر کاریگەر نەبوون.

## سەرچاوە:

کتێبی: **"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"**

نووسینی: **وەدیع جوەیدە**

بەشی ١٠ لاپەڕە ١٦٠ – ١٨٤

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٦

The Kurdish National Movement

Wadie Jwaideh

## پەراوێز

١ – ئینگلیزەکان بە ئاشکرا حەزیان نەدەکرد بچنە ناوچەی خانەقین لەبەر دوو هۆ: یەکەم، دەسەڵاتە سەربازییەکانی بەغدا نەیاندەویست هیچ جۆرە هەستیارییەک بورووژێنن لەگەڵ هاوپەیمانە رووسەکانیاندا کە پێدەچوو نەخوازن بەریتانییەکان بوون و نوێنەرایەتیان هەبێت لەو دەڤەرەی ژێر دەسەڵاتی ئەماندا. دووەم: ترسی ئەوە هەبوو کە وا ئەگەر رووسەکان دواجار ناچار کران لە خانەقین بکشێنەوە، ئەوە

بوونی نوێنەرایەتییەکی بەریتانی لەگەڵیان زیان بە شکۆی بەریتانیا بگەیەنێت. "بێڵ: *پێداچوونەوەی بەڕێوەبەرێتی مەدەنی*"، ل ٤٤ – ٤٥.

٢ – لەبارەی چالاکییەکانی مستەفا پاشای سەرۆک هۆزی باجەڵانەوە، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ل ٤٢ – ٤٥، "*راپۆتی بەڕێوەبردن لە ساڵی ١٩١٨دا: ناوچەی خانەقین*"، ل. ٣٤، درایڤەر: "*مەسەلەی کورد*"، ل ١٠٧.

٣ – "بێڵ: *پێداچوونەوەی بەڕێوەبەرێتی مەدەنی*"، ل ٤٦.

٤ – هەمان سەرچاوە.

٥ – کفری لە ٢٨ی نیسان، تووزخورماتوو لە ٢٩ی نیسان و کەرکووک لە ٧ی مایسی ١٩١٨دا داگیرکران، بڕوانە ئە. تی. ویڵسن: "*دڵسۆزان Loyalties*"، ل ٨ – ٩.

٦ – ئەم هێزە کە لەلایەن مێجەر سۆنەوە سەرکردایەتیی دەکرا و لەلایەن کاپتن کیردەوە رێکخرابوو، وەک بەشێک لەو رەتڵە شەڕی دەکرد کە وا کۆڵۆنێل ئەندەر هیڵ سەرکردایەتیی دەکرد. بەپێی راپۆرتەکان لەم شەڕانەیان لەگەڵ تورکەکاندا، ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە، بڕوانە "فریدریک جیمس مۆبەرلی: "*شەڕ لە میزۆپۆتامیادا*"، کە لە کتێبەکەی ئەی. تی. ویڵسن، "*دڵسۆزان*" *Loyalties*، وەرگیراوە.

٧ – عێراق، "بەڕێوەبەرێتی بەریتانیا"، *راپۆرت لە سەر بەڕێوەبردن ساڵی ١٩١٨: ناوچەی خانەقین*"، ل ٣٢ – ٣٣، هەروەها ویڵسن: *دڵسۆزان*، ل ٨٤.

٨ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٢ – ٣٣.

٩ – هەمان سەرچاوە.

١٠ – ویڵسن، ل ٨٦، ٤٨؛ درایڤەر "*مەسەلەی کورد*" ل ١٠٨ – ١٠٩.

١١ – ویڵسن، ل ٨٦؛ بێڵ، ل ٤٨.

١٢ – ویلسن *Loyalties*، ل ٨٦ – ٨٧. راپۆرتێکی فەرمی بەریتانی کە باس لە دامەزراندنی شێخ مەحموود دەکات و ئەو کارانەی کە ئینگلیزەکان نیازیان بووە بیکەن بۆ پاڵپشتی کردنی. راپۆرتەکە بەم جۆرە باسی دەکات: "لە سەرەتای حوزێراندا لە کۆمیسیاری مەدەنییەوە نامەیەک نێردرا بۆ شێخ مەحموود و ئەوەیان

وەک نوێنەری بەریتانیا لە سلێمانی و دەوروبەری داناوە. لەهەمان کاتیشدا پلان دانراوە بۆ ناونووس کردنی لێڤی کورد لە ناوچەی خانەقیندا تاوەکو ئەفسەرە بەریتانییەکان هێزێکی غەیرە نیزامی لە سەر سنووری باکووری ناوچەکە دامەزرێنن و دەست بکەن بە ناونووسینی لێڤی لە سنووری هەڵەبجەدا کە لێیانەوە نزیکە. ئامانج لەمەش سەرکەوتن و چەسپاندنی پێگەی شێخ مەحموود بوو، کاتێ کەرکووکیش گیرا دەرکەوت کە ئەم پلانە سەرکەوتوو بوو". *راپۆرتی بەڕێوەبەرێتیی ساڵی ١٩١٨: ناوچەی خانەقین*"، ل ٣٣ .

١٣ – ئەی. تی. ویڵسن، *Loyalties*، ل٣٣.

١٤ – هەمان سەرچاوە ل ٨٧، بێڵ ل ٤٨، درایڤەر ل. ١٠٨.

١٥ – بەپێی درایڤەر تورک سزای هەموو ئەوانەیان دابوو کە پشتیوانییان لە هاوپەیمان کردبوو، شێخی لێبەدەر، درایڤەر "*مەسەلەی کورد*"، ل ١٠٨.

١٦ – ویڵسن، بێڵ: هەمان سەرچاوە.

١٧ – درایڤەر، "*مەسەلەی کورد*"، ل ١٠٨.

١٨ – بێڵ، ویڵسن: هەمان سەرچاوە، ل ٤٨، ٦.

١٩ – ئەی. تی. ویڵسن: *Loyalties*، ل ٨٨.

٢٠ – هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

٢١ – هەمان سەرچاوە ل ٨٦.

٢٢ – ئەو هێزە کوردەی لێڤیی بەریتانییەکان هەوڵیاندەدا ناونووسی بکەن بەنیازی گرتنی هەڵەبجە و پاشان بێزارکردنی تورکەکان لە سلێمانیدا، E. J. R.

٢٣ – بێڵ، *پێداچوونەوەی ئیدارەی مەدەنی*، ل ٥٩.

٢٤ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ویڵسن: *Loyalties*، ل ١٢٧ – ١٢٨.

٢٥ – بێڵ، ویڵسن، هەمان سەرچاوە.

٢٦ – E.J.R، ل ٩ – ١٠ ؛ بێڵ ل ٦٠؛ ویڵسن، *Loyalties* ل ١٢٨.

٢٧ – كورتەیەک لە سکێچی جێمتمانە لەبارەی پێگەی ویلایەتە هندییەکان لە ناو ئیمپراتۆریێتی هندی – بەریتانیدا و پەیوەندییان بە حکوومەتی بەریتانیاوە، بڕوانە ک. م. پانیکار: *"ویلایەتە هندییەکان، نامەکانی ئۆکسفۆرد لە سەر کاروباری هندستان"*، ژمارە ٤، شاری میسور – هندستان، چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٤٢.

٢٨ – بەریتانییەکان سیستەمی حوکمی ناڕاستەوخۆیان لە ماوەی چەندین ساڵدا پەرەپێدابوو. بەهەرحاڵ لەو دەمەوە کە سێر دوگارد (دواتر بوو بە لۆرد دوگارد) لە نایجیریا سیستەمی حوکمی ناڕاستەوخۆی چەسپاند ئیتر بە ناوی ئەمەوە وابەستەبوو. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم سیستەمە، بڕوانە "فرێدریک لوگارد: *ماندێتی دوانە لە ئەفریقیای ئیستیوائیدا – ١٩٢٣*."

٢٩ – بۆ باس و خواسی زیاتر لە سەر ژیانی ساندیمان و سیاسەتی خێڵەکی، بڕوانە تۆماس هێنری سۆرنتۆن: *"کۆلۆنێل سێر رۆبەرت ساندیمان، ژیان و کاری لە سنووری هندستانی ئێمەدا"*، لەندەن ١٨٩٥. ریچارد ئیسحاق برووس: *"سیاسەتی پێشکەوتوو ئەنجامەکان یان سی و پێنج ساڵ کارکردن لەنێو خێڵەکانی باکووری رۆژئاوای هندستاندا"*، لەندەن ١٩٠٠، هیتو وام: *"ساندیمان لە بەلوچستاندا"*، کەلکوتا ١٩١٦، کۆڵن داڤیز: *"کێشەکانی سنووری باکووری رۆژئاوا ١٨٩٠ – ١٩٠٨ لەگەڵ رووپێویی سیاسەتدا لە ساڵی ١٨٤٩وە"*، کامبریدج ١٩٣٢.

٣٠ – سیاسەتی پێشکەوتوو لە بەرانبەر "سیاسەتی سنوور داخراودا" زۆرترینی ئەو مەسەلانە بوون کە مشتومڕیان لە سەر بوو لەناو ئیدارییە بەریتانییەکاندا کە بەدرێژایی سەدەی نۆزدە، بڕوانە دەیڤیس: *"کێشەی سنووری باکوری رۆژئاوا"*، ل ٧١ – ٩٨.

٣١ – دەیڤیس: *"کێشەی سنووری باکووری رۆژئاوا"*، ل ٣٣، کۆڵن دەیڤیس، *"سنووری باکووری رۆژئاوا ١٨٤٣ – ١٩١٨"*، لە مێژووی کەمبریدج سەبارەت بە ئیمپراتۆریێتی بەریتانی، ژمارە (٥): ئیمپراتۆریێتی هندستان، ١٨٥٨ – ١٩١٨. (نیویۆرک – ماکمیلان ١٩٢٩)، ل ٤٤٨.

٣٢ – بۆ چەندین ساڵ برووس کەسێکی نزیک و بڕواپێکراوی ساندیمان بوو لە هندستان.

٣٣ – بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی شکستهێنانی سیستەمی مەلیکی Maliki یان برووس لەنێو مەحسوودەکاندا، بڕوانە دەیڤیس: *"کێشەی سنووری باکووری رۆژئاوا"*، ل ١٢٤ – ١٢٦، سنووری باکووری رۆژئاوا. ویلیەم بارتۆن: *"سنووری باکووری رۆژئاوای هیندستان"*، ل ٤٥٥ – ٤٥٦.

٣٤ – بروس، ل ١٧٠ – ١٧١.

٣٥ – ویڵسن ل ١٢٩؛ بێڵ، ل ٦٠ – ٦١ ؛ E. J. R، ل١٠. باسەکە تاڕادەیەک لە هەر سێ سەرچاوەکەدا وەک یەکە. هەروەها زانیارییەکانی تێکستەکە بە پلەی یەکەم پشت بە گێڕانەوەکەی ویڵسن دەبەستێ و من هەندێ وردەکاریم لە دوو سەرچاوەکەی ترەوە وەرگرتووە کە لەوەی ویڵسندا نەهاتووە.

٣٦ – ویڵسن، ل١٢٩؛ بێڵ ل ٦١؛ E. J. R ، ل ١٠.

٣٧ – هەمان سەرچاوە.

٣٨ – هەمان سەرچاوە.

٣٩ – هەمان سەرچاوە.

٤٠ – هەمان سەرچاوە.

٤١ – بێڵ: *"پێداچوونەوەی ئیدارەی مەدەنی"*، ل٦٠ – ٦١.

٤٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٦١.

٤٣ – عێراق، ئیدارەی بەریتانی، ئۆفیسی کۆمیسیۆنی مەدەنی، *"راپۆرتی بەڕێوەبردنی کەرتی سلێمانی بۆ ساڵی ١٩١٩"*.

٤٤ – هەمان سەرچاوە، لە بێڵ وەرگیراوە، *"پێداچوونەوەی ئیدارەی مەدەنی"*، ل ٦٤.

٤٥ – هەمان سەرچاوە، ل ٩ – ١٠.

٤٦ – نەک تەنها لیڤییەکان بەڵکو کاربەدەستە فەرمییەکانی بەڕێوەبەرێتی نوێ دەڵێن گوایە سوێندی پشتگیرییان بۆ شێخ مەحموود خواردووە. لی *"دوو ساڵ لە کوردستاندا"*، ل ٢٥٤. بەگوێرەی قسەی بێل "لیڤیە کوردەکان لەلایەن ئەفسەری

کوردەوە سەرکردایەتی دەکران و ئامادەی پشتگیریی شێخ مەحموود سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤ لە ویلسن، *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٥، وەرگیراوە.

٤٧ – بێل، *"پێداچوونەوەی ئیدارەی مەدەنی"* ل٦٣، ویلسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٥.

٤٨ – هەمان سەرچاوە، ل ١٣٨.

٤٩ – عێراق، ئیدارەی بەریتانی ئۆفیسی کۆمیسیۆنی مەدەنی، *"راپۆرتی کارگێڕی کەرتی سلێمانی ساڵی ١٩١٩"*.

٥٠ – هەمان سەرچاوە.

٥١ – بۆ وەسفکردنی کاراکتەری سۆن و قسەی ڕەقی و عادەتی لە نووسینی راپۆرتدا، (کە زۆر جار بە زمانی زبر و بێڕێزی دەینووسی)، بڕوانە ویلسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ٨٢ – ٨٣، هەروەها *سێر ئەرنۆڵد ویڵسن ، ئی. بی. سۆن. یاداشت بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان ١٩٢٦"*.

٥٢ – عێراق ئیدارەی بەریتانی مەکتەبی کۆمیسیۆنی مەدەنی، *"راپۆرتی کارگێڕیی کەرتی سلێمانی ساڵی ١٩١٩"*، ل٣.

٥٣ – هەمان سەرچاوە.

٥٤ – لۆنگریگ لە سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە ل ٣ – ٤.

٥٥ – هەمان سەرچاوە، ل ٤.

٥٦ – عێراق ئیدارەی بەریتانی مەکتەبی کۆمیسیاری مەدەنی، *"راپۆرتی کارگێڕیی کەرتی کەرکووک بۆ ساڵی ١٩١٨"*، ل ٤٣٢.

٥٧ – حوڕییە وشەیەکی عەرەبییە واتای ئازادی دەگەیەنێت. ئەمە زاراوەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەروەختی ریفۆرمی دەستووری لەدوای رووخاندنی سوڵتان عەبدولحەمید لە سەردەستی تورکە لاوەکان.

٥٨ – هەمان سەرچاوە، خاڵی (٥٦)، ل ٤١٧.

٥٩ – بێل، *"پێداچوونەوەی ئیداری مەدەنی"*، ل ٦٣.

٦٠ – ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٣٠.

٦١ – بێڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣، لە E. J. R، ل ١٣ وەرگیراوە.

٦٢ – E. J. R، ل ١٢، هەروەها بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

٦٣ – لی Lees، *"دووساڵ لە باشووری کوردستاندا"*، ل ٢٥٤ – ٢٥٣.

٦٤ – ئەی. تی. ویڵسن، *"دڵسۆزان"*، ل١٣٤؛ هەروەها لۆنگریگ، *"عێراق ١٩٠٠ – ١٩٥٠"*، ل ١٠٤.

٦٥ – بۆ ژیاننامەیەکی کورت و کارەکانی شێخ مارف بڕوانە محەمەد ئەمین زەکی، *"تأریخ السلیمانیة وأنحائها– مێژووی سلێمانی و دەوروبەری"*، گۆڕینی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی – ١٩٥١؛ هەورەها ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٧١.

٦٦ – ئێدمۆندس: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤ بەوردی زانیاریی لە سەر ئەو موعجیزانە دەدات کە وا کاک ئەحمەد نواندوونی، لە ئەمین زەکی: *"تأریخ السلیمانیة وأنحائها"* وەرگیراوە، ل ٢٢٤.

٦٧ – لە بەشی دوانزەدا بەوردی باس لە چالاکیی شێخ سەعید کراوە.

٦٨ – ویڵسن: سەرچاوەی پێشوو. ئەم ڕووداوە وەک کە لەلایەن ویڵسنەوە باسکراوە و نووسەری سۆڤیێتی ک. ساریژنین لە بابەتەکەیدا ئیشارەتی پێداوە: *"عێراقی ئەمڕۆ، وێنەیەکی جوگرافی"*، نیوتایمز ژمارە (٦)، ١٥ی مارتی ١٩٤٥، ل ٢٢.

٦٩ – کاریگەریی جاڕنامەی ئەنگلۆ – فەرنسی و ١٤ بەندەکەی سەرۆک ویڵسن، لە سەر میللەتانی میزۆپۆتامیای داگیرکراوی بەریتانیا بەگشتی، بڕوانە ئەی. تی. ویڵسن، *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٠٢، هەروەها بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦ – ١٢٧.

٧٠ – هەروەها بەکرێگیراوانی شەریفیش لە کوردستانی باکووردا کاریان دەکرد بە ختووکەدانی هەستی موسڵمانان بەمەبەستی وروژاندنیان E. J. R، ل ١٧؛ هەروەها بڕوانە: درایڤەر، *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٨. بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩. لەبارەی بانگەشەی شەریفەوە بۆ کوردەکان لە کاتی پەلاماردانی

تەلەعفەردا بڕوانە: "عێراق، ئیدارەی بەریتانی ئۆفیسی کۆمیسیۆنی مەدەنی، *راپۆرتی ئیداریی کەرتی مووسڵ بۆ ساڵی ١٩٢٠*"، ل ٢ – ٣.

٧١ – چالاکیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لە ئەستەنبووڵ. قاهیرە، پاریس، دیمەشق و گەلێ شوێنی تر لە کوردستانی تورکیا و عێراق و ئێران سەریهەڵدا.

٧٢ – بەپێی راپۆرتێکی بەریتانی "*شۆڕشی رووسیا لەپشتی تورکەکانەوە بەلشەفیزم ئامادەیە بۆ یارمەتیدانی هەموو ئەوانەی سکالایان لە دژی نیزامی جیهانی ئێستا هەیە و جارێ ئەوە دەدەن کە سیستەمەی جیهانی ئەمڕۆ نەگونجاوە بۆ رێکخستنی کاروباری مرۆڤ*"، بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥. راپۆرتێکی تری فەرمی دەڵێ: "*تێبینی ئەوە دەکرێت کە باسکردنی بەلشەفیکەکان لە مووسڵدا روونە لە زیادبوونە. هاوپەیمانیی مستەفا کەمال لەگەڵیان پارەی باشی پێ وەردەگرێت و خەڵک وای باس دەکەن کە برێکی باش ئاڵتوونی لێوەگرتوون*". عێراق ئیدارەی بەریتانی ئۆفیسی کۆمیسیۆنی مەدەنی، "*راپۆرتی کەرتی مووسڵ بۆ ساڵی ١٩٢٠*"، ل٥.

٧٣ – درایڤەر، "*کوردستان و کورد*"، ل ٨٠، بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٨ – ٥٩؛ E. J. R

٧٤ – درایڤەر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١، ویڵسن: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨ – ٥٩.

٧٥ – ویڵسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢ – ١٥٣.

٧٦ – لەبارەی پرۆپاگەندەی فەرەنسییەوەە بڕوانە: درایڤەر، "*کوردستان و کورد*"، ل ٨٠ – ٨١، E. J. R، ل١١، ویڵسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

٧٧ – ویڵسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨٥، ٢٨٦، ٢١٢، ٩٢. لۆنگریک، "*عێراق ١٩٠٠ – ١٩٥٠*"، ل ٨٢ – ٨١، لی Lees "*دووساڵ لە کوردستاندا*"، ل ٢٥٥.

٧٨ – بەپێی ویڵسن، "هەموو مانگێک هێزەکان بە ژمارەی قەبەوە لە وڵاتەکە دەڕۆن، بەڵام باسی لە کۆبوونەوەی ئەرکی سەربازی نیە. بازرگانان و خەڵکیتر کە لە بەسرە

و بەغداوە دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی باس لەوە دەکەن کە رۆژانە سەرباز بە کەشتی و شەمەندەفەر دەڕۆن و تەنانەت زۆر کەس پێیانوایە کە وا ئێمە جارێکیتر کوردستان چۆڵ دەکەین و خەڵکەکەی بە دەردی خۆیانەوە بەجێدێڵین بۆ ئەوەی گرفتاری دەستی ململانێی پلانگێڕیی هێزە ناکۆکەکان بن". بڕوانە ویڵسن: سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٥ – ١٣٨ – ٢٨٣، لی *"دووساڵ لە باشووری کوردستاندا"*، ل ٢٦٠ – ٢٦١، لۆنگریک، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨ – ١٢١.

٧٩ – E. J. R، ل١٥؛ بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

٨٠ – ویڵسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

٨١ – لی، ویڵسن، هەمان سەرچاوە:

٨٢ – ویڵسن، لی، لۆنگریک: هەمان سەرچاوە.

٨٣ – رقهەڵسانی سۆن لە شێخەکانی بەرزنجە دەگەڕێتەوە بۆ دوانزە ساڵی پێشتر کاتێ بە نەناسراوی نیشتەجێی کوردستانی باشوور بووە. بێگومان لەمەیاندا کاریگەریی بەگزادەکانی هەڵەبجەی لە سەر بووە بەتایبەتی عادیلە خانم کە زۆر دۆستی بووە. سۆن زۆر بەتوندی رەخنە لە شێخ مەحموود و بنەماڵەکەی دەگرێت لە کتێبەکەیدا *"بەنهێنی لە میزۆپۆتامیا و کوردستاندا"* و ژمارەیەک راپۆرتی فەرمیش، وەک راپۆرتەکەی لە سەر ناوچەی سلێمانی لە کوردستان ساڵی ١٩١٨.

٨٤ – بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

٨٥ – عێراق، *"ئیدارەی بەریتانی ئۆفیسی کۆمیسیۆنی مەدەنی، راپۆرتی کارگێڕیی لە سەر کەرتی سلێمانی ١٩١٩"*.

٨٦ – لی، *"دوو ساڵ لە کوردستانی باشووردا"*، ١٩١٩، ل ٤،٢،١.

٨٧ – عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨٨ – بێڵ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤، ویڵسن: هەمان سەرچاوە ل ١٣٤ – ١٣٥.

٨٩ – هەمان سەرچاوەی راپۆرتی کۆمیسیۆنی مەدەنی لە سەر سلێمانی.

٩٠ – بەپێی ویڵسن، ئەو ئاگاداریی داوە لە بارەی بارودۆخی ناسکەوە لە سلێمانی و وای نیاز بووە بچێتە ئەوێ بەمەبەستی راوێژکردن لەگەڵ شێخ مەحموودا بەڵام شۆڕش و یاخیبوونەکە رێگەی ئەو کارەیاندا، لەم بارەیەوە ویڵسن دەنووسێت: "من کاری ئەوەم رێکخست بە فڕۆکە بچمە ئەوێ. لە دەوروبەری کۆتایی مانگی مایسدا بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ شێخ مەحموودا بەشەخسی وەک هەوڵدانێک بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێک بە مەبەستی گەلاڵەکردنی چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی کورد".

٩١ – شتێکی سەیرە کە وا ژمارەیەک سەرچاوەی بەریتانی، بەتایبەتی E. J. R، ل ١٦؛ درایڤەر *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠ ؛ بێڵ: *"پێداچوونەوەی ئیدارەی مەدەنی"*، ل ٦٦، لەبارەی شۆڕش یان یاخیبوونەکەوە بەم جۆرە دەستپێدەکەن "بەرپابوونی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوبوو". لی بە وردییەکی زیاترەوە دەڵێ: "بارودۆخی سیاسی ئەگەری زۆری لەخۆ گرتبوو، ئایا لەم هەوڵ و تەقەلایەماندا دەتوانین وردە وردە قۆڵی کەسی دەستنیشانکراو ببڕین یان ئەو هەوڵی خۆی سەردەخات بۆ باڵەفڕەیەکی سەربەخۆ پێش ئەوەی تەگبیر و پلانی ئێمە جێبەجێ بکرێت؟ لی Lees *"دووساڵ لە باشووری کوردستاندا"*، ل ٢٥٩.

٩٣ – لەبارەی چالاکییەکانی مەحموود خانی دزلی لەپێش پەلاماردانی سلێمانیدا، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥ – ٢٨٩ کە لە درایڤەر *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠ E. J. R. ل ١٦، بێڵ: پێداچوونەوە.. ل ٦٤، ئێدمۆندس: *کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٣٠ وەرگیراوە. E. J. R، ل ١٦، درایڤەر *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠، بێڵ *"پێداچوونەوە..."* ل ٦٤، ئەی. تی. ویڵسن *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٦. ئێدمۆندس: *"کورد وتورک و عەرەب"*، ل ٣٠.

٩٤ – بەپێی سەرچاوەیەک ئەو پارەیەی دەستی بەسەرداگیرابوو بڕەکەی دەگەیشتە دووسەد هەزار روپی، کە ئەمە لەو دەمەی کوردستانی باشووردا پارەیەکی هێجگار زۆربوو. درایڤەر *"کوردستان و کورد"*، ل٩٠. بەپێی ئێدمۆندس، ئاڵاکە بریتیبوو لە نیوە مانگێکی سوور (کەوانەی مانگ) لە سەر باکگراوندێکی سەوز، ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٣٠.

٩٦ – ویڵسن باس لەوە دەکات کە وا شێخ مورید و خەڵکی شوێنکەوتووانی خۆی دادەمەزراند بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو ناوچەیەک بکەن، ویڵسن: *"دڵسۆزان*

*Loyalties"*، ل١٣٦. سەرچاوەی هاوچەرخی تر باس لە دانانی "قایمقامی" سەربەخۆی دەکەن، درایڤەر *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠؛ E. J. R، ل ١٦؛ بێڵ: *"پێداچوونەوە.."*، ل ٦٤. بەپێی ئێدمۆندس لێرەدا مەبەست لە قایمقام شێخ محەمەد غەریب بووە، کە هەم زاوای و هەم پیاوی دەستەڕاستی بووە لە شۆڕشەکەدا و پاشتر لە دەربەندی بازیان گیراوە و لە دادگایەکی سەربازیدا لەگەڵ شێخدا حوکمدراوە؛ ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ١٠٢.

٩٧ – لی *"دووساڵ لە کوردستاندا"*، ل ٢٥٩ – ٢٦٠ . ئەی. تی. ویلسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٦ لە درایڤەر *"کوردستان و کورد"*، ل٩٠ وەرگیراوە؛ E. J. R ل١٦؛ بێڵ: *"پێداچوونەوە.."*، ل ٦٤؛ ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل٣٠.

٩٨ – بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە لی *"دوو ساڵ لە کوردستان"*، ل٢٦٠.

٩٩ – لی ئەو هەولانەی ئەوی لەو کاتەدا بە ئەزموونی گاڵتەجاڕ داناوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٦٠ – ٢٦٤.

١٠٠ – E. J. R ل١٦، بێڵ: *"پێداچوونەوە.."*، ل٦٥.

١٠١ – ویلسن، *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٦ – ١٣٧، ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٣١.

١٠٢ – ویلسن، *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٧

١٠٣ – هەمان سەرچاوە: وا دیارە بەریتانییەکان گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە تاقە ڕێگا بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆتاییە تێکشکاندنی تەواوی هێز و توانای شێخ مەحموودە. سەرچاوەیەکی بڕواپێکراوی بەریتانی ڕاستییەکی سەرنجڕاکێش دەردەخات کە وا ئینگلیزەکان خوازیاری دانوستان نەبوون لەگەڵ شێخدا هەرچەندە ئەو دەیویست ئەو کارەیان لەگەڵ بکات. بەپێی بێڵ "لە ١١ی حوزێراندا و سەرباری ئەوەی شێخ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە بەرەنگاربوونەوەی هێزێکی ئیستیتلاعی بەریتانیادا، کەچی ئەو ئامادەی گفتوگۆ بوو بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو." بێڵ: *"پێداچوونەوە.."*، ل٦٥.

١٠٤ – ویلسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٧؛ هەروەها ئێدمۆندس: *"کورد وتورک و عەرەب"*، ل ٣١.

١٠٥ – هەمان سەرچاوە.

١٠٦ – لەلای رۆژئـاواوە و لەو دەشـتاییەوە کە لەبەردەمـی دەربەنـدی بازیانـدایە کە تەماشـا دەکەیـت زنجیـرە چیـای قەرەداخ بەشـێوەیەکی سـتوونی و زۆر زەبەلاح راوەستاوە و ڕێگەی لە هەموو شتێک داخستووە لەلای رۆژهەلاتەوە. نەبوونی لاپاڵ زۆری قەبە و زل کـردووە و کـردوویەتیە بەربەسـت. هەردوو شـانی دەربەنـدەکە بەشێوەی پیتی٧ی ئینگلیزی رێک راستبووەتەوە بەبەرزیی هەزار و حەوتسەد پێ لە بنی دەربەندەکەوە. ئیدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٤٥ و ویلْسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٧ – ١٥٨.

١٠٧ – بۆ زانیـاریی زیـاتر بـڕوانە ویلْسـن: *"دڵسـۆزان"*، ل ١٣٨، ئیدمۆنـدس: *"کـورد و تورک و عەرەب"*، ل ٤٦.

١٠٨ – دەربەنــدی بازیــان، کە دەروازەیەکــی بنەڕەتیــیە و نــاوچە شــاخاوییەکانی رۆژهەلاتـی قەرەداخ بە دەشـتی میزۆپۆتامیـا و دنیـای دەرەوە دەبەسـتێ، بەدرێژایـی چەرخە جۆراوجۆرەکانەوە بایەخێکی بازرگانی و ستراتیژی گەورەی هەبووە. لێرەدا هەمیشە هەمەوەند بۆسەیان بۆ کاروان و هێزەکانی عوسمانی دادەنا کە دەنێردرایە سـەریان. سـۆن *"گەشـتێک بـۆ میزۆپۆتامیـا و کوردسـتان"*، ل ٣٢٨ – ٣٢٩ لە سـاڵی ١٨٠٥دا و نزیکەی سـەدەیەک پێش شۆڕشـی شـێخ مەحموود، ئەم دەربەندە شـانۆی شـەڕ و شۆڕشـێکی هاوشـێوە بوو لە نێوان شـازادەی گەورەی کورد عەبدوڕەحمان پاشای بابان و پاشـای بەغدادا. چونکە پاش نێوان تێکچوونی لەگەڵ عوسـمانیدا ئەم دەربەنـدە تەنـگەی بە دیـوارێکی بەرد هەڵچنـی و چەنـد تـۆپێکی لە سـەر دامەرزانـد. هەرچەنـدە پـلانەکەی یەکەمجـار سـەرکەوتوو بـوو، بەلام دواتـر شکسـتیهێنا چـونکە مەحمـوود بەگـی کـوڕی خالیـد پاشـای بابـان، کە ئـامۆزای عەبـدوڕەحمان پاشـا و رکابەری بوو، لە توولەڕێیەکی پشتەوە کەوتە پێش سوپای عوسمانی و بەم جۆرە سـەرداری کورد هیچ چـارێکی نەمـا لە پاشەکشـە بەولاوە. ئەوجـا پاشـای بەغدا ئەم دیـوارەی تەختکـرد پـێش ئەوەی پێشـڕەوی بکـات بـۆ سـلێمانی، ریـچ ل ٥٩ *"المنشـئ البغدادی"* کە وەک ئەمیندار یـاوەریی ریچـی کردووە لە سـەفەرەکەیدا بـۆ کوردسـتان، هەمان باسـوخوازی دەگێڕێتەوە بەلام بەکورتی، بڕوانە سـید محمـد ابـن السـید احمـد الحسینی المنشی البغدادی: *"رحلە المنشئ البغدادی واتە گەشتی مونشی بەغدادی"*، کە

لەلایەن عباس العزاییەوە لە فارسییەوە کراوەتە عەرەبی، بەغدا، ١٩٤٨، ل ٥٨ دەربەندی بازیان لە نەخش و نووسینە مێخییەکاندا بە دەربەندی بابێت ناوی هاتووە. ئەفاریم ئەڤیگدۆر سپیسەر *"باشووری کوردستان لە ساڵنامەکانی ئاشوور ناسرپاڵ و ئەم ڕۆژگارەدا"*. ساڵنامەی قوتابخانەی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئۆرشلیم ١٩٢٦ – ١٩٢٧، هەروەها سی. جەی. ئێدمۆندس: *"ناوی شوێنەکان لە قەواڵەکانی هەورامانـدا"*، بڵاوکراوەی قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی و تۆژینەوەی ئەفریقی، ژمارە ٣، ١٩٥٢، ل ٤٧٨ – ٤٨٢ دەربەندی بابێت بەڕوونی لە ساڵنامەکانی ئەو سێ هێرشەدا دەردەکەوێت کە وا ئاشوورناسرپاڵی سێهەم ١٠٤٧ – ١٠٢٧ پێش زایین ئەنجامیدا لەدژی خەڵکی زاموا، کە وڵاتەکەیان پارێزگای ئەمڕۆی سلێمانی دەگرێتەوە لە عێراقدا. شتێکی سەرنجڕاکێشە کە وا هۆکاری شەڕوشۆڕەکانی ئاشوور ناسرپاڵ دژ بە خەڵکی زاموا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ هۆکاری ئەوەی کە سوپای عوسمانی بەو هۆیەوە هێرشی کردە سەر عەبدوڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی ١٨٠٥دا و سوپای بەریتانیا هێرشی کردە سەر شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩دا. بەپێی سپایزەر ساڵنامەکان جەنگەکان دەگێڕنەوە بۆ نور ئەدەدی شازادەی داگارا، بۆ ئەوەی بەملکەچی وڵاتی ئاشوور بمێنێتەوە. کاتێ ئاشوور دەستیدایە شۆڕش هەموو خەڵکی زاموا چوونە پاڵی و کاتێ پاشای ئاشوور هێرشی کردە سەر میللەتی زاموا تەماشای کرد دەربەندی تابێت قایمکراوە و بە دیوارێک داخراوە. لەئەنجامی شەڕی دەربەندەکەدا ١٤٦٠ پیاو لە یاخییەکان تێداچوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە سپایزەر *"باشووری کوردستان"*، ل ١٥.

١٠٩ – لەبارەی وردەکاریی چالاکیی ئەم هۆزانە بڕوانە: عێراق، ئیدارەی بەریتانی، ئۆفیسی کۆمسیۆنی مەدەنی *"ڕاپۆرتی کارگێڕیی کەرتی کەرکووک بۆ ساڵی ١٩٢٠"*، بەغدا ١٩٢١، ل ٦ – ١٢.

١١٠ – ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٤٩.

١١١ – حەفسەخان، ئامۆزای شێخ مەحموود و ژن خوشکیشی بوو، واباسدەکرێت کە پارێزگاریی لە ئەفسەرەکان کردووە لە ماوەی بەندکردنیاندا. بەپێی ئێدمۆندس، شێخ قادری مێردی حەفسەخان، کە وا ئەفسەری فەرماندەی لیڤی بووە، مێجەر ئەی. ئێم. دانیاڵی مەشقدەری بەریتانیی لیڤییەکانی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بردووەتە ماڵی خۆی

و لەو ماوەیەدا کە لەوێ بووە حەفسەخان لە ڕارەوی بەردەمی ژوورەکەی ئەمدا خەوتووە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ زیانێکی پێنەگات. سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

١١٢ – ئێدمۆندس باس لەوە دەکات گوایە لە پاش شەڕی بازیان لە دوو ئەفسەری لیڤییەوە بیستوویەتی کە وا شێخ مەحموود رایسپاردووە ئەگەر ڕۆژگار لەدژی ئەم وەرچەرخا ئەوە دیلەکان بکوژن. ئێدمۆندس: *"کورد وتورک و عەرەب"*، ل ٤٧.

١١٣ – لەبارەی ئازادکردنی دیلەکانی ئینگلیزەوە، بڕوانە لی *"دوو ساڵ لە باشووری کوردستاندا"*، ل ٢٦٤ – ٢٦٥. ئەی. تی. ویلسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٨، ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٤٧.

١١٤ – ئەی. تی. ویلسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٨ – ١٣٩، بەپێی بێل سزای شێخ دە ساڵ حوکم بووە و شێخ محەمەد غەریبی زاواشی پێنج ساڵ و دە هەزار روپی جەزا بووە. بێل: *"پێداچوونەوەی ئیدارەی مەدەنی"*، ل ٦٥. بەپێی لی، شێخ بیست ساڵ بە کاری قورس و بە دوورخستنەوە بۆ هندستان حوکمدراوە و دەستە و تاقمەکانی سزای لەوە کەمتر دراون. لی: *"دوو ساڵ لە کوردستان"*، ل ٢٦٥. بەپێی ئێدمۆندس حوکمەکەی شێخ بۆ دە ساڵ بەندکردن کەمکراوەتەوە و پاشان نێردراوە بۆ هندستان. ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٥٣.

١١٥ – بەپێی ئەی. تی. ویلسن شێخ بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ کراوە چونکە خراپەی دەرهەق دیلە ئینگلیزەکان نەنواندووە و لە سەرێکی تریشەوە سیاسەتی حکوومەتی بەریتانیا لە ویلایەتی مووسڵی ئالۆزدا دۆزینەوەی بیانوو نەبوو بۆ لەسێدارەدانی ئەم سەرکردەیەی شۆڕشی ئەی. تی. ویلسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٩.

١١٦ – ئەم بەیانە لەلایەن لیفتنانت – جەنەراڵ سێر جۆرج ماکمونەوە لە ١٤ی مارتی ١٩٢٨دا دەرکرا، لە دەرەنجامی موحازەرەیەک لەلایەن جی. ئێم. لییەوە کە لە کۆمەڵەی ئاسیای سێنترال دراوە، لی: *"دوو ساڵ لە کوردستان"*، ل ٢٢٧.

١١٧ – درایڤەر، *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٢. ڕەنگە ئەم خاڵە پێویستی بە هەندێ ڕوونکردنەوە بێت. ئەم سەرچاوە بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێت کە وا شێخ مەحموود هێزێکی سوارەی مەشقدراوی شیاوی نەبوو و بەم پێیەش جەنگاوەری سوارەی قاڵبووی شک نەدەبرد ئێدمۆندس باس لەوە دەکات کە لەپێش پەلاماردانی دەربەندی

بازیانـدا لەلایەن ئینگلیـزەوە نـزیکەی دووســەد ئەسپســوار بینرابـوون چاودێرییـان دەکرد. ئێدمۆنـدس: *"کـورد و تـورک و عەرەب"*، ل ٤٦. درایـڤەر بـاس لەوە دەکـات کە ئەسپ لە نێو ئەو دەستکەوتانەدا بوو کە لە پاش شەڕەکە لەلایەن بەریتانییەکانەوە بەدەستهاتن. درایڤەر: *"مەسەلەی کورد"*، ل ١١٣.

١١٨ – درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٢، لە بێڵ: *"پێداچوونەوە.."*، ل ٦٥ وەرگیراوە.

١١٩ – هەمان سەرچاوە، ل٩٢.

١٢٠ – ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٤٦.

١٢١ – درایڤەر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

١٢٢ – شـوێنکەوتووانی شـێخ مەحمـوود لە نـاوچەی سـلێمانیدا پێـدەچێت مسـکێنی گونـدەکانی خـۆی بووبێـت لەو نـاوەدا. لـی: *"دوو سـاڵ لە کوردسـتاندا "*، ل ٢٥٤، هەروەها بارث، ل ١٢٧.

١٢٣ – درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*، ل٩٠، لی: *"دوو ساڵ لە باشووری کوردستاندا"*، ل ٢٧٣ – ٢٧٥، ئەی. تی. ویڵسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٥، ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل٣٠ و لاپەڕەکانی تر.

١٢٤ – سـەرچاوەی جۆراوجۆر ژمـارەی جیـاوازی هۆزەکـانی هەورامـانی و مەریـوانی باسی دەکەن، ئەوانەی کە چوونە پاڵ شۆڕشەکەی شێخ مەحموود. راپۆرتێکی فەرمی درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠ باس لە ژمارەی سەد تا سەد و پەنجا سەربازی پیـادە و پەنجـا سـوارە دەکـات تەنهـا لەلایەن هەورامییەکـانەوە، لـی: *"دووسـاڵ لە کوردسـتان"*، ل ٢٥٩ ژمـارەکە بە پێنجســەد لەقەڵەمــدەدات و ویڵســن: *"دڵسـۆزان Loyalties"*، ل ١٣٦ تێکـڕا ژمـارەی جەنگـاوەران لەو دیـو سـنووری ئێـرانەوە بە سێسەد لەقەڵەم دەدات.

١٢٥ – مەحموود خانی دزڵی، سەرۆکی بنەماڵەی بەهرام بەگی لە هەوراماندا، بوو بە نووکی نێزەی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود بە گرتنی سلێمانی. بەینێک لەوەوپاش لە سنەی کوردستانی ئێران گیرا بە هۆی بۆتێچاندنی ئەفسەرێکی ئینگلیزەوە. هەردووک ئەو و مەحموود خانی کانی سانانی هاوەڵی رادەستی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کران

له میزۆپۆتامیا. مەحموود خانی دزڵی دوورخرایەوە بۆ هندستان، بەڵام چەند مانگێک دواتر رێگەدرا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و وەک باسدەکرێت لە پاش گەڕانەوە چالاکانە کەوتە کارکردن لە دژی ئینگلیزەکان. لی: *"دوو ساڵ لە باشووری کوردستاندا"*، ل ٢٥٨ – ٢٥٩ – ٢٦٥. هەروەها بڕوانە ئیدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ١١٨ – ١٢٢. سەرچاوەیەکی فەرمی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردەکانی ئێران لە پاش گرتنی سلێمانی خێرا گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام ئەمە بەتەواوی راست نیە چونکە هەردووڵا هەورامانی و مەریوانیەکان بەردەوام بوون لە سەر بێزارکردنی بەریتانییەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی دواتر لە ناوچە شاخاوییەکانی خۆیانەوە کە دەڕوانێتە سەر دەشتی شارەزووردا. E. j. R ، ل ١٦.

١٢٦ – سەرچاوەیەک لە بایەخی رۆڵی مەریوانییەکان کەمدەکاتەوە و باسی دەکات کە هەڵوێستیان لەگەڵ شێخدا یەکلا نەبوو بەدرێژایی ماوەی شۆڕشەکە. درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠.

١٢٧ – پاش ئەوەی حکوومەتی ئێران مەحموود خانی کاتی سانانی رادەستی ئینگلیزەکان کرد، پاشان لە تەمووزی ١٩٢٠دا بەردرا و رێگەی پێدرا بگەڕێتەوە ماڵی خۆی لە ناوچەی مەریوان لە ئێران. وادیارە گەڕانەوەی ئەم، ئەرفەعولمولکی حاکمی مەریوانی هێند ترساند کە ناچاری کرد هەڵبێت بۆ سنە. حکوومەتی ئێران دواتر فەرمانڕەوایی مەریوانی دا بە سەرۆکێکی خەڵکی ناوچەکە بە ناوی کەیخەسرەو خان، کە دواتر گلۆڵەی کەوتە لێژی. بۆ ماوەیەک هەردوو سەرۆک هۆز، مەحموود خانی کانی سانان و کەیخەسرەو خان پێکەوە حوکمی ناوچەکەیان دەکرد، بەڵام فرەی نەخایاند بوو بە ناکۆکی و ململانێیان. عێراق، (ئیدارەی بەریتانی)، ئۆفیسی کۆمسیۆنی مەدەنی، *"راپۆرتی ئیدارەی مەدەنی کەرتی سلێمانی ساڵی ١٩٢٠"*، ل ٥.

١٢٨ – ویڵسن: *"دڵسۆزان Loyalties"*، ل ١٣٥، درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠. ، لەبارەی کەریمی فەتاح بەگەوە بڕوانە لی: *"دوو ساڵ لە باشووری کوردستاندا"*، ل ٢٧٣ – ٢٧٥، ئیدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٢٤٥ – ٢٤٦ و شوێنانی تر.

١٢٩ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣٠ – سەید محەمەدی جەباری کە سەرۆک و دەمڕاستی بیست سی گوند بوو لە باشووری چەمچەماڵدا یەکێک بوو لە دۆستە دڵسۆزەکانی شێخ مەحموود و تا سەر لەگەڵی مایەوە. ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٣٧ – ٣٩. ئەو جەختکردنەوەیە کە وا سەید محەمەدی جەباری و دەستە و تاقمەکەی لە ٥ی حوزێرانی ١٩١٩دا وازیان لە شێخ مەحموود هێناوە، وەک لە راپۆرتێکی فەرمی بەریتانیدا دەردەکەوێت، راست نیە. درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*. ل ٩٠.

١٣١ – وا باسە نزیکەی پەنجا کەس لە هۆزی شێخ بزێنی کە چووبوونە پاڵ شێخ، وازیان لێهێناوە. درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*، ل٩٠. لە ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٣٧ وەرگیراوە. ئێدمۆندس فارس ئاغا وا دەناسێنێ کە برازای تۆفیق ئاغای قەسرۆکە، کە کوڕەزای مەلا عەباسە و یەکێکە لەو چوار برایەی هۆزی شێخ بزێنییان لێکەوتۆتەوە. هەمان سەرچاوە ل ٣٨ – ٤٢.

١٣٢ – بەپێی راپۆرتێکی فەرمی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا عەشیرەتی سمایل عوزەیری بەشدارییان کردووە لە شەڕی ملەی تاسلووجە و پاشان زوو بڵاوەیان لێکردووە گەڕاونەتەوەماڵەکانی خۆیان لە دۆڵی سلێمانیدا. درایڤەر: *"کوردستان و کورد"*، ل ٩٠.

١٣٣ – شوان بە سەرۆکایەتی عەزەی شەریف جەلال، وەک باسدەکرا ژمارەیان ٢٥٠ کەسێک بووە و لە قەرەهەنجیر شەڕیان کردووە. سەرچاوەی پێشوو ل٩٠، لە ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٢٧٦ وەرگیراوە، عەزەی شەریف جەلال وەک جەردەیەکی بەدناو لەو ناوچەیەدا باسدەکرا.

١٣٤ – وەک دەوترێت شێخ عەبدوڵا کە دە دوانزە گوندی لە ژێردەستدا بووە، هەر لە سەرەتاوە بوو بە جەنگاوەری شێخ. ئێدمۆندس: *"کورد و تورک و عەرەب"*، ل ٣٩.

١٣٥ – E. J. R، ل ١٦، دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە وا هەموو جاف و پشدەر لە پشتی ئینگلیز نەبوون لەدژی شێخ مەحموود. هەرچەند عادیلە خانم و زۆربەی بەگزادە لە هەڵەبجە سەر بە ئینگلیز بوون، بەڵام حامید بەگی زڕکوڕی عەدلە خانم سەر بە شێخ بوو. لی: *"دوو ساڵ لە کوردستانی باشووردا"* و شوێنی تری کتێبەکە. بە هەمان دەستووریش ئەگەرچی بابەکری سەلیم ئاغای سەرۆکی

پشدەر سەر بە ئینگلیز بوو، بەڵام عەباسی مەحموود ئاغای خزمی دژیان بوو.
ئێدمۆندس: *"کورد و تورک وعەرەب"*، ل ٢٢٩.

١٣٦ – بێڵ: *"پێداچوونەوەی ئیدارەی مەدەنی..."*، ل ٦٥.

٤

# پێنج قۆناخ بۆ بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کوردی له تورکیادا

**م. هاکان یاڤوز**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی یوتا – ئەمەریکا

○ **م. هاكان یاڤوز** M. Hakan Yavuz

توێژەرێکی سیاسی و مێژوونووسێکی تورکە و لە بواری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی و تورکیی هاوچەرخدا کاردەکات ساڵی ١٩٦٤ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٨٧ بەکالۆریۆسی ئادابی لە زانستی سیاسیدا بەدەستهێناوە لە زانکۆی ئەنقەرە. پاشان ماستەری لە زانکۆی ویسکینسن میلواوکیی ئەمریکا وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٨٩دا. لە ساڵی ١٩٩٨دا بڕوانامەی دکتۆرای زانستی سیاسی لە زانکۆی ویکینسن – مادیسۆن وەرگرتووە و تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی "شوناسی سیاسیی ئیسلام لە تورکیادا"، ساڵی ٢٠٠٣ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٨دا وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی یوتا لە ئەمریکا کاری کردووە لە بەشی سیاسی زانکۆکە و سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کاروباری سیاسی. یاڤوز کتێبێکی سێ بەرگیی لە سەر رووخان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بڵاوکردووەتەوە. هەروەها شەست باس و بابەتی لە سەر ئیسلام، ناسیۆنالیزم، مەسەلەی کورد و سیاسەتی نوێی تورکیا بڵاوکردووەتەوە. هەروەها لە چەند گۆڤارێکی ئەکادیمیدا توێژینەوەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوە چەشنی: سیاسەتی بەراوردکاری، کریتیک: توێژینەوە رەخنەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڤاری سیاسەت و ئاین و ئایدیۆلۆجی.

**کتێبە بەرچاوەکانی ئەمانەن:**

- شوناسی سیاسیی ئیسلام، ٢٠٠٣ و ٢٠٠٥.
- سێکولاریزم و دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیادا، ٢٠٠٩.
- بەرەو رووناکبیرییەکی ئیسلامی: بزووتنەوەی گویلەن، ٢٠١٣.

پەرەسەندن و بەسیاسی کردنی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا لە پێنج قۆناخدا گەڵاڵە بووە و سیاسەتەکانی دەوڵەت هۆکاری دەستنیشانکەر و یەکلاکەرەوەن لە لە گەڵاڵەبوونی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردیدا. هەر قۆناخێک پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە تاوتوێ دەکات لەگەڵ ئەوە رێگە و شێوەیەی کەوا ناسنامەی کوردی پێداڕێژراوە. ئەم باسە مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە هۆکاری سەرەکی بۆ بەسیاسەتکردنی ناسنامەی کولتووری کوردی وەرچەرخانە لە واقیعی فرەڕەگەز و فرەکولتووری ئیمپراتۆریێتی عوسمانییەوە بۆ مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە. هەڵبەت سیستەمی نوێی ئاوێتەکردن بە زۆرەملێی ناسیۆنالیزمی تورکی بوو بە هۆکاری سەرەکیی ناکۆکی و ململانێ لە تورکیادا. پرۆژەی نوێکردنەوەی تاڕادەیەک سەرکەوتووی مستەفا کەمال لە بواری خوێندن و بە شارستانییەت کردن و پەیوەندیکردن تەنها هەر جیاوازیی هەرێمایەتی دروست نەکرد، بەڵکو یارمەتیی ئەوەشی دا کە دەستەبژێرێکی ئیتنیکیی هۆشیاری کوردیش درووست ببێت. پاش لێکۆڵینەوە لە رۆڵی ئیسلام و کۆمۆنیزم وەک "ناسنامەیەکی جێگرەوە" بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی، باسەکە شیکاریش دەکات بۆ پرۆسەکانی "بەئۆتۆنۆمی کردنی" ناسنامەی کوردی لە سالانی ١٩٨٠کاندا. پێویستە تورکیا دان بە مافە کولتوورییەکانی کورددا بنێت و بەدوای گرێبەستێکی کۆمەلایەتیی نوێدا بگەڕێت کە تێیدا مۆزاییکی کولتووریی تورکیا بتوانێت گەشە بکات.

پەرەسەندن و بەسیاسیکردنی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا لە پێنج قۆناخدا[1] گەڵاڵە بووە و سیاسەتەکانی دەوڵەت هۆکاری دەستنیشانکەر و یەکلاکەرەوەن لە لە گەڵاڵەبوونی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردیدا. هەر قۆناخێک پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە تاوتوێ دەکات لەگەڵ ئەوە رێگە و شێوەیەی کەوا ناسنامەی کوردی پێداڕێژراوە. هۆکاری سەرەکی بۆ بەسیاسەتکردنی ناسنامەی کولتووری کوردی وەرچەرخانە لە واقیعی فرەڕەگەز و فرەکولتووری ئیمپراتۆریتی عوسمانییەوە بۆ مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە. هەڵبەت سەرچاوە کۆنەکانی شەرعییەت، کە ئیسلام و خەلافەت بوون، تێکشکێنران و لەناوبران و سیستەمی نوێی بەزۆرەملێ ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزم بوو بە هۆکاری سەرەکیی ناکۆکی و ململانێ لە تورکیادا. بێگومان شەپۆلی داواکاریی ناسنامە لە حاڵی حازردا رەنگدانەوەی گەڕانێکی قووڵە بە دوای شەرعییەت و مانادا لە قۆناخی دوای سیستەمی عوسمانیدا. بەسیاسەتکردنی شوناسی ئیتنیکی لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا لە سەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد[2]. سوڵتان هەندێ شوێنی شارستانیی حوکم دەکرد بەڵام هۆکاری ئیداریی بیرۆکراسی و زانیاریی نەبوو بۆ بەڕێوەبردنێکی رێکوپێک و سێنترالْ و ئەمەش بە رۆڵی خۆی ناکۆکی و ململانێی درووستکرد لە نێوان پێکهاتەی هێزە لۆکاڵەکان و دەوڵەتدا.

پرۆژەی بەمۆدێرن کردنی تاڕادەیەک سەرکەوتووی مستەفا کەمال لە پەروەردە و فێرکردن و بەشارستانی کردن و کۆمۆنیکەیشنەوە تەنها هەر جیاوازیی ناوچەییان درووست نەکردبوو، بەلکو یارمەتیدەریش بوو لە درووستکردنی دەستەبژێرێکی ئیتنیکیی هۆشیاری کوردیدا. لێکدانەوەی ئەم جیاوازییە ناوچەییە و پێکهاتنی دەستەبژێری نوێی کوردی دوو هۆکاری

سەرەکین بۆ مۆبیلیزە کردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا[٣]. تێهەڵکێشی نێوان جیاوازیی ئابووریی ناوچەیی و ناسنامەیەکی تایبەتی ئیتنیکی (کوردی) سەری کێشایەوە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی. چاکسازییە کەمالییەکان کە ئامانجیان "بەشارستانی کردنی" گەلی تورکیا بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سێکولار، بوون بە هۆی بنیاتنانی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردی. تەکنۆلۆجیای مۆدێرنی پەیوەندی و لیبراڵی کردنی سیاسی لە ساڵانی هەشتاکاندا رۆڵی تایبەتیان بینیوە وەک هۆکاری یارمەتیدەر بۆ دەربڕین و گوزارش کردن لە شوناسی کوردی. لەڕووی ئیتنیکییەوە رووناکبیرە کوردە سیاسەتکارەکان وەک "بیزینێسمانی نەژادی" لە تورکیادا کار دەکەن بە هۆی لێکدانەوەی هەموو رووداوەکانی ئێستا و رابردوو لەبەر رۆشنایی مۆرکی بەمێژوویی کردن و شەرعییەت پێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی[٤].

باسەکە، لە پێنج قۆناخی مێژووییدا، فاکتەرە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی شوناس یان ناسنامەی کوردی دەستنیشان دەکات. لە قۆناخی یەکەمدا، شیکردنەوەی کاریگەریی سیاسەتە ناوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا. لە کاردانەوەی ئەم سیاسەتە ناوەندییانە و دەستێوەردانی کاپیتالیزمی ئەوروپیدا، تۆڕە ئیسلامییە ناوخۆییەکان بە سیاسەت کران و جووڵێنران. لەم بەشەی یەکەمدا، جەخت لە سەر رێبازەکانی نەقشبەندی و قادری کراوەتەوە وەک ئامرازی بەرهەڵستیی دژ بە ناوەندێتیی دەوڵەتی عوسمانی و وەک ئامرازی پێهاتنی ناسنامەش لە ساڵانی (١٨٧٨ – ١٩٢٤)دا. قۆناخی دووەم لە ساڵانی (١٩٢٥ – ١٩٦١)دا، باس لە ئاسەوار و لێکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وەرچەرخان دەکات لە قەوارەیەکی عوسمانیی فرە ئیتنیک و نەژادەوە بۆ "دەوڵەتیکی نەتەوەیی" نوێ و کاردانەوەی هۆزە کوردەکان لە سەر پرۆژەی بنیاتنانی نەتەوەی مستەفا کەمال. ئەم نەیار و

یاخیبووانە لە ناوەندێتی داوای بەردەوامیی پەیکەری خێڵەکیی ئۆتۆنۆمیداریان دەکـرد کە یارمەتیـدەر بـوو لە دەربـڕین و گـوزاش کردنـی ناسـیۆنالیزمی سەرەتایی کوردی. گوتاری ئایدیۆلۆجیی کۆماریی نوێی مستەفا کەمال دەبوو یـان نکووڵی لە بـوونی کـورد بکـات یـان سـەرلەنوێ زمـانێکی سیاسـی بنیـات بنێتەوە بۆ قسە کردن لە سەر مەسـەلەکە بە بێئەوەی نـاوی "کـورد" بهێنرێت. هەڵبەت وەک بەشێک لە ریفۆرمە رادیکاڵییەکـان بۆ بنیاتنـانی دەوڵەت نەتەوە، بیـر و بۆچـوونە نەریتییەکـانی شـوناس و کولتـووری کـورد وا لەقەڵەمـدرا کە "دواکەوتــوو" و "خێڵەکــی" و ئەنجــامی "دواکەوتنــی" نــاوچەکەیە. قۆنــاخی سێهەمیش (١٩٦٢ – ١٩٨٣) لە سێکولار کردنی ناسنامەی کورد دەکۆڵێتەوە لە چوارچێـوەی بـزووتنەوەی چەپخـوازی بەرفراوانـی تورکیـا لە نێـوان سـاڵانی شەســـتەکان و هــــەفتاکاندا. قۆنــــاخی چـــوارەمیش (١٩٨٣ – ١٩٩٨) ئەو بەرخـــودان و یــاخیبوونەیە بە ســـەرکردایەتیی پــارتی کــاری کوردســـتان (پەکەکە). گرتنـی عەبـدوڵا ئـۆجەلانی سـەرکردەی پەکەکە لە سـاڵی ١٩٩٩دا، سـەرەتای قۆنـاخی پێـنجەم پێکـدێنێت کە هێشـتا لە قۆنـاخی بەراییـدایە کە هەندێک گونجان هەیە لە نێوان خولیا و ئاواتی جیاجیای تورک و کورددا و پێویسـتە تێبینیـی ئەوەش بکرێت کە دابەشـبوونی قـووڵ هەیە لە نـاو تورکدا سەبارەت بە رۆڵی کولتوور و شوناس و بەهەمان شێوەش لە نـاو کورددا لە تورکیا. ئەم قۆناخی دواییە بە "حاڵەتی کاندید یان پاڵێوراو" دەسـتی پێکرد لە تورکیـادا و بە شـێوازی ئەوروپیـانە کردنـی مەسـەلەی کـورد لە تورکیـادا. هەڵـبەت تـا مەسـەلەی کـورد لە تورکیـادا بـوونی هەبێـت، ئەوە تورکیـا چ لە دەرەوە یان لە ناوەوە ئیفلیج دەبێت و مەحکوومە بەوەی بەردەوام گرفتـاری رەخنەی نێودەوڵەتی بێت.

## بچڕبچڕبوونی ناسنامەی کورد

ئـارەزوویەکی روو لە هەڵکشـان هەیە بـۆ شـیکردنەوەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی وەک هێزێکـی "سرووشـتی"[٥]. هەڵـبەت پێویسـتە وەبیـر سیاسـەت داڕێژەران بهێنرێتەوە کە ناسیۆنالیزم، تورکی یان کوردی بێت، هەمیشە لە لایەن "دەستپێشخەرانی ناسنامەوە" بنیاتدەنرێت و لەلایەن سیاقی سیاسییەوە شکڵبەند دەکرێت. جیاوازیی سەرەکیی نێوان ناسیۆنالیزمی تورکی و کوردی بـوونی دەوڵەتە و ئەوە بەمـۆدێرن کردنـی دەوڵەتـی نەتەوەیـیە کە نەتەوە و ناسـیۆنالیزمی تـورکیی پێکهێنـاوە و پێداگریشـی کـردووە لە سـەر لایەنـی مەدەنیی گەل یان نەتەوە. لەبەرئەوەی کە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا و عێراق و ئێراندا وەڵامدانەوەی مۆدێرنە کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە، بۆیە بەردەوام جەخت لە سەر بەردەوامیی "جیاوازییە" ئیتنیکییەکانی دەکاتەوە و تەنانەت هەنی جاریش پەنا دەباتە بەر رەگەزپەرستی بۆ ئەوەی مێژوویی بە خۆی ببەخشێت. بە پێی ئەنتۆنی سمیث بێت وشەی "ئیتنی یان نەژاد" (وەک نـاوێکی کـۆ، ئەفسـانەیەکی هاوبەشـی رەچەڵەک، کولتـوور و مێژوویەکی هاوبەش، خاک و ناوچەیەکی دیاریکراو و هەستێکی یەکگرتوویی) پێویسـتن بـۆ پێکهێنـانی نەتەوە[٦]. لێرەدا "ئیتنییەکـی" کوردي وەک پێشـەنگێک دەردەکەوێـت بـۆ ناسـیۆنالیزمی مـۆدێرنی کـوردی کە رەگـی ئیتنیکـی و ئەفسـانە و یـادەوەری و بەهـای بەکۆمەڵیـان تێـدایە. ناسـیۆنالیزمی کـوردی بریتییە لە ئەنجامی گرژیی نێوان هێزەکانی ئاوێتەبوون و خەبات و تێکۆشان لەپێناوی پاراستنی ئۆتۆنۆمیی کولتووری و ناوچەیی. ئەم گرژییە بریتییە لە کرۆکی بەسیاسەت کردنی کولتووری کوردی.

هەرچەنـدە "دەستپێشـخەرە ئیتنیکییەکـانی" کـورد مەیلیـان بەلای پێناسـە کردنی تورکەکانە وەک "ئەویتریان" لە بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، بەڵام

گەلێ درزی خێڵەکی و زمانەوانی و ئاینی و ئەلفوبێ و ناوچەیی گەورە لەگۆڕێدان و لە جوغزی خودی ناسنامەی کوردیی خۆیدا. سەرچاوەی ئەم دابەشبوونانە کۆمەڵایەتیی مێژوویین و ڕێگرن لە دەرکەوتنی ناسنامەیەکی کامڵی کوردی. هەڵبەت پەیکەربەندیی ژیانی کورد لە سەر بنەمای خێڵەکی و کۆمەڵگەی لۆکاڵی دێهاتی بوو بە یەکگرتنێکی توندوتۆڵ و پتەوەوە لە ژێر حوکمی سەرۆکێکی خێڵەکی یان ئاینی، کە بە ئاغا، شێخ، سەیید یان مەلا دەناسران[٧]. خێڵەکان، کە لە زمانی تورکیدا بە عەشیرەتیش دەناسران، کۆمەڵە خەڵکێک بوون بە پێی بنەمای خزمایەتی و ناوچەیی و ئاینی فۆرمەڵە بووبوون. تەریقەتە سۆفییەکانی نەقشبەندی و قادری، کە شێخ رابەریی دەکردن گرووپە توركی و عەرەبییە جۆراوجۆرەکانیان یەکخستبوو لە عەشیرەتی گەورەتردا. لە زۆر حاڵەتدا، چونکە ئاغا لە هەمان کاتدا سەرۆکی ڕێبازی سۆفیگەریشە، دەسەڵاتێکی دوولایەنە پیادە دەکات بە سەر عەشیرەتەکەیدا و ئەم پێکهاتە خێڵەکییەش رۆڵێکی دوولایەنەی دەگێڕا، کە یەکەم ڕێگر بوو لە پێکهاتنی یەکێتییەکی کوردی بە هێشتنەوەیان لە حاڵەتی بچڕبچڕیدا و دووەمیش پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندییەکی لەڕادەبەدەر لە بەرانبەر تورک و فارس و عەرەبدا. پێکهاتەی خێڵەکی، کە کۆگەی بنەڕەتیی ناسنامەی کوردیی پێکدەهێنا ئاسانکاری جموجوڵی دەکرد دژ بە حکوومەتە ناوەندییەکان و هەروەها ڕێگر بوو لە درووستبوونی چەمکی مۆدێرنی ناسیۆنالیزم تا ناوەڕاستی سەدەی بیست. بەواتایەکی تر، پابەندی و ملکەچی لە نێوان خێڵە کوردەکاندا نەرمترە و بەڵام دابەشبوون لەخۆیدا مۆرکێکی نەگۆڕە. دەوڵەتی تورکیا سێ سیاسەتی رکابەری گرتووەتەبەر کە ئەمانەن: ئەلف) سیاسەتێکی تێکەڵ کردن بە تێکشکاندنی پەیکەربەندی و سترۆکتووری خێڵەکی، کە بەعادەت یاخیبوونی چەکداریی لێکەوتووەتەوە، بێ) سیاسەتی بەشداری پێکردنی سەرۆک عەشیرەتەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ئەو

ناوچە لاسار و ناجێگیرانە، جیم) سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە لە ڕێگەی بەکارهێنانی عەشیرەتێکەوە دژ بەویتر.

بێجگە لە پێکهاتەی خێڵەکی جوگرافیاش سەرچاوەیەکی ترە بۆ تێکشکاندنی ناسنامەی کوردی. کوردەکان "نەتەوەیەکن" درووستبوونیان دەکەوێتە سەر چوارڕێیانی جیهانی فارس و عەرەب و تورک. خاسییەتی سنوورەکان دەرفەتیان داوەتە خێڵەکان کە ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمییان هەبێت. هەڵبەت پەیوەندییەکی فشەڵ و شلوشاو هەبوو لە نێوان خێڵە کوردەکان و ناوەند و سیستەمی لاوەکیی هەرێمیی ئەم سنوورانە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریێتی فارسی و عوسمانیدا. زۆربەی کورد لە ناوچەی شاخاویی زۆر سەختدا دەژین و ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی هەر کۆمەڵگەیەک لەویتر جیادەکاتەوە و بە هەمان شێوە لە عەرەب و فارس و تورکیش. ئەم دۆخە جوگرافییە سەخت و هەڵەتە فاکتەری سەرەکی بوون لە کۆسپ خستنەبەر پێکهاتنی یەکێتیی کورد. بە هۆی پێکهاتەی خێڵەکی و دۆخی جوگرافییەوە، دیالێکتە جۆراوجۆرەکان بالادەستن لە ناوچەکاندا و ناسنامە خوار ئیتنیکەکان لە هۆشیاریی کورد بەهێزترن. لە هیچ کات و سەردەمێکی رابردوودا هیچ عەشیرەتێک پێیخۆش نەبووە عەشیرەتێکی رکابەری تر سەرکەوتووبێت لە سەرکردایەتیی بزووتنەوە کوردییەکاندا و هاوزەمانیش حکوومەتە ناوەندییەکان هیچ کاتێک درێغییان نەکردووە لە بەکارهێنانی هۆزێکدا دژ بەویتر، بۆ نموونە، تەنانەت *ئەنفالی* سەددام حوسێنیش نەیتوانی زاڵ بیت بەسەر کەرتوپەرت بوونی کوردەکان لە باکووری عێراقدا[٨]. بە هۆی سیاسەتە ناوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و چاکسازییەکانی مستەفا کەمالەوە کەمترین کوردی خێڵەکی و زۆرترین کوردی سیاسی ئەوانەن کە لە تورکیادا دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە حاڵەتی تورکیادا شوناسی ئاینیی

سوننی بەرانبەر بە عەلەوی، مەسەلەی زمانەوانیی کرمانجی بەرانبەر بە زازایی و ناسنامەی هەرێمیی رۆژئاوا بەرانبەر بە رۆژهەڵات و ناسنامەی چینێکی کوردیی لە بەرانبەر ناسنامەیەکی گەورەتردا هەموو لە رکابەری و ململانێی یەکتردان[٩].

لە پێکهاتنی شوناسی مۆدێرنی کوردی لە تورکیادا، رووبەڕووبوونەوەی هێزە ئاینی و عەلمانییەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن و وا باوە کە دڵسۆزی و پابەندییە ئاینییەکان لە ناو کوردە سوننەکاندا بەهێزترین[١٠]. بۆ نموونە، هەندێ لە سەرۆک هۆزەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە سەیدن و بە رەچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەی محەمەدی پێغەمبەر، وەک پاساوێک بۆ بەهێزکردنی کاروباری دنیاییان بە ئامرازی ئاینی. هەڵبەت ئیسلام هێزی یەکخستن و دابەشکار بووە لە ناو کورددا و دابەشبوونی ئاینی لە نێوان کوردە سوننی و عەلەوییەکان رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە دابەشبوونی یەکبوونی کورددا و ئەم دابەشبوونە ئاینی و کولتوورییەش بوو بە بناغە بۆ ئاڕاستەی سیاسیی جیاجیا لە ناو بزووتنەوەی کورددا. بۆ نموونە، کوردە عەلەوییەکان بەتوندی پاڵپشتی ریفۆرمەکانی مستەفا کەمالیان کرد و بوون بە سایە و پشتیوانی ئایدیۆلۆجیای چەپ لە تورکیادا، لەکاتێکدا کەوا کوردە سوننەکان پشتیوانییان لە بزووتنەوە ئیسلامییەکەی نەجمەدین ئەربەکان کرد کە دژ بە کەمالییەکان بوو. ئازادبوونی هەنگاو بە هەنگاوی عەلەوییەکان بوو بە راستییەکی حاشاهەڵنەگر لە ئەنجامی ریفۆرمەکانی مستەفا کەمالدا. بە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندن و بەسیاسەتبوونی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا، دەکرێ پێ لە سەر پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابگرین بۆ لێکتر جیاکردنەوەی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کە لە هەمان کاتدا

شوناسی کوردی یەکدەخات و دەشیترازێنێت (لەم نووسینەدا ناسیۆنالیزم وا پێناسە دەکرێت کە رەفتارێکە بۆ مافی چارەی خۆنووسین تێدەکۆشێت).

## قۆناخی یەکەم: یاخیبوونی دژە سێنترالْ کردن و بەسیاسەتکردنی ناسنامەی ئیسلامی

لە ماوەی سەردەمی عوسمانیدا، ناسنامەی ئیتنی یان نەژاد بایەخێکی سیاسیی ئەوتۆی نەبوو، بەڵکو ناسنامەی ئاینی دڵسۆزی و پابەندیی سیاسیی پێکدەهێنا. هەوڵدان بۆ بەناوەندی کردن لە سەدەی نۆزدەدا بووە هۆی بەسیاسەتکردنی ناسنامە ئیتنیکی و ئاینییەکانی دەوروپشت. زۆربەی یاخیبوونە خێڵەکییەکانی کورد دژ بە حکوومەتی ناوەند لە کاردانەوەی خێڵەکییەوە سەرچاوەی گرتووە بەرانبەر بە سیاسەتی پەلاماردەرانە و مۆدێرن کردنی دەوڵەتی عوسمانی و کۆماری تورکیا. ئەم سیاسەتی سێنتراڵیزە کردنە لە بواری قۆرخکردنی توندوتیژی و خوێندن و فێرکردندا هەرەشەبوو بۆ سەربەخۆیی خێڵەکی و بەرژەوەندییەکانی ئاغا یان سەید. هەندێک لەم هۆز و خێڵانە بەرهەڵستیی پەلکێشانی حوکمی یاسایان کرد لەم ناوچەیەدا چونکە مەبەست کۆتاییهێنانی ملهوڕی و ستەمی دەرەبەگایەتییان بوو لە سەر دانیشتووانە لۆکاڵەکە. بەم پێیە، مرۆڤ دەبێت ئەوپەڕی سڵ و بەئاگابێت کە باس لە میللیبوونی ئەم یاخیبوونە دژە ناوەندییانە دەکرێت لە لایەن ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە.

ئامانجی سێنتراڵیزە کردنی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی تێکشکاندنی پەیوەندی و هاوپەیمانییە خێڵەکییەکان بوو. ئەمەش بە رۆڵی خۆی رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندی و قادری توانادار و چالاک دەکاتەوە، شانبەشانی

پەیدابوونی شێخ وەک کەسایەتییەکی تەواوکار و راییکەری ململانێی هۆزە کوردییە جۆراوجۆرەکان و بگرە لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و تۆڕی خێڵەکانیشدا. بە واتایەکی تر، داخورانی پەیوەندییە خێڵەکییەکان بوو بە هۆی پتەوبوونی تۆڕەکانی سۆفیگەری و ناسنامەی ئیسلامیی بەسیاسەتکراو. لێرەوە هۆشیاریی ئیتنیکیی کوردی لە چوارچێوەی هۆشیاریی ئیسلامیدا پەرەیسەند. لە بزووتنەوە دژە سێنترالیزەکاندا، تۆڕی سۆفیگەریی نەقشبەندی نەک هەر تەنها جێگەی ڕێبازە زۆر ئەریستۆکراتەکانی قادریی گرتەوە بەڵکو رۆڵێکی سەرەکیشی تێدا بینی. یەکەم یاخیبوونی سەر بە ئاین – نەژاد لە ساڵی ١٨٨٠دا بوو بە سەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵا (کە ساڵی ١٨٨٣ کۆچی دوایی کردووە) و رابەرێکی ئاینیی ناوچەکە بوو، وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتە سێنتراڵەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (ماوەی حوکمکردنی ساڵانی ١٨٧٦ – ١٩٠٩ بووە). پاش تێکشکاندنی ئەم یاخیبوونە ئاینیی – خێڵەکییە، سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەم فەوجە حەمیدییەکانی لە خێڵە جۆراوجۆرەکانی کورد پێکهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناسیۆنالیزمی ئەرمەن لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا کە رووسیا پشتیوانیی لێدەکردن. هەڵبەت ئەفسەر و سەربازانی فەوجەکانی حەمیدییە رۆڵی چاوەڕوان نەکراویان بینیوە لە پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. بۆ نموونە، هەندێک لە ئەفسەرانی یەکە حەمیدییەکان یارمەتیی مستەفا کەمالیان دا لە بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی تورکیای نوێدا و پارتی نیشتمانیی کوردی، ئازادی (کە ساڵی ١٩٢٣ دامەزرا) ئەندامێتیی (پەرلەمانی – و) لە ڕێگەی ئەم یەکانەوە دەستەبەر کرد[١١].

پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی بە ئەندازەی پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی تورکی بەردەوام نەبوو. هەمیشە ئیسلام رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە زمانی نەتەوەیی تورکیدا و بە رۆڵی خۆی

ناسیۆنالیستەکان سەرلەنوێ ئیسلامیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە شوناسی نەتەوەیی پێناسە کردەوە. ناسیۆنالیزمی تورکی لە بنەڕەتدا لە سەر فەلسەفەی ئیسلام و تێڕوانینی بۆ کۆمەڵگە راوەستاوە و هەرچەندە تورکیا دەوڵەتێکی نەتەوەیی سێکولارە، بەڵام ئاین کرۆکی مشتومڕە لەبارەی ناسنامە و روخساری سیاسییەوە. هەڵبەت شێوازی کاری بەکۆمەڵ و واتای دادپەروەری و تۆڕەکانی رێکخستن لە تورکیادا تا ئاستێکی زۆر گەورە لەبەر رۆشنایی پراکتیزەی ئیسلامی و رێکخراوە ئیسلامییەکان دەجووڵێنەوە. لە سەدەی نۆزدەدا سیاسەتە ناوەندییەکانی رژێمی عوسمانی سەرکەوتوو بوو لە لاواز کردنی سترۆکتووری خێڵەکی بەڵام لەناوی نەبرد و ئەم سیاسەتانە بوون بە هۆی ئەوەی تۆڕە ئیسلامییەکان تێکەڵ بە سیاسەت بن.

## قۆناخی دووەم: قۆناخی بەسێکولار کردنی نیشتمانی یان نەتەوەییە (١٩٢٥ – ١٩٦١)

لە دەوڵەتی عوسمانیدا گرووپە ئیتنۆ – زمانییەکان بە پێی بنەمای ئیتنیک و نەژاد پۆلێن نەکرابوون بەڵکو بە پێی ئاین کرابوون. لە ناو گرووپە ئاینییەکاندا کۆمەڵگەی ئیتنۆ – زمانەوانیی جیاجیا هەبوون و لەدەستدانی ئەم مۆرکە جهانییەی ئیمپراتۆریەت، هاوزەمان لەگەڵ زەوی و خاکێکی بەرفراوان لە بەڵکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کاریگەرییان هەبوو لە سەر کولتووری سیاسیی تورکی. ئەو شێوازەی کە هێزە کۆلۆنیالییەکانی ئەورووپی ئیمپراتۆریتی عوسمانییان پێ لاوازکرد و دابەشیان کرد داخێکی قووڵی لە یادەوەریی بەکۆمەڵی تورکەکاندا جێهێشتووە. لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا و پاش ئەوەش چەندین کۆمیتەی کولتووریی کوردی لە شارە

کوردییە گەورەکاندا پێکهات[١٢]. وەک ئەنجامێک بۆ ئەم مۆبیلیزە سیاسییە و پشتگیریی بەریتانیا لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، شەریف پاشا مەسەلەی کوردی دەبردە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی دواتر. پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠، کە گوتاری دەوڵەتی کەمالی پێکدێنێت بۆ ناسینی دوژمنە ناوەکی و دەرەکییەکان، "ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆیی دەستەبەر کرد بۆ ئەو خاکەی کوردی تێدا زۆرینە و باڵادەست بوو" (بەپێی مادەکانی ٦٢ – ٦٤). ئەگەرچی پەیمانی سیڤەر هەرگیز جێبەجێ نەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە یادەوەریی بەکۆمەڵی دەوڵەتی تورکیدا دەمێنێتەوە. هێشتا ترس لە دابەشکردن هەر بەرۆکی کۆمەڵگەی تورکی بەرنادات و دوودڵی و گومانی بەردەوام بەرهەمدێنێت لەلایەن بیانییەکان و هاوکارە ناوخۆییە شەڕخوازەکانەوە.

لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا زۆرێک لە هێزە ئەورووپییەکان بوون بە داکۆکیکار لە کەمینەکان و "مافی کەمینەکانیان" بەکارهێنا بۆ وەدەستهێنانی تەنازولی زیاتر لە دەوڵەتەوە. لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئیمپراتۆریێتی عوسمانی دابەشکرا و ئەنەدۆڵ و رومڵی داگیر کرا کە ناوجەرگە و قەڵای ئیمپراتۆریێت بوو. لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی یەکەم و جەنگی تورکی – یۆنانیدا، کە لە ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٢ بەردەوام بوو، تەنها خەڵکێکی کەم مانەوە لە میللەتە ناموسڵمانەکانی ئەنەدۆڵ و زۆرینەی ئەرمەنەکانی تورکیا لە ساڵی ١٩١٥دا بۆ سووریا و میزۆپۆتامیا راگوێزران، بۆ ئەوەی نەدەنە پاڵ هێزە پێشڕەویکردووەکانی رووسیا و جاڕی سەربەخۆیی بدەن لە بەشی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریێتدا. دانشتووە یۆنانییە ئۆرسۆدۆکسەکانی کە لە کاتی جەنگی تورکیا و یۆناندا هەڵنەهاتبوون، لە گەڵ موسڵمانەکانی یۆناندا ئاڵوگۆڕ کران بەپێی پەیمانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣.

هەڵبەت گواستنەوە لە ئیمپراتۆرێتێکی عوسمانیی جیهانیی (کۆسمۆپۆلیتی) فرەکولتوورەوە بۆ تورکیایەکی کۆماری سەریکێشایەوە بۆ ناسیۆنالیزمێکی سێکولاری ئاوێتەی نەتەوەیی کە بواری فرەرەنگیی نەدا و سوور و پێداگر بوو لە سەر ئەوەی تەواوی دانیشتووان ببنە تورک.

به هۆی میراتی عوسمانییەوە، تورکیا پارادۆکسێکی بێچارەسەر بەرجەستە دەکات لە دامەزراندنی کۆمار لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا. لە لایەکی ترەوە، دەوڵەت کە لە ئەنجامی بەئیسلامبوونی دیمۆگرافیی وڵاتدا دامەزرابوو، ئیسلامی بەکارهێنابوو بۆ کۆکردنەوەی گرووپە ئیتنیکی و زمانەوانییە جیاوازەکان و لەولاشەوە ئایدیۆلۆجییەتە شارستانییەتە "پێشکەوتووەکەی"، کە بە کەمالیزم ناسراوە، دیاریکرابوو بۆ بەرهەڵستیی ئیسلام. تورکیا بانگەشەی پیاوان و ژنانی وڵاتی کرد کە بەشداریی *جیهاد* بکەن دژ بە سوپا داگیرکەرەکانی ئەوروپی بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەیان و خیلافەت و لە پەیمانی لۆزاندا جەختی لە سەر ناسنامەی ئایینیی هاوبەش کردەوە بۆ تورکەکان وەک موسڵمان و ئاماژەشی بۆ غەیرە موسڵمانەکان کرد وەک "کەمینە"[١٣]. تورکیا، بە رەتکردنەوەی ئیتنیک و نەژاد وەک بنەمایەک بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و لەجیاتیدا لە سەر بناغەی ناسنامەی نیشتمانی دامەزراوە کە ناسنامەی ئاینی – هەرێمییە. ناسنامەی ئیسلامی، کە بریتی بوو لە دڵسۆزیی ئاینی و پیادەکردنی رێورەسمەکان و کۆمەڵێک لە رۆڵە کۆمەڵایەتییە – سیاسییە مێژووییەکان و چوارچێوەکانی پلان وەک دەلالەتێک بۆ رووداوەکان و ئەزموونەکان و بەڵگەکانیان، کە هەموو ئەمانە هۆکاری تەواوکارن بۆ دامەزراندنی کۆماری تورکیا. شوناسی نیشتمانیی لە سەر مۆدێلی چەمک و تێگەیشتنی ئیسلامی بوو بۆ کۆمەڵگە و لە رێگەی تێرمە ئیسلامییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە. لە رێگەی تێهەڵکێش کردنی وشە و

دەستەواژە ئاینییەکانی وەک *میللەت* (وەک ئاماژەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاینی لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا، کەوا کۆمار بۆ گەل یان نەتەوە گونجاندبووی)، هەروەها وشەی وەتەن، غازی (وەک ئیشارەتیک بۆ ئەوانەی بە ناوی ئیسلامەوە جەنگاون و بوو بە نازناوێک بۆ مستەفا کەمال) و *شەهید* (بەواتا ئەوانەی لەپێناو پاراستنی ئیسلام و بڵاوکردنەوەیدا دەمرن)، لە فەرهەنگی ناسیۆنالیستی و زمانی رەشەخەڵکەکە و بڵاوکردنەوەی ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی و بەم جۆرە شوناسی ئیسلامی بە میللی کرا. ئیسلام لە ناوخۆ و دەرەوەدا هەر بە رەگداکوتاوی مایەوە و زۆربەی جاران بەردەوام بوو لە پێدانی ناسنامەی شاراوە بۆ دەوڵەتی تورکیا.

لە پاش یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید دژ بە کۆماری تازە، پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە چڕکرایەوە[١٤]. هەڵبەت جارێکیتر خیلافەت، کە ساڵی ١٩٢٤ هەڵوەشێنرایەوە، نوێنەرایەتیی یەکێتییەکی ئیسلامیی کرد بۆ گرووپە فرەئیتنیک و نەژادەکان و دانی بە فرەنەژادیدا نا بێئەوەی هیچ رۆڵێکی سیاسی پێبسپێردرێت. بە واتایەکیتر، خیلافەت بوو بە سیمبۆڵی دەوڵەت و دەسەڵاتی فرە ئیتنیک و نەژاد، لە سەر بنەمای یەکێتیی موسڵمانان وەک کۆمەڵگەیەکی پشتبەستوو بە ئاین و باوەڕ و بوار رەخساندن بۆ پابەندییە جۆراوجۆرەکان و ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی بۆ دەوروبەر. ئامانجی یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٥ پاراستنی ئەم سترۆکتوورە ئاینی و خێڵەکییەی ناوچەکە بوو و یاخیبوونەکە تۆڕ و چوارچێوە ئیسلامییەکانی خستە خزمەتی فراوان کردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بۆ دابینکردنی یارمەتی و پاڵپشتیی تورکە سوننەکانی تریش کە دژ بە عەلمانی بوون.

شێخ سەعید، کە لە سەر رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندی بوو سەرەتا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بگرە کۆنترۆڵی دەوروپشتی دیاربەکر و

ئێلازیگیشی کرد، بەڵام رکابەری و ناکۆکیی خێڵگەری و دابەشبوونی ئاینی رێگر بوو لە بەشداری کردنی کورد بەتەواوەتی. هەرچەندە سوپای تورک شێخ سەعیدی بە دیل گرت (١٨٦٥ – ١٩٢٥) و لە دیاربەکر لەسێدارەی دا، بەڵام یاخیبوونەکەی وەک یەکەم راپەڕینی ئیتنیکیی ئاینی وای لە کۆماری تورکیا کرد ئەوپەڕی بەگومان بێت لە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی چالاکیی کورد. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧دا، کۆمەڵێک لە سەرۆک هۆز و رۆشنبیرانی کورد، کۆمەڵەی نیشتمانیی کورد (خۆیبوونیان) دامەزراند، لە ژێر سەرکردایەتیی ئیحسان نوری پاشادا لە بەدلیس، کە جەنەراڵێکی عوسمانیی سەرکەوتوو بوو. ئەم گرووپە راپەڕینی چیای ئاگری (ئارارات) یان بەرپاکرد لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣١دا. لە قۆناخەکانی سەرەتادا سوپای تورکیا تووشی سەختی و ئاستەنگی بوو لە هەوڵدانیدا بۆ تێکشکاندنی یاخیبوونەکە بە هۆی ئەو چەک و چۆڵە باشەوە کە یاخیبووان لە دەرەوە بەدەستیان دەهێنا. پاشان سوپای تورکیا یاخیبوونە کوردییەکەی شکست پێهێنا و ئیحسان پاشا پەنای بردە بەر ئێران. لەپێناوی چەسپاندنی یاسا و ئاسایش لە ناوچەکەدا، یاسای راگواستنی هەڵبژاردەی ١٩٣٤ دەرکرا و هەندێک لە سەرۆک هۆزە کوردەکان بۆ رۆژئاوای تورکیا دوورخرانەوە. سیاسەتەکانی تواندنەوە و بەشداری کردنی دەرەکی بوو بە هۆی هەڵگیرسانی راپەڕینێکی نوێ لە ناو دەرسیم و ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەریدا، کەوا زۆربەی دانیشتووانی کوردە عەلەوییەکان بوون و بە زازا دەناسران ١٩٣٧ – ١٩٣٨ [١٥]. لە پاش سەرکوت کردنی یاخیبوونەکە، کەوا هێرشی کردبووە سەر گەلێ لە بنکە سەربازییەکان و سەدان سەربازی کوشتبوو، دەوڵەتی تورکیا دەرسیمی لە سەر نەخشە سڕییەوە و ناوی تونجەلیی لێنا.

ئەم سێ یاخیبوونە لەدژی کۆمارە تازە و بێئەزموونەکە وێنەیەکی کەڵەکەبووی لا درووستکرد لەبارەی خەڵکی ئەو ناوچەیەوە وەک کۆمەڵگەیەی خێڵەکیی دەمارگرژی ئاینی و دواکەوتوو لەڕووی ئابوورییەوە و لەوەش گرنگتر وەک هەڕەشەیەک بۆ سەلامەتی و کامڵبوونی نیشتمانیی کۆماری تورکیا. ئەو شێوەیەی کە دەوڵەت بۆ بەرهەڵستیی کوردی دارشتبوو هەوڵدان بوو بۆ شەرعییەتدان بە کردەوەکانی و پاساودانی کۆنترۆڵ کردنی. بەواتایەکیتر، گوتاری دەوڵەتی کەمالی لەبارەی کێشەی کوردەوە بەپێی ئەم یاخیبوونانە پەرەیسەندبوو. لەبەرئەوە هەستەوەریی دەوڵەت زیاتر بوو سەبارەت بەو سیاسەتانەی کە خۆیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تورکیی سێکولاردا دەبینییەوە. بەم پێیە، پێویستە ئەم یاخیبوونانە رەچاو بکرێت بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی دەوڵەت بۆ مەسەلەی کورد. کۆمار نکوولیی لە بوونی کورد نەدەکرد بەڵکو گوتارێکی نوێی پەرەپێدابوو بۆ قسە و باسکردن لەبارەیانەوە بێئەوەی وشەی "کورد" بدرکێنن بە واتا ئیتنۆ– نەتەوایەتییەکەی. کۆمارە تورکییەکە، لە رێگەی وێناکردنی پێکهاتە کوردییە خێڵەکییەکەوە وەک "کۆنەپەرست و دواکەوتوو و مەترسیدار"، خۆی وا لەقەڵەم دەدا کە مۆدێرن و سێکولار و پێشکەوتنخوازە. لە دوای یاخیبوونەکان، ئیسلامی سوننیی بەسیاسیکراو بەوجۆرە پەرەی پێدرا کە جێگرەوەی شوناسێکی کوردییە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا. بۆ نموونە، بزووتنەوەی تێڕوانینی نیشتمانیی ئیسلامیی نەجمەدین ئەربەکان وەک هێزێکی تۆکمە و پتەو مایەوە لە ناو کوردە سوننەکاندا تا هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٥ [١٦].

لە پاش ساڵی ١٩٢٥، فرەشوناسیی کە لە سەردەمی عوسمانیدا باڵادەست و باوبوو بە فەرمی ئاوێتەی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکیی سێکولار بوو. مێژوونووسانی سەردەمی کەمالی و کۆمەڵەی سەرلەنوێ بە

دەستنیشانکردنی شوناسدا چوونەوە لەڕووی ئیتنیک و زمانەوە. دەوڵەتیش سوپا و خوێندن و ڕاگەیاندن و هونەری بەکارهێنا بۆ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیی تورکیا و لەهەوڵدابوو بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئیسلام و میراتە عوسمانییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا و لە ماوەی پێکهاتن و درووستبوونی دەوڵەتی کەمالیدا (١٩٢٢ – ١٩٥٠)، لەڕاستیدا دوو بابەت لە ناسیۆنالیزم ڕکابەرییان دەکرد کە بریتیبوون لە ناسیۆنالیزمی زمانەوانیی سێکولار و ناسیۆنالیزمی کۆمەڵگەیی ئیتنۆ – ئاینی.

ناسیۆنالیزم و سێکولاریزم کرۆکی ئایدیۆلۆجیای کەمالییان پێکدەهێنا لە تورکیادا و پرۆژەی کەمالییەکان بۆ سێکولاریزم لە تورکیادا ئامانجی "بەشارستانی کردنی" کایە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوە بوو. هەرچەندە ناسیۆنالیزم گریمانەی پێشوەختی خولقاندنی کۆمەڵگەیەک بوو کە لەڕووی ئیتنیک و نەژادەوە ئاوێتە بێت لە سەر حیسابی شوناسەکانی تر، بەڵام "نەژاد" هەرگیز نەبوو بە توخمێکی بنەڕەتیی ئەوەی کە تورک بیت بەڵکو لەبری ئەوە "هاولاتییەک بیت لە کۆماری تورکیای "مەدەنیدا" بناغە بوو بۆ ناسیۆنالیزم. لە دەقی دەستووری ساڵی ١٩٢٤دا هاتووە کە "بەبێ جیاوازیی ئاینی و ئیتنیکی، هەموو هاولاتییەک لە تورکیادا بە تورک دادەنرێت"[١٧]. پێناسەی تورکبوون بە واتای پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەوڵەتدا دێت. ئەم پێناسەیە میراتی ئیمپراتۆریتی عوسمانییە کە هەرکەسێک هەڵگری ناسنامەی عوسمانی بێت بە هاولاتیی عوسمانی دادەنرێت. دەستووری ساڵی ١٩٦١ خۆی لە ناوهێنانی "گەل یان خەڵکی تورکیا Turkiye ahalisi" لادەدا و دەقەکەی وا دادەڕێژێت کە هەموو هاولاتییان "وەک تورک قبووڵ دەکرێن بەدەر لە ناسنامەی ئیتنیکی و ئاینی". ئەم تێرمی بەرە بەرە بەئیتنیک کردنەی "تورک" لە دەستوورەکانی ساڵانی١٩٦١ و ١٩٨٢دا بەڕوونی دەبینرێت. بەپێی

مادەی ٦٦ لە دەستووری ساڵی ١٩٨٢، هەر کەسێک پەیوەندیدار بێت بە کۆماری تورکیاوە و ناسنامەی تورکیای هەبێت بە تورک دادەنرێت. لە تورکیای نوێدا زاراوەی "گەل یان نەتەوەی تورک" هەموو هاوڵاتییانی تورکیا دەگرێتەوە رەگ و ریشەی ئیتنیکییان هەرچییەک بێت. ئەو هاوڵاتییانەی تورکیا کە بە بنەچە کوردن چەمک و وێنایەکی نوێ دەگەیەنن کە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ فشارەکانی ئەوروپا پەیڕەوی دەکرێن.

## قۆناخی سێهەم: بەسێکولارکردنی مەسەلەی کورد لە روانگەی سۆشیالیزمەوە (١٩٦١ – ١٩٨٣)

بەسێکولار کردن و گۆڕانکارییەکانی ناسنامەی کورد لە ناو بزووتنەوە چەپڕەوە بەرفراوانەکەی تورکیادا لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا جێی خۆی گرت. ئەم بەسێکولار کردنی شوناسی کوردە لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای سۆشیالیزمدا جێی خۆی گرتبوو و کوردە عەلەوییەکان رۆڵێکی گرنگیان بینی لە پرۆسەی ئەم بەسێکولار کردنە. هاوزەمان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خوێندنی باڵا و لیبراڵ بوونی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە ئەنجامی دەستووری ساڵی ١٩٦١دا، لەبری سەرۆکە خێڵەکی و ئاینییەکان رۆشنبیرە نوێکان کەوتنە پێکهێنان و فۆرمەڵە کردنی شوناسی کوردی و دەستیان کرد بە دەربڕینی نیگەرانی و سکاڵا لەو ستەمەی لەسەریان بوو بە ئیدیۆمی سۆشیالیستی بۆ پاڵپشتی و بەهێزکردنی مافی چارەنووس بۆ کورد. لێرە کوردەکان و بەتایبەتی کوردە عەلەوییەکان کۆنترۆڵی بزووتنەوەی چەپخوازییان کردبوو لە تورکیا لە ساڵانی حەفتاکاندا. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥و ١٩٦٨، هەردوو گۆڤاری *دیجلە – فورات Dicle – Firat* و *دەنگ Deng*

به هەردوو زمانی تورکی و کوردی دەردەچوون. لە کۆتایی شەستەکاندا گوزارش کردن لە مەسەلەی شوناسی کوردی لە ڕووی نایەکسانیی ئابووریی – هەرێمی و پێشنیاز کردنی چارەسەری سۆشیالیستی لەبرەودا بوو[١٨]. پارتی کاری تورکیا، لە کۆنگرەی نیشتمانیی چوارەمیدا، بڕیاریکی دەرکرد بە "بوونی گەلێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا" و مەبەست لەم ڕاگەیاندنە داتاشینی بناغەیەکی سۆشیالیستانە بوو پۆ پارتی کار لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی ئیتنیکییەوە. لە حەفتاکاندا، گرووپ و ڕێکخراوە چەپڕەوەکان و ناسنامەکان بەکاردەهێنران بۆ بەرەنگاربوونەوەی "دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندی" لە ئەنقەرەدا و ڕەخنە گرتن لێیان. لە پەرەسەندنە سەرەکییەکانی تر دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات بوو کە (DDKO کورتەکەی بوو بە زمانی تورکی) لە ساڵی ١٩٦٩دا و ئەمە یەکەم هەوڵی ڕێکخستن بوو بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی دانیشتووانی کورد لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە سەر گەشەسەندنی ئابووریی ناهاوتا لە ناوخۆی ناوچەکانی وڵاتدا. بزووتنەوەی چەپڕەوی لە تورکیادا هەمیشە دەیویست پێگە و بنکەی خۆی فراوان بکات لە ڕێگەی جەختکردنەوە و پێداگرتن لە سەر مەسەلەی کورد و عەلەوییەکان. لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٩ – ١٩٧٠دا، DDKO خولی ڕاهێنانی ڕێکوپێکی بەڕێوەدەبرد بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کورد لە سەرانسەری تورکیادا و عەبدوڵا ئۆجەلانیش بەشداربوو لە چالاکییەکانی DDKOدا و پەیوەندیی لەگەڵ خوێندکارانی تردا دەبەست کاتێ کە لە ئەستەمبووڵ بوو لە ساڵی ١٩٧٠دا[١٩]. کۆمەڵەی DDKO مارکسییەت و ناسیۆنالیزمی کوردیی تێکەڵ دەکرد بۆ مۆبیلیزە کردنی لاوان بەناوی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و شوناسەوە[٢٠]، لە هەمان کاتیشدا هەندێک لە سەرکردەکانی DDKO ئەندامی چالاک بوون لە پارتی کاری تورکیدا. هاوزەمان لەگەڵ کوودەتای ساڵی ١٩٧١دا پارتی کار و DDKO قەدەغە کران.

هەرچەنــدە ئەنــدامەکانی جــارانی DDKO لە ســاڵی ١٩٧٤دا ویســتیان ئەو ڕێکخـراوە قەدەغەکـراوە زینـدوو بـکەنەوە بە پێـی یاسـا و ڕێسـای کـۆمەڵە کولتوورییە دیموکراتییە شۆڕشگێڕەکان (DDKO)، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە دامەزرانــدنی ڕێکخراوێکــی کــوردیی یەکگرتــوودا بە هــۆی ڕکــابەریی ئایــدیۆلۆجی و نــاوچەیی و شەخســییەوە. لە ســاڵانی حەفتاکانــدا، کــوردە نەتەوەییەکــان دەســتیان کــرد بە بەرەنگــاربوونەوەی دیــد و بۆچــوونی کەمالییەکان و لە ساڵی ١٩٧٩دا، وەزیرێکی حکوومەت بە ناوی شەرەفەدین ئاڵچی، بوو بە هۆکاری ئابڕووچوونێک بەوەی کە بە ئاشکرا جاڕی لەخۆی دا کە کــــوردە. لە دوای کوودەتــــاکەی ســــاڵی ١٩٨٠، دەوڵەت وایــــدانا کە ناسیۆنالیزمی کوردی و ئیسلامی رادیکاڵ و چەپڕەوەکان هێزی دابەشکارن و هەموو شێوەیەکی دەربڕینی کولتووری قەدەغەکرد.

یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی کوودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ کۆنترۆڵ کردنی هێزی بزوێنەری بزووتنەوە کوردی و ئاینییەکان بوو[٢١] و کوودەتا شێوازی داپڵۆسـێنەرانەی بەکارهێنـا و هێـزی ڕێکخسـتنی تـۆڕە کوردییەکـانی لەنـاو تورکیـادا تێکشـکاند و ژمـارەیەکی زۆر لە چـالاکوانە کوردەکـان گیـران و هەنـدێکیان هەڵاتـن بـۆ ئەوروپـا، کە لەوێ کرۆکـی چـالاکیی بـان نەتەوەیـی کوردیان پێکهێنا. بەکورتی ستەم و چەوساندنەوەی کوودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ کــاریگەرییەکی پــێچەوانەی هەبــوو لەمیــانەی زیــادبوونی سیاســەتکردن و بەهێزکردنــی هەســتی کــورد بە ناســنامە و ئەمەش بە ڕۆڵــی خــۆی پــارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بەکاریهێنا. سیاسـەتەکانی سـوپای تورکیا و پەرەسەندنە هەرێمییەکان لە عێراق و ئێران مەسـەلەی جوداخـوازیی کوردیی بەهێزکـرد و پەکەکە لە سـاڵی ١٩٨٤دا راپەڕینیکـی چەکـداریی راگەیانـد بـۆ بەزانـدن و شکسـتهێنانی دەوڵەتـی تـورکی و هـیچ ریکخراویکـی کـوردی بە

ئەندازەی پەکەکە کۆنترۆڵی ئەقڵ و توانای کوردەکانی نەکردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی لە سەر ئەم ڕێکخراوە ئەنجام نەدراوە. هەڵبەت هۆزە جووتیارەکان و کوردە ئاینپەروەرەکان کەمترین کەرتی هۆشیاری ئیتنیکیی دانیشتووانن و لەبری ئەوە وێناکردنی دید و بۆچوونی ئوممە (واتە کۆمەڵگەی ئاینی) دەگەیەنێت لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. ئەوان هەستێکیان درووستکرد بە جیاوازبوون لە ئەنکەرە لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە گوزارشی سەفایی ئیسلامەوە. خێڵەکان جەخت لە سەر ئیسلام دەکەنەوە چونکە شوناسی خێڵەکی ڕەتناکاتەوە و پانتاییەکی هاوبەش دەرەخسێنێت بۆ بەردەوامی و ئاوێتەبوون. لە قەراخ شارەکانی دیاربەکر و ئەستەمبووڵ ئەنقەرە کە تازە درووستکرابوون جووتیارە دابراوەکان لە پەیوەندییە نەریتییەکان بوون بە ناوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی.

لە دوادوایی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابوردوودا ناسیۆنالیزمی کوردی هێشتا هەر "لە قۆناخی پێکهاتندا بوو" و لە گرووپگەلی ناهەمواری جیاجیا پێکهاتبوو. لە پێکهاتنی ئەم شوناسە کوردییە بەسیاسەتکراوە نوێیەدا، لە ڕوانگەی نەتەوەیی (کوردەوە) تەماشای پرسە چینایەتییەکان دەکرا. ناسیۆنالیزمی کوردی پانتاییەکی وای ڕەخساندبوو کە لە ڕێگەیەوە دەکرا جیاوازییە چینایەتی و ناوچەییەکان خەفە بکرێن و بەکورتی ئەوە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوو کە پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی نێوان ئیسلام و خێڵ و ناسیۆنالیزمی کۆتایی پێهێنا لە بەرژەوەندیی ئەمەی دواییان.

## قۆنـاخی چـوارەم: دەرکەوتنـی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان – پەکەکە PKK (١٩٨٣ – ١٩٩٩)

نەتەوەیـیە کوردەکـان "کەرەسـتەیەکی تونـدوتیژییان" بەکارهێنـا، هەر لە شاڵاوی تیرۆرەوە بە رابەریی پەکەکە تا درووستکردنی حیزبە کوردییەکان بە شـێوەیەکی سـەرەکی، تـا خەبـات کـردن لەپێنـاوی مـافە کولتـووری و سیاسـییەکان. زۆرێک لە تورکەکـان هەست بەوە دەکەن کە پەراوێزخسـتن و رەگەزپەرستی رەنگدانەوەی کێشەکانی دەمارگرژیی رق و کینەی تاکەکەسن، لەکاتێکـدا کە بە زۆری کوردەکـان وایتێـدەگەن کە ئەمە تـۆڕێکی ئـاڵۆزە لە هەڵوێسـتی تـاکەکەس و پەیـامی کولتـوورییە لەبـارەی کـوردە پەراوێزخراوەکانەوە. تێگەیشتنی کورد لە واقیعە کۆمەڵایەتی سیاسییەکانی تورکیا لە روانگەی ئەم ناسیۆنالیزمە کوردییە تازەوەیە.

پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان پەکەکە رۆڵێکـی گرنـگ و یەکـلاکەرەوە دەبینێت لە هەڵکشانی هۆشیاریی سیاسـیی کوردی و درووستکردنی تۆڕی بەرفـراوان لەنـاو تورکیـا و دەرەوەیـدا بـۆ بەسـەربازگرتنی خەڵکی پەرگـر و تێکشکاندنی پەیکەری ئاینی – خێڵەکی لە ناوچەکەدا لە رێگەی رەخساندنی دەرفەتـی نـوێ بـۆ چینـی ناوەڕاست و گەنجی شارسـتانیی کـورد و بەمیللـی کردنی ناسیۆنالیزمی تـورکی بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە تورکیـادا و چەسـپاندنی پـێگەکەی. یەک لە گرنگتـرین ئەنجـامە چـاوەڕوان نەکراوەکـانی کەمپێنی پەکەکە قووڵکردنەوەی بەسیاسی بوونی ناسیۆنالیزمی تـورکی بـوو، هەروەهـا لە ئەنجـامی شـاڵاوی تیـرۆری پەکەکە لە هەمـوو بوارەکـانی ژیـانی تورکیـادا سـەری کێشـایەوە بـۆ گـوزارش لێوەکردنی لە نزیکەی سـەرجەمی کۆبوونەوە گشتییەکاندا. چالاکییەکانی پەکەکە هانی کوردەکانی دا کە رەخنە لە "دەسەڵاتی سیاسی" نەگرن لە ئەنقەرە بەڵکو لە ناسیۆنالیزمی تورکی بەو

پێیەی پێکهاتە و سترۆکتوورە، لەپێناوی شەرعییەت پێدان بە ناسیۆنالیزمی جوداخوازی خۆیان. ئەم گۆڕانکارییە نوێیە لە رەخنە کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بۆ رەخنە کردنی ناسیۆنالیزمی تورکی خاڵێکی وەرچەرخانە لە جیاوازی کردن لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و بزووتنەوەی چەپڕەوی لە تورکیادا.

وەک ئەنجامێک بۆ سیستەمی خوێندن و فێرکردنی ناوەندی و شارستانییەت و راگواستنی دانیشتووان شەپۆلێکی نوێی گەنجانی روویانکردە شارە گەورەکان بۆ خوێندن و کارکردن. ئەمە بوو بە بزاوتی نەوەی یەکەمی خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکان، کە گومانیان لە دۆزینەوەی کار هەبوو و بەرەورووی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی ئابووریی نوی بوونەوە لە شارەکاندا بە کەرەستە و هۆکارێکی زۆر کەمەوە بۆ سوودوەرگرتن و خۆگونجاندن. پارتی کرێکارانی کوردستان ئەو خەڵکە "دەربەدەر" و "خوێندکارانی نیمچە رۆشنبیری زانکۆکانی" کردە ئامانج لە هەل و مەرجی پێدانی شوناس (ناسیۆنالیزمی کوردی) و پابەندبوون بە عەدالەتەوە (بەگوێرەی سیستەمی ئابووریی سۆشیالیستییەوە). لە دووتوێی ئەم لێکترازانەی تانوپۆی کۆمەڵایەتییەوە وەک ئەنجامێک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی گەورە لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا، پارتی کرێکارانی کوردستان وەک "بزووتنەوەیەکی رزگاری" خۆی خستەڕوو و نیازی ئەوەی دەربڕی کە شوناس و عەدالەتی کوردی دەگێڕێتەوە بە هۆکاری توندوتیژی. کوودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ و سیاسەتی داپڵۆسینی هاوکار بوو لە درووستکردنی ئەقڵییەتێکی ئابڵووقە لەناو کوردەکاندا و ئەمە کێشایەوە بۆ ئەو باوەڕەی کە داهاتوویان لەلایەن دەوڵەتی تورکییەوە کۆسپ و تەگەرەی دەخرێتەڕێ و قووت دەدرێت. لەبەرئەوە دوو بژاردەیان لەبەردەمدا بوو کە، یان رووبکەنە ئەورووپا وەک

پەنـبەری سیاســی و بە دوای ژیـانێکی نوێـدا بگەڕێـن یـان بچـنە ریزەکـانی پەکەکەوە بـۆ شـەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتـی تورکیـادا و هەڵـبەت بە زیـادکردنی سـتەم و چەوسـاندنەوەی کوودەتـا سـەربازییەکە، پەکەکە هەوادارێکـی زۆری بەدەستهێنا و میللی بوونی زیادی کرد.

پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان پەکەکە لە ژێـر سـەرکردایەتیی ئۆتـۆکراتیی عەبدوڵا ئۆجەلانـدا مـایەوە، کە کـوڕی جووتیـارێکی کـوردی هەژارە و سـاڵی ١٩٤٨ لە گوندێکی سەر بە ئورفە لەدایکبووە و ساڵی ١٩٧١ زانستی سیاسەتی خوێنـدووە لە کـۆلێجی زانســتە سیاسـییەکانی بەشـکۆی زانکـۆی ئەنـقەرە خوێنـدووە. پاشـان لەبەر تێـوەگلانی لە بزووتنەوەیەکـی چەپـڕەوی نهێنیـدا لە سـاڵی ١٩٧٢دا گیــراوە و مــاوەی حەوت مــانگی لە بەنــدیخانەی مامــاکی سـەربازیی ئەنـقەرەدا بەسـەربردووە. ئەو زانکـۆی تەواو نەکـرد و لە سـاڵی ١٩٧٣دا، گرووپێکی مارکسیی رێکخست، کە لە سـەرەتادا کۆمەڵێک تونڕەوی کورد و تورکی تێدابوو و ئامانجیان شۆڕشی سۆشیالیستی بوو لە تورکیادا. لەدوای سـاڵانێک لە رێکخســتنی شــوێنکەوتووان و دەرســدادانیان، لە ٢٧ی نـۆڤەمبەری ١٩٧٨دا پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی دامەزرانـد. کەسـایەتیی ئۆجەلان بە هێـزەوە لە نێو ئەزمـوون و تـاقیکردنەوەی منداڵی و بـارودۆخی کـۆمەڵایەتی و سیاسـیدا گەڵاڵە بـوو لە باشـووری رۆژهەڵاتـی تورکیـادا و ناکۆکییەکی قووڵی پەرە پێدا دژ بە ستراکتووری نەریتیی کۆمەڵگەی کوردی کە خێزانەکەی ئەم هیچ پێگەیەکی تێدا نەبوو و ئەم رق و نەفرەتە پەلیکێشا بۆ دەوڵەتـی تورکیـا و ئامـانجی سـەرەکیی تێکشـکاندنی سـتراکتوور و پێکهـاتەی کۆمەڵگەی نەریتیی کوردی و دروستکردنی دەوڵەتێکی سۆشیالیستیی کوردی بوو.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی ئۆجەلان دەستی دایە هێرش و پەلامارێکی تێرۆریستانە دژ بە کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا و ئامانجی سەرەکی جێلەقکردنی سەقامگیریی تورکیا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بە پشتیوانیی هەندێک دەوڵەتی بێگانەی وەک سووریا و یۆنان و رووسیا. بۆ ماوەی زیاد لە دوو دەیە ئۆجەلان لە سووریا و لبنانی ژێر دەسەڵاتی سوویادا کار و ئۆپەراسیۆنی ئەنجامدەدا و پەکەکە بەرپرسە لە کوشتنی گۆترەکاری کوردە میانڕەوەکانی تورکیا لە هەردوک تورکیا و ئەوروپادا و بەردەوام ژێرخانی خوێندن و فێرکردنی لە ناوچەکەدا کردبووە ئامانج و خوێندنگە گشتییەکانی وا باس دەکرد کە "ئامرازن بۆ سیاسەتی تواندنەوەی ئەنقەرە". بەگوێرەی سەرچاوەکان پەکەکە دووسەد مامۆستای کوشتووە و ١٥٠ خوێندنگەی رووخاندووە لەپێناوی "وەستاندنی تواندنەوەدا" و پرد و نەخۆشخانەی تەقاندووەتەوە و "هاوکارانی" رژێمی کوشتووە. هەروەها کورد و تورکی وەک یەک دەکوشت و بەو پێوەرە تەماشای قوربانیانی دەکرد کە سەر بە رژێمن. پەکەکە و سەرکردایەتییەکەی بە هیچ کلۆجێک بەرهەڵستییان قبووڵ نەدەکرد بۆ خەتی حیزب و ئەوانەی کە ئاوێتەی سیاسەتی رژێم بووبوون و توابوونەوە بە "گەورەترین دوژمنی" دەزانین. ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ محەمەد عەلی بیراند ژمارەیەک نموونە دەهێنێتەوە لە سەر چۆنێتیی سزادانی ئەوانەی کە پێیانوابوو کاری خیانەتیان کردووە[٢٢]. پەکەکە شکستیهێنا لە بەرهەمهێنانەوەی پاڵپشتی میلیی لە نێو زۆرێک لە کوردەکاندا بەڵام هەست و هۆشیانی بە سیاسەت کرد، هەروەها ژمارەیەکی زۆری لە کوردە میانڕەوەکان کوشت و چەندین خێزانی ناچار کرد واز لە کوڕێک یان کچێکیان بێنن بۆ خزمەتی ئامانجەکانی پەکەکە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانی، پەکەکە دەهەزار پشتیوانی هەیە لە ناو نیو ملیۆن کورددا کە لە ئەڵمانیادا دەژین[٢٣]، هەروەها توانیوێتی بیست هەزار کورد ئامادە و مۆبیلیزە بکات بۆ ئەنجامدانی کەمپەینی سیاسیی جۆراوجۆر. هەرچەندە چەکدارانی پەکەکە دەچنەوە سەر کەمینەیەکی بچووک بەڵام بەتەواوەتی ڕێکخراون و زۆر توندوتیژن[٢٤]. هەروەها ئەوەش ڕاگەیەنراوە کە پەکەکە تێوەگلاوە لە قاچاخچێتی بە هێرۆیین و ئازوگوێزی (شتی نایاسایی بێگانە) لە سەرانسەری ئەوروپای ڕۆژئاوادا و پەرەیان بە بە چەندین وەبەرهێنانی سوودبەخش داوە بۆ پاڵپشتیی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە. بەهەمان شێوە پاڵپشتیی ئێستگەی تەلەفیزیۆنی مێد – تیڤی (MED – TV) دەکات کە بنکەکەی لە لەندەنە و ئامادەییەکی چڕی هەیە لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و هاوکاریی دارایی ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکووردا. پەکەکە چالاکییە سیاسییەکانی لە ئەوروپادا لە ڕێگەی بەرەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە ERNK ئەنجامدەدا. لەم مانگانەی دواییشدا چالاکوانانی کە پێشتر پەکەکە بوون و بەشێک بوون لە پەرلەمانی کوردستان لە تاراوگە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردیان (KNK) پێکهێنا.

دەوڵەتی تورکیا، بۆ خەفەکردن و سەرکوتکردنی ئەو چالاکییانەی پەکەکە سەرەوکارییان دەکات، پەیڕەویی ژمارەیەک سیاسەتی دەکرد. یەک لە گرنگترین ئەرکی کۆمەڵایەتی پەکەکە لەبەرانبەر چنگدان و ململانێی لەگەڵ دەوڵەتدا دابینکردنی ژیانی ئاسایی بوو لەو ویلایەتانەدا کە چڕیی دانیشتووانی کوردیان تێدا بەرز بوو. ئەو ناوچە کوردییەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ کە کوردی تێدا نیشتەجێیە لە نزیکەی بیست ساڵ لەمەوپێشەوە لە ژێر باری نائاسایی هەرێمیدایە (کە بە ئۆهاڵ OHAL

ناسراوه). شەڕکردن لەدژی پەکەکە بە پێی یاسای باری نائاسایی (ئەحکامی عورفی) بەڕێوەدەچوو تا جێبەجێ کردنی یاسای OHAL لە ساڵی ١٩٨٧. ناوچەکانی یاسای OHAL ئەم شوێنانەی دەگرتەوە: بینگۆل، دیاربەکر، ئیلازیگ، هەکاری، ماردین، سیرت، تونجەلی، وان و پاشانیش بەرفراوان کرا بۆ ئەوەی ئەم شوێنانەش بگرێتەوە: ئەدیامان، بەدلیس، مووش. لە ساڵی ١٩٩٠یشدا، ناوچەکانی ئۆهاڵ OHAL باتمان و شرناخیشی گرتەوە. پاشان ئێلازیگ و ئەدیامان لە ناوچەی ئۆهاڵ لابران. ناوچەکانی OHAL ملکەچی رێورەسمێکی تایبەتی حکوومەتن و بەدەرن لە سەرپەرشتیی دادگای دەستووری و ناوچەی OHAL بەر بنەمایەکی یاسایی و کارگێڕیی جیاواز دەکەون لە ناوچەکانی تری وڵات و ئەم بنەما یاسایی و کارگێڕییە جیاوازە ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر بەهێز کرد.

بەپێی ئامار و سەرژمێرییەکانی دەوڵەت، لە ساڵی ١٩٨٤وە، لە ناوچەکەدا ٤٣٠٢ فەرمانبەری مەدەنی، ٥٠١٨ سەرباز، ٤٤٠٠ خەڵکی سڤیل، ٢٣٢٧٩ "تێرۆریستی؟!" پەکەکە کوژراون و هەزارانیش بریندار بوون. هەروەها زۆرێک لە خێزانە کوردەکان رۆڵەکانیان لەدەستداوە و زۆرێکیش لە لاوانی کورد براونەتە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگی جوداخوازی، کەوا پەکەکە لە تەمەنی ١٥ بۆ ٤٠ ساڵ بەسەرباز گرتوونی بۆ شەڕکردن لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوداخوازدا[٢٥]. نەوەیەکی تەواوی گەنجان لەدایکبوون و لە ژێر سایەی ئەم کولتووره خوێناوی و توندوتیژەدا بەخێوکراون. هەروەها هەزاران کورد وڵاتیان بەجێهێشتووە و بە دوای ئاشتی و ئارامیدا وێڵبوون و ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ونجڕونجڕ بوون و تەواوی هێڵەکانی درز و برینی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەسیاسی کراون. ئەمەش بە رۆڵی خۆی ویژدان و هۆشی کورد و ناسیۆنالیزمی

ئیتنیکیی رادیکاڵی سیاسەتاوی کردووە. خەرج و باجی مرۆیی "تیرۆری" پەکەکە نەوەی نوێی گرتووەتەوە کە وێنەکەی لە دووتوێی بارودۆخی ئۆهاڵدا OHAL بەرجەستە بووە. بێجگە لەوەش سەرچاوەکان بژێوی لە ناوچەکەدا و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری وێرانبوون و لە ماوەی ئەم شەڕ و ململانێیەدا، حکوومەت نزیکەی چوار هەزار گوندی چۆڵ کردووە و رایگواستوون، ئەگەرچی هەندێکیش دەربازی بووە و نزیکەی ملیۆنێک کەس لەبەر هۆکاری ئاسایش گوێزراونەتەوە بۆ شارەکان[٢٦]. ئەو خەڵکانەی بەناچاری لە گوندەکانیان دەرکران بوون بە سەرچاوەی سەرەکیی کێشە و گرفت لە شارە گەورەکاندا. تاوان لە شارە گەورەکاندا رووی لەزیادبوون کرد و زۆربەی تاوانباران ئەو گەنجە کوردە بێکارانە بوون کە هیوایەکی کزیان بە پاشەڕۆژ هەبوو و پێناچێت ئەم نیشتەجێ نوێیانەی شار بگەڕێنەوە بۆ گوندە وێرانکراوەکانیان. ناوچەکە لە رووی کردارییەوە بەشێک نیە لە تورکیا لە ئەنجامی ئۆهاڵدا OHAL، حکوومەتیش پێویستی بە کۆتاییهێنانی ئەم حاڵەتی لەناکاوەیە بۆ یەکخستنی وڵات.

ناکۆکی و ململانێ بوون بە هۆکاری لاوازی و کەلبوونی دەسەڵاتی یاسا و دەوڵەت باندی راسترەوی پەرگر و خەڵکی دەمارگرژی ئاینیی بەکاردەهێنا بۆ بەگژداچوونەوەی کوردە نەتەوەییەکان. بۆ نموونە، حیزبوڵڵا کە رێکخراوێکی ئوسوولیی ئاینییە، ئەو چەک و چۆڵانەی بەکاردەهێنا کە حاکمی باتمان هاوردەی کردبوو[٢٧]. سالح سەلمانی حاکمی باتمان لە ناوەڕاستی سالانی ١٩٩٠کاندا رۆڵی کاریگەری هەبوو لە دامەزراندنی حیزبوڵڵادا، کە گرووپێکی تیرۆریستییە و باوەڕ وایە کەسانێکیان کوشتووە، گومان دەکرێت ئەندامی پەکەکە بووبێتن. بکوژە گەنجەکانی حیزبوڵڵا بە رۆژی نیوەڕۆ و بە ئاشکرا ئۆپەراسیۆنیان لە ویلایەتە کوردییەکاندا

ئەنجامدەدا و هەموو ئەو کەسانەیان کردبووە ئامانج کە بەرهەڵستیی کۆماری ئیسلامیی کوردستانیان دەکرد. دەوڵەتی تورکی لە جەنگێکی قەدەغەکراودا تێوەگلابوو دژ بە چەکدارە توندڕەوەکانی پەکەکە و خۆی کەڕکردبوو لەو بەندوباوەی گوایە دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی لەگەڵ بکوژانی حیزبوڵڵادا کار دەکەن. ئەندامانی حیزبوڵڵا بە شێوەیەکی ئاسایی نەوەی یەکەمی کوردەکانی ناوەندە سەرەکییەکانی شارەکان بوون و ئەم حیزبە لە بنەڕەتدا ڕێکخراوێکی شارستانی بوو، کە ئامانجی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی کوردستان بوو لە ڕێگەی ڕووخاندنی ڕژێمی سێکولار لە تورکیادا.

## قۆناخی پێنجەم: کێشەی کورد وەک کێشەیەکی ئەورووپی: بارودۆخی پاش هیلسنکی

سەرباری هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر ئامانجە مەدەنییەکان، بەڵام زۆرینەی تورکەکان متمانە و باوەڕ بە بەرپرسە سەربازییەکان دەکەن و خۆیان رادەستی ئەو ترس و تۆقینە نەدەکرد کە پەکەکە دەیچێنێت و مامۆستایان و پزیشکان و ڕۆژنامەنووسان و خاوەن کاران و پۆلیس و ئەفسەرانی سوپایان دەکردە ئامانج. هەر لە دەمی ڕاپەڕینی چەکدارییی ساڵی ١٩٨٣وە، کوردەکان ڕاهاتبوون لە سەر ڕق و بێزلێکردنەوە و نکووڵی لێکردن و تەنانەت لە هەندێک لە شارەکاندا ململانێکان بوون بە شەڕ و ناکۆکی نێوان کورد و تورک. لەپێناوی ڕێگرتن لە جەمسەربەندیی زیاتری کۆمەڵگە لە سەر بناغەی ئێتنیکی و نەژادی، سوپا بڕیاریدا تەواوی هۆکارەکان بەکاربێنێت بۆ وەستاندنی چالاکییەکانی پەکەکە.

له ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٩٨دا، ئاتیلا ئاتەشی فەرماندەی سوپای تورکیا، لە گەشت و سەردانێکیدا بۆ سنوورەکانی سووریا، ئەم راگەیاندنەی خوارەوەی دەرکرد: "هەندێک لە دەراوسێکانمان و بەتایبەتی سووریا هەوڵ و کۆششمان و نیازپاکیمان بۆ دارشتنی پەیوەندییەکی باش خراپ لێکدەدەنەوە، لە رێگەی هاوکاری و پشتیوانی کردنیان بۆ ئاپۆی چەتە یارمەتیدەر بوون لە نوقمکردنی تورکیا لە کێشەی تێرۆریزمدا و .. وا خەریکە ئارامی و پشوومان لەدەستدەدەین"[٢٨]. پاش ئەم راگەیاندنە، سولێمان دێمیریلی سەرۆکی ئەودەمی تورکیا، بەیانێکی توندتری دەرکرد و سووریای سەرزەنشت کرد و ئاماژەی بە ئامادەیی تورکیا کرد بۆ "تۆڵەکردنەوە" لە سووریا. بەڵام بە هۆی نێوەندگیرییەکی میسرییەوە، تورکیا و سووریا یاداشتی هاوبەشی ئەدەنەیان لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨دا ئیمزاکرد. بەم پێیە سووریا پابەندیی خۆی دەربڕی بەوەی چیتر یارمەتیی تێرۆری پەکەکە نەدات و بە وردی کەوتە کارکردن لەگەڵ تورکیادا بۆ لابردنی ئۆجەلان لە لوبنان. هۆکاری سەرەکیی ئەوەی کە سووریا ملکەچی فشارەکانی تورکیا بووەوە دابڕانی بوو لە ئەنجامی رووخانی یەکێتیی سۆڤیێتەوە و بێبەش بوون لە پاڵپشتی سەربازیی یەکێتیی سۆڤیێت و سوپاکەی نەیدەتوانی تەنانەت پارچەی یەدەکی چەک و چۆڵی سۆڤیێتی بەدەستبێنێت. هۆکاری دووەمیش کە لە پشت سیاسەتی تورکیاوە بوو بۆ لەدژ وەستانەوەی سووریا لە ساڵی ١٩٩٨دا پەیوەستە بە پەیوەندیی تووندوتۆڵی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. سوپای تورکیا گەیشتە ئەوە ئەنجامەی کە توانای سووریا بۆ بەرپاکردنی جەنگ سنووردارە و بێجگە لەوەش، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٩٤دا، سوپای تورکیا ستراتیجییەتە نەریتییەکەی خۆی گۆڕی بۆ باوەڕێکی نەرمتر کە لە "ململانێی کەمتر تونددا" خۆی دەبینێتەوە. لەبەر ئەوە سەرلەنوێ مەشق و راهێنانی دووبارە کردەوە و خۆی وا تەیار و ئامادە کرد کە لە مەودایەکی

درێژخایەنـدا ململانێیەکـی کەمتـر تونـد جێبەجـێ بکـات. وەک بەشـێک لەم "ململانێـی کەمتـر تونـدەدا" و لەپێنـاوی ئەوەی زیـاتر نەرم و لەباربێـت بـۆ جموجووڵ، سـوپا سەرلەنوێ خۆی ڕێکخستەوە لـە ئاستی هێڵـی تیپەوە بـۆ ئاسـتی هێڵـی لـیوا. بـەم پێیە هێـزە چەکـدارەکانی تورکـیا لە پێکهاتەیەکـی زەبەلاح و سسـتەوە گەشـەی کـرد بـۆ ڕێکخراوێکـی سیسـتەم کـاریگەر بـۆ سـەرکردایەتی و کـۆنترۆڵ و پەیوەنـدییەکان و دابەزانـدنی دەسـەڵات بـۆ فەرمانـدەیی نـاوچەیی ڕۆڵێکـی گرنـگ و بەرچـاوی بینـی لە شکسـت پێهێنـانی تێرۆری پەکەکەدا.

لە وەڵامـدانەوەی هەڵوێسـتی نەگـۆڕ و چەسـپاوی تورکیـادا، حکـوومەتی سووریا ئۆجەلانی ناچار کرد ئەو وڵاتە بەجێبێڵێت بۆ مۆسکۆ. پاشـان پەنـای بـردە بەر ڕۆمـا و دواجـاریش سـوپای تورکیـا لە ١٦ی شـوباتی ١٩٩٩دا لە نـایرۆبی – کینیـا دەسـگیری کـرد و پەلکێشـی کـرد بـۆ تورکیـا[٢٩]. لە پـاش دەسـگیرکردنی، ئـۆجەلان بە ڕۆژنامەنووسـانی وت "لەڕاسـتیدا مـن تورکیـا و گەلـی تورکیـام خۆشـدەوێت و دایکـم تـورکە و بەوپەڕی دڵسـۆزییەوە هەمـوو هەوڵـێکم دەخەمە کـار بـۆ خزمەتـی دەوڵەتـی تورکیـا"[٣٠]. عوسـمان ئـۆجەلانی براشی، کە کەسی دووەمی سەرکردایەتیی پەکەکە بوو، بانگەوازی بۆ تەواوی کـوردان بڵاوکـردەوە کە هێـرش بـکەنە سـەر دەوڵەتـی تورکیـا و دەیگـوت "پێویسـتە کـورد لە سەرانسـەری دنیـادا وا لە دەوڵەتـی تورکیا بکەن بـاجێکی قـورس بـدات بە هـۆی ئەو پـیلانەوە کە تێـوەگلاوە لەدژ سـەرکردایەتیمان"[٣١]. کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە دەسـەڵاتی دا بە بـاڵە سـەربازییەکەی، کە سـوپای ڕزگاریی میللیی کوردستان بـوو (ARGK) "بە هەڵگیرسـانی جەنگێک دەوڵەتـی تـورکی بێنێـتە لەرزە" و سیاسـەتی سـەرهەڵدانی ڕاگەیانـد (واتە ڕاپەڕینێکـی کوردی)[٣٢].

پەکەکە هەوڵیدا هەموو هۆکارێک بەکاربێنێت دژ بە دەوڵەتی تورکیا، بەڵام بانگەشەکەیان بۆ توندوتیژیی بەکۆمەڵ جێبەجێ نەبوو. هەڵبەت توندترین هێرش و پەلامار لە ئەستەمبووڵدا ئەنجامدرا، کاتێ کۆمەڵێک کە ناویان لەخۆیان نابوو "هەڵۆکانی تۆڵەی ئاپۆ" هێرشیان کردە سەر مۆڵێکی بازرگانی لە گەڕەکی کادیکۆیی و سیانزە کەسیان کوشت. گرتنی ئۆجەلان و بەزاندنی پەکەکە بوو بە هۆی تێکشکاندنی ئەو وێنە ئەفسانەییە باوەی کە پەکەکە ڕێکخراوێکی "نەتەوەیی قارەمانی لە شکست نەهاتووە" لە ناو کوردەکاندا. گرتنی ئۆجەلان یارمەتیدەر بوو بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو وێنە سەرنجڕاکێشەی پەکەکەدا، بەڵام چارەسەری ئەو کولتوورەی نەکرد کە توندوتیژی بەسەریدا زاڵە و پەنا بۆ هێز دەبات بۆ چارەسەری ناکۆکی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە ژمارەی گەنجی کورد کە لە زیندانەکانی ئەڵمانیادان زیاترە لە زیندانییانی گەنجی تورک لەو وڵاتەدا، هەرچەندە کوردەکان تەنها پێنج یەکی دانیشتووان پێکدەهێنن. سوپای تورکیا یاخیبوونێکی دوورودرێژی کۆتایی پێهێنا بە سەرکردایەتیی پەکەکە. ئۆجەلان لە پاش دەسگیر کردنی پەیوەندیی پەکەکەی لەگەڵ یۆنان و رووسیادا ئاشکرا کرد لە ماوەی نێوان ٣١ی مایس تا ٢٩ی حوزێرانی ١٩٩٩ لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت دادگایی کرا. ئۆجەلان لە کاتی دادگایی کردنەکەیدا "خزمەتی دەوڵەتی تورکیا"ی خستەڕوو و ئاشکرای کرد کە "بژاردەی دیموکراتی ... تاکە ئەڵتەرناتیڤە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد و جیابوونەوە نە ئەگەرە و نە پێویستیشە"[٣٣]. ئۆجەلان لە راگەیاندنەکانیدا ستایشی هەوڵدانی ئەتاتورکی کردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سێکولار و ئەورووپی و بە توندیی رەخنەی لە "راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید گرت و ئەو سیستەمە خێڵەکییە نەریتییەی پشتگیریی ئاغا زەویدارەکان و ڕێسای خێڵەکیی نەریتیی دەکرد".

دادگا بە تۆمەتی خیانەتی جیابوونەوە تاوانباری کرد و حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکرد و دادگای تێهەڵچوونەوەش لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ حوکمەکەی پەسەند کرد. پاشان پارێزەرەکانی دۆسێکەیان هەواڵەی دادگای ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ (ECHR) کرد کە تورکیا ئەندامە تێیدا. دادگای ئەورووپی بۆ مافی مرۆڤ ئیجرائێکی کاتیی دەرکرد کە داوای لە ئەنقەرە کرد جێبەجێ کردنی لەسێدارەدانەکە هەڵپەسێرێت تاوەکو تێهەڵچوونەکە یەکلادەبێتەوە و حکوومەتی تورکیاش رەزامەندیی دەربڕی لە چاوەڕوانیدا بۆ بڕیاری کۆتایی دادگا[٣٤].

ئۆجەلان لە دوای دەسگیرکردنی بێهیوا وازیهێنا لە بەردەوامی پێدانی چالاکییە تێرۆریستییەکانی بۆ شکستپێهێنانی دەوڵەتی تورکیا و لە خەباتی چەکداری و پەیڕەوی سیاسەتی بەنێودەوڵەتی کردنی کێشەی کوردی کرد. وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ بانگەشەکەی ئۆجەلان بە وازهێنان لە چەکداری، هەشت ئەندامی پەکەکە بە سەرکردایەتیی عەلی شەعبانی وتەبێژی پێشتری پەکەکە لە ئەورووپا، لە ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩دا خۆیان رادەستی پۆلیسی تورکیا کرد. شەپۆلی دووەمی خۆڕادەستکردن کەوتە رۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩، هەروەها هەندێک کەسی چالاکوانی پەکەکە لە شاری ڤیەننای نەمساوە بە فڕۆکە گەڕانەوە و لە ئەستەمبووڵ خۆیان رادەست کردەوە. لە کۆنگرەی نائاسایی حەوتەمی پەکەکەدا، کە لە رۆژی ٧ی شوباتی ٢٠٠٠دا لە باکووری عێراق بەسترا، سەرکردایەتیی پەکەکە بڕیاریدا واز لە خەباتی چەکداری بێنێت و پەیڕەویی تێکۆشانی دیموکراتی بکات. کەواتە گرتنی ئۆجەلان پەکەکە دادەبڕێت لە بکوژێکی کاریزمیی دڵڕەق، بەڵام ئەگەری سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی خۆی بەڕوودا دەکاتەوە وەک رێکخراوێکی زیاتر شارستانی و دیموکراتی و ئاشتیخواز.

لــووتکەی هیلســنکیی یەکێتیــی ئەوروپــا لە مــاوەی نێــوان ١٠ تــا ١١ی دیسەمبەری ١٩٩٩، رایگەیاند کەوا تورکیا "دەوڵەتێکی پاڵێوراوە بۆ هاتنە ناو یەکێتییەوە بە پێی هەمان ئەو پێوەرانەی بەسەر دەوڵەتە پاڵێوراوەکانی تردا جێبەجێ دەکرێت". پێوەرە سیاسییە ئەوروپییەکانی کۆپنهاگن (کە ساڵی ١٩٩٣ لە لووتکەی یەکێتیی ئەوروپادا لە کۆپنهاگن رەزامەنیی لە سەر درا) پێویستی بە جێبەجێ کردنی تەواوی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی یاسا و پارێزگاریی کەمینەکانە[٣٥]. پاڵپشت بە پێوەرەکانی کۆپنهاگن، یەکێتیی ئەوروپا داوای لە ئەنــقەرە کــرد چاکســازیی لە سیســتەمی یاســایی خۆیــدا بکــات و چارەسەری کێشەی باشووری رۆژهەڵات بکات بە هۆکاری ئاشتیانە. ئەمەش خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا و درووستکردنی ژینگەیەکی گەشبین بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێ و دوژمنایەتیی کارەساتبار، کەوا کوشتنی ٣٠ هەزار کەسی لێکەوتەوە و بە تێچوونی زیاد لە ١٠٠ ملیــار دۆلار. کــاردانەوەی مەســعوود یێڵمــازی پــارتی نیشــتمانی دایــک لەبــارەی داواکارییەکــانی یەکێتیــی ئەوروپــا ســەبارەت بە کێشــەی کــورد بەم شــێوەیە بــوو کە "رێــگە بــۆ یەکێتیــی ئەوروپــا بە دیــاربەکردا تێدەپەڕێت و ... دیموکراسی مافی هەموو تـورک و کوردێکە"[٣٦]. لە ١٢ی دیسـەمبەری ١٩٩٩دا، ئیسـماعیل جەمی وەزیری دەرەوە لە دووتـوێی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تـۆڕی ســی ئــێن ئــێن CNNی تــورکی، دیــد و بۆچــوونی خــۆی دەربــڕی لەبــارەی "پەخشــکردن بە زمانەکــانی تــری دایــک دەبێــت رێــگەی پێبــدرێت". ســەرۆک وەزیران بلێند ئەجەوید خۆی لەمە بەدوور گرت و وتی "ئەمە بۆچوونی جەم خــۆیەتی نەک حکــوومەت"[٣٧]. بــێجگە لەوەش جمهــور ئەســپارۆکی ئەمینــداری گشتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بە میدیای راگەیاندووە کە وا تورکیا لە سەر زەمینەی واقیع بەهیچ شێوەیەک رێگە نادات خوێندن یان پەخشکردن بە زمــانی کــوردی بێــت و ئەمــانە هەمــوو بۆیــان هەیە مــۆزاییکی کــۆمەڵگەی

تورکی ونجڕونجڕ بکەن[٣٨]. سلێمان دێمیریڵ یەکەم سیاسیی تورک بوو کە بەئاشــکرا دان بە بــوونی کــورددا بنێــت لە تورکیــادا، لە وتاردانێکیــدا لە دیاربەکــرو رێـک لە دوای هەڵبژاردنەکـانی نـۆڤەمبەری ١٩٩١دا. هەروەهــا ختـووکەیەکی بیـرۆکەی هـاوڵاتێتی دەسـتووریی دا، واتە رەگەزنـامە تەنهـا بە هۆکـارە ئیتنیکــییەکانەوە نەبەسـتراوە بەڵکــو بــە هاوبەشـی و یەکسـانی لە ئەرک و مافی هاوڵاتێتیدا.

## چۆنێتیی ئیدارەدانی کێشەی کوردی تورکیا: ناسێنترالٚ و دانـان بە مافە کولتوورییەکاندا

تورکیا پێویستی بەوەیە کە دان بە مافە فەرهەنگی و کولتوورییەکانی کورددا بنێت لە ڕێگەی هەڵگرتنی قەدەغەوە لە سەر پەخشکردن بە کوردی و ڕێگەدانی خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی و درووستکردنی حیزبێکی سیاسی سەر بە کورد. ڕەنگە یەکێتیی ئەوروپا وەک نێوەندگیر کار بکات لە نێوان خولیا و ئاواتی کورد و دەوڵەتی تورکیادا. کوردەکانی تورکیا لەبارەی مەسەلەی ڕۆڵی ئەوروپا ناکۆکن و نەتەوەییە پەڕگرەکان وا دەڕوانـنە تەواوکاریی ئەوروپا کە بەربەستە لە بەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکەیان کە خۆی لە دامەزراندنی کوردستانی یەکگرتوودا دەبینێتەوە. بەپێچەوانەوە شەرەفەدین ئاڵچی و کەسانی تریش لە میانڕەوەکان بە گەرمییەوە پاڵپشتی بیرۆکەی "هەرێمە ئەوروپییەکان" دەکەن کە بتوانێت حاڵەتی گونجاویی سیاسیی بڕەخسێنێت لە نێوان کۆماری تورکیا و کوردەکاندا.

مەسەلەی کورد شرینقەیەکی کوشندە و لەناکاوە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەوروپادا. ئەو ئەوروپییانەی ئارەزووی بنیاتنانی سنووری کولتووری دەکەن لە نێوان تورکیا و یەکێتیی ئەوروپادا مەسەلەی کورد وەک کێشەی کەمینەیەک دەخەنەڕوو، هەرچەندە تورکیا ناتوانێت وەک "کەمینەیەک" مامەڵە لەگەڵ کورددا بکات. لەبەر کاریگەریی رووخانی عوسمانی و بەکارهێنانی مافی کەمینەکان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی ئەوە تورکیا "دۆخی کەمینە" یان مافی بەکۆمەڵی گرووپ نابەخشێتە کوردەکان[39]. باشترین هیوا بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی لە تورکیادا تەلاقدانی ناسنامەی ئیتنیکی و خۆنەدانە لە قەرەی سیاسەت. لە ئەنجامی فشارەکانی یەکێتیی ئەوروپا پێدەچێت تورکیا دەسەلاتی ناوەندیی خۆی بگوێزێتەوە بۆ شارەوانییەکان و دان بە مافە

کولتووری و سیاسییەکانی کورددا بنێت وەک تاک لە جوغزی سنوورە هەرێمییەکانی تورکیادا.

کاتێ گونتەر ڤێرهیوگنی کۆمیسیاری یەکێتیی ئەوروپا بۆ فراوانکردن، لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٠دا سەردانی ئەنقەرەی کرد و رەشنووسێکی بەڵگەنامەی هاوبەشی مامەڵەکردنی(Accession Partnership Document (APD پێشکەش کرد و ئەو چاکسازییە یاساییانەی لەخۆگرتبوو کە دەبێت جێبەجێ بکرێن لەپێش ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپادا، هەرایەکی گەورەی لە میدیای تورکیدا نایەوە بە هۆی ئەوەی وشەی "کەمینەی" خستبووە نێو بەڵگەنامەکەوە. هەروەها APD مافەکانی پەخشکردن و خوێندن بۆ کورد و هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدان و مافی دەربڕینی زیاتر و چاکسازی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا کە سوپا کۆنترۆڵی کردووە، لەخۆگرتووە. بەڵگەنامەکە "نەخشە رێگای" دانابوو بۆ ئەندامێتیی تەواوی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا، هەروەها جەختیش دەکاتەوە لە سەر پێدانی مۆرکی دیموکراتی بە تورکیا و داننان بە مۆزایکی کولتووری لە تورکیا بێئەوەی مەسەلەی کورد وا بخرێتەڕوو کە کێشەی "کەمینەیەک" بێت.

لە پاش راپۆرتەکەی یەکێتیی ئەوروپا دابەشبوون لەناو دەوڵەتی توکیادا زیاتر روونبووەوە و بۆ نموونە، سێنکاڵ ئەتاساگەنی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا (میت) کەوتە مشتومڕ لە ناو دەوڵەتدا لە رێگەی بڵاوکردنەوەی راوبۆچوونەکانیەوە لەبارەی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە (پەکەکە) و لە رێگەی چاوپێکەوتنە پەخشکراوەکانیەوە، ئەتاساگەن ئارگومێنتی لە سەر ئەوە دەکرد کە لەسێدارەدانی ئۆجەلان دژ بە بەرژەوەندییەکانی تورکیایە. هەروەها پێی باش بوو قەدەغەی سەپێنراوی سەر پەخشکردن بە زمانی کوردی هەڵبگیرێت[٤٠]. بلێند ئەجەویدی سەرۆک وەزیرانیش لە وتارێکیدا

پشتگیریی خۆی بۆ راوبۆچوونەکانی ئەتاساگەن دەربڕی[٤١]. بەرهەڵستیی سەرەکی بۆ بەڵگەنامەکە لەلایەن سوپا و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە (مەهەپە MHP) بوو، کە هاوبەشی حکوومەتە هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکە بوو و دژی فرەکولتوور بوو و پشتگیریی سیاسەتەکانی دەوڵەتی دەکرد لەبارەی ئاوێتەکردنەوە و ئەم توندبوونە لە سەر ناوەندێتی دەوڵەت لە رای گشتیدا گفتوگۆی دیموکراتی لە وڵاتدا سنووردار دەکات. دەوڵەت باخچەلیی سەرۆکی مەهەپە لەبەر چەندین هۆکار بەڵگەنامەکەی رەتکردەوە و بە نکووڵی کردنی هەر ئاماژەیەک بۆ فرەکولتووری لە تورکیادا باخچەلی بەم شێوەیەی خوارەوە چەندوچوون دەکات:

"مەحاڵە بۆ تورکیا بە شێوەیەکی ئەرێنی بڕوانێتە مافە "کولتووری و ئیتنیکییەکان" کە تەنها سەردەکێشێتەوە بۆ هەلایسانی ئاگری ململانێی ئیتنیکی و نەژادی و جیاکاری. بێجگە لەوەش هەوڵدان بۆ خستنەڕووی ئەم جۆرە دەربڕینە بێپەردانە لە بەڵگەنامەکەدا هیچ لە راستیی مەسەلەکە ناگۆڕێت"[٤٢].

ئەم قسەیەی باخچەلی وەک دەنگدانەوەیەک وابوو بۆ نیگەرانی و مەترسییەکانی سوپای تورکیا سەبارەت بە ئیتنیک و نەژاد و مافە کولتوورییەکان. هەروەها سوپا نیگەرانیی ئەوەشی دەربڕی کە بواردانی پەخش بە زمانی کوردی لە وڵاتدا وەک مەرجێکی پێویست بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا ئەگەری ئەوەی تێدایە کە زیان بە سەلامەتیی دەوڵەت بگەیەنێت. مەهەپە شێلگیرانە بەرهەڵستیی خوێندنی کوردی دەکات و بەهەمان شێوەش هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدان و مادەی ٣١٢ لە یاسای سزاکان کە ئازادیی رادەربڕین سنووردار دەکات[٤٣]. سوپا ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپای بەوە دیاریکردووە کە پێویستییەکی جوگرافی و ستراتیجی و

ئایدیۆلۆجییه بۆ به بەدیهێنانی ئامانجی مستەفا کەمال لەپێناوی بوون به 'دەوڵەت – نەتەوەیەکی' رۆژئاوایی، بەڵام مەسەلەکە هێشتا هەر زۆر جێی گومانە لەبارەی لێکەوتە چاوەڕوان نەکراوەکانی پێوەرەکانی کۆپنهاگنەوە، کە پێویستیان بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیستەمی یاسایی و کارگێڕیی ماوەبەسەرچووی تورکیایە. لە کاردانەوەی بانگەشەی بەڵگەنامەی APDدا بۆ لیبراڵ کردنی خوێندن بە زمانە جیاوازەکان، ئەسڵان گوینەری ئەمینداری گشتیی دەستەی ئەرکان بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەنەدۆڵ لێدوانی دا و گوتی "بەلای سوپاوە ئەم کارە پێکهاتەی یەکگرتووی تورکیا تێکدەدات و ئەگەر دابەش بێت وا بەهێز نامێنێتەوە"[٤٤]. کاتێ کە ئەجەوید لە نیس بوو بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی یەکێتیی ئەوروپادا، سوپا هۆشدارییەکی توندی دەرکرد سەبارەت بە لیبراڵ کردنی کێشەی کورد. راگەیاندنەکەی دەستەی ئەرکانی گشتی هۆشداری بوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

"هەندێک هەوڵدراوە لەم ماوەیەی دواییدا و بەتایبەتی سەبارەت بە خوێندن و پەخشکردن بە زمانی کوردی، کە رەنگدانەوەی هەوڵ و کۆششی پەکەکەی لەیاسا بەدەرە بۆ بەدەستهێنانی کاراکتەرێکی سیاسی. هەندێک لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا بەئاشکرا یان بە هەر شێوەیەکی تر بێت پشتیوانی لە پەکەکە دەکەن و ئەم وڵاتانە تاقە هۆکارن کە وا لە پەکەکە دەکەن بمێنیتەوە و بەردەوام بێت. ئێستا پەکەکە لە وڵاتدا بە رووکەش بانگەشە بۆ ئاشتی دەکات بەڵام لەڕاستیدا پلان بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی سیاسیی جوداخوازی تەواو دادەنێت. مەبەستی پەکەکە خۆڕێکخستنە لە رێگەی رێکخراوگەلی یاسایی تایبەتەوە بۆ درووستکردن و پەرەپێدانی بزووتنەوەیەکی جوداخوازی سیاسی کە لە سەر ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی راوەستابێت"[٤٥].

بە هۆی بەرهەڵستیی سوپاوە، هێزەکانی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا لە ناو دەوڵەتدا هەوڵی رزگار کردنی سیستەمی یاسایی دەدەن لە ڕێگەی ئیمزاکردن لە سەر پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی گۆڕانکارییەکان لە یاسادا وەک مەرج بۆ پابەندیی نێودەوڵەتی لەبری وەڵامدانەوە و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ فشاری کوردیدا[٤٦]. بۆ نموونە، تورکیا ئیمزای لە سەر ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافی تایبەت بە تاکەکەس و سیاسی کرد و هەروەها ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتیی کرد لە ئابی ٢٠٠٠دا. لە پاش مۆرکردنی ئەم بەڵگەنامانە، شەرەفەدین ئاڵچیی، سەرۆکی پێشووی پارتی بارستەی دیموکراتیی قەدەغەکراو، داوای لە ئەنقەرە کرد کە ماف "بە هەموان ببەخشێت" بۆ بەکارهێنانی زمانەکەیان بە ئازادی لە خوێندن و پەخشکردن بە زمانی کوردی وەک مەرجێک بۆ "ئەم ڕێککەوتننامە نوێیانەی نەتەوە یەکگرتووەکان"[٤٧]. ئەمڕۆ ٢٨ وێستگەی رادیۆی کوردی و پێنج وێستگەی تەلەفزیۆنی کوردی لە تورکیادا کاردەکەن و زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لە سەرانسەری تورکیادا دەردەچن.

لە ١٩ی مارتی ٢٠٠١دا، حکوومەتی تورکیا بەرنامەی نیشتمانیی خۆی ئاشکرا کرد و سەبارەت بە کێشەی کورد، کە سەرچاوەیەکی ناکۆکیی سەرەکی بوو لە گفتوگۆی تورکی – ئەورووپیدا، بەرنامەکە پابەند نەبوو بە ڕەزامەندی دەربڕین لە سەر خوێندن بە زمانی کوردی و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە "زمانی فەرمی و زمانی خوێندنی فەرمیی کۆماری تورکیا زمانی تورکییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەکارهێنانە خۆڕاییە قەدەغە نیە بۆ ئەو زمان و زاراوە جیاوازانەی هاوڵاتییانی تورک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریاندێنن، بەڵام نابێت ئەم ئازادییە خراپ بەکاربهێنرێت بۆ ئامانجی جوداخوازی و دابەشبوون"[٤٨]. تێرم و دەستەواژەکانی "کوردی" یان "خوێندن

بە زمانی دایک" لە بەرنامەکەدا نابینرێن. لە بەرنامە نیشتمانییەکەدا روون و ئاشکرا دیارە کە سەرکردە سەربازییەکان و هێزە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکە بەرهەڵستیی زۆرێک لەو مەرجانە دەکەن کە یەکێتیی ئەورووپا سووورە لە سەریان. یەکێتیی ئەورووپا دەیویست دەسەڵاتێکی مەدەنیی تەواو بەسەر سوپادا هەبێت لە رێگەی لاواز کردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە. بەرنامەکە ئیشارەت بە گۆڕانکاریی ریشەیی ناکات لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا چونکە سوپا دەیەوێت پارێزگاری لەوە بکات کە لە واقیعدا ڤیتۆیەکە بەسەر بڕیارەکانی حکوومەتەوە. بەرنامەکە لەئاست خستنەڕووی مافی زمانەوانیی تەواو بۆ کورد و دەسەڵاتشکانی مەدەنی بەسەر سوپادا یان کشانەوەی هێزەکانی تورکیا لە دوورگەی دابەشکراوی قوبرس وەستا و رێگەی نەدا بە قسەکردن لەسەریان. هەروەها بەرنامەکە لەوە کەمتر بوو کە لەئاست چاوەڕوانیی ئەورووپییەکان و کۆمەڵگەی تورکیدا بێت و تەنها ستراتیجییەتێکی تری بەرەی نەتەوەیی بوو لە تورکیادا بۆ بەدەستهێنانی کات. ئەم بەرنامەیە ئیشارەت بە هیچ ئامادەکارییەک ناکات ئەندامێتی یان چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپاوە، بەڵکو هەوڵی دواخستنی دەدا. بەرەی ناسیۆنالیستی کەوتە بڵاوکردنەوەی بەها ملهوڕانەکانی، وەک "دیموکراتییەتی نیشتمانی" و "مافی مرۆڤی نیشتمانی" و "سیکولاریزمی نەتەوەیی" و "بەرنامەی نیشتمانی بۆ ئەندامێتیی ئەورووپی" بە مەبەستی دواخستنی ئەندامێتی. بەهەرحاڵ بەرنامەکە وایدەگەیاند کە لەلایەن کەسانێکەوە داڕێژراوە کەوا گیرۆدەی دەستی بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانیانن.

لە ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١دا، پەرلەمانی تورکی رەزامەندیی لە سەر ٣٤ دەستکاریی دەستووری دەرکرد و زەمینەی خۆشکرد بۆ قەدەغە هەڵگرتن لە سەر پەخشکردن بە زمانی کوردی، هەر کە یاسا میدیاییە هاوشێوەکان

دەسکاری کرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوپای تورکیا بە کرداری بەرهەڵستیی خۆی دەربڕی بۆ ئەم گۆڕانکارییە.

بێجگە لە گۆڕانکارییە یاسایی و سیاسییەکان، تورکیا هەوڵیشی دەدا کێشە ئابوورییەکان لە ناوچەکەدا چارەسەر بکات. بێبەشبوونی ڕێژەیی لە ناوچە کوردنشینەکاندا لە لایەن کوردە نەتەوەییەکانەوە والێکدەدرێتەوە کە "جیاکارییە" و لەلایەن دەوڵەتیشەوە بە سەرچاوەی رادیکالیزمی کوردی لێکدەدرێتەوە. لەڕاستیدا لێکۆڵینەوە ناوازەکەی گورڕ ئاماژە بەوە دەکات کە بێبەشکردنی ڕێژەیی شوناسە ئیتنیکییەکان بەسیاسەت دەکات[٤٩]. لە تورکیادا جیاوازییە هەرێمییەکان بە پێی بنەمای ئیتنیکی و نەژادی راڤە دەکرێن و چەپی کوردی لە هەمووولا زیاتر چالاک بوو لە خستنەڕووی جیاوازیی هەرێمی وەک یەکێک لە دیاردەکانی "جیاکاریی" تورکی دژ بە کورد. ناوچە کوردییەکان لە نێو هەژارترین ناوچەکانی تورکیان و بەو هۆیەوە دەوڵەتی تورکیا ژمارەیەک دەسپێشخەریی ئابووری پێشکەش کردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد. وێرانبوون نرخی دواکەوتن بوو لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا و بۆیە ئێستا تورکیا سەریکردووەتە کار کردن لە پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ (گاپ GAP) کەوا تێچوونەکەی دەگاتە ٣٢ ملیار دۆلار و بریتییە لە تۆڕێک کە لە ٢٢ بەنداو و ١٩ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی پێکدێت و بە کلیلی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتی میزۆپۆتامیای سەروو لەقەڵەم دەدرێت. پرۆژەکە ٢٥٠٠ میلی چوارگۆشەی زەویوزار ئاودێری دەکات و کاریگەریی دەبێت لە سەر ژیانی شەش ملیۆن و پێنجسەد هەزار کەس لەم ناوچەیەدا. حکوومەتی تورکیا وا تەماشای ئەم پرۆژەیە دەکات کە هۆکارێک بێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەگەرچی ئەم کێشەیە مەسەلەی هەژاریی تێپەڕاندووە بۆ کێشە و

گرفتە کولتووری و سیاسییەکان. بۆ نموونە، سەرۆک وەزیران بولَند ئەجەوید باوەڕی وایە کە "هیچ کێشەیەکی کورد لە تورکیادا نیە بەڵکو ئەوە کێشەی ئاغا و دەرەبەگ و دواکەوتنی ئابوورییە". راستییەکەی، پێکهاتە و ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوچەکە رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە درووستکردنی ئیتنۆ – ناسیۆنالیزمی کورددیدا. بەهەرحاڵ، پێویستە لەم مەسەلەیەدا هۆکارە سیاسی و کولتوورییەکانیش رەچاو بکرێن.

لە ناوچەرگەی قەیرانی ئەم سەردەمەی تورکیادا سێ لێکەوتە و ئەنجامی کۆمەڵایەتیی سیاسیی کەمالیزم خۆیان دەخەنەڕوو: (١) ئایدیۆلۆجیای رێگری نوێبوونەوە کۆسپە لە بەردەم مشتومڕ و گفتوگۆی کراوە کە لەوانەیە سەر بکێشێتەوە بۆ گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و گشتگیر کە دان بە فرەکولتووری و فەرهەنگی بنێت لە تورکیادا، (٢) بوار بە دەربڕین و گوزارش نادات لە شوناس و شێوازی ژیانی جیاواز لە کایەی گشتیدا چونکە دید و بۆچوونی کەمالیزم بۆ کۆمەڵگەیەکی نموونەیی تێکدەشکێنێت، (٣) بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ سیاسەتدا دەکات کە پرۆسەیەکە بۆ ئاراستە کردنی گەشەی سیاسی ئەندازەدانی کۆمەڵگەیەکی نوێ[٥٠]. بەم پێیە کەمالیزم واینابینێت کە جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی بەشێکی دانەبڕاو بن لە دیموکراسی، بەڵکو مامەڵەی "جیاوازیی" کۆمەڵایەتی و سیاسی بەجۆرێک دەکات وەک سەرچاوەیەک بۆ ناسەقامگیری و هەڕەشە بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانی. بزووتنەوە ئیتنیکییەکان (کوردی) و دینییەکان (ئیسلامی سوننی و عەلەوی) هەوڵی ئەوە دەدەن کە خۆیان دووبارە پێناسە بکەنەوە وەک "موسڵمان" و "کورد" و "عەلەوی" لە رێگەی ئەو هۆکارانەوە کەوا جیهانگیری (گلۆبالیزم) دەیانرەخسێنێت. ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی ناسنامە و دادپەروەری

راستەوخۆ لەگەڵ پرۆژەی کەمالیزمدا پێچەوانە دەبێتەوە. تورکیا پێویستی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێیە و پێویستە بنەما سەرەکییەکانی ئەم گرێبەستە وێناکردنی ئەنگلۆسەکسۆنی بۆ سێکولاریزم و باڵادەستیی یاسا و داننان بە سروشتی فرەکولتووریی تورکیا بێت. پێویستە هەر یەکە لە کورد و تورک بەشداربن لە گەڕان بە دوای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێدا و پێویستە تورکیا وەڵامی داواکارییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بداتەوە. هەڵبەت سێ چارەسەری دەزگایی و دەستووری هەیە بۆ بزووتنەوە ئیتنیکییە کوردییەکان، کە خۆگونجاندن و سیستەمەکانی هەڵبژاردن و فیدراڵییەتە و ئەنجامی لەبارتر لە حاڵەتی تورکیادا چارەسەری هەڵبژاردنە، واتە ڕێگەدان بە کورد دەنگ بدەن بە هەر حیزبێک و لەوانەش حیزبی ئیتنیکی یان نەژادی. لەوانەیە نوێنەرایەتی کردن پشت بەو دەنگانە ببەستێت کە پاڵێوراوان بەدەستیدێنن. پێویستە تورکیا لەوە تێبگات کە پێداگرتنی زیاتر لە سەر ناوەندێتی (سەنتراڵیزە) یاخیبوونی لێدەکەوێتەوە و کەمی ناوەندێتی و جڵەو شلکردنیش پارچە پارچە بوونی لێدەکەوێتەوە و بێگومان تورکیا پێویستی بە پەرەپێدانی هاوسەنگییە لە نێوان ناوەندی و ناناوەندێتیدا، لە نێوان سەپاندنی حوکمی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا.

# ئەنجام

رووخانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانیی فرە ئیتنیک و نەژاد و دروستکردنی رژێمگەلێکی نەتەوەیی لە سەر بناغەی ئیتنیک هۆکاری ریشەیین بۆ بەسیاسی بوون و رادیکالێتی شوناسی کوردی. مۆدێرنیزە بوونی سەرکەوتووی تورکیا و زیادکردنی پەیوەندییەکان و ئاستی بەرزی جموجووڵ بوون بە هۆی زیادبوونی هۆشیاریی ئیتنیکیی کورد و تەیار کردنی. ئەم ناسیۆنالیزمە رادیکاڵە کوردییە، بە رۆڵی خۆی بوو بە هۆی سیاسەتاوی کردن و میللی کردنی ناسیۆنالیزمی تورکی. ئەمڕۆ هۆشیارییەکی کوردیی روولەهەڵکشان لەئارادایە، بەڵام لەبەرانبەردا یەکگرتن کەمە بە هۆی رکابەری و نادڵسۆزیی نائیتنیکییەوە. پێویستە کوردەکان لەوە تێبگەن کەوا دەرفەتێکی هەرێمی یان سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان[51]. بە هەمان شێوەش پێویستە لە سەر تورکیا دان بە مافە کولتوورییەکانی کورددا بنێت و بگەڕێت بەدوای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێدا کە مۆزایکی کولتووری و فەرهەنگیی تورکیا بتوانێت تێیدا ببووژێتەوە و گەشە بکات. کێشەی کورد تەگەرە دەخاتە بەردەم ریفۆرمە یاساییە پێویستەکان و جێبەجێ کردنی مافە دیموکراتییەکان و مافی مرۆڤ لە تورکیادا. سەرباری ئەوەش، کێشەی کورد بووە بە هۆکاری کۆتوبەند خستنە سەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە شێوەیەکی ترسناک لە رێگەی دەرفەتدان بە دەوڵەتانی بێگانەوە بۆ ئەوەی فشاری بەهێز بخەنە سەر ئەنقەرە. بێگومان ئەم کێشەیە بووەتە کۆسپی سەرەکی لەبەردەم هەوڵ و تەقەلای تورکیادا بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتیی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپادا.

## سوپاس و پێزانین

له کاتی دەرکەوتنی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمدا من هاوکاری موقیم بووم له ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی زانسته مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کالیفۆرنیا. سوپاسی ئینستیتیوت دەکەم بۆ پاڵپشتی و هاوکاری هەروەها سوپاسی یاسین ئەکتای و حەمید بۆزئەرسەلان و جەمالەدین قاسمی و هاکان ئویزئۆغلوو و رۆبەرت ئۆلسن و چارلس مکدۆناڵد و مایکل م. گونتەر دەکەم بۆ تێبینی و سەرنجەکانیان.

## سەرچاوە:

م. هاکان یاڤوز ساڵی ٢٠٠١ ئەم بابەتەی نووسیوە.

م. هاکان یاڤوز – زانکۆی یوتا (ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).

*گۆڤاری ناسیۆنالیزم و سیاسەتی ئیتنیکی*، بەرگی ٧، ژمارە ٣

پایزی ٢٠٠١، لاپەرە ١ – ٢٤.

له لایەن فرانک کاس – لەندەن، بڵاوکراوەتەوە

ناونیشانی باسەکەکه: پێنج قۆناخ بۆ بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کوردی له تورکیادا

M. Hakan Yavuz, University of Utah

Nationalism & Ethnic Politics, Vol. 7, No. 3, Autumn 2001, pp.1–2 4

PUBLISHED BY FRANK CASS, LONDON

Five Stages of the Construction of Kurdish Nationalism in Turkey

## سەرنج و تێبینی

١ – بۆ بەدەستهێنانی پاشخانی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا بڕوانە م. هاکان یاڤوز "مەسەلەی کورد لە تورکیادا"، ژمارەی تایبەت، گۆڤاری کاروباری کەمینە موسڵمانەکان، بەرگی ١٨ ، ژمارە ١ (١٩٩٨) . م. هاکان یاڤوز، "هێڵەکانی لێکترازان لە تورکیادا و قەیرانی کەمالیزم"، گۆڤاری کەرەنت هیستۆری، بەرگی ٩٩ (کانوونی دووەمی ٢٠٠٠)، لاپەڕە ٣٣ – ٣٩.

M. Hakan Yavuz & Michael Gunter, *"The Kurdish Nation"*, Current History

م. هاکان یاڤوز و مایکڵ گونتەر *"گەل یان نەتەوەی کورد"*، گۆڤاری کەرەنت هیستۆری.

Martin van Bruinessen, "*Agha, Shaikh and State",* (London: Zed,1992).

مارتن ڤان برونەسن، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت"*، (لەندەن: زەد بووکس، ١٩٩٢).

دێڤید ماکدواڵ ، *"مێژووی نوێی کوردەکان"*، (لەندەن: ئاي. بي. توریس ، ١٩٩٦).

هێنري ج. بارکي و گراهام فولەر، *"مەسەلەی کوردی تورکی"*، (نیویۆرک: رۆمان و لیتلفیلد، ١٩٩٨).

٢ – بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر جیاوازیی دەوڵەتی داگیرکەر و مۆدێرن بڕوانە، دێڤید هێلد، "پەرەسەندنی دەوڵەتی مۆدێرن"، لە ستیوارت هوڵ وئەوانیتر "مۆدێرنیتە" (کامبریدج: پۆلیتي پرێس ، ١٩٩٥) ، ل ٥٥ – ٦٩.

٣ – تۆم نایرن باس پێکهاتە و بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزم لە تێرمەکانی گەشەی نایەکسانی ئابووری. لە حاڵەتی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، مرۆڤ دیسان پێویستی ناسنامەیەکی ئیتنیکیی تایبەتە بۆ تەرجەمە کردنی جیاوازییە ئابوورییە ناوچەییەکان بۆ بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی. تۆم نایرن "هەڵوەشانەوەی بەریتانیا: قەیران و ناسیۆنالیزمی نوێ"، (لەندەن: نیو لێفت بووکس،١٩٧٧).

٤ – بـۆ زانیـاریی زیـاتر لە سـەر رۆڵـی "پێشـەنگانی کـار"بڕوانە کراوفـۆرد یۆنـگ "سیاسـەتی فـرە کولتـووری"، (مادیسـۆن: چاپخـانەی زانکـۆی ویسکنسـن، ١٩٧٦)، لاپەڕەکانی ٢٨ و ٤٥ – ٤٦.

٥ – بـۆ نمـوونە، مەسـعوود یەغەن گریمـانەی بـوونی ناسـیۆنالیزمێکی کـوردیی کامـڵ دەکـات و چـاو دەخـاتە سـەر سـتراتیجییەکانی دەوڵەت لەبـری ئـاڵۆز کردنـی ناسـیۆنالیزمی کـوردی. بـڕوانە یەغەن Yeğen ، "مەسـەلەی کـورد لە گوتـاری دەوڵەتـی تورکیـادا"، گۆڤـاری کەرەنـت هیسـتۆری، بەرگـی ٣٤، ژمـارە ٤ (١٩٩٩)، لاپەرەکانی ٥٥ – ٥٥.

٦ – بێگومـان شوناسـی کولتـووریی کـورد لە پـێش ئەم سـەردەمی نـوێیەوە هەبـووە. دەکرێـت "کرۆکـی ئیتنیکیـی پێویسـت" لە سـترۆکتووری پـێش مـۆدێرنی خێڵەکیـی کـورددا بـدۆزرێتەوە، لە دیـد و بۆچـوونی ئەنتـۆنی سـمیثەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم "بنەمـا ئیتنیکیـیە" بەسیاسـیی کـراوە و وەرچەرخـاوەتە سـەر ناسـیۆنالیزم وەک کاردانەوەیەک بۆ داگیرکاری (واتە سەپاندنی حوکمێکی راستەوخۆ و دەستێوەردانی سـەرمایەداری) کە بزووتنەوە نەتەوەییە تـورکی و ئێرانـی و عێراقییەکـان بەرپایـان کردووە دژ بە کۆمەڵگە کوردییەکان لە پاش رووخانی عوسمانییەکان.

Anthony D. Smith, "*The Ethnic Origins of Nations*", (New York: Blackwell,1986.

(ئەنتۆنی د. سمیث، *"رەگ و ریشە ئیتنیکییەکانی نەتەوەکان"*) ...

بەهەرحاڵ، ناسـیۆنالیزمی کوردی بە تونـدی کـاریگەر بووە بە سـترۆکتووری خێڵەکی پێس مۆدێرنیتە. رێک وەک هێکتەر دەیڵێت، ناسیۆنالیزم تـاڕادەیەکی گەورە ئەنجـامی سیاسـەتە ناوەنـدییەکانی دەوڵەتە. بـۆ زانیـاریی زیـاتر لەبـارەی رێبـازی تیـۆریی ناسیۆنالیزم، بڕوانە:

Michael Hecter, "*Containing Nationalism*", (New York: Oxford University Press, 2000).

مایکڵ هێکتەر *"فراوان بوونی ناسیۆنالیزم"*، ......

٧ – ئاغا بەواتای خاوەن زەوی دێت و بەعادەت سەرۆک خێڵ یان هۆزیشە، شێخ سەرۆکی ڕێباز یان تەریقەتی سۆفیگەرییە و سەییدیش بە نەوەی پێغەمبەر محەمەد لەقەڵەم دەدرێت. ئەمانە هەموویان ڕۆڵی جیاجیایان هەیە بەڵام کاراکتەری یەکتر تەواوکەرن لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

نەجدەت سووباشی، *"شێخ و سەید و مەلا: گوینەیدۆغو ئەنەدۆڵو ئۆرنیینديي دینسل ئیتیبرین کاتیگۆریلەری"*، ئیسلامییات، بەرگی ٢ ، ژمارە ٣ (١٩٩٩)، ل ٤٠ – ١٢١.

٨ – میدڵ ئیست وۆچ، *"جینۆسساید لە عێراقدا: پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد"*، (نیویۆرک: هیومان رایتس ووچ، ١٩٩٣). ئەم کتێبە باس لە هێرش و پەلامارەکانی سەددام حوسین دەکات بۆ سەر کورد. (ئەم کتێبە چاپی کوردیشی هەیە و بەندە لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی – وەرگێڕ).

٩ – بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ناسنامەی عەلەوی، بڕوانە:

M. Hakan Yavuz , "Dğişim Sürecindeki Alevi Kimliği / Die alewitische Identität im Veränderungsprozeß" , Aleviler: *Identität und Geschichte*

Deutsche Orient – Institut, 2000.– 95. Krisztma Kehl – Bodrogi تورکی / ئەڵمانی

"کورد، تورک، یان گەلێک لە سەر هەقی خۆیەتی؟ شوناسە بەکۆمەڵە ڕکابەرەکان لەنێو زازادا"، *گۆڤاری جیهانی ئیسلام*، بەرگی ٨٩ ، ژمارە ٣ – ٤ (١٩٩٩) ، لاپەرەکانی ٤٣٩ – ٤٥٤.

١٠ – ئیسماعیل کارا، "کورت مدرەسەلەری گویندەم گێلەجەک می؟" ؛ هەروەها:

Müfid Yüksel, "*Kurd'da Değişim Süreci* ", (Ankara: Sor, ١٩٩٣), pp. 50 – ٧٠, in Kara, *Seyhefendinin Rüyasındaki Türkiye,* (Istanbul: Kitab ، ١٩٩٨), pp. ٦٩ – ٧٢. تورکی

١١ – مارتن ڤان بروینەسن، *"مەلا و سۆفی و هەرتەقە: ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگەی کوردیدا"*، (ئەستەمبووڵ، ٢٠٠٠).

– ڤان بروینەسن، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت..."* ، (١٩٩٢)، لاپەڕە ١٨٩.

١٢ – ئیسماعیل گوێڵداش، *"کوردستان تەعالی جەمعییەتی"*، (ئەستەمبووڵ: دۆز، ١٩٩١).

Naci Kutlay, "*Ittihat Terakki ve Kürtler*", (Ankara: Beybun, ١٩٩٢), pp. ٢١٨ – ٢٧.

ناجی کوتلەی، *"ئیتیحاد و تەرەققی و کورتلەر"* ..... تورکی

١٣ – ئیسماعیل گوێڵداش، *"لۆزان: بز تورکلەر ڤە کورتلەر"*، (ئەستەمبووڵ: ئاڤێستا، ٢٠٠٠).

Halil şimşek ,"*Saeyh Sa 'id isyanı ve PKK* ", (Istanbul: Harp Akademileri – ٢٠٠٠).

١٤ – خەلیل شەشمەک، *"یاخیبوونی شێخ سەعید و پەکەکە"* ....

ئەم کتێبە باس لە یاخیبوونی شێخ سەعید دەکات وەک بزووتنەوەیەکی ئیتنیکی. بەپێی بۆچوونی شەشمەک هەرچەندە شێخ سەعید ئیسلامی بەکارهێنا بەڵام ئامانجی راستەقینەی "بچڕینی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بوو"، (لاپەڕە ٣١). بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر گۆڕانکاریی دید و بۆچوون لە ناو سوپای تورکیادا بڕوانە:

Genel Kurmay Başkanlığı ,*100 Soru ve Cevapta Türk Silahli Kuvvetleri ve Terörle Mücadele* (Ankara: Genel Kurmay IGHD Başkanlığı, ١٩٩٨), pp.1– 45. تورکی

١٥ – رۆبەرت ئۆڵسن، "یاخیبوونی شیخ سەعید (١٩٢٥)، چیای ئارارات (١٩٣٠) و دەرسیم (١٩٣٧ – ١٩٣٨): کاریگەرییان لە سەر پەرەسەندنی هێزی ئاسمانیی تورکیا و ناسیۆنالیزمی کوردی و تورکی"

Rebellions of Sheikh Said, 1925, Mt Ararat, 1930, and Dersim, 1937 – 1938, and Their Impact on the Development of the Air Force and on Kurdish and Turkish Nationalism Turkish

گۆڤاری *Die Welt des Islam,*، بەرگی ٤٠، ٢٠٠٠، ل ٦٧ – ٩٤.

١٦ – ئومیت جزره ساکاڵیئۆغڵو، "ناسیۆنالیزمی کوردی له روانگه‌یه‌کی ئیسلامییه‌وه "Kurdish Nationalism from an Islamic Perspective"، *گۆڤاری کاروباری که‌مینه‌ی موسڵمان Journal of Muslim Minority Affairs*، به‌رگی ١٨، ژماره ١، ١٩٩٨، ل ٧٣ – ٩٠ ؛ بورهانه‌دین دۆران، "مامه‌ڵه کردن له‌گه‌ڵ کێشه‌ی کورددا له دید و بۆچوونی عادیل دوێزه‌نه‌وه: که شێواز و فۆرمه‌ڵه‌یه‌کی پـــــارتی ره‌فـــــایه بـــــۆ پـــــێکه‌وه ژیـــــانی ئیتنیـــــک و نه‌ژاده‌کـــــان Approaching the Kurdish Question via Adil Düzen: An Islamist Formula of the Welfare Party for Ethnic Coexistence"، *هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو*، ل ٢٨ – ١١١.

17. Türkiye ahalisine din ve ırk farkı olmaksızın vatandaşlık itibariyle Türk itlak olunur. تورکی

18. Ismail Besikci, *Doğu Mitingleri 'nin Analizi* (1967) (Ankara: Yurt, 1992). تورکی

١٩ – محه‌مه‌د عه‌لی بیراند، *"ئاپۆ و په‌که‌که Apo ve PKK"*، (ئه‌سته‌مبووڵ: میللییه‌ت، ١٩٩٢)، ل ٨٣ .

٢٠ – *Devrimci Doğu Kültür Ocaklan Dava Dosyası* ، (ئه‌نقه‌ره: کۆمه‌ڵ، ١٩٧٥)، ل ٢٥ – ٢٩. ئه‌م کتێبه باشترین وێنه‌ی گوتاری تورکیا ده‌خاته‌ڕوو له‌باره‌ی مه‌سه‌له‌ی کورده‌وه، شانبه‌شانی بڵاوکراوه‌کانی ده‌ده‌کۆ DDKO، له دوادوایی ساڵانی ١٩٦٠کان و سه‌ره‌تای ١٩٧٠کاندا. ده‌ده‌کۆ رۆڵێکی گرنگی بینیوه له دروستکردنی هۆشیارییه‌کی سیاسیی کوردیدا.

٢١. Ömer Laciner, *Kürt Sorunu: Henüz Vakit Varken* (Istanbul: Birikim, 1991). تورکی

٢٢ – محه‌مه‌د عه‌لی بیراند، *"ئاپۆ و په‌که‌که Apo ve PKK"*، ل ٣٦ ، ١٢١. ئۆجه‌لان باس له‌وه ده‌کات که چۆن بالنده و سه‌گه‌که‌ی سزاداوه به هۆی درک کردن به نادڵسۆزییان. شیکردنه‌وه‌یه‌کی جوان هه‌یه بۆ ئه‌قڵییه‌ت و شێوازی بیرکردنه‌وه‌ی ئۆجه‌لان له لایه‌ن ڤه‌میک ڤۆڵکانه‌وه له کتێبیدا، *"خوێنڕشتن: له شانازیی ئیتنیکییه‌وه*

*Bloodlines : From Ethnic Pride to Ethnic بۆ تیرۆریزمی ئیتنیکی*
*"Terrorism*، (New York: Farrar, Straus and Giroux)، ١٩٩٧،
ل ١٦٨ – ١٨٠.

٢٣ – ڤیرا ئێکاریۆس– کێلی، *"بزووتنەوە سیاسییەکان و خاڵە کاریگەرەکان: چالاکیی کوردەکانی تاراوگە لە ئەوروپا*

*Political Movements and Leverage Points: Kurdish Diaspora Activism in Europe*"، باسێکی بڵاونەکراوەیە (٢٠٠١).

٢٤ – *"تێرۆریزمی پەکەکە PKK Terrorism*"، (ئەنقەرە: وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ١٩٩٨)، ل ١٣. ئەم نامیلکەیە بۆ زانیاریی رای گشتی ئامادە کراوە لەبارەی چالاکییەکانی پەکەکەوە.

٢٥. Yasin Aktay, "Güneydoğu'da intihar: Kalan Sağlar Bizimdir", *Tezkire*, No. 18 (2001), pp. 33 – 48. تورکی

– ئەکتای لەم نووسینەیدا هۆکارەکانی بەرزیی ریژەی خۆکوشتن لە باتماندا شیدەکاتەوە و لە لاوازبوونی پەیوەندییە نەریتییەکان دەدوێت، هەروەها کولتووری نوێی توندوتیژی کە ئاهەنگ بۆ مەرگ دەگێڕێت وەک رێگەیەک "بۆ پاکژ کردنەوەی خود" و پەیوەندیی شاراوەی نێوان ململانێ و ئەم کولتوورە نوێیە دەدۆزێتەوە.

26. Zeynep Gökçe Akgür, "*Türkiye'de Kırsal Kesimden Kente Göç ve Bölgeler Arası Dengesizlik (1970 – ١٩٩٣)* ", (Ankara: Kültür Bakanlığı, 1997), pp. 67 – 9. تورکی

– مەرت گوێزد، *"راپۆرتەکانی کۆمیسیۆنی پەرلەمان لە سەر راگواستن. چوار هەزار گوند چۆڵکراون و یەک ملیۆن کەس راگوێزراون"*، *رۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز*، ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠١. راپۆرتەکەی پەرلەمان دەڵێ کەوا 'لە ماوەی پرۆسەی چواردە ساڵدا و لەو دەمەدا کە هێزە ئەمنییەکان دژ بە چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) شەڕیان کردووە، نزیکەی چوار هەزار گوند و شوێنی بچووکی نیشتەجێ لە رۆژهەلات و باشووری رۆژهەلات چۆڵکراون و یەک ملیۆن کەسیش لە ناوچەکە راگوێزراون.

٢٧ – هیومـان رایـتس وۆچ، *"حیزبـوڵلای تورکیـا چـیە What is Turkey's Hizbullah"*، ١٦ی شوباتی ٢٠٠٠.

٢٨ – *ڕۆژنامەی حورییەت*، ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٨.

٢٩ – بۆ زانیاریی وردتر بڕوانە ڕاگەیاندنی دیلان شامسی کلیچی کە دۆستێکی نزیکی ئۆجەلان و شایەتحاڵی گرتنەکەی بوو، لە مێد تیڤیی سەر بە پەکەکەوە پەخشکرا و لە ٢١ی شوباتی ١٩٩٩دا خراوەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

- تیم وینەر، *"ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوکاریی تورکیای کرد بۆ دۆزینەوە و گرتنی یاخییە کوردەکە U.S Helped Turkey Find and Capture Kurd Rebel"*، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ٢٠ی شوباتی ١٩٩٩.
- مارکۆس گی، *"داستانی پەتاتە گەرمەکەی کورد The Odyssey of a Kurdish Hot Potato"*، *ڕۆژنامەی گڵۆب ئەند ذی مەیڵ The Globe and Mail* (تۆرەنتـۆ)، ٢٤ی شـوباتی ١٩٩٩. (ئەم ئیـدیۆمە زیـاتر مانـای ترسـناک و بـڤە دەگرێتەوە – وەرگێڕ).
- هێلینا سمیث، کریس مۆریس و ئێد ڤوڵیامی، *"ئەو پیلانە جیهانییەی قارەمەنەکەی کوردی خستە داوەوە Global Plot that Lured Kurds, Hero into Trap"*، *ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەری بەریتانی* ، ٢١ی شوباتی ١٩٩٩.

– ئیسـمەت بێرکـان، *"چیرۆکـی دەسـگیر کردنـی ئـاپۆ The Story of Apo's Capture"*، *ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ* (ئەستەمبووڵ)، ١٧ی شوباتی ١٩٩٩.

– سـەرۆک وەزیـران بوڵند ئەجەوید خـۆی لە هەر وردەکـارییەک پاراسـت و تەنهـا پەندێکی پێشینانی تورکی هێنایەوە، *"با ترێکە بخۆین و نەپرسین لەکوێوە هاتووە"*.

٣٠ – "تورک لە بەرانبەر کورددا: خاڵی وەرچەرخـان Turks vs. Kurds: Turning Point"، *ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز*، ٢١ی شوباتی ١٩٩٩، ل ٨ .

٣١ – لە کتێبی مایکڵ گونتەر وەرگیراوە، "کێشـەی بەردەوامـی کورد لە تورکیـا لە پاش گرتنی ئۆجەلان

،"The continuing Kurdish problem in Turkey after Öcalan's capture
*گۆڤاری وەرزیی جیهانی سێهەم* *Quarterly Third World* ، بەرگی ٢١، ژمارە ٥ ، ٢٠٠٠، ل ٨٥١ .

٣٢ – *"راپۆرتەکانی مێد تیڤی بە زۆری لە سەر راگەیاندنی پەکەکەن لەبارەی ئەنجامی کۆنگرێسەوە"*، خزمەتگوزاریی زانیاریی پەخشی دەرەوە – رۆژهەڵاتی نزیک / باشووری ئاسیا، WE – FBIS ، ١٩٩٩، ٤ی مارتی ١٩٩٩.

٣٣ – عەبدوڵا ئۆجەلان، *"روونکردنەوە لە سەر چارەسەری دیموکراتیی مەسەلەی کورد"*، وەرگێرانی لە ئەسڵە تورکییەکەیەوە لەلایەن سەنتەری زانیاریی کوردستانەوە، (لەندەن: بڵاوکەرەوەی میزۆپۆتامیا، ١٩٩٩)، ل ١٨.

٣٤ – دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ بیست و شەش حوکمی سەرکەوتووی دەرکرد لە سەر ئەو کێشانەی کە پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد بەرزی کردبووەوە و بنکەی لە لەندەن بوو، بە سەرۆکایەتیی کەریم یڵدز و زۆربەی کێشەکان تیشکیان خستبووە سەر مافی ژیان (مادەی ٢)، قەدەغە کردنی ئەشکەنجەدان (مادەی ٣)، مافی دادگاییەکی دادپەروەرانە (مادەی ٦)، مافی تانەدانی کاریگەر (مادەی ١٣) و مافی ئازادیی رادەربڕین (مادەی ١٠). (دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٥٩ لە ستراسبورگ دامەزرا بۆ چارەسەری پێشێلکارییەکانی گوایە لە رێککەوتننامەی ئەوروپیی مافی مرۆڤی ساڵی ١٩٥٠دا بوو. لە ١ی نۆڤەمبەری ١٩٩٨دا، دادگایەکی دەوام تەواو دامەزرا بۆ ئەوەی جێی سیستەمە بنەڕەتییەکە بگرێتەوە کە لە دوو ئاست پێکهاتبوو بە نیمچە دەوام (پارت تایم) کە کۆمیسیۆن و دادگا بوون).

٣٥ – زۆربەی بیرمەند و سیاسییەکانی کورد پشتیوانی لە ئەندامێتیی تورکیا دەکەن لە یەکێتیی ئەوروپادا. بەڵام گرووپێکی کەم لە ناسیۆنالیستەکانی کورد وایدەبینن کە ئەندامێتی کۆسپ درووست دەکات لەبەردەم بەدیهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کورددا. بڕوانە "شەرەفەدین ئێلچی مشتومڕی حیزبی کوردی دەکات لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سویددا"، تورکیش دەیلی نیوز، ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٠.

٣٦ – *"یێلماز: ڕێگەی یەکێتیی ئەورووپا بە دیاربەکردا تێدەپەڕێت"*، *ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز*، ١٧ی دیسەمبەری ١٩٩٩. دیاربەکر گەورەترین شاری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵە و زۆربەی دانیشتووانی کوردن.

٣٧ – *" ڕێگە بەرەو یەکێتیی ئەورووپا The Road to the EU', Briefing "*، *کورتە ڕاگەیاندن*، ٢٠ی دیسەمبەری ١٩٩٩، ل ١١.

٣٨ – بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر تێبینییەکانی ئەسپاروک، بڕوانە ڕۆژنامەی فایناشیاڵ تایمز، ١٧ی شوباتی ٢٠٠٠. هەروەها شوکری ئێلێکداغ " DPT'nin Siyasi Kriterler Raporu"، *ڕۆژنامەی میللیەت*، ٦ی مارتی ٢٠٠٠، لەپێناوی ڕێکخستنەوەی گۆڕانکارییە یاساییەکان لەگەڵ پێوەرەکانی کۆپنهاگندا، دەزگای پلاندانانی دەوڵەت دەتەپە (DPT) لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٠٠دا ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد کە ریفۆرمە دەستووری و یاساییە سەرەکییەکانی تورکیای لەخۆگرتبوو.

٣٩ – بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر کاردانەوە بەرانبەر "مافەکانی کەمینە"، بڕوانە:

Onur Öymen, 'Bu Sevr korkusu yersizdir', *Radikal,* 11 September 2000.

٤٠ – بڕوانە: *ڕۆژنامەی میللییەت*، ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ ؛ *ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز*، ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠. ئەتاساگەن لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کەوا "کۆماری تورکیا نەیتوانی دایکەکانیان (واتە دایکانی کورد) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە ٦٠ لە سەدی دایکانی ئەو ناوچەیە تورکی نازانن و ئێمە سیستەمێکمان دانەمەزراند بۆ بەدەستهێنانیان و ئەم دەوڵەتە نەیزانی چۆن بیاندوێنێت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. هەڵبەت ئەگەر بمانتوانیبایە بەلای خۆماندا ڕایانکێشین ئەم کێشەیە تا ئەمڕۆ بەردەوام نەدەبوو. ئێمە چەندین ساڵە تێبینیی ئەمەمان کردووە بەڵام نەمانتوانی هیچ شتێک بکەین".

٤١ – *ڕۆژنامەی حوڕییەت*، ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠.

٤٢ – *ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز*، ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠.

٤٣ – زیاتر پێدەچێت کە ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپا بەڵگە بێت کەوا کوردەکان لە تورکیای نوێدا پێویستیان بەوە نەبێت ناسنامەی خۆیان بسڕنەوە لە سەر حیسابی دەسکەوتی جیهانی یان بەتەنها لەقەڵەمدانی ئەم ناسنامە ئیتنیکییە وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆن جوغزی ژیانی گشتی. تورکیا بەرەوڕووی پێوەرەکانی کۆپنهاگن و پرۆسەی ٢٨ی شوبات بووەوە. بۆ نموونە، لە پاش بڕیاری یەکێتیی ئەوروپا ژمارەیەک دەستپێشخەریی ئەوروپا بۆ تیشک خستنەسەر کێشەی کورد دوودڵی و گومانی ئەنقەرەیان وروژاند.

٤٤ – *ئاژانسی فرانس پرێس*، ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠.

٤٥ – *رۆژنامەی حورییەت*، ٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٠.

٤٦ – عەونی ئوێزگویرێڵ، "سەسیزلیک ڤە سونوچلەری"، *رادیکاڵ*، ٤ی ئابی ٢٠٠٠.

٤٧ – "ئێلچی: ئێمە مافی خوێندن و پەخشکردنمان بە زمانی کوردی دەوێت"، *رۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز*، ٢٩ی ئابی ٢٠٠٠.

٤٨ – بۆ بینینی تەواوی دەقەکە، بڕوانە ئەم سایتە: http://www.mersina.com/special/article.asp

٤٩ – تێد رۆبەرت گور، *"بۆچی ئەو پیاوانە یاخین"*، (پرینستن: چاپخانەی زانکۆی پرینستن، ١٩٧٠).

٥٠ – یاڤوز، *"هەڵەی تورکیا"*، ل ٣٤.

٥١ – هەرچەندە ئێستا بە شێوەی دیفاکتۆ دەوڵەتێکی کوردی لە عێراقدا بوونی هەیە و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیپارێزێت، بەڵام ئەمە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی لێناکەوێتەوە بە هۆی ناکۆکیی ناوخۆیی هەردوو ئیدارەی بارزانی و تاڵەبانییەوە. بێجگە لەوەش وڵاتە دەراوسێکان ڕێگە بە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەبەخۆی کوردی نادەن. بۆ نموونە، حکوومەتی تورکیا بە روونی هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە کەوا ئەگەر کوردە عێراقییەکان هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بدەن، ئەوە تورکیا ئەم هەنگاوە بە کارێکی دژمنکارانە لەقەڵەم دەدات بۆ یەکێتیی هەرێمایەتیی خۆی.

**سـەرنج:** بە داوای لێبـووردنەوە ئەو پەراوێـزانەی کە بە زمـانی تـورکین هەر وەکـو خۆیان، بێ وەرگێڕان، دامناونەتەوە بە هۆی تێنەگەیشتنمەوە لەو زمانە – وەرگێڕ.

٥

# ناسیۆنالیزمی کوردی لە روانگەیەکی ئیسلامییەوە:
# گوتاری نووسەرە ئیسلامییەکانی تورکیا

**ئومیت جزرە ساکالێئۆغلۆو**

پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە

لە زانکۆی ئیستانبوڵ شەهر – تورکیا

○ **ئومیت جزره ساکاڵیئۆغڵوو** Umit Cizre Sakallioglu

خانمە ئەکادیمییەکی تورکە و ساڵی ١٩٤٦ لەدایکبووە. پسپۆڕێکی پێشەنگە لە پەیوەندیی مەدەنی و سەربازیی تورکیادا، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئیستانبوڵ شەهر. ساڵی ١٩٦٨ لە زانکۆی لەندەن خوێندنی بەکالۆریۆسی تەواوکردووە و ساڵی ١٩٨٧ لە زانکۆی ئەنقەرە بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. لە ساڵی ٢٠١٠وە بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی نوێی تورکییە لە زانکۆی ئیستانبوڵ شەهر، هەروەها پرۆفیسۆرێکی سەردانیکارە لە زانکۆی پرینستۆن لە ئەمریکا و توێژەری سیاسەتی گشتییە لە سەنتەری نێودەوڵەتی ودرۆ ویڵسن بۆ لێکۆڵەران. لە کتێبە بەرچاوەکانی، رۆژژمێری راستکردنەوەی تورکیا – ٢٠٠٥، کەرتی ئاسایش و چاودێرییە دیموکراتییەکەی – ٢٠٠٦، سیاسەتی عەلمانی و ئیسلامی لە تورکیادا: رەفتاری پارتی داد و گەشەپێدان – ٢٠٠٨ و گەلێ باس و بابەت تر.

## پێشەکی

بە هاتنی سەدەی بیستویەکیش، هێشتا هەر ناسیۆنالیزمی دانیشتووانی کوردی تورکیا و بە زمانێکی میللی بڵێین "مەسەلەی کورد" بابەتێکی پلە یەکە لە سیاسەتی تورکی و لە مەیدانی نێودەوڵەتیشدا. هیچ گومانی تێدا نیە کەوا کێشەکە کۆمەڵێک هۆکاری رەگداکوتاوی مێژوویی خۆی هەیە کە پێویستیان بە شیکاریی پرۆسە سیاسییەکانی باڵادەستیی دەوڵەت و ناسیۆنالیزمی تورکی و ناڕەوایی و ناهاوتایی مۆدێرنیزە کردن هەیە. بەهەرحاڵ، هەڵکشانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەیەی ئەم دواییەدا رەنگدانەوەی گۆڕانکاریی قووڵە لە سەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، لەپێش هەمووشیانەوە کاریگەریی جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ و ئەو ئایدیا جیهانییە بەهێزانەی پەیوەندیدارن بە ناسنامە و جیاوازی و مافە کولتوورییەکان و مافەکانی مرۆڤەوە.

بە هۆی بێزاری و ململانێی بەردەوامەوە*، کەرتە گەورە و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی سڤیلی تورکی و هەندێک لە ئەندامانی دەستەبژێری سیاسی کەوتوونەتە گومانەوە لەو نۆرم و کۆد و پەیڕەوە سیاسییانەی کۆمار لە رێگەی تێپەڕاندنی سنووری تورکیاوە و گەڕان بەدوای کۆنسێپت و تێگەیشتنی جیهانیدا وەک فرەیی و فرەکولتووری و پرسینەوە لە حکوومەت و باڵادەستیی یاسا. لەڕاستیدا، دەوڵەت سەرلەنوێ پێناسەی "بوونی" خۆی دەکاتەوە لە وێنە و لە واقیعدا لە بەرانبەر رابوردوو و پاشەڕۆژیدا، کەوا مەسەلەی کورد رۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕێت. هەڵبەت مەسەلەی کورد بووە بە رەگەزێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی پێناسەکردنەوەی شوناس و ناسنامەی تورکیدا.

## رۆڵــی نووســەرە ئیســلامییەکان لە دووبــارە پێناســەکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا

پرۆسـەی خۆتـاقیکردنەوە کە بـارودۆخی کـورد بەرپـای کـردووە تەنهـا پرۆسەیەک نیە لە ناو رۆشنبیرە سێکولارەکان و دەستەبژێرە سیاسییەکاندا. هەروەهـا هـزر و بیـری بـکەرە ئیسلامییەکانیشـی گرتـووەتەوە کە لە سـاڵانی نەوەدەکانەوە بایەخ و هەڵسەنگاندیان بۆ مەسەلەی کورد زیادی کردبوو پاش رادیکـاڵ بـوونی. ئامـانجی سـەرەکیی ئەم باسـە شـیکردنەوەی پەرەسـەندن و سروشــت و کــاریگەریی ناســیۆنالیزمی کــوردی نــیە، بەڵکــو لەبــری ئەوە لێکـۆڵینەوەیە لەو پـاڵنەر و ئـامرازە هزرییـانەی کەوا کۆمەڵێـک لە نووسـەرە ئیسلامییەکان بەکاریاندێنن بۆ تێگەیشتن و پێناسەکردن و کارکردن لە سـەر ناســیۆنالیزمی کــوردی لە رێــگەی ســەرلەنوێ داڕشــتنەوەی ئیســلامەوە. لەبنەڕەتـدا مەبەسـتی ئەم باسـە شـیکردنەوەی ئەو رێگایـانەیە کە نووسـەرە ئیسلامییە هاوچەرخەکان پەیوەندیی ئیسـلامی پێ راڤە دەکەن لەگەڵ چەمکی ناسـیۆنالیزم بەگشـتی و ناسـیۆنالیزمی کـوردی بەتـایبەتی. بـێجگە لەوەش، باسـەکە هەوڵدەدات ئەوە روونبکاتەوە کە تێڕامـانی ئەم نووسـەرانە چۆنە لە رۆڵـی ئیسـلام لەبەرانـبەر ناسـیۆنالیزمی کـورددا لە رێـگەی پرسـیاری ئـاخۆ ئیسـلام ئەو هێـزەیە کە جـێگەی تایبەتمەنـدیی کـورد بگـرێتەوە یـان ئیتنیـک و نەژاد تـوخمی سـەرەکین و خۆڕسـکانە پاڵپشـتی لە ناسـیۆنالیزمی کـوردی دەکەن وەک بەڵگەیەکی سەرەکیی ناسنامەی کوردی لە ئێستا و رابوردوودا.

لەگەڵ ئەوەشـــــدا، لەم رووەوە چەنــــد روونکــــردنەوەیەک هەیە، کە تـاڕادەیەک لە وردەکـاری بـۆ ئەوە دەچێـت کە مەسـەلەی کـورد بـووە بەو هۆکــارەی کە لە رێــگەیەوە بەرەی ئیســلامی بەگشــتی مــۆرکە تیــۆرییە هـزرییەکەی دەردەکەوێـت لەبـارەی ناسـیۆنالیزم بەگشـتی و ناسـیۆنالیزمی

تورکی و کوردی بەتایبەتی. لەبەر رۆشنایی حاڵەتی بیرکردنەوەی ئیسلامیی تاڕادەیەک نەخەملیو لەبارەی تیۆری و پراکتیزەی ناسیۆنالیزم بەگشتی، ئەوە ئامادەکردن و شیکاریی نووسینە مەنهەجییەکانی نووسەرە ئیسلامییەکان لە سەر مەسەلەی ناسیۆنالیزم بەدیاریکراوی ئەرکێکی قورسە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو رووبەرەی کە نووسەرە ئیسلامییەکان کاری لە سەر دەکەن فشەڵە لەبەر نەبوونی بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی توندوتۆڵی خاوەن دید و بۆچوونێکی پتەوی یەکگرتوو سەبارەت بە سروشت و کاریگەریی ململانێی کوردی. هەڵبەت ئاڵۆزییەکی تر بەئاشکرا خۆی لە نەبوونیی گوتاری روونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەبینێتەوە پەیوەست بە سروشت و داواکاری و دید و بۆچوونی سیاسی. کاتێ تەواوی ئەم شتانە پێکەوە دەخرێنە سەریەک، دەبێ نووسینی ئیسلامی لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی بخرێتە چوارچێوەی ژینگەیەکی تیۆریی واوە کە زۆر توند یان پتەو یان سیستماتیک نەبێت لە هەوڵدانیدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکەیدا. بە واتایەکیتر، مەسەلەکە بەندە بەوەی کەوا گوتاری نووسەران زۆرێک لە جیاوازی و چونیەکی لە مەسەلەی کورددا دەردەخەن و ئەنجامیش وادەکەوێتەوە کە هەندێجار ئاسان نەبێت نووسینەکانیان بە رێکوپێکی رێکبخرێن.

## کورتەیەک لەبارەی نووسەرە ئیسلامییەکانەوە

دوانزە نووسەری ئیسلامی[١] بۆ ئەم باسە هەڵبژێردراون کە پێوەری هەڵبژاردنیان بە هۆی چەندین جار مامەڵە کردنیان بووە لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە نووسینەکانیاندا لە ساڵی ١٩٩٠وە. لە سەر ئاستی ئەزموونیش، ئەوان دیارترین ئەو ناوانەن کە لە میدیای ئیسلامیدا دەرکەوتوون و کەم و زۆر بە هێز و توانـاوە سیستماتیکی

مامەڵەیان لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا کردووە پاش ئەوەی لە ساڵانی ١٩٩٠کانەوە تۆکمەیی و پتەویی خۆی سەلماندووە. لە ناو نووسەرە ئیسلامییەکاندا نزیکەی نیوەیان بە رەگەز کوردن[٢]. هەڵبەت لەبەر ئەوەی پێگەی نووسەرە کوردەکان وەک ئەوەی کە هەوڵی روونکردنەوەی دەدەن دەگونجێت لەگەڵ بابەتی لێکۆڵینەوەکەیاندا، بۆیە گرنگە پرسیاری ئەوە بکرێت کە ئاخۆ نەژادی کوردبوونیان یان پابەندبوونی ئیسلامییان مەرجی تێگەیشتن و لێکدانەوەیە بۆ ئیتنۆناسیۆنالیزمی کوردی. لە سیاقی ئەم باسەدا ئەوە رووندەبێتەوە کەوا نووسەرە کوردە ئیسلامییەکان لە توێژینەوەکانیاندا بەدوای "رووبەرێکی" تایبەتمەندی ئیتنیک یان نەژادی کورددا دەگەڕێن لە چوارچێوەی فۆرمەڵە پێشنیازکراوەکەی *ئوممەدا*، وەک کۆمەڵگەی ئیسلامی باوەڕداران، کەچی هەڵوێست و پێگەی نووسەرە ئیسلامییە تورکەکان بەتوندی داشکاندنە بەلای داکۆکی کردن لە یەکگرتوویی دەوڵەتی تورکیا، لەبری دانپیانان و سەلماندنی تایبەتمەندییەکی ئیتنیکیی کوردی. گوتاری نووسەرە کوردە ئیسلامییەکان جیاوازییەکی تری دێتەسەر، کە بێگومان ئەوپەڕی گرنگە، ئەویش ئەم جۆراوجۆریی ئێستای نەخشەی مەعریفیی نووسەرە ئیسلامییەکانە.

## گرنگیی نووسەرە ئیسلامییەکان[٣]

راستە کەوا لە حاڵی حازردا فرەیەک لە بکەر و پلاتفۆرمە ئیسلامییەکان هەن کە دید و بۆچوونی دژبەیەک و لێکدانەوەی جیاجیایان هەیە بۆ ململانێی کوردی. لەم بوارەدا، تەریقەتەکانی سۆفیگەری (کە سەر بە ئیخوانن)، کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، پارتی رەفا (واتە حیزبی خێر و خۆشی Refah Partisi) کە حیزبیکی ئاینییە و لەئێستادا قەدەغەی لەسەرە و دووەم دەنگی ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژئاوای هێنابوو[٤]، دەوڵەتی تورکیا و تەنانەت

ســـەرکردایەتیی پەکەکەش[٥] هەر هەموویـــان زمـــان و ســـیمبۆڵی ئیســـلامی بەکاردێنن[٦] بۆ ئەوەی پلەیەک رەوایی بدەنە گوتار و کردەوەکانیان. ئەمەش سەلماندنی ئەو لایەنانەیە کەوا ئیسلام دەسەلات و کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە ناوچەکەدا و ئامرازێکی شەرعی و کاریگەرە.

لە نێو دەنگە زۆر و زەبەندە ئیسلامییەکاندا، نووسەرە ئیسلامییەکان لە تورکیای ئەمڕۆدا توێژێکی بایەخدار و بەهێزی ئەو ئەکتەرانە پێکدێنن کە تارادەیەک جیاوازن لە "رۆشنبیرە ئیسلامییەکان". ئەم نووسەرانە لە گۆڤار و رۆژنامە ئیسلامییەکاندا ستوون دەنووسن و/ یان کتێب دادەنێن و/ یان لە کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنە ئیسلامییەکانەوە دەردەکەون. بەپێچەوانەی رۆشنبیرە ئیسلامییەکانەوە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەشدارن لە "دووبارە بنیاتنانەوەی" بناغەکانی ئیسلامدا، بەلام ئەم نووسەرانە راوبۆچوونی خۆیان لە ســەر مەســەلە گرنگەکــان "بــلاودەکەنەوە" بە ئامــانجی بەرزکــردنەوەی هۆشیاریی ئیسلامی بۆ ئاستێکی بەرزتر و گۆشکردنی خوێنەرە موسڵمانەکان بە دیـــد و بۆچـــوونە ئاینییەکـــان لە لێکـــدانەوەی رووداوە نـــاوخۆیی و دەرەکییەکـــان. بەهەرحـــاڵ، هێڵـــی جیـــاکەرەوەی ئەوەی کە پێیـــدەوترێت "رۆشـــنبیرێکی موســـڵمان" و "نووســـەرێکی موســـڵمان" بەزۆری لاوازە و بایەخێکی ئەوتۆی نیە. لە جیهانێکی ناوخۆیی و دەرەکیی خێرا گۆڕاودا، ئەم نووســەرانە بــوون بە بریکــاری تەواو کــاریگەر کە لەو رێــگەیەوە ئیســـلام دەبەستریتەوە بە پێداویستییە جەخت لە سەرکراوەکانی کاتەوە و مامەڵە لەگەڵ کێشــە دینامیکییەکــانی تورکیــای هاوچەرخــدا دەکــات. پــێکەوە لەگەڵ رۆشنبیرە ئیسلامییەکاندا، نووسەرەکان بە تۆنێکی بەهێزترەوە دەردەکەون و دەتوانن وێنەیەکی گشتی بنیات بنێن و میللیگەرایییەک دەستەبەر بکەن کە لەلایەن نووسەرانی پێش خۆیانەوە بەئەنجام نەگەیشتبێت. ئەوان هەرچەندە

ئاستی بەشداریی سیاسییان بەرزترە لە رۆشنبیرانی ئاراستە ئیسلامی، بەڵام سەرلەنوێش ئیسلام بنیاتدەنێنەوە و دایدەڕێژنەوە لە کایەی مامەڵەکردنی لەگەڵ راستییە نوێکاندا.

روخساری دوای جەنگی سارد بارودۆخێکی زیاتری دەرکەوتنی گشتی بۆ ئیسلام رەخساند لە تورکیادا. لە لایەکەوە، ئایدیۆلۆجیای فەرمیی کۆمار، واتە کەمالیزم (وشەکە لە ناوی مستەفا کەمالی دامەزرێنەری کۆماری تورکیاوە سەرچاوەی گرتووە) بالادەستیی بێرکابەری لەدەستدابوو وەک بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گشتگیری مۆدێرن کردنی تورکیا. ئەم پرۆژەیە نکوولی لە هەر رۆڵێکی ئیسلام دەکرد لە کایەی گشتیدا. ئاوێتەبوونی هەڵکشاوی تورکیا لەگەڵ جیهاندا پاش کوودەتا سەربازییەکەی ئەم دواییەی ساڵی ١٩٨٠ جومگەسازی و خولیا و ئاواتی نوێی خوڵقاند. سیاسەتی تورکیا تووشی دژبەری و پارادۆکسێک هات و لەکاتێکدا کە چینی سیاسی و دەزگا و دامەزراوەکان شکستیانهێنا لە چارەسەر کردنی داخوازیی نوێدا و بەوپێیە بواری سیاسی تەسک بووەوە بۆ رکابەریی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا و جیهانگیریی (گلۆبالیزم) بە کردەیی "ئایدیای نوێ" بۆ خەڵکی ئاسایی رەخساند بە هۆی شۆڕشێکەوە لە تەکنۆلۆجیای زانیاری و ماسمیدیادا. بەواتایەکی تر، هاوزەمان بوو بە مایەی فراوانکردنی کایەی سیاسی و رەخساندنی بوار بۆ دەنگە نوێکان بە هۆی کاریگەریی دەستلێدانیکی لەسەرەخۆ و شاراوەی گلۆبالیزمەوە. ئەمەش وادەگەیەنێت کە کەمالیزم، وەک ستراتیجییەتێک بۆ مۆدێرنیزەی کۆنترۆڵکراو، شکستی هێناوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو ئالۆزییە سیاسی – کۆمەڵایەتییە تازە پەیدابووەدا و رەخساندنی چوارچێوەیەکی سوودبەخش وەک لە رابردوودا دەیکرد. رۆڵی رووڵەهەڵکشانی نووسەرە ئیسلامییەکان لە تورکیادا لە ماوەی دەیە و نیوی

ئەم دوایـیـەدا دەگەڕێـتەوە بـۆ دەرکەوتنـی ئیسـلام لە کـایەی گشـتیدا وەک ئایدیۆلۆجیایەکی گشتیی متمانەپێکراو و ئەڵتەرناتیڤێک بۆ کەمالیزم.

بەدەر لە گۆڕانکاریی ئابووریی سیاسیی تورکیا لە ماوەی دوای جەنگی سـارددا، ڕەهەنـدێکی جیهـانییش هەیە بـۆ زیـادبوونی دەرکەوتنـی ئیسـلام و نووسـەرە ئیسـلامییەکان. چەمـک و تێگەیشـتنێکی سـوودبەخش هەیە بـۆ لێکـدانەوەی بـایەخی ڕوولەزیـادی دووبـارە ڕاڤەکـردن و لێکـدانەوەی بیروبـاوەڕی ئیسـلامی لە سیاسـەت و لە کـۆمەڵگە ئیسـلامییەکاندا ئەوەیە کە ئیکڵمان و پیسکاتۆری ناویان لێناوە "بەرجەستە کردنی هۆشیاریی ئیسلامی"[٧]. بەکورتی و بەپێی ئەم چەمکە سیاسـەتەکانی کۆتـایی دوو جەمسـەر و جەنگی سـارد دۆخێکـی ناسـکی گۆڕانکـاری ڕەخسـاندووە لە دەقەکـانی نووسـەری ئیسلامیدا و پرۆسەی خێراکردنی پەیوەندیی جەماوەری و خوێندنی باڵا بۆ خەڵکی ئاسایی و بڵاوکردنەوەی دەقە ئیسـلامییەکان بوون بە هـۆی بەزاندنی ئەو قۆرخکـارییە نەریتیـیەی کە تەنهـا زانـا ئاینییـەکان (عـولەما) دەیـانتوانی ئایدیا و باوەڕی ئیسـلامی بـۆ خەڵـک بگـوێزنەوە و ڕاڤەی بکەن لە زۆرێک لە وڵاتە موسـڵمانەکاندا. دەستڕاگەیشـتنی ڕاسـتەوخۆ و بەرفـراوان بە جیهـانی چاپەمەنی بوو بە هۆی ڕەخساندنی "پرۆسەیەک کە پرسیارە سەرەکییەکان لە زەیـن و هۆشـی ژمـارەیەکی زۆری باوەڕدارانـدا سـەریهەڵدا و ئەم پرسـیارە ڕاشـکاو و هاوبەشـانە لە سـەر ئاسـتێکی بەرفـراوان و داواکردنـی نـوێن و بە شـێوەیەکی ڕوولەزیـاد گوتـار و پراکتیـزەی موسـڵمانان لە هەمـوو چیـنە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنێت"[٨]. لە هەمووشی گرنگتر، بۆ ئیکڵمـان و پیسـکاتۆري، بەرجەستەکردنی ئیسلام ڕێکخستنی ئاینیش دەگرێتەوە لەبری یاسـا و ڕێسـا غەیـرە ئاینییەکـان، بە واتـای سـنووردانان لە نێـوان ئیسـلامی و نائیسـلامیدا. هەڵبەت هەر کە نەریتی ئاینی وەرچەرخا بۆ سیستەمێکی هۆشیار و بابەتی و

ڕێنومایەک بۆ ڕەفتاری سیاسی ئەوە "پرسیار کردن لەبارەی ئەوەی کێ قسە لە سەر ئیسلامی میانڕەو دەکات" دەبێتە مەسەلەیەکی سێنتراڵ لە سیاسەتی ئیسلامیدا[٩].

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت، پێویستە بەدوای بایەخی ئێستای نووسەرە ئیسلامییەکاندا بگەڕێین لە کاریگەریی توندی دەقە چاپکراوەکان لە سەر هۆشیاریی موسڵمانان. ئەنجامی ئەمەش پێویستبوونە بە وەڵامی ئیسلامی بۆ ئەو پرسیارە مۆدێرنانەی لە بایەخی ڕوولەهەڵکشانی ڕۆشنبیر و نووسەرە ئیسلامییەکان دەکرێت کە لەگەڵ نوێگەریدا دەگونجێن بەپێی تێرمە ئیسلامییەکان. بەهەرحاڵ، یەک لە تێزەکانی "ڕوونکردنەوە و بەرجەستەکردن" ئەوەیە کە ئەو پرسیارانەی خەڵک دەیکەن، خەڵکەکە خۆیان و وەڵامەکان پێکهاتەی گرنگی ئەم پرۆسەیە بن. پرسیاری جۆراوجۆر دەکرێن لە سیاقی جیاجیادا لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە، کە دواتر ماناگەلی جیاواز دەدەنە وەڵامەکان. بە هەمان شێوەش وەڵامی جیاجیا لە خاڵی زەمەنیی جیاوازدا دەدرێنەوە. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ڕاستییەک کە وا پرسیارەکان کە کراون و وەڵامەکانیان هی واقیعێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراون. ئەوەی کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییە ئەو ڕاستییەیە کە بەپێی کات و سەردەم دەگۆڕێت. یاسا و ڕێساکانی بەسیستەمکراوی ئیسلام زیاتر زادەی چەرخ و ڕۆژگارن وەک لەوەی بەرهەمی سەرچاوە نەگۆڕەکانی باوەڕ و قەناعەتی ئیسلام بن.

ئەوانەی کە پرسیارەکان دەکەن ئێستا بەشێکن لە چینێکی ناوەڕاستی نوێ و ئاڵۆز کە مێژوویەکی کۆچکردنیان هەیە لە ناوچەکانی دێهاتەوە بۆ ناوەندی هەرێم و ویلایەتەکان و بوون بە توخمێک لە توخمەکانی بڵاوبوونەوەی شارنشینیی خێرا لە تورکیادا. ئەوانە گوزارش لە هەست و

سۆزی ئاڵۆز دەکەن کە لە نائومێدیی سیاسەتەکانی بەرۆژئاوایی بوون و شاڵاوی بێبەزەییانەی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتووە، بە هەمان شێوەی مەیلداریی ئاینی. نارەزایی و قایل نەبوون بە پابەندیی کۆمارییەکان بە ئاراستەی رۆژئاواییدا تاقە هۆکار نییە کە وا لە ئیسلام و نووسەرە ئیسلامییەکان دەکات زیاتر نزیک ببنەوە لە جەماوەرە رەخنەگرەکەیان. مەسەلەکە بێرادە ئاڵۆزترە و دیسان گرێدراویشە بە پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراتیبوونی رێژەیی تورکیا لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا، کە رەنگدانەوەی کاریگەریی ئایدیا نوێکانی جیهان بوو و هەروەها دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێی سیاسەتمەداران کە بڕیاریاندابوو زیاتر کراوە و لیبراڵ بن لە بەرانبەر ئیسلامدا. پرسیارەکانی کە دەکران زادەی بەرفراوانبوونی رووبەری گشتی ئیسلامی سیاسی بوون لە دەیە و نیوی ئەمدواییەدا و پۆزشی ئایدیۆلۆجییە ئەڵتەرناتیڤەکان لەو فەزا و رووبەرەدا. راستییەکیش هەیە کە وا چینی ناوەڕاستی ئاڵۆز ئارەزووی ئەوە دەکات کە لە ژیانی گشتیدا وەک موسڵمانان بژی، بەڵام توانای ئەوەشی نەبێت کە تێکەڵ بە شێوازی ژیانی بەکاربەر و خولیا و ئاواتەکانی ببێت.

## کاریگەری و کارامەیی نووسەرە ئیسلامییەکان

ئاخۆ ئەم نووسەرانە دەتوانن هەل و مەرجی گوتاری ئیسلامیی باڵادەست دیاری بکەن کاتێ راوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕن لەبارەی کێشە بەردەوامەکانی وەک ناسیۆنالیزمی کوردی؟ تا چەند دەتوانن ئازاد و رەخنەگر و داهێنەر بن لەم پرۆسەیەدا؟ دەبێت وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە لە یەک کاتدا ئەرێنی و نەرێنی بن. تا ئەو ئاستەی هێز و پێگەیان پشتی بە هەڵکشانی بانگەشە بۆ ئیسلام دەبەست لەبری بەشداربوونیان لە خەبات و

ململانێدا وەک "ئـایکۆنی" رێکخـراوە شۆڕشـگێڕەکانی وەک کـۆمەڵی برایـانی موسـڵمان (ئیخـوان موسـلیمین) لە میسـر یـان بەرەی ئیسـلامیی نیشـتمانی لە سـوودان، کـاریگەریی راگەیانـدنەکانیان تـاڕادەیەک سـنووردار بـوو، چـونکە ئەوان پابەنـد بـوون ئەوە بـدەنە بـازنە "سروشـتییەکانی" خۆیـان لە بـازاڕی ئیسلامدا کە دەخوازن گوێیان لێبێت. لە هەمان کاتیشدا و بۆ هاوکاری کردن لە مەسـەلەی بـرەودان بە ئیسـلام لە تورکیـادا، هەنـدێجار ناچـار دەکـرێن کێشەیەکی هاوبەش بورووژێنن لەگەڵ توخمە نائیسـلامییەکانی کۆمەڵگەدا کە تـوخمە سـێکولار – لیبراڵـی و چەپەکـان لەخۆدەگرێـت. ئەم راسـتییە رێگـرە لەبەردەم هەوڵ و کۆششـی نووسـەرە ئیسـلامییەکاندا لەپێنـاوی رزگـارکردنی ئیسـلام لەوەی کە هەمـوو شـتێک بێـت بـۆ گشـت خەڵـک. بەهەرحـاڵ، لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، ئەوان بەدوای "کاریگەریدا" دەگەڕێن لە ژیـانی گشـتیدا تـاوەکو بتـوانن سیاسـەتی ئیسـلامی توانـادار بـکەن کە "دەسـەڵاتی" بەسـەردا بشکێت. ئەوان لە رێگەی ناردنی بیر و بۆچوون و تێگەیشتنی ئیسلامییەوە بۆ ناو گوتاری گشتی، بناغەی گۆڕانکاریی هەل و مەرجی تێکۆشـان و ململانێی سیاسی دادەنێن.

ئەو نووسەرانە لێرەدا کۆمەڵێک نیگەرانی و مەترسیی هاوبەشیان هەیە سـەبارەت بە مەسـەلەی کـورد، کە هەموویـان لەو بـارودۆخەی کە هەیە سـەرچاوەیان گرتـووە. سـەرنەکەوتنی ئیسـلامییەکانی تورکیـا لە فۆرمەڵەکردن و ئاڕاستەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی دوور لە سـەرکردایەتیی "سـێکولاری" پەکەکە، یەک لە بـابەتە گرنگەکـانی سـاغکردنەوەیان بـوو. ئەوان لەم کارەیانـدا چـاو بە پـرۆژەی بەرۆژئـاوایی کردنـی کەمالیسـتەکاندا دەگێـڕنەوە و رەخـنەی لێـدەگرن لە هەل و مەرجـی کاریگەریـدا لە سـەر ناسیۆنالیزمی کوردی. یەک لەو مەسـەلە بنەڕەتیـانەی مـامەڵەی لەگەڵ دەکەن

جەختکردنەوەیە لە سەر شوناسی ئیتنیکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە حاڵی حازردا. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی پرسێکی تۆقێنەر بوو بۆ ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی پێی بگەن، چونکە مەسەلەیەک دەخاتەڕوو کە پێچەوانەی جەمسەربەندیی داواکاریی ئیسلامییە بۆ تێپەراندنی تایبەتمەندیی نەژادی. دواجاریش، ئەوان بایەخ بە ئەزموونی پاڵنەر و ئەدای سیاسیی پارتی رەفا دەدەن سەبارەت بە کێشەکە. دواتر، ئەم بابەتانە لە ژێر ناونیشانی جیاوازدا هەڵدەسەنگێنرین. کۆتا بەشیش هەوڵدەدات رەخنەیەکی گشتگیر بخاتەڕوو بۆ ئەو گوتارانەی شیکردنەوەیان بۆکرابوو.

## ناسیۆنالیزمی کەمالی وەک هاندەرێک بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی

پەیوەست بە نووسەرە ئیسلامییەکان، کێشەی راستەقینە کە بەرەوڕووی موسڵمانەکان دەبێتەوە لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا نیە بە ئەندازەی ئەوەی کە کێشەی ناسیۆنالیزمی تورکییە. یەک لە پەرۆشی و خۆخەریککردنی نووسەرە ئیسلامییەکان دەرخستنی ئەوەیە کە چۆن، لە سەرانسەری کۆماردا، ناسیۆنالیزمی کەمالی دەرفەتەکانی روانگەی ئیسلامیی لەباربردووە بۆ بەدیهێنانی هەر پێشکەوتنێک لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا. بەم پێیە و لە رێگەی دەستگرتن بە سێکولاریزمێکەوە کە "ناسیۆنالیزمی دژە ئاینە" و لە سەر بنەمای ئیتنیک و نەژاد راوەستاوە و ناسیۆنالیزمی تورکیی فەرمی هاوکار بووە لە هەڵکشانی دەستەخوشکە جمکەکەی، کە ناسیۆنالیزمی کوردییە. مشتومڕی نووسەرەکان، لە سەر یەک ئاست، دان بە سەرکەوتنی پرۆژە کەمالیستییەکەدا دەنێت پەیوەست بە سەپاندنی مۆرکی دامەزراوەیی بە سەر شوناسی "هەرێم یان ناوچەدا" کە لە خولگەی دەوڵەتدا دەسووڕێتەوە

وەک سـیاقێکی ڕەوا و شـەرعی بـۆ دانیشـتووانە موسـڵمانەکانی تورکیـا و ئیسـلامی سیاسـی. ئەمە و بە پێی ئەنجامگیریمـان لە بەرهەمەکانی نووسـەرە ئیسلامییەکان، پێدەچێت ناسیۆنالیزمی کەمالی لە سەر دوو ئاست سەرکەوتنی بەدەسـتهێنابێت: یەکەمیـان بە خـۆخزانە نێـو هـزر و هۆشـی دانیشـتووانی موسڵمانی تورکیاوە، بە سەرکردە و پلاتفۆرمەکانیانەوە، دووەمیش بە هۆی قۆرخکردنی کایەی سیاسییەوە.

سەبارەت بە نووسەرەکانیش، گرنگترین لێکەوتەی خەیاڵدانی ئیسلامی کە لەلایەن گوتـارێکی سـێکولاری نیشـتمانییەوە بەتەواوی بەزێنرابێت، بـریتییە لە دیـارکەوتنی بـایەخ نەدانـی "موسـڵمانان" لەئاسـت هەسـتەوەری و داواکـاریی دانیشـتووانی کـورد سـەبارەت بە ڕەچاوکردنیـان وەک نەتەوە و گەلێکـی جیـاواز. بەم پێـیە و بەگـوێرەی ڕاوبۆچـوونی ئەو نووسـەرانە، داگیرکردنـی کەمـالی بـۆ دڵ و دەروونـی ئیسـلامی لە تەوەری دوو چەمـک و تێگەیشـتندا دەسـووڕێتەوە کە بـریتین لە "دەوڵەت" و "یەکێتیـی خـاک". بەگـوێرەی نەریتـی ئیسـلامی لە تورکیـادا، لەڕووی مێـژووییەوە وا وێنـای دەوڵەت دەکرێـت کە قەوارەیەکـی پیـرۆز و بـاڵا و هەتاهەتـاییە (*Devlet – i Ali* و *Devlet – i Ebed –Muddet*)، ئەمەش فەرمانە بە دڵسۆزیی ڕەها و ملکەچی بـۆ فەرمـانڕەوا[١٠]. نەریتـی مـونەوەرانی (ڕۆشـنبیرانی) ئیسـلامی دەوڵەتـی عوسـمانی هەمیشـە بەشـداری بـووە لە ملکەچیـی بـێ قەیـد و شـەرت بـۆ فەرمـانڕەوا، بەپێـی ئەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی بەرجەسـتەکاری دەزگـایی سـەرەتاکانی ئیسـلام و خەلافەت بـووە[١١]. ناوەنـدێتی دەوڵەت و بـاری دەروونـی و ئەقڵیـی ئیسـلامی لەگەڵ یەکتـر کـۆکرانەوە، ئـاوێتە بە تـرس لە دابەشـبوونی ئیمپراتۆرێت لەلایەن هێزە مەسـیحییەکانەوە، کە پرۆسـەیەکە بە پێی ئیدیعای ئەو نووسەرانە لە مەودای دووسەد ساڵی ئەمدواییەی ژیانی

ئیمپراتۆریت لە پەرەسەندن و پێشڕەویدا بووە[١٢]. لەبەرئەوە شتیکی مێژوویی نەگۆڕ بووە بۆ تورکە موسڵمانەکان کە دەوڵەتی تورکی و شوناسی هەریمایەتی قبووڵ بکەن وەک پێناسەیەک بۆ یەکگرتنێکی بەکۆمەڵ.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئاخۆ نووسەرە ئیسلامییە هاوچەرخەکان هەمان بایەخ و رۆڵ دەگێڕنەوە بۆ ئەم دەوڵەتە تورکییەی ئێستا، کە بۆ دەوڵەتەکەی پێشوو کردیان یان نە، ئەگەرچی ئەمەیان هیچ خاسییەتێکی ئیسلامیی تایبەتمەندی تێدا بەدیناکرێت. ئەوان بە هۆی رەتکردنەوەیان بۆ بەکارهێنانی وشەی "دەوڵەت" بە شێوەیەکی بەردەوام، پێدەچێت خۆ لەو پرسیارە بپارێزن و جیاوازی بکەن لە نێوان دەوڵەت لە لایەک و "رژێم" وەک ناوەرۆکێکی رۆژئاوایی بۆ دەوڵەت. ئەم جیاکردنەوەیە رژێم وا دەسنیشان دەکات کە ئامانجێکە بۆ بەئیسلامکردن و لە دەوڵەت دەگەڕێت بەو پێیەی ئەبستراکتێکی قبوولکراوە و هێمایە بۆ هەژموون و بالادەستیی دەزگایی. بەلام بەهەرحاڵ هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەم پێگانە بە هیچ شێوەیەک روون نیە.

نووسەرەکان پێ لەوە دەنێن کەوا ئەم نەریتە مێژووییەی بەپیرۆز تەماشاکردنی دەوڵەت پاڵی بە جوولانەوە ئیسلامییەکانی رابردووەوە ناوە کە خۆیان بخەنە ژێر سایە و رکێفی دەوڵەتەوە. پرۆسەکە لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم دەستپێکرد کاتێ کە ئەم سەرکردانە پشتگیریی حکوومەتە موحافزکارە راسترەوەکانیان دەکرد بە مەسەلەکانی چاو لە رۆژئاوا کردن و دژە کۆمۆنیستیشیان پەیڕەوی دەکرد. ترۆپکی ئەم حاڵەتە سەری کێشایەوە بۆ دەوڵەتێکی "ناسیۆنالیستی" لە زەینی هاولاتییە "موسڵمانە" ئاساییەکانی تورکیا و سەرکردەکانیاندا. نووسەرەکان هەڵوێستی موسڵمانە تورکەکان

بەهەڵە دادەنێن بەو هۆیەوە کە نایانەوێت لە روانگەیەکی ئاینییەوە بڕواننە ململانێی کورد و بوون بە گەمەی دەستی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی.

دووەم کۆڵەکەی گوتاری ناسیۆنالیستیی فەرمیی تورکی، یەکگرتوویی و پارێزراویی خاکی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیایە، کە وەک باس دەکرێت بووە بە هۆکاری "زیان" و "شێواندن" لە بیر و بۆچوون و ئاڕاستەی سیاسیی موسڵمانان لە مامەڵەکردنی کورددا[١٣]. لە رێگەی پێناسەکردنی خۆیانەوە بۆ ناسیۆنالیزمی تورکیی هەرێمی، موسڵمانەکان بەخێرایی یان سەرکۆنەی مەیلداریی ناسیۆنالیزمی دژ بە کورد دەکەن یان هەڵوێستێکی بێباکانە دەگرنەبەر لەئاستیاندا. ئەوان لەم کاتەدا ئەوەیان لەبیرچووە کە هیچ ناسیۆنالیزمێک یەکناگرێتەوە لەگەڵ بیروباوەڕی راستەقینەی ئیسلامیدا کە بناغەکەی پابەندییە بە ملکەچی بۆ ئوممەت. وەک باس دەکرێت کە "رەنگدانەوەی ناسیۆنالیستی"[١٤] هۆکاری شکستهێنانی موسڵمانانە لە پەرەپێدانی نزیکبوونەوەیەکی "ئیسلامی" بۆ ئەم مەسەلەیە. نموونەی زۆر روونیش بۆ ئەم رەنگدانەوەیە ئەو هاوپەیمانییەی هەڵبژاردن بوو کە لە نێوان پارتی رەفا و پارتی کاری بانەتەوەییNAP توندڕەو پێکهات لە پێش هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ١٩٩١دا. عەلی بولاک[١٥] ئەم هاوپەیمانییە بە "نموونەی عیبرەت" (ibret verici) یان دیار وەسف دەکات وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی تورکی بیر و هۆشی پارتی رەفای کۆمەڵایەتیشی داگیرکردووە[١٦] و کار گەیشتووەتە ئەوەی کە تەنانەت ئەم حیزبە بایەخی زیاتر بە یەکێتیی هەرێمی (ئیقلیمی) دەدات وەک لە ئیسلامی ناهەرێمی.

نووسەر یان دانەرە ئیسلامییەکانی بە بنەچە کورد راشکاوانەتر هەردوک دەوڵەتی تورکی و ناسیۆنالیزمی رەسمی خەتابار دەکەن لە بەرپرسیارێتیی ئاوێتەکردنی سیاسییە ئیسلامییەکاندا (ئەگەر وابووبن) لە ناو رژێمدا و گۆڕینیان بۆ هەواداری ئەو دۆخەی کە هەیە بە نەهێشتنی زەمینەی

بەرهەڵستییان بۆ دەوڵەت[١٧]. دەستگرتن بە پیرۆزیی دەوڵەتەوە لە زەینیاندا کەمترە لە پابەندبوونی نووسەرانی تر، بۆ نموونە، عومەر وەهبی خەتیبئۆغڵوو[١٨] ئەوە دەردەبڕێت کە خەریکە ئۆقرەی لەبەر دەبڕێت لەئاست "گرووپێک لە موسڵماناندا" کە هاوسۆزی دەردەبڕن لەگەڵ توندوتیژیی ڕێکخراوی تاقمە میلیشیایەکی ئیسلامی، کە حیزبوڵڵای بە ڕەگەز سوورییە لە ناوچە کوردییەکەدا[١٩]. هەڵبەت ئەوە ڕاستییەکی زانراوە کە هەندێ تاقمی ئیسلامی لە ناوچەکەدا پاڵپشتیی توندوتیژیی حیزبوڵڵایان کردووە دژ بە هەوادارانی پەکەکە بەپێی ئەو بنەمایەی کەوا پەکەکە ڕێکخراوێکی زەندیق و دژە ئاین بووە. بێجگە لەوەش، باوەڕ وابوو کە حیزبوڵڵا جێمتمانەی دەوڵەتی تورکی بێت و لە ژێر سایەی پارێزگاریی ئەو دەوڵەتەدا بێت. خەتیبئۆغڵوو، بە ڕەتکردنەوەی توندوتیژیی حیزبوڵڵا بە هیچ هاوپەیمانییەک قایل نابێت لەگەڵ ئەو هێزانەی تێوەگلاون لە ڕزگارکردنی ئەو سیستەمە سیاسییە. بۆ سەرکۆنە کردنی ئەو ڕێککەوتنەی هەڵبژاردن لەلایەن پارتی ڕەفاوە لەگەڵ پارتی NAP لە ساڵی ١٩٩١دا، نووسەرێکی تری ئیسلامی، کە ئاڵتان تانە، زمانێکی لەوەی عەلی بولاک بەهێزتر بەکاردێنێت و بەوە وەسفی دەکات کە ئەمە "پرۆسەیەکە بۆ فرۆشتنی جەماوەری کورد"[٢٠].

بە شێوەیەکی گشتی، نووسەرە ئیسلامییەکان نیگەرانیی خۆیان لەوە دەردەبڕن کەوا موسڵمانە تورکەکان بەردەوام ڕەهەندی ئیسلامییان پشتگوێ خستووە لە ڕاڤەکردنی مەسەلەی کورد و شکستیانخواردووە لە چارەسەرکردنی ناوەرۆکی کێشەکەدا، کە بە هۆی بەئاڕاستەی ڕۆژئاواچوونی کۆمارییەکانەوە بوو، چونکە ئاسەواری بوونی ئیسلامی لەناوبرد. لە هەمان کاتیشدا، **بێجگە** لە مۆدێرنیزە و کاریگەریی ڕۆژئاوا، ئەوان ئەو مەسەلە مێژووییانەی تریش تاوتوێ دەکەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی درووستی کردوون.

## مۆدێرنیزە و پاشەکشەی مۆراڵ و ناسیۆنالیزمی کوردی

گەلێ جار نووسەرە ئیسلامییەکان چاو بە مەسەلەی مۆدێرنیزە کردنی کۆماریـــدا دەگێــڕنەوە، کە ئەوان بەرۆژئـــاواییبوون لەقەڵەمـــی دەدەن و بە هۆکاری بنەڕەتیی کێشە و ململانێی کوردی دەزانن. بەهەرحاڵ، کۆدەنگییەک نیە لە ناو ریزەکانیاندا لەبارەی ئەم کاریگەرییەی رۆژئاوا و رۆڵی لە رادیکاڵ بوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. بەو پێیە، دەکرێت دوو پێگەی پانوپۆڕ لە نـاو نووســـەرە ئیســـلامییەکاندا جیـــابکەینەوە ســـەبارەت بە رۆڵ و کـــاریگەریی هەژمـوونی کولتـووری رۆژئـاوا لە نـاوچە کوردییەکـانی تورکیـادا و بە رای نووسـەرە ئیسـلامییە غەیـرە کوردەکـان ئەمە سـەرکەوتنە، بەڵام لای زۆربەی نووســـەرە کوردەکـــان ئەمە خـــۆی شکســـتە و ســـەرکەوتنی مـــۆدێرنیزەی رۆژئـاوایە کە پاڵنـانێکی داوە بە بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی کـوردی دژ بەم رژێمەی ئێستا.

بە لای نووســـەرە ئیســـلامییە ناکوردەکـــانەوە، وەرچەرخـــان بەرەو سێکولاریزم بە ئیلهامبەخشیی رۆژئاواییەکان کۆتایی دنیابوو لە سـەر ئاسـتی تەواوی تورکیـا و "تێکشـکانی بەهـا هاوبەشـەکان – کە بە هەسـت و سـۆز و نۆرمە ئیسلامییەکان دەناسرێن – کەوا خەڵک لە ناوچەکەدا پێیانەوە بەندە لە سەر بناغەی ئاین"[٢١]. دەستەبژێری کەمالیست بە سووک تەماشای کولتووری ئیسـلامییان دەکـرد چـونکە ئیسـلامیان بە ئـاینێکی "کۆنەخـواز و دواکەوتـوو" لەقەڵەم دەدا و بە کۆسپ و تەگەرەیان دەزانی لە بەردەم نوێبوونەوەدا و هەر کە بەهـــا ئیســـلامییەکانیان گـــۆڕییەوە بە یاســـا و رێســـا رۆژئاواییەکـــانی کولتـوور و بیرکـردنەوە، ئیسـلام رۆڵـی خـۆی لەدەسـتدا وەک ئاینێـک کە بانگەشە بۆ ئاشتی دەکات و هانی ئاڵوگۆڕی دۆستایەتی و هاوسۆزیی دەدات

لە نێوان برایانی موسڵمانی تورک و کورددا. ئەنجامی ئەوەش ڕەوینەوە و نەمانی هەستی برایەتی بەرانبەر بە یەکتر و ڕقهەڵگرتن لەیەکتر تا ئاستی هەوڵدان بۆ "خنکاندنی یەکتر"[22]. خاڵی سەرەکی لێرەدا لێکچوونە لەگەڵ گریمانەی سەرەکیی تیۆری مۆدێرنیزەی کلاسیکیدا و ئەویش بریتییە لە لابردنی ئیسلام وەک بەشێک لە داب و نەریت لە ژیانی گشتی و تایبەتیی تورک و کورددا لە ڕێگەی پەلامار و شالآوی ئایدیا و بەها و سترۆکتوورە مۆدێرنەکانەوە. ڕزگاربوون لە ئیسلام مانای لەناوبردنی ئەو یەکێتییەیە کە ئیسلام دابینی کردووە لەناو ڕیزەکانی برا موسڵمانەکاندا. ئەمەش ئەو پاڵنەرەی ڕەخساند بۆ گەشەکردن و هەڵکشانی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردەکاندا.

بۆچوونێکی وا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ناگوێزرێتەوە بۆ مشتومڕی سەرهەڵدانی ئەزموونی تورکیا لە داشکاندن بە لای ڕۆژئاوادا و بوو بە هاوشانی مۆدێرنەبوون. بۆ هەندێک، وەرچەرخانەکە ڕاستەوخۆ بەدوای ماوەی چاکسازیی دەستووریی دووەمدا دێت[23] (١٩٠٨ – ١٩١٨) کاتێ کە مۆدێرنبوونی عوسمانی وەرچەرخا بۆ سیاسەتی بەتورک کردن لە سەر دەستی تورکە لاوەکان. بەڵام هێشتا بۆ هەندێکیتر، مەسەلەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ جووڵانەوەی ناوەندێتی (سەنترالیزم) لە مێژووی عوسمانیدا، کە لە سوڵتان سەلیمی سێهەمەوە (١٧٦١ – ١٨٠٧) دەستیپێکرد و گوژمێکی زۆری بەدەستهێنا لە چاکسازییەکانی مەحموودی دووەمدا (١٨٠٨ – ١٨٣٩)[24]. ئێمە کاتێ دەڕوانینە ڕاستییە مێژووییەکانی کە ئەو نووسەرانە لە مشتومڕەکانیاندا پشتیان پێدەبەستن، دەردەکەوێت کە ئەو چاکسازییانەی ئامانجیان بەناوەندی کردنی کارگێڕی بووە کۆتایی بە سیستەمێکی نافەرمیی شێوە میللیی میرنشینە کوردییەکان هێناوە کە نیمچە سەربەخۆ بوون و بووە

به هۆکاری ئەوەی کە شێخەکانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە ناوچەکەدا ڕۆڵی دادوەری و فەرمی ببینن[٢٥] و ئەمەش ناچاری کردن کە وا بۆشایی دەسەڵات پڕبکەنەوە. هەر ئەم هۆکارەش وایکرد کە شێخەکانی تەریقەتە سۆفییەکان ببنە چەقی بەرپرسیار لە هەڵکشانی هەستی نەتەوایەتی لە ناو کوردەکاندا[٢٦].

بە چاوپۆشی لەو بزووتنەوە چاکسازییەی هەڵیدەبژێرن وەک کرۆکێک بۆ گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکەدا، نووسەرەکان کۆکن لە سەر ئەوەی کە نەخشەی سیاسیی دەوڵەتی نەتەوەیی کەمالی گەورەترین تەحەدا و بەرەنگاربوونەوە دەگەیەنێت بۆ تانوپۆی ئیسلامی لە ناوچەکەدا[٢٧]. ئەوان زنجیرە ڕاپەڕینەکانی کوردیان لە مێشکدایە لە ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٣٧، کە گرنگترینیان بە ناوی ڕابەرەکەیەوە ناونرا و ئەویش ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی (نەقشبەندی) بوو لە ساڵی ١٩٢٥دا. زۆربەی توێژەرانی غەیرە ئیسلامی کۆکن لە سەر ئەوەی کە ئامانجی ڕواڵەتیی ئەم ڕاپەڕینانە گێڕانەوەی کاراکتەری ئیسلامی بووە بۆ دەوڵەت، کە بە زنجیرەیەک ئۆپەراسیۆن و هەنگاو تێکشکێنرا و گرنگترینیان هەڵوەشانەوەی سەڵتەنەت (١٩٢٣) و خەلافەت (١٩٢٤) بوو. لە هەمان کاتیشدا ڕاپەڕینەکان هەندێ خولیا و ئاواتی نەتەوەییان بوو لەڕووی "دەستگرتن بە شوناسی نەریتیی (کوردییەوە)، بەدەر لەوەی ئاخۆ لایەنی ئاینی یان ئیتنیکی جەختی لە سەر کرابێت"[٢٨].

نووسەرانی کوردی قەناعەت ئیسلامی سوورن لە سەر ئەوەی کە نە ئایدیای لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا و نە نەتەوەگەرایی لە ناو کورددا ڕەگیان داکوتاوە، بەڵکو لەڕاستیدا، وەک پاساوەکە دەڵێ، ئەوە سیناریۆ نێودەوڵەتییە بەردەوامەکەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئامانجێتی ناسیۆنالیزم بەهێز بکات لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی تێکەڵیان بکات لەگەڵ ستروکتوور و هۆشیاریی ڕۆژئاوادا تاوەکو بەرپەرچی تواناکانی

ئیسلامی پێبداتەوە. هەر وەک ئاڵتان تان دەڵێت کەوا "کورد لە نێو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمترین مەیلیان بەلای ڕۆژئاواوەیە. مەبەستیش لێرەدا دوورخستنەوەی ئەو هەڕەشەیەی کە پێکیدەهێنن بۆ پاڵپشتی کردنی جوولانەوەی ئیسلامی و ... ئامانجی سەرەکیش پەکخستنی شوناس و هەستی ئاینییە و گێڕانەوەیەتی بۆ پشت ڕووداوەکان و جۆشدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لای کورد و تێکەڵکردنیان بە ڕۆژئاوا"[٢٩]. لەم ڕووەوە یۆکسڵ پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە "ئەوە ڕاستییەکە کەوا کۆمەڵگەی کوردی لەو سۆنگەیەوە کە کەمتر بەر شالاوی بەڕۆژئاوایی کردن کەوتووە، کەمتر تووشی داڕووخان و تێکچوونی شیرازە بووەتەوە لە دید و بۆچوونێکی ئیسلامییەوە"[٣٠]. هەر هەمان نووسەر وایبۆدەچێت کەوا یەکێک لە نیشانەکانی دڵسۆزی و پابەندیی کورد بە ئیسلامەوە ئەوەیە کە ئەو ئیلهامبەخشییە نەتەوایەتییەی لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا پەیدابوو "ناکرێ بڵێین کاریگەریی بەسەر کوردەوە بە ئەندازەی کاریگەریی بووبێت بەسەر گەلانی ترەوە"[٣١].

ئەم فۆرمەڵە و شێوازە لەوی پێشتر جیاوازە لەڕووی ئەو ڕۆڵ و بایەخەوە کە لە سەر ناوچە کوردییەکە هەڵیدەچنێت بۆ دەستپێکردنی بووژانەوەیەکی بنەما ئیسلامی. لەکاتێکدا لە لای نووسەرەکانی پێشوو، کەشوهەوای ئیسلامی لەو ناوچانەی باشووری ڕۆژهەڵاتدا کە زۆربەی دانیشتووانیان کوردن نەگونجاوە و جێی متمانە نیە، کەچی لای نووسەرە ئیسلامییە کوردەکان، دانیشتووانی کوردی تورکیا دوا سەنگەر و قەڵایە کە تا ئێستا مابێتەوە وەک پێگەیەکی پتەوی ئیسلام و بەردەوامی پێدانی ئایدیۆلۆجیایەکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەوەی کەمالیستە ڕۆژئاواییخوازەکان. وا ئیدیعا دەکرێت کە پاڵنەری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بۆچوونی نەژادیی

تێپەڕاندووە، بەجۆرێک کە وا تەماشای یاخیبوونە کوردییەکان دەکرێت لە سەردەمی عوسمانی و کۆمارییەکانیشدا کە کاردانەوە بن دژ بەو شاڵاوانەی کرانە سەر هەستی ئاینی بە هۆی دامەزراندنی سێکولاریزمەوە، لەجیاتی ئەوەی بەڵگەبن بۆ جەختکردنەوە لە شوناسی ئیتنیک و نەژاد[٣٢]. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەگەر نەتەوەی کورد ئامانجی کۆتایی بەدەستهێنا لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆدا ئەوە موسڵمان بوونی کۆمەڵگەی تورکی هێز و گوڕی خۆی لەدەستدەدا.

لە بەشی کۆتاییدا رەخنەیەکی هەمەلایەنە لە نووسەرە ئیسلامییەکان دەگرین. بەهەرحاڵ، دەکرێ دوو خاڵ لێرەدا باس بکەین: یەکەمیان، لە رێگەی ئاراستە کردنی مشتومڕی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی و گێڕانەوەی بۆ "هۆکارە بنەڕەتییەکانی" کە بە مۆدێرنیزە کردنی عوسمانی – تورکی پێناسە دەکرێت و نووسەرە ئیسلامییەکان سەرنجی دابەشکردن و بەناوەندی کردنی دەسەڵاتی سیاسیی لێ دووردەخەنەوە و بەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستۆی دامودەزگا و ستراتیجییەکانی کۆنترۆڵ کردن کە گریمانەی رۆڵێکی گەورە و گرانی هەیە لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. بەم مانایە بێت، ئەوە رەخنەکانی ئەوان فەلسەفی و سترۆکتووری نیە بۆ مێژووی نوێگەری و ئەو چەمکانەی لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە لە نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی و هاوڵاتیبوونەوە سەرچاوە دەگرن. بێگومان هیچ بەرفراوانییەکی مێژوویی و هزری لە شیکردنەوەیاندا نیە سەبارەت بە دۆزینەوەی دەستێوەردانی هێزە خۆڕسکییەکان کە بووە بە هۆی پەیدابوونی رەوتی دیاریکراو لە رێچکەی رژێمدا بۆ مۆدێرنیزە کردن بێئەوەی کۆنترۆڵی سیاسیی خۆی بە سەر دەسەڵاتدا لەدەستبدات. لەبری ئەوە گریمانە هەیە کە بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک و سترۆکتووری هۆشیاریی ئەوەروپی ببێتە هۆی دەرکەوتنی

ئەوەی دەیکات لە شوێنێکی تردا، ئەمەش واتای بەهەند وەرنەگرتنی بەها و بیروباوەڕی ئاینییە بەو پێیەی کە بەڵگەی هەرە بەربڵاوە بۆ رەفتار و مامەڵە کردنی مۆراڵی. کورتکردنەوەی هەل و مەرجی پێش ناسیۆنالیزم بە دابەزینی ئەو بەها مۆراڵییانە تەواودەبێت کە لە پەلاماردان و شالاوی مۆدێرنیزەوە سەرچاوە دەگرێت.

دووەم، وادیارە، لە دووتوێی دێڕەکاندا، نووسەرەکان کۆمار تۆمەتبار دەکەن بە شتێک کەوا زۆر گرنگترە لە چاولێکەریی کولتووری رۆژئاوایی: دەوڵەتە نەتەوەییەکەی تورکیا مۆدێلێک بوو بۆ کۆمەڵگەیەکی وێناکراو لە نێو بژاردەگەلێکی تردا کە ئەزموون نەکرابوون بە هۆی سەپاندنی ئەم مۆدێلە لەلایەن بازنەیەکی بەرتەسکی دەستەبژێرەکانەوە. بەڵام ئاخۆ دەکرێت ئەم بژاردە تایبەتەش زادەی هەل و مەرجی لەناکاو و بارودۆخی مێژوویی بێت و بژاردەیەکی رەفتار نامۆ نەبێت لەلایەن دەستەبژێرەوە، ئەگەر دەربڕینەکە گونجاو بێت؟ ئەم پرسیارە تاڕادەیەکی زۆر وەڵامی نیە مەگەر لە هەندێ کات و ساتی دەگمەندا نەبێت، وەک ئەوەی کە ئاڵتان تان رایدەگەیەنێت ".... من نامەوێت چەندوچوون لە سەر هەڵە و راستی ئەمە بکەم (واتە دەوڵەت – نەتەوەی تورکیا)، رەنگە ئەمە پرۆسەیەکی مێژوویی بووبێت ... کەوا لە کۆتایی نزیکبێتەوە لەگەڵ جیهانگیریدا"[٣٣].

## شوناسی کوردی و ئەو داواکارییانەی پشت بە ماف دەبەستن

نوێترین بۆچوون کەوا کۆنترۆڵی ئەقڵییەتی میللیی کوردی و ناسیۆنالیزمی کردووە "بۆچوونی شوناس یان ناسنامەیە"[٣٤]. لە زۆربەی کاتەکانی جەنگی سارددا کە هاوزەمان بوو لەگەڵ بەرفراوانبوونی دیموکراتی

لە تورکیـادا، کە "مـافە مەدەنـی و کۆمەڵایەتییەکـان" بەرجەسـتە بووبـوون[٣٥]، لەگەڵ ئەودوای وڵاتدا کە کۆنترۆڵی ئەقڵی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی کردبوو. بیـر و ئایـدیای شـوناس لەئێسـتادا داواکـاری لە سـەر بنەمـای مـاف ڕەتـدەکاتەوە بەو پێـیەی کە هاوکـاریی ئـاوێتەبوونی کـورد دەکـات لەگەڵ تەوژمی باڵادەستدا و شکست دێنێت لە تێگەیشتنی بەهای شوناسێکی کوردیی جودادا.

چـۆن نووسـەرە ئیسـلامییەکان مـامەڵە لەگەڵ مەسـەلەکەدا دەکەن؟ وا باشترە کە ئاماژە بە بوونی جیاوازیی ڕاوبۆچوون بکەین لە نێوان نووسـەرە کـورد و غەیـرە کوردەکانـدا سـەبارەت بە بـوون و دانپیانـانی "ناسـنامەیەکی" کـوردیی جیـا. لەکاتێکدا کە نووسـەرە کوردەکـان هـیچ دژوارییـەک نـابینن لە نێوان بەشـداربوونێکی تەواو لە داواکـاریی ناسـنامە و بەدیهێنـانی یەکێتییەکی ئیسـلامیی بـاڵا لە ژێـر سـایەی *ئوممەدا*، کەچـی نووسـەرە غەیـرە کوردەکـان ئەمـانە بە نەگونجـاو دادەنـێن. بەڵام بـۆ هەردوو گـرووپەکەی نووسـەران، "چارەسـەرێکی نیشـتمانی" بـۆ کێشـەی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا پێچەوانەی سەرەتا بنەڕەتییەکانی *ئوممەیە* لەبەرئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـۆمەڵگە ئیسـلامییەکان دابەش دەکـات لە نـاوچەکەدا. لە سـەرێکی ترەوە، فۆرمەڵەی پەسەندی ئوممە ئامانجی ئەوە نیە تەنها یەکەیەکی کارگێڕی دامەزرێنێت، بەڵکو یەکێتییەکـی ڕۆحـی لە نێـوان تـورک و کـورد و عەرەب و ئێرانییەکان و کۆمەڵگە ئێتنیکییە ئیسـلامییەکانی تـری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە یـادی مـۆدێلی جـارانی پـان ئیسـلامیی عوسـمانییەوە. بە پشتبەسـتن بەو بـاوەڕەی کە "... لەبـری خسـتنەڕووی مەسـەلەکە وەک کێشـەیەکی کـوردی، واباشـترە بەو چـاوەوە لێـی بـڕوانین کە مەسـەلەیەکی بنیاتنـانەوەی ئەو سیسـتەمەیە کەوا تـورک و کـورد و ئەوانیتـر تێیـدا وەک یەک بـژین"[٣٦]. ئەوان

بەمە بیرۆکەی مافی چارەنووس بۆ کورد وەدەردەنێن بەو پێیەی کە بیرێکی تەواو نامۆیە بە هزر و ئەقڵی ئیسلامی[٣٧] و لای ئەوان بیرۆکەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی "ناشەرعییە" بە پێی پرنسیپەکانی ئیسلام[٣٨].

فۆرمەڵەی نەتەوەییش رەتکراوەتەوە لە سەر ئەو بنەمایەی کە وێنەیەکی دەقاودەقی ناسیۆنالیزمی تورکییە و چەمکی نەتەوە بەرهەمدەهێنێتەوە بە پێی بنەمای "رەگەز یان نەژاد"[٣٩]. لەم دید و بۆچوونەوە، داواکاریی ئیتنیکی یان نەژادی بۆ شوناس جەختکردنەوەیەکی پەیوەندیدارە و بە نەمان و لەناوچوونی شوناسە ئیتنۆنەتەوایەتییەکان ئەمیش لەناودەچێت لە ژێر پەردەی *ئوممەدا*. سەبارەت بەو دەوڵەتە نەتەوەییە ئیسلامییانەی کە حاڵی حازر هەن، نووسەرەکان بەتەواوی ناکۆکن لەگەڵ ئەو دۆخە جیاوازەیان وەک دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن بڕیاری خۆیان. عەبدولڕەحمان دیلیپاک ئەوە رادەگەیەنێت کە "ئەگەر مەسەلەکە بە سروشتی حاڵ بێت، ئەوە مافی بوونی کوەیت وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی مافێکی جیددی بێت، ئەوە بە حوکمی پاساوی لۆجیکی هەمان ماف پێویستە کوردیش بگرێتەوە. بەڵام من نەیارم لەگەڵ بوونی کوەیتدا وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی"[٤٠].

لێکدانەوەیەکی دووەم هەیە بۆ *ئوممە* کە گوتارێک بەکاردێنێت و هاوتەرییە لەگەڵ پلاتفۆرمە چەپڕەوەکانی تورکیادا و هەردوک نووسەرانی ئیسلامیی کورد و تورکیش لەخۆدەگرێت. ئەم گوتارە[٤١] راشکاوانە ئیشارەت بە پێویستیی رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و باڵادەستیی یاسا و ئازادیی تاکەکەس دەکات لە ناوچەکەدا. بەڵام هێشتا هەندێکیتر هەن قسە لە سەر مافی کولتووریی کوردەکان دەکەن بەپێی بنەمای شوناسیان: "لە رەگ و ریشەی کێشەی کورددا ناکۆکی و ململانێیەک هەیە سەبارەت بە قبووڵکردن و سەلماندنی شوناسێکی فیزیکی و ئەنترۆپۆلۆجی و مافی ئەم گەلە بۆ

پارێزگاری لەم شوناسە دیاریکراوە" وەک عەلی بولاک دەڵێت[٤٢]. تەنانەت تورکێکی ناسیۆنالیستی پەرگری هەڵگەڕاوە کە چووەتە نێو ریزی ئیسلامییەکانەوە پێ لەوە دەنێت کەوا کورد راستییەکی جیای شوناسیان هەیە و باس لەو هۆکارە دەکات کە بۆچی هەڤاڵە کۆنەکانی ئەمەیان رەتکردووەتەوە: "... مەسەلەکە لەبەر ئەوە نیە کە باوەڕیان وایە کوردەکان تورکن ... بەڵکو خەمی ئەوەیانە کە پارێزگاری لە یەکگرتوویی و سەلامەتیی دەوڵەت بکەن"[٤٣].

نووسەرە کوردە ئیسلامییەکان هەنگاوێکی تریشیان ناوە و داکۆکی لە زەمانەتی دەستووری دەکەن بۆ بوونی کولتووریی کورد. لەم رووەوە محەمەد مەتینەر و ئەڵتان تان و عوسمان تونج لە سەر ئەم خاڵە کۆکن. مەتینەر رایدەگەیەنێت کەوا "دەستەبژێری دەسەڵاتی ئەمڕۆ لەئێستادا ئاشکرایان کردووە کە دان بە واقیعی کورددا دەنێن، بەڵام هیچ بابەتێکیان بۆ ئەوە نەخستووەتەڕوو. پێویستە ئەوان زەمانەتی مافە کولتووری و نەتەوەییەکان (بۆ کورد) پێشکەش بکەن..."[٤٤]. "شوناسی سیاسییان لەڕووی دەستوورییەوە زەمانەت دەکرێت و ... من ئاوها بیر لە رەهەندی کولتووریی کێشەکە دەکەمەوە"[٤٥]. تان ئەمەی بۆ زیاد دەکات، بەڵام تونج ئەنجامگیریی ئەوە دەکات کەوا "ئەگەر ناسنامەی کوردی لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە زەمانەت نەکرێت، راگەیاندنە سیاسییەکانی کە بەمدواییە دەرچوون نابن بە مایەی رەزامەندی و مانایەک نابەخشن و جێی قەناعەت پێکردن نین"[٤٦]. لەکاتێکدا کە سیاسەتەکانی شوناس بووە بە جێی بایەخ لە روخساری جیهانیدا، ئەوە بنەچە ئیتنیکییەکانی نووسەرە ئیسلامییە کوردەکان پێدەچێت ناچاریان بکات بەدوای پانتاییەکی دانپیانانی کوردبووندا بگەڕێن لە ناو چوارچێوەی *ئوممەدا*. پاساوی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی دەرەوەی

خواستیان. مەتینەر لە رۆژنامەی *میللی گازێتیا* دەنووسێت "کێشـەکە ... تەنها هەر ناوچەیی یان ئابووری نیە ... بەڵکو بەستراویشـە بە رەهەندی شوناسـی کوردیشــەوە. بەم رەهەنـدەوە مەســەلەکە دەبێـتە پرسـیارێکی 'کـوردی' "[٤٧]. هەروەها ئەوان پەیڕەویی شێوازێکی زیاتر لیبراڵی دەکەن لە جێبەجێ کردنی مەســەلەی *ئــوممەدا*. تـانیش ئامۆژگــاریی ئەوە دەکـات کەوا "لــێگەڕێن بـا ئایدیۆلۆجییەتێک نەسەپێنین و لە بەرنامەیەکی نوێگەریشدا بە پێی تێڕوانینی یاقووبی بەشداربین. لێگەڕێن با ئەو خەڵکە وا لێبکەین بژین و قسە بکەن و خۆ ئازاد بکەن ... پاشان لێگەڕێن با خەڵک بژارەیان بەدەستی خۆیـان بێت ... ئەوە ئیسـلامە و لە مێـژووی خەڵکـی تورکیـادا هەیە و ئەوان ئەگەر ئەمـڕۆ ئیسلامیان هەڵبژارد یان نە خۆیان ئازادن و لێگەڕین با نەیسەپێنین"[٤٨].

لەبەرانـبەر سـەرلەنوێ بنیاتنـانەوەی ئیسـلامی لیبراڵـی بە پێـی بنەمـای تێگەیشـتنیکی نـوێ بـۆ شـوناس، ئـارگومێنتی پێچەوانە هەیە لە نێو نووسـەرە کوردەکانــدا، کە لە حــاڵەتێکی دیــاریکراودا، رەنگــدانەوەی ئەو گوتــارە رۆژهەڵاتناسـییە ناسـراوەیە کە لە قسـەکانی سـەباح قەرەدا هـاتووە و دەڵـێ "رەوشـی فەرهەنگیی کوردەکـان ئەوپەڕی دواکەوتـووە"[٤٩] و "ئەگەر ویسـتمان دەوڵەتێکی جیا درووست بکەین، ئاخۆ ئێمە لە دۆخێکداین کە بواری ئەوەمان هەبێـت هەمـوو تـوخمە پێویسـتەکانی دەوڵەت کـۆبکەینەوە؟ ئەی رۆمـان و شـیعرەکانمان کـوا؟ ئەوانەی باوەڕیـان وایە کە شارسـتانییەت بـێ شـیعر درووست دەکرێت هەڵەن"[٥٠]. قەرە سـەرکۆنەی ناسـیۆنالیزمی تـورکی دەکات لەبەر هەژار کردنی کولتووری کوردی بە هـۆی داخسـتنی شـوێنە گشـتییەکان بە رووی زمـانی کوردیـدا و دابەزانـدنی گەلـی کـورد بـۆ دۆخێک کە توانـای بیرکـردنەوە و ئاخـاوتنی نەبێـت بە زمـانی خـۆی[٥١]. پاشــان ئەم نووســەرە پێشـنیازی ئەوە دەکات دەست بکرێت بە کەمپەینێکی رۆشـنگەری و زەمینە

خۆشکردن بۆ داواکارییەکانی کورد و پاراستنی مافە کولتوورییەکانی کورد[52].
بەڵام نووسەرێکی تری خۆوڵاتی بە ناوی عومەر وەهبی خەتیبۆغڵوو، بیرۆکەی دانان بە شوناسێکی کوردیی جیاوازدا و هەڵگرتنی قەدەغە لە سەر بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و دامەزراندنی ئینستیتیوتی کولتووری بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی رەتدەکاتەوە و بە پرۆسەیەکی دەزانێت بۆ خزمەتکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی[53].

بەگشتی، لە هەوڵدانیدا بۆ دۆزینەوەی ئاشتەواییەک لە نێوان ئیسلام و ئایدیا جیهانییە خاوەن هێز و دەسەڵاتەکاندا سەبارەت بە مافەکانی گرووپە کولتوورییەکان و فرەیی و شوناسەکانی کە بەندن بە جیاوازییەکانەوە، گوتارەکانی نووسەرە ئیسلامییەکان شکست دێنن لە بەرهەمهێنانی واتایەکی هاوبەشدا. ئەم چەمکانە چۆن ئیسلامییەکن ئەگەر ببنە پرسیارێک و نووسەران بە شێوەی جۆراوجۆر وەڵامی بدەنەوە بەپێی هەستەوەریی ئیتنیک و نەژادی خۆیان. گرفتێکی سەرباری تریش لەو راستییەوە سەرهەڵدەدات کەوا نووسەران وێنای کۆمەڵگە و ئازادیی تاک و خود و شوناسیان کردووە بە جیاکردنەوەیان لە سەربەخۆیی تاکی بچووک لە نیشتمانەکەی رۆژئاوایدا (مەبەست رۆژئاوای تورکیایە – و). لێرە وا لە ئازادی دەگەن لە چوارچێوەی پاڵنەر و بەرپرسیارێتیی ئیسلامیدا بێت لەبری راوبۆچوونی جیاواز. لەبری ئەوە، نووسەرەکان بە شێوەیەک بیر لەم زاراوە و تێرمانە دەکەنەوە کە پەیوەندیدار بن بە یەکێتی یان برایەتیی ئیسلامییەوە. بوونی هەستکردن بە ناسنامەی کوردیی جیاوازەوە لە زەینی نووسەرە کوردەکاندا رێگەی چارەسەری کێشەی کوردیان لێدەگرێت بە هەر شێوازێکی چەسپاوی ئیسلامی. بەکورتی، دارووخانێکی دیالۆگ هەیە لە نێوان نووسەرە ئیسلامییە

کوردەکان و غەیرە کوردەکاندا سەبارەت بە گونجاندن و هاوسەنگ کردن لە نێوان یەکێتیی ئیسلامی و شوناسدا.

## پارتی رەفا و "هەوڵدانی" بۆ دروستکردنی سویسرایەکی کوردی؟!

بەگشتی، نووسەرە ئیسلامییەکان هەلوێستێکی دژوار و دووفاقیان لە بەرانبەر پارتی رەفادا وەرگرت بەو پێیەی لەو کاتەدا گرنگترین پلاتفۆرمی سیاسیی ئیسلامی بوو لە تورکیادا کە گەورەترین پاڵپشت بوو بۆ ناوچە کوردنشینەکان. ئەو نووسەرانەی باوەڕیان وایە کە گۆڕینی رژێم بە ئاڕاستەیەکی ئیسلامی ئەرکێکی گرانە ئەوەیان پێباش بوو کە هۆشداریی سووک و ئامۆژگاری و زانیاری بدەنە حیزب. بەڵام ئەو نووسەرە ئیسلامییانەی کە زیاتر رادیکاڵانە بیریان دەکردە و بە زەروورەت کوردیش نەبوون، بە توندترین شێوە سەرزەنشتی بۆچوون و رەفتاری پارتی رەفایان دەکرد لە سەر مەسەلەی کورد. هەڵبەت هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەوەی "دوور و دۆست" بیت لە حیزب و "رەخنەگری توندی" بیت پێناچێت پشتی بە قەناعەتی رەگەز یان نەژاد بەستبێت بەڵکو مەسەلەکە قەناعەتی سیاسییە.

بۆ نموونە، بەهێزترین رەخنەگرانی حیزب دوو نووسەری غەیرە کورد، کە عەبدوڕەحمان دیلیپاک و عەلی بولاک بوون. ئەو لائیحەی تۆمەتبارکردنەی دیلیپاک ئاڕاستەی کرد بە پێی بنەمای ئەو زەمینەیە بوو کەوا حیزب، بە هۆی نەبوونی کارنامەوە سەبارەت بە مەسەلەی کورد، بە شێوەیەکی قووڵ و کاریگەر دانیشتووانی کوردی باوەڕداری ئاینیی تۆراندبوو. دیلیپاک هانی ئەوەشی دەدا کە "پێویستە پارتی رەفا بەرنامەی تایبەتی خۆی بخاتەڕوو بە چۆنێتیی چارەسەری کێشەکە و ... پلان و ستراتیجە کورت مەودا و

مامناوەندەکانی چین؟ ئاخۆ ئێمە هێندە بەهێزین کە بتوانین جێبەجێی بکەین ... من زۆر مەراقمە بزانم ڕێبازی پارتی ڕەفا چیە لە سەر ئەم مەسەلەیە"[٥٤].

سەبارەت بە عەلی بولاکیش، کێشەکە تەنها پەیوەست نەبوو بە کەموکورتییەکی بەرنامەوە، بەڵکو پەیوەندیدار بوو بە حیزبەوە کە ناسیۆنالیزمی تورکی دژەی کردبووە ناویەوە[٥٥]. پاش ئەوەی ئەو حکوومەتەی بە سەرۆکایەتیی پارتی ڕەفا لە حوزێرانی ساڵی ١٩٩٦دا پێکهات، لە کانوونی دووەمی ساڵی١٩٩٧دا پەنای بردە بەر دانەیەکی تر لەو پاکێجانەی وەبەرهێنان و گەشەپێدان بۆ باشووری ڕۆژهەلات، کە تارادەیەک هەموو حکوومەتەکانی تر لە ڕابردوودا پەنایان بۆ بردووە لە وتاردانی گەرموگوڕیاندا و بولاک تەحەدای ئەم دەستپێشخەرییەی کرد وەک هەوڵدانێک بۆ خولقاندنی "سویسرایەکی کوردی"[٥٦] و پارتی ڕەفای بە لادان لە ڕێڕەوی ئیسلامی تۆمەتبار کرد کە لە سەر دوو چەمک بنیاتنرابوو، دادگەری و ئازادی: "ئاخۆ پارتی ڕەفا پێشنیازی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن دەکات یان کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی؟ هەڵبەت گریمانەی ئەوە نیە کە ئیسلامییەکان سویسرایەکی نوێ درووست بکەن، چونکە ئیسلام جەخت لە سەر دوو شت دەکاتەوە: دادگەری و ئازادی"[٥٧].

لە هەمان کاتدا، هەندێک لە نووسەرە ئیسلامییەکان بۆچوونێکی پێچەوانەیان هەیە و بۆ ئەوەی ئیسلامیزم وا خۆی پیشان بدات کە ئەڵتەرناتیڤی ناسیۆنالیزمی کوردییە، پێویستە ئەندازەیەک نوێگەری لەخۆبگرێت و بە شێوەیەکی تایبەتیش بایەخ بە یارمەتیی ژێرخان بدات. ئەوان بە پێی بنەمای هەستەوەرییەکی جیهانیی نوێ سەبارەت بە پێویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵک مشتومڕیان لە سەر ئەوە دەکرد کە ژیانی ڕۆژانە لە ناوچەکەدا لەڕادەبەدەر سەختە بۆ زۆربەی کوردەکان لەڕووی هەژاری و

مـاڵوێرانییەوە (بە هـۆی تیـرۆر و ئۆپەراسـیۆنەکانی راگواسـتنی گونـدەکانەوە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتەوە) و بێکاری و نەمانی ئاسایش و ئارامی لە ژیانـدا و هەروەهـا وایبۆدەچـوون کە هۆکـاری سـەرەکیی خـۆدوورگرتنی دانیشـتووانی کـورد لەوەی کە لە دەوری جەمسـەری ئیسـلامی بئـاڵێن – کە ئەمەیـان زیـاتر بایەخـدان بـوو بە پابەنـدبوونی ئەخلاقییەوە بە ئیسـلام و بـۆ ئەوەی دەنـگ بە پـارتی رەفـا بـدەن – مانـدوویی ئەقڵـی و دەروونـی و نائومێدی و بێدەرەتانیی خەڵکی کورد بوو بە هـۆی ژیـانی سـەختی رۆژانەوە. لەبەرئەوە، هـانی پـارتی رەفایـان دەدا کە لەو کـاتەدا لە حکوومەتـدابوو بـۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی درووستکردنی داهات و کارپەیداکردن بۆ خەڵک و خۆشـگوزەرانی و ئـارامی لە نـاوچەکەدا و لەوەش گرنگتـر جێبەجێ کردنـی سـەرەتایی مـاف لەپێنـاوی گەڕانەوەی دانیشـتووانی کـوردی نـاوچەکە بـۆ گوندەکانی خۆیان[٥٨]. بەشێک لەو نووسەرانە ناکۆک بوون لەگەڵ تیۆرییەکەی بولاکدا گوایە شـێواز و سترۆکتووری نوێی ژیـان لە نـاوچەکەدا هـاوتەریبی ئەوەی لە سویسرادا هەیە گرتنەبەری رێچکەی راستی حیزب نەبوو. لەجیاتی ئەوە و لە رێـگەی سـەرکۆنە کردنـی حیـزبەوە و بە هـۆی کـورتبینیی سەرچاوەی بەرنامەڕێژییەکەی بۆ جێبەجێ کردنی چاکسازییەکی هاوشێوە سویسـری، یـارمەتیی دەرکەوتنـی جیـاوازی و نـاکۆکیی زەقیانـدا لە نێـو نووسەرە ئیسلامییەکاندا، بەدەر لە پاشخانی ئیتنیکی و نەژادییان.

زۆرترینـی ئەو مەسـەلانەی مـایەی نیگەرانـی و تـووڕەکردن بـوون و دەمەقاڵەی تونـدی لە نـاو نووسـەرەکاندا ورووژانـد ئەو هەوڵەی پارتی رەفا بـوو لە ئـابی ١٩٩٦دا، بـۆ دەسـتپێکردنی گفتوگـۆیەکی ناڕاسـتەوخۆ لەگەڵ پەکەکەدا لە رێـگەی هەنـدێ نێوەنـدگیری ئیسـلامیی سـەربەخۆوە بـێ هەمـاهەنگی و رێککەوتـن لەگەڵ هـیچ گرووپێکـی ئیسـلامیی ئەو دەمەدا و

مەسەلەی درێژکردنەوەی ماندێتی هێزی ئاسمانی بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە ٣٠ تەمووزی ١٩٩٦دا لە تورکیادا، کە ناوی چەکوشی ئامادە بوو[٥٩]، (مەبەست زۆنی دژەفڕینی سەروو هێڵی پانی ٣٦ بوو بۆ کوردستانی عێراق – وەرگێڕ). هەندێک لە نووسەران چوونە سەر هێڵی رەسمیی دەوڵەت و بەرهەڵستیی دەستپێکردنی هەر گفتوگۆیەکیان کرد لەگەڵ پەکەکەدا کە ناوی"جەردە و رێگریان" لێنابوون[٦٠]، لەکاتێکدا کە یەکێک لە نووسەرە ناودارەکان ئەو پێشنیازەی کردبوو لە رێگەی دەستنیشانکردنی سیخوڕێکەوە کە هەڵوێستی جێی گومان بوو لە ناو ئیسلامییەکاندا و پارتی رەفا شتێکی هەڵەی کرد بە هۆکاری راست[٦١].

درێژکردنەوەی ماندێتی چەکوشی ئامادە وەک بەشێک لە ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی سەلامەتی (پرۆڤاید کۆمفۆرت) بوو بە هۆی دابەشبوونێکی مەترسیدارتر لە نێو بەرەی نووسەراندا. کۆمەڵێک لە نووسەران چەندوچوونیان لە سەر ئەوە دەکرد کە ئەمە مەسەلەیەکی ناسک و یەکلاکەرەوە بوو بۆ پارتی رەفا بۆ سەلماندنی "جیاوازیی خۆی" لەبەرانبەر حیزبە سیاسییەکانی تردا. لە بەرانبەر درێژ نەکردنەوەی ماندێتی چەکوشی ئامادەدا وەک بەڵێنی دابوو کاتێ کە لە ئۆپۆزسیۆندا بوو، پارتی رەفا دەیتوانی پشتبەستنی لەڕادەبەدەری تورکیا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببڕێت و هەوادارییی دژە رۆژئاوای حیزبەکە دەربخات کە شوناسی سەرەکییەتی[٦٢]. لەگەڵ ئەوەشدا و لە مشتومڕ و پاساوی داواکاریی درێژکردنەوەی ماندێتدا، مەسەلەی سەلامەتیی کوردەکانی باکووری عێراق هاتە پێشەوە[٦٣] و راستی و ریالیزمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان خۆیان سەپاند و ئەو حاڵەتەش بوو کە تورکیا پێویستی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو[٦٤].

به ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە لە سەردەمی دوای جەنگی سارددا، بارودۆخی سیاسیی تورکیا واکەوتەوە کە دەربڕین و گوزارش کردن لە بیر و بۆچوونی ئیسلامی زیاتر دیموکراتی بێت لە هەر کاتێکی پێشتر، لەبەرئەوە شتێکی نامۆ نەبوو کە ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان ڕوونتر و ئاشکراتر بن. بێجگە لەوەش، ئامانجی ستراتیجیتری نووسەرەکان سەلماندنی ئیسلام بوو وەک ئایدیۆلۆجیایەکی ئەڵتەرناتیف بۆ پابەندبوونی ڕژێم بە سێکولاریزمەوە کە لە نەریتی ڕۆژئاواییدا ڕەگی داکوتابوو. تەنها لەبەر ئەم هۆکارە ناکۆکییەکانی نێو ریزی ئیسلامییەکان بە هەر شێوەیەک بێت ڕاستکرانەوە لەپێناوی خۆپارێزی لە وێناکردنی ئەوەی کەوا بەرەی ئیسلامی لە ڕەخنەگرتندا باشترە وەک لەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕاستەقینە پیشان بدات. ئەم بڕیارە تەکتیکییەش یارمەتیدەر بوو لە ڕاڤەکردنی شکستی دەرکەوتنی تێوەگلانێکی ئیسلامیی یەکگرتوودا لە کێشە و ڕەهەندە تیۆری و ئەزموونگەرییەکەی ناسیۆنالیزمدا.

## نووسەرە ئیسلامییەکان: چییان ئەنجامداوە؟

لێرەدا دوو جۆر ڕەخنەی بەربڵاو هەیە لە نووسەرە ئیسلامییەکان و یەکەمیان دەبێت درک بەوە بکرێت کە سەربارى ئەو جیاوازییانەی پیشانی دەدەن، زۆر لە نووسینە سیاسییەکانی دانەرە ئیسلامییەکان لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی لە گوتاری "مۆراڵی" پێکدێت لەجیاتی ئەوەی کە "سیاسی" بێت. لەبەر ڕۆشنایی ڕاستییەک کە هەردوو گوتاری "سیاسی" و "مۆراڵی" لە ئیسلامدا هێندە تێکەڵن کە جیانابنەوە و وا تێدەگەین کە نووسەرەکان بە بەردەوامی لە نووسینەکانیاندا وێنەیەکی مۆراڵی وێنا دەکەن

له سەر مەسەلەی کورد. لەڕاستیدا، ئەوان زۆربەی هێرشەکانیشیان بۆ سەر کەمالیزم لە سەر ئاستی "بەهاکان و نۆرمەکانە". نووسەرەکان پەیوەندییەکی بەتین پێکدێنن لە نێوان پێشکەوتنی مادی و پاشگەزبوونەوەی مۆراڵدا کە بەرپرسیاری تێکشکانی یەکێتیی نێوان تورک و کوردی دەزانن، کە سەرباری هەموو شتێک هەردوولایان لە سەر هەمان ئاینن. بێجگە لەوەش، چەوساندنەوەی کورد لەلایەن رژێمەوە بە قەیرانێکی مۆراڵ لێکدەدرێتەوە. باوەڕ وایە کە لاساییکردنەوەی مۆدێرنیتەی رۆژئاوایی لەلایەن کۆمارەوە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی یاسا و پرینسیپە ئیسلامییەکانی وەک دادگەری و دانایی و خێرخوازی و بەزەیی وەک رێگە و شێوازێکی ئیسلامی بۆ ژیان. ئەنجامی کۆتایی ئەمەش چارەسەری سەربازی بوو بۆ کێشەکە. ئەوان کرۆکی گوتارەکانیان دژ بە رژێم و مامەڵە کردنیان بۆ پرسی ئەنتۆلۆجیی شوناس لە کۆتاییدا مۆراڵە. بەو واتایە، نووسەرەکان تەنگژەی سیاسیی ئێستا بەکاردەهێنن وەک شەرعییەت پێدانێکی نەرێنی بە مۆدێلێکی ئیسلامیی ئەڵتەرناتیڤ. ئەوان بە سووربوونیان لە سەر وێناکردنی کێشەکە وەک نموونەی قەیرانێکی ئیمانداری، ئەو پرسیارە دەخەنەلاوە لەبارەی پیادەکردنی سیاسەتێک سەبارەت بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی کراوە.

لە هەوڵداندا بۆ تێگەیشتن و چارەسەری ناسیۆنالیزمی کوردی لە تێڕوانینێکی کۆمەڵگەوە کە پشت بە ئەجێندایەکی مۆراڵ دەبەستێت لە بەها و باوەڕەکانی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبێت، لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری نووسەرەکان سەرکەوتوو نابێت لە گەیاندنی هەستکردن بە راستی لە هەل و مەرجی خستنەڕووی شیکارییەک بۆ رابردوو و پشێوی و بێسەروبەری و هەژاری و شەڕی ناوخۆ لە ناوچەکەدا. هەڵبەت هۆکارگەلێکی بارودۆخی

بــابەتی و پەیوەنــدییەکانی هێــز و ئامادەکــاریی دامودەزگــایی کە رەنــگە تێگەیشــتنی وردتــر بــۆ ململانــێکە برەخســێنن پشــتگوێ خــراون. دواجــاریش ئەنجــامەکە وادەکەوێــتەوە کە بەڵــگە و پاســاوی ســاویلکە پیشــان بــدەن کە لە بۆچوونی لەم چەشنەدا کورتدەبێتەوە کەوا سەردانی نووسەرە ئیسلامییەکان بــۆ نــاوچەکە[٦٥] و پیشــاندانی بــایەخ و هاوســۆزییان و پشــتیوانی کــردن لە موسڵمانان لە باشووری رۆژهەڵاتدا دەتوانێ بەشداریی گرنگ پێشکەش بکات بۆ گیانی بەکۆمەڵی کوردەکان و زەمینە خۆشکردن بۆ بەئیسلامی کردنی مەسەلەی کورد. رەخنەی دووەم لە نووسەرە ئیسلامییەکان ئەوەیە کە ئەوان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بێنەوبەرە لە سەر ئەوە دەکەن کە هەر تێگەیشتنێک بۆ کورد و مێژوویان و ناسیۆنالیزمیان پێویستە لە روانگەی ئیسلامەوە بێت و باس لەو رێگەیە دەکەن کە کورد قایل بوون و بەگژ دەوڵەتی تورکیدا چوون بە هۆی تاقە شتیکی گۆڕاوەوە کە ئەویش ئیسلام بووە. لەکاتێکدا کە جەخت دەکەنەوە لە ســەر بەردەوامیــی پێشــەنگیی ئیســلام لە شوناســی کــۆمەڵگەی کوردیــدا، ئەوان دوو شــت فەرامــۆش دەکەن: یەکەم کــاراکتەری گــۆڕاوی کۆمەڵگەی کوردی لە بەرانبەر کۆمەڵگە گەورەترەکە و سروشتی گۆڕاوی ئیســلامدا. ئەم تێــڕوانینە تــا ئەوپەڕی ســادە و ســاویلکەیە بــۆ کــورد وەک کۆمەڵگەیەکی تەواو هاوچەشن و تەواو دواکەوتوو و بە ئیدیۆمی ئیسلامیش گــوزارش لە شوناســی دەکــات. بەگشــتی، نووســەرە غەیــرە کوردەکــان بە شــێوەیەکی بنەڕەتــی بەشــدارن لەو بیروڕایەدا کە رەگ و ریشــەی نەژادی و ئیتنیکی ناکرێت شوینی ئیسلام بگرێتەوە[٦٦] لەڕووی تیۆری و پراکتیکیشەوە. بەزۆری کورد خەڵکێکی دیندارن و پێشوازی لەو بنەما رۆژئاواییانە ناکەن کە کۆمــار چانــدوونی. بەم پێیە و لای ئەو نووســەرانە، کــاریگەرترین رێگە بــۆ

زەوتکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی ڕەخساندنی پاڵنەری زیاترە بۆ ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگەی کوردی.

نووسەرە کوردە ڕەسەنەکان بەو لایەدا دایدەشکێنن کە لەم بیر و بۆچوونە بترازێن و بەدوای دەرفەتێکدا بگەڕێن بۆ گوزارش کردن لە ناسنامەیەکی کوردی کە پێویستە لەڕووی دەستوورییەوە زەمانەت بکرێت. بێجگە لەوەش، پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئاخۆ ئیسلام بە تەوەرێکی هەمیشەیی و حەتمی ماوەتەوە بۆ شوناسی کوردی لە هەموو کات و زەمانێکدا و لێنەگەڕێت تایبەتمەندیی کوردی – کە مەسەلەی ڕەگەز و نەژاد مۆرکی بنەڕەتییەتی – سەری خۆی دەربێنێت. دەکرێت ئەم پرسیارە بەم شێوەیەش دابڕێژرێتەوە کە: ئاخۆ ئیسلام هەمان شت دەگەیەنێت بۆ گەلی کورد لە ژێر سایەی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی تەواو جیاوازی دۆخی عوسمانی و کۆماریدا؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە هەر دەبێ نەگەتیڤ بێت.

## ئەنجام

نووسەرە ئیسلامییەکان زیادەڕۆیی دەکەن لە جەختکردنەوەیاندا لە سەر رۆڵـــی بنەڕەتیـــی ئیســـلام وەک نەریتێکـــی هەمیشـــەیی کە بە زەروورەت بەرهەڵستیی ناسیۆنالیزم دەکات. رۆڵی ئیسلام بۆ کورد – هەروەها بۆ تورکیش – پشت بە هێز و سترۆکتووری مێژوویی دیاریکراو دەبەستێت. پێش هەموو شتێک، راستە کەوا هەوڵەکانی مۆدێرن کردن لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانییەوە تا دوا فۆرم و شێوەی لە ساڵانی یەکەمی کۆماردا، ئیسلام گوزارشێک بوو لە شوناسی کۆمەڵگەیی کورد، بەپێچەوانەی زۆربەی تورکەوە کە سەر بە مەزهەبی حەنەفین لە ئیسلامی سوننیدا، بەڵام کورد بەزۆری سەر بە مەزهەبی شافیعین لە ئیسلامی سوننیدا و بەوە بەناوبانگن کە دیندارترن و ئەندامی لقی خالیدین لە تەریقەتی نەقشبەندیدا (کە رێبازێکی برایەتیی سۆفیگەرییە)[٦٧]. لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەوە، ناوبانگی بەرزی شێخەکانی خالیدی (واتە سەرۆکی تەریقەتەکان) و مەدرەسەکانیان (ئەڵقە ئاینییەکان) و مەلاکان (مامۆستایانی مەدرەسە یان حوجرەکان) بەهای بنەڕەتی و شێوازی بیرکردنەوە و رەفتاری تایبەت بە کوردیان پێکدەهێنا (خالیدی لێرەدا مەبەست پەیڕەوانی رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی مەولانا خالیدن – وەرگێڕ). بێگومان بێ ئەم پەیوەندییە ئیسلامییە، بوونی بنەڕەتیی کورد بێمانا دەبوو. ئەم دوو پێکهاتەیە تێکهەڵکێش بوون[٦٨] و "زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراویان" پێکهێنا[٦٩].

ئیسلام تەنها لە ژێر سایەی ئەم بارودۆخە دیاریکراوەدا بوو بە جێی سەرنج و دەرکەوت چونکە تەنها دەستە و تاقمێکی سیمبۆڵی نەبوو بەڵکو لە

سەر زەمینەی بوونی کۆمەڵایەتی دامەزرابوو. بەڵام بارودۆخی ئەو بوونە لە سییەکانی سەدەی رابوردووەوە گۆڕا و سەرکوتکردنی تەریقەتەکان دەسەڵاتی شیخە خالیدییەکانی تێکشکاند و هەروەها "چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندنی"[٧٠] تەریقەتەکان لە مەدرەسەکاندا. ئەنجامیش بەوە شکایەوە کە شیخەکانی نەوەی دواتر کەمتر شیاوبن و زۆرتر هاوکار و هەماهەنگ بن لەگەڵ رژێمدا. بەڵام لەپێش ئەوەدا، نارەزایی و تووڕەیی شێخەکانی خالیدی دژ بە پرۆسەی سێکولار کردن وەرچەرخا بۆ یاخیبوون و راپەڕین لە دووتوێی گوتارێکی ئیسلامیدا. لێرە بەدواوە ئیسلام بۆ کوردەکانی تورکیا بوو بە "ناسنامەی بەرگری و بەرهەڵستیی" رژێم[٧١] لە کات و ساتێکی تایبەتدا، کاتێ کە ئیسلامی کۆمەڵگە پێوەرەکانی شوناسی هاوبەشیان دابین دەکرد و بە واتایەکیتر دەرکەوتن و کاریگەریی ئیسلام بەستراوبوو بە رەوش و دۆخێکی تایبەتەوە. ئاوێتەبوونی تاڕادەیەک قووڵی باشووری رۆژهەڵات لە تورکیای باڵادەستدا لە سایەی پێکهاتوویەکی سیاسیی زیاتر فرەیی سەردەمی جەنگی سارددا، بارودۆخی بۆ بوونێکی کۆمەڵایەتیی نوێی بۆ کورد رەخساند. وێنایەکی جۆراوجۆر هەیە بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە سالانی سییەکان و شەستەکان و نەوەدەکاندا (سەدەی بیست – و) وەک کاردانەوەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی تورکی و نوێگەری و جیهانگیری بەدوای یەکدا. پاشان ئەکتەرێکی تر، کە رووناکبیرانی سێکولاری کوردە، خراونەتە سەر ئەو گرووپەی کە هەبوون و لە سەرۆک هۆز و شێخەکان پێکهاتبوون. ئەوجا دەسەڵاتی شێخەکان بەرەو کزی رۆیشت و رژێم سەرۆک هۆزەکانی قبووڵ کرد کە یارمەتیی حکوومەت بدەن لە سەرکوتکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا[٧٢]. لە ئەنجامی ئەوەدا رووناکبیران (ئەنتلێجێنتسیا)ی سێکولاری کورد بوون بە رابەری روون و ئاشکرا بۆ هەستە نەتەوایەتییەکان. سەرکردە نەتەوەییە نوێکانی کورد زیاتر بایەخیان دەدا بە وەدەستهێنانی "مافە

مەدەنــی و کۆمەڵایەتییەکــان"[73] وەک لەوەی جەخــت لە ســەر ناســنامەیەکی دیاریکراوی کورد بکەنەوە کە پشتی بە ئیسلام بەستبێت. لە زۆربەی ساڵانی شەســتەکان و حەفتاکــانی ســەدەی رابــردوودا، رەوتەکــانی ناســیۆنالیزمی کوردی و ئیسلامی میللیی کوردی بە ئاڕاستەی هاوبەشی و پێکەوە کارکردن دەڕۆیشــتن و کــاتێ هەردوولایــان ســەرلەنوێ دەرکەوتــنەوە و بەگشــتی شێخەکان شوێنکەوتە و موریدەکانی خۆیان هاندەدا کە پشتیوانی لە حیزبە ئــاینی یــان حیــزبە راســتڕەوە موحافزکارەکــان بــکەن لە سیاســەتە نەتەوەییەکانــدا و لەولاشــەوە ناسیۆنالیســتە کوردەکــان پشــتیان بە چەپــی سیاسی دەبەست[74].

لە هەمان کاتدا، شێوە و رێگەی سەرلەنوێ مامەڵەکردنی ئیسلام گۆڕا و رۆڵــی ئیســلام وەک بەڵگەیەکــی ناســنامە لەڕووی وێنــاکردنی سنوورکێشــانی کۆمەڵگەی کورد لە بەرانبەر کۆمەڵگەی ئیتنیکیی تورکدا بەرەو کزی چوو، بەڵام لە هەمــان کاتیشــدا وێــنەی ئیســلام لە تورکیــادا هەڵکشــا. باشــە بــۆچی بانگەشەی گشتی و رووڵەزیادی ئیسلام کاریگەرییەکی سنووررداری هەبوو لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی؟ بەلای کەمەوە سێ لێکدانەوە بۆ ئەم پارادۆکسە بەرچاوە. لە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتیی جیهانگیردا، ئیسلام چیتر دەقاودەق خولیا و ئارەزووی ئەو کۆمەڵگە بەرتەسکەی پڕنەدەکردەوە، بەڵکو کەناڵێک بــوو بــۆ گــوزارش کــردن لە رەوشــێکی ئــاڵۆزتری کــۆمەڵگەیەکی گەورەتــر. ئۆپۆزســــیۆنی ئیســــلامی لە ســــێبەری ئەم دۆخەدا لە ســــەرتاپا کــــۆمەڵگە گەورەکەدا تەشــەنە دەکات و لە ئاستێکی بەربڵاودا گوزارش لە نــاڕەزایی و ناســنامەی خــۆی دەکــات کە لە قەیرانــی "مــۆدێلی" دەوڵەتــی نەتەوەیــیەوە ســــەرچاوە دەگرێــت. دووەم، وادیــــارە کە رۆڵــــی بنەڕەتیــــی ئیســــلام لە جووڵانەوەی سیاسیی کورددا پشتی بەستبێت بە بوون و زۆریی "بریکاری

سوودمەند چەشنی ئەو عولەمایانەی"[٧٥] بە ئەڵقەکانی نەقشبەندیدا تێپەڕیبوون. کاتێ کە سیستەمی خوێندنی کۆماری هیچ بوارێکی بۆ ئیسلام نەهێشتەوە و سیستەمێکی خوێندنی پۆزەتیڤی نادینی لە جێگەیدا پەرەپێدا، بۆیە ئاین وەک بەرجەستەکارێک بۆ شوناسی کورد رۆڵی لە پاشەکشەدابوو. سێهەم، سۆفیزم بایەخی خۆی لەدەستدا وەک هۆکارێک بۆ یەکخستنی کۆمەڵگەی کورد. گشت ئەمانە پاڵپشتی ئەو داواکارییە بەرفراوانە دەکەن کەوا ئیسلام "بکەری شتێک نیە، بەڵکو تەنها نەریتێکی وتاردانە موسڵمانان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەمیان هێناوە"[٧٦].

بە شێوەیەکی گشتی، چەخت لە سەر ئەوە نەکراوە کەوا کوردایەتی یان کوردبوون لەمرۆدا دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام، بەڵکو بۆ "کۆمەڵێک لە میراتی بەجێماوی کولتووری کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن"[٧٧]، ئەمەش وادەگەیەنێت کە ستروکتووری هەستکردن بە "جیاوازی" بەرهەمی مێژوویی ئالۆزی جیهانی و نیشتمانی و ناوچەیی و فشاری ناوخۆیی و کارلێککردنن. هەڵبەت ئیسلام لەم قۆناخە سیاسییەی ئێستایدا شکست دێنێت کە بۆ کورد لۆجیکی لەناوبردنی ئەویتری تورک دەستەبەر بکات و پێدەچێت رۆڵێکی پێکەوەگرێدان نەک دابەشبوون بگێڕێت بۆ هەردوو کۆمەڵگەکە.

## سوپاس و پێزانین

دەخوازم سوپاسی هاکان یاڤوز، ئێلیزابێس پرۆرۆمۆ، رەفعەت ئەبولحاج، ویلیەم بلەیر و هێرۆ مستەفا بکەم کەوا کاتی کەم و بەنرخی خۆیان تەرخان

کردبــوو بــۆ دەربڕینــی ســەرنج و ڕەخــنەی بنیــاتنەر و ورد لە ســەر ڕەشنووسێکی پێشتری ئەم نووسینە.

* لە کاتی ئەم نووسینەدا، هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەت ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کەوا کرۆکی هێزی ئۆپەراسیۆنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکەیان) تێکشکاندووە کە بنکەیان لە سووریایە. بەهەرحاڵ، ئاسۆی چارەسەری سیاسیی شەڕ و ململانێکە کە لە ساڵی ١٩٨٤وە بیست و دوو هەزار قوربانیی لێکەوتووەتەوە هێشتا هەر بەدیناکرێت.

## سەرچاوە:

گۆڤاری کاروباری کەمینەی موسڵمان / بەرگی ١٨، ژمارە ١، ١٩٩٨

*Journal of Muslim Minority Affairs, Vol. 18, No. 1, 1998*

*Kurdish nationalism from an Islamist perspective: the discourses of Turkish Islamist writers*

*Umit Cizre Sakallioglu*

## سەرنج و تێبینی

١ – ئەوانە عەلی بولاک، عەبدوڕەحمان دیلیپاک. عەبدوڵڵا گوینەی، عومەر وەهبی خەتیبئۆغڵوو، سەباح قەرە، فەهمی کۆرو، محەمەد مەتینەر، محەمەد پاماک، ئەحمەد تاشگێرترەن، ئاڵتان تان، عوسمان تونە و موفید یۆکسەڵ. ناوبەناو ئاماژە بەو نووسەرانە دەدرێت کە لە سەر ئەم بابەتە نووسیویانە.

٢ – ئەوانە عوسمان تونە، ئاڵتان تان، سەباح قەرە، محەمەد مەتینەر، عومەر وەهبی خەتیبئۆغلوو و عەبدوڵلا گوینەی بوون.

٣ – هەرچەندە نووسەرە پەیوەندیدارەکان وایان پێباشە بە "نووسەرە موسڵمانەکان" ناوببرێن، لەم باسەدا وەک ئیشارەتێک بۆ ئەو نووسەرانە، دەستەواژەی نووسەرە ئیسلامییەکان بەکاردەهێنرێت. لە نێو ئەو دوانزە نووسەرەدا کە بۆچوونە بڵاوکراوەکانیان لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە شیکراوەتەوە، بەدڵنیاییەوە عەلی بولاک رۆشنبیرێکی موسڵمانە (ئەو دەستەواژەیەی خەڵک بەکاریدێنێت لەم بابەتەدا بۆ وەسفی خۆیان بەکاریدێنن) لە هەل و مەرجی ئەوەی کەسایەتییەکی دەستڕۆیشتوو بن لە پرۆسەی سەرەکیی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کرۆکی ئایدیاکانی ئیسلام بۆ ئەوەی دەستەبەر بێت. بۆ بەدەستهێنانی روونکردنەوەیەکی قووڵ لە سەر پاشخان و ڕێبازیان، بڕوانە مایکڵ میکەر، "رۆشنبیرە موسڵمانە نوێکان لە کۆماری تورکیادا"، لە کتێبی *"ئیسلام لە تورکیای مۆدێمدا – ئاین و سیاسەت و ئەدەب لە دەوڵەتێکی سێکولاردا"*، ریچارد تابەر، لەندەن: ئای. بی. تۆریس و هاوبەشانی، ١٩٩١.

٤ – پارتی رەفا ٣٢,٢٪ ی دەنگەکانی کۆکردەوە لە بەرانبەر پلەی یەکەم لە ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ ٨,٣٦٪ بوو. هەروەها سێهەم گەورە رێژەی دەنگی هەرێمەکانی هەبوو جارێکی تر لە باشووری رۆژهەڵات ٢,٢٤٪. لە بەرانبەردا پارتە کوردییەکەی کاری میللی تەنها ٣,٧٪ ی دەنگەکانی هێنا فقط لە تێکڕا دەنگەکانی رۆژهەڵاتدا و ١٧,٦٪ لە باشووری رۆژهەڵاتدا. لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ دا لەلایەن دادگای دەستوورییەوە پارتی رەفا قەدەغە کرا و لە ژێر ئالای پارتی فەزیلەتدا (Fazilet Partisi) کە تازە درووستکرابوو، گەڕایەوە ناو چالاکیی سیاسی.

٥ – لە ساڵی١٩٩١دا، عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پەکەکە، بە ناوێکی خوازراوی عەلی فوراتەوە، کتێبێکی بڵاوکردەوە، بە ناونیشانی "دین سۆرونونا دێڤریمجی یاکلاسم Din Sorununa Devrimci Yaklasim" واتە (نزیکبوونەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە مەسەلەی ئاین). لەم کتێبەدا ئۆجەلان پێی لەوەنا کە دەکرێت ئیسلام رۆڵێکی پێشکەوتنخوازانە بگێڕێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هەر ململانێیەکی دژە ئیمپریالیزمدا، وەک ئەو دۆخەی کە لەگەڵ ناسیۆنالیزمپەکەکەدایە.

چاپی دووەمی کتێبەکە لە ساڵی ١٩٩٣دا دەرچوو لەگەڵ دەرکەوتنی ناوی عەبدوڵا ئۆجەلان لە سەر بەرگەکەی و دکتۆر عەلی کوجک وەک موحەڕیر.

٦ – حەمید بۆزئەرسەلان، "ناسیۆنالیزمی کوردی بەدوای پەنایەکدا دەگەڕێت لە ژێر سایەی ئیسلامدا"، رۆژنامەی *یەنی یوزیل*، ١٢ی تەمووزی ١٩٩٦.

٧ – دەیڵ ف. ئیکڵمان و جەیمس پیسکاتۆری، *"سیاسەتی ئیسلام"*، پرینستۆن: چاپخانەی زانکۆی پرینستۆن، ١٩٩٦، ل ٣٧ – ٤٥.

٨ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

٩ – هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

١٠ – عەبدوڵلا گوینەی *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، ئەنقەرە: سۆر یاینجیلیک، ١٩٩٢، ل ٤٢.

١١ – عەلی بولاک، *"کێشەی کورد لە روانگەی ئیسلامەوە"*، مارت – نیسان ١٩٩٢، ژمارە ٦١ – ٦٢، ل ٣١.

١٢ – عەلی بولاک، *"کێشەی کورد لە روانگەی ئیسلامەوە"*، رۆژنامەی *یەنی شەفەق*، ١٤ی مارتی ١٩٩٦.

١٣ – عومەر وەهبی خاتیبئۆغڵو، *"کێشەی کورد لە روانگەیەکی جیاوازەوە"*، ئەنکەرە: مەساژ یاینلەری، ١٩٩٢، ل ١٦٢.

١٤ – ئەحمەد تاشگێرترەن *"یەکجار پەنجەی پێدا بنێ و هەزار سکاڵا ببیستە"*، رۆژنامەی *یەنی شەفەق*، ٦ی شوباتی ١٩٩٦؛ عەلی بولاک، *"پاشەرۆژی کورد"*، *یەنی شەفەق*، ٣١ی تەمووزی ١٩٩٦.

١٥ – سامی زوبەیدە، لە بابەتەکەیدا "ئیسلامی تورکی و شوناسی نەتەوەیی"، *میدڵ ئیست ریپۆرت*، ٢ی نیسان – حوزێران ١٩٩٦، ل ١٤، باس لە عەلی بولاک و عیسمەت ئۆزێل و راسم ئۆزدەنۆرەن و ئوهان کوتلویر کە بەتەواوی ئاگادارن لە مەیلە سەرەکییەکان بەلای بیری رۆژئاوادا و *"زۆر باش بەئاگان و لە 'پۆستمۆدێرنە' بیرمەندەکانن (دەق بەمانای وشە لەبری وەرگرتنی تیۆرییە پۆستمۆدێرنیستەکان)"*.

١٦ – بولاک له *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ٩٥.

١٧ – گوینەی لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٣٩ ؛ پاماک لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٣٤٤ ؛ بولاک، *"کێشەی کورد لە روانگەی ئیسلامەوە"*.

١٨ – ئەندامێکی کوردی پەرلەمان بوو لە پارتی رەفا و نوێنەرایەتیی ویلایەتە شۆرەتدارەکەی دیاربەکری دەکرد و راشکاوانە بە قسە و نووسین لە سەر ستەمی دیاریکراو دەکرد لەسەر دانیشتووانی ناوچەکە و بەرگریی "ناسیۆنالیزمی ئیسلامیی" وەک دەرچە و چارەسەر.

١٩ – خەتیبئۆغلۆو، *"کێشەی کورد لە روانگەی جیاوازەوە"*، هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧.

٢٠ – تان لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥.

٢١ – بولاک لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩؛ بۆچوونێکی هاوشێوە لە لایەن عومەر وەهبی خەتیبئۆغلۆو گوزارشی لێوەکراوە لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٩.

٢٢ – هەمان سەرچاوە.

٢٣ – خەتیبئۆغلۆو لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٩.

٢٤ – محەمەد مەتینەر لە *"چۆن دەتوانرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت؟"*، ئەستەمبووڵ: نەوبەهار یاینلەری، ١٩٩٦، ل ٣٥؛ موفید یۆکسڵ، *"پرۆسەی گۆڕان لە کوردستاندا"*، ئەنقەرە: سۆر یاینجیلیک، ١٩٩٣، ل ٣٧٥.

٢٥ – مارتن ڤان برونەسن، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان"*، لەندەن: زەد بووکس، ١٩٩٢، ل ٢٣٠.

٢٦ – هەمان سەرچاوە.

٢٧ – بولاک لە *"چۆن دەتوانرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت؟"*، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥ ؛ تاشگێترەن لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٩٤، تان لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٧٢ ؛ عەبدورەحمان دیلیپاک لە *"کێشەی کورد – رۆشنبیرانمان چۆن بیردەکەنەوە؟"*، لە کتێبی مەتین سێڤەر، ئەستەمبووڵ: جەم یاینێڤی، ١٩٩٢، ل ١٢٠ – ١٢١.

٢٨ – مارتن ڤان برونەسن، "ئیسلامی میللیی ناسیۆنالیزمی کورد و راپەڕینی دێهات: یاخیبوونی شێخ سەعید لە تورکیادا (١٩٢٥)" لە کتێبی، *"ئاین و راپەڕینی دێهات"*، جانۆس م. باک و گێرهارد بانێکە، مانچستەر، نیوهامپشایەر: چاپخانەی زانکۆی مانچستەر، ١٩٨٤، ل ٢٨١ – ٢٩٥. حەمید بۆز ئەرسەلان هاوڕایە لە هەمان خاڵدا "رەهەندە سیاسییەکانی کێشەی کورد لە تورکیای هاوچەرخدا"، لە کتێبی *"کورد – پێداچوونەوەیەکی هاوچەرخانە"*، بڵاوکردنەوەی فیلیپ جی. کرەینبرۆک و ستێڤان سپێرڵ، لەندەن و نیویۆرک: رۆتلێج، ١٩٩٢، ل ٩٦.

٢٩ – تان لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ١١٨.

٣٠ – یوکسەڵ، *"پرۆسەی گۆڕان لە کوردستاندا"*، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٩.

٣١ – هەمان سەرچاوە، ل ١٩٣.

٣٢ – هەمان سەرچاوە، ١٩٤.

٣٣ – تان لە *"چۆن دەتوانرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت؟"*، هەمان سەرچاوە، ل ٧٢.

٣٤ – ئەمە یەکێکە لە ئەنجامەکانی راپۆرتێکە کە گرووپێکی بەرژەوەندیی ئابووریی دەوڵەت دۆست بلاویکردووەتەوە لەگەڵ یەکێتیی ژووری بازرگانی و ئاڵوگۆڕی شمەک و کاڵادا، کە لە تەمووزی ١٩٩٥دا بڵاوکراوەتەوە. بە پێی ئەم راپۆرتە ٤٠,٣٪ وەڵامدەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بە ئیتنیک کوردبوون بنەمای ناسنامەیانە، لەبەرانبەر تەنها ٢٢,٣٪ کە خۆیان بە تورک دادەنێن.

٣٥ – بۆزئەرسەلان، *"رەهەندە سیاسییەکانی کێشەی کورد لە تورکیای هاوچەرخدا"*، هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

٣٦ – تاشگێترەن، لە *"چۆن دەتوانرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت؟"*، هەمان سەرچاوە، ل ٩٤.

٣٧ – بولاک لە *"کێشەی کورد – رۆشنبیرانمان چۆن بێردەکەنەوە؟"*، هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

٣٨ – تان لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢.

٣٩ – هانپۆغڵوو، *"کێشەی کورد لە روانگەی جیاوازەوە"*، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

٤٠ – دیلیپاک لە *"کێشەی کورد – رۆشنبیرانمان چۆن بیردەکەنەوە؟"*، هەمان سەرچاوە، ل ١١٥.

٤١ – بولاک لە هەمان سەرچاوەدا، ل ١٠٢؛ دیلیپاک لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٨٤.

٤٢ – بولاک لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٩٨.

٤٣ – پاماک لە *"لێکۆڵینەوەی کورددا"*، هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٨.

٤٤ – مەتینەر لە *"چۆن دەتوانرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت؟"*، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

٤٥ – تان لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٧٣.

٤٦ – تواج لە هەمان سەچاوەدا، ل ١٤٤.

٤٧ – محەمەد مەتینەر، *"هەستەوەریی پارتی رەفا سەبارەت بە باشووری رۆژهەلات"*، رۆژنامەی *میللی گازێتە*، ٢٧ی ئابی ١٩٩٦.

٤٨ – تان لە *"چۆن دەتوانرێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت؟"*، هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

٤٩ – قەرە لە هەمان سەرچاوەدا، ل ٥٤.

٥٠ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

٥١ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

٥٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

٥٣ – خەتیبئۆغڵوو، *"کێشەی کورد لە روانگەی جیاوازەوە"*، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩ – ١٨٠.

٥٤ – عەبدورەحمان دیلیپاک، *"رێبازی ئەربەکان"*، ٢٥ی تەمووزی ١٩٩٦.

٥٥ – بولاک لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ٩٥.

٥٦ – عەلی بولاک لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە کەناڵی ٧، ٢٨ی ئابی ١٩٩٦.

٥٧ – هەمان سەرچاوە.

٥٨ – کەمال ئۆزتورک، *"سڵکردن جێگەی دڵگەرمیی گرتووەتەوە"*، رۆژنامەی *یەنی شەفەق* ٢٠ی تەمووزی ١٩٩٦؛ یێڵماز یاڵچنەر، *"ئێمە دەبێت پاڵپشتی گەران بەدوای چارەسەرێکدا بین"*، رۆژنامەی *ئاکیت* ٨ی ئابی ١٩٩٦؛ عەلی بولاک، *"چاوەروانییەکان لە پارتی رەفاوە"*، ٢٥ی تەمووزی ١٩٩٦.

٥٩ – چەکوشی ئامادە (Poised Hammer (PH بەشێکە لە ئۆپەراسیۆنی سەلامەتی دابینکردن(Operation Provide Comfort (OPC کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا رایگەیاند (بەپاڵپشتیی بەریتانیای مەزن و تورکیا و فەرەنسا) کاتێ کە سەددام حوسێن یاخیبوونێکی کوردەکانی تێکشکاند و سێسەد هەزاریانی ناچارکرد هەڵبین بۆ تورکیا. پرۆسەی OPC پەناگەیەکی سەلامەتی بۆ کوردەکانی باکووری عێراق دامەزراند لە سەرووی هێڵی پانی ٣٦وە. ئۆپەراسیۆنەکە بریتی بوو لە هێزی ئاسمانی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا و چەکوشی ئامادە کە بنکەکەی لە تورکیا بوو و فرۆکە جەنگییەکانی ئاسمانی ناوچە پارێزراوەکەدا دەسووڕایەوە و هەموو شەش مانگ جارێک دەبوو لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە نوێ بکرایەتەوە، بێجگە لە هێزێکی سەربازیی بچووک لە زاخۆی باکووری عێراق و یارمەتیی فریاگوزاری کە بەسەر کوردەکاندا دابەش دەکرا. حکوومەت بە سەرۆکایەتیی پارتی رەفا لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٩٦دا ماندێتی پرۆسەی چەکوشی ئامادەی تازە کردەوە. لە هەمان کاتیشدا لە٣١ی ئابدا، سەددام حوسێن سیاسەتی خۆی لە باکووردا گۆڕی و پشتگیریی لایەنێکی کوردیی کرد، لە شەڕ و ململانێدا، دژ بە لایەکی تر. تورکیا پشتگیریی ئەم تێوەگلانەی کرد بەو هیوایەی هێزەکانی بارزانی دواتر پەکەکە سەرکوت بکات کە لە ناوچەکەدا جێپێی خۆی قایم کردبوو. ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە تارادەیەک سیاسەتی ئەمریکای ناپێویست کرد لە مەسەلەی پەناگەی ئارامی باکووری عێراقدا و بەوپێیە لە ٣١ی دیسەمبەری ١٩٩٦دا پرۆسەی چەکوشی ئامادە کۆتایی هات و رۆڵ و قەبارەی OPC کەمبووەوە. رووданی ئەم پەرەسەندنە بەو هۆیەوە نەبوو کە پارتی رەها ویستبێتی، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا گۆڕابوو. پاشان چەکوشی ئامادە گۆڕا بە پرۆسەی چاودێریی باکوور Northern Watch.

٦٠ – بڕوانە حوسێن گویلەرجە "ئاخۆ هەوڵدانی ئەم دواییە بۆسەیە؟"، ڕۆژنامەی *زەمان*، ٨ی ئابی١٩٩٦؛ عوسمان گویزەل گوێز، *"ئاخۆ قسە کردن لەگەڵ پەکەکە ڕاستە؟"*، ڕۆژنامەی *زەمان*، ٨ی ئابی ١٩٩٦.

٦١ – نوێنەرەکە ئیسماعیل نەجاڕە و نەیارەکە فەهمی کۆرووە، *"ئامانجەکە ڕاستە بەڵام ئامرازەکە هەڵەیە"*، ڕۆژنامەی *زەمان*، ٥ی ئابی ١٩٩٦.

٦٢ – ئەحمەد تاشگێترەن "با چەکوشی ئامادە ببێتە سوپای پێنجەم لە تورکیادا"، *یەنی شەفەق*، ٣٠ی مارتی ١٩٩٦؛ ئەحمەد تاشگێترەن، *"نەجمەدین و پانزە هەڤاڵەکەی"*، *یەنی شەفەق*،٢٢ی تەمووزی ١٩٩٦؛ عومەر فورکان نەزیر، *"یەکەم تاقیکردنەوەی پارتی ڕەفا لە دەسەڵاتدا: چەکوشی ئامادە"*، *یەنی شەفەق*، ٢٠ی تەمووزی١٩٩٦ ؛ ئەحمەد سەلیم، *"ئەم چیرۆکە هەر دەبێت بگاتە کۆتاییەک"*، ڕۆژنامەی *زەمان* ٢٤ی تەمووزی ١٩٩٦ ؛ عەبدوڕەحمان دیلیپاک، *"بیروباوەڕی ئەربەکان"*، ڕۆژنامەی *ئاکیت* ٢٥ی تەمووزی ١٩٩٦.

٦٣ – عەلی بولاک، *"بۆچی چەکوشی ئامادە پێویستە؟"*، ڕۆژنامەی *یەنی شەفەق*، ٣٠ی تەمووزی ١٩٩٦؛ عەبدوڕەحمان دیلیپاک، *"دیاردەی ئاڵا"*، ڕۆژنامەی *ئاکیت* ٢٦ی تەمووزی ١٩٩٦.

٦٤ – یەشار کاپڵان، *"مەیل و ئاڕاستە نوێکان لە چەکوشی ئامادەدا"*، ڕۆژنامەی *ئاکیت* ٢٩ی تەمووزی ١٩٩٦.

٦٥ – ئەحمەد تاشگێترەن باس لەو هەستە ناخۆش و خراپانە دەکات کە لە دیاربەکر تووشی بووە لەبارەی نووسەرە موسڵمانەکانەوە، بەتایبەتی عەلی بولاک، کە ناچێتە ناوچەکە .(Tasgetiren in 'Bir Dokun Bin Ah Isit', op. cit.). بۆ گاڵتەجاڕییەکی تەواو، دە مانگ دواتر، نووسەری مەسەلەکە، عەلی بولاکیش سکاڵا لەدەست بایەخنەدانی *"ژینگە و دەوروبەری ئیسلامی دەکرد لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا"* دەکات لە دەرەوەی ناوچەکەدا (Ali Bulac, 'Guneydogunun Psikolojisi')، *یەنی شەفەق*، ٦ی دیسەمبەری ١٩٩٦.

٦٦ – بولاک لە *"لێکۆڵینەوە لە سەر کورد"*، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.

٦٧ – مارتن ڤان برونەسن باس لەوە دەکات کەوا هەرچەندە ئەم تەریقەتە لە سەدەی سیازدەدا دامەزراوە، بەڵام زۆر درەنگتر گەیشتووەتە ناوچەکە. لقەکانی تری تەریقەتی نەقشبەندی لە سەدەی حەڤدەوە لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەریقەتە شوێن و پێگەیەکی وای لە کوردستاندا نەگرت تا ئەو کاتەی مەولانا خالید لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا کەوتە چالاکیی بانگەشە کردن بۆ ئەم ڕێبازە و تەریقەتی خالیدی باڵادەستیی پەیداکرد بەسەر تەریقەتەکانی تردا، کە سەرەکیترینیان قادری بوو. بروانە مارتن ڤان برونەسن، "ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستانی سەدەی حەڤدەهەمدا"، لە کتێبی مارک گابوریۆ و ئەوانیتردا، *"نەقشبەندیی"*؛ ئەستەمبووڵ: ISIS Yayincilik, ١٩٩٠. بەهەمان شێوە حەمید ئاڵگەر شوێن پەیوەندیی تورکی دەکەوێت بە نەقشبەندییەوە تا سەدەی پانزەهەم: حەمید ئاڵگەر، "نەقشبەندی لە تورکیای کۆماریدا"، *گۆڤاری ڕاپۆرتی جیهانی ئیسلامی Islamic World Report*، بەرگی ١، ژمارە ٣، ١٩٩٦، لاپەڕە ٥٢.

٦٨ – مارتن ڤان برونەسن، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا"*، هەمان سەرچاوە، ل ٧.

٦٩ – لالە یاڵچین هەکمان، "ئیسلامی ئیتنیکی و ناسیۆنالیزم لە ناو کوردەکانی تورکیادا"، لە کتێبی ریچارد تاپەر، *"ئیسلام لە تورکیای مۆدێرندا – ئاین و سیاسەت و ئەدەب لە دەوڵەتێکی سێکولاردا"*، لەندەن و نیویۆرک، ئای. بی. تۆریس و هاوبەشانی، ١٩٩١، ل ١١٨.

٧٠ – ئاڵگەر، "ڕێبازی نەقشبەندی لە تورکیای کۆماریدا"، هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.

٧١ – هاکان یاڤوز، "شێوازەکانی شوناسی ئیسلامی سیاسی: داینامیکی دڵسۆزی و شوناسی نەتەوەیی و بان نەتەوەیی"، *گۆڤاری رووماڵی ئاسیای ناوەڕاست، Central Asian Survey*، بەرگی ٣، ١٩٩٥، ل ٣٥٥.

٧٢ – رۆبەرت ئۆڵسن، "درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە ساڵانی ١٩٩٠کاندا"، *گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی باشووری ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، Journal of South Asian and Middle Eastern Studies*، بەرگی ١٥، ژمارە ٤، هاوینی ١٩٩٢، ل ١٤.

٧٣ – حەمید بۆزئەرسەلان، "رەهەندە سیاسییەکانی کێشەی کورد لە تورکیای هاوچەرخدا"، لە کتێبی *"کوردەکان: پێداچوونەوە هاوچەرخەکان"ی* فیلیپ جی. کرەینبرۆک و ستێڤان سپێرڵ، لەندەن: رۆتلێج، ١٩٩٢، ل ٩٩.

٧٤ – دێڤید ماکدواڵ، *"مێژووی نوێی کوردەکان"*؛ لەندەن: ئای. بی. تۆریس و هاوبەشانی، ١٩٩١، ل ٢١١.

٧٥ – یاڤوز، هەمان سەرچاوە، ل ٣٤١.

٧٦ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٨.

٧٧ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٤١.

# ٦

# کوردایەتی:

# هاوکاریی نێوان کوردان و تێپەڕاندنی سنوورەکان

# لە سەردەمی جەنگ و هێدمەکاندا

**ویلیەم گۆرلەی**

پرۆفیسۆر لە زانکۆی مۆناش، کۆڵفیلدی رۆژهەلات – ئوسترالیا

○ **ویلیەم گۆرلەی** William Gourley

پرۆفیسۆرە لە زانکۆی مۆناش لە ئوسترالیا، بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لێکۆڵینەوە لە سەر تورکیا و کێشەی کورد لە تورکیا و ناسیۆنالیزم دەکات. لە خوارەوە بەشێک لە بابەت و باسەکانی دەخەینەڕوو:

- کورد لە ئێران: هاوسەنگیی شوناسی نیشتمانی و ئیتنیکی لە کەشێکی ئارامدا، ٢٠١٩.
- کورد و "ئەوانیتر": سیاسەتی کوردی وەک ئامرازێکی گشتگیر و فرە ئیتنیک لە تورکیادا، ٢٠١٨.
- سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق بەرەو ئەوە دەڕوات کە مەترسی دروست بکات بۆ رۆژئاوا.
- "ریفراندۆمی" کوردەکانی عێراق: هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی، یان شێواویی ناوچەیی.
- تورکیا: لە چاویلکەیەکی تەسکەوە دەڕوانێتە سیاسەتی کوردی.
- رزگارکردنی کۆبانێ: ئەو شارەی کە جیهان رێگە نادات رادەستی داعش بکرێت.
- پشتیوانیی رۆژئاوا کوردەکان دەهێڵێتەوە لە گەمەی دژ بە داعشدا.
- ئاشتیی تورک و کورد، ئاخۆ کاتی هاتووە؟
- وەک قەیرانەکان بەتوندی بەرۆکی عێراقیان گرتووە، ئاخۆ دەوڵەتی کوردی خەریکە بێتەکایەوە؟
- کوردەکان رێگەیەک بۆپێشەوە دەدۆزنەوە لە عێراقێکی بێسەروبەرەدا.
- بەهاری کوردی لە تورکیادا.

## کورتەیەک

هێـرش و پێشـڕەویی داعـش لە نێـو تـرس و تـۆقینی شـەڕی نـاوخۆی سـووریادا هێـز و گـوژمێکی زۆری بەرپـاکرد بـۆ خولقانـدنی هاوکـاری و هـاوکۆیی سیاسـی لە نێـو کوردەکانـدا بەدەر لەو سـنوورە نێودەوڵەتییـانەی دابەشی کردوون. ئەم باسەی *کوردایەتی Kurdayetî*، لە ناسنامەی کورد و ئەو شێوازانە دەدوێت کە قەیرانە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا درووستدەبێت. لە نێو ڕووداوە پڕ تەمومژ و تێکەڵ و پێکەڵەکاندا دانیشتوانە کـوردەکەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کە پێشـتر دابەشـکرابوون ئـاوێتەبوون و هاوکاریی نێوانیان زیاتر کرد لەمدیو و ئەودیوی سنوورەکانەوە. لە باکووری سـووریادا، کۆبـاني بـوو بە گێژەنێک لە هیـوا و ئـاوات و تـرس و دڵەڕاوکێـی کورد و لە هەمان کاتدا بوو بە خاڵی کۆکەرەوە و پێشمەرگە لە کوردستانی عێراقەوە بەسـەر تورکیـادا دەڕۆیشـتنە ئەوێ بـۆ یارمەتیدان لە سـووککردنی گەمـارۆی داعـش بـۆ شـارەکە. هاوزەمـانیش گـرووپە سیاسـییە کوردەکـان و بەتـایبەتی پـارتی یەکێتیـی دیمـوکراتی لە سـووریا پەیەدە PYD و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتی ستراتیجییان دەستەبەر کردبوو، کە ئەمەش لە هەندێ ناوەنددا هیوا و چاوەڕوانیی هەل و دەرفەتی زیـاتری سـەربەخۆیی لێدکرا. هەروەها هێزە سەربازییەکانی کورد دانپێدانانی نێودەوڵەتی و (هەنـدێ پشـتگیریی لۆجستیکیشـیان) بەدەسـتهێنا بـۆ ئەو ڕۆڵە گـرنگەی کە گێڕایـان لە بەگژداچوونەوەی داعشدا، بەڵام ئەمە بە ڕۆڵی خۆی بوو بە هـۆی زیـادبوونی مەترسی لە ناو وڵاتانی ناوچەکەدا و لە سەرووی هەمووشیانەوە تورکیا، کە

بە شێوەیەکی نەریتی هەمیشە بەسڵە و لەپارێزدایە بۆ هەر پێشکەوتنێکی سیاسیی کورد. ئەم باسە ئەو زانیارییە ئیتنۆگرافییانە لەخۆدەگرێت کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ لە دیاربەکر و ئەستەمبوول کۆکراونەتەوە، بۆ شیکاریی ئەو هێز و گوڕەی لەو هاوکاری و بڕوابەخۆبوون و سووربوونی سیاسییەدا لە ناو کوردەکاندا هاتووەتە ئاراوە و روو لەزیادبوون و هەڵکشانە.

کوردەکان بەوە ناوبانگیان رۆیشتووە کە گەلێکی دابەشکراون و داستانگێڕەوەی مەم و زین وای دەلاوێنێتەوە کە وا کورد سروشتیان "نایەکگرتوو و هەمیشە یاخین"[١]. پەندێک هەیە کە زۆر دووبارە دەبێتەوە وەک رەنگدانەوەی ناڕێکی و ناجۆریی سیاسیی کورد کە دەڵێت "ئەگەر کەڵەشێر لە ئاواییدا زۆر بوو خەڵکی درەنگ خەبەریان دەبێتەوە". کوردەکان کە چەندین سەدەیە لە باکووری میزۆپۆتامیادا دەژین، لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمدا لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆریێتی عوسمانیدا دابەشکران. دواتر لە پاش چوار سەدە و کاتێ کە بەریتانیا و فەرەنسای سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا خاکی دەوڵەتی عوسمانییان دابەشکرد، کوردەکان هیچ مافێکیان پێنەدرا و دەوڵەتیان بۆ دروستنەکرا و بگرە کوردستان، کە خاکی مێژووییان بوو بە سەر سێ دەوڵەتی نوێی عێراق و سووریا و تورکیادا بەشکرا، بەجۆرێک کە وا کوردەکان بوون بە کەمینەیەکی ئیتنیکی لە هەر دەوڵەتێکیاندا و بە هەمان شێوە لە ئێرانیشدا. لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە گەلێ لە زانا و توێژەران سروشت و پتەویی ناسنامەی کوردیان لێکداوەتەوە و لەم رووەوە دێڤید ماکدواڵ تێبینیی ئەوە دەکات کە مێژووی نوێی کورد دوو جۆر تایبەتمەندیی هەیە لە خەبات و تێکۆشانیدا، یەکەمیان دژی حکوومەتی ئەو دوڵەتە نەتەوەییانەیە کە وا گەلانی کوردیان تێدا

دەژی و دووەمیش بۆ هێنانەدی هەست و هۆشێکی پتەوە بە کۆمەڵگە و میللەت لەناوخۆیدا[٢].

جگە لەوەش، هاکان یاڤوز چەندوچوون لە سەر ئەوە دەکات کە دابەشبوونی ناوچەیی و ئایینی و زمان ڕێگە لە پەیدابوونی ئەوە دەگرێت کە پێیدەوترێت "ناسنامەی کوردیی پڕ و تەواو"[٣]، بەڵام بەپێچەوانەوە، کەندال نەزان، لە کۆنفرانسێکی پان – کوردیزمدا ساڵی ١٩٩٠، باس لە پابەندبوون بە خولیای نەتەوەیی دەکات سەرباری 'دابڕانی تەواو' و نەبوونی پەیوەندی و مەودای دووری نێوان خاک و ناوچەکانیان. هەروەها پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە وا "کوردبوونت بە مانای هاوبەشیت دێت لە هەمان ئەو شوناسە کولتووری و فەرهەنگییەی کە وا چەندین سەدەی مێژوو گەڵاڵەی کردووە"[٤].

ئەم باس و خواسە وێناکردنی کەندال نەزان پەرەپێدەدات لەبارەی هاوبەشییەکی کوردانەی ناسنامەی کولتووری و فەرهەنگییەوە بۆ لێکدانەوە و تاوتوێ کردنی ئایدیای کوردایەتی و ناسنامەی پان – کوردیزم و یەکگرتوویی و مەودای ئەمانە روون و دیارە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی کورددا. کەچی هەندێ جار وا چاو لە کوردایەتی دەکرێت کە شێوەیەکە لە ناسیۆنالیزمی کوردی و خولیا و ئارەزووی دامەزراندنی نیشتمانێکی سەربەخۆی هەیە بۆ کورد[٥] بەڵام من دەیخەمە شوێنێکی تر و بە فۆرمێکی ناسنامەی سیاسیی هاوبەشی دادەنێم، کە سنوورەکان دەبەزێنێت و بە زەروورەت لە سەر داواکاریی هەرێمایەتی ناوەستێت، بەڵکو پێدەچێت فۆرمێکی سەرمایەی سیاسی بێت بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندیی کورد و پشتگیریی داواکارییە سیاسییەکانی لە بارودۆخی ستراتیجیی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا. من لەم نووسینەمدا پێ لە سەر ئەوە دادەگرم

که وا کوردایەتی روونتر خۆی فۆرمەڵە دەکات و بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا و لە نێو قەیران و شۆکی شەڕی ناوخۆی سووریادا و لە کاتی پەیدابوون و دەرکەوتنی ئەوەی کە پێیدەوترێت "دەوڵەتی ئیسلامی لە شام و عێراق" یان داعش (ISIS) لە ساڵی ٢٠١٤دا و هەوڵیدا ئەو خاکە داگیر بکات کە لە ژێر دەسەڵاتی کوردەکاندا بوو. لێرە بەدواوە کوردایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و کۆمەڵگە کوردییەکان لە سەرانسەری تورکیا و سووریا و عێراقدا کەوتنە هەماهەنگی و هاوکاری کردنی یەکتر بۆ پاراستنی خۆیان لەم هەڕەشە سەربازییانە. هەڵبەت هەستکردن بە هاوکاریی یەکتر لە پشت سنوورەکانەوە بەهێزتر و پتەوتر بوو کاتێ کوردەکان لەوە ئاگادار بوونەوە کە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تێیدا دەژین ئارەزووی پارێزگارییان ناکەن لەڕووی فیزیکییەوە و بەرژەوەندیی کوردیان فەرامۆش کردووە. باسەکە لە ئایدیای کوردەواری دەدوێت، هەر لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنیەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە و بە شێوەیەکی تایبەتیش تیشک دەخاتە سەر کاریگەریی شەڕی دژ بە داعش و شەڕی کۆبانی لە باکووری سووریا. هەروەها بابەتەکە ئەو داتا و زانیارییانە لەخۆدەگرێت کە لە ناو کۆمەڵگە کوردییەکانی ئەستەمبووڵ و دیاربەکردا کۆکراونەتەوە لە ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ٢٠١٤ و مایس و حوزێرانی ٢٠١٥دا.

کوردایەتی، وەک شێوەیەک لە شێوەکانی ناسنامەی بەکۆمەڵ، جێگیر نیە یان لەخۆڕا قابیلی تێگەیشتن نیە لەئاستی جیهاندا[٦]، بەڵکو ئەویش وەک رەگەز (نەژاد، ئیتنیک) و گەل و نەتەوە کاریگەریی گوتار و هێزە سیاسییەکان و "رووداوە کوتوپڕەکانی" لەسەرە و چوارچێوەی ئەو کاریگەریانەش وەردەگرێت[٧] و بەو پێیەش باسەکە تاوتوێی ئەو "رووداوە کوتوپڕانە" دەکات کە بووە بە هاندەر و مایەی سەرهەڵدانی کوردایەتی وەک شێوەیەک لە

شێوەکانی هاوکاری و بە توندی جەختکردنەوە لە سەر شوناس. ئاخۆ ئەو ڕووداوانە چیبوون و بۆچی و چۆن هاندەری هەماهەنگی و هاوکاری بوون؟ ئەی چۆن گەلاڵەی کوردایەتییان کردووە؟ هەروەها بابەتەکە لە شوێنەواری جیۆستراتیجیی هەڵکشانی هەست و هۆشی کوردی دەدوێت سەبارەت بە هاوکۆیی و هاوکاریی کورد بەدەر لەو سنوورە سیاسییانەی لێکتری دابڕیون. ئاخۆ ئاسەواری ئەمە چیە بۆ دانیشتوانی کورد و یاریکەرە هەرێمییەکانی تر؟ من وایبۆدەچم کە قەیرانەکان لەو ژینگە ستراتیجییە ئاڵۆزەدا بووە بە هاندەری کوردەکان بۆ ئەوەی هاوکاریی یەکتر بکەن وەک کاردانەوەیەکی بەرگریکارانە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەل و دەرفەتی ئەوەشی خوڵقاندووە بۆ ئەوەی کوردەکان هاوکاریی یەکتر بکەن و سوودیشیان لێببینی و بەو پێیەش سەرنج و شەرعییەتی نێودەوڵەتییان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد و ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هاندەری کوردەکان خۆیان کە شانازیی بە ناسنامەی نەتەوەیی کوردیی خۆیانەوە بکەن.

## باوەڕبوون بە شوناسی گرووپ و هاوکاریکردنی یەکتر

مارتن ڤان برونەسن دەڵێت کە وا لە تورکیادا سنوور و پێوەرێکی قبووڵکراو نیە کە وا کۆدەنگیی لە سەر بێت و کوردبوون دیاری بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان هەستێکی توند دەکەن بە جیاکاریی ڕەگەزی[٨]. بە هەمان شێوە ئەمە بە سەر ئەو کوردانەشدا دەسەپێت کە لە ئێران و عێراق و سووریا چاوم پێیان کەوتووە دان بە جیاکاریدا دەنێن، بەڵام بە شکۆ و شانازییەوە جەخت لە سەر کوردبوونی خۆیان دەکەن بەو پێیەی ناسنامەیەکی هاوبەشیانە و سنوورەکان دەبەزێنن. تۆماس هایلاند ئەریکسن مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە وا شوناس لە میانەی دوو پرۆسەی یەکتر

تەواوکەردا دروووست دەبێت. یەکەمیان، هەستێکی "ئێمە we" لە میانەی پشت بەیەکتر بەستن و کۆکبوونی ناوخۆیی درووست دەبێت کە وا ئەوەی ئێمە دەیکەین و لەگەڵ ئەوانیتردا هاوبەشین ئەوە دیاری دەکات کە ئێمە کێین وەک نەتەوە. دووەمیان، هەستکردن بە "خۆمان us" بە دژواری لەگەڵ ئەویتر درووست دەبێت[٩]. لێرەدا، ئەویتر بە شێوەیەکی جیاواز لەوان تەماشای "خۆمان" دەکات و ئەگەر هەڕەشەیەک یان کێبەرکێیەکی دۆزییەوە ئەوە هەوڵی دەستدرێژییەک بۆ سەرمان یان پەلامارمان دەدات. هەردوک ئەم میکانیزمانە لە کوردایەتیدا کاردەکەن ئەگەر کوردەکان تیشک بخەنە سەر مەسەلە هاوبەشەکانیان و جەخت لە سەر ئەوە بکەن کە "ئێمە"ی کورد، بە گوێرەی ئەم باسە، کاردانەوەمان دەبێت بۆ هێزە دەرەکییەکان و تیشک دەخەینە سەر ئەو فشارەی دەکەوێتە سەر "خۆمان" کە کوردین.

دیاریکردنی ئێریکسن بۆ ئەو رۆڵەی "ئێمەمانان we – ness" دەیگێڕین لە پێکهێنانی ناسنامەدا لەگەڵ توخمەکانی ئەنتۆنی سمیثدا بۆ پێناسە کردنی گرووپێکی ئیتنیکی وەک ناوێکی گونجاوی بەکۆمەڵی هاوبەش، ئەفسانەی بنەچە و ریشەی هاوبەش، یادەوەرییە هاوبەشەکان، فەرهەنگ و کولتووری هاوبەش، نیشتمان و هەستی یەکگرتن و کۆکبوون وێکدێتەوە[١٠]. هەموو ئەمانە کەرتی گەورە گەورەی دانیشتوانی دەستنیشانکراو تێیدا هاوبەشن و هاوبەشییەکە ئەوە دیاری دەکات کە وا "ئێمە" کێین. هەروەها "خۆمانەیی us – ness" کەی ئێریکسن لە گەلێک لەم نموونانەدا سەرهەڵدەدات و بەتایبەتی لە یادەوەرییە مێژووییە هاوبەشەکاندا و لەو نموونانەشدا کە ئەویتر شەڕ لەدژی "خۆمان us" دەکەن. لە بارودۆخی لەم چەشنەدا کە سمیث بە شێوەیەکی تایبەت جەختی لە سەر دەکات هاوکاری و هاوکۆیی کاریگەر و بەهێزە. ئەو "خۆمانەی us" کە لە بەردەمی هێرش و پەلاماردایە

دەبێت خۆبکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی، ناسنامەی بەکۆمەڵ و کاری هاوبەش کە دەکرێت دواتر جێبەجێ بکرێت و پێویست دەبێت بۆ خۆلادان لە هەڕەشە دەرەکییەکان.

سمیث درک بەوە دەکات کە خاسییەتی جیاکاری ناسنامە نەژادییەکە کاریگەریی بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت. بەهەمان شێوە رۆجەرز بروبەیکەر مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە وا "گرووپبەندی" یان پێناسەی کۆمەڵگەیی "جێگیر نیە و دەگۆڕێت و چاوەڕوانکراو نیە" و بەم پێیە دەکرێت وا لە "گرووپبەندی" بگەین کە "قۆناخی نائاسایی یەکگرتنە و ساتەوەختی چڕی هاوکۆیی کۆمەڵایەتییە و ... بواری ئەوەمان دەدات کە وەک "ڕووداوێک" مامەڵە لە تەک گرووپبەندیدا بکەین و ئەمەش مەسەلەیەکە ڕوودەدات[١١]. واتە پێناسە و دیاریکردنی کۆمەڵگەیی چڕ پچڕپچڕە و تەنها لە کاتی تایبەت و دیاریکراودا دەردەکەوێت. بۆ هەڵگێڕانەوەی ئەم مەسەلەیە، رەنگە بڵێین کە "گرووپبەندی" ڕووداوەکان پاڵنەریانن یان درووستی دەکەن بە ئەندازەی ئەوەی خۆیان لە خۆیاندا ڕووداو بن و ئەمانە دەبێت ڕووداوگەلێک بن کە ببنە هۆکاری ئەم "یەکگرتنە نائاساییە" و ئەم "هاوکۆییە بەچڕی هەستپێکراوە". ئەمانە لەلایەن گرووپ و هێزە دەرەکییەکانەوە دەسەپێنرێن، وەک لە بنەما و ڕێساکانی جۆرج سیممێڵدا هاتووە و دەڵێت کە وا یەکگرتنی پتەوی ناوخۆیی گرووپێک بەستراوە بە ڕادەی ئەو فشارە دەرەکییەوە کە دەکەوێتە سەر گرووپەکە[١٢].

ئەم باسە تیشک دەخاتە سەر ئەوانە، لەکاتێکدا کە ئەوانیتر، چ حکوومەتە هەرێمییەکان بن یان ئەو لایەنە سەربازییە کاریگەرانە بن کە سەر بە دەوڵەتن و کوردەکان دەچەوسێننەوە و فشاریان دەخەنەسەر.

## سنوورەکان: ئاخۆ دابەشبوون یان هەر بە ناوە؟

بە دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا، دانیشتوانی کورد کەوتنە بارودۆخی کەمینەوە لە عێراق و سووریا و تورکیا و هەروەها لە ئێرانیش کە رژێمێکی شاهەنشاهیی نوێ پەیڕەویی سیاسەتێکی ناسیۆنالیستیی کرد و بە زۆر کورد و کەمینە زمانییەکانی تری ناچار کرد بە فارسی قسە بکەن.

بەهەرحاڵ، سنوورە سەپێنراوە نوێکان بەتەواوی رێگر نەبوون لەبەردەم بەزاندن و تێپەڕاندنیدا و هەستی نەتەوایەتی و ناسنامەی کوردی هەر بەردەوام بوو ئەگەرچی هاوچەشن نەبوو و دواتر پەرەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینی. لێرە بەدواوە حکوومەتەکانی دەوڵەتە نوێکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنوورەکانی خۆیان بە سەربەخۆ لەقەڵەمدا کە قابیلی تێپەڕاندن و بەزاندن نەبن. نەخشەکێشانی ئەو سنوورە دەستکرد و بەزۆر سەپێنراوانە خێڵ و خێزان و کۆمەڵگە کوردییەکانیان دابەش کرد. لە کاردانەوەی ئەوەدا جموجووڵی ئەمدیو و ئەودیوکردنی سنوور بوو بە مەسەلەیەکی سروشتی و ئاسایی بۆ ئەو کۆمەڵگە دابەشکراوانە لەبەر دووری و بەئاسانی نەگەیشتنی کاربەدەستە حکوومییەکان بۆ بەشێکی گەورەی ئەو ناوچە سنوورییانە[١٣]. بەم رەنگە بەزاندن و ئەمبەر و ئەوبەرکردنی سنوور دیاردەیەکی نوێ نەبوو بۆ بەشێک لە کوردەکان و لە ساڵانی ١٩٩٠کانیشەوە لە ئەنجامی جیهانگیری و پەیوەندیی جەماوەریی خەڵک ئەو مەسەلەیە زیادی کردووە. کوردێکی خەڵکی دۆغوبایەزیدی نزیک سنووری تورکیا – ئێران، ئاگاداری کردمەوە کە لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا کاتێ کە ئەم منداڵ بووە پەڕینەوە بۆ ناو ئێران کارێکی رۆتین بووە و کاڵا و شمەکیش بە رێکوپێکی بە قاچاخ گوێزراوەتەوە بۆ هەردوو دیوی سنووری تورکیا و ئێران[١٤]. هەڵبەت هاتوچۆ و لە سنوور

پەڕینەوە تەنها شمەک و کاڵای مادیی نەگرتبووەوە بەڵکو بیر و ئایدیۆلۆجیای سیاسیشی لێوە دەپەڕییەوە[١٥]. لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستدا شانبەشانی قاچاخچێتی بە کاڵا و شمەکەوە لە نێوان سووریا و تورکیادا زانیاری و بیر و ئایدیای ناسیۆنالیستیی قەدەغەش لە سنوورەکانەوە تێپەڕیان دەکرد[١٦].

ئەو پرۆسە سەرکوتکاریانەی کوردەکان تووشیان هاتن لەسەردەستی رژێمە ناسیۆنالیست یان نەتەوەییەکانی ئێران و دەوڵەتە نوێکان ناچاری دەکردن کە سنوور نەخوێننەوە و بیبەزێنن. بێگومان هەوڵدان بۆ تواندنەوە و خنکاندنی ناسنامە و کولتووری کورد، بەتایبەتی لە تورکیادا، بە مانای ئەوە دەهات کە تەنها لە دەرەوەی سنوورەکان دەکرێت کوردبوون بپارێزرێت. نموونەیەک بۆ ئەوە پەخشکردنی پرۆگرامەکان بوو بە زمانی کوردی لە رادیۆی یەریڤانەوە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠کانەوە. ئەمانە کاریگەرییەکی بووژانەوەیان هەبوو بۆ کوردەکان لە تورکیادا، کە پەخشی رادیۆ و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییان لێ قەدەغە کرابوو بە زمانی کوردی، کە بە نهێنی گوێیان لە پەخشی ئەو رادیۆیە دەگرت بە زمانی دایکیان. پەخشی رادیۆی یەریڤان هانی درووستبوونی هۆشیارییەکی بەکۆمەڵی دەدا و هەستێکی "ئێمەیی we – ness"ی لە ناو کوردەکاندا دروست دەکرد، لە هەرکوێیەک گوێبیستی بوونایە، لە تورکیا، سووریا، ئێران یان عێراق بوایە[١٧].

بەم دواییانە و لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی کەنداودا، ساڵانی ١٩٩٠ – ١٩٩١، زۆرێک لە کوردەکان تۆڕی پەیوەندیی سنووربەزێنیان درووستکردووە و لەگەڵ میدیا نێودەوڵەتی و ئاژانسە ئەمنییەکانی ناوچەکەدا کار دەکەن. تا نزیکەی پەنجا کەسێک لە پیاوانی دیاربەکر ئەو چیرۆک و باس و خواسانەیان بۆ دەگێڕامەوە سەبارەت بە هاتوچۆکردنی سنوور وەک رێنما و وەرگێڕی راستەوخۆ بۆ رۆژنامەنووسان و کەسانی سەر بە میلاکی

سەربازی کە لەو ماوەیەدا لە سنوور پەڕیونەتەوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤دا، کاتێ داعش لە باکووری سووریادا پێشڕەوی دەکرد و میدیای نێودەوڵەتی چاوی خستبووە سەر کۆبانی، من بە شێوەیەکی رۆتینی و لە رێگەمدا بەرەو سووریا یان لە گەڕانەوەمدا لە ئۆتێل و چایخانەکانی دیاربەکردا چاوم بە رۆژنامەنووسانی کورد و کەسانی فیلمساز دەکەوت.
ئەوان سنووری نێودەوڵەتی رێگر نەبوو لە کارەکانیان و وا خۆیان دەبینییەوە کە لە فەزایەکی کوردیدا کار دەکەن و لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەستیان دەکرد بەشێکی دانەبڕاون لێی. تەنانەت ئەو کوردانەش کە وا کەمجار ئەمبەر و ئەوبەری سنووریان دەکرد یان هەر نەیاندەکرد بەگشتی لە هەست و هۆشدا وابەستەی هاوڵاتییە کوردەکانی خۆیان بوون لە وڵاتانی تردا. رۆهات، کە کوردێکی خەڵکی دیاربەکر بوو، ئەوەی پێوتم کە وا نزیکیی لەگەڵ کوردەکانی تردا لە هەر پەیوەندییەکی تر توندوتۆڵترە بە خەیاڵدا بێت لەگەڵ تورکێکدا و جەختی دەکردەوە کە "من لە کوردێکی رۆژئاڤا نزیکترم وەک لە تورکێکی خەڵکی ئیزمیر و ئێمەی کورد براین سەرەڕای ئەوەی کە سنوورمان لە نێواندا هەیە"[١٨]. رۆهات بە شێوەیەکی تایبەت سەرسامیی خۆی دەردەبڕی بە عەبدوڵا ئۆجەلانی رابەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە). بەو پێیە شتێکی نامۆ نەبوو کە بەو شێوە ئەرێنییە دەیڕوانییە رۆژاڤا، ئەو ناوچەیەی سووریا کە وا پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە PYD) بەڕێوەی دەبات و رێکخراوێکی هاوپەیمانە لەگەڵ پەکەکە. بێگومان چاوەڕوانیش ناکرێت لە کەسێکی لایەنگری هودا پار، کە حیزبێکی ئیسلامیی کوردییە و لەگەڵ پەکەکەدا لە ململانێیەکی سەختدایە و بەرپەرچی دیدی خۆی و بۆچوونی سێکولاری ئەو حیزبە دەداتەوە و چەندین جار لە ساڵانی نەوەتەکاندا بە توندی پێکیاندادراوە، هاوهەستی رۆهات بێت لەم دڵگەرمییەیدا. کەواتە، نزیکیی ئایدیۆلۆجیش رۆڵی خۆی دەبینێت لە پێکهاتنی *کوردایەتی*

*Kurdayetî*. لەم ڕووەوە بێرفۆی هاوەڵی ڕۆهات هەستی خۆی بەم مانایە دەربڕی و پێداگریی دەکرد لە سەر هەستی خزمایەتی لەگەڵ هاوخوێنە کوردەکانیدا بەدەر لە سنوور و دابڕانی تر، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی بە گرنگیی ئایدیۆلۆجیا هاوبەشەکان دەکرد "هەرچییەک بێت ئایین و زمان و نەژادمان، ئەگەر بیر و بۆچوونی مرۆڤانەی هاوبەشمان هەبوو ئەوە خۆمان بە برا دادەنێین و هەمووومان یەکسانین[١٩].

## دەرکەوتنی کوردایەتی

هەندێ جار درووستبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد دەگەڕێنرێتەوە بۆ نووسینەکانی ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەهەمدا[٢٠]، بەڵام *کوردایەتی* وەک چەمک چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نەبوو تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. لەم کاتەدا وەک ناونیشانی هۆنراوەیەک دەرکەوت کە کامیل ژیر لە عێراق نووسیبووی لەو کات و سەردەمەدا کە ئایدیۆلۆجیا نەتەوەییەکان لە سنووری تورکیا و سووریادا ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد. ئایدیا و بیرۆکەکە وەک "کوردبوون" لێکدرایەوە و وردە وردە لە عێراقدا بەسیاسی کرا و بوو بە هۆکارێک بۆ جەختکردن لە سەر جیاوازیی نەژادی و ئایدیۆلۆجیی کوردی وەک دژە کاردانەوەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی و سۆشیالیزم و پاشان ئەو ئایدیۆلۆجیانەش لە مەودایەکی بەربڵاودا تەشەنەیان کرد[٢١]. کوردایەتی لەبنەڕەتدا وایدەگەیاند کە بابەتی چین و توێژی ڕۆشنبیرانە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات چەمک و تێگەیشتنی جیاوازی و تایبەتمەندیی کوردی لە مەودایەکی بەرفراواندا لەناو کورددا تەشەنەی کرد لە سەر هەموو ئاستەکان، شانبەشانی وەرچەرخانی دانیشتوان بەرەو دینامیکییەتی شارستانی و کۆمەڵگەیی و لەهەمان کاتیشدا دینامیکییەتی وەک خێڵ و فیوداڵ و دەسەڵاتی

ئـاییني كه پێشــتر دابەشــبوونەكانیان چەســپاندبوو، بەرەو كـزی دەچــوون. هەڵــبەت دانیشــتوانە كــوردەكە پەراوێزخــراو و بێبەشــكراو بــوو لەلایەن حكوومەتە نەتەوەیـیە عەرەبی و ئێرانـی و توركییەكـانەوە و ئەمەش بـوو بە هۆكاری روونتر و زیاتر دەركەوتنی كوردایەتی. وەک دینیس ناتالی تێبینی دەكات، كۆمەڵگە كوردییەكان زیاتر پێیان لە سـەر كوردێتیی یان كوردبوونی خۆیان داگرت لەئاست هەوڵ و تەقەلای رژێمی توركی و ئێرانی و عێراقیدا بـۆ تواندنەوەیان و بەو پێیە بەخشـینی مـۆركی كــوردبوون بە ناسـنامەی نەژادی و زمـان و خــاک وەک بەشـێكی پێكهـاتەی كــوردایەتی[22]. لەم دۆخەدا هەردوک "ئێمە" و "خۆمان"ی شوناسی كوردی دەردەكەون. داكۆكی كردن لە كوردبوونی كەسێک لە بەرانبەر چەوساندنەوەدا بوو بە خاڵێكی بنەڕەتی و لە هەمان كاتیشدا كوردایەتی وەک مۆدێلێكی یەكخستنی ناسیۆنالیزمی كوردی و ئیلهامبەخشـی سـووككردنی سـتەم و سـەركوتكردن و بـوو بە فریـادڕەس و مـایەی هاوكـاری و یەكگـرتن و دواتـریش ئاسـایش و ئـارامی بـۆ كـوردە پەراوێزخراوەكان[23].

كـۆدەنگیی میللـی بەزۆری وێنـای پەیوەنـدیی خـوێن دەكـات بەو پێـیەی بەشــێكی دانەبــڕاوە لە ناســنامە نەژادی و نەتەوەییەكــان[24]. ئەمــانە هەمــوو لەكـاردان لە نـاو كوردایەتیـدا و هەروەهـا هەمـوو ئەو مەسـەلە كولتـوورییە هاوبەشـانەی كە وا كەنداڵ نەزان تیشـكی خسـتووەتە سـەریان. جگە لەوەش، مـن پـێ لە سـەر ئەوە دادەگـرم كە ئەو بـارودۆخە سیاسـییە و ئەو كێشــە و گرفتـانەی كـۆمەڵگە كوردییەكـانی ئێـران و عێـراق و سـووریا و توركیـا تێیـدا دەژین زیاتر هاوكارن بۆ هەستی ناسـنامەیەكی هـاوبەش و تونـدوتۆڵ كردنی هاوكۆیی و هەمـاهەنگی. رەمەزان ئـاراس، لە چاوپێكەوتنیدا لەگەڵ گوندنشـینە كوردەكانـدا لە توركیـا تێبینیــی ئەوە دەكــات كە چــۆن وەڵامــدەرەوەكان لە

شایەتینامەکانیاندا "من" یان بەکارهێناوە کاتێ کە حیکایەت و بەسەرهاتی ژیانی گوندیان گێڕاوەتەوە، بەڵام کە باسیان لە ڕووداوەکانی توندوتیژیی دەوڵەت کردووە "ئێمە" یان "کوردەکانیان" بەکارهێناوە[25]. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە وا گێڕانەوەی ژیانی ڕۆژانە وەک ئەزموونێکی تاک تەماشا دەکرێت، بەڵام ستەم و هێدمەی دەروونی پەیوەندییەک لە ناو ئەوانەدا درووست دەکات کە کەوتوونەتە ژێر زەبر و کاریگەرییەکانیەوە و دەبێتە هۆی پێکهێنانی هەست و هۆشی توند و بەهێز بە ناسنامەی بەکۆمەڵ و ئەمەش یاسا و ڕێسای سیمێلە لەکاردا.

بۆ بەرفراوان کردنی ئەم شیکارییە لە تەواوی ناوچەکەدا، دەکرێ بڵێین کە وا کوردە پەراوێزخراوەکانی تورکیا و گرفتارییان بەدەست دەسەڵاتی ئەو وڵاتەوە هاوشێوەی گرفتاریی کوردەکان بێت لە سەردەمی سەددام حوسێندا لە عێراق یان کوردە سوورییەکانی بەر هێرش و پەلاماری داعش کەوتن. هەڵبەت ئەگەر زۆرە کە هەموویان ئەو هەستەیان لا درووستبێت کە لەبەر شوناسی کوردبوونیان کرابێتە ئامانج و وا لە لێقەومانی تاکەکەسیان بڕوانن وەک توخمێک لە توخمەکانی ئەزموونی هاوبەشیان لەمەڕ پەلامارданی "ئێمە" لە ساڵی ١٩٨٨دا لە لایەن سەددام حوسێنەوە بۆ سەر دانیشتوانی شاری کوردنشینی هەڵەبجە لە باکووری عێراقدا، کاتێ کە بە چەکی کیمیایی هەزارانی کوشت، وەک نموونەیەک بۆ ئەو حاڵەتە. سەلاحەدین دەمیرتاشی ڕابەری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە HDP)ی لایەنگری کورد لە تورکیادا، باس لە بیستنی ڕووداوەکانی هەڵەبجە دەکات کاتێ کە خوێندکاری ئامادەیی بووە و لە چاوپێکەوتنێکدا کە ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵی ئەنجامدراوە، "لەو ڕۆژەدا مانای کوردبوونم بۆ دەرکەوت و تێگەیشتم کە وا کوردبوونم بەرپرسیارێتییەکی قورسە و لە ناسنامەی خۆم تێگەیشتم[26]". لێرەدا ئەو

شۆک و هێدمەیەی کوردەکانی عێراقی پێدا تێپەڕیبوو وای لە دەمیرتاش کرد بەتەواوی درک بە شوناسی خۆی بکات کە وا سنوور ڕێگر نەبوو لە بەردەمیدا و بەدەم ناسنامە نەژادییەکەیەوە چوو بەهۆکاری ستەم و چەوسانەوەی هاوڕەگەزانی لە لایەن گرووپێکی باڵادەستەوە کە سوپای عێراق بوو[٢٧]. بەڵام باڵادەستیی ڕەنگە بکێشێتەوە بۆ ئەودیو سنوور و لەلایەن گرووپی جۆراوجۆری ترەوە بەرپا بکرێت. ڕاستییەکەی ڕژێمی عێراق، ئەنجامدەری کوشتاری هەڵەبجە بوو نەک حکوومەتی تورک کە دەمیرتاش لە ژێر سایەیدا دەژیا، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو کە هەست بە هاوخەمی بکات لەگەڵ قوربانیانی هێرشی گازدا. هەستکردن بە ئەزموونی هاوبەشی ستەم و داپڵۆسین، هەرچەندە لە لایەن و کەسانی ترەوە بێت، جیاکاریی کورد توند دەکاتەوە دژ بە هەموو ئەوانیتر و پەیوەندیی نێوان کوردەکان پتەوتر دەکات سەرباری سنوورە نێودەوڵەتییەکانیش.

هەڵبەت ئەمە وا ناگەیەنێت کە ناسنامەی کوردی بەتەنها ئەنجامی پاسیڤ بوونی کورد و بێتوانایی و بێدەرەتانییانە لەوەی بەرەوڕووی ستەم و چەوسانەوەی دەوڵەت ببنەوە. کوردەکان بەدەستوبردن لە کاردانەوە و گونجان لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی جۆراوجۆری ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین[٢٨]. ئەو سنوورانەی کە بە سەر کوردەکاندا سەپێنراون وەک "سیستەمی چەپۆک" کار دەکەن و ئامانجی دەسبەجێی بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکانن لە هەر چوار وڵاتەکەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەیان[٢٩]. لە هەر حاڵەتێکدا، ڕەوتی سیاسیی کورد وا لێکدەدرێتەوە و وا دەنوێنرێت کە خەباتە دژ بە سەپاندنی باڵادەستی و بەو ڕەنگە چیرۆک و بەسەرهاتی هاوبەشی کوردبوون بەستراوە بە خەبات و تێکۆشانەوە. ئەزموون و تاقیکردنەوە هاوتەرییەکان و مێژووی نادادی و ستەم یارمەتیدەرن لە پێکهێنانی شوناس یان ناسنامەیەکی

بەکۆمەڵدا، کە *کوردایەتییە* و هەستێک درووست دەکات کە پێویستە کورد پشت بە خۆیان ببەستن لەجیاتی حکوومەتە نیشتمانییەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئامانج و بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان.

## قەیرانەکان و کاریگەرییەکانی جموجووڵی پەڕینەوەی سنوور

ئەو قەیرانانەی کۆمەڵگە کوردییەکان ئەزموونیان کردوون و گرفتاریان بوون جووڵەیەکی فیزیکیشی درووست کردووە و بووە بە هۆی پەیوەندیی راستەوخۆی ئەو کۆمەڵگەیانەی پێشتر دابەشکرابوون و سنووریان بەنێواندا کێشرابوو. لە ئەنجامی هێرشە کیمیاییەکەی هەڵەبجەدا ساڵی ١٩٨٨، هەزاران کوردی عێراقی بەرەو باکوور هەڵاتن و بەشوێن پەنایەکی ئارامدا دەگەڕان و لە سەر سنووری تورکیا کۆبوونەوە و دواجار رێگەی پەڕینەوەیان پێدرا[*] و هەندێکیشیان لەوێوە رەوانەی ئێران کران[٣٠]. هەمان دیمەن لە سەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران درووستبووەوە لە پاش جەنگی کەنداوی یەکەم لە ساڵی ١٩٩١دا. ئەمانە ساتەوەختی یەکلاکەرەوە بوون بۆ کورد لەڕووی نێودەوڵەتییەوە. یەکەم، ئەمانە دۆخێکی ناسک و پڕ لە ئاستەنگیان بۆ کورد درووستکرد لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و دووەم، کاریگەریی وروژێنەریان هەبوو لە سەر کوردەکان کاتێ کە ئاوارەکان گەیشتنە شارەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و ئەستەمبووڵ. لە ساڵی ١٩٨٨دا، سۆنەر کە مێرمنداڵێکی خەڵکی دیاربەکرە، باس لەوە دەکات کە وا پێش گەیشتنی ئاوارەکانی عێراق ئەم نەیدەزانی کە کورد لە دەرەوەی تورکیاش هەن و هەر بە زانینی ئەوەی کە خزمە لەگەڵ کەمینە نەژادییەکانی عێراقدا دەسبەجێ هەستێکی هاوکۆیی ئەوبەری سنووری لا درووستبوو و هەستێکی گەرموگوڕی ناسنامەی کوردبوون بۆ خۆی و خێزانەکەی جێگیر بوو لایان.

بە قسەی سۆنەر بێت پێشتر ناسنامەی کورد هەر لە ناوەندەکانی هزر و بیردا باسی لێوە دەکرا، بەڵام ئێستا بووە بە بابەتێکی جێبایەخی "خەڵکانی ئاسایی"[٣١].

ئەو هاوکۆیی و یەکگرتنەی کورد کە وا هێرشەکەی هەڵەبجە و ئەنجامە گەرماوگەرمەکەی خولقاندی نموونەیەکی روون و ئاشکرای "گرووپبەندییە لە ئەنجامی رووداوێکدا". هەڵەبجە کاردانەوەیەکی چڕی لای کوردەکان وروژاند و بوو بە مایەی یەکگرتنێک کە بە سەر سنوورەکاندا پەڕییەوە و پەیوەندیی فیزیکی بەهێزتری دروستکرد کاتێ کە خەڵکە پێشتر دابەشبووەکە چاویان بەیەکتر کەوت و هاوبەشی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان و سەرلەنوێ دۆزینەوەی شتە هاوبەشەکانیان بوون. ئەمە بۆ سۆنەر خولقاندنی هەستی کوردایەتی بوو و تێگەیشتنێکیش بوو کە وا دۆخی ئەم وەک کوردێک مەسەلەیەکی نامۆ نەبوو، بەڵکو ئەم بەشێک بووە لە کۆمەڵێکی گەورەتر کە لە تورکیا بەولاوەتر بڵاوبووەتەوە و ئەمەش زیاتر پاڵی پێوەنا بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەی شوناسی کوردی. هەڵبەت کوردبوون زیاتر پەلی کێشا بۆ پشت مەسەلەی مشتومڕی نێوان دەستە و کۆمەڵێکی رۆشنبیر و بوو بە جێی گفتوگۆ و تاوتوێ کردن بەو پێیەی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵی نێوان خەڵکە لە دۆخ و سیاقی رۆژانەدا. بەم پێیە هەڵەبجە ئاسانکاریی بۆ هەستێکی چەکەرەکردووی "ئێمەیی یان ئێمەمانان we – ness" کرد لە ناو کوردەکاندا.

هەروەها رووداوگەلی هێدمە و تراوما هاوەری وەک هەڵەبجە بوون بە هاندەر و هۆکاری کۆچکردن بۆ شوێنی دوورتر. لە سالآنی حەفتاکانی سەدەی رابوردوودا جووڵە و کۆچکردنی بەکۆمەڵی ئەو کوردانە دەستییێکرد بۆ ئەورووپا کە بەدوای دەرفەتی ئابووریدا دەگەڕان. ئەم کێشەیەش خێرایی بەخۆوە بینی پاش هەندێک قەیرانی سیاسی، بەتایبەتی لە تورکیادا، کە

ژمارەیەکی رووڵەزیادی کورد هەوڵی پەنابەرێتییان دا لە وڵاتانی ئەورووپا و شــوینانیتر[٣٢]. دامەزرانــدنی کــۆمەڵگە دیاســپۆراکانی کــورد لە تاراوگەکــانی ئەورووپــادا و پتەوکردنــی پەیوەنــدیی نێوانیــان بــوو بە هۆکــاری بەنیشــتمانی کردنی بزووتنەوەی کوردی لە پشت سنوورەکانەوە. لێرە چالاکوانی سیاسیی کورد و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا و ئەکادیمییان لە ئەورووپا توانییان خۆ رزگار بکەن لە دەست ئەو کۆتوبەندە سیاسییانەی لە وڵاتەکانی خۆیــان دەســت و پێــی بەســتبوون و لە ســەرەتای نەوەتەکــانەوە بە ئــازادی ئــاوێتەی یەکتــر دەبــوون و هاوکارییــان دەکــرد[٣٣]. مــامەڵە و کــارلێککردنی بێ کۆتوبەند بە زەرروورەت کۆدەنگیی ناگەیەنێت لە سەر خشتەی کار و ئامانجە سیاســییەکان، بەڵکــو بــواری رەخســاند بــۆ پارێزگــاری کــردن لە کولتــوور و فەرهەنگــی کــوردی و هەســتێکی گەشــەکردووی بریکــاری سیاســی لە نێــو کوردانـــدا کـــاتێ کە بـــێ رێگـــری دەســـت دەدەنە جێبەجێکردنـــی پـــرۆژە سیاســییەکانیان بــێ هــیچ کۆســپ و تەگەرەیەک[٣٤]. ئەمە هاوشــان بــوو لەگەڵ بەرفــراوان کردنــی مەودای چــالاکیی کــوردی بــۆ ئەوەی هەمــوو جەمــاوەر بگــرێتەوە و ســـەرلەنوێ خەبـــات و ململانێـــی کـــورد هەڵســـەنگێنرێتەوە بە ئاراستەی تیشک خستنەسەر مافی مرۆڤ و بەشداریی سیاسیی سەربەست لە دەوڵەتە نەتەوەییەکــانی تورکیــا و ئێــران بەتــایبەتی، لەبــری هەولــدان بــۆ دامەزرانــدنی دەوڵەتێکــی کــوردیی ســەربەخۆ. نیکــۆڵ واتــس دەڵێــت کە لە ئەنجــامی ئەو مەســەلەیەدا، خەبــات و ململانێی بەرفراوانــی کــورد ســەری بــۆ ئەوە کێشایەوە کە ببەسترێتەوە بە بیر و بۆچوونی فرەیی و مــافی مــرۆڤ و ئەو مــۆدێلە سیاســـییانەی کە ئەڵتەرنـــاتیڤن بـــۆ ئەوانەی کە لە رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاستدا هەن[٣٥].

ڕەنگە بگونجێت ئەوەشی بخەینە سەر کە شوناسی کوردی، یان کوردایەتی، بەهەمان شێوە گرێدراو بێت بەم بەها و ئایدیالانەوە. ئەگەر لەم خاڵەوە تەماشا بکەین، دەکرێت ئیشارەت بەوە بدەین کە بەدەر لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە PKK)، ئەوە هەموو حیزبە کوردییە سەرەکییەکانی کە لە ئێران و عێراق و سووریا و تورکیادا چالاکییان هەیە ناوی "دیموکراتی"یان لەخۆگرتووە[٣٦]. دەسگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلانی رابەری پەکەکە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە سروشتێکی سەرووی نەتەوەیی و نیشتمانی و سەرنجڕاکێشانێکی بەکۆمەڵی دا بە مەسەلەی کورد و چاوێکی زۆری چووەسەر. گرتنی ئۆجەلان شەپۆلێک ناڕەزایی بەرپاکرد لە تورکیا و ئەوروپا و دەرەوەیاندا و مەسەلەکە کێشایەوە بۆ مانگرتن لە خواردن و خۆکردنە قوربانی و خۆپیشاندان کە نزیکەی ١٥٠ کۆمەڵە و رێکخراوی کورد لە سەرانسەری جیهاندا ئەنجامیاندا[٣٧]. کوردەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و سەرباری تاربوونیان بە سەر کیشوەر و وڵاتاندا و دابەشکردنیان بە سنووری دەستکرد، بەڵام هێشتا هەر لێکترەوە نزیکن و یەکگرتوون[٣٨]. لێرەدا ڕووداوێکی "گرووپبەندیی" تر هاتەئاراوە و کۆدەنگییەکی چڕ و بەپەلە جیاوازیی پێگە و دۆخی ئایدیۆلۆجیی نێوان کوردەکانی خستەلاوە، چونکە شۆک و هێدمەی دەسگیرکردنی ئۆجەلان یەکگرتن و هاوکاریی کوردی توندوتۆڵتر کرد. هەروەها ناڕەزایی و پرۆتێستەکان کە لە ئەوروپادا کوردەکان بەرپایان کرد و بەشدارییان لە سیاسەتدا جۆشدراوە و لە پەیوەندیدان بە هاونەژاد و کەسوکاریان لە نیشتماندا. کوردایەتی، وەک بزووتنەوەی سیاسیی کورد، تەنها ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە ناگرێتەوە کە کوردیان تێدایە و بەڵکو سنووری تێپەڕاندووە و بواری داوە بە کوردی تاراوگە ناسنامەی کوردیی خۆیان بپیتێنن و کوردایەتییان دووبارە دابڕێژنەوە[٣٩].

## کوردایەتیی بەرەنگاری پێشڕەویی داعش دەبێتەوە

پێشڕەویی داعش، لە ناوەراستی ساڵی ٢٠١٤دا، بۆ سەر ئەو خاک و ناوچانەی سووریا و عێراق کە لە ژێردەستی کورددا بوون، بوو بە هۆی جۆشدانی گوژمێکی تری کوردایەتی، کە هاوزەمان بەڵگە بوو بۆ مەودای چالاکی و تەشەنەکردنی بەسەر سنوورەکاندا. شاری کۆبانی لە سووریا بوو بە خاڵی بنەڕەتی کاتێ کە داعش گەمارۆی دا. کۆبانی پایتەختی یەکێک لە کانتۆنە ئۆتۆنۆمیدارەکانی رۆژئاڤا بوو کە پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) دایمەزراندبوو، کە لە ساڵی ٢٠١٢وە کورد بەڕێوەی دەبرد. کۆبانی پێشتر ناسراو نەبوو، بەڵام هەڕەشەی داعش هەر زوو لە ناو کورد و میدیای نێودەوڵەتیدا ناوبانگی زۆری پێ پەیداکرد. کاتێ هێزەکانی داعش تا سێپتەمبەری ٢٠١٤ گوندەکانی دەوروپشتی داگیرکرد، خەڵکە کوردە مەدەنییەکەی هەڵاتن بۆ تورکیا و هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG (یەپەگە) Yekêneyên Parastina Gel و یەکینەکانی پاراستنی ژن YPJ (یەپەژە) Yekîneyên Parastina Jin هێڵی پشتەوەیان دەپاراست بەڵام پێدەچوو تووشی شەڕ و پێکدادانی قورس و ناهەموار بووبێتن. ئەمە شەڕ و کوشتارێک بوو بە ئەندازەی هەڵەبجە، سەرەڕای ئەوەی کە لەلایەن ئەنجامدەری جۆراوجۆرەوە بوو و وا دەهاتە بەرچاو کە لەناوبردنی سیمبۆڵی ئۆتۆنۆمییە تازەکەی کوردانی سووریا لە ئانوساتدا بێت.

ئەو کوردانەی کە لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ٢٠١٤ لە تورکیا چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن، هەموو وەک یەک هەستیان بە داخ و تووڕەیی و بێزاری دەکرد لە هەمبەر ڕووداوەکانی کۆبانی. کوشتار و سەربڕینەکانی پێشتری داعش بۆ ئێزیدی و شیعەکان وایدەگەیاند کە هەمووان بەو چارەنووسەیان دەزانی کە چاوەڕێی بەرگریکارانی شارەکە دەکات کاتێ کە دەکەوێت. ئەمجارەیان

ستەمکارەکە دوژمنێکی نوێ بوو، بەڵام کوردەکان دەیانگوت کە دەستێکی هۆگر و ناسراو کار بۆ تێکشکاندنی بەرژەوەندیی کورد دەکات و زۆریان وایبۆدەچوون کە تورکیا پشتیوانیی داعش دەکات. پیاوێکی ئاشنای کوردم پێیوتم کە چیتر قسە ناکات لەگەڵ یەکێک لە دۆستە تورکەکانیدا چونکە ئاگاداری کردووەتەوە کە وا "تورکیا داعشی دروستکردووە و هەموویان سەربازی تورکیان"[٤٠]. رەفیق، کە قوتابییەکی کورد بوو، ئەوەی پێڕاگەیاندم کە خەڵکیکی زۆری تورکی سەر بە داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆمێنتی پاڵپشتییان بۆ دەنووسن و دەڵێت "روون و ئاشکرایە کە داعش بریکارێکی تورکی بوو"[٤١]. بێگومان ئەم هەڵوێستانە بڵاوبوو لە ناو ئەو کوردانەدا کە چاوم پێیاندەکەوت، بەڵام دەبێ ئەو راستییەش بگوترێت کە ژمارەیەک لە کوردەکان خۆشیان چووبوونە پاڵ داعش[٤٢]، وەک ئاماژەیەک کە کوردایەتیی گشتگیر نیە بو هەموو کورد و تیاشیاندا هەیە سەر بە ئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕی ترە. رووڵەهەڵکشانی گومانی کورد سەبارەت بەوەی کە تورکیا دەستی لە مەسەلەکەدا هەیە و دڵەڕاوکێ لەبارەی چارەنووسی کۆبانێوە، راگەیاندنە درۆینەکەی ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا بوو کە وا شارەکە لە ئان و ساتی کەوتندایە[٤٣]. ئەمەش مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو کە تورکیا هاوکاری و پشتیوانیی داعشی دەکرد و بۆ کوردی سەلماند کە ناتوانن پشت بە تورکیا ببەستن لە کاتی تەنگانەدا، کە بە رووکەش خۆی وا دەردەخست کە دوژمنی داعشە.

بەم پێیە کۆبانی دۆخێکی وای دروستکرد کە هانی "گرووپبەندی یان کۆکردنەوە" بدات، وەک نموونەیەک کە گوشاری دەرەکی ئاستی هاوکۆیی و یەکگرتوویی گەورە دەکات، بە پێی بنەماکانی سیمیڵ. لەم چەرخی جیهانگیریی پەیوەندی و رووماڵی میدیایەدا کۆبانی لە پێشەوە و لە چەقی

ڕووداودا بــوو و بــایەخێکی جیهــانیی گەورەی پێــدرا. بە هــۆی نەبــوونی هاوسۆزی لە لایەن چاودێرە تورکەکانەوە هیچ هاوکۆیی و هاوکارییەکی دژە داعش لە نێوان کورد و تورکدا درووست نەبوو، بەڵکو تەنها هـاوکۆییەکی پاننەتەوەیی کوردەکان خۆیان بوو. ئەمە هێمـابوو بۆ مێژووی پشتگوێخستن لە باشــترین حاڵەتــدا و لە خراپترینشــیاندا ســەرکوتکردن بــوو بە دەســتی دەوڵەتــانی نــاوچەکە. مەدحەت، کە خوێنــدکارێکی کــوردە لە ئەســتەمبووڵ، تیشکی خستە سەر لایەنی هاوشێوە لە نێوان هەڵەبجە و کۆبانیدا و وتی "جینۆساید لە هەڵەبجەدا بوو بە هێمایەک بۆ هۆشیاریی نیشتمانی و ئەمیش لە ئاستێکدایە لەگەڵ کۆبانیدا و بۆ هەموو کورد ئەمە یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی درووست دەکات"[٤٤]. هەروەک دەسگیر کردنی ئۆجەلان، کۆبانیش نـاڕەزایی گەورەی لە سەرانسەری دنیادا بەرپاکرد و ئەمجارەیان هـاوڕێ لەگەڵ کەمپەینی سۆشیاڵ میدیادا[٤٥]. هەروەها هانی کورد و غەیرە کوردیشی دا بــۆ جموجــووڵ و خۆســازدان. گارســۆن یــان شــاگردێکی کــورد لە ئەســتەمبووڵ پێیوتم "ئەوان ئێستا لە کۆبانیدا شەڕ دەکەن، ... شەڕ دەکەن لەپێنــاوی چــوار پــارچەکەی کوردســتاندا و نەک تەنهــا لەپێنــاوی بەشــە سوورییەکەدا ... چونکە ئێمە هەموو براین. ئەوان دەکرێت لە وڵاتانی تر بن بەڵام برامانن"[٤٦]. هەروەها جانرۆژ یێڵماز کیلیس دەڵێت، وێنە تەلەفزیۆنییەکانی کـردەوە سـامناکەکانی داعش لە سـەر کۆمەڵگەکـانی تـر و نائومێـدبوون لە بەرگریکـارانی کۆبـانی خـزمەت بە تێکشـکاندنی مەودا مـادی و سیاسـییەکان دەکات کە "هاوکاری و هـاوکۆییەکی بێ کۆتوبەندە"[٤٧]. کەنعان کە مامۆستایە لە دیاربەکر پێیوتم بەرگری کردن لە کۆبانی وایکردووە کە "هەمووان یەکدڵ بــن"[٤٨]. کەنعــان ئەمە وا باســدەکات کە هەزاران ســاڵە بەردەوام کــورد لە دابەشبووندایە، بەڵام ئەمرۆ کۆبانی بوو بە مایەی یەکخستنی کورد. ئەمە بوو

تێگەیشـتن لە کـوردایەتی کە وا "هـاوکۆیی و یەکگرتنێکـی نـاهەرێمی" بـوو بە هۆی "یەکخستنی دڵی کورد".

یەک لەو هۆکـارانەی کە وا دەکـات کـوردایەتی زۆر بەهێـز بێـت لەم بـارودۆخەدا ئەوەیە کە ئەو سـتەم و چەوسـانەوەیەی کوردەکـان گرفتـاری بوون و لە کاردانەوەدا بەرەنگارییان جەخت لەوە دەکات کە لە دەوروبەریـان جیاوازن، عەرەب بـن یـان ئێرانـی یـان تـورک. جگە لەوەش وەک مـارتن ڤـان برونەسـن سـەرنجی دەداتـێ، کـە سـتەم لـە ئێـران و عـێراق و سـووریا و تورکـیا و هاوشـان لەگەڵ پەیوەنـدیی نـاوخۆی کـورد خۆیـدا، مـاوەیەکی زۆر کاری کردە سەر قووڵبوونەوەی جیاوازی و دابڕان لە نێوان کورد و غەیرە کوردی ئەو وڵاتە نەتەوەییانەدا[٤٩]. بێگومان کوردانی کۆبانی بوون بە ئامـانجی جەنگاوەرانی داعش یان راوکەرانی تۆڕەکانی سۆشیاڵ میدیای داعش، لەبەر خـودی کوردبوونیـان کە وا کـاریگەرییەکی گەورەی درووسـتکردبوو بە ڕادەیەک کە گلۆبـاڵیزم وایکردبـوو لە کـۆمەڵگە کوردییەکـانی دنیـا هاوبەشـی ئـایدیا و وێـنە و زانیـاری بـن لە سـەر رووداوە هـەنووکـەییەکان. ئـەمە نـاڕەزایی و جموجـووڵ و هەنـدێ جـاریش پەرگریـی بەرپـا دەکـرد لە نـاو کوردەکانی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیادا، کاتێ لە دید و بۆچوونی باوی کوردەوە تەماشای جیاکاری و خراپ بەڕێوەبردنی سیاسەت و گەندەڵی دەکەیـت[٥٠]. لە بەرانـبەر ئەوەدا، بیـر و بۆچوونێـک هەیە لە نـاو کـورددا کە دەوڵەتە نەتەوەییەکـان نـاتوانن یـان نـاخوازن کـار بـۆ بەرژەوەنـدییان بکەن و بەلای خۆیاندا رایانکێشن. لەم حاڵەتەشدا کوردەکان قەناعەتیـان وایە کە تەنها دەتوانن پشت بە هاوخوێن و هاوزمانە کوردەکانی خۆیان ببەستن. هەڵوێستی نەرێنی و دوژمنکارانەی تورکیـا بە دانـانی یەکە سـەربازییەکان لەو نزیکـانە و بە بەرچـاوی خەڵکـی کۆبـانییەوە و رازی نەبـوون بە هـیچ دەسـتێوەردان و

هاوکارییەکی خەڵکی ئەو شارە لە کاتی ئەو لێقەومان و مەترسییەی کەوتنی شارەکەیاندا بیر و بۆچوونی نەرێنیی ئەوانی بەهێزتر کرد و کوردەکان قەناعەتیان بەوە کرد کە دەبێت بە تەنها پشت بە خۆیان ببەستن.

لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤دا، کاروانێک لە هێزی پێشمەرگە بە چەک و چۆڵی قورسەوە لە باکووری عێراقەوە بەرەو کۆبانی پەڕییەوە بۆ ناو تورکیا و بە باشووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە و باکووری سووریادا تێپەڕی، کە دانیشتوانی کورد بوون. ئەمە سیمبۆڵێکی بەهێزی کوردایەتی بوو، هەروەها نموونەیەکی روون و بەرچاوی هاوکاریی و پشتیوانیی سنووربەزێنی کورد بوو. یەکە پێشمەرگە عێراقییەکان بۆ فریاکەوتن و سووککردنی فشار لە سەر بەرگریکارانی کۆبانی جووڵێنران، کە وا داعش گەمارۆی دابوون و دۆخێکی هێجگار سەخت و دژواریان هەبوو، کە وا پێویستی دەکرد بە دەم خزم و هاونەژادەکانیانەوە بڕۆن و بەشداری لێقەومانەکەیان بن. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگ بوو لەبەر رۆشنایی پەیوەندیی ناکۆک و ئامانجی سیاسیی جیاوازی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (پ د ک) و پەیەدە لە کۆبانی[٥١]. بەهەرحاڵ، ئەکتەرانی سیاسیی کورد لەو بارودۆخە سەختەدا درکیان بەوە کرد کە چارەسەر و پێکهاتن پێویستە بۆ خۆلادان لە درووستبوونی هەر کارەساتێک[٥٢]. هەڵبەت پێشوازی کردن لە پێشمەرگە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا بەڵگەیەکی تری هێزی کوردایەتی بوو، کە ئاپۆرەی خەڵکی دڵخۆش لە سەر رێگەی کاروانی پێشمەرگەدا ریزیان بەستبوو[٥٣]. کوردەکان لە هەموو شوێنێک لە پێشوازیی هاونەژادەکانیاندا کۆدەبوونەوە کە بە پڕچەک لە عێراقەوە هاتبوون و سیمبۆڵی هێزی کورد و پشتبەخۆبەستنی دەگەیاند. من لە دیاربەکر، هەرچەندە کاروانەکەی پێدا تێنەپەڕیبوو، قسە و باسی جۆراوجۆری شەقام

گوێ لێدەبوو لەبارەی ئەرکی پێشمەرگەوە کە بە هەڵچوون و وروژانەوە باسیان لێوەدەکرا و لە هەموو شوێنێک هەر باسی برایەتیی کورد بوو، کە لە عێراق و سووریا و تورکیاوە هاتبوون بۆ شەڕ و بەرگری شانبەشانی "براکانیان" بۆ دەرپەڕاندنی دوژمنێکی ترسناک[٥٤]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری کەوتنی کۆبانی هەر بە فاکتەری هاندانی کورد مایەوە. وەزیری بەرگری لەخۆکردنی کانتۆنی کۆبانی تێبینیی ئەوە دەکات کە وا شارەکە بووە بە "قەڵای بەرگریی هەر چوار پارچەی کوردستان"[٥٥]. لە نێو ئەو کەسانەی کە لە دیاربەکر دەمدواندن، زۆرێکیان بۆ ئەوە دەچوون کە وا کۆبانی گرنگترین شاری کورد بووە لە دەرەوەی تورکیادا. ئەمە لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوویی کوردیدا یەکدەگرێتەوە بۆ شەڕە کارەساتبارەکانی دژ بە کێشە سەختەکان. کۆبانی نموونەیەکی تری "ئێمەیی we – ness" و "ئاواتی هاوبەش و هاوکارییان بۆ بەرگری لە شارەکە" و "خۆمانە us – ness"ی پێشکەش کرد، کە جیایان بکاتەوە لە هێرشبەرانی داعش و تورکەکان، کە لە باشترین حاڵەتدا، بێباک بوون لەئاست لێقەومان و مەینەتیی شارەکەدا. کۆبانی بوو بە سیمبۆڵێک بۆ کوردبوون و بەرگری کردن لێی بوو بە هەستێکی هاوبەشی ناسنامەی سیاسی و لەم سۆنگەیەوە کۆبانی بوو بە مەشخەڵی کوردایەتی و هەستی هاوکۆیی و ناسنامەی سیاسیی هاوبەش.

جموجووڵی هاوبەشی نێوان گرووپە کوردییەکانی کە بنەما و پابەندیی سیاسییان جۆراوجۆرە بۆ بەرگری کردن لە هەولێر دژ بە داعش لە پێش چەند مانگێکدا[٥٦]. لە کۆبانی و هەولێر، پێشڕەویی داعش ئەگەری خوێنڕشتنی کورد و شکستهێنانی ستراتیجی کوردی هێنایە ئاراوە لە سووریا و باکووری عێراق. ئەم هەڕەشەیە سەرووی بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆجی و ستراتیجییە تێکچڕژاوەکانە لە نێوان سەرکردە کوردەکان لە هەموو لایەک و بواری

هەستکردنی رەخساند بە ناسنامەی هاوبەش بۆ هاندانی هاوکاری. بە شێوەیەکی گشتی، گەورەترین بۆشایی ئایدیۆلۆجی و ململانێی ستراتیجی هەیە لە نێوان پەکەکە و (هاوپەیمانەکانی، بە پارتی یەکێتیی دیموکراتیشەوە لە سووریا پەیەدە) و پارتی دیموکراتی کوردستان لە باکووری عێراقدا[٥٧] (نووسەری ئەم بابەتە کەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە کە پێی وایە ئەو پێشمەرگانەی چوون بۆ کۆبانی هەموویان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، کە لە راستیدا وانییە و نیوەیان پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوون – وەرگێڕ) . لەگەڵ ئەوەشدا، هەمان ئەو ئەکتەرانە پێکەوە کۆبوونەوە بۆ بەرگری کردن لە کۆبانی و هەولێر. دەشگوترێت ئەوەی کە ئەم کارەی کردووە لە هیچ هەستێکی بنەڕەتیی خزمایەتیی نەژادی دەرنەچووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوان درکیان کردووە کە ئەم دوو شارە بوون بە دوو هێمای ناسنامەی کورد و ئاوات و مەترسییەکانی کوردیان لە سەر بەندبووە و ئەگەر هەوڵی بەرگری لێکردنیان نەدرێت بە هۆی ململانێی ئایدیۆلۆجییەوە ئەوە بە خیانەتی بەرفراوانی کێشەی کورد تەواو دەبوو[٥٨]. بەرگریی لە کۆبانی و هەولێر دژ بە داعش سەرووی دڵسۆزییە لە کوردایەتی بۆ هەر مەترسییەکی تر و لەبەر ئەوەیە کوردەکان ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکانیان دەخەنەلاوە.

بەم مانایە بێت داعش وەک یەکخەرەوە کاری کردووە و وەک هەڕەشە بۆ کورد لە سووریا و عێراق و (لە تورکیاش لە رێگەی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ حکوومەتی ئەو وڵاتە، لە ساڵی ٢٠١٥دا، هێرشەکانی لە سوورووچ و ئەنقەرە ئەنجامدا و بە پلەی یەکەم گرووپە کوردییەکانی کردبووە ئامانج). بەم پێیە هەستێکی هاوچارەنووسی درووژاوە و تیشکی خستووەتە سەر پێویستیی کارکردن بە شێوەیەکی یەکگرتووانە. هەرچەندە حاڵەتەکانی

ئاوێتەبوون و پەڕینەوەی سنوورەکان لەم پەیپەرەدا باسیان لێوە هاتووە، بەڵام ئەمانە هەڵاوێردن و ڕێسای چەسپاو نین و بە ئاشکرا هەماهەنگی و هاوکاریی سەربازی زۆر بەرچاو نین. وەک ئەنجامێک، باس و خواسی ئیتنۆ – نەتەوەیی کوردەکان و ئامانجە سیاسییەکانیان لە ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا بەجیا پەرەیانسەندووە لە جوغزی ئەو بەربەستە سیاسییانەی لە هەر دەوڵەتێکدا باون[٥٩]. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەڕەشە پان – نەتەوەییەی کە داعش پێکیدەهێنێت دژ بە کۆمەڵگە کوردییەکانی عێراق و سووریا و تورکیا دۆخێکی هاوکۆیی و هاوکاریی سنوور نەخوێندنەوەی بەرفراوانی هێناوەتە ئاراوە. ئەو هێزە لە هەموو لایەکەوە ئابلۆوقەی کوردەکانی دەدا و وەک یەک تێیدەڕوانێت و لە عێراق و سووریا و تورکیا بە دوژمنی کافر و خوانەناسی لەقەڵەمدەدات. بەم ڕەنگە، کوردە سڤیلەکان و سەرکردە سیاسییەکانی کوردیش کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە کە ئامانجی سیاسیی ناکۆک و دژواریان هەبوو، تەماشایان کرد هاوبەشن لە هەمان مەترسیدا و کەوتنە بارێکەوە کە ناچاربوون دژ بەو هەڕەشەیەی کە لە سەر بوونیانە بجەنگن و لەلایەن داعشەوە بەرجەستە بووە. لەم دۆخە هاوبەشەدا هەڕەشەیەک هاتبووە ئاراوە، بەڵام لە بارودۆخی جیاوازدا لە عێراق و سووریا و تورکیادا و هەڕەشەکە بۆ کوردەکانی ئەم وڵاتانە لە لایەن یەک دوژمنی هاوبەشەوە بوو. بۆ شەڕکردنیش لەگەڵ ئەم دوژمنە هاوبەشەدا هاوکاری و یەکگرتوویی چەسپێنرا و ناسنامەی هاوبەشی کورد وروژێنرا و هاتە کایەوە و دواجاریش پارێزگاریی لێکرا.

## کۆبانی وەک سەرکەوتن

مێژووی نوێی کورد پڕە لە رووداوی گەورە گەورە و گەلێ جەمسەری دەستەبەر کردووە بۆ مۆبیلیزە کردنی هاوکۆیی و هەستی نەتەوایەتی. کورد لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان هەر یەکە و ئەزموونی تایبەتی خۆیان هەیە لە بۆچوون و کارکردندا و سەبارەت بە کوردە عێراقییەکان هەڵەبجەیان هەبوو، بۆ کوردەکانی تورکیا راپەڕینەکانی شێخ سەعید و دەرسیم و لە ئێرانیش کۆماری مهابادی تەمەن کورت و کاریگەریی ئەم رووداوانە لە پشت سنوورەکانەوە دەنگیدەدایەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ کوردە سوورییەکان، ئەوان هیچ رووداوێکی سیمبۆلییان نەبوو کە جێی سەرنج بێت. لە ئەنجامی ئەوەشدا هەمیشە وا تەماشای ناسیۆنالیزمی کوردی سووریا دەکرا کە وا کەمتر گەشەی کردبێت[٦٠]، بەڵام ئەوەی ئێستا لە سووریادا روودەدات تەنها هەر ئەندێشە و خەیاڵی کوردە سوورییەکانی داگیر نەکردووە، بەڵکو خەیاڵی کۆمەڵگە کوردییەکانی سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاراوگەشی گرتووەتەوە، بە شێوەیەک کە پێشتر وێنەی نەبووە لە سەردەمی رووماڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیاڵ میدیای جیهانیدا، کە زۆربەی لایەنەکانی گرتووەتەوە لە کات و ساتی راستەقینەی خۆیدا و ئەنجامیش گوێگرتن و هاوبەشی و تێگەیشتنی خەڵکێکی فرە و فراوانی بێوێنەی لە ئاستی جیهاندا بەدەستهێناوە بۆ جەنگاوەرە کوردەکان و تێگەیشتنی زیاتریش بۆ دەرد و مەینەتییەکانی کورد بەگشتی.

رووداوە گەورەکانی مێژووی کورد، کە پێشتر باسیان هاتووە، رووداوگەلی شکستهێنان بوون و دەکرێت وا وێنایان بکەین کە خەبات و تێکۆشانی پاڵەوانانە بووبێتن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر شکست و بۆرخواردن بوون، بەڵام کۆبانی سەلماندی کە لەم ئەنجامەشدا جیاوازە و

لێرە بە هۆی پاڵپشتی چەک و ئاگری هێزی پێشمەرگەی عێراقی و بە یارمەتی بۆردمانی ئاسمانیی هێزە هاوپەیمانەکانیان بەرگریکارانی کۆبانی وردە وردە گەمارۆکەی داعشیان پاشەکشە پێکرد، تا لە کۆتاییدا و لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥دا شکاندیان. هەڵبەت ئەمە شتێکی بێوێنە بوو بۆ کورد و سەرکەوتنێکی بێپێشینە بوو بۆیان. لە کاتێکدا کە هێزەکانی کوردی عێراق گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، رۆژنامەگەریی کوردی لە زمانی یەکێک لە سەرکردەکانی پێشمەرگەوە ئەمەی گواستەوە "ئێمە لەگەڵ برا و خوشکەکانمان لە کۆبانی شەڕی داگیرکەرانمان کرد و بەردەوام دەبین لە شەڕکردن. بەرگری و سەرکەوتن لە کۆبانی قۆناخێکی گرنگە بۆ یەکێتیی نەتەوەیی"[٦١]. سەرنجی ئەم سەرکردەیەی پێشمەرگە جەختکردنەوە بوو لەو رۆڵە گرنگەی کە وا *کوردایەتی* گێڕای لە سەرکەوتندا و بایەخی شەڕکردن شانبەشانی "خوشک و براکان" لە بەهێزکردنی هێڵەکانی کورد لە بەرانبەر هێرش و پەلاماردا و ئەو رۆڵەی کە هەستی برایەتی بەرپای کرد لە ورە و ئیلهامبەخشیی بەرگریدا. هەروەها جەختی لە سەر ئەو رۆڵە کردەوە کە دەکرێت کوردایەتی بیگێڕێت لە فۆرمی "یەکێتیی نەتەوەییدا" بۆ پشتگیریی هێڵەکانی بەرگری لەکاتێکدا هەڕەشەی هێرشی سەربازی هێشتا هەر وەکو خۆی بوو.

هەروەک رووداوەکانی چەشنی کوشتاری هەڵەبجە و کۆماری مهابادی کورتخایەن لەودیوی سنوورەکانەوە دەنگیان دایەوە، کۆبانیش هەمان کاری کرد. ئەمە پێشتر مەسەلەیەکی نامۆ و نائاسایی بوو، چونکە باکووری سووریا قوژبنێکی پشتگوێخراوی کوردستان بوو و تاڕادەیەکیش زۆر کەس ئاوڕی لە رووداوەکانی ئەوێ نەدەدایەوە[٦٢]، بەڵام کۆبانی، وەک سەرکەوتنێک و وەک شانۆیەک کە کوردی لە هەموو سووچ و قوژبنێکەوە بۆ

هـات و تێیـدا پـێکەوە کۆبـوونەوە بـۆ شـەڕکردن، چـووە کـایە و خەرمـانەی ئەفســانەی کــوردییەوە و کــاریگەریی خــۆی بەرپــاکرد لەپشــت ســنووری سووریاوە و بە شێوەیەکی بەرچاو بەهای هەماهەنگی و هاوکاریی سەلماند. لەکاتێکدا کە گەمارۆدانی کۆبانی هێشتا هەر بەردەوام بوو، کوردێکی خەڵکی دیاربەکر پێیوتم "کاتێ کە تۆ بە یەکگرتوویی بەرگری دەکەیت، دەبینیت کە چەنـد بەهێزیـت"[٦٣]. سـەرکەوتن لە کۆبـانی بەڵـگە بـوو بـۆ ئەوەی کـاتێ کە گـرووپە کوردییەکـان شانبەشـانی یەکتـر وەسـتان چ ئەنجـامێکی گەورەی لێکەوتەوە ئەگەرچی ئاستەنگ و کۆسپەکان زۆر گەورە بوون، چونکە تا ئەو کاتە داعش لە شەڕدا شکستی نەهێنابوو. دواتر بە کشانەوەی لە دەوروپشـتی کۆبانی کۆتـایی بەو ناوبـانگەی هـات کە نابەزێت. ئەو هەڕەشـەیەی کە داعـش درووســـــتیکردبوو وای لە گـــــرووپە کـــــوردییە جۆراوجۆرەکـــــان کـــــرد ناکۆکییەکانیــان بــخەنە لاوە و ســەرکەوتنەکەش ســوودەکانی ئەو کــارەی دەرخست. جگە لەوەش، کەمپێنی کۆبانی کە وا لە هەرچوار لاوە کوردی بۆ خۆی راکێشا و هاوزەمان لەگەڵ پێشڕەویی هێزەکانی یەپەگە YPG و یەپەژە YPJ دژ بە داعش، رۆڵـی خـۆی بینـی لە دەرکەوتـن و نوێبـوونەوەی دیالێکتی کـوردیی کرمانجیـدا، بە هـۆی کۆبـوونەوەی کوردەکـانی هەمـوو ناوەنـد و شوێنێک. چونکە بە تێکەڵبوون و کۆبوونەوەی کوردەکانی عێراق و سووریا، کە خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بوو، لەگەڵ کوردەکانی تورکیا، کە خوێندنیان بە زمـانی تـورکی بـوو، ناچـاربوون پشـت بە زمـانی کـوردی ببەسـتن وەک زمـانێکی هـاوبەش[٦٤]. زمـانی کـوردی کە پێشـتر لە ژیـانی رۆژانەدا پشـتگوێ دەخـرا، ئێسـتا وا بـایەخێکی گەورە و هەنووکەیی دەدرێتێ. بووژاندنەوە یـان ئاخـاوتن بە زمـانێکی هـاوبەش رۆڵـی خـۆی دەبینێت لە بەرپـاکردنی هەسـتی ناسـنامەیەکی هاوبەشـی گەورەتـر بـۆ ئەو کـوردانەی پاشـخانی جیاوازیـان هەیە و لەو تورک و عەرەبانە جیایـان دەکاتەوە کە لە دەوروبەریـان دەژیـن.

هەروەها ئاسانکاریی پەیوەندییەکانی پشت سنوورەکانیش دەکات و ئەمەش کارێکی پڕ ئاستەنگ و بەربەست بوو بە هۆی پشتبەستن بە زمانی عەرەبی یان تورکی.

هەڵبەت سەرکەوتن لە کۆبانی و کرداری سەربازیی دژ بە داعش ئەوە ناگەیەنێت کە وا ناتەبایی نێوان بزووتنەوە سیاسییە کوردییە ناکۆکەکان چارەسەر کرابێت. چونکە هێشتا (پەیەدە PYD) هەر هەڵوێستی توندە و ناکۆکە لەگەڵ ئەو حیزبە کوردییانەی سووریادا کە وابەستەی ئیدارەی بارزانین لە باکووری عێراقدا و بە هەمان شێوەش (پەکەکە PKK) لەڕووی ئایدیۆلۆجی و ستراتیجییەوە ناکۆکە لەگەڵ (پدک KDP ). لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکەوتن لە کۆبانی و هێرشەکانی تر لە رۆژئاڤا و کوردستانی عێراق داستانی "گرووپبەندیی" خوڵقاند، وەک بروبەیکەر باسی دەکات. ئەم بارودۆخە بوو بە پاڵنەری "یەکگرتنێکی پتەوی نائاسایی و هەستکردن بە توندوتۆڵیی هاوکاری و هەماهەنگیی بەکۆمەڵ" و گەلاڵەبوونی هەستی برایەتی لە *کوردایەتیدا*. کوردەکان لە ناوەوە و لەودیو سنوورەکانەوە کەوتنە کاراکردنەوەی زمانی هاوبەشیان و کارکردن بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمنێکی هاوبەش و بەم کارەشیان بەرژەوەندییەکانی کوردیان پاراست و مەوداکەشیان فراوان کردەوە. پاشان ئەو پرسیارانە دێنەپێشەوە کە ئاخۆ مانا و دەلالەتی ئەم سەرکەوتنە هاوبەشە چی دەگەیەنێت و چی لەگەڵ خۆی دێنێت.

## له پاش کۆبانی

کاتێ که جەماوەرێکی تەماشاکەری دنیا تەماشای کرد وا بەبەرچاویەوە داعش سەرهەڵدەدات و فراوان دەبێت و دەکەوێتە هەڕەشە کردن لە بەرژەوەندییەکانی رۆژاوا، سەرنجی تەواوی جیهان چووە سەر کورد و ستایش کردنیان لە سەر رۆڵیان لە هەوڵ و کەمپەینی نێودەوڵەتیدا بۆ وەستاندنی ئەم فراوانخوازییە. وەزیری بەرگری کۆبانی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٤دا دەڵێت "بەرگریی ئێمە کە دوو مانگی خایاند بۆ هەموو جیهانی دەرخست کە وا کورد کێن"[٦٥]. ئەو کوردانەی کە لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ لە تورکیا قسەم لەگەڵ کردن ئاگاداری بایەخپێدانی نێودەوڵەتی بوون بۆ ئەو گرووپە سەربازییە کوردانەی شەڕی داعشیان دەکرد و بە هەمان ئەندازەش ئاگاداری ئەوە بوون کە چۆن تەماشای هێزە کوردییەکان دەکرا و بە "کوڕی چاک" لەقەڵەم دەدران. ئەوان دەکەوتنە پیاهەڵدانی چاکە و پیاوەتیی هێزە کوردییەکان کە وا بە شەرەف و کەرامەتەوە کار دەکەن و پشتگیریی سێکولاریزم و فرەیی دەکەن، کە ئەمانە خەسڵەتێکن لە ململانێی سووری و دژە داعشدا نین و هەروەها ئەو ناوچانەیان کە لە دەستی داعش دەردەهێنا و دەیانگرت وایان لەقەڵەمدەدا کە "رزگارکراوە". کوردەکان، بە شەڕکردنیان و بەدەستهێنانی ناوبانگ وەک هاوپەیمانی جێمتمانە دژ بە قەوارەیەک کە لە مەودایەکی بەرفراواندا بڵاوبووەتەوە، رەواییەکی نێودەوڵەتیی گەورە و بەرچاویان بەدەستهێنابوو، ئەمەش بە رۆڵی خۆی چەسپاندنی کوردایەتیی زیاتر دەکرد. هاوکاریی پەڕینەوە بەسەر سنووردا و کاری هاوبەش سەرکەوتنی سەربازیی گرنگی بەرهەمهێنا و بوو بە مایەی ستایش و دانپیانانی نێودەوڵەتی بە کورد و پەرەسەندنی هەرێمایەتی وا، کە زۆرێک لە کوردەکان بە راستکردنەوەی هەڵەکانی مێژووی لێکدەدەنەوە.

ئەم پەرەسەندنانە بوون بە هۆکاری ئەوەی کە کوردەکان شانازیی بە کوردبوونی خۆیانەوە بکەن و وای لە زۆرێک کردووە باوەڕ بەوە بێنن کە نیازپاکیی سیاسییان لەگەڵ زلهێزەکان چێکردووە و دەکرێ لە مەودای دووردا بەکاربهێنرێت بۆ پشتگیری و پاراستنی داواکاری و پشتگیریی کورد. هەڵبەت هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی کورد هەڵوەستەیان کرد و هیچ نارەزاییەکیان دەرنەبڕی کاتێ کە هێزەکانی عێراق لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانیان گیرایەوە ژێر دەستی خۆیان، کە پێشتر لە بندەستی کورددا بوون و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گریمانەی پاڵپشتیی بەردەوامی نێودەوڵەتی بۆ کورد لەپێناوی چارەسەری کێشە سیاسی و هەرێمایەتییە درێژخایەنەکان سەلمێنرا کە هەڵەیە. ئێران و عێراق و تورکیا، کە هەستیان بە نیگەرانی کرد لەو ریفراندۆمە سەربەخۆییەی کوردستان، کە سەرکردایەتیی کوردی عێراق پێش مانگێک ئەنجامیدا، ناکۆکی و ناڕێکیی خۆیان خستەلاوە و بە هەماهەنگیی نێوانیان توانییان سنوورەکانی کوردستانی عێراق دابخەن. خۆ نەکردنە خاوەنی کورد لە لایەن رۆژئاواوە لە گەڕی رووداوەکاندا بوو بە هۆی رەتکردنەوەی ریفراندۆمەکەی کە سەرکردایەتیی کورد سووربوو لە سەر ئەنجامدانی، سەرباری بانگەشەی بەردەوامی حکوومەت و دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان بۆ راگرتنی و دواخستنی بۆ کاتێکی گونجاوتر. پارادۆکس لەوەدایە کە هەردوک ریفراندۆمەکە، کە وا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە لە بەرژەوەندیی سەربەخۆیی و بەدوایدا دەست لێبەردانی لە لایەن زلهێزەکانەوە پێدەچێت خزمەتی توندوتۆڵ کردنی *کوردایەتی* کردبێت. بێگومان وا لێکدرایەوە کە دەنگدان بە سەربەخۆیی هەنگاوێکی سەرەتاییە بەرەو دامەزرندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و ئەمەش مەسەلەیەک بوو کە سۆز و پشتیوانیی کوردی لە هەموو دنیادا بۆ خۆی راکێشا، کەچی رانەگەیاندنی هیچ کاردانەوەیەک لەلایەن رۆژئاواوە کاتێ

کە سوپای عێراق دەستی بەسەر کەرکووکدا گرت ئەوە بۆ کورد دەردەخات کە ناتوانن پشت بە یارمەتیی نێودەوڵەتی ببەستن، بەڵکو دەبێت تەنها پشت بەخۆیان ببەستن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان[٦٦].

پێش ئەوە یاریکەرە کوردەکان هیچ وەختێک هێندە پاڵپشتی سەربازی و سیاسییان لەلایەن رۆژئاواوە دەستەبەر نەکردبوو[٦٧]. هێزە کوردییەکان لە گەمەکەرە سەرەکییەکان بوون لە هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی وەرگرتنەوەی هەر یەکە لە رەقە و مووسڵ لە دەستی داعش. پەیەدە، کە پێشتر بە کەمی دەناسرا، بەخێرایی توانی پەیوەندیی کار لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکاندا دابمەزرێنێت و ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی تورکیای تووڕە کرد. بە هەمان شێوەش، بوو بە مەسەلەیەکی ئاسایی بۆ وەفدە رۆژئاواییە ئاست بەرزەکان سەردانی هەولێر بکەن و گفتوگۆ لە سەر پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بکەن. ئەکتەرە کوردەکان، لە رێگەی ئەم میکانیزمانەوە، روونتر و کارامەتر دەرکەوتن لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی و بە هۆی یارمەتیی سەربازیی نێودەوڵەتییەوە توانییان رووبەری ئەو خاکە بەرفراوان بکەن کە لە ژێر دەستی کوردەکاندا بوو لە باکووری سووریا و بۆ ماوەیەکیش کۆنترۆڵی هەندێ شوێنیان کردبوو لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی باکووری عێراقدا[٦٨].

ئەم گۆڕانکارییانە هەروا بەئاسایی تێنەپەڕین لە ناوچەکەدا و دەمێک بوو تورکیا هەستی بە نیگەرانییەکی توند دەکرد لەو پەرەسەندنە سیاسییانەی کە بە سوود بۆ کوردەکان دەگەڕایەوە[٦٩]. ئەنقەرە بە شێوەیەکی تایبەتی هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد لە فراوانبوونی دەسەڵاتی کورد بە سەر باکووری سووریادا و تیشکی دەخستە سەر پەیوەندیی نێوان پەکەکە و پەیەدە و هەوڵیدەدا لە ژێر ناونیشانی "تێرۆریست"دا کۆیان بکاتەوە و ئیدیعای ئەوە دەکات کە پەیەدە هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا. بە رووکەش وا تەماشای

هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ سووریا دەکرا لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات لە ئابی ٢٠١٦دا، بۆ کۆنترۆڵ کردنی سنوور و ڕێگرتن لە هاتوچۆی داعش، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی ڕێگرتن بوو لە پێشڕەویی زیاتری کورد. هەروەها ئۆپەراسیۆنێکی تری تورکی دەبینرێت لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا لە ژێر پەردەی دژە پەرەسەندن و گەرمبوونی شەڕ لە دەوروپشتی ئیدلیبدا. بەم پێیە مەترسییەکانی تێبەڕاندنی سنوور مەسەلەیەکی راستەقینەیە سەبارەت بە لایەنە کاراکانی کورد لە کاتی مانۆردا لە سەر شانۆی ستراتیجیی گۆڕاودا. لەکاتێکدا کە گرووپە کوردییەکان لە بەردەوامیدان و لە نێوان سنوورەکاندا هاوکارن و توندوتۆڵتر گەشە دەکەن و گەمەکەرە ناوچەییەکانیش کە بەدواداچوون بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان دەکەن، تا پەڕی ئەوپەڕ هەستەوەرن بۆ زیادەڕۆیی و ئەوەی کوردەکان ئەنجامیدەدەن بەتایبەتی. هەڵبەت پێشڕەویی بەغدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەرکووک، کە بە پشتیوانیی ئەنقەرە و تاران جێبەجێی کرد، بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە کە وا سنوورێکی دیاریکراو هەیە بۆ کوردەکان کە بتوانن مانۆڕی تێدا بکەن.

بەم مانایە بێت، بارودۆخی پان نەتەوەیی یان پان نیشتمانی بۆ کورد لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تیغێکی دوودەمە و بوونی مۆرکێکی کوردی بە سەر کۆمەڵێک سنوورەوە تۆڕێکی ئەمان و ئارامی بۆ لایەنە کاراکانی کورد دابین دەکات لە کاتی تەنگانەدا و بەمە دەتوانن بە دوای دڵنەواییدا بگەڕێن و جارێکی تر لە ناو خزمە هاونەژادەکانیاندا و سنوورە نێودەوڵەتییەکان رەچاو نەکەن[٧٠]. لەم ساڵانەی دواییدا و لەگەڵ هەڵکشانی پەیوەندی و قەیرانەکان، بواریش درا بە بنیاتنانی هاوکاری و یەکگرتوویی و ئەو هەست و سۆزانەی بڕوا و متمانەی خوڵقاند لە ناسنامەیاندا و رەواییش وەک گەلێکی خاوەن سەربەخۆیی. لە رێگەی هەماهەنگی و هاوکاریی کاراوە

به سەر سنوورەکاندا، کوردەکان بوون بە ئەکتەری هەرێمیی خاوەن توانا و کاریگەریی زیاتر و سەرمایەیەکی سیاسیی وایان بەدەستهێنا کە دەکرێت بخرێنە پێگەیەکی دانوستانی بەهێزترەوە بە تەواوبوونی شەڕ و ململانێ جۆراوجۆرەکانی نزیکیان. لە هەمان کاتیشدا، وڵاتە هەرێمایەتییەکان و بەتایبەتی تورکیا و دیسان ئێرانیش دان بە پەیوەندییەکانی ئەمدیو و ئەودیوی سنوورەکاندا دەنێن و ئەو سوود و قازانجە تەکتیکیانەی بۆیان دەرەخسێنێت، لەبەر ئەوە گوێقولاخ و بەسڵە و جاربەجاریش هەوڵی فێڵکردن دەدات لە پەرەسەندنە کوردییەکان لە تەواوی ناوچەکەدا و نەک هەر لە سەر خاکەکەی خۆی[٧١]. هەڵبەت چوونی تورکیا بۆ باکووری سووریا بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی جەرابلس نموونەی ئەو حاڵەتەیە و وەک هەماهەنگی لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیادا دوابەدوای ریفراندۆمی کوردە عێراقییەکان.

بێگومان ترسێکی ئیزافی هەمیشە ئامادەیە لای وڵاتانی ناوچەکە، ئەویش لە خولیا و ئاواتی هەموو کورددا خۆی دەبینێتەوە کە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتووە. ئەم مەترسییانەش لە دۆخ و ژینگەی ئێستادا هەڵایساوە، چونکە گرووپە کوردییەکان بە شێوەیەکی روولەزیاد کارلێکتر دەکەن و بە سەر سنوورەکاندا هاوکاری دەکەن و ئەوە کوردەکانن کە دێن و زەوی و خاکی زیاتر کۆنترۆڵ دەکەن، هەروەها ئەوەش کوردەکانن کە پشتیوانیی دیبلۆماسی و سەربازیی نێودەوڵەتی و هاوسۆزیی لەگەڵ کێشە و مەینەتییەکانیان بەدەستدێنن. ئەوەش کوردەکانن کە بە کراوەیی و بە ئاشکرا جەخت لە سەر شوناسیان دەکەن و رۆڵێکی کارای باش دەبینن، کە لە چاوی رۆژئاواییەکانەوە رۆڵێکی ئەرێنییە لە کاروباری ناوچەکەدا. ئەو رووداوەش کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا هاتە ئاراوە، کاتێ کە بەغدا بە رەزامەندیی ئەنقەرە و تاران ئەو هەنگاوانەی نا بۆ بچووککردنەوەی فراوانخوازیی

ناوچەیی کورد بەکردەیی خواستی دەوڵەتانی ناوچەکە دەردەخات کە بوار بە خولیا سیاسییەکانی کورد نادەن لە گرێژەنە دەربچێت. جگە لەوەش، ساغکردنەوەی مەودای راستیی خولیا و ئاواتی هەموو کورد کارێکە لەجێی خۆیدایە و رەنگە کوردایەتی لە ئێستادا لە هاوکۆیی و هاوکارییەکی نەژادیی فراوانخواز و تۆکمەدا دەربکەوێت، بەڵام ئەمە هاوتا نیە بە ئارەزوویەکی یەکگرتوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. تێبینی ئەوە دەکرێت کە وا کوردەکان بەشداربوون لە پرۆژەی سیاسیی جۆراوجۆری قەناعەت پێهێنانی ئایدیۆلۆجی لە ناوچەی جیاجیادا و داواکارییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی چەند ئەڵقەیەکی لێکتر دابڕاوی وتاردانی نەتەوەیی گرتووەتەوە و دوور بووە لە دەربڕینێک کە وا کۆدەنگیی لەسەربێت[٧٢]. هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە وا هەرچەندە کوردەکان بەرەیەکی هاوبەشیان پێکهێناوەو لە گەڵی شانۆی ئۆپەراسیۆنی دژ بە داعش پارێزگارییان لێکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر حاڵەتی دابڕاو بووە. هەڵبەت دابەشبوون و ململانێی سیاسی لە نێوان گرووپ و لایەنە سیاسییە کوردییە جۆراوجۆرەکاندا راستییەکی حاشاهەڵنەگرە تەنانەت ئەگەر بەکاتییش بەریان پێبگیرێت[٧٣]. مەسەلەیەکی پارادۆکس و سەیرە کە وا داعش هەل و دەرفەتی بۆ کوردەکان دروستکردووە، سەرباری ئەو تۆقاندن و کارەساتانەی بەرپایان کرد و گرووپە کوردەکانی سووریا و عێراق سوودیان لەو دەرفەتانە بینی. چیرۆک و گێڕانەوەی بەهێزی پشتبەخۆبەستن و هێز لە یەکگرتندایە دەرکەوتن و هاوتەریبی حیکایەت و گێڕانەوە کوردییە کۆنەکانە سەبارەت بە ستەم و چەوسانەوە، بەڵام لەگەڵ پاشەکشەی مەترسیی داعش، ئەگەری ئەوە هەیە کە پێویست بوونیش بە چارەسەر کەم ببێتەوە بەو پێیە و هۆکاری کەمتری قەناعەتبەخشیش دێنەئاراوە و جارێکیتر دابەشبوون دەردەکەوێتەوە. لە بارودۆخێکی ئاوهادا

قورســه بیــر له دەرکەوتنــی ئیرادەیەکــی سیاســیی بەردەوام و یەکگرتــوو بکرێتەوە بۆ گەلاڵە بوونی کوردستانێکی یەکگرتوو.

## ئەنجام

لە ســەردەمی نــوێی پێکەوەبەســتن و ئــاڵوگۆڕی پەیوەندیــدا کــوردایەتی گەشــەی کــردووە و تێیــدا کۆمەڵگەکــان پەیوەنــدیی خۆیــان بەســەر مەودای هێجگــار دووردا دادەمەزرێــنن و بەردەوامیــی پێــدەدەن ســەرباری ســنوورە نێودەوڵەتییەکــان و دابەشــبوونە سیاســییەکان. لەوەتەی پەیوەنــدییە بــان نەتەوەیــی و نیشــتمانییەکانی کورد لە ســاڵانی ١٩٩٠کــانەوە بەهێزبــووە ئەمە شــتێکی گەشــەکردووە. بەتــایبەتیش، ئەو شــۆک و ترۆمایــانەی لە نــاکۆکی و شەڕوشــۆڕە زۆر و زەوەندەکانــدا هــاتوونەتە ئــاراوە و داروبــاری رۆژهەڵاتــی ناوەڕاستی هەڵتەکاندووە، جیاوازیی کوردی لە تورک و عەرەب دەرخســتووە کە لەناویاندا دەژین، لەگەڵ حکوومەتەکانیاندا کە سەلماندوویانە هیچ خواست و ئارەزوویەکیــان نــیە کــار بــۆ بەرژەوەنــدیی کوردەکــان بــکەن. پەیوەنــدییە باننەتەوەیی و نیشتمانییەکان شــتی کوتــوپڕیی هێنــاوەتە پێشــەوە و ناسنامەی پــان – کــوردیش چوارچێــوەی خــۆی وەرگرتــووە. هەڕەشــە دەرەکییەکــان کــاریگەریی ســیمێلیان ورووژانــدووە، کە لە یەکگرتــوویی نــاوخۆیی تــۆکمەدا خـــۆی دەبینێـــتەوە و هەســـتکردن بەوەی کە کـــورد پێویســـتە پشـــت بە هاونەژادەکانیـــان ببەســـتن، کە رەنـــگە هەنـــدێکیان لە پشـــت ســـنوورە نێودەوڵەتییەکانەوە بژین، بەڵام بەزۆری ئامادەن بە دەم بانگەوازەکانەوە بچن لەپێناوی بەرگریدا لە بەرژەوەندیی کورد. لە بــارۆدۆخی پڕ کێشــە و ئاڵۆزیی رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، کوردەکــان بەردەوام پەنــا دەبەنە بەر هــاوڕەگەز و هاونەژادەکانیـــان و حیکایەتەکـــانی ســـتەمکاری و بەرگـــری کـــردن خـــاڵی

کۆکەرەوەی بەهێزن بۆ ناسنامە کە لە بەردەوامبوونی ناکۆکی و ململانێکاندا پێویستە پارێزگاری لێبکرێت و بەم پێیە کوردایەتی بە هێز و گوڕی خۆیەوە دەپارێزرێت. کارلێکی رووبەڕووی کوردەکان لە کاردانەوەی هەڕەشەی میلیتاریدا پەیوەندییەکانی خۆی چێکردووە و دیالێکتی کرمانجی وەک زمانێکی هاوبەش کارا کراوەتەوە، بەڵام خولیا و ئاواتی سەرکردە سیاسییە کوردەکان هێشتا هەر ناکۆکیی بەردەوامی لە سەرە و پێدەچێت ئەوە لە ئاستی مەدەنی و شەخسیدا بێت لەجیاتی ئاستی سیاسی و رێکخراوەیی کە وا *کوردایەتی* میراتی بەردەوامیدانی بۆ بەجێدێڵێت. کوردایەتی وەک فۆرمێک لە فۆرمەکانی هاوکۆیی و هاوکاری بەهێزتر دەبێت و هانی شکۆی تاک و رابوونی کوردێتیی دەدات و لە کاتی تەنگانەدا بانگەشەی بۆ دەکرێت وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو هەڕەشانەی لە سەر کوردن. بە هەمان دەستوور، بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان و بە شێوەیەکی سەرەکی پەیەدە و رژێمی هەولێر جێپێی خۆیان چەسپاندووە وەک ئەکتەری گرنگ لە پەرەسەندنەکانی ناوچەکەدا. بێگومان کورد بۆ ئەوەی ئەو پێگە رێژەییەی کە ئێستا هەیانە و ئەو سەرمایە سیاسییەی بەدەستیانهێناوە بیپارێزن پێویستە لەسەریان پەیوەندیی هاوکاری و هەماهەنگیی بزووتنەوە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیان بپارێزن[٧٤]. هەروەها پێویستیشە لە هەندێک حاڵەتدا پەیوەندیی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناوچەکەشدا درووست بکرێت و بپارێزرێت. لەوەدا کوردایەتی رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت و ستروکتووری هاوکاری و پشتیوانی دابین دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی پێگە و هەڵوێستی بەهێزی سازش و دانوستاندن لە شانۆی نێودەوڵەتیدا. هێز لە یەکگرتن و هەماهەنگیدایە و ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ کورد وەک یاریکەر و ئەکتەر لە زەمینەیەکی ستراتیجیی بە مەترسی دەورەدراودا.

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی خاتوو دارا کۆندویت Dara Conduit دەکەم لە سەر کۆمێنت و سەرنجە سوودبەخشەکانی بۆ رەشنووسی بەرایی ئەم پەیپەرە.

## پەراوێز

*Correspondence Address:* William Gourlay, School of Social Sciences, PO Box 197, Monash University, Caulfield East, VIC 3145, Australia. Email: william.gourlay@monash.edu

**ناونیشان**: ویلیەم گۆرلەی، قوتابخانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، سندووقی پۆستە ١٩٧، زانکۆی مۆناش، کۆڵفیلد ئیست، VIC 3145، ئوستراليا.

١ – ئەحمەدی خانی (٢٠٠٨)، *"مەم و زین"*، وەرگێرانی: س. سەعدوڵلا، (ئەستەمبووڵ: ئاڤێستا)، ل ٣١.

٢ – دیڤید ماکدواڵ (٢٠٠٤)، *"مێژووی نوێی کوردەکان*
*A Modern History of the Kurds*"، (لەندەن: ئای. بی. تۆریس)، ل ١.

٣ – م. هاکان یاڤوز (٢٠٠٥)، "ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا"، لە کتێبی مایا شاتزمیلەر، *"ناسیۆنالیزم و ناسنامەی کەمینەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا"*، (مۆنتریاڵ: ماکگیڵ – چاپی زانکۆی کوین)، ل ٢٢٩ – ٢٦٢.

٤ – کەنداڵ نەزان (١٩٩٦)، "کوردەکان: پێگەی ئێستا و باکگراوندی مێژوویی"، لە کتێبی فیلیپ کرەینبرۆک و کریستین ئەڵیسن، *"کولتوور و ناسنامەی کورد"*، (لەندەن: زەد بووکس)، ل ٧ – ١٩.

٥ – مایکڵ گونتەر (٢٠١١)، *"فەرهەنگی مێژوویی کورد"*، (لانهام، مێریلاند: چاپی سکەیرکرۆ)، ل ١٧٠.

٦ – ستیوارت هۆڵ (١٩٩٦)، "کێ پێویستی بە 'ناسنامەیە'؟" لە کتێبی (س. هۆڵ و پۆڵ دو گەی)دا، *"پرسەکانی ناسنامەی کولتووری"*، (لەندەن: سەیگ) ، ل ١ – ١٧.

٧ – رۆجەرز بروبەیکەر (٢٠٠٤) ، *"نەژاد و ئیتنیک بێ گرووپ "Ethnicity Without Group"*، (کامبریج: مێریلاند، چاپی زانکۆی هارڤارد)، ل ١١ – ١٢.

٨ – مارتن ڤان برونەسن (١٩٨٩)، "ناسنامەی نەژادیی کوردەکان لە تورکیادا ، لە کتێبی پیتەر ئەندروزدا، *"گرووپە نەژادییەکان لە کۆماری تورکیادا"*، (ڤیسبادن: رەیخەرت ڤێرلاگ)، ل ٦١٣ – ٦٢١.

٩ – تۆماس هایلاند ئێریکسن (١٩٩٥)، "ئێمە و خۆمان: دوو مۆدێلی پێناسە و دەسنیشان کردنی گرووپ

We and Us: Two Modes of Group identification

""، *جۆرناڵی لێکۆڵینەوەی ئاشتی*، ژمارە ٣٢ (٤)، ل ٤٢٧ – ٤٣٦.

١٠ – ئەنتۆنی سمیث (١٩٩١)، *"ناسنامەی نەتەوەیی یان نیشتمانی*

*"National Identity*، (لەندەن: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی پینگوین)، ل ٢١.

١١ – رۆجەرز بروبەیکەر (٢٠٠٤)، *"نەژاد و ئیتنیک بێ گرووپ Ethnicity Without Group"*، (کامبریج: مێریلاند، چاپی زانکۆی هارڤارد)، ل ١٢.

١٢ – ت. ئێچ. ئێریکسن (٢٠٠٤)، *"ئەنترۆپۆلۆجی چیە؟"*، (لەندەن: پلۆتۆ پرێس)، ل ١٦٤.

١٣ – حەمید بۆزئەرسەلان (٢٠٠٨)، "کورد ودەوڵەتی تورکیا "، لە کتێبی رەشاد کەسەبە، *"مێژووی کامبریجی تورکیا"*، بەرگی ٤، (چاپی زانکۆی کامبریج)، ل ٣٣٣ – ٣٥٦.

١٤ – چاوپێکەوتنی نووسەر، لەندەن، تەمووزی ٢٠١٦.

١٥ – چیکارا هاشیمۆتۆ و ئەگەمەن بیزچی (٢٠١٦)، "ئایا کوردەکان 'لە چیا بەولاوەدۆستیان نیە؟' جەنگی نهێنیی تورکیا دژ بە کۆمۆنیستەکان و سۆڤیێتەکان و کوردەکان"، *گۆڤاری توێژینەوەکەنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست*، ژمارە ٥٢ (٤)، ل ٦٤٠ – ٦٥٥.

١٦ – هەیرییە ئوێزەن (٢٠١٤)، "داینەمیکە خامۆشەکانی درووستبوونی جوولانەوە: کێشەی کورد لە تورکیادا (سالانی چلەکان و شەستەکانی سەدەی بیست)"، *گۆڤاری کەرەنت سۆسیۆلۆجی Current Sociology*، ژمارە ٦٣ (١)، ل ٥٧ – ٧٤.

١٧ – مەسعوود یەغەن (٢٠١٦)، "خەباتی چەکداری بۆ دانوستاندنی ئاشتی: کوردستانی سەربەخۆ بۆ ئۆتۆنۆمیی دیموکراسی، یان پەکەکە لەو دۆخەدا" ، *گۆڤاری میدل ئیست کریتیک*، ژمارە ٢٥ (٤)، ل ٣٦٥ – ٣٨٣.

١٨ – چاوپێکەوتنی نووسەر، دیاربەکر، ٤ی حوزیرانی ٢٠١٥. لەم نووسینەدا ناوی هەموو ئەوانەم گۆڕیوە کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون بۆ پاراستنی ناسنامەکانیان.

١٩ – چاوپێکەوتنی نووسەر، دیاربەکر، ٤ی حوزیرانی ٢٠١٥.

٢٠ – مارتن ڤان برونەسن، "مەم و زینی ئەحمەدی خانی و رۆڵی لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا"، لە کتێبی عەباس وەلی، *"بابەتگەلێک لە سەر رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی کوردی"*، (کۆستا مێسا، کالیفۆرنیا: بلاوکەرەوەی مازدا)، ل ٤٠ – ٥٧.

٢١ – دێنیس ناتالی (٢٠٠١)، "درووستکردنی ناسنامە و بەڕێوەبردنی کوردەکان لە عێراق"، لە کتێبی برێندان ئۆلێری، ئیان لەستیک و تۆماس کالڵاغی، *"دەوڵەتی راست: سیاسەتی سنوورە جوولاوەکان"*، (ئۆکسفۆرد: چاپی زاکۆی ئۆکسفۆرد)، ل ٢٥٣ – ٢٨٨.

٢٢ – دێنیس ناتالی (٢٠٠٥) "کورد و دەوڵەت: پەرەسەندنی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراق و تورکیا و ئێران

*The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey and Iran*"، (سیراکۆس: چاپی زانکۆی سیراکۆس)، ل ١٨٠.

٢٣ – م. گونتەر "ناسنامەی کەمینەی کورد لە عێراق"، لە کتێبی م. شاتزمیلەر وەرگیراوە، *"ناسیۆنالیزم و ناسنامەی کەمینەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا"*، (مۆنتریاڵ: ماکگیڵ – چاپی زانکۆی کوین)، ل ٢٦٣ – ٢٨٢.

٢٤ – وۆکەر کۆنئۆر (١٩٩٤)، *"ئیتنۆ – ناسیۆنالیزم: داواکاری بۆ تێگەیشتن "Ethno – nationalism: The Quest for Understanding*، (پرینستۆن: چاپی زانکۆی پرینستۆن)، ل ١٩٧ – ٢٠٢.

٢٥ – رەمەزان ئاراس (٢٠١٥)، *"پێکهاتنی کوردبوون لە تورکیادا: توندوتیژیی سیاسی و ترس و تۆقین The Formation of Kurdishness in Turkey: Political Violence* "، (لەندەن: رۆتلێج)، ل ١٩٧.

٢٦ – موحەڕەم ساریکایا (٢٠١٥)، *"شتە نەزانراوەکان لەبارەی دەمیرتاشەوە"*، ئاژانسی هەبەر تورک، ٨ی شوبات، لەم سایتەی خوارەوەدایە:

www.haberturk.com/gundem/haber/ – demirtasin – bilinmeyenleri.

٢٧ – ت. ئێریکسن (٢٠٠٤)، *"ئەنترۆپۆلۆجی چیە؟"*، ل ١٦٤.

٢٨ ـ دەنیز ناتالی (٢٠٠٥)، *"کورد و دەوڵەت، The Kurds and the State"*، ل ١٨١.

٢٩ – ئومیت جزرە (٢٠٠١)، "کێشەی کوردی تورکیا: سنوور، ناسنامە و هەژموون Turkey's Kurdish Problem: Borders, Identity, and Hegemony"، لە کتێبی ب. ئۆلێری، ی. لەستیک و ت. کەلاغی، *"دەوڵەتی پەلهاوێژ بۆ دەرەوەی سنووری خۆی Right – Sizing the State"*، ل ٢٢٢ – ٢٥٢.

٣٠ – هیومان رایتس وۆچ (١٩٩١)، *"چی لە کوردەکانی عێراق روویدا؟"*، ١١ی مارت، بڕوانە ئەم سایتە: www.hrw.org/reports/1991/IRAQ913.htm

هەروەها زیاد لە یەک ملیۆن کورد لە سنوورەکانی عێراق – ئێرانەوە هەڵاتن. بڕوانە نادر ئینتیسار (١٩٩٢)، *"ئیتنۆ – ناسیۆنالیزمی کوردی"*، (Boulder, CO: Lynne Reiner Publishers)، ل ١٥٥.

٣١ – چاوپێکەوتنی نووسەر، ئەستەمبووڵ، ١٣ ی حوزیرانی ٢٠١٥.

٣٢ – بەهار بەشیر (٢٠١٥)، *"دیاسپۆرا و ململانێکانی نیشتمان: دیدێکی بەراوردکارانە*
*"Diasporas and Homeland Conflicts: A Comparative Perspective*
،(فارنهام ئاشگەیت)، ل ٥٦ – ٧٠.

٣٣ – نیکۆڵ واتس (٢٠٠٤)، "بە دامودزگایی کردنی کردەیی رۆژئاوای کوردستان: تۆڕی بان نەتەوەیی و پەیوەندیی ئیتنیکی لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، لە کتێبی جۆیل میگداڵ، *"سنوورەکان و خاوەندارێتی: دەوڵەت و کۆمەڵگەکان لە خەباتی شکڵگرتنی ناسنامەکان و ئەزموونە ناوچەییەکان"*، (کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج)، ل ١٢١ – ١٤٧.

٣٤ – مارلیز کاسییێر (٢٠١٠)، "سیاسەتی هاوکۆیی و هاوکاری: مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپادا"، لە کتێبی جووست جۆنگەردان و م. کاسییێر، *"ناسیۆنالیزم و سیاسەت لە تورکیادا"*، (لەندەن: تایلەر ئەند فرانسیس)، ل ١٩٧ – ٢١٧.

٣٥ – ن. واتس (٢٠٠٤)، *"بە دامودزگایی کردنی کردەیی رۆژئاوای کوردستان* *Institutionalising Virtual Kurdistan West"*، ل ١٢٩ – ١٣١.

٣٦ – ئۆفرا بێنگیۆ (٢٠١٥)، *"ئێستای کورد The Kurdish Momentum"*، لە کتێبێکی خۆیدا بە ناونیشانی، *"رابوونی کورد: بنیاتنانی نەتەوە لە نیشتمانێکی پاچە پارچەدا* *Kurdish Awakening: Nation Building in a Fragmented Homeland*"، (ئۆستن: چاپی زانکۆی تەکساس)، ل ٢٦٩ – ٢٨١.

٣٧ – مستەفا گوربوز (٢٠١٦)، "بزووتنەوە نەیارەکانی کورد لە تورکیادا: وەرچەرخان لە ململانێی نەژادیدا *Rival Kurdish Movements in Turkey: Transforming Ethnic Conflict*"، (ئەمستردام: چاپی زانکۆی ئەمستردام)، ل ٤٩ – ٥٠.

٣٨ – ئەحمەد ئەککایا و جۆنگەردەن جەی. (٢٠١٠)، "پەکەکە لە سالآنی دووهەزارەکاندا: بەردەوامبوون لە پشوودا؟

"The PKK in the 2000s: Continuity Through Breaks"

له کتێبی جەی. جۆنگەردەن و م. کاسییر، *"ناسیۆنالیزم و سیاسەت لە تورکیادا*، ل ١٤٣ – ١٦٢.

٣٩ – بەهار بەشیر (٢٠١٥)، *"دیاسپۆرا و ململانێکانی نیشتمان "Diasporas and Homeland Conflicts*"، ل ٦٩ – ٧٥.

٤٠ – چاوپێکەوتنی نووسەر، ئەستەمبووڵ، ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤.

٤١ – چاوپێکەوتنی نووسەر، دیاربەکر، ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤.

٤٢ – ریبێکا کۆلارد (٢٠١٥)، *"پیاوانی کورد دەچنە پاڵ داعش بۆ کوشتنی هاولاتیانی خۆیان Kurdish men are joining ISIS to kill their own people*، بڕوانە *ئەم ماڵپەڕە:*

https://www.pri.org/stories/2015-01-26/some-kurds-are-joining-isis-kill-their-own

٤٣ – رۆژنامەی *جمهورییەت* (٢٠١٤)، *"ئەردۆغان: کۆبانی خەریکە دەکەوێت"*، ٧ی ئۆکتۆبەر، بڕوانە ئەم *ماڵپەڕە:* www.cumhuriyet.com.tr/

٤٤ – چاوپێکەوتنی نووسەر، ئەستەمبووڵ، ١٣ی حوزێرانی ٢٠١٥.

٤٥ – بۆ نموونە بڕوانە کەمپەینێکی سۆشیاڵ میدیای سەر بە یەپەگە / کۆبانی، بڕوانە تویتەر. twitter.com/hashtag

٤٦ – چاوپێکەوتنی نووسەر ، ئەستەمبووڵ، ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤.

٤٧ – جانرۆژ م. کەلەس (٢٠١٤)، *"کوردەکانی ئەورووپا خۆ سازدەدەن بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش The European Kurds rallying to fight IS*"، بڕوانە سایتی ئۆپن دیموکراسی:

https://www.opendemocracy.net/opensecurity/janroj–yilmaz–keles/european–kurds–

٤٨ – چاوپێکەوتنی نووسەر، دیاربەکر، ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤.

٤٩ – مارتن ڤان برونەسن (١٩٨٩)، "لابردنی شوناسە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکان: کورد لە تورکیادا و دیاسپۆرای ئەورووپا :Shifting National and Ethnic Identities The Kurds in Turkey and the European Diaspora"، *گۆڤاری کاروباری کەمینەی موسڵمان Journal of Muslim Minority Affairs*، ژمارە ١٨ (١)، ل ٣٩ – ٤٤.

٥٠ – ئەکین ئەنڤەر (٢٠١٦)، "کوردەکان: جیۆپۆڵەتیکی بان نەتەوەیی کورد لە سەردەمی هەڵگرتنی سنوورەکاندا ، *گۆڤاری کاروباری نێودەوڵەتی*، ژمارە ٦٩ (٢)، ل ٦٥ – ٩٨.

٥١ – ئەگەمەن بیزچی و نیکۆلاس بۆرۆز (٢٠١٦)، *"داعش هەوڵی تواندنەوەی کورد دەدات ISIS Helps Forge the Kurdish Nation"*، سایتی *The National Interest*، ٥ی شوبات، بڕوانە سایتەکە:

http://nationalinterest.org/feature/isis–helps–forge–the–kurdish–nation–5116,

٥٢ – تیڵ ف. پاشێ (٢٠١٥)، "کوردەکانی سووریا و عێراق: ململانێ و هەماهەنگی Syrian and Iraqi Kurds: Conflict and Cooperation"، *گۆڤاری میدڵ ئیست پۆلیسی Middle East Policy*، ژمارە ٢٢ (١)، ل ٧٧ – ٨٨ .

٥٣ – بڕوانە ئاژانسی رۆیتەرز (٢٠١٤)، "*جەنگاوەرە پێشمەرگە عێراقییەکان لە کۆبانی نزیکدەبنەوە و ئامادەن بۆ شەڕ* "، ٢٩ی ئۆکتۆبەر، بڕوانە ئەم سایتە:

http://www.reuters.com/video/2014/10/29/iraqi–peshmerga–fighters–approach–kobani

٥٤ – کورد لە ئێرانەوە و هەروەها کوردەکانی تاراوگەش لە ئەوروپا هاتوون بۆ بەرگری کردن لە کۆبانی و بەشداری کردنی کەمپەینەکانی تر دژ بە داعش. بۆ نموونە بڕوانە لیانا ئاغاجانیان(٢٠١٥) ، *"کۆپنهاگن بۆ کۆبانی و بەرلین بۆ هەولێر"*، بڕوانە گۆڤاری فۆرن پۆلیسی و بابەتەکە لەم سایتەدا:

http://foreignpolicy.com/2015/01/06/copenhagen–to–kobani–berlin–to–rbilkurds–peshmerga–isis

٥٥ – بڕوانە ئی کوردی رۆژانە (٢٠١٤)، *"وەزیری بەرگریی کۆبانیی کوردستانی سووریا: پێویستە هەموو کەس پشتیوانی لە بەرگری بکات*
*Syrian Kurdistan's Kobani Defense Minister: Everyone needs to support the resistance"* ، ١٥ی نۆڤەمبەر، بڕوانە ئەم سایتە:

http://ekurd.net/mismas/articles/misc2014/11/syriakurd.

٥٦ – م. گونتەر (٢٠١٦)، *"کوردەکان: مێژوویەکی نوێ*
*The Kurds: A Modern History"* ، (پرینستۆن: بڵاوکەرەوەی مارکۆس ڤەینەر)، ل ١٨١.

٥٧ – گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان (٢٠١٣)، *"کوردەکانی سووریا: خەبات لەناو خەباتدا* *Syria's Kurds: A Struggle within a Struggle"*، راپۆرتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە ١٣٦، ل ٢٢ – ٢٥.

٥٨ – هانێس کێرنی (٢٠١٤) "پێشمەرگە عێراقییەکان دەچنە شەڕی کۆبانێوە و سەرکردایەتیی کورد لە سەر خەتە"، *گۆڤاری وۆرڵد پۆڵەتیکس ریڤیو*
*World Review Poletics* . لەم سایتەدا:
http://www.worldpoliticsreview.com/articles/14242/iraq–s–peshmerga–join–battle–for–kobani–with–kurdish–leadership–at–stake

٥٩ – ڕۆبەرت لۆوە (٢٠١٠)، "سەرهەڵدان و چیرۆکی نەتەوەیی کورد لە سووریا "The Serhildan and the Kurdish National Story in Syria، لە کتێبی ر. لۆوە و گارێت ستانسفیلد، *"پابەندبوونی سیاسەتی کورد The Kurdish Policy Imperative"*، (لەندەن: ئینستیتیوتی شاهانە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی)، ل ١٦١ – ١٧٩.

٦٠ – هەمان سەرچاوە، ل ١٦١ – ١٧٩.

٦١ – ئاژانسی هەواڵی فورات (٢٠١٥)، *"شەڕڤانانی یەپەگە / یەپەژە لە سنووری جەرابلسدا"*، ١١ی شوباتی ٢٠١٥. بڕوانە ئەم سایتە: http://www.kurdishinfo.com/ypgypj–fighters–border–jarablus

٦٢ – جەنگیز گوینەش و ر. لۆوە (٢٠١٥)، *"کاریگەریی جەنگی سووریا لە سەر سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا The Impact of the Syrian War on Kurdish Politics Across the Middle East"* (لەندەن: خانەی چاتهام)، ل ٧.

٦٣ – چاوپێکەوتنی نووسەر، دیاربەکر،٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤.

٦٤ – سیروان کەججۆ (٢٠١٦)، "دیداری زمانزانی ئەمریکی کە شەیدای زمانی کوردییە"، ١٥ی حوزێرانی ٢٠١٦، گۆڤاری زیڤ، لەم سایتەدا:

*https:// zivmagazine.com/2016/06/15/meet–the–american–polyglot–who–is–in–love–with–kurdish.*

٦٥ – بڕوانە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی ئی - کوردی (e – Kurd) ڕۆژانە (٢٠١٤)، *"پێویستە هەموو کەس پشتگیریی لە بەرگری بکات*

*Everyone Needs to support the resistance".*

٦٦ – ئەمە گومان نیە لە دابەشبوونی ناوخۆیی و تۆمەت و تۆمەتکاری بێت لە ناو گرووپە کوردییەکانی عێراقدا سەبارەت بەوەی کێ "خیانەتی" لە بەرژەوەندییەکانی کورد کردووە و ڕێگەی بە لەدەستدانی کەرکووک داوە.

٦٧ – نامۆ عەبدوڵا (٢٠١٦)، "داعش چۆن ناسیۆنالیزمی کوردی پێشخست How ISIL Advanced Kurdish Nationalism "، *گۆڤاری وەرزیی سیاسەتی تورکی* *Turkish Policy Quarterly*، ژمارە ١٤ (٤)، ل ٨٩ – ٩٧.

٦٨ – پێشڕەویی کورد لە سووریادا بێ مشتومڕ نیە. بڕوانە ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، سووریا (٢٠١٥): *"تەختکردنی گوندەکان لە لایەن هاوپەیمانانی ئەمریکاوە دەگاتە رادەی تاوانی جەنگ"*، ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، بڕوانە ئەم سایتە: https://www.amnesty.org/en/press-releases/2015/10/syria-us-allys-razing-of-villages-amounts-to-war-crimes.

لەبارەی ناوچە کێشەلە سەرەکانەوە لە باکووری عێراق بڕوانە پیتەر بارتۆ (٢٠١٠)، *"ململانێ لەگەڵ کاملبوونی نەتەوەیەکدا: سنووره ناوخۆییە کێشە لە سەرەکان لە عێراقدا"*، *گۆڤاری کاروباری نێودەوڵەتی* *International Affairs*، ژمارە ٨٦ (٦)، ل ١٣٢٩ – ١٣٤٣.

٦٩ – وەک دەوترێت کە وا ئەنقەرە وەک هاوپەیمانێکی سەرەکی و پشتیوانی ئیدارەی کوردی دەبینرێت لە هەولێر. بڕوانە ڕەنج عەلائەدین (٢٠١٦)، *"هاوپەیمانیی تورکیا – حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا چۆن کار دەکات"*.

www.brookings.edu/

٧٠ – محەمەد گویرسەس (٢٠١٥)، "خزمایەتیی بان نەتەوەیی نەژادی و ئەنجام و لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ Transnational Ethnic Kin and Civil War Outcomes"، *گۆڤاری وەرزانەی توێژینەوەی سیاسی* *Political Research Quarterly*، ژمارە ٦٨ (١)، ل ١٤٢ – ١٥٣.

٧١ – لەڕووی مێژووییەوە، دابەشبوونی کورد و بارۆدۆخی کەمینەییان وەک یاری پێکردن بەکارهاتووە لە مانۆڕی دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا دژ بە یەکتر.

٧٢ – ن. واتس (٢٠١٥)، "سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی نەتەوە و نیشتمانی کورد"، ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، ٢٧ی شوبات. بڕوانە ئەم سایتە:

www.washingtonpost.com/blogs/monkey–cage/wp/2015/02/27/redefining–the–kurdish–nation

٧٣ – ڕکابەری خێرا سەریهەڵدایەوە لە پاش فریاکەوتنی کۆبانی و بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەرچاو ناکۆکی و ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکە لە سەر سنجار. بڕوانە ماتیو شڤایتزەر (٢٠١٦)، *"کردنەوەی گرێکویرەی ئاشتی لە سنجار Unravelling the Peace in Sinjar, EPIC"*، بڕوانە سایتی:

http://www.epic–usa.org/

٧٤ – گوینەش و لۆوە (٢٠١٥)، *"کاریگەریی جەنگی سووریا The Impact of the Syrian War"*، ل ١٤.

---

## سەرچاوەکان


١ - عەبدوڵڵا، ن. (٢٠١٦)، "داعش چۆن هێرشی کردە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی How ISIL Advanced Kurdish Nationalism "، گۆڤاری وەرزیی سیاسەتی تورکی، ژمارە ١٤ (٤)، ل ٨٩ – ٩٧.

٢ - ئاغاجانیان، ل. (٢٠١٥)، "کۆپنهاگن بۆ کۆبانی، بەرلین بۆ هەولێر Copenhagen to Kobani, Berlin to Erbil "، *گۆڤاری فۆرن پۆلیسی Foreign Policy*. بڕوانە ئەم سایتە:

http://foreignpolicy.com/2015/01/06/copenhagen–to–kobani–berlin–to–erbil–kurds–peshmerga–isis

٣ – ئەککایا، ئەی. ئێچ. و جۆنگەردەن، جەی. (٢٠١٠) "پەکەکە لە ساڵانی دووهەزارەکاندا: بەردەوامبوون لە پشووداندا The PKK in the 2000s: Continuity through Breaks "، لە کتێبی جۆنگەردەن، جەی. و کاسییر، ئێم، *"ناسیۆنالیزم و سیاسەت لە تورکیادا"*، (لەندەن: تایلەر ئەند فرانسیس)، ل ١٤٣ – ١٦٢.

٤ – عەلائەدین ئاڕ. (٢٠١٦)، "بۆچی هاوپەیمانیی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێستا کاردەکات Why the Turkey – KRG alliance works, for now, Brookings"، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

www.brookings. edu/articles/why–the–turkey–krg–alliance–works–for–now

٥ – ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (٢٠١٥) سووریا: "تەختکردنی گوندەکان لەلایەن هاوپەیمانانی ئەمریکاوە بە تاوانی جەنگ ئەژمار دەکرێت"، ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥. بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

www.amnesty.org/en/press–releases/2015/10/syria–us–allys–razing–of–villages–amountsto–war–crimes

٦ – ئاراس، ئاڕ. (٢٠١٥)، "گەڵاڵەبوونی کوردبوون لە تورکیادا: توندوتیژیی سیاسی، ترس و ئازار"، (لەندەن: ڕۆتلێج).

٧ – بارتو، پی. (٢٠١٠)، "ململانێ لەگەڵ کامڵبوونی نەتەوەیەکدا: سنووره ناوخۆییە کێشەلە سەرەکانی عێراق Wrestling with the Integrity of a Nation: The Disputed Internal Boundaries in Iraq"، *گۆڤاری کاروباری نێودەوڵەتی International Affairs*، ژمارە ٨٠ (٦)، ل ١٣٢٩ – ١٣٤٣.

٨ - بەشیر، بی. (٢٠١٥)، *"دیاسپۆرا و ململانێکانی نیشتمان: بیر و بۆچوونێکی بەراوردکارانە Diasporas and Homeland Conflicts: A Comparative Perspective"*، (فارنهام: ئاشگەیت).

٩ – بێنگیۆ، ئۆ. ٢٠١٥، "ئێستای کورد The Kurdish Momentum"، لە کتێبی بێنگیۆ، عوفرا "رابوونی کورد: بنیاتنانی نەتەوە و نیشتمانێکی پارچە پارچە *Kurdish Awakening: Nation Building in a Fragmented Homeland"*، ل ٢٦٩ – ٢٨١ (ئۆستن: چاپی زانکۆی تەکساس).

١٠ – بیزچی، ئی. و بۆرۆز، ئێن. (٢٠١٦)، "داعش هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەدا ISIS helps Forge the Kurdish nation "، *ناشناڵ ئینتەرێست The National Interest*، *ەی شوبات. بروانە ئەم سایتە:*

http://nationalinterest.org/feature/isis–helps–forge–the–kurdish–nation

١١ – بۆزئەرسەلان، حەمید. (٢٠٠٨)، "کورد و دەوڵەتی تورکیا"، لە کتێبی کەسەبە، ئاڕ. "مێژووی کامبریجی تورکیا"، لە کتێبی، *"مێژووی تورکیا لە کامبریج Cambridge History of Turkey"*، ل ٣٣٣ – ٣٥٦ (کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج).

١٢ – بروبەیکەر، ئاڕ. (٢٠٠٤)، *"نەژاد و ئیتنیکی بێ گرووپ Ethnicity without Groups"*، (کامبریج، مینیسۆتا: چاپی زانکۆی هارڤارد).

١٣ – کاسییێر، ئێم. (٢٠١٠)، "سیاسەت و هاوکاری: مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپادا The Politics of Solidarity: The Kurdish Question in the European Parliament"، لە کتێبی جۆنگەرەدەن، جەی. و کاسییێر، ئێم. *"ناسیۆنالیزم و سیاسەت لە تورکیادا Nationalisms and Politics in Turkey"*، ل ١٩٧ – ٢١٧، (لەندەن: تایلۆر ئەند فرانسیس).

١٤ – کێنری، ئێج. (٢٠١٤)، "پێشمەرگەکانی عێراق دەچنە شەڕی کۆبانی، لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد لە سەر خەتە"، *گۆڤاری پێداچوونەوەی سیاسەتی جیهانی.* بڕوانە ئەم سایتە:

www.worldpoliticsreview.com/articles/14242/iraq–s–peshmerga–join–battle–for–kobaniwith–kurdish–leadership–at–stake

١٥ – جزره، ئو. (٢٠٠١)، "کێشەی کوردی تورکیا: سنوور و ناسنامە و هەژموون Turkey's Kurdish Problem: Borders, Identity, and Hegemony"، لە کتێبی ئۆلێری، بی و لەستیک، ئای. و کالّلاغی، تی. "دەوڵەتی پەلهاێژ بۆ دەرەوەی سنووری خۆی: سیاسەتی سنووری جوولاو Right–Sizing the State: The Politics of Moving Borders"، ل ٢٢٢ – ٢٥٢. (ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد).

١٦ – کۆلارد، ئاڕ. "*پیاوانی کورد دەچنە پاڵ داعش بۆ کوشتنی خەڵکی خۆیان Kurdish men are joining ISIS to kill their own people, PRI*"،

بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

www.pri.org/ stories/2015–01–26/some–kurds–are–joining–isis–kill–their–own

١٧ – کۆننۆر، دەبلیو. (١٩٩٤)، "*ئیتنۆناسیۆنالیزم: داواکاری بۆ تێگەیشتن Ethnonationalism: The Quest for Understanding*"، (پرینستۆن: چاپی زانکۆی پرینستۆن).

١٨ – ڕۆژنامەی جمهوورییەت، "*ئەردۆغان: کۆبانی خەریکە دەکەوێت Erdoğan: Şu an Kobani Düştü Düşüyor* [Erdoğan: Kobani is about to Fall]"، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

www.cumhuriyet.com.tr/haber/siyaset/127825/Erdogan_Su_an_Kobani_dustu_dusuyor.

١٩ – ئی. کورد دەیلی (٢٠١٤)، "*وەزیری بەرگریی کۆبانیی کوردستانی سووریا: دەبێت هەموو کەسێک پشتیوانیی بەرگری بکات Syrian Kurdistan's Kobani defense minister: Everyone needs to support the resistance*"،

بڕوانه ئه‌م ماڵپه‌ڕه:
http://ekurd.net/mismas/articles/misc2014/11/syriakurd

٢٠ – ئینتیسار، ئێن. (١٩٩٢)، *"ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد*
*Kurdish Ethnonationalism*"، (بۆڵده‌ر: خانه‌ی لاوکه‌ره‌وه‌ی لاین راینه‌ر).

٢١ – ئێریکسن، تی. ئێج. "ئێمه‌ و خۆمان: دوو مۆدێل له‌ پێناسه‌ی گرووپ
"We and Us: Two Modes of Group Identification، *جۆرناڵی*
*توێژینه‌وه‌ی ئاشتی*. ژماره‌ ٣٢ (٤)، ل ٤٢٧ – ٤٣٦.

٢٢ – ئێریکسن، تی. ئێج. (٢٠٠٤)، *"ئه‌نترۆپۆلۆجی چیه‌؟"* ، (له‌نده‌ن: چاپی پلۆتۆ).

٢٣ – ئاژانسی هه‌واڵی فورات، (٢٠١٥)، *Firat News Agency* (FNA)، *"شه‌ڕڤانانی*
*یه‌په‌گه‌ و یه‌په‌ژه‌ له‌ سنووری جه‌رابلسدا YPG / YPJ fighters at the border*
*to Jarablus* "، ١١ی شوبات. بڕوانه‌ ئه‌م سایته‌:

www. kurdishinfo.com/ypgypj–fighters–border–jarablus

٢٤ – گوینه‌ش، سی. و لۆوه‌، ئاڕ. *"کاریگه‌ریی جه‌نگی سووریا له‌ سه‌ر سیاسه‌تی*
*کوردی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا The Impact of the Syrian War on*
*Kurdish Politics across the Middle East* "، (له‌نده‌ن: چاتهام هاوس).

٢٥ – گونته‌ر، ئێم. (٢٠٠٥)، "ناسنامه‌ی که‌مینه‌ی کورد له‌ عێراقدا
The Kurdish Minority Identity in Iraq "، له‌ کتێبی شاتزمیله‌ر، ئێم.،
*"ناسیۆنالیزم و ناسنامه‌ی که‌مینه‌کان له‌ کۆمه‌ڵگه‌ ئیسلامییه‌کاندا*
*Nationalism and Minority Identities in Islamic Societies* "،
ل ٢٦٣ – ٢٨٢. (ماکگیل، چاپی زانکۆی کوین).

٢٦ – گونته‌ر، ئێم. (٢٠١١)، *"فه‌رهه‌نگی مێژوویی کورد*
*Historical Dictionary of the Kurds*"، (لانهام، مێریلاند: چاپی سکێرکرۆ).

٢٧ – گونتەر، ئێم. (٢٠١٦)، *"کوردەکان: مێژوویەکی نوێ*
*"The Kurds: A Modern History* ، (پرینستۆن: خانەی بڵاوکردنەوەی مارکۆس ڤاینەر).

٢٨ – گوربوز، ئێم. (٢٠١٦)، *"بزووتنەوە نەیارەکانی کورد لە تورکیادا: گواستنەوەی ململانێی ئیتنیکی"*، (ئەمستردام: چاپی زانکۆی ئەمستردام).

٢٩ – گوێرسس، ئێم. (٢٠١٥)، "خزمایەتیی ئیتنیکیی بان نەتەوەیی و ئەنجام و لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ

"Transnational Ethnic Kin and Civil War Outcomes، *گۆڤاری وەرزیی لێکۆڵینەوەی سیاسی*، ژمارە ٦٨ (١)، ل ١٤٢ – ١٥٣.

٣٠ – هۆڵ، س. (١٩٩٦)، "کێ پێویستی بە 'ناسنامەیە'؟"، لە کتێبی هۆڵ، ئێس. و دو گەی، پی. *"مەسەلەکانی ناسنامەی کولتووری Questions of Cultural Identity"*، ل ١ – ١٧ (لەندەن: سەیگ).

٣١ – هاشیمۆتۆ، سی. و بیزجی، ئی. (٢٠١٦)، "ئایا کوردەکان 'دۆستیان نیە لە چیاکان بەولاوە'؟ جەنگی نهێنیی تورکیا دژ بە کۆمۆنیستەکان، سۆڤییەتەکان و کوردەکان"، *گۆڤاری توێژینەوەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست*، ژمارە ٥٢ (٤)، ل ٦٤٠ – ٦٥٥.

٣٢ – چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، (١٩٩١) (هیومان رایتس وۆچ)، *"چی بەسەر کوردی عێراقدا هات Whatever happened to the Iraqi Kurds"، بڕوانە ئەم* ماڵپەڕە: www.hrw.org/reports/1991/IRAQ913. htm

٣٣ - گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان (٢٠١٣)، "کوردەکانی سووریا: خەبات لەناو خەباتدا Syria's Kurds: A Struggle within a Struggle"، *میدڵ ئیست* ریپۆرت، ژمارە ١٣٦.

٣٤ – کاجۆ، ئێس. *"چاوپێکەوتنی فرەزمانی ئەمریکی کە شەیدای زمانی کوردییە Meet the American polyglot who is in love with Kurdish"*، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

https://zivmagazine.com/2016/06/15/meet-the-american-polyglot-who-is-in-love-with-kurdish

٣٥ – کەلەس، جەی. ئێم. (٢٠١٤)، "کوردە ئەورووپاییەکان کۆدەبنەوە بۆ شەڕی داعش The European Kurds rallying to fight IS"، *سایتی ئۆپن دێموکراسی Open Democracy*، ١٠ی دیسەمبەر،

www.opendemocracy.net/opensecurity/janroj-yilmaz-keles/european-kurds-rallying-to-fight-is

٣٦ – خانی، ئە. (٢٠٠٨)، *"مەم و زین Mem u Zin"*، وەرگێڕانی: سەعدوڵلا س. (ئەستەمبووڵ: ئاڤێستا).

٣٧ – لۆوە، ئاڕ. "سەرهەڵدان و چیرۆکی نەتەوەیی کورد لە سووریا The Serhildan and the Kurdish National Story in Syria"، لە کتێبی لۆوە، ئاڕ. و ستانفیلد، جی. *"پابەندیی سیاسەتی کوردی The Kurdish Policy Imperative"*، ل ١٦١ – ١٧٩ (لەندەن: ئینستیتیوتی شاهانە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی).

٣٨ – ماکدواڵ، دی. (٢٠٠٤)، *"مێژووی نوێی کوردەکان A Modern History of the Kurds"*، (لەندەن: ئای. بی. تۆریس).

٣٩ – ناتالی، دی. (٢٠٠١)، "درووستکردنی ناسنامە و بەڕێوەبردنی کوردەکان لە عێراقدا"، لە کتێبی ئۆلێری، بی. و لەستیک ئای. و کالّلاغی. تی.، *"دەوڵەتداریی پەلهاوێژ بۆ دەرەوەی سنووری خۆی : سیاسەتی سنوورە جووڵاوەکان Right-Sizing the State: The Politics of Moving Borders"*، ل ٢٥٣ – ٢٨٨ (ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد).

٤٠ – ناتالی، دی. (٢٠٠٥)، *"کورد و دەوڵەت: پەرەسەندنی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراق و تورکیا و ئێراندا The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey and Iran"*، (سیراکۆس: چاپی زانکۆی سیراکۆس).

٤١ – نەزان، کەی. (١٩٩٦)، "کوردەکان: پێگەی ئێستا و باکگراوندی مێژوویی The Kurds: Current Position and Historical Background "، لە کتێبی
کراینبرۆک، پی. و ئەڵسۆن، سی. *"کولتوور و ناسنامەی کورد*
*Kurdish Culture and Identity "*، ل ٧ – ١٩، (لەندەن: زەد بووکس).

٤٢ – ئوێزن، ئێج. (٢٠١٤)، "داینەمیکی خامۆشی دروستبوونی بزووتنەوە: مەسەلەی کورد لە تورکیادا (چلەکان و شەستەکانی سەدەی بیست)
Latent Dynamics of Movement Formation: The Kurdish Case in Turkey (1940s – 1960s) – (١٩٦٠s"، *گۆڤاری کەرەنت سۆسیۆلۆجی*، ژمارە ٦٣ (١)، ل ٥٧ - ٧٤

٤٣ - پاشێ، تی. (٢٠١٥)، "کوردەکانی سووریا و عێراق: ململانێ و هەماهەنگی Syrian and Iraqi Kurds: Conflict and Cooperation"، *گۆڤاری میدڵ ئیست پۆلیسی*، ژمارە ٢٢ (١)، ل ٧٧ – ٨٨ .

٤٤ – ئاژانسی رۆیتەرز (٢٠١٤)، "جەنگاوەرانی پێشمەرگەی عێراقی خەریکە دەگەنە کۆبانی و ئامادەن بۆ شەڕ Iraqi Peshmerga fighters approach Kobani, ready for battle، ٢٩ی ئۆکتۆبەر. بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

www.reuters.com/video/2014/10/29/iraqi–peshmerga–fighters–approach–kobani

٤٥ – ساریکایا، ئێم. (٢٠١٥) ، *"شتە نەزانراوەکان لەبارەی دەمیرتاشەوە*
*Demirtaş'ın Bilinmeyenleri! [Unknown things about Demirtaş]"*،
هەبەر تورک، ٨ی شوبات. بڕوانە ئەم سایتە:

www.haberturk.com/gundem/haber/demirtasin–ilinmeyenleri

٤٦ – شڤایتزەر، ئێم. (٢٠١٦)، *"کردنەوەی گرێکوێرەی ئاشتی لە سنجار*
*Unravelling the peace in Sinjar, EPIC"*، بڕوانە ئەم سایتە:

www.epic–usa.org/unravelingpeace

٤٧ – سمیث، ئەی. (١٩٩١)، *"ناسنامەی نەتەوەیی یان نیشتمانی National Identity"*، (لەندەن : پەنگوین).

٤٨ – ئەنڤەر، ئەی. (٢٠١٦)، "کوردەکان: جیۆپۆڵەتیکی بان نەتەوەیی کورد لە سەردەمی هەڵگرتنی سنوورەکاندا Schrödinger’s Kurds: Transnational Kurdish Geopolitics in the Age of Shifting Borders"، *جۆرناڵی کاروباری نێودەوڵەتی*، ژمارە ٦٩ (٢)، ل ٦٥ – ٦٨ .

٤٩ – ڤان برونەسن، ئێم. (١٩٨٩)، "ناسنامەی نەژادیی کوردەکانلە تورکیادا The Ethnic Identity of Kurds in Turkey"، لە کتێبی ئەندروز، پی. *"گرووپە نەژادییەکان لە کۆماری تورکیادا Ethnic Groups in the Republic of Turkey"*، ل ٦١٣ – ٦٢١ (ڤیسبادن: رایخێرت ڤێرلاگ).

٥٠ – ڤان برونەسن، ئێم. (١٩٩٨)، "ئاڵوگۆڕی ناسنامە نەتەوەیی و نەژادییەکان: کورد لە تورکیادا و دیاسپۆرای ئەوروپا Shifting National and Ethnic Identities: The Kurds in Turkey and the European Diaspora"، *جۆرناڵی کاروباری کەمینەی موسڵمان*، ژمارە ١٨، (١)، ل ٣٩ – ٥٢.

٥١ – ڤان برونەسن، ئێم. (٢٠٠٣)، "مەم و زینی ئەحمەدی خانی و رۆڵی لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا Ehmedî Xanî’s Mem û Zîn and Its Role in the Emergence of Kurdish Nationalism"، لە کتێبەکەی عەباس وەلی، *"بابەتگەلێک لە سەر رەگ و ریشەی ناسیۆنالیزمی کوردی Essays on the Origins of Kurdish Nationalism"*، ل ٤٠ – ٥٧ (کۆستا مێسا: بڵاوکەرەوەی مازدا).

٥٢ – واتس، ئێن. (٢٠٠٤)، "بەدەزگایی کردنی فیعلیی رۆژئاوای کوردستان: تۆڕە بان نەتەوەییەکان و پەیوەستبوونی نەژادی لە کاروباری نێودەوڵەتیدا Institutionalising Virtual Kurdistan West: Transnational Networks and Ethnic Contention in International Affairs"، لە کتێبی میگداڵ، جەی. *"سنوورەکان و خاوەندارێتی: دەوڵەتان و کۆمەڵگاکان لە خەبات و تێکۆشاندابۆ لە چوارچێوەنانی ناسنامەکان و ئەزموونە ناوچەییەکان Boundaries and Belonging: States and Societies in the Struggle to Shape Identities and Local Practices"*، ل ١٢١ – ١٤٨ (کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج).

٥٣ – واتس، ئێن. (٢٠١٥)، "دووبارە پێناسە کردنەوەی نەتەوە یان گەلی کورد Redefining the Kurdish nation"، رۆژنامەی واشنتۆن پۆست، ٢٧ی شوبات، لەم ماڵپەڕەدایە:

www.washingtonpost.com/blogs/monkey–cage/wp/2015/02/27/redefining–the–kurdish–nation

٥٤ – یاڤوز، ئێم. ئێچ. (٢٠١٥)، "ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا Kurdish Nationalism in Turkey"، لە کتێبی شاتزمیلەر، ئێم.، *"ناسیۆنالیزم و ناسنامەی کەمینەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا Nationalism and Minority Identities in Islamic Societies"*، ل ٢٢٩ – ٢٦٢. (مۆنتریاڵ: ماکگیڵ چاپی زانکۆی کوین).

٥٥ – یەغەن، ئێم. (٢٠١٦)، "خەباتی چەکداری بۆ دانوستاندنی ئاشتی: کوردستانی سەربەخۆ بۆ ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی، یان پەکەکە لە دۆخەکەدا Armed Struggle to Peace Negotiations: Independent Kurdistan to Democratic Autonomy, or the PKK in Context"، *گۆڤاری میدڵ ئیست کریتیک*، ژمارە ٢٥ (٤)، ل ٣٦٥ – ٣٨٣.

## ٧

# ناسیۆنالیزمی کوردی

**س. ج. ئێدمۆندس**

١٨٨٩ – ١٩٧٩

ئەفسەرێکی سیاسیی بەریتانی و راوێژکاری ئیدارەی مەدەنی لە عێراقدا و پسپۆڕی کوردناسی بووە

### ○ **س. ج. ئێدمۆندس** C. J. Edmonds ١٨٨٩ – ١٩٧٩

ئەفسەرێکی سیاسیی بەریتانی بووە لە خزمەتی لەشکرکێشیی هێزەکانی بەریتانیا بۆ میزۆپۆتامیا و رۆژئاوای وڵاتی فارس و دواتر وەک راوێژکاری ئیدارەی مەدەنی لە عێراقدا. ئێدمۆندس خوێندنی لە زانکۆی کامبریج تەواوکردووە.

لە ساڵی ١٩٣٥ – ١٩٤٥ راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە و سەرنج و ئەزموونی خۆی لەبارەی کوردستانی عێراقەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٢٥دا لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا تۆمارکردووە بە ناونیشانی "کورد و تورک و عەرەب: سیاسەت و گەشت و لێکۆڵینەوە لە باکووری رۆژهەڵاتی عێراقدا، ١٩١٩ – ١٩٢٥"، کە تێبینی و تێروانینی خۆی لە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەسایەتی و ئەزموونی خۆی لەو ناچانەدا نووسیوەتەوە کە وا کاری تێدا کردوون. ئێدمۆندس بایەخێکی گەورەی بە کۆمەڵگە ئایینییە جیاوازەکان داوە کە لە کوردستاندا تێکەڵیان بووە و وەک رۆژهەڵاتناسێکیش کاری لە سەر کوردناسی کردووە، کاتێ کە لە ئیدارەی بەریتانی لە عێراقدا خزمەتی کردووە.

شایانی باسە ئەم بابەتەی کە لەم کتێبەدا بڵاوبووەتەوە لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە ساڵی ١٩٧١ بڵاویکردووەتەوە. هەروەها لەگەڵ تۆفیق وەهبی کاری زۆری کردووە لە سەر فەرهەنگ و زمانی کوردی.

کوردستان، ئەو خاکەیە کە کوردەکانی تێدا نیشتەجێن وەک کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشن تاڕادەیەک و زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن و ئەو خاک و وڵاتە ئەمڕۆ لە نێوان وڵاتی فارس[1] و تورکیا و عێراق و سووریا، لە باکوورەوە لەگەڵ قەوقازی سۆڤێتیدا تێکهەڵکێشە و سنوورەکانی یەکناگرێتەوە لەگەڵ هیچ سنوورێکی نێودەوڵەتی یان بەشە ئیدارییە ناوخۆییەکان.

بێگومان مشتومڕێکی زۆر هەیە لە ناو توێژەراندا سەبارەت بە رەگ و ریشەی خەڵک و ناوەکانیان. بەدڵنیاییەوە هەر لە سەردەمی داگیرکاریی عەرەبییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمەوە، ناوی "کورد" لەو ئێرانییە رۆژئاواییانە و گەلانی تری ئێرانی دەنرا کە لە سیستەمی شاخاویی زاگرۆس و کلکەی رۆژهەڵاتی تۆرۆسدا نیشتەجێ بووبوون. تا نەمان و رووخانی خیلافەتی عەرەبی لە بەغدا ساڵی ١٢٥٨، ئەم کوردانە رۆڵێکی دیار و بەرچاویان بینیوە لە مێژووی ناجێگیر و ئاڵۆزی رۆژئاوای ئاسیا بەگشتی، بەڵام نەک بە شێوەیەکی بەردەوام چ وەک تاک و چ وەک گرووپ یاخی و ئاژاوەگێڕ بن. لەم سەردەمەدا لە لایەن ناسیۆنالیستە نوێکانەوە بە شکۆ و شانازییەوە باسی ناوی زۆرێک لەو زنجیرە بنەماڵە بچووکانە دێت و ئەمەش بێ هۆ نەبوو.

هەڵبەت ئەمانە زۆریان لەبارەوە نەدەبیسترا لە سەردەمانی حوکمی مەغۆل و تورکماندا (١٢٥٨ – ١٥٠٩)، بەڵام جارێکی تر و لە جەنگەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانیدا ناویان کەوتە ناوانەوە لە دۆخێکی لەبار و گونجاودا

بۆ گەشەکردنی سیستەمێکی فیودالْ و زنجیرەیەکی نیمچە سەربەخۆی میرنشینەکاندا. سنووری نێوان هەردوو ئیمپراتۆرێتەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەم هێڵەی ئێستایدا جێگیر بوو لە ئەنجامی ئەو چارەسەرەدا کە سوڵتان مورادی چوارەم سەپاندبووی بە سەر سەفیەدین شادا لە ساڵی ١٦٣٩دا. سەرەڕای سیاسەتی سێنتراڵی هەردوو حکوومەت، بەڵام ژمارەیەک میرنشین تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە مانەوە، وەک موکریان و ئەردەڵان لە وڵاتی فارس و بۆتان و هەکاری و بادینان و بابان لە وڵاتی عوسمانیدا (کە سیانەکەی دواییان دەکەوتە ئەو خاکەوە کە بۆ عێراق جیاکرایەوە لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم).

شتیکی سرووشتییە کە مەسەلەی زمان لە بیر و بۆچوونی نەتەوەپەرستەکاندا بێتە کایەوە و زمانی کوردی دەچێتەوە سەر بەشی باکووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان و جیاوازە لە بەشە ئێرانییەکەی باشووری رۆژئاوا. دیالێکتەکان دەبنە دوو بەشی سەرەکییەوە کە باکوور و باشوورن. کوردستان خاکی چیا بەرزەکانە و پەیوەندی و هاتوچۆ تێیدا زەحمەتە و کوردەکان هیچ کاتێک یەکێتییەکی سیاسییان نەبووە کە بتوانێت ئەدەبێکی هاوبەشیان پێببەخشێت، بۆیە شتێکی نامۆ نیە کە زاراوە ناوخۆییەکانی ناو هەردوو بەشەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان جیاواز بێت. ئەم پێکهاتەیەش دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە لە زمانێکی بنەڕەتیی بەهێزەوە سەرچاوەی گرتبێت و رەنگە ئەم زمانەش میدی بێت.

بەهەرحاڵ، پێدەچێت وەک ناسیۆنالیستەکان هەست دەکەن و وای وێنا دەکەن کە زمانی میدییەکان تایبەتمەندییەکی تێدا بووە و لە تۆخمە فارسییەکەی جیادەکاتەوە لە کۆچی گەورەی ئێرانییەکانەوە لە دەوروبەری سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاینەوە. هەندێک دوورتر دەڕۆن و دەڵێن لە

بنەچە بەراییە رەسەنەکانەوە هاتووەتە خوارەوە وەک گوتی و لولوبی Guti و Lullubi کە وا میدییەکان زمان و ئایینی خۆیانیان بەسەردا سەپاندوون. رەنگە بنەما مێژووییەکانی بیری نەتەوەیی کورد تاڕادەیەک بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێتەوە. کوردەکان یەک میللەت یان گەل پێکدێنن و بە لای کەمەوە لە سێ هەزار ساڵ پێش ئێستاوە لەم خاکەی ئێستایاندا نیشتەجێن. ئەمان پەیدابوون و رووخانی گەلێ خانەدانی ئیمپراتۆرییان ئەزموون کردووە، چەشنی ئاشووری و فارس و گریک و رۆمان و عەرەب و مەغۆل و تورک. کوردەکان زمان و کولتوور و مێژووی تایبەتیی خۆیانیان هەیە و وڵاتەکەیان بە ناڕەوا دابەشکراوە و ئەمان خۆیان خاوەنی رەسەنین نەک خەڵکە بێگانە و نامۆکان کە وەک کەمینە هەندێک مافی ژیانیان داونەتێ بە پێی خواست و مەزاجی داگیرکەران.

بەزۆری ناسیۆنالیزمی جۆری بەرژەوەندیی تایبەت یان فیوداڵ وەک پاساوێک بەکاردەهاتن بۆ خولیا و بەرژەوەندیی هەندێ سەرکردەی خۆسەپێن یان بێئارامیی خەڵکانی خێڵەکی لە ژێر پەردەی جۆرێک لە ئیدارەی رێکوپێک. هەڵبەت پێش و پاش لەناوبردنی میرنشینەکان راپەڕینی بەردەوام دژی ئەم حکوومەت و ئەو حکوومەتی باڵادەست ئەنجامدەدرا، کە سەرۆکەکان هەست و سۆزی رەگەزییان دەورووژاند بۆ کۆکردنەوە و تەیارکردنی شوێنکەوتووانیان. بڕگە شیعرییەکان لە داستانی نەتەوەیی مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە بۆتان وەردەگیرێن (١٦٥٠ – ١٧٠٦) وەک بەڵگەیەک کە وا ناسیۆنالیزمی کوردی رەگ و ریشەی لە رابردوودا هەیە. بەڵام هاوکۆیی و هاوکاریی یەکبیر و یەکلایەنەی کورد کەمە سەبارەت بە یاخیبوونە بەناوبانگەکانی دژ بە ئاغا تورکەکانیان چەشنی محەمەد پاشای "چاوشوورە Wall – Eye"ی سۆران لە ساڵانی ١٨٣٠کاندا (هەموو سەرچاوە

مێژووییەکان بە پاشای کۆرە یان پاشای گەورە یان میرە کۆرە ناوی دێنن – وەرگێـڕ)، یـان بەدرخـانی گەورە لە بۆتـان سـاڵانی ١٨٤٠کـان و ئەوانەی گرفتاری سـەرەکی بوون هـاوڵاتییە کوردەکانی خۆیـان یـان خەڵکە دراوسـێ نـاتورکەکە بـوون، یـان لە ململانێـی بابانەکـان، کە لە رکـابەری و ململانێیـان لەپێنـاوی دەسـەڵاتدا، فرەجـار هەوڵـی بەدەسـتهێنانی یـارمەتیی تـورکی یـان ئێرانییان داوا دەکرد دژ بە برا یان ئامۆزایەک.

ناسـیۆنالیزمی کوردی لە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەدا بە فۆرمێکی نـوێ پەرەیســەند بە هێڵـی هاوتەریـب لەگەڵ بـزووتنەوە هاوشـێوەکانی تـری ئیتنیک و نەژادەکانی دیکەی نـاو ئیمپراتۆریێتی عوسـمانی لە ئاسـیادا، چەشـنی عەرەب و ئەرمەنەکـان. لە بـازنەی مـونەوەران و بـواری هـزر و بیـردا، رەنگە بەناوبانگترین رابەر شاعیر حاجی قادری کۆیی بێت (١٨١٥ – ١٨٩٢). ئەو لە سـەر هێڵێکی بەهێز بانگەشـەی سـەرۆک خێڵەکانی کورد دەکـات "لە بۆتـانەوە بۆ بابان" و "لە مەرەش و ڤانەوە بۆ عێراق" بۆ ئەوەی ریزی خۆیان یەکبخەن دژ بە ناحەزانیـان و رقی لە دەسـتەبژێری خوێندەوارە چـونکە زمـانی دایکـی خۆیان پشتگوێ خستووە و بە زمانی فارسی و تورکی دەنووسن (لە "دیـوانی هۆنراوەکانیـدا" بە شــیعر خوداوەنـد دەدوێنێـت کە وا لەمەودوا چیتــر کەس ناتوانێت سوپاسـگوزاریی خـۆی بـۆ دەرببڕێت بە زمـانی کـوردی)، هەروەهـا رەخنە لە پیـاوانی ئـایینی دەگرێت، کە شـێخ و مەلان، بە هـۆی سەرشـۆڕی و ریاکارییـانەوە و هــانی هەمـوو چینەکـان دەدات خۆیـان لە کەمتەرخەمـی و سڕکردنی ئەوانە دەرباز بکەن و رێز و بەهـا بۆ خوێندن دابنێن و لە هەمـان کاتیشدا بە وردی پەیڕەوی مۆراڵ و ئادابی گشتیی بکەن.

یەکەم رۆژنامەی کوردی بە نـاوی کوردسـتان لەلایەن کەسـانی بنەماڵەی بەدرخانەوە دامەزرا لە ساڵی ١٨٩٧دا (کە جیاوازن لە کەسایەتیی باوباپیریـان

له جۆری ساڵانی ١٨٤٠کان) و ناوبەناو تا ساڵی ١٩٠٢ له قاهیره و جنێڤ و لەنـدەن بڵاودەبـووەوە و نـاوی فۆلکسـتۆنیش دێـت، بەڵام پێناچێـت لەوێ دەرچووبێت له ساڵی ١٩٠٨دا و له ماوەیەکی کورتی مانگی هەنگوینیی نێوان نەتەوە و نەژادەکانـدا، بەدوای سـەرلەنوێ کـارپێکردنەوەی دەسـتووری تورکیدا، یەکەم یانەی سیاسی و یەکەم کۆڕبەندی ئەدەبی لەلایەن جەنەراڵ شـەریف پاشـای خەلکی سلێمانی و بەدرخانییەکـان دامەزرا، لەگەڵ چەنـدین بڵاوکراوەی دەوریدا (کەوا جارێکی تر رۆژنامەی *کوردستان* دەرکرایەوە) و چەنـدین بەرگـی کتێبـی شـیعر و ئەدەب و ئەنتۆلۆجیا و بـابەتی هاوشـێوە له قوستەنتینییە (ئەستەمبوول – و) چاپ و بڵاوکرانەوە.

له سـاڵی ١٩١٨دا، خولیـا و ئـاواتی رزگـاربوونی رەگەز و نەژادەکـانی ژێردەسـتی ئیمپراتـۆریێتی عوسـمانی لەوەدابـوو بێـتەدی له پـاش شکسـتی سەربازیی تورکیا و هیوا هەڵچنین له سـەر خاڵی دوانزەی بەرنامە چواردە خاڵییەکەی سەرۆک ودرۆ ویڵسن سەبارەت بە ئاشتیی جیهانی، کە له مـانگی کـانوونی دووەمـی ئەو سـاڵەدا جـاڕدرا و تێیـدا هـاتووە کە ئەم "نەتەوە و نەژادانە، دەبێـت دەرفەتـی رەهایـان بـۆ برەخسـێنرێت بـۆ پەرەسـەندنی سەربەخۆییان". جەنەراڵ شـەریف پاشـا له مـانگی دیسـەمبەری سـاڵی ١٩١٩دا ئامـادەی کـۆنگرەی ئاشـتی بـوو و لەگەڵ بۆغـۆس نوبـار پاشـای نـوێنەری ئەرمەندا رێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکارییان ئیمزا کرد. پەیمانی سیڤەر، کە له ئـابی ١٩٢٠دا مـۆرکرا له نێـوان نـوێنەرانی هاوپەیمانـان و سـوڵتاندا و چـووە نێـو پەیماننـامەی کـۆمەڵەی گەلانەوە بە دروسـتکردنی دەوڵەتـانی عەرەبیی وەک حیجاز و سووریا و عێراقدا، بەڵکو ئەرمینیا و کوردستانیش، کە دەبوو ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا بگرێتەوە له باشووری ئەو هێڵەی

که بۆ سنووری ئەرمینیا کێشرابوو، هاوشان لەگەڵ ویلایەتی مووسڵدا کە ئەو دەمە لە ژێر داگیرکاریی بەریتانیادا بوو.

هەڵبەت بە هۆی دەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە پەیمانی سیڤەر هەرگیز رەزامەندیی کۆتایی وەرنەگرت و لە ساڵی ١٩٢٣دا پەیمانی لۆزان جێیگرتەوە، کە هەمان ئەو بەندانەی تایبەت بە هەر سێ دەوڵەتە عەرەبییەکە دووبارە کردەوە، بەڵام هیچ باسێکی لە ئەرمینیا و کوردستان نەکرد. جگە لەوەش کێشەی خاوەندارێتیی ویلایەتی مووسڵ لە چارەسەر دوورخرایەوە و لێگەڕان بۆ دانوستاندنی راستەوخۆی نێوان بەریتانیا وەک هێزێکی خاوەن ماندێت لە عێراق لەگەڵ تورکیادا. پاشان دانوستاندنەکە شکستی هێنا و کێشەکە بەرەورووی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرایەوە. لە دیسەمبەری ١٩٢٥دا، ئەنجومەن بڕیارەکەی لە بەرژەوەندیی عێراق دەرکرد لەگەڵ هەندێک گەرەنتیی پەیوەندیداردا بۆ رێزگرتن لە کورد. دواجار بە پێی پەیمانی سێ قۆڵیی ئەنقەرە، لە حوزێرانی ١٩٢٦دا، تورکیا دەستی لەو ویلایەتە هەڵگرت[٢].

هەردوو پەیماننامەی لۆزان و ئەنقەرە، شانبەشانی رێککەوتننامەیەکی ئەنگلۆ – فەرەنسی کە لە دیسەمبەری ١٩٢٠دا مۆرکرا و رێککەوتننامەیەکی فەرەنسی – تورکیش لە مارتی ١٩٢١دا، بەدڵنیاییەوە کەم و زۆر کاریگەریی لە سەر چەسپاندنی دۆخی دیفاکتۆی دوای جەنگ هەبوو، کە دابەشکردنی کوردستانی عوسمانیی لێکەوتەوە لە نێوان تورکیا و عێراق و سووریادا. پەیمانی سیڤەر هەرچەندە بە مردوویی لەدایک بوو، بەڵام هێشتا هەر وەک بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی تۆمارکراوە و بیرنەچووەتەوە. ئەگەرچی پەیمانی سیڤەر کوردەکانی وڵاتی فارسی نەدەگرتەوە بەڵام بێ کاریگەر نەبوون بە خولیا و ئاواتەکانی هاونەژادەکانیان لەمدیوی سنووری دەسکردەوە.

له ساڵی ١٩٢٣ بەملاوە راپەڕینی چەکداری کەم و زۆر بایەخدار لە تورکیا و عێراق و ئێران بەرپا دەبوو و گەلێکیان کورتخایەن بوون، بەڵام تا ئەو ئاستە جیددی بوون کە هانی هەر سێ حکوومەتەکە بدەن لە ساڵی ١٩٣٧دا پەیماننامەی سەعد ئاباد مۆر بکەن، بە ئامانجی هاوکاری و هەماهەنگی کردن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی مەترسیی ئاژاوە و پشێویی کورد.

لە تورکیادا سێ یاخیبوونی سەرەکی بەرپاکرا لە ماوەی پانزە ساڵی یەکەمدا، کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٢٥دا، بە سەرکردایەتیی شێخ سەعیدی پاڵو (پیران – و) بوو لەو ناوچەیەی دەکەوتە نێوان فوراتەوە لە رۆژئاوا و دەریاچەی وانەوە لە رۆژهەڵات، دووەمیان لە ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣١دا بە سەرکردایەتیی ئیحسان نووری و ئەفسەرانی جارانی عوسمانی، لەوپەڕی باکووری رۆژهەڵات، سێیەمیش بە سەرکردایەتیی سەید رەزا لە ناوچەی دەرسیم لە ساڵی١٩٣٧دا.[٣]

یەکەمیان بە شێوەیەکی سەرەکی ئایینی و دەربڕینی نارەزایی بوو لە سەر هەڵوەشانەوەی خەلافەت و بە سێکولار کردنی دەوڵەت بە رەنگی رەگەزپەرستی. لەلایەن یاخیبووانەوە هەماهەنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی هێجگار گەورەیان لەدژیان ئەنجامدا بۆ سەرکوت کردنیان. پاشان سەرکردەکانیان لەسێدارەدا و هەندێک لە خێڵە بەشداربووەکانیشیان گواستەوە بۆ ویلایەتە دوورە تورکی زمانەکان لە پەڕی ئەوپەڕی رۆژئاواوە.

لەولاشەوە دووەمیان جەنگی رزگاریخواز بوو بە مانای نوێ و کۆمیتەیەک بە ناوی خۆیبوون رێکیخستبوو، کە لە بەهاری ١٩٢٧دا دامەزرابوو بە یەکگرتنی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە نیشتمانییەکان، کە وا لە سەردەمی جەنگەوە لە قاهیرە و قوستەنتینییە و شوێنانی تر پێکهاتبوون. لە

ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا گوندێکی نزیکی چیای ئارارات وەک پایتەختێکی کاتیی کوردستان دەسنیشان کرا و بانگەواز ئاڕاستەی هێزە گەورەکان و کۆمەڵەی گەلان کرا و نامە بۆ هاوەڵانی نیشتمانپەروەر لە عێراق و سووریا نێردرا و داوای هاوکارییان لێکرا بۆ رزگارکردنی نیشتمان. بە هەرحاڵ، لە ساڵی ١٩٣٠دا، مۆڵخواردن و هێرش کردنی هێزێکی هێجگار گەورەی تورکیا ئیحسان نووریی ناچارکرد پەنا بباتە بەر وڵاتی فارس.

دەرسیم بە هۆی سیاسەتی دەست بەسەردا گرتنی ملک و ماڵی خەڵک و راگواستنەوە بەرپابوو و کاراکتەرێکی سەرکردەی ئاییینی و خێڵەکیی ورووژاند ئەو راپەڕینە بەرپا بکات و ئەنجامیش وەک ئەوی یەکەم بە لەسێدارەدان و ئۆپەراسیۆنی راگواستنی زیاتر کۆتایی هات.

ئەم کردەوە دڕندانەیەی سەرکوتکردن و داپڵۆسین و بەکارهێنانی هێزی چەکداری بێشوماری بندەستی حکوومەت ئەگەری بەرپابوونی راپەڕین و یاخیبوونی زیاتر و گەورەتری نەهێشت کە لە ئایندەیەکی بەرچاودا رووبداتەوە، بەڵام ئەو راپۆرتانەی کە ناوبەناو دەگەیشتن لەبارەی ئاژاوە و پشێوی و نارەزایی دەربڕینەوە و هەروەها دادگایی کردن و حوکمدان بە بەندکردن و لەسێدارەدان دەرهەق بە قوتابیان و رووناکبیران، ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئاگری ناسیۆنالیزمی کوردی هێشتا هەر لە ژێرەوە کڵپەی دەهات. لە لایەکی ترەوە واز لەو خەیاڵە رەسمییەی جاران هێنرا و لێرە بەدواوە لە سەر ئەو رایە گیرسانەوە کە شتێک نیە ناوی گەلی کورد بێت و ئەو ئاژاوەگێڕانە نەزان و دواکەوتوون و تەنها "تورکی شاخاوین" و بە زاراوەیەکی رەشۆکیی نزم قسە دەکەن کە تێکەڵەیەکە لە تورکی و فارسی و عەرەبی و پرۆسەی هەڵبژاردن دواتر هێند رەوا دەبێت هەندێک بەها و بەشیکی کەمیش سازش ببەخشێتە دەنگدانی کورد. هەڵبەت ئەو ئایدیا و

گرووپ و بزووتنەوانەی ئامانجیان "جیابوونەوەیە" نایاساییین و سزایان لە سەرە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئێستا هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی کولتووریی ناوچەیی و کوردی جێی خۆی کردووەتەوە.

لە عێراق بزووتنەوەی نەتەوەیی چەسپاوتر و سەرکەوتووتر بوو، چونکە تەنها لەوێ بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی دان بە کورددا دەنرێت وەک کەمینەیەکی ئیتنیکی کە هەندێک مافیان وەک کورد بۆ دەستەبەر ببێت. ئەم بارودۆخە تایبەتەش لەم راستیانەی خوارەوە هاتووە:

(١) لە عێراقدا، کورد نزیکەی پێنج یەکی تێکرا دانیشتوان پێکدێنێت، لە تورکیا و ئێران ئەگەر ژمارەی راستەقینە بەرزتر بێت ئەوە رێژەکە زۆر لەوە کەمترە[٤].

(٢) لە ساڵی ١٩١٨دا، سیاسەتی بەریتانیا بە پێی بارودۆخی سەربازی رەچاو دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئایدیا و بەهاکانی سەرۆک ویلسن و خاڵی دوانزەی بەرنامەکەی یەکیدەگرتەوە، لە سەرەتادا بۆ خۆپاراستن لە پابەندییەکان لە چیاکاندا لە رێگەی پێکهێنانی ویلایەتێکی نیمچە ئۆتۆنۆمیداری کوردی یان زیاتر و بە شێوەیەکی شلوشۆڵ و هاکەزایی بەسترابێت بە هەر ئیدارەیەکی رێکوپێکەوە کە لە کۆتاییدا دەکرێت لە پێدەشتەکاندا پێکبێت. راستییەکەی رژێمێکی لەم چەشنە بۆ ماوەیەک لە ناوچەی سلێمانیدا پێکهات، کە ژمارەیەکی گەورەی چینی "رووناکبیری" تێدابوو لە ئەفسەران و کاربەدەستانی مەدەنیی جارانی عوسمانی و زمانی کوردیش بوو بە زمانی کارگێری و دەزگا و دامەزراوە گشتییەکان و زمانی خوێندنی قوتابخانەکانیش.

(٣) لە ساڵی١٩٢٠وە تا ساڵی ١٩٢٣، پابەندییەک لە سەر هێزی ماندێت هەبوو کە دەرفەت لە بەردەم کوردی ویلایەتی مووسڵدا بە کراوەیی

بمێنێتەوە بۆ چوونەسەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە ئەگەری دروستکردنی لەئارادیە.

(٤) لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆمەڵەی گەلان مەرجی خۆی بۆ بڕیاری خستنە سەر عێراقی ویلایەتی مووسڵ ئاشکرا کرد کە "پێویستە حەز و خواستی کورد رەچاو بکرێت بە زەروورەتی دامەراندنی کاربەدەستانی رەگەزی کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان و رەوایی و عەدالەت بچەسپێنرێت و خوێندن لە قوتابخانەکاندا و پێویستە زمانی کوردی زمانی هەموو ئەم خزمەتگوزاریانە بێت".

(٥) لە ساڵی ١٩٣١دا و کاتێ کە عێراق داوای دانپیانان و وەرگرتنی کرد لە کۆمەڵەی گەلاندا، حکوومەت یاسای زمانە ناوچەییەکانی دەرکرد کە ئەو یەکە ئیدارییانە دەستنیشان دەکات کە وا پێویستە ئەم هەلومەرجانەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

(٦) لە ساڵی ١٩٣٢دا کاتێ کە عێراق لە کۆمەڵەی گەلان وەرگیرا داوای لێکرا بەیانێکی نوێ دەربکات لەبارەی پابەندییەکانی حکوومەتەوە و لە جاڕنامەیەکدا دەریکرد کە وەک بەشێک لە دەستوور پۆلێن کرا و "وەک سەرچاوەیەک لە بایەخی نێودەوڵەتی لەقەڵەمدرا".

یەکەم و تەنها ئەزموون سەری نەگرت لە دامەزراندنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیداردا ساڵانی (١٩١٨ – ١٩١٩). لە حاڵەتی کۆمەڵگەی کورد لەو سەردەمەدا، پێگەی ئایینی شانبەشانی دەسەڵاتی خێڵەکی و خاوەندارێتیی زەویوزاری بەرفراوان، تاڕادەیەکی زۆر پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو بۆ سەرۆکایەتیی رژێمێکی لەم چەشنە. بەڵام لە ماوەی شەش مانگدا پیاوێکی وا هەڵبژێردرا، کە شێخ مەحموود بوو وەک سەرۆکی بنەماڵەیەکی لۆکاڵیی ناوداری سەید. بێزاریی ئەم پیاوە لەوەی کە ئەو ناوچانەی حەزیان بە قبووڵ

کردنی سەرکردایەتیی ئەم نەدەکرد لە ژێر ڕکێفی کرانە دەرەوە و هەروەها ئەو کۆت و بەندانەی ڕاوێژکارە بەریتانییەکانی دەیانسەپاند بەسەریدا و ئازادییان سنووردار دەکرد لەوەی هەرچییەکی بویستایە بە خوایشتی خۆی بیکردایە، سەریکێشایەوە بۆ یاخیبوون. جگە لەوەش گەلێ لە ڕۆشنبیرە لۆکاڵەکانیشی لە کارگێڕی دوورخستەوە. لە پاش ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی کورتخایەن شکستیهێنا و دەسگیریان کرد و دوورخرایەوە. دوای ئەوە لیواکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر لەگەڵ ناوچە داگیرکراوەکانی تردا یەکخران و ئەفسەری سیاسیی بەریتانی بەڕێوەی دەبردن و دواجاریش تێکەڵی ڕێکخستنی کارگێڕیی حکوومەتی عێراقی کران (بەڵام لە حاڵەتی سلێمانیی خۆیدا ئەمە تا ساڵی ١٩٢٥ ڕوویندا).

لە ساڵی ١٩٢١دا، کاتێ کە ئەمیر فەیسەڵ وەک پاڵێوراوی حکوومەتی بەریتانیا بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایی عێراق هات، سلێمانی ڕەتیکردەوە بەشداریی لەو ڕاپرسییەدا بکات، بەڵام کەرکووک و هەولێر زۆربەی ئەو دەنگانەی دایان نەگەتیڤ و نەخێر بوو. لیوای مووسڵیش، کە هێشتا مێژوویەکی پێشوەخت و زوو بوو بۆی هێشتا ڕای گشتیی کورد بە کەمیی ڕوونبووبووەوە.

ئەگەرچی ئەزموونی سلێمانی لە بواری سیاسیدا شکستیهێنا، بەڵام بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی کارگێڕی و خوێندن وەک خۆی مایەوە. تا ئەو کاتە و بەدەر لە چالاکیی ڕۆژنامەگەریی سنووردار و تۆمارکراو، ئەدەبی کوردی کەم تا زۆر لە سەر شیعر و فۆلکلۆر وەستابوو و تەنها ژمارەیەکی کەمیش لەو ئەدەبە چاپکرابوو یان تەنانەت دەسنووسیش بوو. ئێستا وا هەمووو ئەمانە گۆڕاون و لە ساڵی ١٩٢٠دا چاپخانەیەک دامەزرا و هەفتەنامەیەک دەرچوو. ئەمە بەردەوام بوو لە دەرچوون بۆ

ماوەی چل ساڵی دواتر، بەڵام لە ژێر ناوی جیاجیادا. لە کات و ساتی گونجاودا، بڵاوکراوەی هەفتانە و هیتری مانگانە لە هەر یەک لە سلێمانی و رەواندز و هەولێر و کەرکووک و بەغدا دەردەچوون. هاوزەمان لەگەڵ ئەمەدا بەرهەمێکی روو لە زیادی بژاردەی ئەدەب و شیعری شاعیرە کلاسیکییەکان و شیعری هاوچەرخ و مێژوو و چەندین کتێب لەبارەی ئابووری و ئایین و مۆراڵ و ئەندێشە و خەیاڵ (کە زۆریان وەرگێردراون) و بابەتی سیاسی و رێزمان و فەرهەنگی کوردی و شتی لەم چەشنە، بە قەبارەی جیاجیا هەر لە بڵاوکراوەی سادەوە بیگرە تا کتێبێکی قەبەی بابەتی *مێژووی ئەدەبی کوردی* کە دەگاتە ٦٣٤ لاپەڕە، بڵاوکرانەوە.

پاشان بە شێوەیەکی پەرەسەندوو زمانی کوردي جێگەی زمانەکانی فارسی و تورکیی گرتەوە لە ئاڵوگۆڕی نووسراو و نامەکاریی تایبەتدا. پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی لە ئێستگەی رادیۆی رۆژهەڵاتی نزیک (الشرق الأدنى)ی سەردەمی جەنگی بەریتانییەوە دەستی پێکرد لە یافا و پاش ماوەیەکی کەمیش لە بەغداوە. بەکارهێنانی زمانی کوردی شانبەشانی بووژانەوەی گیانی نەتەوەیی دەرۆیشت و هەوڵێکی هۆشیارانە هەبوو بۆ بژارکردنی زمانی کوردی لە وشە عەرەبییەکان و پارێزگاری کردن لە وشە کوردییە رەسەن و دەسکاری نەکراوەکان.

لە هەمان کاتیشدا ناوچە کوردییەکان ئاڵۆزی و پشێویی عەشایەریی تێیدا کەمتر نەبوو لە ناوچەکانی باشووری فورات و بەشەکانی تری عێراق. بەڵام لێرە و تا ئەو کاتەی مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی ١٩٢٦دا لەگەڵ تورکیا چارەسەر کرا، دۆخەکە تەواو ئاڵۆز بووبوو بە هۆی شەپۆلێکی واتەواتی چڕەوە لە سنوورەکانی باکووردا، چەشنی نامە و نامەکاریی نهێنی لەگەڵ سەرکردە و رابەرە مەدەنی و خێڵەکییە نارازی و تووڕەکان و

هۆشــداریدان بە "خیانەتکــاران" و هانــدانی یــاخیبوون و هەڕەشــە کردنــی داگیرکاری و بانگەشەی ئاییینی کێشـایەوە بۆ ملکەچیی بۆ سـوڵتانی خەلیفە (هەڵــبەت تــا هەڵوەشــانەوەی خەلافەتــی عوســمانی لە ســاڵی ١٩٢٤دا). لە واقیعیشدا هێزەکانی تورکیا سنووریان بەزاند بۆ پاڵپشتی کردنی خێڵە ئاڵۆز و کێشەدارەکان.

دواجــار بە شــێوەیەکی بەرچــاو یاســا و ئــارامی گەڕێنــرایەوە، بەڵام مەترسیی تورک هێشتا هەر مابوو کاتێ کە نزیکبوونەوەی کۆتایی ماندێت نیگەرانی و گومانی پەیداکرد لە ناو چینە رووناکبیرەکەدا سەبارەت بە بەهای ئەو زەمانەتـانەی دراون بە کـۆمەڵەی گەلان. لە سـاڵی ١٩٣٠دا لە سـلێمانی، هێزەکانی عێراق دەستڕێژیان لە ئاپۆرەی ئەو خۆپیشاندەرانە کرد کە نەیاری بەشداری بوون لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا و بەرزکردنەوەی سکاڵا و داواکاری بۆ جنێڤ بە ناپاکی لەقەڵەمدرا و ژمارەیەکی زۆری ئەو هاوڵاتیانەی ناوبانگی بەرز و رێزیان لای خەڵک هەبوو خرانە بەندیخانەوە. هەر ئەو کاتە بەیانێکی نوێیان لەبارەی پابەندییەکانی حکوومەت بۆ ساڵی ١٩٣٢دا بە کۆمەڵەی گەلان.

بەڵام بەپێچەوانەوە و لە ترسی ئەوەی دەسەڵاتی ماندێت یارمەتییەکانی کۆتایی پێبێنێت لە مەسەلەی ئارامی و ئاسایشی ناوخۆدا، حکوومەت بڕیاریدا کـارگێڕیی مەدەنیـی ئاسـایی لە نـاوچەی بـارزانی بـاکووری دوورەدەسـتدا بچەسپێنێت، کە پێشتر تاڕادەیەک لێگەڕابوو خۆبەخۆ بەڕێوەی ببەن. ئەوجا لە پاش بەرگرییەکی توند بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا (کە برا بچووکی شێخ ئەحــمەدی ســەرۆکی ئاینییــان بــوو) و ســەرکردەیەکی بەوەج و ئــازابوو لە شــەڕی چیاکانـدا، بارزانییەکـان دەرکـران بـۆ ئەودیـوی سـنووری نـاو خـاکی تورکیـا، لە سـاڵی ١٩٣٢دا. کـاتێ لە پـاش چەنـد مانگێـک و لە ژێـر فشـاری تورکیــادا گەڕانەوە بــۆ ئەوەی داواکارییەکــانی خۆیــان بــدەنە حکــوومەت،

سەرکردەکانیان و ژمارەیەکی زۆری سەرۆک و دەمسپیی شوێنکەوتوویان لەگەڵ خێزانەکانیان دوورخرانەوە، یەکەمجار بۆ ناوچەی فوراتی باشوور و دواجار بۆ سلێمانی. لە پاش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم ئەو پشکە خۆراک و پێداویستییە زۆر کەمەی بۆیان بڕابووەوە لەئاست بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و شمەکدا بەشی نەدەکردن و لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٣دا مەلا مستەفا هەڵات و گەڕایەوە بۆ بارزان. لە ماوەی ئەو حەوت ساڵی دوورخراوەییەدا پەیوەندییەکی هاوسۆزی و لێکتر تێگەیشتن درووستبوو لە نێوان سەرکردەیەکی خێڵەکیی بەهێز و رووناکبیرە نەتەوەییەکانی باشووردا، پەیوەندییەک کە ئەنجامی دوورمەودای هەبوو.

هەڵبەت شتێکی بێزارکەر و ناپەیوەندیدار دەبێت بە وردی شوێن ئەوە بکەوین کە چۆن لە ماوەی دوو ساڵی دواتردا، رووکەشی دەرەوەی هەموو ململانێ بێت لەو جۆرە باوەی نێوان فیوداڵە خێڵەکییەکان و دەسەڵاتێکی درووستبوو، کە هاتووە بۆ دابەشکردنی دامودەزگای فەرمانڕەوای عەرەبی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ دوو باڵ، "هەڵۆکان" کە داوای چارەسەری سەربازی دەکەن و "کۆترەکان"، بە پاڵپشتیی رووناکبیرانی کورد و فشار کردن بۆ ریفۆرم لە تەواوی کایەکانی پەیوەندییەکانی کورددا. ئەوەندە بەسە بڵێین کە لە پاش چەندین گۆڕانکاری لە سیاسەتدا هەڵۆکان باڵادەستییان پەیداکرد. لە ١٠ی ئابی ١٩٤٥دا، هێرشێکی سەربازیی گەورە دەستپێکرد و لە کۆتایی سێپتەمبەردا مەلا مستەفا لەگەڵ بەشێکی گەورەی عەشیرەتەکەیدا لە سنوور پەڕییەوە و کشایەوە بۆ ئێران.

لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣ و رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨دا دەرکەوتنێکی چەکداریی گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردی روویندا. لەم ماوەیەدا هیچ ستەم و خورتە و بۆڵەیەک نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە و بە

چاوپۆشی له ئامادەنەبوونی بنەڕەتی بۆ قبوولکردنی ملکەچی بۆ عەرەب، که ئەوانیش وەک کورد تا ئەو کاته رەگەزێکی ملکەچ بوون. هەڵبەت هەستێکی بەربڵاو هەبوو، بێ هۆکاریش نەبوو، که وا ئەو زەمانەتانەی درابوون به کۆمەڵەی گەلان له ساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٣٢دا یان پشتگوێ خران یان له باشترین حاڵەتدا به ناچاری جێبەجێ کران و ناوچه کوردییەکان مافی رەوای خۆیان وەرنەگرت له خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی خوێندن له هەموو ئاستەکاندا، یان له پرۆژەکانی پەرەپێداندا.

لەم ماوەیەدا که ئارامییەکی رێژەیی لەئارادابوو رۆڵی رابەرایەتیی خەباتی نەتەوەیی گوێزرایەوە بۆ کوردەکانی ئێران و لەم حاڵەدا پێویسته هەڵوەستەیەک بکەین و بڕوانینه پەرەسەندنەکانی ئەم وڵاته پێش ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ عێراق له ژێر سایەی کۆماریدا. له وڵاتی ئێراندا ئاژاوە و پشێویی کوردەکان هەمیشه جیاوازیی ئایینی پەست و بێزاری دەکردن، چونکه زۆرینەی کوردەکان سوننه مەزەب بوون، لەکاتێکدا که ئایینی فەرمی دەوڵەت مەزهەبی شیعه بوو که زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکەن.

له پێش ساڵی ١٩٢٣دا دوو راپەڕینی جیددی به تۆنێکی بەهێزی ناسیۆنالیستی بەرپا کران، که شایستەی باسکردنن و یەکەمیان له ساڵی ١٨٨٠دا بوو به سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای رابەری ئایینیی ناوچەی هەکاریی عوسمانی، دووەمیشیان له ساڵی ١٩١٨ بۆ ١٩٢٢ (واته له سەردەمی کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس و پەیماننامەی سیڤەردا)، کاتێ که سەرکردەیەکی خێڵەکی به ناوی ئیسماعیل ئاغا سمکۆ و به یارمەتی و دنەدانی کوڕەزایەکی شێخ عوبەیدوڵڵا توانی پشتێنەیەکی بەرفراوانی سنووری باکووری رۆژئاوا له حکوومەت ببچڕێت و داگیری بکات. بەڵام هەردوو راپەڕینەکه له تایپی "فیوداڵ" بوون و هیچ ئەنجامێکی درێژخایەنیان نەبوو.

له مـــانگی ئـــابی ١٩٤١دا، راپەڕینێکـــی گشـــتی بەدوای داگیرکردنـــی ئەنگلـۆ – رووسـیدا بەرپـابوو و تەواوی پاشـماوەی دەسـەڵاتی ناوەنـدیی راماڵی و ئەمجارەیان لەمسـەر بۆ ئەوسـەری سنوور. لە زۆنی داگیر کردنی بەریتانیا لە باشووری وڵاتەوە و بە هۆی ناکۆکیی نێوان عەشیرەتەکان وردە وردە بەشـــێک لە دەســـەڵات گەڕایەوە. بەڵام لە بـــاکوور و لە ویلایەتـــی ئازەربایجـان[5]، سـەرکردایەتیی سـۆڤییەتی رێـگەی لە هەر بڵاوبـوونەوەیەکی هێزەکانی ئێران گرت و بەدوایدا چالاکییە سیاسییەکان سەریان کێشایەوە بۆ کۆمـارێکی کۆمۆنیسـتیی سـەربەخۆ، یـان لانـی کەم ئۆتۆنۆمیـدار و شـاری تەبریزیش پایتەختەکەی بوو. شاری سەرەکیی بەشە کوردییەکە مەهاباد بوو، کە پێشتر سابڵاخی پێدەگوترا و پایتەختی ناوچەی موکریـان بـوو، کە لەوێ چـالاکیی رۆشـنبیریی نەریتیی کـورد بەرێوەدەچـوو. لێرە کۆمیتەیەکی چینـی ناوەڕاستی خەڵکی شار، بە پشتیوانیی سەرۆک عەشیرەتەکان، بەرێوەبەرێتیی ناوخۆیی ناوچەکەیان گرتەدەست و حیزبێکی سیاسی، کە لە سەرەتاوە نـاوی کـۆمەڵەی ژیـانەوەی کوردسـتان بـوو (ژێ کـاف)، بەڵام دواتـر و لە سـەر نمـوونەی رووسـەکان، حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان (حـدک) دامەزرا و پشتگیریی لە قـازی محەمەد کرد، کە دەمڕاسـتی بنەماڵەی ئـایینیی قازییەکان بـوو و بە سـەرۆک هەڵبژێـردرا و دواجـاریش کـرا بە سـەرۆک کۆمـار. هەرچەندە کۆمارە کوردییەکە تـا دیسـەمبەری ١٩٤٥ بە فەرمـی رانەگەیەنرا و تەنها دوانزە مانگی خایاند، بەڵام کۆمیتەکە، بە سـەرۆکایەتیی قـازی محـەمەد، بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ ناوچەکەیان بە سەرکەوتنێکی واوە بەرێوەدەبرد کە جێگەی سـتایش بـوو (پێدەچێت لێرەدا نووسـەر کەمێک مەسـەلەکەی لـێ تێکچووبێت دەنـا قـازی محەمەد کەمتر لە سـاڵێک حـوکمی کـرد – وەرگێڕ). هەڵوێسـتی رووسـەکان لەئاسـت ئەم ئیـدارەیەدا نـاجێگیر و دژبەیەک بـوو و بەپێـی هەر گۆڕانکـارییەک لە پەیوەنـدییان لەگەڵ حکـوومەتی ناوەندیـدا

ئاراستەی هەڵوێستیان دەگۆڕا. ئەوان سەربازگەیەکی پارێزەریان بۆ ماوەیەکی زۆر نەهێشتەوە لەدوای داگیرکردن کە دەکەوتە پەڕی کلکەی باشووری مەهابادەوە، هەروەها هیچ بریکارێکی مەدەنییان دانەنا کە پێگەیەکی کاریگەری هەبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دۆخەکەدا. هەڵبەت بە هێشتنەوەی سوپای ئێران لە دەرەوەی ناوچەکە و دوو جار بانگهێشت کردنی گرووپی نوێنەرایەتی کردن و لەنێویاندا خودی قازی محەمەد خۆی، بۆ سەردانی باکۆ و دابینکردنی ئۆتۆمبیل بۆ گواستنەوە و پێدانی چەک و جبەخانەی سووک (بەڵام هیچ کاتێ بەڵێنی تۆپخانە و تانک و چەکی ریز یان رەشاشیان نەدراوەتێ)، هەروەها دەزگایەکی چاپ و ناردنی ئەفسەرێکی سۆڤییەتی بۆ یارمەتیدان لە مەشق و راهێنانی سوپادا و کڕینی تەواوی بەروبوومی باشی تووتن و بە هۆی پرۆسەی هاوشێوەی خێرخوازی و سوودبەخشەوە پاڵپشتیی دەسەڵاتیان کرد و بە کردار یارمەتیی مانەوەیان دا. بەڵام لەلایەکی ترەوە زۆر پەست و ناڕازی بوون لەو پێداگرییەیان کە نەبنە بەشێک لە کۆمارە گەورەترەکەی دیموکراتی ئازەربایجانی (ئێرانی) وەک کۆمارێکی کوردیی سەربەخۆی جیاواز بمێنێتەوە.

هەرچەندە بەپێی ئەو رێککەوتننامەیەی کە لەگەڵ ئێران مۆرکرابوو پاش ماوەیەکی کورت لە داگیرکردن، دەبوو هاوپەیمانان لە سەرەتای مارتی ١٩٤٦دا تەواوی هێزەکانیان بکشێننەوە و ئەمەش تەنها بە هۆی زیرەکیی دیپلۆماسییەتی ئێرانەوە بوو بە گرێدراوی لەگەڵ فشاری هاوپەیمانەکانیان، رووسەکان دواجار و لە ناوەڕاستی مانگی مایسدا کەوتنە جێبەجێ کردنی. بە دووبارە گرتنەوەی تەبرێز لەلایەن سوپای ئێرانەوە لە ١٣ی دیسەمبەردا، هەردوو کۆمارەکە رووخان. چوار رۆژ لەوەبەدوا قازی محەمەد خۆی رادەست کرد و پاش دادگایی کردنی بە تۆمەتی خیانەت لەسێدارە درا. بە

درێژایی پێنج ساڵی دواتر، له هه‌موو لایه‌کی کوردستانه‌وه به وردی چاو له سه‌ر رووداوه‌کانی مهاباد بوو، که به‌رده‌وام نه‌ته‌وه‌په‌رسته چالاکه‌کان له‌مدیو و ئه‌ودیوی سنووره‌کانه‌وه ئاڵوگۆڕی سه‌ردانیان ده‌کرد.

مایه‌وه کێشه‌ی بارزانییه‌کانی عێراق و زۆرینه، له‌گه‌ڵ چوار ئه‌فسه‌ردا که له سوپای عێراق هه‌ڵاتبوون بۆ لای ئه‌مان، بڕیاری گه‌ڕانه‌وه‌یان دا. به‌ڵام مه‌لا مسته‌فا له‌گه‌ڵ چه‌ند سه‌د که‌سێکی جه‌ربه‌زه‌ی شاخه‌واندا، که‌وا له کاتی گه‌یشتنیانه‌وه بڕبڕه‌پشتی هێزه‌کانی مهابادیان پێکهێنابوو، له رێڕۆیشتنێکدا که پێنج هه‌فته‌ی خایاند و به‌ره‌نگاری هه‌موو هه‌وڵێکی سوپای ئێران بوونه‌وه بۆ رێگه پێگرتنیان و خۆیان گه‌یانده ئه‌رمینیای سۆڤیێتی. چوار ئه‌فسه‌ره هه‌ڵاتووه‌که حوکمی مه‌رگیان به‌سه‌ردا سه‌پێنرا و ئه‌مڕۆ له‌گه‌ڵ قازی محه‌مه‌ددا وه‌ک شه‌هیدانی قاره‌مانی رێگه‌ی خزمه‌تکردنی کوردستان رێزیان لێده‌نرێت.

چالاکیی ئه‌ده‌بی له ناوچه "رزگارکراوه‌که‌دا" ده‌ستیپێکرد له‌گه‌ڵ ساڵنامه‌یه‌کی تایبه‌ت به کۆمه‌ڵه‌ی ژێکاف که ناوی مانگه‌کانی ساڵی هه‌تاویی ئێرانیی ١٩٤٣ – ١٩٤٤ی به ناوه کوردییه نوێکانیه‌وه تێدابوو. به‌دوایدا و له ته‌مووزی ١٩٤٣دا یه‌که‌م ژماره‌ی گۆڤارێکی مانگانه، به ناوی "*نیشتمان*"ه‌وه ده‌رچوو، له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵه هۆنراوه‌یه‌کی نیشتمانی. ده‌زگایه‌کی چاپکردن که دیاریی رووسیا بوو له نۆڤه‌مبه‌ری ١٩٤٥دا بوو به هۆی فراوانبوونی چالاکیی رۆژنامه‌وانی له شێوه‌ی رۆژنامه‌یه‌کی رۆژانه‌دا به ناوی *کوردستان* و چه‌ندین گۆڤاری هه‌فتانه و مانگانه. هه‌روه‌ها کوردیش بوو به زمانی خوێندن و وانه وتنه‌وه له قوتابخانه‌کاندا.

هه‌ڵوێستی ره‌سمی به‌رانبه‌ر به کوردی ئێران تاڕاده‌یه‌ک ده‌کرێت به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه کورت بکرێته‌وه، (له زه‌ینـدا وا که‌وتـووه‌ته‌وه که له

فارسیدا ناوی "ئێران" بەکارهاتووە بۆ ئەم دەوڵەتە بەم سنوورەی ئێستایەوە، بەڵام فارسی و پارسی کە زمانی پارسەکان بووە لە باشووری رۆژئاوا، زمانی ئەدەبیی ستاندار بووە) و کوردەکان بەشێکن لە نەژادی ئێرانی و بەو پێیە بەشێکن لە ئێران. هەڵبەت ئێران ئیمپراتۆریێتیکی فرە نەژاد و رەگەز بووە پشت بە مێژوو و نەریت و ملکەچیی هاوبەش بۆ شا بەستووە. بەم پێیە بۆ ئێرانییەکان کێشەی کورد بوونی نیە و بەدڵنیاییەوە زمانی کوردی زمانێکی جیاکار و تایبەتە و دیالێکتێکی زمانی فارسی نیە و هەموو زمانەکانی ئیمپراتۆریێت بەکارهێنانیان رێگەپێدراوە، چ کوردی بێت یان عەرەبی و بلووچی و تورکیی ئازەری بێت و کتیب و سەرچاوەکانیان پێ چاپ دەکرێت و بەرنامە و پەخشی بێتەلی رادیۆیان پێ بڵاودەکرێتەوە، بەڵام تۆکمەیی کارگێڕی پێویستی بە بوونی تەنها یەک زمانی رەسمییە.

بێگومان لە زۆر رووەوە کوردەکان هەست دەکەن کەوا لە فارسەوە نزیکترن تا تورک و عەرەب، بەڵام رووداوەکانی سالانی ١٩١٨ – ١٩٢٢ و ١٩٤١ – ١٩٤٦ بەتەواوی تۆمارکراون، جگە لە رووداوە مەترسیدارەکانی ئەم دوایییە لە سالانی ١٩٥٠ و ١٩٥٦ لە ئوستانی کرمانشاه و دادگایی و بەندکردنی خەڵک بە هۆی تۆمەتبار کردنیانەوە بە چالاکیی خیانەتکارانە کە ناو بە ناو باسیان دەکرێت و راپۆرتیان لە سەر بڵاودەکرێتەوە و هەموو ئەمانە وادەگەیەنن کە هەڵوێستی جێ رەزامەندین. راستییەکەی لێرەدا بەتەواوەتی کورد دەچێتە کێشەیەکەوە لەگەڵ فارسەکاندا، چونکە کورد و بەلووچ و ئەو ئەفغانییانەی بە زمانی پەشتو قسە دەکەن، هەموویان وەک فارس ئێرانین، بەڵام ئەمە واناگەیەنێت کە دەبێت ئەم سێ توخمە هەموویان ملکەچی فارسەکان بن.

له ته‌مووزی ساڵی ١٩٥٨دا رژێمی پاشایه‌تی له عێراق رووخێنرا، له‌لایه‌ن ده‌سته و تاقمێکی سوپاوه به سه‌رکردایه‌تیی جه‌نه‌راڵ عه‌بدولکه‌ریم قاسم و به‌دوایدا ده‌ستوورێکی کاتی ده‌رکرا و به‌دیاریکراوی تێیدا هاتبوو که وا کورد هاوبه‌شی یه‌کسانن له‌گه‌ڵ عه‌ره‌ب له ده‌وڵه‌تی عێراقدا و دروشمی برایه‌تیی کورد و عه‌ره‌ب به ره‌سمی "ئاراسته" ده‌کرا. پاشان مه‌لا مسته‌فا له تاراوگه‌ی یه‌کێتیی سۆڤییێت گه‌ڕێنرایه‌وه و وه‌ک که‌سایه‌تییه‌کی به‌هێزی عێراقی ره‌چاو کرا و بوو به پاڵه‌وانی خه‌بات و تێکۆشان دژ به "ئیمپریالیسته‌کان" و "به‌کرێگیراوه‌کانیان".

لقێکی عێراقیی پارتی دیموکراتی کوردستان، به سه‌رکردایه‌تیی ژماره‌یه‌ک له رۆشنبیرانی چه‌پڕه‌و، به ئاشکرا له‌و حیزبه ده‌رچوو و سه‌ره‌تا له‌گه‌ڵ کۆمۆنیسته‌کاندا هاوپه‌یمانییان کرد، که جێپێی خۆیان به توندیی کردبووه‌وه له ژماره‌یه‌ک پێگه و پۆستی سه‌ره‌کیی دامودەزگای کارگێڕیدا. رۆژنامه‌نووسه کورده‌کان بۆ ماوه‌ی دوو ساڵ ده‌رفه‌تێکی که‌موێنه‌یان بۆ ره‌خسا بۆ داکۆکی کردن له مافه‌کانی کورد و ته‌نانه‌ت ده‌نگیشیان به‌رز ده‌کرده‌وه له‌پێناوی رزگارکردنی "برا به‌کۆیله‌کراوه‌کانیان" له‌ودیوی سنووره‌کانه‌وه.

به‌ڵام چه‌ندین مانگ تێپه‌ڕی بێ هیچ هه‌وڵێک بۆ جێبه‌جێ کردنی ئه‌و به‌ڵێنانه‌ی له ده‌ستووری کاتیدا هاتبوون، له‌به‌رئه‌وه و بۆ هاوتاکردنی گیانی ئه‌و وه‌هم و خه‌یاڵه‌ی له ناو کورددا په‌ره‌یسه‌ندبوو که‌وتنه بڵاوکردنه‌وه‌ی نووسینی ئیلهامبه‌خش له رۆژنامه‌کانی به‌غدادا له‌باره‌ی نکووڵی کردنی مافی کورد و به‌رجه‌سته نه‌کردنی هیچ دانپیانانێکی تایبه‌ت به‌و مافانه به‌ڕه‌هایی. له پایزی ١٩٦٠دا کار گه‌یشته ترۆپکی قه‌یران و خراپی کاتێ ئه‌وه راگه‌یه‌نرا که پارتی دیموکراتی کوردستان نایاساییه و گه‌لێ له کاربه‌ده‌ستانی خاوه‌ن

پێگە و پۆستی ئەو حیزبە گیران و رۆژنامە کوردییەکان داخران. هەروەها ئەو ئۆتۆمبیل و خانووەی بۆ مەلا مستەفا تەرخانکرابوو لێی سەندرانەوە و ئەو مووچەیەشیان بڕی کە پاش گەڕانەوە پڕ لە سەروەرییەکەی لە ئاوارەیی بۆی بڕابووەوە و ئەوجا ئەمیش پاشەکشەی کرد بۆ بارزان.

لە کۆتایی هاوینی ١٩٦١دا شەڕ هەڵگیرسا و هێزەکانی حکوومەت لە چەند شەڕ و پێکدادانێکدا شکستیان هێنا و قاسم پەنای بردە بەر سیاسەتی تۆڵەکردنەوەی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی بۆردمانی فڕۆکەوە و ئەمەش بوو بە مایەی ئازار و مەینەتییەکی سەخت بۆ دانیشتوانی سڤیل. ئەم ئۆپەراسیۆنە دڕندانە بوون بە هۆی یەکخستنی بیر و بۆچوونی کورد و گەیاندیە دۆخێک کە هەرگیز پێشتر بەخۆیەوە نەبینیبوو و مۆرکی ڕاپەڕینێکی نیشتمانیی دا بە یاخیبوونەکە.

لە لایەنی کوردەوە کەمپەینەکە لە سەرەتادا وادیاربوو هاوپەیمانییەکی نامۆی سەرۆک عەشیرەتەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە مۆرکێکی چەپڕەوی پێوە بوو ئاڕاستەی دەکرد و مەلا مستەفاش کە بە شێوەیەکی تاڕادەیەک نەگونجاو بە سەرۆک هەڵبژێردرابوو. بێگومان مەلا مستەفایەک کە ئەموونی هەژدە مانگی مهاباد و یانزە ساڵی یەکێتیی سۆڤییەتی لەپشتەوە بوو، بە بەراورد کەسێکی تەواو جیاواز بوو لەو پیاوە خێڵەکییە تاڕادەیەک سادەیەی کە ساڵی ١٩٤٥ لە عێراق هەڵاتبوو، بەدڵنیاییەوە ئەو کەسایەتییەش نەبوو کە بە "مەلای سوور" ناوزەد بکرێت.

شەڕ بەردەوام بوو تا شوباتی ساڵی ١٩٧٠، کە لە ماوەی هەشت ساڵدا شەش جاری مەودا کورت یان درێژ ئاگربەسی تێدا بووە و هەر هەموویان، ئەمەی دواییان نەبێت، لەدوای گۆڕینێکی رژێم یان کابینەیەکی حکوومەت بووە. لە هەمووشیاندا سەرکۆمار یان سەرۆک وەزیرانی نوێ هەمیشە

بەیـــانێکی دەردەکـــرد و بەڵێنـــی دەدا کە "هەوڵـــی چارەســـەرێکی رەوا و ئاشـتیخوازانەی کێشـەی بـاکوور دەدەیـن"، یـان رەنـگە بە شـێوەیەکی زیـاتر دەسنیشانکراو "داننان بە مافی سرووشتیی برا کوردەکانمان لە سەر بنەمای لامەرکەزی". ئەوجا نوێنەرە کوردەکان بۆ ماوەی چەندین هەفتە سەردانی بەغدا دەکەن و لەکاتێکدا وەزیرەکانی حکوومەت یان ئەفسەرە گەورەکانی سـوپا یـان (لە جارێکیشـیاندا) خـودی سـەرۆک کۆمـار خـۆی سـەردانی چەندبارەی مەلا مستەفایان دەکرد.

درەنـگ یـان زوو بێـت تـوخمە پـان عەرەبیـزمە شۆڤێنیسـتەکانی نـاوخۆ مەحکـووم دەکرێـت لە دامودەزگاکـانی دەوڵەتـدا، کە بڕیاریـان دابـوو هەر چارەسەرێکی کێشەی کورد لەباربەن و سەرلەنوێ دەکەوتنەوە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سزادان تا ئەوکاتەی گۆڕانکارییەکی تر روویدەدا.

لەنێو ئەم گۆڕانکارییانەدا دەبێت ناوی سیانیان بێنین: رووخان و کوشتنی قاسم لە شوباتی ١٩٦٣دا لە سەردەستی تاقمێکی سەربازی سەر بە حیزبی بەعسی پان عەرەبی و دیسانەوە رووخاندنی ئەم تاقمە لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا و جارێکی تر گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ دەسەلات لە مانگی تەمووزی ١٩٦٨دا، لە ژێـر سـەرکردایەتیی هەمـان فەرمانـدەی پێشـوودا، کە جەنەراڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بوو.

لای خـۆیەوە مەلا مسـتەفا، بە یـارمەتیی "ئەنجـومەنێکی یاسـادانان" نـوێنەرایەتی لە هەمـوو چینەکـان و کـۆمیتەیەکی راپەڕانـدن، بە زیرەکـی و کارامەییەکی بەرچاوی نواند لە هەردوو بواری سیاسی و سەربازیدا، ئەوەی روونکردەوە کە ئامانجی جیابوونەوە نیە بەڵکو حوکمی خۆ کردنە لە ناوخۆی عێراقدا و باوەش دەکاتەوە بۆ هاوکاریی کۆمۆنیستەکان و هەرکام لە توخمە

لیبراڵە عەرەبییەکانی کە دژ بە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانن و ڕێکخستنێی کارگێڕییەکی سەرەتایی، بەڵام کاریگەر بۆ ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستیدان و لە حاڵەتی پێویستیشدا جڵەوی شوێنکەوتووانی و ڕووناکبیران و خەڵکە عەشایەرەکە دەکات. ئەو خۆی پیاوێکی عەشایەر و لە دوورترین سنووری باکوورەوە و پلە بە پلە توانی سەرکەوتن بەدەستبێنێت، بە پاڵپشتی گەورە ڕووناکبیرانی میانڕەو لە باشوور و لە هەمان کاتیشدا نەوەی هەڵکشاوی نەتەوەپەروەرانی ناوخۆ و کۆمەڵەکانی خوێندکاران لە ئەوروپا و ئەمریکا. سەرەڕای ئەوەی کە بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا دڕندەترین شاڵاوی دژ بە کورد جێبەجێ کرد لە ساڵی ١٩٦١وە، بەڵام گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨دا هەمان ڕێوڕەسمی ئاسایی بەدوادا هات. لە نۆڤەمبەرەوە شەڕوشۆڕ دەستیپێکردەوە و تا ماوەی دوانزە مانگی دواتر بەردەوام بوو، بە خەستییەکی زۆر و بە بەرەنگارییەکی پارتیزانەکانی مەلا مستەفا، کە لەو دەمەدا چەک و جبەخانە و مەشق و ڕاهێنانیان لە پێشتر باشتر بووبوو و باڵادەستییان بە سەر سوپا و بە هەمان شێوەش بە سەر بەکرێگیراواندا دەنواند تاڕادەیەک لە هەموو پێکدادان و بەرەوڕووبوونەوەیەکدا.

کە کۆتایی ساڵ نزیکبووەوە، مقۆمقۆی ئەوە پەیدابوو کە وا حکوومەت جارێکی تر دانوستاندنی دەستپێکردووەتەوە. لە یانزەی مارتی ١٩٧٠دا ئەلبەکر ئاشکرای کرد کە وا گەیشتوونەتە ڕێککەوتن مەلا مستەفاش ڕاگەیاندنەکەی سەلماند. دەقی ڕێککەوتننامەکە وەک بڵاوکرایەوە ئاماژە بەوە دەکات کە داواکارییەکانی کورد تاڕادەیەک بەتەواوی دانی پێدانراوە بەو بەندەشەوە کە "ئەو یەکە کارگێڕیانەی سەرژمێری دەریخستووە کە وا زۆرینە کوردن لە هەرێمێکدا یەکدەخرێن بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت

بەتەواوی مافی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئۆتۆنۆمیی خۆی تێدا ئەزموون بکات".

لەڕاستیدا جێی سەیر و سەرسوڕمانە کە دوای نزیکەی پەنجا ساڵ لە ڕەتکردنەوەی ئیدارە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کە بیر لە هیچ دانپیانانێکی بەجێی ئاوات و داواکارییەکانی کورد بکەنەوە و لەم هەموو حیزب و لایەنەدا ئەوە بۆ بەعس جێبێڵن کە تا ئەم ئاستە بڕوات. بێگومان هۆکاری سەرەکیی ئەوە شکستی سەربازی بوو، ئەگەرچی لە کایەیەکی سنوورداریشدا بوو، بەڵام قورسایی هێشتنەوەی زیاد لە دوانزە هەزار سەربازی سوپای عێراق لە بەرەی فەلەستیندا و گرژیی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا و بۆشایی دەسەڵات لە کەنداودا، کە ئەگەری ئەوە هەبوو لە پاشەکشەی بەریتانیادا رووبدات و ئاڵۆزیی بارودۆخی ناوخۆ لە باشووردا و پێدەچێت فشاری دیبلۆماسیی سۆڤییەتیش تاقمی حوکمڕانی عێراقیان قەناعەت پێکردبێت کە وا چیتر ناتوانن دوو تیپی سوپا لە شەڕی ناوخۆدا قەتیس بکەن.

هەرچەندە لە سەرەتادا سەرکردە کوردەکان دەیانزانی کە وا جێبەجێ کردنی هەندێک لەو پابەندییانەی لە رێککەوتننامەکەدا هاتووە کاتی دەوێت، بەڵام پێیانەوە دیاربوو کە زۆر دڵخۆشن بە رەفتار و هەڵسوکەوتی حکوومەت، لە کاتی دەستکردن بەم نووسینە (ناوەڕاستی ئەیلوول)، بەڵام وادیارە مێژوو جارێکیتر خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەو کەیفخۆشییە سەرەتاییە زۆری نەخایاند و نائومێدیی بەدوادا هات بە خاوبوونەوە لە کاراکردنی خاڵە بنەڕەتییەکان و نائۆمێدیش لە دەقی دەستووری کاتی (چوارەم یان پێنجەم لە تەمووزی ١٩٥٨وە) و وەزیرە کوردەکان لە حکوومەتدا، بەو پێیەی سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعسی عەرەبی بوون کە دەسەڵاتێکی رەهای هەبوو، تێگەیشتن کە دەسەڵاتی

راستەقینەیان نیە. هەروەها هەندێ ڕەتکردنەوەی ئەرێنی، وەک ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پۆستی جێگری سەرۆک کۆماردا کە بۆ کوردێک دیاریکرابوو. لە لایەکی ترەوە، ئاشکرابوو کە ئەندامە جیابووەوەکانی جاران لە پ د ک تیگەیشتن کە دەبوو شەڕ و ناکۆکییان لەگەڵ مەلا مستەفا چارەسەر بکەن و ڕەنگە ئەمەش ببوایەتە ڕێگرێک لە بەردەم حکوومەتدا بۆ پەلەکردنی لە دەستپێکردنەوەی شەڕدا.

لە سووریادا و لەم شەڕوشۆڕانەدا کوردەکان، کە بارودۆخیان تەواو جیاوازە لە بارودۆخی هاونەژادەکانیان لە هەر سێ وڵاتەکەی تردا بە هۆی کەمی ڕێژەی ژمارەیانەوە، هیچ کێشەیەکی ناوخۆییان بەرپا نەکردووە بۆ حوکمی باشی دەسەڵاتی ماندێتی فەرەنسییەکان. بەڵام ئەو خەڵکە خێڵەکیانەی بە درێژایی سنووری تورکیا لە گرژی و ئاڵۆزیدا بوون، ناکرێت هەروا کەمتەرخەم بن و کاریگەریی ڕووداوەکانی بەشەکانی تری کوردستانیان لە سەر نەبێت. هێرش و پەلامار بۆ ناو تورکیا، وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی ئارارات و دەرسیمدا و ڕووداوگەلی تری هاوشێوە بوون بە هۆی ناڕەزایی دەربڕین لەلایەن ئەنقەرەوە و کۆمیسیاری باڵای ناچار کرد لە بەر بەرژەوەندیی فەرمیی پەیوەندیی دراوسێتی هەندێک لە سەرۆک خێڵەکانی کورد لە ناوچە سنوورییەکان بگوێزێتەوە.

لە بواری کولتوور و فەرهەنگدا، کەسانێک لە بنەماڵەی بەدرخان مەڵبەندێکی ئەدەبییان بەڕێوەدەبرد و بەدەر لە ماوەیەکی کورتی دابڕان لە کاتی جەنگدا، گۆڤارێکی مانگانە و ژمارەیەک کتێبیان چاپ و بڵاوکردەوە، لە نێویاندا کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی.

لە پاش کشانەوەی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٤٦دا، لە سەرەتادا کەمینەی کورد کەوتە خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی گۆڕاودا بە شێوەیەکی بەجێ و سەرکەوتوو. بەڵام بە تێپەڕینی کات و لە کەش و بارێکی هەڵکشانی پان عەرەبیزمی نەتەوەپەرستدا، بوونی کورد تا دەهات بە هەڕەشە و دەستدرێژکار لەقەڵەم دەدرا کە دەبێت سەرکوت بکرێن. لە ساڵی ١٩٥٧دا لقێکی سووریی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا بە ئامانجی دانپیانان و دەستەبەرکردنی مافە کولتوورییەکانی کورد[٦]. یەکگرتنی سووریا و میسر و پێکهێنانی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو لە کانوونی دووەمی ١٩٥٨دا جاڕدرا و لە حوزێرانی ئەو ساڵەدا کاروباری کورد هێندە بە گرنگ دانرا کە ماوەی کاتژمێرێک پەخشی دەرەکیی رادیۆی بە زمانی کوردی بۆ تەرخان بکرێت لە قاهیرەوە[٧].

لە ساڵی ١٩٥٩دا، سەران و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا بە تۆمەتی خیانەت گیران. لە ساڵی ١٩٦١دا، سووریا لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو جیابووەوە، بەڵام ئەو رژێمەی جێیگرتەوە سیاسەتێکی باشتری سەرکوتکردن و داپڵۆسینی دەستپێکرد لە رێگەی بێبەشکردنی چەندین هەزار کوردەوە لە ناسنامەی سووری (کە هەندێ سەرچاوەی کوردی ژمارەکە دەگەیەنێتە ١٢٠ هەزار)، بە پاساوی ئەوەی کە خۆیان یان باوباپیرانیان لە ماوەی ماندێتی فەرەنسیدا وەک پەنابەر لە تورکیاوە هاتوون و بە پێی پلانێک بە درووستکردنی "پشتێنەیەکی عەرەبی" بەدرێژایی سنووری تورکیادا کەوتنە دەرپەڕاندنی گوندنشینە کوردەکان. دکتاتۆرێتی بەعس، کە لە ساڵی ١٩٦٣دا دەسەڵاتی گرتەدەست، بەردەوام بوو لە سەر هەمان سیاسەت بەڵام دڵڕەقانەتر و دڕندانەتر و هێزێکی سەربازیی سووریی

نـارد بـۆ ئەوەی لەگەڵ سـوپای عێراقـدا دژ بە مەلا مسـتەفا بجەنگێت و لای خۆیشییەوە بەتوندی هەر چارەسەرێکی رەتکردەوە لەو وڵاتەدا.

هەمـوو ئەو زانیاریـانەی کە لە سـووریاوە دزەیـان دەکـرد پێدەچێت هـیچ گومانێکیـــان نەهێشـــتبێتەوە کە لە هەمـــوو بوارێـــک و هەمـــوو چـــالاکییەکی کارگێڕیـدا جیاکـاریی دژ بە کوردەکـان پەیـڕەوی دەکرێـت و بـوونی کتێـب و رۆژنـامە بە زمـانی کـوردی لای هەرکەسـێک قەدەغە بـوو. پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان – سـووریا کەوتە خەبـاتی نهێنـی و ژێرزەمینـی و تـوانی سـێ بڵاوکـراوەی نهێنـی دەربکـات کە یەکێکیـان بە عەرەبـی و دوانیـان بە کـوردی بوو.

لە دەڤەری پشت قەوقازی یەکێتیی سۆڤییەتەوە کۆمەڵی بچووکی کوردەکان، کە زۆربەیان یەزیدی بوون، هیچ خولیا و داواکارییەکی سیاسییان نەبـــوو لەبەرئەوە هـــیچ کێشـــەیەکیان نەدەخوڵقانـــد. رووســـەکانیش هـــیچ مەترسییەکیان نەدەبینی لە چالاکیی کولتووری و فەرهەنگیی کەمینەکانیاندا و بەڵکـو لەراسـتیدا بە بەرفراوانـی هانیشـیان دەدان. زۆرێـک لە نـاوی زانـا و لێکۆڵەرە رووسـە تایبەتمەندەکان لیسـتی پێشـەنگانی لێکۆڵینەوە کوردییەکـانی سەدەی نۆزدە و دواتریش دەڕازێننەوە. هەر لە کاتی شۆڕشـەوە و بەتـایبەتی لە سـاڵی ١٩٢٩وە، بەرهەمێکـی کـارا و زینـدووی ئەدەبـی کـوردی بە هەمـوو جۆرەکانیەوە هاتەکایەوە، یەکەمجار بە پیتی لاتینی و پاشـان بۆ مـاوەیەک بە پیتی سیریلی (سلاڤی) و پاشـان جارێکیتر بە لاتینی، کە زۆربەی لە ئەرمینیـای سۆڤێتیدا بوو، جگە لەوەش بەرنامەیەکی رۆژانەی رادیۆ بە زمانی کوردی بـۆ مـاوەی سـەعات و نیوێـک لە یەریڤـانی پـایتەختەوە پەخـش دەکـرا. زۆرێـک لە نووسینەکان لە سەر بابەتی کۆمەڵایەتی بوون و بە زۆری وەرگێڕان بـوون و

بێگومان مۆرکێکی مارکسییان پێوەبوو. بە هەمان شێوە شیعری نیشتمانیش باوبوو و ئەمە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شوێنیتر نەدەبینرا.

هەڵبەت لە ڕووی سیاسییەوە رووسەکان، بە هۆی شوێنی جوگرافییان و جەنگی بەردەوامیان لەگەڵ هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسیدا، لە سەردەمێکی دوورودرێژەوە بایەخیان بە کورد دەدا. مۆرکی جۆرێکی نوێی ناسیۆنالیزم کە بوو بە تایبەتمەندیی سەرهەڵدان و راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی ١٨٨٠دا دەگەڕایەوە بۆ پڕۆپاگەندەیان لە میانەی جەنگی تورکیای ساڵانی ١٨٧٧ – ١٨٧٨دا. پێشتریش باسی ئەو پەیوەندییە سەیر و نامۆیەمان کرد لەگەڵ کۆماری مەهابادی کوردیدا. بەڵام رەنگە سەیرترین و نامۆترین روخساری سیاسەتی رووسیی نائاسایی ئەوە بووبێت کە لە ساڵی ١٩٦٣دا روویدا، کاتێ کە لە ٢٩ی حوزەیراندا و پاش ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنی ئەو هێرشە دڕندانەیەی کە ئەنجومەنی سەربازیی بەعسی عێراق ئەنجامیدا، کۆماری مەنگۆلیای میللی لە برووسکەیەکی توندا کە ئاڕاستەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردبوو، سەرزەنشتی ئەو کردەوە دڕندانەی کردبوو کە دژ بە گەلی کورد بەرپاکراوە لە کاردانەوەی "داواکاریی رەوایان بۆ ئۆتۆنۆمی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا" و داوای کرد بخرێتە ئەجێندای کاتیی کۆمەڵەی گشتییەوە لە ئۆکتۆبەردا "وەک بەندێک لە کاراکتەرێکی گرنگ و بەپەلەی مەسەلەی سیاسەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵ (جینۆساید) کە حکوومەتی کۆماری عێراق جێبەجێی دەکات". ئەمە نزیکەی دوای دە رۆژ دێت لە دوو نامەی هاوشێوە لە یەکێتیی سۆڤێتەوە، یەکێکیان بۆ ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە داوای گفتوگۆیەکی دەسبەجێ دەکات (ئەم داواکارییە بە زۆرینەی ١٣ دەنگ بە ٢ دەنگ و دەنگنەدانی ٣ رەتکرایەوە)، نامەکەی تر بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و

دووبـــارەبوونەوەی بـــابەتی هەمـــان دوانەکەی تـــر بـــوو و هۆکـــاری "سەرکوتکردنی خوێناویی کوردەکانی" گەڕاندەوە بۆ ڕێککەوتنێک لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیستەکانی سەنتۆدا، بۆ ئەوەی هێزە دوژمنکارەکان بنکەکانیان لە نزیک سـنوورەکانی سـۆڤییەتەوە دابنـێن. هەڵـبەت بەردەوامیـدان بە دەسـتێوەردانی دەرەکی (وەک بەشداریی هێزەکانی سووریا و بە تایبەتیش بۆمبارانی هێزی ئاسمانی) ڕەنگە "وڵاتانی تر" ناچار بکات هەنگاو بنێن بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشـی خۆیـان. لە هەمـان کاتیشـدا، لە مۆسـکۆ، حکـوومەتی سـۆڤێتی بە دەسـتەواژەی هاوشـێوە هۆشـداریی دا بە باڵیۆزەکـانی عێـراق و تورکیـا و ئێـران و سـووریا. بەڵام لە پـایزی ئەو سـاڵەدا، سـۆڤییەتەکان راشـکاوانە رایانگەیاند کە هەڵسەنگاندنی پێشتریان بۆ ریزبەندیی سیاسی رژێمە نوێکانی بەعـس لە عێـراق و سـووریا هەڵە بـووە. لە کـاتی دەسـتپێکردنی کارەکـانی کۆمەڵەی گشـتیدا، نوێنەری مەنگۆلیـا، "لەسۆنگەی ڕێزگرتنـی وڵاتەکەیەوە بۆ گیـانی هاوکـاریی ئەفرۆ – ئاسـیایی و ئـارەزووکردنی پاراسـتنی" داواکـاریی حکـوومەتەکەی کشـاندەوە و ئیتـر دوای ئەوە هیچیتـر لە نیـازی مۆسـکۆ نەبیسترا لە ئەنجومەنی ئاسایشدا.

کەواتە دەبیت ئەنجامگیرییەکە وابێت، کە هەرچەندە گومانی تێدا نیە کە وا رەوتـی "پەرەسـەندووی" بـزووتنەوەکە کـاریگەریی خـۆی هەبـووە لە کـاتی دیاریکراودا، بەڵام هەڵوێستی رووسی لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەڕاستییەکەی لە ئەگەری بەکارهێنانیـدا دیـاری دەکرێـت لە سـیاقی سیاسـەتی سـۆڤییەتی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی.

لە نێـو ئەو کـۆمەڵە کـوردییە نیشـتمانیانەدا کە لە ئێسـتادا چـالاکن لە دەرەوە، هەرە سەرەکییەکەیان سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردییە لە پاریس، کە لە سـاڵی ١٩٤٩دا دامەزراوە، لە پـاش کشـانەوەی فەرەنسـا لە سـووریا و

لەوساوە تا ئێستاش دکتۆر کامەران بەدرخان بەڕێوەی دەبات (مەبەست کاتی نووسینی ئەم باسەیە لە ساڵی ١٩٧١دا – وەرگێڕ). کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەووروپا (KSSE)، کە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە، لە ئێستادا پانزە لقی هەیە لە هەردوو دیوی پەردەی ئاسنینەوە (مەبەست هەردوو بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوا و لێرەدا دیسانەوە مەبەست لە 'ئێستا' ساڵی ١٩٧١ە کە ئەم باسەی تیادا بڵاوکردووەتەوە – وەرگێڕ) و سەر بە یەکێتیی قوتابیانی جیهانییە و ساڵانە گۆڤاری وێنەداری "*کوردستان*" دەردەکات. لە سیانزە کۆبوونەوەی ساڵانە تا ساڵی ١٩٦٩، چوار کۆبوونەوەیان لە بەرلینی رۆژئاوا، پێنجیش لە شارەکانی تری ئەڵمانیای رۆژئاوا و یەکێک لە هەر یەکە لە ڤییەننا و لەندەن و بەلگراد بەستراوە. هەڵبەت بە شێوەیەکی ئاسایی گفتوگۆ لە سەر خەبات و تێکۆشانی کورد بەگشتی دەکرا و ئەو سیاسەتانەی هەر وڵاتێک لەو چوار وڵاتە دەکرا کە پەیڕەوییان دەکرد و ئەندامەکانی لێوە هاتبوون و رەنگە وا باشتر بێت کە سیاسەتەکانیان بە "دیموکراتیی کۆمەڵایەتی" وەسف بکرێت. لە ساڵی ١٩٦٥دا باڵێکی راسترەو جیابووەوە و یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی کورد لە ئەوروپای دامەزراند (NUKSE) و بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەڵمانیای رۆژئاوا گەشەی کرد و مانگنامەیەک بە ئەڵمانی دەردەکات بە ناونیشانی "*زانیاریی کوردستان*" و چاپ و بڵاوکردنەوەی چەندین کتێبی لەئەستۆ گرتووە بە کوردی و عەرەبی. هەروەها ناوبەناویش گۆڤارێک لە بەرلین دەردەچوو بە ناوی "*چیا*"، کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی کوردی تورکیا دەکرا. لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە شاری ئەپسالای وڵاتی سوێد رێکخراوێکی نوێ لە کوردەکانی باکوور پێکهێنرا، بە ناوی باهۆز یان کۆمەڵەی جەنگاوەران لەپێناوی کوردستاندا و لە بەرلینی رۆژئاواش چالاکیی هەیە. لە

ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ڕێکخراوێکی بچووکی خوێندکارانی کورد هەیە، بەڵام چالاکە و گۆڤارێکی دەوری دەردەکات بە ناوی "*جۆرنالی کورد* *The Kurdish Journal*".

شانبەشانی ئەم قەوارە کوردییانە لە گەڵی وڵات دەستە و گرووپی دۆستانی کوردستان هەن، لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا و گرنگترینیان کۆمەڵەی کوردستانی نێودەوڵەتی (ISK) لە ئەمستردام، کە بڵاوکراوەی "*ڕاستیی کورد*" دەردەکات (بڵاوکراوەیەکی هەواڵنامەی مانگانەیە لەگەڵ بیبلیۆگرافیادا)، حاڵی حازریش (واتە ١٩٦٨) بیبلۆگرافیایەکی کوردیی بەرفراوانی دەرکردووە کە زیاد لە نۆ هەزار بابەتی لەخۆگرتووە. لە فەرەنسا، هەمیشە ڕۆژنامەی *لۆمۆند* *Le Monde* بە باشی لە سەر ئەو ڕووداو و پەرەسەندنانە دەوەستێت کە جێی بایەخی کوردن. لە بەریتانیا کۆمەڵەیەک بۆ پێشکەوتنی کوردستان، کە لەلایەن خوێندکارانی جاران و دۆستە بەریتانییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت، لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی زانیاریی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوەن و ناوبەناویش گۆڤارێک بڵاودەکەنەوە بە ناوی *کوردیکا Kurdica*. هەروەها گرووپێکی هاوشێوەش بە هەمان ناوەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە. کوردەکان خۆشیان لە گەڵی بۆنەدا هەوڵیانداوە سەرنجی نەتەوە یەکگرتووەکان بخەنە سەر مەسەلەکەیان. لە ساڵی ١٩٦١وە، حەوت وەفد بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی نیویۆرکیان کردووە، تەنها بۆ ئەوەی بۆی دەربکەوێت کە حکوومەتەکانیش وەک سیاسییەکان تا ئەوپەڕی ئینتیقائین لە بژاردەی هۆکارەکانی پەستیی مۆراڵدا و هیچکام لەو سەد ئەندامە ناهەمیشەییە ئامادە نەبووە کێشەکەیان بخاتە ئەجێندای یەکێک لەو ئۆرگانانەی شوێنی کۆمەڵەی گەلانیان گرتبووەوە.

وەک مەسەلەکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاری لە سەر دەکرێت ئەم کەمپەینی کوردە پێویستە لەئەستۆی چینی ناوەڕاست بێت و هەموو کاراکتەرێکی کوردانە بێت. لە خودی کوردستان خۆیدا، پێویستە فۆرم و ئامانجە راستەوخۆکانی بگۆڕێن بە پێی بارودۆخی سیاسی و سەربازی لە هەر ولاتێک لە چوار ولاتەکە. بەلام لێرەش دیسان سروشتی بەتەواوی گۆڕاوە لەم سی و پێنج ساڵەی پێشوودا و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە ساڵی ١٩٦١وە. هەڵبەت هۆکارە نوێکانی پەیوەندی کردن و بەتایبەتی ئامێری ترانسیستۆری وەرگری بێتەل، وای لە تەنانەت گوندنشینە نەخوێندەوارەکان و خێڵە کۆچەرەکانیش کردووە کە سۆراخ و بەدواداچوون بکەن بۆ رووداوەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان، بەدەر لە مەسەلەی سنوور و چاودێری کردن و گوێگرتن لە پرۆپاگەندە. فیوداڵە کۆنەکان و رۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکان ئاوێتەی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی بوون کە هەموو چینەکانی یەکخستووە. پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی عێراق دەبێت کاردانەوە و لێکەوتەی خۆی هەبێت لە هەرسێ ولاتەکەی تر و لە بواری نێودەوڵەتیدا، بەلام هێشتا زووە لەم قۆناخەدا پێشبینیی ئەوە بکرێت کە ئەم لێکەوتانە چ فۆرمێک وەردەگرێت.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری مێژووی هاوچەرخ، بەرگی ٦، ژمارە ١

ناسیۆنالیزم و جیابوونەوە، بڵاوکراوەی سەیگ (١٩٧١).

ناوی بابەت: ناسیۆنالیزمی کوردی

نووسەر: س. ج. ئێدمۆندس

*Kurdish Nationalism*

*Author: C. J. Edmonds*

Source: Journal of Contemporary History, Vol. 6, No. 1, Nationalism and Separatism (1971),

## پەراوێز

١ – لەم سیاقەدا، وا گونجاوترە ناوی "وڵاتی فارس" بۆ قەوارەی سیاسی بەکاربهێنریت و سیفەتی "ئێران یان ئێرانییەکان" لەگەڵ دەلالەتە بەرفراوانە ئیتنیکییەکەی بەکاربێت کە نەک هەر تەنها فارس دەگرێتەوە بەڵکو کورد و ئەوانیتریش، پابەندیی سیاسی هەرچییەک بێت. (لە ساڵی ١٩٣٤دا ناوی وڵاتی فارس Persia بە رەسمی کرا بە ئێران – وەرگێڕ).

٢ – له دوای داگیرکاری بەریتانیا، ئەم ویلایەتە دابەشکراوە بۆ چوار لیوا: مووسڵ له باکووری ڕۆژئاوای زێی گەورەوە، هەولێر، سلێمانی، کەرکووک له باشووری ڕۆژهەڵاتەوە.

٣ – ناونیشانی سەید ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە وا بنەچەی ئەو کەسە دەچێتەوە سەر محەمەدی پێغەمبەر و لە کوردستان نازناوی شێخ ئیشارەتە بۆ مامۆستایەکی ئایینیی سەر بە ڕێباز یان تەریقەتێکی دەروێشی یان لە نەوەی ئەو بێت. (لە گەلێ حاڵەتیشدا ئەمانیش خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام – وەرگێڕ).

٤ – لە ساڵی ١٩٦٧دا، ئەم نووسەرە، بە پێی ئەو زانیاری و ژمارانەی ئەوکاتە لەبەردەستدا بوون، ژمارەی دانیشتوانی کوردی لە پێنج ولاتەکەدا بەم شێوەیە خەملاندووە: تورکیا سێ ملیۆن و دووسەد هەزار، ئێران یەک ملیۆن و هەشتسەد هەزار، عێراق یەک ملیۆن و پێجسەد و پەنجا هەزار، سووریا سێسەد و بیست هەزار، پشت قەوقازی سۆڤییێتی هەشتا هەزا، کە تێکڕا دەگەنە نزیکەی حەوت ملیۆن. بێگومان هەر سەرژمێرییەکی یەک لە دوای یەکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیادبوونێکی بەرچاو تۆمار دەکات لە تێکڕا دانیشتواندا و هەڵبەت ژمارەی کوردیش ئێستا بەرزترە. لوڕەکان کە دەکەونە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە و بە کورد لەقەڵەمدراون لە کۆنترین کتێبی مێژووی میللەتی کورددا (شەرەفنامە ١٥٩٦)، بەڵام بەگشتی لە ئەورووپا وا تێگەیشتوون کە وەک ناو کورد نین و لە سەر ئەو وڵاتە حیساب ناکرێن و تائێستاش، بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵگە لوڕەی بەغدا (مەبەستی کوردە فەیلییەکانە – و) بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کاری تێنەکردووون.

٥ – زمانی دایک بۆ زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە، بە ئازەربایجانی سۆڤییێتیشەوە، بریتییە لە دیالێکتێکی زمانی تورکی.

٦ – "لقە" جۆراوجۆرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی سەربەخۆن و لێکتر جیان.

٧ – ئەم خزمەتگوزارییە بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو، تا شوباتی ١٩٦٨ .

## ٨

# بزاڤی شارستانی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ماندێتی بەریتانیادا: سلێمانی، ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٣٠

**جۆردی تێجێڵ گۆرگاس**

پرۆفیسۆری مێژووی نێودەوڵەتییە لە ئینستیتوتی گراجوەیت
بۆ لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی – سویسرا

○ **جۆردی تێجێل گۆرگاس** Jordi Tejel Gorgas

لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٧١ و لە ئێسـتادا پرۆفیسـۆری مێـژووی نێودەوڵەتییە لە ئینسـتیتوتی گراجوەیت بـۆ لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی

Graduate Institute of International and Development Studies لە شـاری جنێڤـی سویسـرا و پێشـتر هاوکـاری تـوێژینەوە بووە لە خوێندنگەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵات و ئەفریقا و خوێندنگەی تـوێژینەوەی پێشـکەوتووی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکـان لە پـاریس. هەروەها لە زانکۆی فرایبورگ لە سویسرا موحازیر بووە. هەڵگری بڕوانـامەی دکتـۆرایە لە خوێنـدنگەی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکـانی پـاریس و زانکـۆی فرایبـورگ لە سویسـرا. خـاوەنی چەنـد کتێبێکـی مێژووییە و لەوانە، کتێبێکی لەبارەی عێراق و مێژووی کوردەوە بە فەرەنسـی (٢٠٠٦)، لەبـارەی ناسـیۆنالیزمی کـوردەوە لە سـووریا لە سەردەمی ماندێتی فەرەنسـادا (١٩٢٥ – ١٩٤٦) دیسـان بە فەرەنسـی. کتێبـی سـێهەمی کوردەکـانی سـووریا: مێـژوو، سیاسـەت، کـۆمەڵگە (٢٠٠٩)، کتێبـی چـوارەمی، مێـژووی عێـراق: ئالینگـارییە مێژوویـی و سیاسـییەکان، بە هاوکـاری لەگەڵ پێـتەر سـلاگلێت، ریکـاردۆ بۆکـۆ، حەمید بۆزئەرسەلان (٢٠١٢).

بڕیــاری بەریتانیــای مەزن لە شــوباتی ســاڵی ١٩٢٩دا بــۆ وازهێنــان لە مانــدێتەکەی عێراقــی و لێگەڕانــی بــۆ ئەوەی وڵاتەکە ســەربەخۆیی خــۆی بەدەستبێنێت لە ڕێگەی دانوستاندن کردنەوە لە سەر پەیماننامەیەکی نویێ کە وا لەسۆنگەی نەبوونی هیچ باس و خواسێک لەبارەی ئۆتۆنۆمیی کوردەوە گەورەترین بزاڤ و جموجووڵی مەدەنیی ورووژاندبوو لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ماندێتەکەدا. ورووژاندنی سیاسی لە ناڕەزایی و پشێویی سلێمانیدا ڕۆژی ٦ی ئەیلــوولی ١٩٣٠ گەیشــتە لــوتکە، کــاتێ کە ســوپای عێــراق لە بارودۆخێکی ناڕوون و تەمومژاویدا تەقەی لە ئاپۆرەی خەڵک کرد و بوو بە هۆی کوشتنی چواردە کەس.

ئەم پشــێوی و ناڕەزاییــانە لاپەڕەیەکــی گــرنگن لە مێــژووی لۆکــاڵی و نیشتمانیی عێراق لەسایەی ماندێتدا. یەکەم تەقەکردنەکە جێگەیەکی کاریگەری داگیرکــرد لە یــادەوەریی دەســتەجەمعیی دانیشــتوانی ســلێمانیدا و دووەمــیش خەســڵەتی شارســتانیی نــاڕەزایی دەربــڕین و پشــێوییەکە بــواردنێکی دا بە نــاوەرۆکی جــووڵانەوە کوردییەکــان، کە پێشــتر بە شــێوەیەکی ســەرەکی مــۆرکێکی دێهاتیــان پێوەبــوو لە ســەردەمی ماندێتــدا. دواجــار کــاریگەری و لێکەوتەی سەرەکیی کوشتارەکە گەڕانەوەی بەهێزی شێخ مەحموود بوو، کە بەریتانییەکان لە سالی ١٩١٨وە بە کاریگەرترین کەسایەتیی کوردی دادەنێن

له کوردستانی باشووردا له سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم و دوای ئەوەش، لەسۆنگەی پێگەکەیەوە وەک سەرۆکی ڕێبازی سۆفیگەریتیی قادری (سەر بە لقی بەرزنجی)[1] و هەروەها لەسۆنگەی شکۆ و پایە و سامانەکەی وەک ئەریستۆکراتێکی خاوەن ملک لە شانۆی سیاسیی کوردیدا سالی ١٩٣٠.

له ڕوانگەی ئەو سێ بوارەی که له سەرەوە باسکران – یادەوەریی دەستەجەمعی، رادیکالێتی و راپەڕین له ژێر سەرکردایتیی شێخ مەحموودا – ئەم باسە تیشک دەخاتە سەر رادیکالێتیی ئەکتەرە سیاسی و کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکان له سلێمانیدا. پێش هەموو شتێک ئێمە دەبێت ڕەوشی مێژوویی دەستەبژێرە ناوخۆییەکانی ئەم شارە کوردە باس بکەین لەگەل هۆکارەکانی پەیدابوونی کێبەرکێی جەمسەرە سیاسییەکان له سالی ١٩٢٤دا و پاشان دێینە سەر شیکردنەوەی دینامیکییەتی پەرگریی سیاسی له سلێمانیدا و بەتایبەتیش هەرا و پشێوییەکانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠. دواتر باسەکە دێتە سەر ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئاخۆ بۆچی له پاش سالی ١٩٣٠ و تا جەنگی جیهانیی دووەم ناوچە دێهاتییەکان بوون بە سەنتەری بزاڤ و جموجوولی کوردی، ئەگەرچی سالانی ١٩٢٠کان مۆرکی رادیکالیی شارستانێتیی سیاسیی کوردی پێوە دیاربوو.

شوێنی تایبەتمەندی سلێمانی له بارودۆخی کوردی سەردەمی ماندێتدا دەکرێت بەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنە تایبەتەدا لێکبدرێتەوە که پاش رووخانی دەسەلاتی عوسمانی له ناوچەکەدا هاتەکایەوە. له نۆڤەمبەری ١٩١٨دا، مێجەر ئێدوارد نۆئێل که ئەفسەرێکی سیاسیی بەریتانی بوو بە هەندێک ئەزموون و زانیاریی لەبارەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە، بە ئەرکێک نێردرا بۆ سلێمانی بە مەبەستی گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی و بە هاوکاریی لەگەل سەرۆکە لۆکالییەکانی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە دەرەوەی قەلەمڕەوی

دەسەڵاتی سەربازیی بەریتانیاوە. شێخ مەحموود (١٨٨٢ – ١٩٥٦) کرابوو بە حوکمداری "باشووری کوردستان" ، کە تێرمێکە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو رووبەرەی دەکەوتە نێوان هەردوو زێی گەورە و دیالەوە (سیروان – و). بۆ هەریەک لەم ناوچانە کاربەدەستێکی کورد دامەزرابوو و لە ژێر رێنمایی ئەفسەر یان حاکمە سیاسییەکانی بەریتانیدا کاری دەکرد.

بەم پێیە باشووری کوردستان، بە سلێمانیی "پایتەختیەوە" وەک قەوارەیەک لەلایەن بەریتانییەکانەوە درووستکرابوو و نەخشەی بۆکێشرابوو بۆ ئەوەی ببێتە "تاقیگەیەکی" ئەندازەگرتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەستی بەڕێوەبەرە کۆلۆنیاڵییەکاندا[٢]. جگە لەوە هۆکاری تریش هەبوون کە پشتگیریی ئەم تایبەتمەندییەیان دەکرد. پێش هەمـوو شتێک شاری سلێمانی دۆخێکی جیاوازتری هەبوو لە مەڵبەندە شارستانییەکانی تری باکووری عێراق بە هۆی هاوچەشنیی ئیتنیکی و ئایینییەوە، چونکە تاڕادەیەک تەواوی دانیشتوانی ناوچەکە لە کوردی سوننی پێکهاتبوون، بەپێچەوانەی هەولێر و کەرکوکەوە کە بە تەنها تورکمان و عەرەب و کورد زۆرینەیەکی روون و ئاشکرایان پێکنەدەهێنا[٣]. (ئەمە رای نووسەری باسەکەیە کە لەم رووەوە ورد نەبووە دەنا بە واقیع وانەبووە و هەمیشە هەر کورد زۆرینە بووە لەم شوێنانەدا – وەرگێڕ). بێگومان تایبەتمەندی و تاقانەییەکی تری سلێمانی لە کەلەپوورە مێژووییەکەیدا خۆی دەبینییەوە، چونکە "باشووری کوردستان" تاڕادەیەک تێهەڵکێشی میرنشینی کۆنی بابان بووبوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا لە لایەن بابا سلێمانەوە (١٦٦٣ – ١٦٧٥) دامەزرابوو. سلێمانی وەک شار لەلایەن ئیبراهیم پاشاوە (١٧٨٣ – ١٨٠٣)، (لێرەدا پێموایە مەبەست سالانی حوکمکردنیانە – و) دروستکرابوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا وەک پایتەختی نوێی میرنشینەکە. میرنشینی بابان لە گەورەترین و فراوانترین

رەوشـــیدا کۆیســـنجەق و بـــانە لەبـــاکوورەوە و کفـــری و قەرەتەپەی لە باشـــوورەوە لەخۆگرتبـــوو. میـــرە کوردەکـــانی بابـــان کە لە نێـــوان هەردوو رکـابەری تـورک و فارسـدا گیریـانخواردبوو بەردەوام لە هەوڵـی پاراسـتنی دۆخـی سـەربەخۆییاندا بـوون. بەڵام لە سـاڵی ١٨٤٧دا ئەحـمەد پاشـا، کە دوا فەرمانداری بابـان بوو، لە لایەن نەجیب پاشـای والیی بەغدای عوسـمانییەوە شکستی خوارد و سەربەخۆیی بابان کۆتایی پێهات. تێکدان و رووخاندنی دوا میرنشینی کورد بەشێک بوو لە پرۆسەی بەسەنتراڵ کردنی ئیدارە کە لەلایەن دەســـەڵاتدارانی عوســـمانییەوە لە ســـاڵی ١٨٣٩وە دەســـتپێکردبوو لە ژێـــر پەردە و چـــاودێریی بەرنـــامەی تەنزیماتـــدا (خۆڕێکخســـتنەوە) کە ئامـــانجی مۆدێرنە کردنی پێکهاتە و دامودەزگاکانی ئیمپراتۆرێت بوو.

سلێمانی، سەرباری لەدەستدانی سەربەخۆیی، وەک پایتەختێکی هەرێمیی عوسـمانی گەیشـتبووە ئاسـتێکی بایەخـداری گەشـەکردن. لە پـێش جەنگـی جیهـانیی یەکەمـدا ژمـارەی دانیشـتوانی شـارەکە دەگەیشـتە زیـاد لە دە هەزار کەس و فەرمـــانگەی تۆمـــاری زەوی و خـــانووبەرەی لەخۆگرتبـــوو لەگەڵ چەنـدین قوتابخـانەی سـەرەتایی و ناوەنـدی (رەنـگە ئەم چەنـدینە لێـرەدا ورد نەبێـت – و) و زیـاد لە سـی مـزگەوت، چەنـدین حەمـامی تـورکی، بـانکێکی کشتوکاڵی، خانوودامی رێکوپێک و ژمارەیەکی باشـی بازرگـانی دەوڵەمەنددا[٤]. هەڵـبەت جێـی سەرسـوڕمان نەبـوو کـاتێ کە لە سـاڵی ١٩١٩دا بەریتانییەکـان هـاتنە سـلێمانی هێشـتا ژمـارەیەکی بەرچـاو لە نەوەکـانی فەرمانڕەوایـانی پێشـتری بابـان هەر لە شـارەکەدا دەژیـان و ناودارترینیـان جەمـال بەگ[٥] و عەزمـی بەگ و فـایەق بەگ بـوون، کە ئەمـانە گشـتیان دواتـر تێکەڵـی حیزبـی نەتەوەیـی کـوردی بـوون. ژمـارەیەکی تـر لە ئەنـدامانی بنەمـاڵەکە[٦] لە بەغـدا

نیشتەجێ بوون چەشنی (حەمدی بەگ) و هەروەها ئەستەمبوولیش چەشنی حوسێن شوکری و مستەفا زیهنی پاشا[٧].

لە سەروبەندی وەرگەڕان بەرەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بازرگانان و گەورەپیاوانی سلێمانی کەوتنە ژێر رکێف و دەسەلاتی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموود و پاشانیش شێخ مەحموود خۆی، کە هەردوکیان بە لای پشتگیریی سولتانی عوسمانیدا دایاندەشکاند[٨]. کاتێ نۆئێل گەیشتە سلێمانی کەوتە پشتبەستن بە "سەرۆکە ئاسابیەکان" یان نێوەندگیرە لۆکالییەکان، کە بە زۆری شێخ و ئاغاکان بوون، بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەکی ناوخۆیی ئاسایی. بە پێی ئەو رێنماییانەی لەلایەن کۆلۆنێل ئەرنۆلد ویلسنی جێگری ئەودەمی کۆمیسیاری میزۆپۆتامیا، کە درابوو بە مێجەر نۆئێل: "پێویستە بۆ سەرۆک هۆزەکان روونبکرێتەوە کە تۆ پەیوەندییان لەگەڵ دەگریت و هیچ نیازێک نیە بۆ سەپاندنی ئیدارەیەک بەسەریاندا نامۆ بێت بە نەریت و ئارەزووەکانیان. بێگومان سەرکردە خێڵەکییەکان پرکێشیی ئەوە دەکەن هاوپەیمانییەک درووست بکەن بۆ راییکردنی کاروباری گشتییان بەگوێرەی رێنمایی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان"[٩].

ئەنجامی ئەم سیاسەتی 'پشت بە خەڵک بەستنە' کە لە سالانی دواتردا پەیڕەوی کرا بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەی عێراقیش بەگشتی[١٠]. لە دیدی گەلێ لە بەریتانییەکانەوە، سەرۆک خێڵ ئەو کەسە بوو کە وا کاریگەرانە لە خزمەتی خاڵی پێکەوە گرێدانی نێوان دەوڵەت و دانیشتوانی بەربلاوی دێهاتدا بوو[١١]. بژاردەی شێخ مەحموود و هاوکارانی وەک "سەرۆکە سروشتی و ئاساییەکان"ی کوردستانی عێراق پەیڕەوی ئەو مۆدێلە کۆلۆنیالییەی دەکرد کە لە هندستاندا جێبەجێ دەکرا[١٢]، هەروەها بەپێی فشارە هەنووکەییەکانیش. راستییەکەی لە نێوان سالانی

١٩١٩ و ١٩٢٠دا بەریتانییەکـــان پلانـــی ئەوەیـــان هەبـــوو کە پشـــت بە گەورەپیاوانی شارستانیی شکۆدار ببەستن و بەتایبەتی ئەریستۆکراتەکانی بابان، چەشنی حەمدی بەگی بابان[١٣]. بەهەرحاڵ، فشاری سەربازیی تورکیا و کاریگەریی روو لە هەڵکشانی لە نێو خێڵە کوردەکانی باکووری عێراقدا، وای لە بەریتانییەکان کرد پشت بە شێخ مەحموود ببەستن و ئەو بە تاقە کەس دانرا کە بتوانێت هێزێکی گەورەی چەکدار لە نێو هۆزەکاندا بخاتەگەڕ بۆ بەرگرتن لە پێشڕەوی کردنی لەشکری تورک لە ویلایەتی مووسڵدا.

هەر لە ساڵی ١٩١٨وە یاخیبوون دژ بە بەریتانیا و یاخیبوون لە ناوچە شاخاوییەکانی رەواندز و ئاکرێ و بارزاندا بەرپابوو لە نێو خێڵە لۆکاڵەکاندا بە مەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆییان. زیاد لەوە و سەرباری قبووڵ کردنی ئاگربەستی نۆڤەمبەری ١٩١٨ کە کۆتایی بە جەنگ هێنا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام فەرماندەکانی "جەنگی سەربەخۆیی" تورکیا بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال ژمارەیەکی باشی سەرۆک هۆزە کوردەکانیان کۆکردەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئینگلیزە "کافرەکاندا" لە رێگەی بەگەڕخستنی پرۆپاگەندەی چڕوپڕی پان ئیسلامییەوە. ئامانجی ئەم پرۆپاگەندەیە بە کارایی و زیندوو راگرتنی سەرچاوەکانی یاخیبوون بوو بەهیوای دووبارە وەرگرتنەوەی ویلایەتی کۆنە عوسمانیی مووسڵ، کە وەک خاکێک لەقەڵەم دەدرا کە وا لەڕووی مێژووییەوە بەستراوە بە وڵاتی ئەنەدۆڵەوە[١٤]. لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨دا سلێمانی کەوتبووە دۆخێکەوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان جیاواز بوو لە شکۆداریی grandeur جارانی پایتەختە کۆنەکەی میرنشینی بابان. بەپێی راپۆرتە جۆراوجۆرەکانی بەریتانییەکان کە وا هێزەکانی عوسمانی وەک کەلاوە بەجێیهێشتووە و ٨٠%ی دانیشتوانەکەی لە ماوەی جەنگدا شاریان بەجێهێشتووە[١٥]. لە رەوشێکی ئاوهادا وادێتە بەرچاو کە

زەحمەتە بیر لە بوونی ئاستێکی بەرچاوی گەورەپیاوان بکرێتەوە کە پەنایان بۆ ببرێت بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی شارستانیی تۆکمە.

دامەزرانـــدنی "حکـــوومەتێکی کـــوردیی" ســـەربەخۆ لە ســـلێمانی و دەوروبەریـدا سـالّی ۱۹۱۸، بڕیـاری کـۆمەڵەی گەلانـی بە هەڵپەسـێردراوی هێشتبووەوە سەبارەت بە سوود و باشەی داهاتوو بۆ کوردستان و ئەمە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانییەوە وا تەماشا دەکرا کە ئیجرایەک بێت بەرەو ئاسـوودەیی خەڵـکەکەی. بەڵام بە شـێوەیەکی دژوار و سـەرباری سیاسـەتی بەریتانیا بۆ سـەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دۆخی هۆزەکان لە کوردستاندا، ئەو ڕۆڵە سیاســـییە نـــوێیەی شـــێخ مەحمـــوود لە ســـاڵانی ۱۹۱۸ و ۱۹۱۹دا بەدەســـتیهێنابوو وەک "نـــوێنەری کـــورد" لە بەرژەوەنـــدیی درووســـتبوونی دەسـتەبژێرێکی شارسـتانیی نـوێ بـوو کەوا پلە بە پلە و لەسـەرخۆ بەدوای چەسـپاندنی هێـز و توانـای لۆکـاڵیی خۆیدا دەگەڕا بـۆ ئەوەی دواجـار خـۆی ڕزگـار بکـات لە کـاریگەریی شـێخەکان و ئاغاکـان. ڕاسـتییەکەی لە سـاڵی ۱۹۱۸وە ناسـیۆنالیزمی کوردی بـوو بە سـەرچاوەیەکی تـازەی ڕەوایـی شـێخ مەحمـوود و تـوێژی ئەفەندییەکانی effendiyya[١٦] لەخـۆی نزیـک کـردەوە، کە دەســـتە و تاقمێـــک بـــوون بریتـــی لە فەرمـــانبەرانی مەدەنـــی، مامۆســـتایان، ڕۆژنامەنووسان و ئەفسـەرانی کۆنی سـوپای عوسـمانی[١٧]. یەکەم حکوومەتی شێخ مەحموود ئـاڵایەکی "نیشـتمانیی" کوردیی بۆ خـۆی چێکرد[١٨]. هەرچەنـدە ڕاپۆرتە بەریتانییەکان پێ لە سەر بایەخی هۆزەکان دادەگرن، بەڵام نوێنەرانی ئەم دەسـتە و تـاقمە ڕۆڵێکی بێ چەنـد و چوونیـان بینی لە ئیدارە کـوردییە سەربەخۆکەدا[١٩].

لە ساڵی ۱۹۱۹دا جێگری کۆمیسـیاری مەدەنی بڕیاریدا کۆتـایی بە یەکەم حکـوومەتی مەحمـوود بێنێـت لەبەرئەوەی ئەم سـەرۆکە کـوردە هەوڵیـدەدا

قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات و کەرکوک و کفریش بگرێتەوە و ئەمەش هەڕەشە بوو بۆ تێکدانی هاوتایی و پارسەنگی هێز لە باکووری عێراقدا و سەرۆکە کوردەکانی تر بەلای خۆیدا رابکێشێت و یاخیبوونێکی بەربڵاو لەدژی بەریتانییەکان بەرپا بکات. نۆئێل وەک ئەفسەر (حاکم)ی سیاسی گۆڕدرا و ئی. بی. سۆن جێی گرتەوە، کە وا کەسێکی ریالیستی قسەلەڕووی رەخنەگر و توانجگر بوو لە شێخ مەحموود[٢٠]. پەیوەندیی نێوان ئەم دوو پیاوە تا دەهات روو لە گرژی و ئاڵۆزی بوو، تا وایلێهات بوو بە قەیران و لە مایسی ١٩١٩دا تەقییەوە کاتێ شێخ مەحموود لەپڕ داوای لە تاقمێکی پشتیوانانی کرد لەودیو سنووری وڵاتی فارسەوە بێن بە هانایەوە و ئەفسەرە بەریتانییەکانی دەستبەسەر کرد و جاڕی سەربەخۆیی کوردستانی دا. بەڵام بێ یارمەتی و هاوکارییەکی ئەوتۆ لە لایەن هۆزە کوردەکانەوە و لە حوزێرانی ١٩١٩دا شێخ مەحموود گیرا و رەوانەی بەغدا کرا (لێرەدا مەبەستی شەڕی دەربەندی بازیانە – وەرگێڕ).

بەهەرحاڵ، سلێمانی چیتر ئەو ئارامییەی بەخۆوە نەبینی کە دەسەڵاتدارانی سەربازیی بەریتانیا ئومێدیان لە سەر هەڵچنیبوو بۆی. بەریتانییەکان لە ترسی پەلاماردان و پێشڕەویی هۆزە کوردە یاخییەکان و هێزی تورکی 'ناڕێکوپێک' زۆر بەخێرا و بەپەلە لە یەکی سێپتەمبەری ١٩٢٢دا شارەکەیان چۆڵکرد. پاشان کۆمیسیاری باڵا شێخ مەحموودی گێڕایەوە و لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا کردی بە حوکمدار hukumdar یان حوکمڕانی کوردستان. شێخ مەحموود پاش چەند رۆژێک لە گەڕانەوەی فەرمانێکی باڵای دەرکرد بە پێکهێنانی کابینەیەکی حکوومەت کە لە هەشت "وەزیر" پێکهاتبوو و لە هەردوک ئەریستۆکراتییەتی خێڵەکی و توێژی ئەفەندییەکان effendiyya دانرابوون، کە تێیدا شێخ مەحموود خۆی بوو بە وەزیری بەرگری (سەرەڕای

حوکمدارییەکەشی ـ و) و شێخ قادری برای کرا بە سەرۆک وەزیران و شێخ محەمەد غەریبی زاوای کرا بە وەزیری ناوخۆ. پۆستە وەزارییەکانی تریش دران بە کەریمی عەلەکە کە بازرگانێکی کریستیان بوو بۆ دارایی، ئەشغاڵی گشتی بۆ حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا کە بازرگان و زەویدارێکی دەوڵەمەند بوو لە سلێمانیدا، داد درا بە شێخ عەلیی قەڵەندەری، سەرۆکی پۆلیس بە سەید ئەحمەد بەرزنجی کە خاوەن مڵک بوو لە سلێمانی، پەروەردە و فێرکردنیش درا بە مستەفا پاشا کە جەنەراڵێکی پێشووبوو لە سوپای عوسمانیدا. لە پاش مانگێک شێخ مەحموود خۆی کرد بە "مەلیکی کوردستان" و کەوتە دەرکردنی رۆژنامەیەک بە ناوی "رۆژی کوردستان Roji Kurdistan" بە هاوکاریی رۆشنبیران و شاعیرانی سلێمانی[٢١]. شێخ سیمبۆڵەکانی ناسیۆنالیستیی بەرەو پێدەدا وەک گەڕانەوە بۆ ئاڵای کوردستان و بووژاندنەوەی، چاپکردنی پوولی پۆستەی "کوردی" و رێکخستنی نمایشی سەربازی کە رۆڵی خۆی دەبینی لە بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزم یان نەتەوەپەرستی وەک زمانی هاوبەشی lingua franca خەڵکی سلێمانی. لە تەمووزی ١٩٢٢دا کۆمەڵێک لە رۆشنبیران (مونەوەران – و) و پیاوماقووڵانی سلێمانی، بە رابەریی مستەفا پاشا (١٨٦٦ – ١٩٣٦) جەمعییەتی کوردستان Jamiyeti Kurdistan (کۆمەڵەی کوردستان) یان دامەزراند، کە رەنگدانەوەی ئەو کۆمیتە و لیژنە کولتووری و فەرهەنگییانە بوو کە وا لەلایەن رۆشنبیر و ناسیۆنالیستە کوردەکانی ئەستەمبووڵەوە دادەمەزران لە ماوەی حوکمی عوسمانیدا[٢٢]. لە ئابی ١٩٢٢دا مستەفا پاشا یەکەم ژمارەی بانگی کوردستانی Bangi Kurdistan دەرکرد، کە جۆرناڵی رەسمیی کۆمەڵەکە بوو.

له ساڵی ١٩٢٣دا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بۆ جاری دووەم بڕیاریاندا کۆتایی بە خولیاکانی شێخ مەحموود بێنن و گومانی ئەوەیان خستبووەسەر کە پەیوەندیی بەردەوامی هەیە لەگەڵ رابەرە شیعەکانی کەربەلا و نەجەف و کەمالیستەکاندا کە هێشتا هەر ئیدیعای خاوەنداریێتیی ویلایەتی مووسڵیان دەکرد. بەم پێیە سلێمانی لە مایسی ١٩٢٣دا جارێکی تر داگیرکرایەوە، سەرەڕای ئەوەش کاربەدەستە بەریتانییەکان هەر لە ساڵی ١٩٢١وە کاریان بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەبوو کە وا دەسەڵاتی ئیداری و سیاسیی شارەکە ببەستن بە حکوومەتی عێراقەوە. کۆتایی "مەملەکەتەکەی" شێخ مەحموود دەرگای خستە سەرپشت بۆ بەشێنەیی درووستبوونی کێبەرکێی سیاسیی لە نێوان دەستە و تاقمە جیاوازەکاندا. کاپتن سی. جەی. ئێدمۆندس بەڕێوەبەرێتییەکی ناوخۆیی پێکهێنا بە هاوکاری ئەو پیاوماقووڵانەی ئامادەبوون بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ماندێتدا. شێخ قادری برای شێخ مەحموود، کە هەمیشە رێککەوتنی لەگەڵ بەریتانییەکان بەلاوە پەسەندبوو، کرا بە بەرپرسی ئاسایشی گشتی و ئەحمەد تۆفیق بەگیش، کە پیاوماقووڵێکی شاربوو، کرا بە بەرپرسی کارگێڕیی مەدەنی.

بەڕێوەبەرێتییە نوێکە لە لایەن بازرگانانەوە پشتگیریی کرا کە پێشتر لە ساڵانی ١٩١٨ – ١٩١٩ و ١٩٢٢ – ١٩٢٣دا بە توندی سزادرابوون بە هۆی ئەو سیستەمی باج کۆکردنەوەوە کە شێخ مەحموود سەپاندبووی بۆ یارمەتیدانی دارایی "پشتیوانیی" هۆزەکان. لە دید و بۆچوونی بازرگانەکانەوە ئیدارەی بەریتانی بووژانەوەی بارودۆخی دارایی دەگەیاند و دواجاریش ئەگەرێک بوو بۆ چەسپاندنی کاریگەرییان لە کاروباری ناوخۆدا کە وا هێز و تینی لە توانای ئابووری و تۆڕی بازرگانییانەوە وەردەگرت لەگەڵ دێهات و شارۆچکەکانی تری ناوچەکەدا[٢٣]. ئەم بەرەیە لەلایەن پارتیزانەکانی شێخ

مەحمـوودەوە بەرەنگـاریی دەکـرا، بە رابەریـی سـەید ئەحـمەد بەرزنجیـی سـەرۆکی پۆلیسـی پێشـوو لە سـەردەمی دەسـەڵاتی "مەمـلەکەتەکەی" شـێخ مەحموودا. ئەم دەستە و تاقمە هەندێجار لە راپۆرتە بەریتانییەکاندا بە تـاقمی "سـەر بە شـێخ مەحمـوود" باسـیان دێت و هەنـدێجاریش بە "سـەر بە تـورک"، چـونکە بەرهەڵسـتییان بـۆ مانـدێتی بەریتانیـا وەک ئەوە وابـوو کە مـۆرکێکی ستراتیجیی هاوپەیمانییان پێوەبێت لەگەڵ حکوومەتی ئەنقەرەدا.

شـێخ مەحمـوود لە تەمـووزی ١٩٢٣دا تـوانی بگەڕێتەوە سلێمانی لەدوای پاشەکشـەی هێزەکانی بەریتانیـا وەک ئەنجامێک بۆ ئەو فشـارە سـەربازی و داراییەی ماندێت بـوو بە هۆکـاری و لە سەرێکیشـەوە بـوو بە هـۆی هەڵاتنـی نزیکەی دوو هەزار کەس لەم شـارە و ئاوارەبوونیـان و زۆربەی زۆریـان ئەو پیاومـــاقووڵ و بازرگانـــانە بـــوون کە وا کەم و زۆر دەســـتیان لەگەڵ بەریتانییەکـان تـێکەڵ کردبـوو. ئەمەش بـوو بە هـۆی زیـادبوونی دەسـەڵاتی دەستە و تاقمی "سـەر بە شـێخ مەحمـوود". بەهەرحـاڵ، ئەم رەوشـە سیاسـییە هەروا نەمـایەوە و زۆری نەخایانـد و ئەزمـوونی "کوردسـتانێکی باشـووری" ئۆتۆنۆمیدار راشکاوانە لەگۆڕنرا. لەو ماوەیەدا کە شێخ مەحموود لە سلێمانی دەرکرا کانتۆنەکانی (قەزاکانی – و) رانیە و قەڵادزە لە باکوورەوە، چەمچەماڵ لە رۆژئـــاواوە، قەرەداخ و هەڵەبـــجە لە باشـــوورەوە لە نـــاوچەی ســـلێمانی دابـــڕان و بەم رەنـــگە کـــاتێ شـــێخ مەحمـــوود لەم ســـەروبەندەدا گەڕایەوە دەسـەڵاتەکەی بەتەواوی دابەزی تـا ئاسـتێکی تەواو سـنووردار و رووبەرێکـی بەرتەسکی نێوان سنوورەکانی وڵاتی فارس (کە لە ساڵی ١٩٣٤وە بە رەسـمی ناوی ئێرانی لێنرا – و) و ئەو نـاوچە کوردییـانەی تـازە بەم دواییە خرابـوونە بندەستی راستەوخۆی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقەوە.

پاشان سلێمانی دیسانەوە بۆ جارێکی تر لە مایسی ١٩٢٤دا کەوتەوە ژێر دەســەڵاتی راســتەوخۆی بەریتانییەکــان[٢٤]. لە مــاوەی چەنــد ســاڵێکی کەمــدا سـلێمانی دۆخـی شـارێکی بـووژاوە و گەشـەکردووی بـۆ گەڕایەوە. ژمـارەی دانیشـتوانی شـار کە سـاڵی ١٩٢٤ دابەزیبوو بۆ حەوت سـەد کەس لە مـاوەی دوو سـاڵدا بەرزبـووەوە بـۆ دوانزە هەزار و لە سـاڵی ١٩٢٨دا بـوو بە بیست هەزار[٢٥]. بەرنامە و پرۆژەی بەستنی سلێمانی بە عێراقەوە بەزۆری لە رێگەی زیرەکیــی ئەفســەرە سیاســییە بەریتانییەکــانەوە ئەنجامــدرا، کە کێبەرکێــی سەرۆک هۆز و پیاوماقووڵانیـان یەکلاکردەوە دژ بە میمڵ و رکابەرەکانیـان، چەشـنی بـابەکر ئاغـا دژ بە عەبـاس مەحمـوود ئاغـا، کە دوو سـەرۆک هـۆزی پشدەر بوون و هەروەها شێخ قادر لەدژی شـێخ مەحموودی (بـرای – و). بە هەمــان شــێوە ئەفســەرە بەریتانییەکــان پــێگە و پۆســتی رەســمییان دەدا بە هاوپەیمــانە لۆکاڵییەکانیــان، وەک دامەزرانــدنی ئەحــمەد تۆفیــق بەگ بە موتەسەڕیف. بەهەرحـاڵ، ترنجاندنی هەندێک "بریکار یان گوێ لە مست" لە ناو رژێمە نوێکەی بەریتانییەکاندا بـوو بە هـۆی زیادبوونی کێبەرکێی نێوان دەستەبژێرەکان. هەرکاتێ ئاشـتیی سـەقامگیر و پتەو دەبـوو Pax Britannica ئەوە بەرەی ناسیۆنالیستە کوردەکان، کە دواتر بەرپرس بوون لە بەرپاکردنی ئــاژاوە و پشــێویی ٦ی ئەیلــوولی ١٩٣٠، لە دەوری کــۆمەڵەی زانســتیی کوردســتان کۆدەبــوونەوە، کە لە بەهــاری ١٩٢٦دا دامەزراوە بە ئامــانجی "پەرەپێـدانی پەروەردە و فێرکـردن بـۆ جەمـاوەری کـورد"[٢٦]. بەڵام هەر زۆر زوو ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامان، کە جێگری سـەرۆکی کۆمەڵەکە جەمال بەگی بابانیش لەناویاندا بـوو، ویسـتیان مـۆرکێکی سیاسـیی زیـاتری بدەنێ و ئەفەندییە کوردەکان بخەنە نـاوجەرگەی گفتوگۆ و مشـتومڕی هەنووکەییەوە، چەشــنی ئۆتۆنــۆمیی ئیـداری و پەرەپێـدانی ئـابووری و بەرفـراوان کردنــی خوێندن و فێرکردن بە شێوەیەک کە لە زیانی سەرۆک هۆزەکان بکەوێتەوە[٢٧].

وەک دێڤید ماکدواڵ بۆیدەچێت کە وا کۆمەڵەی زانستیی کوردستان بووبوو بە "گۆڕەپانی شەڕەدەنووکی رکابەرە سیاسییە لۆکاڵەکان کە وا کوردە ناسیۆنالیستە قسەڕۆیشتووەکان دەیانویست بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریبێنن"[٢٨]. بەم پێیە مستەفا پاشای "وەزیری" پێشووی پەروەردە و فێرکردن لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموودا، کۆمەڵەکەی بەکاردەهێنا بۆ سەپاندنی بەربژێربوونی خۆی وەک نوێنەری سلێمانی لە پەرلەمانی عێراقدا. ئەم هەوڵ و تەقەلایە لەلایەن ئەحمەد تۆفیق بەگی موتەسەڕیفی سلێمانییەوە خەتابار کرا، کە ئەم خۆیشی سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، بە دنەدان و وروژاندنی ئەفسەرە بەریتانییەکان. دەست لەکار کێشانەوەی مستەفا پاشا لە ساڵی ١٩٢٧دا هاوکات بوو لەگەڵ کەمپێنێکدا لە دژی ئەحمەد تۆفیق بەگ لەپێناوی دانانی جەمال بەگی بابان لە جێگەکەیدا وەک موتەسەڕیف. هەڵبەت بەریتانییەکان وایبۆدەچوون کە وا جەمال بەگی بابان پەیوەندیی بنەماڵەیی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە ئیدارییانەی کە مابوون[٢٩]. هەرچەندە ئەم فڕوفێڵە شکستی هێنا، بەڵام ئەوە روون و ئاشکرایە کە خولیا و مەراقی تاکەکەس و پەیوەندیدار بە "بنەماڵەوە" بۆ هەندێک لە پیاوماقووڵانی کوردی وەک بابان، زۆر لە نزیکەوە تێهەڵکێشی خەون و خولیاکانی ناسیۆنالیستی بووبوون.

لە ساڵی ١٩٢٩وە ئەو دەستە و تاقمە سیاسییانەی لە دەوری کۆمەڵەی زانستیی ئالابوون چوونە نێو رکابەری و ململانێیەکی ئاشکراوە بە هۆی سێ فاکتەرەوە کە بریتین لە: بڕگەکانی پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقی و سیاسەتی هەڵبژاردن و تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لە نێوان گەورەپیاوانی سلێمانیدا دوابەدوای دەرکردن و دوورخستنەوەی تۆفیق وەهبیی موتەسەڕیفی نوێ (١٨٩١ – ١٩٨٤) لە شارەکە لە ساڵی ١٩٣٠دا[٣٠]. نەبوونی تەواوی هیچ

ئاماژەیەک بۆ ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کورد لە رەشنووسی پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقیدا کە ساڵی ١٩٢٩ ئاشکرابوو و کاردانەوەی بەهێزی لێکەوتەوە لە بازنەی کوردە ناسیۆنالیستەکاندا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠دا چەندین یاداشت و سکاڵانامە لەلایەن کەسایەتی و کۆمیتە (رێکخراوە – و) کوردییەکانەوە بەرزکرایەوە بۆ دەسەڵاتە بەریتانییەکان و کۆمەڵەی گەلان. وەک ئەنجامێک بۆ ئەم چالاکی و داواکاریانە حکوومەت بەڵێنی سیاسەتێکی دا کە لە دەوری یاسایەک بۆ زمانە ناوخۆییەکان یان لۆکاڵییەکان دەخولایەوە لە سەرەتای نیسانی ١٩٣٠دا. بەهەرحاڵ، سەرباری فشارە بەردەوامەکان بۆ سەر کابینەی حکوومەتی عێراق لە لایەن راوێژکارە بەریتانییەکانەوە، ئەم یاسایە تا مایسی ١٩٣١ هێشتا هەر لە قۆناخی رەشنووسیدا بوو، "کاتێکیش کە بۆ دواجار دەرکەوت هێند لاواز بوو کە تا رادەیەک وەک ئەوە وابوو کە دانی پێدا نەنرابێت"[٣١]. ناهەستیاریی حکوومەتی عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داواکارییەکانی بازنە کوردییەکاندا هاوپەیمانییەکی لێکەوتەوە لە نێوان سێکتەرە میانڕەوەکانی کەوا شێخ قادر و پشتیوانەکانی نوێنەرایەتییان دەکرد و کاربەدەستە بەریتانییەکان لە لایەک و ئەو "رادیکاڵانەی" نوێنەرەکانی توێژی ئەفەندییەکان سەرۆکایەتییان دەکرد لە لایەکی ترەوە کە بازرگانان و ئەفسەرانی سوپای عێراقیشیان لەگەڵ بوو. سەرەڕای ئەوەش و بە پێی راپۆرتە بەریتانییەکان ئەفەندییە ناسیۆنالیستەکان لە شێخ قادر کاریگەرتر بوون چونکە ئەم هەمان گونجاوی و خەسڵەتی شێخ مەحموودی برای نەبوو[٣٢].

بەدەر لە دەستە و تاقمی "سەر بە کورد" دەستە و تاقمی رکابەری "سەر بە بەغداش" هەبوون و بایەخیان لەو کاتەوە پەیداکرد کە تاقمی "سەر بە تورک" رۆڵ و کاریگەرییان لەدەستدا لە پاش بڕیارەکەی ساڵی ١٩٢٥ی

کـۆمەڵەی گەلان ســەبارەت بە بەســتنەوەی ویلایەتــی مووســڵی جــاران بە عێراقەوە. تاقمی "سـەر بە بەغدا" وایان بەلاوە پەسـەند بوو سلێمانی بخرێتە سـەر دەوڵەتی عێراق بەو هیـوایەی کەڵک و سـوودی لێببینن، بەتـایبەتی بـۆ مەسـەلەی درووسـتکردنی رێگەوبـان کە ئاسـانکاریی بازرگـانی دەکرد لەگەڵ مووسـڵ و بەغـدادا[٣٣]. لایەنگرانـی ئەم تـاقمە دڵسـۆزی ناسـیۆنالیزمی عەرەب نەبوون، بەڵام تاڕادەیەک بیر و بۆچوونی تێکەڵ و پێکەڵیان هەبوو. هەندێک لە سـەرۆکەکانیان، چەشـنی مسـتەفا پاشـا، ناسیۆنالیستی کـورد بـوون، بەڵام سەرکێشییەکانی شێخ مەحموود نائومێدی کردبوون و دەیانخواست دەرووی نـوێی کـاریگەریی شەخسـیی بـدۆزنەوە و بەشـێکی تریـان کە پارتیزانەکـانی جارانی سـەر بە تـورک یـان سـەر بە شـێخ مەحمـوود بـوون و بۆچـوونی دژە بەریتـانی زاڵ بـوو بەسـەریاندا. بۆشـایی نێوان ئەوانەی لایەنگری ئۆتۆنـۆمیی کـورد و ئەوانەی کە یەکگرتنیـان لەگەڵ بەغـدا بەلاوە باشـتر بـوو تـا دەهـات قـووڵتر دەبـووەوە لە قۆنـاخی سـەرەتایی پـێش هەڵبژاردنـی چـاوەڕوانکراودا. پـاش ئەوەی بەنـدە سـەرەکییەکانی پەیماننـامەی ئەنگلـۆ – عێراقـی لە یەکـی تەمـووزی ١٩٣٠دا بڵاوبـووەوە دەسـتەیەکی یـانزە کەسـی لە پیاومـاقووڵان کۆمیتەیەکیــان لە خۆیــان پێکهێنــا بــۆ ئاڕاســتەکردنی هانــدانی سیاســی لە سـلێمانیدا و توانییـان بـایکۆت بە خەڵکـی شـار بـکەن لە هەڵبژاردنـی لیـژنەی پشکنیندا بۆ ناوچەکە کە سەرپەرشتیکار و بەرپرس بێت بۆ ئامادەکاری بـۆ هەڵبژاردنی تەشریعیی تازە[٣٤].

لە هەمان کاتدا هەندێک لە گەورەپیاوانی دەستڕۆیشتووی شار لە هاوینی ١٩٣٠دا چەنـد داواکارینامەیەکیـان نـارد بـۆ جنێـڤ و تێیـدا داوای پێکهێنـانی حکوومەتێکی کوردییان کردبوو لە ژێر سەرپەرشتیی کۆمەڵەی گەلاندا. لەوە بەدواوە نــاردنی داواکارینامەکــان هــاوپێچ دەکــرا بە "کۆمەڵێــک بــابەتی

هەمەچەشـن"[٣٥]. ئەمەش بریتیبـوو لە ئامـادەکردنی "ڕاڕەوێکـی جۆشـدان" بە ڕابەریـی بـازنەیەکی بچـووکی ئەو ڕۆشـنبیر یـان مـونەوەرانەی لە دەوری "جەمعییەتی کوردستان" و دواتر کۆمەڵەی زانسـتیی کوردسـتان یەکیانگرتبوو بە مەبەستی پتەوکردنی "سیاسەتی جەماوەریی" ناسیۆنالیستی.

یەکەم خۆپیشـاندانی جەمـاوەری لە سـلێمانیدا لە ١٦ی تەمـووزی ١٩٣٠دا بەرپـابوو بە بـۆنەی سـەردانی شـازادە غـازییەوە بـۆ شـارەکە. ڕێـڕەوی بەشـدارانی نـاڕەزایی دەربـڕین بـوو دژ بە پەیماننـامە تـازەکە لە سـەر ئەو بنەمایەی کە هیچ شتێکی تێدا نیە بۆ کورد. هەردوک ڕەمزی فەتاح ئەفەندی و تۆفیق قەزاز کە سەرکردەی حیزبەکەی شێخ قادر بوون لە بەردەمی غازیدا وتاریـان خوێنـدەوە[٣٦]. هەسـت و هۆشـی دڵگەرمـانە و دژە عەرەب بەخێرایـی گەشـەی دەکـرد بە هـۆی سـەردانی کۆمیسـیاری بـاڵا و سـەرۆک وەزیرانـی عێراق بۆ سلێمانی، کە وای بۆ دانرابوو لە ١٠ی ئابی ١٩٣٠دا ئەنجام بدرێت. ڕۆژی پێشـتر، ئەحـمەد فـایەق بەگ کە فەرمـانبەرێکی ڕەسـمیی دائیـرەی تۆمـارکردنی زەوی و خـانووبەرە (تـاپۆ) بـوو هەروەهـا ئەنـدامی پێشـووی دادگـای سـلێمانی بـوو، لە کەرکووکەوە گەیشـتە سـلێمانی و لە بەرژەوەندیی حکوومەتی عەرەبی وتارێکی دا و ئەوەی ئاشکرا کرد کە نیاز وایە ئەم بکەنە موتەسـەڕیف لە جێـی تۆفیـق وەهبـی. پـاش ئەمە خوێنـدکارانی قوتابخـانە حکوومییەکان لێی کۆبوونەوە و هێرشیان کردە سەری و ئەمیش ناچار پەنای بردە بەر بنکەی پۆلیس و لەوێوە خرایە ناو ئۆتۆمبیلێکەوە و گەڕێنرایە دواوە بۆ کەرکووک و هۆشداریی درایە کە جارێکی تر نەگەڕێتەوە. بۆ ڕۆژی دوایی لە دەشتی تەیارەخانە خێوەت هەڵدرا و کەپر درووستکرا و عەشـاماتێکی زۆر کۆبـووەوە بـۆ پێشـوازی کـردن لە دەسـەڵاتداران. لێرەدا خەڵـکەکە سـەریان سـوڕما کە وا فـایەق بەگ لە نـاو ئەو تـاقمەدایە کە لەگەڵ کۆمیسـیاری بـاڵا و

سـەرۆک وەزیرانـدا هـاتوون و بەشـێک لە جەمـاوەرەکە بە بەرد هاوێشـتن پەلاماریاندا و برینداریان کرد. کۆمیسیاری باڵا ئاگای لە رووداوەکە نەبوو و پێشوازییە جەماوەرییەکە بەردەوام بوو. هەڵبەت بە رێگەپێدانی بەریتانییەکان، رێکخەرانـی پێشـوازییەکە قوتابییەکیـان سـازکردبوو وتارێـک لە بەردەمـی کۆمیسیاری باڵادا بخوێنێتەوە و جەعفەر پاشای سـەرۆک وەزیرانی عێراقیان پشتگوێ خستبوو. وتارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

"خوێنـدکارانی کـورد بەوپەڕی خۆشـحاڵی و شـانازییەوە بەخێرهـاتنی جەنـابی بەڕێـز و پایەبەرزتـان دەکەن بـۆ کوردسـتان ... ئـێمە بەتەواوی ئاگادارین کە وا گەلێ لە کۆمەڵگاکانی تر لە ژێر دەستی ئێوەدا راهێنراون و فێرکراون. جەنابی پایەدارتان دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە بەکەڵک دەبین بۆتان و ... نیشتمانی دایکی کوردان زۆر بەهیوای پێشکەوتن و گەشـەکردنە لە ژێر سایەی پارێزگاریی حکوومەتی بەریتانیادا. هەر بژی حکوومەتی بەریتانیا، هەر بژی جەنابی پایەدارتان کە پشتیوانیی کوردان دەکەن"[٣٧].

بـۆ رۆژی دوای ئەوە خۆپیشـاندان شـەقامەکانی سـلێمانیی گـرتەوە و تەوەری ئەم خۆپیشـاندانە پەنجـا قوتـابی بـوو بە رابەری و هانـدانی دوو بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە ئەوانیش محەمەد ساڵح قەفتان و رەفیق حیلمیی سەر بە قوتابخانەی شەوی زانستیی کورستان بوون. جگە لەوەش وتەکەی کاربەدەستێکی بەریتانی ئاماژەیەکی تێدابوو بۆ "شوێنکەوتووە ستەمکار و پیاوکوژەکـانی شـێخ قـادر و هاوڕێکـانی"[٣٨]. لە سـەرای، کە تەلاری بەڕیوەبەرێتیی سەرەکی بوو لە شارەکەدا، کۆبوونەوەیەک بەسترا لە نێوان دەسەڵاتداران و سەرکردەکانی هەردوو تاقمەکەدا (تاقمی ئۆتۆنۆمی و تاقمی یەکگرتن لەگەڵ عێراقدا)، سـەرەڕای ئەوەی کە سـەرکردە دیارەکـانی تـاقمی سـەر بە بەغدا زۆریان ئامادە نەبوون، حاجی مەلا محێدینی لێدەرچێت کە

یەکێک بوو لە بازرگانە هەرە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی و پیاوێکی دەم سپی و نــــاودار بــــوو. دەســــتە و تــــاقمی ســــەر بە کــــورد (نەتەوەپەروەر – و) داواکارییەکیان بەرزکردەوە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە ژێر سایەی بەریتانیادا یان شێوە ماندێتێک بێت لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە. هەر کە لە کۆبوونەوەکە هاتنە دەرەوە رەمزی فەتاح ئەفەندیی وتەبێژ و دەمڕاستی تاقمەکە لەلایەن "جەماوەرێکی بێشوماری خەڵکەوە بە دڵگەرمییەوە پێشوازیی لێکرا و خستیانە سەرشان و بە ناوشاردا گێڕایان"[٣٩]. لەم کەشە بە جۆش و خــورۆش و پــڕ لە ئومێــدەدا تــاقمی ســەربەخۆیی خــواز پڕکێشــییان کــرد و دەســبەجێ داواکــارییەکی پــڕ وردەکــاری و دووروودرێژیــان ئامــادە کــرد بــۆ ئەوەی بەرز بکرێتەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان. بەڵام لەولاوە بڕیاردرابوو کە هیچ گۆڕانکــارییەک نەکرێــت لەو هێــڵ و بنەمایــانەی کە هەبــوون و ئەمەش بزووتنەوەیەک بوو کە ئیلهامی لە تەکتیکە هندییەکانەوە وەرگرتبوو لەبارەی ئەوەی کە باج نەدان دەبێ ڕێکبخرێت[٤٠].

لەم رووەوە وا چاکە سەرنجی ئەوە بدرێت کە بەریتانییەکان هانی خەڵکی سلێمانییان دەدا بە زۆر بێت یان بە خوایشت پەیرەویی ئەو گەشەکردنانەی هندستان بکەن لە ساڵی ١٩٢٠وە و لە ڕێگەی دیلە کوردەکانی جەنگەوە کەوا لە ســومارپور و بــێلەری و نۆگــۆنگەوە گەڕابــوونەوە بــۆ ســلێمانی. بە پێــی قســە و بەڵێنــی ئەفســەرە بەریتانییەکــان بــوایە پێــدەچوو هەمــوو دانیشــتوان "دەبوایە ئەو بیرەیان لە مێشکی خۆیاندا گەڵاڵە بکردایە کە پەست و ناحەزن بەو ڕێبــازەی هندســتان". هەڵــبەت دیــلە گەڕاوەکــان یەکەم پرۆپاگەنــدەی دژە بەریتانییــان بڵاوکــردەوە و بانگەشــەی کۆتاییهێنانیــان دەکــرد بــۆ پرۆســەی "بەهندســــتان کردنــــی کوردســــتان"، کە بە دەربڕینــــی ئەوان ملــکەچ کردنــــی ســــەرۆکەکان و هەژار کردنــی جووتیــارانی دەگەیانــد[٤١]. بەڵــگە و شــایەتی

زانیاریی زیاتر لە سەر بزووتنەوەی دژە بەریتانی لە هندستاندا بوو بە هۆی ئەوەی کەوا تۆفیــق قەزاز، کە یەکێــک بــوو لە نــاودارترین ســەرکردەکانی دەســتە و تــاقمی نەتەوەپەروەر لە سـلێمانیدا، لە نێـو هاوەڵەکانیـدا بە غانـدی بناسرێت[٤٢].

کێنهان کۆرنوالیسی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق، کە ئاگاداری ئەم پەرەسەندنانە بوو، هانی پشکنەری ئیداریی سلێمانی دەدا بۆ ئەوەی فشار بخـاتە سـەر دەمڕاسـت و سـەرۆکەکانی سـلێمانی کە دەبـێ بە شـێنەیی و لە سـەرخۆ چـاوەڕێی بڕیـاری کۆمەڵەی گەلان بکەن سـەبارەت بە سـەربەخۆیی یــان ئۆتۆنــۆمیی کــورد[٤٣]. بەهەرحــاڵ، هەوڵەکــانی بەریتانییەکــان بــۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە سلێمانیدا بێئەنجام بوو، چونکە دەستێوەردانی ئەکتەری سێهەم، کە حکوومەتی عێراق بـوو، لە برەوپێدانی گرژی و ئـاڵۆزیی نێـوان دوو تـاقمەکە لەم رووەوە یەکلاکەرەوە بـوو. لە کۆتـایی ئـابی ١٩٣٠دا تۆفیق وەهبی لەلایەن بەغداوە لابرا و تۆمەتبـار کرا بە هاندان و برەوپێدانی هەستی جوداخوازی لای دانیشتوانی سلێمانی. دوابەدوای ئەم بڕیارە کۆمەڵی نەتەوەپەروەری کورد خۆپیشاندانیان رێکخست بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە سەر لادانی وەهبی و بڵاوبوونەوەی واتەوات سەبارەت بە ئەگەری دانـانی ئەحمەد تۆفیـق بەگ بە موتەســەڕیف لە جـێگەی تۆفیـق وەهبـی ئەوەنـدەی تـر دۆخە گشتییەکەی ئاڵۆز کرد. پێشتر ئەحمەد تۆفیق بەگ موتەسەڕیفی سلێمانی بوو بەڵام کەوتبــووە نــاکۆکی و ململانــێ لەگەڵ چەنـد ســەرۆک و دەمڕاســتێکی ناوخۆییدا کە لە یـانەی زانسـتیی کوردسـتان بـوون و لە هەموویشـی گرنگتـر ئـاوەڵزاوای بـابەکر ئاغـای سـەرۆکی "سـەر بە بەغـدای" بەشـی پشـدەری ئەو کۆنفیدراسیۆنە خێڵەکییە بوو کە بەهێزترین هۆزی کوردی پێکدەهێنا و ناکۆک بوو لەگەڵ شێخ مەحموود و شێخ قادری برایدا.

ئەنجامی ئەمەش زیادبوونی چالاکیی دەستە و تاقمەکەی شێخ قادر بوو، کە بە تەواوی و دوور لە ئامانجە نەتەوەییەکان، بەرەوڕووی لەدەستدانی دۆستێکی شەخسیی بووەوە کە تۆفیق وەهبی بوو، لە هەمان کاتیشدا موتەسەڕیفێک دەچێتە جێگەکەی، با بیر و بۆچوونی سیاسی هەرچییەک بێت، بەڵام بۆ ئەمان کەسێکی دۆست نەبوو. سەرباری ململانێ و ناکۆکیی پێشتری نێوان شێخ قادر و شێخ مەحموود وا ئێستا یەکەمیان پێویستی بە پاڵپشتی دووەمە و بەم رەنگە هەردوو برا لەگەڵ یەکتر رێککەوتنەوە و زۆربەی هەرە زۆری پشدەریان بەلای خۆیاندا راکێشا. هەروەها ژمارەیەک پیاوماقووڵی دیار هەبوون چەشنی حاجی مەلا محێدین و مستەفا پاشا کە بەلای جێبەجێ کردنی ئەم هەڵبژاردنەدا دایاندەشکاند. ئەمان بوون بە قوربانیی چەند کردەوەیەکی دوژمنکارانە و جارێکیان لە کاتی کۆبوونەوەیەکی رەسمیدا کە تاقمەکەی شێخ قادر بڕیاریاندا بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە بکەن کە بەو نزیکانە لە ١٦ی تەمووزی ١٩٣٠دا دەکرا، مستەفا پاشا کەوتبووە وتاردان و دایشکاندبوو بەلای عەرەبدا و دژ بە بەریتانیا وەستابوو، بەڵام نەیانهێشتبوو قسەکانی تەواو بکات و بە توندی پێیدا هەڵشاخابوون و لە کۆبوونەوەکە کردبوویانە دەرەوە و لە ژێر چاودێری و پاسەوانیی پۆلیسدا ناردبوویانەماڵەوە و ماوەی چەند رۆژێک خۆی شاردبووەوە. جگە لەوەش، نامەی هەڕەشەیان ناردبووە سەر هەموو ئەو کەسانەی گومانیان لێکردبوون کە مەیلیان بەلای حکوومەتەوە بووە و نامەی هەڕەشەکانیان بە خەنجەر و دەمانچەی خوێناوی رازاندبووەوە[٤٤].

لە سەرەتای سێپتەمبەردا کاپتن ئەڵبان سەرکردەکانی سلێمانی ئاگادار کردەوە، ئەوانی کە پێشتر ناحەزیی خۆیان دەربڕیبوو سەبارەت بە بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا، لەبارەی نیاز و مەبەستیەوە بۆ دەستپێکردنەوەی کاری

پێویست بۆ هەڵبژاردن و هۆشداریی پێدان لە سەر ئاسایشی گشتی. لەو ساتە بەدواوە ئەو گێڕانەوەکانی پەیوەندیدار بە رووداوەکانەوە جیاوازن. راپۆرتە بەریتانییەکان هێشتا هەر وایدادەنێن کە گرنگترین سەرچاوە نووسراوەکان لەبارەی ئەو ئاژاوە و پشێویانەی کە دوابەدوای ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠بەرپابوون. ئاشکرایە کە وا سەرکردەکانی کۆمەڵانی ناسیۆنالیست و بەشدارانی رووداوەکە بە "ئاژاوە" ناویان نەدەبرد و خۆیشیان بە "ئاژاوەگێڕ" لەقەڵەم نەدەدا. هەردوک ئەو هۆنراوانەی کە لەلایەن شایەتحاڵانەوە[٤٥] یان مێژوونووسانی ناوخۆوە نووسرابوون[٤٦]، بە پێچەوانەوە باس لە راپەڕینێکی میللی و کوشتارێک دەکەن کە لەلایەن سوپای عێراقەوە ئەنجامدراوە. وەک چارڵس تیلی باسی دەکات تێرمی "ئاژاوە" هەڵسەنگاندنێکی سیاسی بەرجەستە دەکات. لەم رووەوە، دەسەڵاتداران و چاودێران "ئاژاوە" بە کۆبوونەوەیەکی رووخێنەر دادەنێن ئەگەر لەگەڵی نەبن، "بەڵام تێرمگەلی وەک خۆپیشاندان، پرۆتێست، بەرگری یان تۆڵەکردنەوە بۆ رووداوی هاوشێوە دادەنێن ئەگەر پەسەندی بکەن"[٤٧].

لەکاتێکدا کە سەرکردە ناسیۆنالیستەکان ئیدیعای بێتاوانیی خۆیان دەکەن و سەرکۆنەی حکوومەتی عێراق دەکەن بۆ ئەم رووداوانە و ئەفسەرە بەریتانییەکان هاوڕای گێڕانەوەیەکی یەکگرتوو نین. ئەوە بێسوودە کە بڵێی ئیدارەی بەریتانی یەکلا و یەکهەڵوێست نەبووە لە پێگە سیاسییەکانیدا چەشنی ئەوەی کە مەسەلە لەپێشینەکانی کۆمیسیاری باڵا دەکرێ ناکۆک بێت لەگەڵ ئەوانی  هەرێم و دێهاتەکان و ئەفسەرانی لۆکاڵ هەمیشە وەکیەک شتەکان راڤە ناکەن یان یەکناگرنەوە لەگەڵ سیاسەتی نیشتمانی یان هەرێمیدا. ئەم گێڕانەوانەی خوارەوە لەبارەی ئاژاوە و پشێوییەوە نموونەیەکی باشە کە چۆن لە ناو کاربەدەستە بەریتانییەکاندا هەریەکە تێگەیشتن و باری سەرنج و

ڕۆڵی خۆی لە سەر عێراق و پێگەی کوردەکان لە عێراقدا دەگۆڕێت. لەکاتێکدا یەکەم ڕاپۆرت، کە لە لایەن پشکنەری ئیدارییەوە نووسرابوو، وا باسی لە "ئاژاوە" کردووە کە بەرهەمی "مانۆڕی دەستەبژێرەکان" بێت دژ بە سیاسەتی بەریتانییەکان، دووەمیش لەلایەن ئەفسەری خزمەتگوزاریی تایبەتەوە ئامادەکرابوو، کە "چاو و گوێی" دەزگای هەواڵگری بوو لە سلێمانیدا و لە ژێر ناوی "هاندان و وورووژاندن" لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ دانیشتوانی سلێمانی کە "بەمدواییە" خۆپیشاندانیان کرد بۆ نمایشکردنی تووڕەییان. لەکاتێکدا ئەوی پێشتر خواستی گشتیی دانیشتوانی کورد دەگەیەنێت بۆ ئەوەی بچنە سەر دەوڵەتی عێراق، کەچی ئەمی دواییان بە پێچەوانەوە جەخت لە سەر رقی میللی دەکات لە ئاست حکوومەتی عەرەبیدا.

کاپتن ئەلبانی پشکنەری ئیداری بەرفراوانترین و گشتگیرترین ڕاپۆرتی نووسیوە لە سەر ڕووداوەکان و بە پێی ئەم ڕاپۆرتە سەرلەبەیانیی ٦ی سێپتەمبەر بانگهێشتنامە نێردراوە بۆ نزیکەی ٣٠ پیاوماقووڵ بە نوێنەرایەتیی گەڕەکە جیاوازەکانی شار، کە بڕۆنە سەرا بۆ دەنگدان، کەمێک دوای ئەوە ڕاپۆرت دراوە کە وا نزیکەی پەنجا قوتابی و چەند سەرسەرییەک خۆیان نمایش دەکەن لە ناو بازاڕدا و بە خاوەن دوکانەکان دەڵێن دایبخەن و بچن لە نزیک سەرای کۆببنەوە و تا دەهات ئاپۆرای خەڵکەکە زیادی دەکرد بە هۆی گردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە "خەڵکی سەرسەری و هەرچی و پەرچی" و بەرەبەرە کەوتنە لاساری کردن و لەناکاو بەشێک لە ئاپۆرا و قەرەباڵغییەکە کەوتنە بەکارهێنانی کورسییەکانی چایخانەیەک وەک چەک لەدژی پۆلیس، کە هەندێکیان بریندار بوون. پاشان سەرا و پۆلیسەکانی درانە بەر بەرد و ئەوجا ژمارەیەک کوتەک بەدەست و دار و پەت بەدەست لە ناو ئاپۆرای خەڵکەکەدا دەرکەوتن و تا دەهات ژمارەیان زیادی دەکرد.

پاشـان پۆلێـک لە هێـزی پیـادە گەیشـتن و خۆپیشـاندەران بەردەفڕکێیـان وەسـتاند و هێزەکـان سـونگییەکانیان ئامـادەکرد و و دابەشـکران بـۆ دەسـتەی شـەڕکردن و پەلامـاردان. دواجـار تێبینـی کـرا کە وا ئـاژاوەگێڕان و کـوتەک بەدەست پەلاماری سەربازەکان دەدەن، لەکاتێکدا لەگەڵ پێشـڕەویی یەکبینە و سـەرومڕی سـەربازەکاندا کورسـی و دار و بەردیـان تێـدەگرتن[٤٨]. لەم ئـان و ساتەدا دەنگی تەقەیەک هات و سەربازێکی عێراقی کەوت و گیانی لەدەستدا. ئەوجا چەند دەسڕێژێکی دەمانچە و غەدارە کرا و دوو سەرباز بریندار بوون. لێرەدا هێزەکان دەسبەجێ کەوتنە تەقە و دەسڕێژکردن و بەخێرایی ئـاپۆرا و قەرەباڵغییەکە بڵاوەیان لێکرد و هەڵاتن و چەند کەسێکی کوژراو و برینداریان لە سـەر شـەقامەکان لێبەجێمـا. بە پێـی کـاپتن ئەڵبـان زیـانی ئـاژاوەگێڕان ١٣ کوژراو و ٢٣ بریندار بوو کە "هەموویان لە چینەکانی خوارەوە بوون"[٤٩].

ئەنجـــامگیریی نووســـەر ئەوەیە کە ئـــاژاوەکە بە هـــۆی بڕیـــاری سـەرۆکەکانەوە بـوو بـۆ تێکـدانی هەڵبـژاردن بە "ڕێگـای تۆقانـدن"، چـونکە چەکەکانی تریان بۆ پرۆپاگەندە و قایلکردن دەرکەوت "کەموکووڕیی تێدایە و ناتوانێت گرەو بباتەوە بـۆ ڕاکێشـانی تەواوی پیاومـاقووڵان و هاوڵاتییـان بە لای بەرەکەی خۆیاندا و بەم ڕەنگە بە هۆی بایکۆتێکی گشـتییەوە هەڵبـژاردن دەوەستێنن"[٥٠]. کەوابوو "ئاژاوەکە" بە پێی ئەم گێڕانەوەیە بێت هەروا لەخۆوە نەبـووە و بەڵکـو ڕێکخـراوە و ئاڕاسـتە کـراوە. بە کـاریگەریی گوتـاری ئیمپریالیستیی هەڵبژاردن وەک مەشـخەڵ و ڕێنمـایەکی ژیـاری و شارسـتانی، پشـکنەری ئیـداری وای لە قەڵەم دەدا کە وا، سـەرەڕای ئەو زیـانە گیانیـانەی بەداخێکی گەورەوە روویاندا، باشتر و پەسەندتر بـوو لەوەی ژمـارەیەکی کەم "سەرسـەری و هەرچـی و پەرچـی" دەبـوایە تەقەیـان لێبکرێـت و بکـوژرێن لـەپێناوی ئەوەی "هـاوڵاتییە بەڕێـز و پابەنـدەکانی یاسـا کە بەشـدار دەبـن لە

هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیدا بەر لێدان و تۆقاندن و سووکایەتی پێکردنی ناڕەوا و بێئەندازە نەکەون". لەبەرئەوە مەسەلەکە نەک ئارامی و ئاسایشی سلێمانی بوو بەڵکو شکۆ و ئابڕووی بەریتانیاش لە مەترسیدا بوو[٥١].

هەر لەم رووەوە گێڕانەوەیەکی تری جیاواز لەلایەن پی. ئێس. مەمفۆردی ئەفسەری دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت باس دەکرێت و ئەو وایدادەنێت کە هۆکاری راستەوخۆی ئاژاوە و پشێوییەکەی سلێمانی هەوڵدان بوو لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ دەستەبەر کردنی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ١٦ی تەمووز وەک لەوەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکە بکرێت[٥٢]. هەڵبەت حکوومەت لەو مەترسییانە تێگەیشتبوو کە روودەدەن چونکە راستییەک لەئارادا بوو کە شەوی پێش رووداوەکە هۆشداری درابووە پۆلیس و پاسەوانیی دابین کرد بۆ هاوڕێتی کردنی ئەو نێردە و وەفدانەی دەچوونە کۆبوونەکەوە پێش روودانی هەر ئیشارەت و بەڵگەیەکی کێشە و گرفت. پاشان هێزی ئیزافیی پۆلیس لە بازاڕ و سەرادا جێگیر کرا و فەرمانیان پێکرابوو رێگە لە داخستنی دوکانەکان بگرن و نەهێڵن کۆڕ و کۆبوونەوەی خەڵک لە نزیک سەراوە ئەنجام بدرێت.

بە پێی گێڕانەوەکەی مەمفۆرد بێت کە وا کاتێک واتەواتی ئەو بڕیارەی لەلایەن ئەڵبانەوە درابوو لە سلێمانیدا بڵاوبووەوە، خەڵکەکە وردە وردە کۆدەبوونەوە و هاواریان دەکرد کە نایانەوێت هەڵبژاردن بکرێت. پاشان هەوڵدانێک بۆ دەسگیر کردنی گەنجێکی قرەقرکەر خەڵکەکەی تووڕەکرد و بە دار و بە بەرد پەلاماری پۆلیسیان دا. دواتر لە پاش نیوسەعات سریەیەکی هێزەکانی سوپای عێراق گەیشتن و کەوتنە دەسرێژ کردن لە خەڵکەکە و هەرچەندە بە پێی سەرچاوەکانی مەمفۆرد پێنەدەچوو هیچ تەقە و دەسرێژێک لەلایەن ئاپۆرای خەڵکەکەوە کرابێت. خۆپیشاندەران شانزە کەسیان لێکوژرا،

که ده کەسیان کوڕی گەنج و مێرمنداڵ بوون و نزیکەی پەنجا کەسیشیان لێ بریندار بوو، لەکاتێکدا کە تەنها چوار سەرباز بە سووکی بریندار بوون و یەکێکیشیان بەهەڵە لە لایەن سەربازێکی ترەوە کوژرا. هەر ئەو دواینیوەڕۆیە سەرکردەکانی دەستە و تاقمی نەتەوەپەروەر هەموو گیران لەگەڵ ئەو کەسانەی راستەوخۆ لە مەسەلەی بەشداریی هەرا و ئاژاوەکەوە گلابوون[٥٣] و تا کۆتایی مانگی ئەیلوول سەد کەس دەسگیرکران.

رۆژانی دوای رووداوەکە مەمفۆرد، کە برێکی لە ئەژمار نەهاتوو سکاڵای لە لایەن دانیشتوانی شارەوە پێگەیشت، بڕیاریدا لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت لە سەر رووداوەکانی ٦ی ئەیلوول و لێکۆڵینەوەکەی "ئەوەی روونکردەوە" کە وا بەپێچەوانەی راپۆرتەکەی ئەڵبان، زۆربەی زۆری نوێنەران (کە دوکاندار بوون) بۆ ئەو کۆبوونەوەی هەڵبژاردنەی هەوڵی بۆ درابوو لەو رۆژەدا ببەسترێت "بەزۆر نێردراون و خۆیان حەزیان نەکردووە بەشداریی تێدا بکەن"[٥٤].

لەگەڵ پەرەسەندنی تەواوی دەسرێژی تەقەکردندا، بەپێی دوو راپۆرتی بەریتانی بەڕوونی پێدەچێت کە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە تێوەگلاون لە توندوتیژیدا لە رێگەی بەکارهێنانی هەموو ئەو هۆکارانەی بۆیان رەخساوە لەپێناو وەستاندنی هەلبژاردنە کێشەلە سەرەکەدا. بێگومان بەم مانایە بێت ئەو توندوتیژییەی کە لە رۆژی ٦ی ئەیلولدا تەقییەوە ئەنجامی ستراتیجییەکی ئەقڵانیی دنەدان و جموجوولی سیاسی بوو. سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکە و تۆقاندنی نەیارە سیاسییەکان لە میانەی هاوینی ١٩٣٠دا زات و بوێریی خستەبەر دەستە و تاقمی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆییخواز کە بەم شێوەیە کار بکەن. هەڵبەت وەک کاپتن ئەڵبان زۆر بەباشی لێیتێگەیشتووە کە وا رێکخەران و بەشداربووان "لە هێز و توانای خەڵکی هەرچی و پەرچی و

سەرسەرێتیی گەیشتبوون"[٥٥]. لەکاتێکدا ئەگەر هەیە کە وا بەشداربووان و ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بە هەڵە ڕەچاوی ئەنجام و لێکەوتە وردەکانی کارەکەیان لێکدابێتەوە یان مەسەلەیەکی خۆڕسکی تێدا هاتبێتە ئاراوە و ڕووداوەکانی پێشتر و کار و کردەوە بەکۆمەڵەکان هاوزەمان لەگەڵ بەکارهێنانی "چەک" ، کوتەک، دار و بەرد ئەوەمان پێدەڵێت کە وا "پسپۆڕانی توندوتیژی" یان "هەرچی و پەرچییە پسپۆڕەکان" لە سلێمانیدا پەیدابوون. بەڵام بۆچی توندوتیژی باڵادەستیی بۆ ڕەخسا وەک "زەخیرەی سەرەکیی کار و کردەوەی دەستەجەمعی" – ئەگەر چارڵس تیللی بە نموونە بێنینەوە – لە بەرەی لایەنی ناسیۆنالیستدا؟

لە تەمووزی ١٩٣٠وە دەستە و تاقمەکەی شێخ قادر پەنایان بردە بەر توندوتیژی بۆ ئەنجامدانی دوو مەبەستی یەکتر تەواوکردوو. لە سەرێکەوە مەبەستیان بوو ناوبانگی نەیاران بزڕێنن و پێگەیان لەق بکەن وەک بەشداری ئەمان لە هەڵبژاردنەکاندا و قبووڵ کردنی پەیماننامەی بەریتانی – عێراقیی ساڵی ١٩٣٠ لەلایەن دەستە و تاقمی "سەر بە بەغدا". لە سەرێکی ترەوە دەوڵەت ڕۆڵێکی مەترسیدار و یەکلاکەرەوەی بینی لە لایەنگیریی بلۆکی "سەر بە بەغدا" لە مەسەلەی کێبڕکێی سیاسیی ناوخۆییدا. لە ئاوها کارێکدا، دەوڵەت دەرفەت و هۆکاری ڕەخساند بۆ بەرەی شێخ قادر کە توندوتیژی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی جارێکی تر پێگەی خۆی ڕێکبخاتەوە. دەستێوەردانی دەوڵەت یان حکوومەت دیسانەوە بە مەبەستی ئەوەش بوو کە "سنووری ئیتنیکیی"[٥٦] قووڵ بکاتەوە لە نێوان کوردەکاندا، بە نوێنەرایەتیی تاقمی شێخ قادر و عەرەبەکاندا کە سەربازە عێراقییەکان نوێنەرایەتییان دەکرد و ئاژاوەگێڕانیان سەرکوت کرد. لایەنی ناسیۆنالیستی کوردی هێز و توانای ڕەشەخەڵک و توندوتیژیی بەکاردەهێنا وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ جموجووڵی سیاسی بۆ

دروست‌کردنی هێڵی جیاکەرەوەی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی نوێ. لە ڕێگەی توندوتیژی و بە قوربانی کردنەوە لایەنگرانی شێخ قادر بەنیازی بنیاتنان و گەلاڵە کردنی "گرووپی ئێمە" بوون، واتە کورد وەک نەیار و بەرهەڵستکاری "ئەوان"، واتە عەرەب، یان "دوژمن" کە لەگەڵیاندا نەتوانرێت ناکۆکیی نێوانیان بگاتە چارەسەر[٥٧]. لە کۆتاییدا و بە ڕەوشی ناکۆکی و ململانێی نێوان کورد و عەرەب، بلۆکی "میانڕەوی"[٥٨] سەرۆک و سەردارانی سلێمانی دەبوو یان بچنە پاڵ "ڕادیکاڵەکان"[٥٩] یان بە سادە و ساکاری پشتگیرییان بکەن.

بە شێوەیەکی دژوار، بڕاوەی ڕاستەوخۆی بزاڤە مەدەنییەکەی نێوان ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠ شێخ قادر و شوێنکەوتووانی نەبوون، بەڵکو شێخ مەحموود بوو. دەسگیرکردنی دەسبەجێی شێخ قادر بە دوای ئاژاوە و پشێوییەکەدا دەرفەتێکی بۆ شێخ مەحموود ڕەخساند کە بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی سیاسەتی کوردی و خۆی وەک پاڵەوانی مافەکانی کورد لە عێراقدا پیشان بدات. بە گوێرەی قسەی شێخ مەحموود کوردەکان "قوربانیی" زوڵم و ستەمن و بەو پێیە مەحاڵە بۆیان لەگەڵ عەرەبدا پێکەوە بژین، وەک لە دەقی ئەم قسانەدا دەردەکەوێت:

"بە هۆی ڕووداوەکەوە کە تێیدا عەرەب مافی ئەوەی نەبوو بە تفەنگی ڕەشاش دەسڕێژ لە خەڵکی سلێمانی بکات، هەموو کورد لە حاڵەتی هەڵچوون و وورووژاندان. بەم پێیە بە ڕەهایی مەحاڵە ئەم دوو بەرەیە بتوانن دۆستانە لەگەڵ یەکتر هەڵبکەن ... هەر لە زاخۆوە هەتا پشتی خانەقین هەمووان پێکەوە بە یەک زمان و بە یەک دڵ دەیانەوێت حکوومەتێکی کوردی پێکبێنن لە ژێر سایەی ماندێتی بەریتانیادا"[٦٠].

شێخ مەحموود هەوڵی زۆری دا کە خەڵکی سلێمانی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت بە سوودوەرگرتن لە "شەهیدەکانی ئەیلوولی ڕەش" و لە نێوان

ئۆکتۆبەری ١٩٣٠ و مارتی ١٩٣١دا، چەندین بەیان و جاڕنامەی بڵاوکردەوە بۆ "خەڵکی سلێمانی کە دڵیان لە سەر ئاگرە" بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی یادەوەریی ئەو ڕووداوانە و هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی باوەڕ بە حکوومەت نەکەن و بەتایبەتی مەلیک فەیسەڵ، "کە بکوژی ڕاستەقینەی شەهیدەکانمانە و پێشێلکەری مافەکانی کوردە"[٦١]. هەروەها جێی سەرسوڕمان نیە کە شێخ مەحموود، وەک سەرۆکی ڕێبازێکی سۆفیگەری، هێما و گوتاری ئایینی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی ڕەوایی بداتە خەبات و تێکۆشانەکەی لەپێناوی "مافەکانی کورددا" و بانگەواز بۆ "پیاوانی شار"ی سلێمانی بکات شوێنی بکەون: " ئەمڕۆ، خەڵکانی چیاکان مافی ئەوەیان هەیە ... بڵێن ئەوان ئەو کەسانەن کە دەتوانن مافەکانی خەڵکی شار و هەموو کورد بەدەستبێنن .. بۆیە دەبێ شارنشینانیش پەیڕەوی نموونەی براکانی شاخیان بکەن و پێویستە شوێن ڕێچکە و ڕێبازیان بکەون تەنانەت بۆ مردنیش"[٦٢].

هەروەها شێخ مەحموود نیازی وابوو ئاشوورییەکانیش قەناعەت پێبکات، بەتایبەتی ئەوانەی لە هێزەکانی لیڤی[٦٣] و پۆلیسدا ناونووس کرابوون کە واز لەو ئەرکانەیان بێنن و بچنە پاڵ ئەم[٦٤]. بەهەرحاڵ، سەرکەوتنی لەم بوارەدا سنووردار بوو و تا مانگی کانوونی دووەمی ١٩٣١، تەنها حەوت سەربازی کورد لە سوپای عێراقدا، نۆ پۆلیس (کە شەشیان کورد و سیانیان ئاشووری بوون) و چوار قوتابی چوونە پاڵی[٦٥]. شێخ مەحموود شکستی هێنا و نەیتوانی یاخیبوونێکی جەماوەری ڕێکبخات و لە بەهاری ١٩٣١دا خۆی ڕادەستی بەریتانییەکان کرد، چونکە زۆربەی دانیشتوانی شارەکان و هۆزەکانی ناوچەی سلێمانی نەچوونە پاڵ بزووتنەوەکەی[٦٦]، جگە لە شوێنکەوتووە هەرە دڵسۆزەکانی لە نێو سەرۆکە خێڵەکی و ئایینییەکاندا چەشنی (پشدەر، شیلانە، غەوارە و هەمەوەند). هەرچۆنێک بێت شێخ مەحموود توانی ببێتە قارەمانێکی

گەورەی میللی لە سلێمانیدا لە ناوەندی ئەفەندییە ناسیۆنالیستەکان و چینە میللییەکانـدا[٦٧]. یـادەوەریی دەسـتەجەمعی لە هەردوک سـلێمانی و تەواوی کوردسـتانی عێراقدا هەر زوو ئەو پەیوەندییە تەمومژاوی و پەنهانەی ئەوی پشـتگوێ خسـت کە هەیبـوو لەگەڵ رژێمـی کەمـالی و بەریتانییەکـان و سەرۆکەکانی شیعەدا لە ساڵی ١٩١٨وە و شێخ مەحموودی کردە نەک "دز و جەردە"[٦٨]، وەک بە زۆری ئامـاژەی پێـدەدرا لەلایەن حکـوومەتی عێـراق و کاربەدەستە بەریتانییەکانەوە، بەڵکو کردی بە قارەمانێکی نیشتمانی[٦٩]. دواجار شـێخ مەحمـوود لەوەشـدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا بە گـۆڕینی ئـاژاوە و پشـێوییەکانی ٦ی ئەیلـوول بـۆ هێمـا و سـیمبۆلێکی بەرگریـی نیشـتمانی لەبەرامبەر عەرەبەکاندا تا ساڵانی ١٩٤٠کان[٧٠].

پرسـیارەکە هەر بە "بـۆچی" مـاوتەوە، سـەرباری پرۆسـە تایبەتەکـانی بەرادیکاڵ بوونی مەیدانی سیاسی لە سلێمانیدا، بەڵام هیچ "بەرۆتینبوونێکی" ئـاژاوەگێڕی نەهـاتە ئـاراوە لە شـاردا[٧١]. تـۆ لێرەدا دەتوانیـت دوو گریمـانەی یەکتر تەواوکردوو بخەیتەڕوو، کە لەلایەکەوە گەڕانەوەی شـێخ مەحموود بۆ شـانۆی سیاسـی سـەری کێشـایەوە بـۆ گواسـتنەوەی سـەنتەری قورسـایی چالاکییەکـانی کـورد لە شـارەوە بـۆ گونـدەکان تـا مایسـی ١٩٣١ و لەلایەکـی تریشـەوە شکسـتهێنانی بـزووتنەوەکەی شـێخ مەحمـوود لە سـاڵی ١٩٣١دا یـاخیبوونە پەرت و بڵاوەکـانی دژ بە حکـوومەتی عێـراق بـێ پشـتگیریی بەریتانیای مەزن ئەوەی دەرخست کە داهاتووی سیاسیی نەبوو. لە کۆتاییدا دەستەبژێری سیاسیی سلێمانی لەوە گەیشتن کە وا هێزەکانی ماندێت و لە ناویاندا ئەفسەرە بەریتانییەکانی دڵبەندی کوردی وەک سی. جەی. ئێدمۆندس دەیانویست کوردستان بچێتە سەر دەوڵەتی عێراق. بەم جۆرە تا ساڵی ١٩٣١

لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانی ناوخۆوە مەیلێک هەبوو بۆ چاوەڕێ کردنی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ماندێت[٧٢].

درووستکردنی "باشووری کوردستان" ساڵی ١٩١٨ لە لایەن بەریتانیاوە بواری بە پێکهێنانەوەی رابەر یان پیاوماقووڵی مەدەنی دا لە سلێمانیدا و پەرەسەندنی لە سەرخۆی گوتاری ناسیۆنالیستی لەناو دانیشتواندا لە پاش ئەو پشێوی و تێکچوونی بارودۆخەی بە هۆی جەنگ و رووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانییەوە هاتە ئاراوە[٧٣]. ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان رۆڵیان گێڕا لە پرۆسەی درووستکردنی ناسنامەی لۆکاڵیدا بە دیاریکردنی ئەو مەیدانەی کە دەستە و تاقمە سیاسییە جیاوازەکانی (سەر بە ئۆتۆنۆمی و سەر بە بەغدای) تێدا کەوتبوونە کێبەرکێوە و ئەو دەستەبەندییانەی کە وا گرووپەکانیان ریزبەندی دەکرد وەک (کورد و عەرەب) و هەروەها بە دیاریکردنی سەرکردە دانپێدانراوەکان لەناو دانیشتوانی سلێمانیدا.

دەستێوەردانی کاربەدەستانی بەریتانی و حکوومەتی عێراق بوو بە هۆی ناکۆکی و ململانێی نێوان سەرکردەکانی هەردوو بلۆکەکەی سەر بە کورد و سەر بە عەرەب، کە شەڕیان بوو لە سەر سەرچاوە سیاسییە سیمبۆڵییەکان لە ئاستی ناوخۆیی و هەرێمیدا. بەم مانایە، بەرادیکاڵ کردنی جموجووڵە سیاسییەکان کە وا سەریکێشایەوە بۆ ئاژاوە و پشێوییەکانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ دەبێ مایەی تێگەیشتن بێت لەڕووی هەردوک کاردانەوەی گرووپی ناسیۆنالیستیی کوردەوە بۆ مافە دانپێدانەنراوەکانی کورد لە پەیماننامەکەی ساڵی ١٩٣٠ ئەنگلۆ – عێراقیدا و بۆ ئەو بەرەنگارییەی لەلایەن هەواخوا ناوخۆکانی حکوومەتی عێراقەوە کە لە سلێمانیدا هاتبووە ئاراوە.

ئەو رۆڵەی شێخ مەحموود لەئەستۆی گرتبوو لە قۆناخی هەڵچوونی ناوچە دێهاتییەکانی کوردستانی دوای هەرا و ئاژاوەکەدا و بەتایبەتی لە

مــاوەی نێــوان ١٩٣٠ و ١٩٣١دا بــوو بە هــۆی پەراوێــز کەوتنــی تــوخمە ناسیۆنالیســتییە چالاکەکــانی ســەر بە شــارەکان لە تێکۆشــانی سیاســیدا و ئەمەش بوو بە مۆرکی سەرەولێژبوونەوە و لاوازبوونی بزاڤ و جموجووڵی شارستانی لە سلێمانیدا تا جەنگی جیهانیی دووەم.

## تێبینی

جۆردی تێجێل گۆرگاس بە سوپاسەوە پێزانینی خۆی رادەگەیەنێت بەو هاوکاری و کۆمەکەی لەلایەن دامەزراوەی زانستی نیشتمانیی سویسرییەوە Swiss National Science Foundation دەســتەبەر کــرا بــۆ پاڵپشــتی لێکــۆڵینەوەکەی لە ئۆفیســی تۆمــاری گشــتی Public Record Office و خوێندنگەی لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتناسی و ئەفریقییەکان (لە لەندەن). سوپاسی تایبەت بۆ خاتوو دکتۆر نێلیدا فوککارۆ لە SOAS بۆ سەرپەرشتی کردنی کارەکە و دکتۆر کامەران ئەحمەد مەنتیک لە زانکۆی هەولێر بۆ پێدانی لە هۆنراوەی کوردیی پەیوەندیدار بە رووداوەکانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠وە.

## سەرچاوە:

گۆڤاری توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەرگی ٤٤، ژمارە ٤ ، تەمووزی ٢٠٠٨ ، لاپەڕە ٥٣٧ – ٥٥٢

Middle Eastern Studies,

Vol. 44, No. 4 , July 2008

P. 537 – 552

ناونیشانی باسەکە: بزاڤی شارستانی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ماندێتی بەریتانیادا: سلێمانی، ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٣٠

نووسەر: جۆردی تێجێل گۆرگاس

Urban Mobilization in Iraqi Kurdistan during the British Mandate: Sulaimaniya 1918 – 1930

Jordi Tejel Gorgas

## پەراوێز:

١ – لەبارەی شێخەکانی قادری لە کوردستانی عێراقدا بڕوانە:

مارتن ڤان برونەسن، " *مەلا و سۆفی و بێدینەکان: رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیدا*"،

*Mullas, Sufis and Heretics: The Role of Religion in Kurdish Society*

(ئەستەمبووڵ: چاپی ئایزیس ، ٢٠٠٠)، ل ٢١٣

٢ – بۆ شیکردنەوەی رەوشی ماندێت لە عێراقدا بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

پ. سلاگلێت، "هەندێک کاردانەوە لەبارەی رەوشی ئامادەگیی بەریتانیا لە عێراقدا و ئامادەگیی فەرەنسا لەسووریادا

P. Sluglett, “The Mandates: Some Reflections on the Nature of the British Presence in Iraq, 1914 – 1932, and the French Presence in Syria, 1918 – ١٩٤٦)",

له کتێبەکەی پ. سلاگلێت و ن. مۆچی، "*هەردوو ماندێتی بەریتانیا و فەرەنسا لە روانگەی بەراوردکارییەوە*

*The British and French Mandates in Comparative Perspectives*"،

(لەیدن و بۆستن: بریل، ٢٠٠٣)، ل ١٠٣ – ١٢٧ و ٣٦١ – ٣٨٤ ؛ پ. سلاگلێت ، "بەریتانیا لە عێراقدا: مەلیک و ولاتێکی ساختە *Contriving King and Country*"، (لەندەن: ئای. بی. تۆریس، ٢٠٠٧).

٣ – لە ساڵی ١٩٢٥دا دانیشتوانی سلێمانی نزیکەی ١٠ هەزار کەس بووە، کە ٩ هەزاریان کوردی موسڵمان، ٧٥٠ جوولەکە و ١٢٩ ئاشووری بوون. بڕوانە: ئێدمۆندس، "*کورد و تورک و عەرەب ...*

*C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs*" (London: Oxford University Press, 1957), p. 80.

٤ – ئەو تووتنەی کە لە ناوچەی ڕەواندز دەچێنرا گەورەترین بەروبوومی هەناردە بوو لە سلێمانییەوە، بەڵام دیسان شارەکە خاڵێکی دابەشکردن بۆ کاڵا هاوردەکانی ئەوروپا کە لە بەغدا و مووسڵەوە دەهات و پاشان دەگەیشتە ئەودوای ناوچە کوردییەکان، هەروەها شوێنێکی کۆکردنەوە بوو بۆ هەناردە کردنی کەتیرە یان گەون و خوری و بەرهەمی تری ولاتەکە، بڕوانە: ئی. بی. سۆن "*راپۆرت لە سەر هەرێمی سلێمانی لە کوردستان*"،

E. B. Soane, "*Report on the Sulaimaniya District of Kurdistan*", Edmonds Papers, Box 6 / 1, p. 97.

٥ – جەمال بەگ سەرەڕای تێکەڵبوونی بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە، وەک وەزیری دادی عێراق خزمەتی کرووە لە ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣٢ و ١٩٣٣ – ١٩٣٤.

٦ – چەند نەوەیەکی هەندێک بنەماڵەی پەیوەندیدار بە میرەکانی بابانەوە رۆڵێکی ناوخۆیی بەرچاویان بینیوە لە ماوەی ماندێتی بەریتانیدا وەک عادیلە خانمی هەڵەبجە (کە سەرۆک هۆزی جاف بوو)، هەروەها محەمەد ساڵح بەگ کە نوێنەری سلێمانی بوو لە پەرلەمانی عێراقدا. (ئەم دوو کەسایەتییە ناچنەوە سەر بنەماڵەی بابان و دیارە نووسەر لێی تێکچووە – و).

٧ – یەکەم سکرتێری پێشتری کۆمیسارێتی باڵای تورکی بوو لە قاهیرە و پاشانیش حاکمی گشتیی حیجاز بوو

٨ – بنەماڵەی بەرزنجی و سوڵتان عەبدولحەمید (کە ٣٤ ساڵ حوکمی کرد ١٨٧٦ – ١٩٠٩) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتر درووستکردبوو. کاک ئەحمەدی باپیرە گەورەی شێخ مەحموود ناوبانگێکی گەورەی پەیداکردبوو وەک خاوەن کەراماتێک کە موعجیزە دەنوێنێ و عەبدولحەمید دڵبەندی بووبوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئەم پەیوەندییانە زۆر تۆکمە و بەهێز بوون پاش ئەوەی سوڵتان و شێخ سەعید جۆرێک لە هاوپەیمانییان بەست کە ئەمی دواییان پابەند بوو بە پارێزگاری و بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی سوڵتان لە ناوچەکەدا لە بەرانبەر ملکداریی زەویوزار و سەربەستییەکی تەواو لە هەڵسوکەوتدا. هەڵبەت لە ترسی کاربەدەستانی عوسمانی و تەنانەت ئەفسەرە سەربازییەکاندا، شێخ سەعید و شێخ مەحموود بەم پەیوەندییە دەیانتوانی کاریگەری و دەسەڵاتی خۆیان بە سەر سلێمانی و دەوروبەریدا بسەپێنن.

٩ – ئەرنۆڵد تالبۆت ویلسن،" *دڵسۆزیی میزۆپۆتامیا، ١٩١٧ – ١٩٢٠* *Mesopotamia Loyalties.*" (لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد ، ١٩٣٦)، ل ١٢٨.

١٠ – حەننا بەتاتو، "*چینە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لە عێراقدا: لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر خاکی دێرینی عێراق و چینی بازرگانان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، بەعسییەکان و ئەفسەرانی ئازاد The Old Social Classes and Revolutionary Movements of Iraq: A Study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and its Communists, Ba'thists and Free Officers*". (پرینستۆن، نیوجێرسی: چاپی زانکۆی پرینستۆن، ١٩٧٨)، ل ٩٤ – ٩٦.

١١ – تی. دۆج، "*درووستکردنی ساختەی عێراق: شکستهێنان لە دروستکردنی وڵات و نەتەوە و نکووڵی کردن لە مێژوویەک Inventing Iraq: The Failure of Nation Building and a History Denied*، (نیویۆرک: چاپی زانکۆی کۆلۆمبیا، ٢٠٠٣).

١٢ – س. فرایتاگ، *"رێورەسمی ئایینی و ئاژاوە و پشێوی: لە پێناسەی کۆمەڵگەوە بۆ بەکۆمەڵگە کردن لە باکووری هندستاندا* *Religious Rites and Riots: From Community Identity to Communalism in North India,*
*١٨٧٠ – ١٩٤٠*"، (بێرکەلەی: زانکۆی کالیفۆرنیا، ١٩٨٠)، ل ٤٢ – ٥٠ .

١٣ – لە مێجەر ئی. بی. سۆنەوە، ئۆفیسی سیاسی (سلیمانی)، بۆ ئێن. بی. فوڵەر، جێگری کۆمیسیاری مەدەنی (بەغدا)، ١ی کانوونی دووەم ١٩٢٠.

١٤ – پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)، لە نێوان حکوومەتی ئیستانبوڵ و هاوپەیماناندا بەسترا، بە روونی درووستکردنی کوردستانی سەربەخۆی رەخساندووە، بەڵام بە سەرکەوتنی مستەفا کەمال لەساڵی ١٩٢٢ داکێشە و ناکۆکی کەوتە مەسەلەی پەیماننامەکەوە. پەیماننامەی لۆزان (٢٤ی تەمووزی ١٩٢٤) بە شێوەیەکی زیمنی ئەوەی سیڤەری هەڵوەشاندەوە بە زەمینە خۆشکردنی دابەشبوونی ناوچە کۆنە کوردییەکانی عوسمانی لە نێوان تورکیا و عێراقدا. چارەنووسی ویلایەتە کۆنەکەی مووسڵیش بە هەڵپەسێردراوی مایەوە تا ئەو کاتەی کۆمەڵەی گەلان بڕیارەکەی دیسەمبەری ١٩٢٥ لە بەرژەوەندیی یەکگرتنی ئەم ویلایەتە لەگەڵ عێراقدا دەردەکات.

١٥ – ئۆفیسی سیاسی سلێمانی بۆ ئۆفیسی سیاسی بەغدا، ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩١٨،

١٦ – تێرم یان نازناوی ئەفەندی لە سەرەتادا لە لایەن خەڵکی میسر و شامەوە بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی خوێندنی مۆدێرنی رۆژئاواییان تەواوکردووە، لە هەر ئاستێکدا بووبێت. ئەم تێرمانە لە لایەن کاربەدەستانی بەریتانییەوە بەکاردەهاتن. وەسفەکە چین و توێژێکی بەربڵاوی دەگرتەوە، هەر لە خوێندکاری ئامادەیی و زانکۆوە تا دەگەیشتە مامۆستا و پارێزەر و رۆژنامەنووس و کاربەدەستی حکوومەت و گەلێکی تریش.

M. Eppel, “The Elite, the Effendiyya, and the Growth of Nationalism and Pan – Arabism in Hashemite Iraq, 1921 – 58”, *International Journal of Middle East Studies,* Vol. 30, No. 2 (1998), pp. 227 – 50.

م. ئەپەڵ، "دەستەبژێر و ئەفەندییەکان و گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و پان – عەرەبیزم لە عێراقی هاشمیدا، ١٩٢١ – ١٩٥٨".

١٧ – دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) بۆ دەستەی ئەرکانی هەواڵگریی هێزی ئاسمانیی شاهانە (بەغدا)، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٢٧.

١٨ – ئەو ئاڵایەی لە ساڵی ١٩١٩ دا دیزاین کرا بریتی بوو لە رەنگی سەوز و بازنەیەکی سوور و نیوە مانگێکی سپی لە ناو بازنەکەدا.

١٩ – چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرەیدوون رەفیق حیلمی (١٨٩٨ – ١٩٦٠)، بەڕێوەبەری قوتابخانە و هاوکار و پشتیوانی نزیکی شێخ مەحموود. لەندەن، نۆڤەمبەری ٢٠٠٦.

20. S. H. Longrigg, *"Iraq, 1900 to 1950. A Political, Social and Economic History"* (Oxford: Oxford University Press, 1953), p. ١٠٤.

ئێس. ئێچ. لۆنگریگ، *"عێراق لە ١٩٠٠ تا ١٩٥٠، مێژوویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری"...*

٢٠ – مەبەست محەمەد نووری یە (کە رۆژی کوردستانی دەرکردووە و کوڕی بازرگانێکی تووتنە)، عارف سائیب (سکرتێری دووەمی دادگای باڵای شاهانە)، رەفیق حیلمی (بەڕێوەبەری قوتابخانە)، عەلی کەمال (پێشتر لە شارەوانیی سلێمانی کارمەند بووە) و شێخ نووری بابەعەلی.

٢١ – بڕوانە سی. جەی. ئێدمۆندس "رۆژی کوردستان: رۆژنامەیەکی کوردی " A Kurdish Newspaper: Rozh – I – Kurdistan"، *کۆمەڵەی جۆرناڵی ئاسیای ناوەڕاست*، بەرگی ١٢ ، ژمارە ١ (١٩٢٥)، ل ٨٣ – ٩٠.

٢٢ – بڕوانە ئێچ. ئۆیزۆغلوو، *"ناودارانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی، پەرەسەندنی ناسنامە و کێبڕکێی دڵسۆزی و گۆڕانکاریی سنوورەکان*

*Kurdish Notables and the Ottoman State. Evolving Identities, Competing Loyalties and Shifting Boundaries"*، (ئەلبانی: ویلایەتی نیویۆرک: سەنی، ٢٠٠٤)

٢٣ – چاوپێکەوتن لەگەڵ دلێر بەرزنجیی کوڕەزای شێخ محەمەد غەریب (کە ساڵی ١٩٢٢ وەزیری ناوخۆ بووە). لۆڕاچ، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ .

٢٤ – شێخ مەحموود هەرچەندە کشایەوە بۆ سنووری عێراق – ئێران بەڵام پەیوەندیی لە گەڵ شاردا نەبچڕا، بەشێوەیەکی سەرەکی بە هۆی ئامادەگی و هاوکاریی تۆڕێک لە سەرۆک هۆزەکان بازرگانان و خەڵکانی دڵسۆز بە شێخ. ئەم تۆڕە وایکردبوو کە شێخ ئاگاداری پەرەسەندنی رووداوەکان بێت و لە رێگەشیەوە پرۆپاگەندەی خۆی لە سلێمانی و دەوروبەریدا بڵاوبکاتەوە، کە بە زۆری لە شێوەی واتەواتدا تەشەنەی دەکرد، بڕوانە:

بۆ شیکردنەوەی تێوەگلان و بەشداریی سەرۆک هۆزەکان لە بەرپابوونی نارەزایی سیاسی لە عێراقدا بڕوانە ئەی. ڤینۆگرادۆڤ، "چاوگێڕانەوە بە یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٠ لە عێراقدا: رۆڵی هۆزەکان لە سیاسەتی نەتەوەیی/ نیشتمانیدا The 1920 Revolt in Iraq Reconsidered: The Role of Tribes in National Politics."

*گۆڤاری توێژینەوەی نێودەوڵەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، بەرگی ٢، ژمارە ٣ (١٩٧٢)، ل ١٢٣ – ١٣٩.

٢٥ – لە کۆمیسیاری باڵاوە (بەغدا) بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنییەکان (لەندەن)، ١٣ی مارتی ١٩٣١، FO 371 / ١٥٣١١ / E ١٢٥.

٢٦ – لە ساڵی ١٩٢٦ دا، ئەندامانی کۆمەڵەکە ئەمانە بوون: رەفیق حیلمی (بەڕێوەبەری قوتابخانە)، رەمزی ئەفەندی (بازرگان)، فایەق بەگی بابان (ملکدار)، جەمال بەگی بابان (دادوەر)، ئەحمەد تۆفیق بەگ (موتەسەڕیفی سلێمانی)، شێخ مستەفا قەرەداخی (قازیی سلێمانی)، ئەحمەد بەگ و عیزەت بەگ (کوڕانی عادیلە خانمی کۆنفیدراسیۆنی جاف، کە یەکەمیان پارێزەر بوو لە هەڵەبجە دووەمیشیان پێشتر لە ساڵی ١٩١٩دا قایمقام بووە لە سلێمانیدا)، تاهیر ئەمین ئەفەندی (سکرتێرێکی ئەوسای شێخ مەحموود بووە)، حاجی فەرەج (بازرگان)، عەبدوڕەحمان ئاغا (پێشتر مودیری ناحیەی تانجەڕۆ بووە)، حاجی برایم ئاغا (بازرگان)، مستەفا پاشا (پێشتر وەزیری پەروەردە و فێرکردن بووە لەحکوومەتەکەی شێخ مەحموودا و تۆفیق قەزاز (بازرگان).

لە ئەفسەری خزمەتگوزاریی تایبەتەوە (سلێمانی) بۆ هەواڵگریی ئەرکانی هێزی ئاسمانیی شاهانە، ٢٠ی تەمووزی١٩٢٦.

٢٧ – له هیگینسەوە (بارەگای هێزی ئاسمانیی شاهانە، بەغدا) بۆ وەزیری هێزی ئاسمانی (لەندەن)،٣٠ مارتی١٩٢٧ ،

٢٨ – دی. ماکدواڵ، *"مێژووی نوێی کورد"*، (لەندەن: ئای. بی. تۆریس)، ل ١٧٥.

٢٩ – له هیگینسەوە (بارەگای هێزی ئاسمانی، بەغدا) بۆ وەزیری هێزی ئاسمانی (لەندەن)، ٣٠ مارتی ١٩٢٧.

٣٠ – تۆفیق وەهبی، کە لە ئیستانبوڵ خوێندوویەتی و مەشق و ڕاهێنانی کردووە، بوو بە کاپتن لە سوپای عوسمانیدا. لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، بوو بە یاریدەدەری شێخ مەحموود و لە دوای شکستی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩دا، چووە سوپای عێراقەوە. ساڵی ١٩٣٠ کرا بە موتەسەڕیفی سلێمانی بە حوکمی دۆستایەتیی لەگەڵ مێجەر ئێدمۆندس، کە پێشتر ئەفسەر یان حاکمی سیاسیی سلێمانی بوو، پاشانیش بوو بە شارەزا لە کاروباری کورددا.

٣١ – پ. سلاگلێت، *"بەریتانیا لە عێراقدا"*، ل ١٢٩.

٣٢ – لە دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) بۆ هەواڵگریی ئەرکانی هێزی ئاسمانیی شاهانە (بەغدا)، ١٨ی ئابی ١٩٣٠.

٣٣ – ئەندامانی ئەم بلۆکە ئەمانە بوون: مستەفا پاشا، حاجی مەلا محێدین، شێخ محەمەد غەریب، سەید نوری نەقیب، سەید عەبدوڵا، شیخ جەلال، سەید ئیبراهیم، عەبدوڵا ئاغا، مەجید ڕەسوڵ، سەید محەمەد موفتی،شێخ موفتی. دەکرێت ئەوە ببینیت کە وا سێکتەرە نەریتییەکان (شێخەکان و ئاغاکان) چونکە بەرهەڵستیی لایەنی ناسیۆنالیستیی کوردییان دەکرد، باڵادەست بوون بەسەر بلۆکی "سەر بە بەغدا. لە دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) بۆهەواڵگریی ئەرکانی هێزی ئاسمانی (بەغدا)، ١٦ی شوباتی ١٩٣١.

٣٤ – یەکەم هەنگاو بۆ سازدانی هەڵبژاردن کۆبوونەوەی ژمارەیەک لە ناوداران بوو (لە سلێمانی بە شێوەیەکی ئاسایی ٣٠ کەس دەبوون)، کە نوێنەرایەتی گەڕەکەکانیان دەکرد. ئەمانە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی شارەوانی (ڕەیس بەلەدیە) کۆبوونەوە و کۆمیتەیەکی پشکنینیان هەڵبژارد بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکان. هەنگاوی دواتر کۆکردنەوەی لیستە سەرەتاییەکانی دەنگدەران بوو لە هەر گەڕەکێک کە

دەکەوتە ژێر سەرپەرشتیی ئەم کۆمیتەیە و پاشان لیستی دەنگدەرانی قۆناخی دووەم کۆدەکرایەوە و دواجاریش دەکرا هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێن.

٣٥ – لیستی ئەو کار و کردەوانەیە کە لە لایەن چارڵس تیلی یەوە پێناسە دەکرێت بەو مۆدێلەی کە ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی تێدا تۆمارکراوە و گرێدراوی ستراتیجییەکانی دەسەڵاتە و بەم پێیە یەک لە هۆکارە سنووردارەکان کردەییتر و سەرنجڕاکێشتر و بەردەوامترە لە گەلێک لەو هۆکارانەی تر کە دەتوانێت خزمەتی هەمان شت بکات.

C. Tilly, "Les origines du re´pertoire de l'action collective contemporaine en France et en Grande – Bretagne", *Vingtie`me Sie`cle*, No. 4 (1984), pp. 89 – ١٠٨. (فەرەنسی).

تیللی، ساڵانی دواتر، بە دەستبەرداربوون لە خاسییەتی کارکردنی کەڵەکەبوونی ئەزموون، وایدادەنێت کە وا هەموو رۆتینێک لە ناو ئەزموونە بنیاتنراوەکەدا لەڕاستیدا بریتییە لە کارلێککردنی نێوان دوو لایەن یان زیاتر.

ئەزموونەکە (ریپێرتەر) دەگەڕێتەوە بۆ شێڵبەندیی بکەرەکان لە ململانێکان و بکەرەکان لێکتر دانابڕێت.

سی. تیللی، "رێپێرتەرە ئاژاوەگێڕەکان لە بەریتانیای مەزندا، ١٧٥٨ – ١٩٣٤

"Contentious Repertoires Contentious Repertoires in Great Britain"

"، لە کتێبی م. تراوگۆت، "*رێپێرتەر و بازنەکانی کار و کردەوەی بەکۆمەڵ*"، (دورهام، کارۆلاینای باکوور و لەندەن: چاپی زانکۆی دیوک، ١٩٩٥)، ل ٣٠.

٣٦. Police Abstract of Intelligence, No. ٢٩, ١٩ July ١٩٣٠, AIR ٢٣ / 417.

٣٦ – کورتەی هەواڵگریی پۆلیس Police Abstract of Intelligence، ژمارە ٢٩، ١٩ی تەمووزی ١٩٣٠.

٣٧ – دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی)،١٢ی ئابی١٩٣٠.

٣٨ – فەرمانگەی پشکنەری ئیداری (سلێمانی) بۆ ک. کۆرنوالیسی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ (بەغدا)، ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٠ .

٣٩ – دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) ، ١٢ی ئابی ١٩٣٠ .

٤٠ – هەمان سەرچاوە.

٤١ – مێجەر ئی. بی. سۆن، فەرمانگەی حاکمی سیاسی (سلێمانی)، بۆ ئێن. بی. فوڵەری جێگری کۆمیسیاری مەدەنی (بەغدا)، ١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠.

٤٢ – دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت، ١٢ ی ئابی ١٩٣٠، ٥ /١٥٧/ CO 730.

سەربەستی کوڕی تۆفیق قەزاز ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە باوکی دەربارەی ستراتیجییە سیاسییەکانی غاندی بۆ دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی هندستان گەلێ سەرچاوەی خوێندووەتەوە. جگە لەوەش رۆژنامەی "ژیان" ی ناوخۆیی هەواڵی رووداوە سیاسییەکانی هندستانی لە دەڤەری سلێمانیدا بڵاودەکردەوە. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەربەست قەزاز، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

٤٣ – لە وەزارەتی ناوخۆوە (بەغدا) بۆ پشکنەری گشتی (سلێمانی)، ١٩ی ئابی ١٩٣٠، ٥ / ١٥٧ / CO 730.

٤٤ – دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) ، ٢٠ی تەمووزی ١٩٣٠.

٤٥ – لە نێو ئەو شاعیرانەدا کە لە ژێر کاریگەری و ئیلهامبەخشیی ئەم رووداوانەدا بوون، پیرەمێرد (١٨٦٣ – ١٩٥٠)، فایەق بێکەس (١٩٠٥ – ١٩٤٨) شێخ سەلام عازەبانی (١٨٩٢ – ١٩٥٩) دیار و بەرچاو بوون.

٤٦ – محەمەد رەسوڵ هاوار، *"شێخ مەحموود قارەمانی حکوومەتی کوردستان باشوور"* (بە زمانی کوردی)، بەرگی دووەم (لەندەن: جاف پرێس، ١٩٩١).

٤٧ – سی. تیللی، *"سیاسەتی توندوتیژیی بەکۆمەڵ The Politics of Collective Violence"*. (کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج، ٢٠٠٣)، ل ١٨.

٤٨ – لە ئی. سی. ئێچ. ئەڵبان، پشکنەری ئیداری (سلێمانی) بۆ ک. کۆرنواڵیس، راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ (بەغدا)، ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٠، ٦ / ١٥٧ / CO 730.

٤٩ – زیانە مادییەکان شکاندنی ١٥٣ پەنجەرەی تەلاری سەرا و ١٧ چرای سەر شەقامەکانیش شکاون.

٥٠ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥١ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٢ – دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) ، ٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠.

٥٣ – شێخ قادر، تۆفیق قەزاز، رەمزی فەتاح ئەفەندی، عەزمی بەگ و فایەق بەگی بابان، عەلی عیرفان، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، عیزەت بەگ، محەمەد ساڵح بەگ، شێخ محەمەد گولانی و ماجید ئەفەندی کانی ئاسکان. لە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٣٠دا بڕیاری بەردانی زۆربەی ناودار و پیاوماقووڵانی سلێمانی درا جگە لە شێخ قادر کە بڕیاری نیشتەجێبوونی ناچاری بۆ دەرکرا لە شاری ناسرییە و هەروەها رەمزی فەتاح ئەفەندی و تۆفیق قەزاز دران بە دادگا.

٥٤ – لە دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) بۆ هەواڵگریی ئەرکانی هێزی ئاسمانیی شاهانە (بەغدا) ، ١٤ی ئەیلوولی ١٩٣٠، ٤١٨ / AIR 23 .

٥٥ – لە ئی. سی. ئێچ. ئەڵبان، پشکنەری ئیداری (سلێمانی) بۆ ک. کۆرنواڵیس، راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ (بەغدا)، ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٠. ١٥٧ / ٦ / CO.

٥٦ – ف. بارث، "گرووپە ئێتنیکییەکان و سنووریان، رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازییە کولتوورییەکان *Ethnic Groups and Boundaries. The Social Organization of Culture Differences*"، (ئۆسلۆ: زانکۆی فۆرلاجێت، ١٩٦٩).

٥٧. C. Schmitt, "*La Notion du politique. The´orie du partisan*" (Paris: Calmann – Le´vy, 1972), p.. ٦٧. (فەرەنسی).

٥٨ – عەزمی بەگی بابان، فایەق بەگی بابان، عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف، محەمەد ساڵح بەگ، ماجید مستەفا ئەفەندیی کانی ئاسکان و شێخ محەمەد گولانی.

٥٩ – شێخ قادر، حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا، تۆفیق قەزاز و رەمزی فەتاح ئەفەندی.

٦٠ – لە دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی) بۆ هەواڵگریی ئەرکانی هێزی ئاسمانیی شاهانە (هنێدی)، ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠. ٢٣٠ / AIR 23.

٦١ – راپۆرتی سلێمانی، ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠. ٤١٨ / AIR 23.

٦٢ – دەزگای خزماتگوزاریی تایبەت (سلێمانی)، ١ی مارتی١٩٣١.

٦٣ – ئەم هێزە نارێکوپێکە، کە بریتی بوو لە نزیکەی دوو هەزار ئاشووری، ملکەچی فەرماندەیی بەریتانی بوو نەک حکوومەتی عێراق. لێڤییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە شاڵاوی بەریتانییەکاندا دژ بە یاخیبووە کوردەکان.

٦٤ – لە ئی. سی. ئێچ. ئەڵبان، پشکنەری ئیداری (سلێمانی) بۆ ک. کۆرنوالیس، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ (بەغدا)، ٦ی نۆڤەمبەری ١٩٣١. AIR 23 / 231.

٦٥ – لە ئی. سی. ئێچ. ئەڵبان، پشکنەری ئیداری (سلێمانی) بۆ ک. کۆرنوالیس، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ (بەغدا)، ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٣١. AIR 23 / 232 .

٦٦ – ڕۆڵی نەرێنیی خەڵکی سلێمانیی خۆی لە لایەن شێخ مەحموودەوە ڕەخنە کراوە لە ڕۆژنامەکەی شێخ خۆیدا (بانگی شاخ )، (پێدەچێت ڕۆژنامەی بانگی حەق بووبێت کە وا شێخ لە ئەشکەوتی جاسەنەی لای سووورداش دەریدەکرد)، کە تێیدا ئیشارەتی بەوە کردووە کە وا خەڵکی شاری سلێمانی هەموویان "سەر بە عەرەب" بوون و گوێیان بە خەڵکی شاخەکان نەدەدا، کە شێخ مەحموود و شوێنکەوتووانی بوون. دەزگای خزمەتگوزاریی تایبەت (سلێمانی)، ١٥ی مایسی ١٩٣١، AIR 23 / ٢٣٤.

٦٧ – دەزگای خزماتگوزاریی تایبەت (سلێمانی)، ٩ی شوباتی ١٩٣١. AIR ٢٣/٢٣٣.

٦٨ – سەبارەت بە ڕەخنەگرتن لە مەسەلەی 'دز و جەردە' کە لە لایەن بریکارەکانی حکوومەت و زانا و لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکان و یادەوەریی میللییەوە بەکاردەهات بڕوانە:

ک. بارکی، *"جەردە و بیروکراتەکان، ڕێچکە و ڕێبازی عوسمانییەکان بۆ بەسێنترال کردنی دەوڵەت*

B*andits and Bureaucrats. The Ottoman Route to State Centralization".* (Ithaca, NY and London: Cornell University Press, 1994), pp. ١٧٩ – ٨٨.

٦٩ – سەلماندنی ئەوەی کە شێخ مەحموود سەرکردەیەکی پوختی ناسیۆنالیستە ستراتیجی ئەمڕۆی لایەنە سیاسییە مۆدێرنەکانی کوردستانی عێراق نیە. لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و دوو ساڵ دوای مەرگی شێخ جەماوەری

خۆپیشاندەرانی سەر شەقامەکانی سلێمانی لە پشتیوانیی کۆماردا بە بەرزی "وێنە و پۆرترێتی شێخ مەحموودی نەمر و سەرکردە ناودارەکانی تری کوردیان هەڵکردبوو" وەک مستەفا سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان. بروانە: ئیدمۆندس Edmonds, Box ٢٨ / ١.

٧٠ – لە پشکنەری ئیدارییەوە (کەرکووک) بۆ خاوەن پایە باڵوێزی بەریتانیا (بەغدا)، ٢٤ی تەمووزی ١٩٤١. FO 624 / 63

٧١ – ئەم دەربڕینە لە پ. ئە. گۆسمان وەرگیراوە ، *"ئاژاوە و پشێوی بنیاتنانی ناسنامەی کۆمەڵگە لە ناو موسڵمانانی بەنگالدا، ١٩٠٥– ١٩٤٧*

*"Riots and the Construction of Communal Identity Among Bengali Muslims,1905 – 1947"*. (بۆڵدەر، کۆلۆرادۆ: چاپی وێستڤیو). ١٩٩٩، ل ١٦٥.

٧٢ – بۆ نموونە ئەم راوبۆچوونە هی تۆفیق وەهبییە، کە لە گفتوگۆیەکیدا لە گەڵ سی. جەی. ئێدمۆندس باسی لەوە کردووە کە ئایدیای ئۆتۆنۆمی لەڕاستیدا لە مێشکی هەموو کەسێکدا بوو لە سلێمانی ئەوەیە کە "ئێستا خەڵک کپ و بێدەنگە، بە سادە و ساکاری لەبەر ئەوەیە وا هەست دەکەن کە بەختیان نەیهێنا". یاداشتی ئێدمۆندس، پەرەگرافی ٦٠٢، ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٣١.( ٣ – ١ / Edmonds Papers, Box 2).

٧٣ – لەڕاستیدا وەک کاپتن ئەلبانی راپۆرتی لە سەر بەرزکردووەتەوە، هەموو قوربانییەکانی هەرا و ئاژاوەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە خەڵکی سەر بە چینەکانی خوارەوە بوون. بەهەرحاڵ، لە نەبوونی بەڵگەدا، قورسە پێ لە سەر ئەوە دابگریت کە وا رەشەخەڵکە "ئایەخ و لاوەکییەکە" هاوبەشی هەمان بیر و بۆچوونی دەستەبژێرە ناسیۆنالیستەکە بووبێتن. دەکرێت لێکۆڵینەوە و شیکاریی زیاتری مەسەلەکە ئەوە روونبکاتەوە کە بە تەواوی "ئەجێندای" رەشەخەڵکەکە لە سلێمانیدا چی بووبێت لەوکاتەدا.

٩

# خەسڵەتە سەرەکییەکانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد لە عێراقی نوێدا

**ئارام رەفعەت**

توێژەرێکی سەربەخۆیە لە زانکۆکانی ئوسترالیا و مالیزیا

- **ئارام رەفعەت** Aram Rifaat

لەدایکبووی باشووری کوردستان و نیشتەجێی ئوسترالیا، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئەندازەی نەوت، زانکۆی بەغداد، ماستەر لە دیراساتە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ساوس ئوسترالیا. دوو کتێب بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ دە توێژینەوە لە ڕۆژنامە موعتەبەرەکان لە سەر پرسی کورد لە باشووری کوردستان بڵاوبووەتەوە. لەوانەش دوا کتێب بەناوی "کوردستان لە عێراق، گەشەسەندنی شێوەدەوڵەتێک" لە دەزگای وەشانی ڕۆڵێتدجی بەریتانی بڵاوکراوەتەوە. جگە لە کاری ئەندازیاری نەوت، لە ئوستralیا و مالیزیا و مامۆستای زانکۆ بووە و ئیستاش وەک توێژەری سەربەخۆ کار دەکات.

ئەم باسە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەو مشتومڕانەوە کە ئەمڕۆ دەکرێن لەبارەی دۆخ و پاشەڕۆژی دەوڵەتی عێراقەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا، ژمارەیەکی رووڵەزیادی توێژەران چاویان خستووەتە سەر ململانێکانی کورد و عێراق. لە هەوڵدانێکدا بۆ چارەسەری کێشەکە، زۆرێک لە توێژەران مامەڵەیان کردووە لەگەڵ سیاسەتەکانی حوکمکردنی باش و کایەی سیاسی و وەرچەرخانی دیموکراتی و تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ عێراق یان جیابوونەوە لێی[١]. لەولاشەوە توێژەرانی تر چاویان خستبووە سەر فیدراڵیزم وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا و چەندوچوون لە سەر ئەوە دەکەن کە وا تەوەری بیرکردنەوەی کورد لە سەر بەدیهێنانی فۆرمێکە لە فیدراڵییەت لە چوارچێوەی عێراقدا[٢]. لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخێکی کەم دراوە بە مەسەلەی پرۆژەی نەتەوەیی کورد، ئەگەر هەر هەشبێت و چۆن پەیوەندییەکانی کورد و عێراقی دارِشتووەتەوە. جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو لێکۆڵەرانەی بایەخیان بە ململانێی کورد و عێراق دەدا دەیانتوانی بگەنە ئەو سەرچاوە و کتێبانەی بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسرابوون. وەک ئەنجامێکیش، ئەدەبیات و توێژینەوەی کوردی، بەزۆری شکستیهێناوە لەوەی گێڕانەوە و دەنگی کورد بخاتە نێو ئەو لێکۆڵینەوانەی بەردەوام لە گەشەکردندان لەبارەی کێشەی کوردەوە لە عێراقدا. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ چارەسەر کردنی ئەم وێنە ناهاوسەنگە بە پیشاندانی گێڕانەوی کورد بە دەنگی خۆیان و لە رێگەی

بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە کوردی و عەرەبییانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بڵاوکراونەتەوە.

ئەم باسە ئەو پرسیارە یەکلاکەرەوە و نەدۆزراوانە تاوتوێ دەکات کە پەیوەندییان بە پرۆژەی نەتەوەیی کوردەوە هەیە و لەو سەرەتا و خەسڵەتە بنەڕەتییانەی ئەم پرۆژە کوردییە دەکۆڵێتەوە لە عێراقی نوێدا. هەروەها شیکاریی ئەو شێوازە دەکات کە پرۆژەی نەتەوەیی کوردی پێ دیزاین کرابوو بۆ بەدیهێنانی پێگەی نەتەوەیی خۆی. هەروەها بیر و بۆچوونی ناسیۆنالیست و مێژوونووسە کوردە هاوچەرخەکان راڤە کرا. بابەت و مەسەلەکانی تر کە باسیان لێوە دەکرێت پەرەپێدانی شوناسی کوردستانی بوو لە نێو کوردەکاندا[٣] و مەودای رەچاوکردنی عێراق وەک شوناسێکی نیشتمانیی ئەڵتەرناتیڤ.

هەروەها باسەکە لە چۆنێتیی بەرجەستە کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەدوێت وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ناسیۆنالیزمی عێراقی. بەهەمان شێوە تاوتوێی ئەوە دەکات کە چۆن ناسیۆنالیزمی کوردی دژوارە لەگەڵ پرۆژەی ئوممەی عێراقی و هەر بە توخمێکی گرنگ دەمێنێتەوە وەک بەشدارێک لە بەردەوامبوونی دۆخی ململانێ لە نێوان عێراق و کوردستاندا. دیسان لەوەش دەکۆڵێتەوە کە تا چ ئاستێک پرۆژەی ئوممەی کوردی بووە بە مایەی شکستی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و چۆن کاری کردووەتە سەر پرۆسەی ئاوێتە و تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا.

## ئەفسانە و سیمبۆڵ و بەها و یادەوەریی جیا

ئەنتۆنی سمیث، لە تیۆرییەکەیدا ئیتنۆ – سیمبۆڵیزم، باس لەوە دەکات کە وا لە بەرەوڕووبوونەوەی کێشەکانی مۆدێرنیتەدا، نەتەوەکان سەرلەنوێ رابوردووی ئیتنیکییان دەبووژێننەوە و دووبارە سیمبۆڵ و ئەفسانە و یادەوەری و بەها و نەریتیان دەگێڕنەوە. جارێکی تر دۆزینەوە و بارێکیتری شیکردنەوە و لێکدانەوە خزمەتی هەردوک یەکگرتن و جیاکردنەوەیان دەکات لە دراوسێکانیان[٤]. یەک لە توخمە گرنگەکانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد ( (Kurdish Nationhood Project – KNP) جارێکی تر دۆزینەوەی فۆرمێک لە فۆرمەکانی ئیتنۆ – سیمبۆڵیزم کە لە عێراق جیایان دەکاتەوە و دژوار و پێچەوانەیە لەگەڵ گێڕانەوە نیشتمانییە عێراقییە رەسمییەکاندا. پێکهاتەکانی ئیتنۆ – سیمبۆڵیزمی عێراقی، ناسنامەی عەرەبی و ئیسلامیی وڵاتەکە لەخۆدەگرێت لەگەڵ کولتووری عەرەبیی ئیسلامیی هاوبەش و مێژووی تەواوکاری پەیوەست بە شارستانێتی میزۆپۆتامیا و ئیسلامییەوە. پرۆژەی ئوممەی عێراقی جەخت لە سەر ناسنامەی عێراقی دەکاتەوە و پشت بەو ئایدیایە دەبەستێت کە وا عێراقییەکان نەوەی راستەوخۆی گەلانی سۆمەری و بابلی و ئاشووری و عەرەبین. ئەم ئایدیا و رێبازە عێراقییە وا داڕێژراوە کە رابردووی ئیتنیکی یان نەژادییان زیندوو بکەنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد و سەپاندنی پرۆژە نەتەوەییەکەی خۆی بەسەر کوردەکاندا. بۆ نموونە، لەکاتێکدا کە وا کورد رەگ و ریشەی خۆی دەباتەوە سەر میدییەکان و کورتییەکان و گرووپە زاگرۆسییە کۆنەکانی تر، کەچی کتێبە مێژووییە عێراقییەکان وا باسی ئەم گرووپانە دەکات کە داگیرکار و بەربەری و ناشارستانی و تێکدەری شارستانێتی میزۆپۆتامیان[٥].

جگە لەوەش، بۆ بەربەست دانان لە ڕێگەی خۆناساندنی کورددا وەک نەتەوەیەکی جیاواز، ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق نکوولّیی لە رابوردووی نەژادییان دەکەن و پەیڕەویی سیاسەتی "سەرلەنوێ دۆزینەوەی" بنەچەی عەرەبی دەکەن بۆ کورد. ساتیع ئەلحوسەری، کە بە باوکی ناسیۆنالیزمی پان – عەرەبیزم و ئەندازیاری سیاسەتی پەروەردە و فێرکردنی عێراقی دادەنرێت لە سەردەمی پاشایەتیدا، بناغەی تیۆریی بەعەرەبکردنی سیستماتیکی بۆ کورد دانا و پرۆژەی بەعەرەبکردنەکەی پشتی بە دوو کۆڵەکە دەبەست: لە سەرێکەوە "دۆزینەوەی" بنەچەیەکی عەرەبی بۆ کورد و ڕەوایی پێدانی پرۆسەی بەعەرەبکردنی زۆرەملێ. بەپێی راوبۆچوونی ئەم کابرایە، عەرەب ئەو کەسە بوو کە لە خاکی عەرەبدا نیشتەجێ بووبێت و بە زمانی عەرەبی قسە بکات، بەدەر لە بنەچە و نەژادی. بۆیە بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی ئەو بێت عێراق وڵاتێکی عەرەبییە و بەو پێیە کە وا لەڕاستیدا زۆرێک لە کوردەکان بە عەرەبی قسە دەکەن ئەوە شوناسی عەرەبی ئەوانیش دەگرێتەوە، بەدەر لە بنەچەی نەژادی و خۆپێناسەکردن[٦].

لە پاش سەردەمی پاشایەتی، گوتار و میدیای ڕەسمیی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق سیاسەتەکانی پێش خۆیان پەیڕەوی کرد و نکوولّییان لە شوناسی نەتەوەیی گەلی کورد و میراتی ئیتنیکیی تایبەتی دەکرد. عەبدولکەریم قاسم، کە لە کودەتای ساڵی ١٩٥٨دا دەسەڵاتی گرتەدەست و بە سەرۆک وەزیرانی عێراق مایەوە تا کوژرانی لە ساڵی ١٩٦٣دا، رایگەیاندبوو کە وا کورد نە نەتەوەن و نە گرووپێکی ئیتنیکی، بەڵکو وشەی کورد لەڕووی مێژووییەوە بۆ خێڵە کۆچەرە ئێرانییەکان بەکارهێنراوە[٧]. عەبدوسسەلام عارفی جێگرەوەی قاسم ئایدیاکانی حوسەریی زیندووکردەوە و شاڵاوێکی پرۆپاگەندەی دەستپێکرد بۆ زیندووکردنەوەی

مەسـەلەی بـنەچەی عەرەبیـی کـورد[٨]. بەم پێـیە بنیاتنـانی ئەفسـانەیەکی قەناعەتبەخش بە گێڕانەوەی رەگ و ریشـەی کورد بۆ سـەر عەرەب بوو بە پرۆژەیەکی چەسپاو لە ئەجێندای رەسمیی حیزبی بەعسدا، کە لە سالّی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣ دەسەڵاتی عێراقی بەدەستەوە بوو. هـانی ئەلفکێکي، کە لە سـەرکردە باڵاکانی بەعس و مێژوونووسـیش بوو، دان بەوەدا دەنێت کە دروسـتکردنی رەگ و ریشەی عەرەبی بۆ کورد یەکێک بوو لە پەیامە سەرەکییەکانی حیزب لە سەرەتای دامەزراندنیەوە[٩]. ناجی مەعروفیش، کە توێژەرێکی بەعسی بوو، زانیـاریی وردی لە سـەر "پاشـخانی عەرەبیـی" کـورد باسـکردووە[١٠]. جـگە لەوەش، لە ساڵی ١٩٨٩دا گۆڤاری "ئەلوەتەن ئەلعەرەبیی" سەر بە بەعس دوو بابەتی بڵاوکردەوە کە تێیاندا لافی ئەوە لێدەدات کە رەگ و ریشـەی عەرەبیی تەواوی هۆز و عەشیرەتە کوردەکانی "دۆزیوەتەوە"[١١]. باوەڕهێنان بە بوونی ساختەی توخمی عەرەبی لە ناو کورددا بۆ سەپاندنی شوناسی عەرەبی بوو بە سەر شوناسی کوردیدا.

بـۆ هەڵوەشـانەوەی ئەم حیکـایەتە رەسـمییە عێراقییـانە و نەهێشـتنی کـاریگەریی لە سـەر کورد، خۆوێنـاکردنی کـورد جەخت لە سـەر کولتـووری هاوبەشی کورد و ئەفسانەی هاوبەشی باوباپیرانیان و مێژوویەکی دانەبڕاوی بەسـتراو بە خـاکی زاگرۆسـەوە کە درێـژدەبێتەوە بـۆ قـووڵایی سـەردەمە دێرینەکان[١٢]. توێژەرانی کورد مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکەن کە وا کوردەکان، وەک گرووپێکـی ئیتنیکـی دیـاریکراو، زیـاد لە ٢٥٠٠ سـاڵە هەن لە ژێـر نـاوی پەیوەندیـداری وەک کـاردۆ، کـاردا، کـورتی، قـورتی، کۆردوینی و گۆردینی.[١٣] هەروەها کوردەکان ئامـاژە بەوە دەدەن کە پێکهاتنی ئیتنیکیی گەلـی کورد لە سـەردەمێکی زووی ٢٥٠٠ – ١٠٠٠ی پـێش زایـن دەسـتیپێکردووە و زمـانی کوردیش وەک زمانێکی سـەربەخۆ لایکەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ٧٠٠ – ٣٠٠ی

پێش زاین[١٤]. هەڵبەت لە روانگەی ئەوانەوە، کورد دەچنەوە سەر بەرەیەکی ئیتنیکیی پوخت و لەبەر ئەوەی دیاردەی تێکەڵبوون بە شێوەیەکی بایەخدار کاری تێنەکردوون، چەشنی گرووپە ئیتنیکییەکانی تر. ئەم خوێنـاکردنەی کورد جیاواز و پێچەوانەیە لەگەڵ وێنەی خەیاڵ لێکراوی کۆمەڵگەی عێراقیدا.

جگە لەوەش، ناسیۆنالیستە کوردەکان ئەفسانەکانی پێش ئیسلام بوونی خۆیان زیندووکردەوە، ئەوانەی کە پەیوەندیدار بوون بە بنیاتنانی نەتەوەی کورد و بەردەوامبوونی. بۆ نموونە هێمای خۆری میتراییزم Mithraism و زەردەشتی بوو بە سیمبۆڵی نەتەوەیی کورد و خرایە ناو سەنتەری ئاڵای کوردەوە[١٥]. سیمبۆڵێکی تری گرنگ بۆ پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە رۆژی نەتەوەیی نەورۆزە. لە ساڵی ١٩٩٧دا، کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردستانی (پەرلەمانی هەرێمی کوردستان) یاسای ژمارە دووی دەرکرد و نەورۆزی وەک رۆژی نەتەوەیی کورد بە پشوو داناوە. نەورۆزیش ئەفسانەیەکی تری پێش ئیسلامە و ئەفسانەیەکی سەرکەوتنی کوردەکانە بە سەر زوڵم و ستەمدا لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زایندا[١٦]. ئەمەش هەردوک ساڵی زاینیی نوێ و رۆژژمێر پیشاندەدات و سەرەڕای ئەوەش دامەزراندنی ئیمپراتۆرێتی میدیا لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زایندا سەرەتای رۆژژمێری کوردیشە[١٧]. کورد باوەڕیان وایە کە نەوەی میدییەکانن[١٨] و میراتگریی میدییەکان لە سروودی نیشتمانیدا جەختی لە سەر دەکرێتەوە. دواجار، ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و "سەرکەوتنی" بەسەر ملهوڕی و ستەمی زوحاکدا[١٩] بووە بە ئیلهامبەخشی خەبات و تێکۆشانی کورد لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا[٢٠]. ئەم شکۆیەی رابوردووی شارستانێتی زاگرۆسی پێش ئیسلام بەتەواوی رەگی لە یادەوەریی گشتیدا داکوتاوە. بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بەردەوام ئەفسانەکانی پێش ئیسلامی پاراستووە بۆ هاوسەنگ کردنی ئەقڵییەتەکان و بنیاتنانی شوناسێکی

سـەرتاپاگیر بـۆ نەتەوەی کـورد. ئەگەرچـی توخمەکـانی ئەم خۆنـوێنەرایەتی کردنەی کورد راسـتی بێت یـان خەیـاڵ کە پەیوەندییان بە بـابەتەکەوە نەبێت، بەڵام لەگەڵ پێوەرەکـانی سـمیثدا بـۆ نەتەوەسـازی گونجـاوە، کە تیـۆرییەکەی بـریتییە لە کولتـوورێکی هـاوبەش لەگەڵ باوبـاپیران و مێـژوو و نـاوچەیەکی هاوبەشدا[٢١].

لێکدانەوە کوردییەکان بۆ رووداوە مێژووییە گەورەکان لە سەدەی بیستدا دیسـان نکوولّی لە حیکـایەتە عێراقییەکـان دەکـات. یەک لە گرنگترین رووداوە مێژووییەکــان لە عێراقــی هاوچەرخــدا شۆڕشــی ١٩٢٠ بــوو دژ بە هێــزی کۆلۆنیالّی. شۆڕشەکە بوو بە ئەفسانەی دامەزرێنەر بۆ عەرەبە عێراقییەکان. بەهەرحــاڵ، تـوێژەرە کوردەکـان شۆڕشــەکەیان وا وێنــاکرد کە شۆڕشـێکی عەرەبیی عێراقییە و شۆڕشـێکی کوردی نیە. بەپێچەوانەی ئەوەوە، راپەڕینی ٦ی ئەیلـوولی ١٩٣٠ لە شـاری سـلێمانی بـوو بە ئەفسـانەیەکی نیشـتمانی بـۆ کوردە نەتەوەییەکان. لەو رۆژەدا خۆپیشـاندانی گەورە لە شـاری کوردنشـینی سلێمانیدا رێکخرا، کە تێیدا نزیکەی شەسـت کەس لە خۆپیشـاندەران لە سـەر دەسـتی پۆلیسـی عێراقی کوژران و دەیـان کەس برینـدار بـوون یـان دەسـگیر کـران[٢٢]. راپەڕیـنەکە، کە بە "رۆژی شەشـی رەشـی ئەیلـوول دەناسـرێت"، بە رووداوێکـی گرنـگ دادەنرێـت لە پـرۆژەی نەتەوەسـازیی کـورد لە عێراقـی هاوچەرخـدا. زۆرێـک لە شـاعیرە ناودارەکـانی کە لەو سـەردەمەدا رێزێکـی گەورەیـان لای خەڵـک هەبـوو هۆنراوەیـان بـۆ راپەڕیـنەکە نووسـی[٢٣]. جـگە لەوەش، مێـژووی نـوێ و مـۆدێرن، کە کتێبێکـی خوێنـدنی قوتابخـانەیە بـۆ خوێندکارانی تەمەن دوانزە سـاڵ لە هەرێمی کوردسـتاندا، وا بـاس لەم رۆژی رەشە دەکات کە سیمبۆڵێکی نوێی بەرگری و قوربانیدانی کوردە[٢٤]. بەو پێیە، لە سەرێکەوە، کوردەکان سیمبۆڵ و یادەوەری و ئەفسانە و بەهاکانی خۆیـان

پاراست و له سەرێکی تریشەوە، دەوڵەتی عێراق شکستیهێنا له ئاوێتەکردنی دانیشتوانی وڵات و کۆکردنەوە و یەکخستنیان له دەوری بەها و سیمبۆڵ و ئەفسانە و یادەوەرییە هاوبەشەکانی کە بەندن بە ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا و ئیسلامەوە.

## ئەندێشەی شوناسی نەتەوەیی کورد

به پێی بۆچوونی بینەدیکت ئەندەرسۆن، نەتەوە کۆمەڵگەیەکی خەیاڵییە، چونکە ئەندامەکانی نە یەکتر دەناسن نە یەکتریان بینیوە و تەنانەت هەر هیچیشیان لەبارەی یەکترەوە نەبیستووە، کەچی لە زەینی هەریەکەیاندا وێنەیەک هەیە بۆ هەماهەنگی ئەندامانی کۆمەڵگەکەیان وەک ئەوەی کە یەکتر بناسن و ئاشنایەتییان لە نێواندا بێت[٢٥]. دیدو بۆچوونی کورد لەبارەی عێراقەوە وەک شوناسێکی نیشتمانیی ئەڵتەرناتیڤ یارمەتیی روونکردنەوەی ئەوە دەدا کە بۆچی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد تایبەتمەند و جیاوازە لە بەرهەڵستیی عێراقدا. ماگنۆس بێرنهاردسۆن مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە ناوی "عێراق" لە ناو ئەو عێراقییانەدا باوبووە کە وا نەریتێکی رەگداکوتاویان هەبووە لە ناوچەکەدا[٢٦] و دەڵێ کە لێکۆڵەرە عەرەبەکان لە دەمی داگیرکاریی عەرەبییەوە بۆ ناوچەکە لە سەدەی حەوتەمدا ئەم زاراوەیەیان بەکارهێناوە. بە هەمان شێوەش فۆستەر ئاماژە بەوە دەکات کە زاراوەی "عێراق" بەستراوە بە نیشتەجێبوونی عەرەب لە ناوچەکەدا، لە سەدەی چوارمەوە بۆ حەوتەم[٢٧]. ئەگەر ئەوە راست بێت، پێدەچێت کە زاراوەی "عێراق" پێش زاراوەی "کوردستان" بکەوێت و عێراقیش وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی / نیشتمانی پێش کوردستان یان "کورد" بکەوێت بەو پێیەی کە ناسنامەیەکی نیشتمانییە.

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، توێژەر و مێژوونووسە کوردەکان پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە زاراوەی "عێراق" لەڕووی مێژووییەوە لە دوو ناوچەی جیاوازدا بەکارهاتووە هەرچەندە دراوسێش بوون. *زاراوەی عێراقی عەرەبی یان عێراقی عەرەب* وەک ئاماژە بۆ ناوچەیەک لە باشووری عێراقی ئێستا بەکاردەهات. بەڵام زاراوەی *عێراقی عەجەمی یان عێراقولعەجەم*، کە عێراقی ناعەرەب دەگریتەوە بۆ باشووری ئەمڕۆی ئێران بەکاردەهات[٢٨]. بەهەمان شێوە کوردەکان چەندوچوون لە سەر ئەوە دەکەن کە باکووری ئەمڕۆی عێراق بە ناوی *بیلادولئەکراد" واتە خاکی کوردان"* ئیشارەتی پێدەکرا و لە سەدەکانی دواتردا وەک کوردستانی جنووبی ناوی دەهێنرا[٢٩]. کەواتە، لەڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە و لە روانگەی کوردەکانەوە، هەریەکە لە ناوچە کوردی و عەرەبییەکانی ئەمڕۆی عێراق بە دوو ناوچەی جیا دادەنرێن. کاتێ دەوڵەتی عێراق دروستکرا، ئەم جیاکەرەوە جوگرافی و هەرێمی و کارگێڕیانە هەر مانەوە. ئەو کۆمیسیۆنەی کە وا کۆمەڵەی گەلان درووستیکرد بۆ دیاریکردنی سیستەمی بنەڕەتیی ویلایەتی مووسڵ یان "کوردستان"، ئەوەی دۆزییەوە کە ئەم عێراقە نوێیە لەڕووی مێژووییەوە پێکهاتبوو لە سێ ناوچەی جیاواز: عێراقی عەرەبی و جزیرە و کوردستان، هەروەها ئەوەشیان دۆزییەوە کە دانیشتوانی کوردستان بە درێژایی مێژوو خۆیان بە عێراقی لەقەڵەم نەدەدا و هەرگیز بە عێراقی نەدەناسران و بەو ناوەش ئاماژەیان پێنەدەکرا[٣٠]. مێژوونووسە کوردەکان سوورن لە سەر ئەوەی کە کوردستان وەک یەکەیەکی کارگێڕیی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەکان لە سەدەی هەشتەمدا[٣١]. بە پێی گێڕانەوەی کورد، زاراوەی "کوردستان" وەک یەکەیەکی سیاسی و هەرێمی و کارگێڕی لە سەدەی دوازەدا لە لایەن سەلجووقییەکانەوە بەکارهێنراوە[٣٢] و بەم پێیە کوردستان بە درێژایی مێژوو بە قەوارەیەکی سیاسی دادەنرێت.

کوردەکـان دەتـوانن پەنـا بـبەنە بەر گەلـێ بەڵگەنـامەی مێژوویـی بـۆ پشـتیوانی کـردن لە ئارگومێنتەکانیـان و بـۆ نمـوونە شـەرەفخانی بەدلیسـی لە کتێبەکەیدا "شەرەفنامە"[٣٣] زاراوەی *وەڵاتی* کوردستان بەکاردێنێت کاتێ ئاماژە بە وڵاتـی کـوردان دەکـات. ئەو هەرچەنـدە دەزانێـت کە کوردسـتان بەسـەر چەنـدین میرنشـینی کـورددا دابەشـبووە، بەڵام وەک یەک نیشـتمان مـامەڵەی لەگەڵ کوردسـتاندا دەکـرد و هەر میرنشـینێکی وا پیشـاندەدا کە بەشـێکە لە سـەرجەمی سیسـتەمە سیاسـییەکەی کوردسـتان[٣٤]. هەڵـبەت تـوێژەر و مێژوونووسە کوردەکان وایدەبینن کە وا لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، کوردسـتان خـاکێکی نیشـتمانیی چەسـپاوی کـورد بـووە و شوناسـی نەتەوەییشیان کوردی بووە. بۆ نموونە، میهردادی ئیزەدی دەڵێ کەوا خاکی کوردان لە پێش نزیکەی هەزار ساڵەوە پێیوتراوە "کوردستان"[٣٥]. بەڵام جەمال نەبەز باس لەوە دەکات کە یەکەم نەخشە ئیشارەتی بۆ *"بیلادولئەکراد"* یان وڵاتـی کـوردان کردبێـت دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵی ١٠٧٣ [٣٦]. هەر لەم رووەوە هاکـان ئوێزئۆغڵـوو Hakan Ozoglu، لە پێـداچوونەوەی بە بەڵگەنامەکـانی عوسمانیدا، پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە بە درێژایی چەندین سەدە زاراوەی "کوردسـتان"، وەک هەرێمێـک و وەک یەکەیەکـی سیاسـیی کـارگێڕی هەمیشـە مـامەڵەی لەگەڵ کـراوە و لە سـەرچاوە و بەڵگەنـامە عوسـمانییەکاندا بەکارهاتووە[٣٧]. فرەیەک لە کوردەکان باوەڕیان وایە کە بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان و دەچنەوە سەر ئەو گرووپە خەڵکانەی لە ناوچەی زاگرۆسی بەشی سەرەوەی میزۆپۆتامیادا ژیاون لە سەردەمە دێرینەکانەوە[٣٨]. بە واتایەکی تر و لە روانگە و بۆچوونی کوردەوە، وایان بەخەیاڵدا دێت کە ناسنامەیان بە سەردەمانێکی دوور و درێژ لەپێش درووستکردنی عێراقەوە هەبووە و کوردستان وەک هەرێمێکی جیا و خاوەن شوناسێکی نەتەوەیی/ نیشتمانیی خۆی وێنا دەکرێت لە "خەیاڵدانێکی" چەسپاودا.

بێگومـان نەوەی یەکەمـی کوردەکـان لە دەوڵەتـی عێراقـی نوێدا نمـوونە باڵاکـانی گەلـی کـورد و ناسـنامەی نەتەوەیـی کوردسـتانییان وەک میـرات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستووەتەوە. لە ساڵی ١٩٣١دا، شێخ مەحموود نووسـیویێتی کە وا کوردەکـان لە سـەر خـاکی خۆیـان ژیـاون و هـیچ کاتێـک کوردستانی باشـوور بەشـێک نەبووە لە میزۆپۆتامیا، یان بەشـێک نەبووە لە خاکی عەرەب لە ناوچەکەدا[٣٩]. هەروەها باس لە دەوڵەت و حکوومەتی عێراق دەکـات وەک دەوڵەت و حکـوومەتێکی عەرەبـی و سـوپای عێـراقیش وەک سـوپایەکی عەرەبـی[٤٠]. بە هەمـان شـێوەش، تۆفیـق وەهبـی لە سـاڵی ١٩٣١دا رایگەیانـد کە وا کوردسـتانی باشـوور نیشـتمانێکی مێژوویـی کـورد بـووە و هەرگیز بەشێک نەبوون لە خاک و وڵاتی عەرەب و هیچ کاتێ عەرەب حوکمی نەکردوون، تەنانەت لە سەردەمی خیلافەتیشدا[٤١]. تۆفیق وەهبی سووربوو لە سـەر ئەوەی کە لکانـدنی کوردسـتان بە عێـراقەوە نـاڕەوا و بێپاسـاو بـوو، هەروەهـا نـاڕەزایی لە سـەر ئەوە دەردەبـڕی کە کـورد بە عێراقـی لەقەڵەم بـدرێن و بەو شـێوەیە روونیـدەکردەوە کە هەڵەیە شوناسـیان بە عێراقـی دەستنیشـان بکرێت و وەک ئەوە وایە کەسێکی ئێرلەندی بە "ئینگلیز" لەقەڵەم بـدرێت[٤٢]. لە پـاش زیـاد لە هەشـتا سـاڵ، جەلال تاڵەبـانی[٤٣] داواکارییەکـانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلانی دووبارە کردەوە کەوا کوردستان هیچ کاتێک بەشـێک نەبـووە لە عێـراق و بەشـە عەرەبییـەکەی عێـراقیش کوردسـتانی نەگرتـووەتەوە. هەروەهـا مشـتومڕی لە سـەر ئەوە کـردووە کە لە کـۆنگرەی ئاشتیی پاریسدا خـاک و وڵاتـی کوردستان بەجیا مامەڵە کراوە و حاڵەتیکی چـونیەکی وەرگرتـووە لەگەڵ دۆخـی عەرەب و ئەرمینیـادا[٤٤]. هەروەهـا ئیشارەتیشـی بەوە داوە کە لە هەمـوو بەڵگەنـامە عوسـمانییەکان و کتێـبە بەراییەکـانی جوگرافیـای عەرەبیدا کە لە قوتابخانەکـانی میسـردا دەخـوێنران، کوردستان وەک وڵاتێکی جیا و سـەربەخۆ لە عێراق ئیشـارەتی پێدەکرا. لای

تاڵەبانی، "عێراق" ناوێکی نامۆ و نەناسراو بوو بۆ خەڵکی کوردستان و گەلی کورد لە عێراقدا بەشێک بوو لە نەتەوە یان ئوممەی کوردستانی[٤٥].

کوردستان هەمیشە وا پێناسە دەکرا کە قەوارەیەکی جوگرافی و سیاسیی جیاواز بوو لە ئەدەبیاتی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و بەڵگەنامە رەسمییەکاندا. لە ساڵی ١٩٦٠دا، رۆژنامەی *خەبات*ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، بابەتێکی بڵاوکردەوە و ئاماژە بەوە دەدات کە زاراوەی "عێراق" لەڕووی مێژووییەوە بۆ خاکێک بەکاردەهێنرا کە زۆر بچووکتر بوو لەوەی کە ئەمڕۆ بە عێراق دەناسرێت[٤٦]. هەروەها *خەبات زیاتر* روونیدەکاتەوە کەوا کوردستان هەرگیز بەشێک نەبووە لە خاکی عەرەب و ئەو بەشەش کە خراوەتە سەر عێراق لەڕاستیدا بەشێکە لە کوردستان. *خەبات* جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە زاراوەی "عێراق" وەک قەوارەیەکی سیاسی، لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دامەزراوە، بە هۆی لکاندنی زۆرەملێی "کوردستانی باشوور بە عێراقەوە" لەلایەن بەریتانییەکانەوە. لە روانگەی *خەباتەوە*، عێراق لە "کوردستانی باشوور و بەشی عەرەبیی میزۆپۆتامیا" پێکدێت. دواجار، *خەبات* دیسانەوە پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە وا تەنها بەشی عەرەبیی عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبیی گەورە و بەشە کوردییەکەشی پارچەیەک بووە لە خاکی کوردستانی گەورە[٤٧] و زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی کورد هاوبەشن لەم راوبۆچوونەدا[٤٨]. بێگومان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەمیشە کوردستانی واداناوە کە خاکێکی جیاواز بێت لە عێراقی عەرەبی.

بەکورتی، توخمی گرنگ لە پرۆژەی بە نەتەوە بوونی کورددا (پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد) ئەوەیە کە وا عێراق هەرگیز ناسنامەی نەتەوەیی / نیشتمانیی کورد نەبووە لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نوێدا، بەڵکو

بەپێچەوانەوە، لە روانگەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە، کوردستان بە چەقی ناسنامەی نەتەوەیی وێناکراو و خەیاڵییان دادەنرێت و پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد لە سەر ئەو دید و بۆچوونە بنیاتنراوە کە وا کوردستان و عێراق لە دوو خاک و نیشتمانی جیا پێکدێن. هەڵبەت کورد بەتەواوی نکووڵی لە رەوایی و شەرعییەتی حوکمی عێراق دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا و عێراق وا لەقەڵەم دەدرێت کە داگیرکەری نیشتمانی کوردە. ئەم خودخەیاڵ و وێناکردنەی کورد لەگەڵ پێناسەکەی ئەندەرسندا بۆ نەتەوە یەکدەگرێتەوە وەک کۆمەڵگەیەکی سیاسیی "خەیاڵی".

## عێراق وەک داگیرکەری کوردستان

وێناکردنی عێراق وەک داگیرکەرێکی عەرەبی بە درێژایی سەدەی پێشوو زاڵبووە بە سەر ئەدەبی نەتەوەیی کورددا. گوتاری سیاسیی کوردیش بەزۆری دەستەواژەی وەک "رژێمی داگیرکەری عێراق" و "داگیرکەری کوردستان" بەکاردێنێت بۆ ئەو چوار وڵاتەی بەشێک لە خاکی کوردستانی گەورەیان لکاندووە بە دەوڵەتەکانیانەوە و ئەم بیرۆکەیە باڵی کێشاوە بە سەر ئەدەبیاتی نەتەوەیی کوردستاندا[٤٩]. بە هەمان شێوە، ناسیۆنالیستە کوردەکانیش لە قۆناخی دوای سەردەمی پاشایەتیدا عێراقیان وا وێناکردووە کە داگیرکەری کوردستانە[٥٠]. وەک رەتکردنەوەیەکی رەوایی حوکمی عێراق بۆ کوردستان، جەلال تاڵەبانی سوور بوو لە سەر ئەوەی کە وا کورد رازی نەبوون ببنە بەشێک لە عێراق. جگە لەوەش، کۆمەڵەی گەلان بەرپرسیار بوو لە رێگەدان بە سوپای عێراق کە کوردستان داگیربکات[٥١]. هەر لەم رووەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان[٥٢] و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان[٥٣] وا ناوی سوپای عێراق دێنن لە کوردستاندا کە سوپایەکی داگیرکەرە[٥٤]. ئەو

بەرنامە سیاسییەی کە هەردوو کۆنگرەی گشتیی یەک و دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خستیەڕوو، وا وێنای کوردستان دەکات کە وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوە و کوردیش وەک نەتەوەیەکی بندەست و پارچە پارچە کراو دەخاتەڕوو[٥٥]. داگیرکردنی کوردستان و تواندنەوەی کورد بەشێکی باڵادەستی فەرهەنگی سیاسیی عێراق بوو بەپێی بۆچوونی رەفیق سابیر، کە بیرمەندێکی کوردی رێزلێگیراوە و وایشی بۆدەچێت کە کورد ناچاری "عێراقیبوون" کراون لە رێگەی داگیرکردنی کوردستان و بە هۆی ملهوڕی و ستەمەوە. رۆڵی پێچەوانەی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو ئەو بۆندە بوو کە "کوردستانی باشووری" لەگەڵ عێراقدا پێکەوە بەستەوە[٥٦]. کوردە ئیسلامییەکانیش بەشداری ئەو وێناکردنەی کوردە ناسیۆنالیست و چەپڕەوەکان بوون کە وا حکوومەتی ناوەندی "داگیرکەرە". بۆ نموونە، عوسمان عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، سەرکۆنەی "داگیرکەری کوردستان" دەکات، واتە عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا، لەسۆنگەی دابەشکردن و بندەست خستنی نەتەوەی کوردەوە[٥٧]. بەزۆریش کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا وا باس لە عێراق دەکەن کە داگیرکەری کوردستانە و بۆ نموونە، کتێبی "مێژووی نوێ" کە کتێبێکی خوێندنی قوتابخانەیە بۆ خوێندکارانی پۆلی دوانزەی هەرێمی کوردستان وا باس لە کوردستان دەکات کە "وڵاتێکی داگیرکراوە" و کوردیش "نەتەوە یان گەلێکی بندەستە"[٥٨]. بەم شێوەیە، خاسییەتێکی گرنگی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد بریتییە لە وێناکردنی عێراق وەک داگیرکەرێکی کوردستان.

## بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد

خەسڵەتێکی گرنگی تری پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد وێناکردنی کوردە بۆ بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان وەک "بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز". لە ساڵانی چلەکانی سەدەی رابوردووەوە مەسەلەی "رزگارکردنی کوردستان" لە "داگیرکردنی عێراق"، ئامانجی هەردوک کوردە ناسیۆنالیستە ئۆتۆنۆمیخواز و جوداخوازەکان بوو. خەبات و تێکۆشانی کورد وەک بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز شکۆ و شانازیی بۆ دادەنرا و ئەم تێڕوانینە زاڵ بوو بە سەر زۆربەی گوتاری حیزبە سیاسییە کوردییەکاندا و زۆربەیان خۆیان وا پێناسە دەکرد کە بەشێکن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. بۆ نموونە، لە یاداشتێکدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا، حیزبی رزگاریی کورد[٥٩] باس لەوە دەکات کە وا ئەرکی رزگار کردن و سەربەخۆیی میللەتی کوردە[٦٠]. کۆمیتەی ئازادی، کە بەرەیەک بوو ئەو ئەفسەرە کوردانە دایانمەزراندبوو کە چووبوونە پاڵ راپەڕینی بارزانی ساڵی ١٩٤٥ و حیزبی هیوا[٦١]، کە ئامانجی حیزبەکەیان بۆ "رزگار کردنی کوردستانی عێراق بە هۆکار و ئامرازی سیاسی" دیاریکردبوو[٦٢]. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەمان هێڵی بیرکردنەوەیان پەیڕەوی دەکرد لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا[٦٣].

حیزبە سیاسییە کوردییە گەورەکان لە قۆناخی دوای پاشایەتیدا هەمان بیروباوەڕی جووڵانەوەی رزگارییان پەیڕەوی کرد. بۆ نموونە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە کاتی دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٤٦وە تا ئێستا باڵادەستە بە سەر سیاسەتی کوردیدا، سەلماندوویەتی کەوا سەرکردە و رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردە.[٦٤] بە هەمان شێوە، لە ساڵی ١٩٩٢دا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کە رۆڵێکی باڵادەستی بینی لە

ساڵی ١٩٧٦وە، سەلماندی کە رکابەر و رابەرە لەو بزووتنەوەیەدا.[٦٥] حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە لە پێشەنگی بزووتنەوەکەدایە[٦٦] و پارتی گەلی کوردستانیش (١٩٧٩ – ١٩٩٢) حیزبێکی تر بوو کە خۆی بە بەشێک لەو بزووتنەوەیە دەزانی[٦٧]. بەرەی کوردستانیی عێراقیش[٦٨] پێداگرە لە سەر ئەوەی کە رۆڵی رابەرایەتی بینیوە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا.[٦٩] زاراوەی "بزووتنەوەی رزگاریی کورد" لە دەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە و لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئاماژەی پێکراوە و بەشدارە لە گوتاری سیاسیی کوردیدا. دیباجەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان "بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد" شکۆدار دەکات وەک جووڵانەوەیەک "لەپێناوی ئازادیمان، بۆ بەرگری لە شەرەف و ناموسمان و پارێزگاری لە گەلەکەمان"[٧٠]. جگە لە هەندێک ناوبڕ کوردەکان ئۆتۆنۆمیی دیفاکتۆی راستەقینەی خۆیان سەپاندووە لە ناوچەیەکی بەرفراوانی هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٦١وە و ئیشارەت کردن بۆ ئەم ناوچانە وەک کوردستانی رزگارکراو یان ئازاد بە گوتارێکی سیاسیی باڵادەستەوە[٧١]. بە هەمان شێوە، زاراوەکانی "رزگار نەکراو" یان "داگیرکراو" بەکاردێن وەک ئاماژەیەک بۆ ناوچەگەلی وەک کەرکوک کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتدایە. بەم پێیە وێناکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد وەک بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز بە قووڵی رەگی داکوتاوە لە فەرهەنگی سیاسیی کورددا.

لە گەڵ ئەوەشدا، بیروباوەڕی کوردەکان کە وا بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیان هەیە، بووە بە هۆی سەرلەنوێ دامەراندنەوەی پەیوەندیی نێوان کورد و عێراق و هەروەها پرۆسەی ئاوێتەبوونی کورد لە وڵاتدا بە چەندین رێگە و شێوە. یەکەم، کوردەکان بزووتنەوەی رزگاریخوازی لای

خۆیانەوە راگەیەنراویان بەکارهێناوە بۆ رەتکردنەوەی سیاسەتی رەواییدان بە عێراق و تاوانبار کردنی حیزبە سیاسییە کوردییەکان. دووەم، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بناغەیەکی رەخساندووە بۆ رەواییدان و تەیارکردنی جەماوەری کورد. سێهەم، بە ئاماژە کردن بۆ دۆخی داگیرکاریی عێراق، حیزبە کوردییەکان شەرعییەتی حوکمی حکوومەتی ناوەندییان لە کوردستاندا و لە نێو کوردەکاندا تێکشکاندووە. چوارەم، پۆلێنکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و عێراق وەک پەیوەندیی نێوان "رزگارکەر لەبەرانبەر داگیرکەردا" هانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کوردی داوە و برەوی بە ئەگەری بەردەوامبوونی داوە. ئەمەش بەو هۆیەوە بووە کە جووولانەوەی رزگاریخوازی کورد خەبات و تێکۆشانی دژ بە "داگیرکردنی عێراق" بەکارهێناوە وەک زەمینەیەکی بەپیت بۆ راکێشانی کوردەکان بۆ ناو ریزەکانی. پاشانیش ئەو دابڕکارییەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەکاریدێنیت بۆ "کوردە رزگارکەرەکان" لە بەرانبەر "داگیرکەرە عێراقییەکاندا" سروشتێکی بەرهەڵستکاریی دەرخستووە بۆ پرۆژە نەتەوەسازییەکانی nationhood کورد و عێراق.

## شكۆدانان بۆ كولتووری سیاسیی حوكمی خۆكردن (ئۆتۆنۆمی)

توخمێكی تری پرۆژەی نەتەوەسازیی كورد مەسەلەی شكۆ دانانیانە بۆ كولتووری سیاسیی حوكمی خۆكردن. بۆ ماوەی چەندین سەدە و تا ئەو كاتەش كە كوردستان خرایە سەر عێراق، شێوەیەک لە شێوەكانی ئۆتۆنۆمیی هەبوو و ئەمەش رۆڵی خۆی بینی لە فەرهەنگە سیاسییەكەیدا. مێژوونووسە كوردەكان پێ لە سەر ئەوە دادەگرن كە وا كوردستان وەک یەكەیەكی ئیداریی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەكان لە سەدەی هەشتەمدا[٧٢]. سەلجووقییەكان بۆ یەكەمجار لە سەدەی دوانزەهەمدا زاراوەی "كوردستان" یان بەكارهێناوە وەک یەكەیەكی سیاسیی هەرێمی و كارگێڕی[٧٣]. هەروەها شەرەفخانی بەدلیسی زاراوەی وەڵاتی كوردستان بەكاردێنێت لە هەر ئاماژەیەكیدا بۆ خاكی كوردان[٧٤]. لەم بارەیەوە بەدلیسی سێ سیستەمی حوكمڕانیی بۆ كوردستان پۆلێن كردووە. یەكەمیان سەردەمی سوڵتان و پاشاكان كە وا حوكمڕانی و پێگەیان هاوتەرییە لەگەڵ حوكمی خەلیفە عەرەب و توركەكاندا. دووەمیان ئەو حوكمڕانە كوردانە بوون كە حوكمیان هاوتای دەوڵەت بووە، بەڵام داوای سەربەخۆییان نەكردووە. ئەم حوكمڕانانە لەشكر و سكەی پارەی خۆیانیان هەبووە و ناویان لە وتاری نوێژی هەینیدا هێنراوە[٧٥]. بەشی سێهەمیش، بەپێی بەدلیسی، حوكمی میر بووە و ئەمیان سەرۆكی كۆنفیدراسیۆنێكی خێڵەكان بووە كە باجی داوە بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی یان سەفەوی و لە دۆخێكی هاوشانی خەلیفەكانی عەرەب و توركدا بووە.

بەڵگەنامە رەسمییەكانی عوسمانی ئەوە دەسەلمێنن كە لە نێوان سەدەكانی شانزە و نۆزدەدا كوردستان یەكەیەكی كارگێڕی بووە بە ناوی

*ویلایەتی کوردستان*. ئەم *ویلایەتە* رووبەرێکی گەورەی خاکی کوردستانی گرتبووەوە و دیاربەکر، کە شارێکی کوردییە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیای ئێستادا، مەڵبەندی ئەم ویلایەتە بوو[٧٦]. لەم سەردەمەدا هەردوک مووسڵ و شارەزوور، کە دوو پارێزگای کوردستان بوون پەیوەندییان بە حوکمڕانی دیاربەکرەوە بووە لەجیاتیی بەغدا و ئەستەمبووڵ[٧٧]. لەپێش رووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی و دامەزراندنی عێراقی نوێ، عوسمانییەکان بەجیا لەگەڵ ناوچە کوردی و عەرەبییەکان مامەڵەیان دەکرد و لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، کە عوسمانییەکان دوو سیستەمی حوکمیان پەیڕەوی دەکرد، یەکەمیان ناڕاستەوخۆ بوو کە هەر بەناو حوکمی کوردستانی دەکرد، ئەویتریان حوکمی راستەوخۆ بوو لە بەغدا و بەسرە و شوێنانیتر. بێگومان لەم سەردەمەدا کوردەکان خاوەنی نیمچە سەربەخۆییەک بوون و میرنشینە کوردییەکان حوکمیان کردوون.

هەڵبەت چەندین سەدە لە خۆبەڕێوەبەری و نیمچە سەربەخۆیی کورد رەنگرێژی شێوازێک لە ژیانی کوردی کردبوو و رۆڵی گێڕابوو لە فەرهەنگی سیاسی سیستەمی بیروباوەڕیدا. دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ و تا پەڕی ئەوپەڕی سێنترالی عێراق لە سالانی ١٩٢٠کاندا کوردی خستە سەر چوارڕێیانێک. بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەهێز، حوکمڕانانی عێراق باوەڕیان وابوو کە پێویستە لەسەریان نەریتی سیاسیی کورد لەناوببەن. زۆربەی کورد پێیانوابوو کە رێز لە سەربەخۆیی سیاسیی رێژەییان دەگیرا ئەگەر قایل بوونایە حوکمێکی دەرەکییان بەسەردا بسەپێت و چاوەڕوانیی رزگاربوون لە حوکمی راستەوخۆی حکوومەتی ناوەندی بەئاشکرا دیاربوو بە هەڵسوکەوتی سیاسیی تاڕادەیەک زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە. ئەم چاوەڕوانییەش تەواوی کەرت و توێژەکانی کۆمەڵگەی

کوردی دەگرتەوە: لە خێڵەکییەوە بۆ شارستانی و لە مۆدێرنەوە بۆ نەریتی و لە کەسانی سەر بە عێراقەوە تا ئەوانەی کە یاخی بوون و ملیان نەدەدا، لە هەردوک ئەوانەی دەیانویست بچنە سەر عێراق یان سەربەخۆبن. لە سەرەتای سالآنی ۱۹۳۰وە، کوردە بارزانییەکان یاخیبوون وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی، کە خۆی دەبینییەوە لە سەپاندنی حوکمی راستەوخۆ و دەستێوەردان لە کاروباری دەڤەری بارزانی کوردستاندا[٧٨]. لە ساڵی ١٩٤٤ بەملاوە، کەرت و توێژە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی کەوتنە رۆڵگێڕانی گرنگ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا و سەرکردە خێڵەکییە سەربازی و ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکانی وەک شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵی ۱۹۳۲دا و مستەفا بارزانی لە سالآنی ۱۹٤۲ – ۱۹٤٥دا و شێخ مەحموود لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا (لێرەدا بە هەڵە دووەم نووسراوە – و)، هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان خستبووەگەڕ بۆ سەربەخۆیی میرایەتی و مافی کولتووری و سەربەخۆیی ئیداری. داواکاریی باڵی میانڕەوی ئاغاکانیش (واتە سەرۆک هۆزە کوردییەکان) خۆی لە چەند مافێکی کەمی کولتووری و ئابووریدا دەدۆزییەوە.

یەک لە کەسایەتییە ناودار و دەرکەوتووەکانی نێو سەرکردەکانی هۆزەکان مستەفا بارزانی بوو، کە بیروباوەڕ و بەرنامەکانی درێژبووەوەی ئەو فەرهەنگە سیاسییە بوو کە وا بۆ چەندین سەدە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کوردی کردبوو، بە دیاریکراویش فەرهەنگ و کولتووری میرنشینەکان. بانگەشەکەی بارزانی بۆ ئۆتۆنۆمیی ئیداری لە سایەی پارێزگاریی بەریتانیادا دواتر پەرەیسەند بۆ داواکاریی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمیدار بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدادا. بارزانی وەک رابەر و سەرکردەیەکی نەتەوەیی کوردەکان قبووڵ کرا، بەتایبەتی پاش بەشداری کردنی لە کۆماری مهابادی کوردستانی

ئێران لە ساڵی ١٩٤٦ – ١٩٤٧دا و دوورکەوتنەوەی بۆ تاراوگە لە یەکێتیی سۆڤیێتدا. بە درێژایی سەدەی بیستەم، بارزانییەکان لە دۆخی یاخیبووندا بوون دژ بە تاڕادەیەک هەموو رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق. لە ساڵی ١٩٤٦ بەملاوە، بارزانییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو چوونە ریزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە. هەر لە نزیک ناوچەی بارزانەوە سەرۆک خێڵەکانی لۆلان و زێباری و هەرکی هاوکارییان لەگەڵ هەموو رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا دەکرد[٧٩]. ئەم هاوکارییەش بە هۆکاری ئەوەوە بوو کە حکوومەتی ناوەندی لەگەڵ ئەم خێڵانە رێککەوتبوو کە وا بەڕێوەبردنی کاروباریان بەخۆیان بسپێرێت. هاوکاریی نێوان حکوومەتی ناوەندی و ئەم سەرۆک عەشیرەتانە لە ساڵانی بەرایی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە دەستیپێکردووە و بە درێژایی سەردەمەکانی پاشایەتی و کۆماری بەردەوامی هەبووە تا بە رۆژگاری ئەمڕۆمان. هۆکاری سەرەکی یاخیبوونی خێڵەکی یان هاوکاری و هەماهەنگی ئەو سیاسەتەی حکوومەتی ناوەندی بوو کە خۆی لە حوکمی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ناوچە خێڵەکییەکانی کوردستاندا دەدۆزییەوە. هەموو رژێمە عێراقییە یەک لە دوای یەکەکان، هەر لە مەلیک فەیسەڵەوە تا سەددام حوسێن نیمچە سەربەخۆییەکی سنووردارییان دەدا بەو توێژانەی کۆمەڵگەی کوردی کە سەر بە حکوومەتی ناوەندی بوون و رێگەیان بەو کانتۆنە ئۆتۆنۆمیدارە لۆکاڵییانە دەدا کە لە سەر بناغەی فیدراسیۆنی خێڵەکی بەڕێوەدەچوون.

کولتووری سیاسیی ئۆتۆنۆمی یان خۆبەڕێوەبردن رەنگدانەوەی گوتاری سیاسی و ئەدەبیی کورد بوو بە درێژایی سەدەی رابوردوو. بۆ نموونە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە راگەیاندنی دامەزراندنیدا بانگەشەی فیدراڵییەتی کردووە بۆ کوردستان[٨٠]. بەهەرحاڵ، لە ساڵی ١٩٦١ بەدواوە،

ئامانجە سەرەکییەکانی پارتی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بووە[٨١]. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، کە هاوپەیمانی و یەکگرتنی چەندین رێکخراوە و لە ساڵی ١٩٧٥وە دامەزراوە، هەمان رێچکەی گرتووەتەبەر و بۆ ماوەی چەندین ساڵ، ئامانجی سەرەکیی یەکێتی بەدیهێنانی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان بوو[٨٢]. بە بارێکی تردا، هەموو حیزبە کوردییەکانی کە سەرکردە خێڵەکییەکانیان لەخۆگرتبوو، لە نێویاندا کۆمیتەی ئازادی و پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشگێڕان[٨٣]، بانگەشەیان بۆ ئۆتۆنۆمی دەکرد. بەڵام ئەوانەی کە بە دیاریکراوی بە شارستانی مانەوە، وەک تێکۆشین و شۆڕش و کۆمەڵە[٨٤]، ئەوە بانگەشەی سەربەخۆییان دەکرد. بەهەرحاڵ، توخمێکی تری پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد کولتووری خۆبەڕێوەبردن بوو کە بە قووڵی رەگی داکوتابوو و حوکمی ناڕاستەوخۆ خۆی سەپاندبوو. ئەم کولتوورە سیاسییە لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا چەسپیوە و بەرەنگاری حوکمی عێراقی و سیاسەتە ناوەندییە تایبەتەکەی دەبێتەوە، وەک لە کوردستاندا جێبەجێی دەکات.

## یەکگرتن بەخواستی خۆ لەگەڵ عێراقدا

زۆرێک لە کوردەکان وایدەبینن کە یەکگرتنی خۆویستانە سیاسەت و چارەسەرێکی زیاتر واقیعیانە و کردەییە، بەراورد بە هەڵلووشینی زۆرەملێ و پێشێلکردنی مافی چارەنووسیان. پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی یەکەم بەرنامەی سیاسیی کە لە ساڵی ١٩٤٦دا رەزامەندیی لە سەر درابوو، دەبێتە یەکەم حیزبی سیاسی کە بانگەشەی بۆ یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دەکرد لە نێوان کورد و عەرەبدا، وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ یەکخستنی زۆرەملێ[٨٥]. لە

ساڵی ١٩٥٦دا، حیزبی شیوعیی عێراق، بە هۆی کاریگەریی کوردەوە، پشتیوانیی خۆی لە سەربەخۆیی ناوخۆیی کورد راگەیاند لە سەر بناغەی یەکگرتنی خۆویستانە و برایانە[٨٦]. لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا، کوردەکان پێداگرییان دەکرد لە سەر یەکگرتنی خۆویستانە لە نێوان کوردستان و عێراقدا، لە دانوستاندندیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی. لە دەستووری فیدراسیۆنی کوردستانی عێراقدا[٨٧] هاتووە کە ئامانجی بەدیهێنانی مافی چارەنووسە بۆ گەلی کورد و دەستەبەر کردنی یەکێتییەکی ئازادانە و خۆبەخشانە لە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبدا، لە چوارچێوەی عێراقێکی سەربەخۆ و دیموکراتیدا[٨٨]. بەم شێوەیە، بیر و بۆچوونی کورد سەبارەت بە مافی چارەنووس پێدەچێت زیاتر ئامادە بێت بۆ ئەوەی ببێتە یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە لەبری جوداخوازیانە بە هۆکاری واقیعیانە.

لەڕووی مێژووییەوە، حکوومەتی عێراق هەردوک مافی چارەی خۆنووسینی کورد و بیرۆکەی یەکگرتنێکی خۆویستانەی رەتکردەوە. رەنگە تەنها بواردن دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٥٨ بێت، کە لە دەقی مادە سێیدا هاتووە کە وا "عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن". هەرچەندە ئەمە نەگەیشتە رادەی دانپیانانی رەسمیی یەکگرتنێکی خۆبەخشانە، بەڵام لەلایەن کوردە نەتەوەییەکانەوە هەر بەو بناغەیە دادەنرا کە عێراقی یەکگرتووی لە سەر دابڕێژرێت[٨٩]. بۆ یەکەمجار، نەتەوەییە کوردەکان بە سەرکردایەتیی پدک، پابەندیی خۆیان بە دەوڵەتی عێراقەوە دەربڕی و بە "کۆماری عەرەب و کوردیان" لەقەڵەمدا[٩٠]. لەگەڵ ئەوەشدا، نە چەمکی هاوبەشیی عێراق و نە بیرۆکەی کورد بۆ کۆماری کورد و عەرەب بەرهەمێکیان نەبوو. لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦١دا، شەڕ لە نێوان کورد و هێزەکانی عێراقدا لە هەموو بەرەکانەوە دەستیپێکرد و بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بەردەوام بوو تا

ساڵی١٩٩١. کاتێ عەبدولسەلام عارفی سەرکردەی نەتەوەپەرستی عەرەب دەسەڵاتی گرتەدەست[٩١]، لە ساڵی ١٩٦٤دا ئەو مادە تایبەتەی بە "هاوبەشیی کورد و عەرەب"[٩٢] لە دەستووری کاتیی هەمووارکراوی ئەو ساڵەدا لابرد. لە تەمووزی ١٩٦٨دا، کاتێ حیزبی بەعس لە سەرەتادا دەسەڵاتی گرتەدەست، سەبارەت بە مافەکانی کورد نەرمیی نواند. لەو دانوستاندنانەی بەدوایدا هات لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و دەسەڵاتدارانی عێراقدا، داواکاریی کورد بە یەکگرتنی خۆبەخشانە بەرەوڕووی تەحەدایەکی گەورە بووەوە و گەورە کاربەدەستانی عێراق پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە ناوچە کوردنشینەکەی وایان پێباشتر بوو بە باکووری عێراق ناوی بێنن، بەشێکی دانەبڕاوە لە وڵات[٩٣]. دەستووری کاتیی عێراقی ساڵی ١٩٦٨ و هەروەها دەستووری کاتیی عێراقی ساڵی ١٩٩٠، پەیڕەویی ڕێبازێکی نەرمتر و روو لە چارەسەریان کردبوو لە ئاست داواکارییەکانی کورددا[٩٤] و لە دەقی هەردوو دەستوورەکەدا هاتبوو کە وا "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە". بەهەرحاڵ، خۆلادانێکی مەبەستدار لە زاراوەی "هاوبەشیی کورد" هاتەکایەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣دا، رووبەرێکی گەورەی کوردستانی عێراق لەو وڵاتە دابڕا و کار وا تێیدا بەڕێدەکرا وەک ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت ناوەکەی لێبترازێت. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکان گەڕانەوە بۆ عێراق لە پاش رووخانی رژێمی سەددام حوسێن لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣دا، لە ئەنجامی داگیرکردنی ئەمریکاوە. لێکدانەوەی رەسمیی کوردی، لەلایەن مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، ئەوەیە کە هەردوکیان پابەند نین بە گێڕانەوەی کوردستان بۆ عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتنێکی "خۆبەخشانەیان" لەگەڵ عێراقدا هەڵبژارد[٩٥]. کوردەکان، سەرباری رۆڵی بنەڕەتییان لە عێراقی

دوای داگیرکــردن و داواکارییەکانیــان، شکســتیان هێنــا لە دەســتەبەرکردنی دانپیانــانی عێراقییەکــانی تــر بە مــافی دیــاریکردنی چارەنووســیان و دۆخــی خۆویستانەی یەکگرتنیان. لە دیباجەی دەستووری عێراقیی دوای داگیرکردندا، دوو بــڕگە لەبــارەی "یەکگرتنــی خۆبەخشــانەوە" هەن. دیبــاجەکە بەوە دەستپێدەکات کە "ئێمەی گەلی عێراق لە هەموو پێکهاتە و ڕەنگەکان ئەوەمان لەئەســتۆی خۆمــان گرتــووە کە وا بە ئــازادی و خواســتی خۆمــان بڕیــاری بژاردەی یەکخستنی پاشەڕۆژمان بدەین". ئەوجا بەوە کۆتایی دێت کە "پابەند بوون بەم دەستوورە یەکێتیی ئازادانە بۆ گەل و خـاک و سـەربەخۆیی عێراق دەسـتەبەر دەکـات". پاشـان مـادەی یەکەم سـەرلەنوێ جەخـت لە سـەر ئەوە دەکاتەوە کە "ئەم دەستوورە پارێزەری یەکێتیی عێراقە"[٩٦]. بەم پێیە بێت ئەم دەســتوورە چارەســەرێکی پوخــت و تەواوە بــۆ ئەســتۆپاکیی عێــراق. بەڵام هاوشـیوەی دەسـتوورەکانی پێشـوو، دەسـتووری عێراقـی دوای داگیرکـردن کــوردی خســتەلاوە و هــیچ دانپیانــانێکی روونــی تێــدا نــیە بە یەکگرتنــی خۆبەخشــانەی هەردوو گەل. بەڵام ســەرباری ئەوەش و بــۆ یەکەمجــار لە مێــژووی دەســتووریی عێراقــدا، یەکگرتــوویی عێــراق دووچــاری مەترســی بــووەتەوە و بــووە بە مەســەلەیەکی مەرجــدار. بەو پێــیەی ئەم ڕاگەیانــدنە تەمومژاوییە سەبارەت بە هەر هاوسـەنگییەک لە پاشـەڕۆژدا، ئەوە کوردەکان دەتوانن ئەم مادەیە بەکاربێنن بۆ پاساوهێنانی جیابوونەوەیان لە عێراق.

دەکرێـت چەنـدین لێکـدانەوە پێشـکەش بکرێـت سـەبارەت بە مـامەڵەی دەستووریی هەمیشەیی لە مەسەلەی ئەستۆپاکیی عێراقیدا. بۆ نموونە، هەموو دەسـتوورەکانی عێـراق لە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٥ و ٢٠٠٤ دا، جەخـت لە سـەر "پــارچە پــارچە نەکردنــی خــاکی عێــراق" دەکــاتەوە. بەهەرحــاڵ، ئەم جەختکـردنەوەیە لە دەسـتوورە نـوێکە لابـرا. جگە لەوەش، یەکێتیی عێـراق و

خاکەکەی بوو بە مەسەلەیەکی مەرجدار و وابەستە بە "پابەند بوون بە دەستوورەوە". زۆرێک لە کوردەکان وایدەبینن کە ئەم هێڵانە هۆکاری جیابوونەوەن، یان بڕگەیەکی خۆدزینەوەن لە کاتی بوونی هەر ناکۆکییەک لە داهاتوودا و لەبارەی کاروباری ناوخۆییەوە. بۆ نموونە، مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە گەلێ بۆنەدا، جەختی لە سەر ئەوە کردووەتەوە کە وا پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە یەکێتیی عێراقەوە بەستراوە بە پابەندبوون بە دەستوورەوە[٩٧]. جگە لەوەش، لە ساڵی ٢٠٠٦دا نێچیرڤان بارزانی، کە دواتر بوو بە سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە وا:

"گەلی کوردستان یەککگرتنێکی خۆبەخشانەی هەڵبژارد لەگەڵ عێراقدا بە پێی بنەمای دەستوور، لەبەرئەوە ئەگەر وەزیرەکانی بەغدا پابەندیی خۆیان بەم دەستوورە رەتکردەوە، ئەوە گەلی کوردستان مافی خۆیەتی چاو بەم بڕاردەیەماندا بگێڕێتەوە"[٩٨].

بە هەمان شێوە، مەسعوود بارزانی ئاشکرای کرد کە "وازهێنان لە مادەی ١٤٠ی دەستوور بە پێشێلکردنی دەستوور دادەنرێت و لەوانەیە هەڕەشە بێت بۆ یەکێتیی عێراق"[٩٩]. ئەم ڤێرژنە بەڕوونی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا چەسپاوە و لە دەقی مادەی حەوتی دەستووردا هاتووە کە:

"گەلی کوردستان بە تەواوی خواستی خۆیانەوە ... ئەوەیان هەڵبژاردووە کە هەرێمێکی فیدراڵی بن لە ناو عێراقدا، بەمەرجێک عێراق پابەندی سیستەمی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی بێت و بە پابەندی بمێنێتەوە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ تاک و گرووپەکان، وەک لە دەقی دەستووری فیدراڵیدا هاتووە"[١٠٠].

بەم پێیە، ئەگەر بیرۆکەی کورد بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووس بۆ یەکگرتنی خۆویستانە زیاتر ڕەمزی بێت لە جیابوونەوە، ئەوە یەکگرتنی خۆویستانە خولیا و ئاواتەکانی کورد بۆ جیابوونەوە لە عێراق بەزیندوویی دەهێڵێتەوە.

## ئەنجام

پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد پشت بە شوناسێکی کوردستانیی هاوچەشن دەبەستێت و لە سەر ئەو ڕوانگەیە بنیاتنراوە کە کورد نەتەوە بوون و لەباربوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە سەر خاکی نەریتیی خۆیان لە کوردستان. ناسیۆنالیزمی کوردی و پرۆژە نەتەوەسازییەکەی جەخت لە سەر گەلێ بنەمای سەرەکی دەکاتەوە. یەک لە توخمە گرنگەکانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد سەرلەنوێ دۆزینەوەی فۆرمێکە لەو هێما ئیتنیکیانەی (ئیتنۆ – سیمبۆلیزم) کە لە عێراق جیایان دەکاتەوە و پێچەوانەیە لەگەڵ گێڕانەوە ڕەسمییە نیشتمانییەکانی عێراقدا، کە جەختیان لە سەر مێژوویەکی تەواوکاری دەکردەوە کە پەیوەست بوو بە شارستانێتی میزۆپۆتامیا و ئیسلامییەوە. بەهەرحاڵ کوردەکان، بۆ هەڵوەشانەوەی گێڕانەوە ڕەسمییە عێراقییەکان، برەویان بە خود وێناکردنێک داوە کە جەخت لە سەر کولتووری هاوبەشیان دەکاتەوە، وەک ئەفسانەی بنەچەی هاوبەش و مێژوویەکی هاوبەشی پەیوەست بە خاک و ناوچەی زاگرۆسەوە کە درێژ دەبێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان. جگە لەوەش، کوردەکان دووبارە ئەفسانەکانی پێش ئیسلامی خۆیان زیندوو کردووەتەوە.

بەپێی گێڕانەوەی کورد بێت هیچ کاتێک کورد و عەرەبە عێراقییەکان هاوبەش نەبوون لە یادەوەری و بنەچە و کولتوور و زمان و مێژوو و خاک و ناسنامەی نەتەوەیی. دووەم توخمی گرنگ لە پرۆژەی نەتەوەسازیی کورددا ئەوەیە کە عێراق هەرگیز لەبری شوناسی نەتەوەیی / نیشتمانیی کورد نەبووە و بەم پێوەرە بێت ئەوە کوردستان و عێراق دوو نیشتمانی جیا پێکدێنن. لە روانگەی کوردەوە، کوردستان بە چەقی شوناسی نەتەوەیی خەیاڵدان و راستەقینەیان دادەنرێت. هەڵبەت بۆ رەتکردنەوەی شوناسی عێراقی، ناسیۆنالیزمی کوردی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە نیشتمانی کورد هەرگیز بەشێک نەبووە لە عێراق لەپێش درووستکردنی دەوڵەتی عێراقی نوێدا. بۆ کورد، کوردستان شوناسێکی نەتەوەیی "رەسەنە" و شوناسی عێراقیبوون "بەشێوەیەکی درووستکراو" بەسەریاندا سەپێنراوە. بێگومان ئەمەش بە رەهایی کارێکی پەسەند و قبوولکراو نیە.

توخمی سێهەمیش، کە خەسڵەتێکی گرنگە لە پرۆژەی نەتەوەسازیی کورددا، وێناکردنی عێراقە وەک داگیرکەرێکی کوردستان. وێناکردن و تێگەیشتن لە عێراق وەک داگیرکەرێکی عەرەب زاڵە بە سەر ئەدەبی نەتەوەیی سەدەی پێشووی کورددا. خاسییەتی تایبەتمەندی چوارەمی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد تێڕوانینە بۆ جووڵانەوە نەتەوەییەکەیان وەک "بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز". بەم پێیە، پۆلێنکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و عێراق وەک پەیوەندیی "رزگارکەر لەبەرانبەر داگیرکەردا" وەک رێخۆشکەرێک بەکاردەهێنرێت بۆ راکێشانی کورد بۆ ریزەکانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد. توخمی پێنجەمی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد شکۆدانانە بۆ فەرهەنگی سیاسیی ئۆتۆنۆمی و حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ. ئەم کولتووری خۆبەڕێوەبەری و حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆیە بەقووڵی رۆچووەتە

بــزووتنەوەی رزگــاریخوازی کــوردەوە و کــار بــۆ بەرەنگــاربوونەوەی حوکمڕانیی عێراق و سیاسەتی بەناوەندی کردنی دەسەڵاتەکەی دەکات، کە لە کوردسـتاندا جێبەجێی دەکـات. دوا خاسـییەتی پـرۆژەی نەتەوەسـازیی کـورد بەهێزکردن و پەرەپێدانی بیروباوەڕی یەکگرتنی خۆبەخشانەیە لەگەڵ عێراقدا. کوردەکـان شکسـتیان هێنـاوە لە قەنـاعەت کـردن بە عێـراق و کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە وا مافی بڕیـاردانی چارەنووسـی خۆیـان هەیە. سیاسـەتمەدارە کوردەکان کاتێ بەرەوڕووی ئەم رەوشـە دەبنەوە، مەیلیـان بە لای پەیڕەوی کردنی دوو جۆر سیاسەتدا دەڕوات. لە سەرێکەوە، کاتێ کە نکوولّی لە نیاز و مەبەسـتی جیـابوونەوە دەکەن لە عێـراق، جەخـت لە سـەر مـافی بڕیـاردانی چـارەنووس دەکەنەوە. لە سـەرێکی تریشــەوە، بەزۆری پێشـنیازی یەکێتیـی خۆویسـتانە دەکرێت لەگەڵ عێراقـدا وەک ئەڵتەرناتیڤێک بـۆ مـافی بڕیـاردانی چارەنووس. بەو پێیە، فرەجار مافی یەکگرتنی خۆویسـتانە وەک سـتراتیجێکی ئەڵتەرناتیڤ بەکاردەهێنرێت بۆ ئامانجی بڕیادانی مافی چارەنووس. لە مـاوەی نەوەد ساڵی رابوردوودا، رەتکردنەوەی کورد بـۆ شوناسـی عێراقی بـووە بە هۆکـاری ململانـێ و پێکـدادانێکی شـوناس لە نێـوان هەردوو گەلـی عەرەب و کورددا.

بزووتنەوەی سەربازی تێهەڵکێشی شێوەی کاری جووڵانەوەی بەرگریی نەتەوایەتیی کورد کراوە، لەپێنـاوی جێبەجی کردنی پرۆژە نەتەوایەتییەکە و بەرەنگــاربوونەوەی "ســتەم و داپڵۆســینی" دەوڵەتــدا. وەک دەرەنجــامێکیش، سروشــتی بەرهەڵســتکاری هەردوک ناســیۆنالیزمی کــوردی و عێراقــی و پــرۆژەی نەتەوەســازییان بەدوای یەکـدا و تێڕوانینــی دیاریکراویــان رۆڵــی بایەخداری بینیوە لەو گرژییەی بەرپا بووە لە نێوان هەردوولادا و هەر لایەک لە سەر حیسابی ئەویتریان.

## سەرچاوە:

The Fundamental Characteristics of the Kurdish Nationhood Project in Modern Iraq

Aram Rafaat

ناوی باسەکە: خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی پرۆژەی نەتەوەسازیی کورد لە عێراقی نوێدا

نووسەر: ئارام رەفعەت

گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٢٠١٦

بەرگی ٥٢، ژمارە ٣، ٤٨٨ – ٥٠٤

*MIDDLE EASTERN STUDIES, 2016*

*VOL. 52, NO 3, 488 – 504*

## تێبینییەکان

١ – بۆ دیموکراتیزە کردن بڕوانە: دێریک دەبلیو. برینکەرهۆف و جەیمس ب. مەیفیلد، "حوکمی دیموکراتی لە عێراقدا؟ پێشکەوتن و مەترسی لە چاکسازیی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا "Democratic Governance in Iraq? Progress and Peril in Reforming State Society Relations"، *گۆڤاری بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی گشتی Public Administration and Development*، بەرگی ٢٥ (٢٠٠٥)، ل ٥٩ – ٧٣ ؛ عەدید دەویشە، "ئاسۆی دیموکراسی لە عێراقدا: بەرەنگاری و دەرفەتەکان The Prospects for Democracy in Iraq: Challenges and Opportunities"، *گۆڤاری وەرزیی جیهانی سێهەم Third World Quarterly*، بەرگی ٢٦، ٢٠٠٥، ل ٧٢٣ – ٧٣٧ ؛ ئەفرایم کارش "دابینکردنی ئەمان لە عێراقدا بۆ دیموکراسی Making Iraq Safe for Democracy "، گۆڤاری *Commentary*، بەرگی ١١٥، ٢٠٠٣، ل ٢٢٩.

بۆ بواری سیاسی بڕوانە: دێنیس ناتالی، "درووستکردنی شوناس و ئیدارەدانی کورد لە عێـراق و تورکیـا و ئێرانـدا: لێکـۆڵینەوەیەک لە سـەر پەرەسـەندنی ناسـیۆنالیزم Manufacturing Identity and Managing Kurds in Iraq, Turkey, and Iran: A Study in the Evolution of Nationalism"، (تێزێکی دکتۆرایە لە زانکۆی پەنسیلڤانیا)؛ ئەندریاس ویمەر، "دیموکراسی و شەڕ و ململانێی نەژادی و ئایینی لە عێراقدا Democracy and Ethno – religious Conflict in Iraq"، گۆڤاری *Survival*, بەرگی ٤، ٢٠٠٤، ل ١١١ – ١٣٤.

٢ – مایکڵ م. گونتەر، "کورد لە عێراقدا: بۆچی دەوڵەتداریی کورد مایەی ڕەزامەندی نیە"....؛ مایکڵ م. گونتەر و هاکان یاڤوز، *"قەیرانی بەردەوام لە کوردستانی عێراقدا"*، *گۆڤـاری سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت Middle East Policy*، بەرگـی ١١ (٢٠٠٤)، ل ١٠٦ – ١١٠ ؛ مایکـڵ م. گـونتەر و هاکـان یـاڤوز، "قەیرانـی بەردەوام لە کوردسـتانی عێراقـدا"، هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو، بەرگـی ١٢ (٢٠٠٥)، ل ١٢٢ – ١٣٣.

٣ – شوناسـی کوردسـتانی ئەڵتەرنـاتیڤێکە بـۆ شوناسـی عێراقـی. ئەمە گوزارشـێکە لە دۆخی شێوە دەوڵەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها زاراوەیەکی گشتگیریشە کە وا ڕووبەرێک دەرەخسێنێت بۆ کەمینە غەیرە کوردەکان لە هەرێمی کوردستاندا. زۆر کـورد لە عێراقـدا و بەتـایبەتی ڕۆشـنبیرە کوردەکـان خۆیـان زیـاتر بە کوردسـتانی دادەنێن وەک لەوەی عێراقی بن.

٤ – ئەنتـۆنی د. سـمیث، *"سـیمبۆڵیزمی نەژادی (ئێتنـۆ – سـیمبۆڵیزم) و ناسـیۆنالیزم: مامەڵەیەکی کولتوورییانە"*، (نیویۆرک: ڕۆتلێج، ٢٠٠٩)، ل ٢٢٢ – ٢٢٦.

٥ – جمهوریـة العـراق / وزارة التربیـة، *"التـاریخ القـدیم للـوطن العربـی للصـف الأول المتوسـط (مێـژووی کـۆنی نیشـتمانی عەرەب بـۆ پـۆلی یەکـی ناوەنـدی)"*، بەغـدا: وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٩، لاپەڕەکانی ٣٨،٤٠، ٤٤، ٥٦ – ٥٧.

٦ – ساطع الحصری، *"مذکراتی فی العراق، ١٩٢١ – ١٩٢٧ (یاداشتەکانم لە عێراقدا)"*، بیـروت: دار الطلیعـة ١٩٦٧، ص ١١٠ ؛ سـاطع الحصـری *"أبحـاث مختـارة فـی القومیـة العربیـة (لێکـۆڵینەوەی هەڵبـژاردە لەبـارەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبییەوە)"*، بیـروت: دار المستقبل العربی، ١٩٨٥، ص ١٥٧.

٧ – نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین، *"سـەردەمی قەڵەم و موراجەعـات ١٩٢٨ – ١٩٣١"*، سلێمانی، عێراق: دەزگای چاپەمەنیی خاک، ٢٠٠٠، ل ١٧٦ ؛ عبداللطيف علی يحيی البوتانی، *"وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية: ملاحظات ودراسات أولية (بەڵگەنامەکان لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کورد: تێبینیی مێژوویی و توێژینەوەی سەرەتایی)*، هەولێر، هەرێمی کوردستان، دەزگای موکریانی، ٢٠٠١، ل ٧١.

٨ – محمد رشيد الفيل *"الأكراد فی نظر العلم (کوردەکان لە دیدگای زانستەوە)"*، النجف، العراق: مكتبة الأدب، ١٩٦٥.

٩ – هانی الفكيكی *"أوكار الهزيمة: تجربتی فی حزب البعث العراقی (لانکەی شکست: ئەزموونم لە حیزبی بەعسی عێراقیدا)*، لندن: رياض الريس، ١٩٩٣، ل ٧٦.

١٠ – ناجی معروف *"أرومة العلماء المنسوبين الی الإسلامية فی بلاد الروم والجزيرة وشهرزور واذربايجان (بنەچەی زانا ئیسلامییەکان لە وڵاتی روم و جەزیرە و شارەزوور و ئازەربایجان)"*، الطبعة الثالثة (بغداد: وزارة الفنون والثقافة العراقية، ١٩٧٩)، صفحة ٩٧ – ١٠٠.

١١ – "هذه العشائر الكردية أصلها عربية (بنەچەی ئەم عەشیرەتە کوردانە عەرەبن)"، *مجلة الوطن العربی*، ١٤ / ٧ / ١٩٨٩ ؛ نفس المصدر، ٢١ / ٧ / ١٩٨٩.

١٢ – شاخەکان گرنگترین خەسڵەتی جوگرافیای کوردستانە، کە ناکەوێتە سەر دەریا، زنجیرەکانی زاگرۆسیش پڕبایەخترین بەشی چیاکانە، کە لە باکووری رۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە بۆ باشووری رۆژهەڵات، وەک بڕبڕەپشت بەسەر بەشێکی گەورەی زەویدا. ئەمە نموونەی گەورەترین خەسڵەتی جیۆلۆجیی زەوییە، واتە شاخاوییە و بەزۆریش زاراوەی "زاگرۆس" وەک زاراوەیەکی نەتەوەیی بەکاردێت لەناو کورددا. (بڕوانە مایکڵ م. گونتەر *"قامووسی مێژوویی کوردەکان"*، مێریلاند: چاپی Scarecrow، ٢٠٠٤.

١٣ – کەمال میراودەلی، "رۆشنبیرانی کوردستان پێویستە ئێستا یەکبگرن، نەوەک مێژوو وەک گاڵتەجاڕییەکی تراجیدی خۆی دووبارە بکاتەوە"، ١٩ی تاممووزی ٢٠١٤ لەم سایتەدا /www.kurdmedia.com ؛ محەمەد ئەمین زەکی، *"خلاصة تاريخ الكرد و كردستان (کورتەیەکی مێژووی کورد و کوردستان)*، (بيروت: الجمعية الكردية اللبنانية الخيرية – ٢٠٠٣)، ل ٢٠٠، ٢٠٩ – ٢١١ ؛ جەواد مەلا، *"کوردستان و*

کورد: *نیشتمانیکی دابەشکراو و گەلێکی بێدەوڵەت*"، (لەندەن: لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رۆژئاوای کوردستان، ٢٠٠٥)، ل ٥٣ – ٥٨ ؛ رەشاد میران، "*ئیتنۆگرافیا و یەکێتیی ئیتنیکیی کورد*"، (هەولێر، هەرێمی کوردستان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٩)، ل ٨٥ – ٨٨ .

١٤ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٥ – میتراییزم و زەردەشتی دوو ئایینی باڵادەستی کورد بوون لەپێش داگیرکردنی ئیسلامدا. بێگومان هەردوو ئایینەکە کاریگەرییەکی بەهێزیان بەجێهێشتووە بەسەر کولتوور و فەرهەنگی کوردەوە تا رۆژگاری ئەمرۆش. جەمال نەبەز، "*کوردەکان: کولتوور و مێژوو*"، (لەندەن: چاپی WKA، ٢٠٠٤)، ل ١٠.

١٦ – المجلس الوطنی الکردستانی، "قرار رقم ٢ لسنة ١٩٩٧"، الوقائع العراقیة – الجریدة الرسمیة العراقیة، ٢٠٠٤.

١٧ – حکوومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە، "*بابەتێن کۆمەلایەتیی پۆلا پێنجێن سەرەتایی*"، (هەولێر، هەرێمی کوردستان: وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤).

١٨ – میدییەکان لە گەلانی هیندۆ – ئەورووپیی کۆنن و لە سەدەی هەشتەم بۆ شەشەمی پێش زاین گەشەیان کردووە و بەهێز بوون و لە سایەی دەسەڵاتی کەیئەکساری پاشایاندا لەگەڵ بابلییەکان یەکیانگرتووە و لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایندا ئیمپراتۆریێتی ئاشوورییەکانیان رووخاندووە. پاشان میدییەکان لەو ناوچانەی کە ئێستا رۆژئاوای ئێران و باکووری عێراقە ئیمپراتۆریێتیکی مەزنیان دامەزراندووە بەڵام زۆر بەردەوام نەبووە.

١٩ – کاوەی ئاسنگەر پاڵەوانێکی میللی و ئەفسانەیی کورد بووە و لە زوحاک (یان دەهاک)ی حوکمڕانی ستەمکار و ملهوڕ یاخی بووە، کە رۆژانە مێشکی گەنجەکانی وڵات دەکرا بە خۆراکی دوو ماری زەبەلاح کە وا لە سەر هەردوو شانی روابوون.

٢٠ – حکوومەتی هەرێمی کوردستان، "*بابەتێن کۆمەلایەتیی پۆلا پێنجێ سەرەتایی*"، ل ٦٨.

٢١ – ئەنتۆنی د. سمیث، "*بنەچەی ئیتنیکیی گەلان*"، (ئۆکسفورد، شانشینی یەکگرتوو: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٨٧) ، ل ١٥٤.

٢٢ – نەوشیروان مستەفا، "*سەردەمی قەڵەم و موراجەعات*"، ل ٦٦ – ٦٨.

٢٣ – بۆ نموونە، بڕوانە ئومێد ئاشنا، "دیوانی بێکەس"، (هەولێر، هەرێمی کوردستان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٠)، ١٥ – ١٦ ؛ هەروەها ئومێد ئاشنا، "دیوانی پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی"، (هەولێر، هەرێمی کوردستان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٢).

٢٤ – بۆ نموونە، بڕوانە: طالبانی، *"كردستان والحركة القومية الكردية"*، ص ١٠٨؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٨)، *"مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی"*، (بیروت، لبنان: مطبعة المستقبل، ٢٠٠٨)، لاپەڕە ١٥٦– ١٥٧.

٢٥ – بەنەدیکت ئەندەرسن، *"کۆمەڵگە خەیاڵییەکان: کاردانەوە لە سەر رەگ و ریشە و تەشەنە کردنی ناسیۆنالیزم"*، (نیویۆرک: پالگرەیڤ ماکمیلان، ١٩٩١)، ل ٦.

٢٦ – ماگنەس تۆرکێل بێرنهاردسۆن، *"گێڕانەوەی رابوردووی تاڵانکراو: ئارکیۆلۆجی و بنیاتنانی نەتەوە لە عێراقی نوێدا"*، (ئۆستن، تەکساس: چاپخانەی زانکۆی تەکساس، ٢٠٠٦)، لاپەڕە ٩٧.

٢٧ – بنجامین ر. فۆستەر، "بێسەروشوێن لە کاردا: تێهەڵچوونەوەی عێراق و رابوردوویەکی مرۆڤانە"، لە کتێبی ئیروین ئەبرامز و گەنگوا وانگ، *"جەنگی عێراق و دەرەنجامەکانی: ئایدیای براوەکانی خەلاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و زانا و توێژەرە ناودارەکان"*، (نیوجێرسی: کۆمپانیای یەکگرتووی بڵاوکردنەوەی زانستی، ٢٠٠٣)، ل ٢٥٩ – ٣١٤.

٢٨ – بڕوانە رۆژنامەی خەبات، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٩ / ١٠ / ١٩٦٠، بەغدا؛ ڤانلي عيسمەت شەريف ، "کورد لە سوریا و لوبناندا"، لە کتێبی ستێفان سپێرڵ و فیلیپ کرەیبرۆیک ، "کوردەکان: پێداچوونەوەیەکی هاوچەرخانە" The Kurds: A Contemporary Overview Overview، لەندەن: رۆتلێج، ١٩٩٢، ل ١٤٣ – ١٧٠. ؛ خليل إسماعيل محمد، "القضية الكردية في العراق وجود أم حدود؟"، (أربيل، إقليم كوردستان: جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦) ، ص ١١ – ١٢.

٢٩ – طالبانی، "كردستان والحركة القومية الكردية"، ص. ٢١٠ ؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە "مێژووی نوێ و هاوچەرخ"، ل ١٨٤.

٣٠ – فاضل حسين، "مشكلة الموصل (کێشەی مووسڵ)"، (بغداد: مطبعة إشبيلية، ١٩٩٧).

٣١ – عەبدولعەزیز یامولکی، "سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی"، (سلێمانی، هەرێمی کوردستان، بنکەی ژین، ١٩٩٧)، لاپەڕە ٤٠ ؛ میران، "ئیتنۆگرافیا و یەکێتیی ئیتنیکیی کورد"، لاپەڕە ٩٢.

٣٢ – ئەمیر حەسەنپوور و شەهرەزاد موجاب، "دیاسپۆرای کورد Kurdish Diaspora"، لە کتێبی میلڤن ئەمبەر و کارۆل ر. ئەمبەر و ئیان سکۆگگارد، *"ئینسکلۆپیدیای دیاسپۆرا: کولتوور و فەرهەنگی کۆچبەر و پەنابەر لە هەموو جیهاندا Encyclopedia of Diasporas: Immigrant and Refugee Cultures Around the World"*، (نیویۆرک: سپرینگەر، ٢٠٠٥).

سەلجووقییەکان ئەو بنەماڵە تورکانە بوون کە لە سەدەی یازدەهەمەوە تا سەدەی سیازدەهەم حوکمی ئاسیای بچووکیان کردووە و توانیویانە ئیمپراتۆریتی بیزنتە داگیر بکەن و بەرگری لە خاکی پیرۆز (واتە قودس – وەرگێڕ) بکەن دژ بە خاچدارەکان.

٣٣ – *شەرەفنامە*، کە کتێبێکی مێژووە لە نووسینی شەرەفخانی بەدلیسی لە ساڵی ١٥٩٧دا، نموونەیەکی زەقی کارە ناسیۆنالیستییە سەرەتاییەکانە. کتێبی بەدلیسی یەکەم بەکارهێنانی بەئاگایانە و تۆمارکراوی زاراوەی "کوردە" لەلایەن کورد خۆیانەوە. کتێبەکە مێژووی ئەو بنەماڵە حوکمڕانە کوردانە باس دەکات کە لە چەندی سەدەی پێشترەوە حوکمیان کردووە و مەسەلەی کورد دەخاتە بەردەمی وڵاتە دراوسێکان. بەدلیسی ئەفسانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی بووژاندووەتەوە و گەڵاڵەی کردوون لەپێناو بنیاتنانی بنەچەیەکی تایبەتمەندی نەژاد و ئیتنیکی کورددا و دەرخستنی مۆرکی جیاکاری ناسنامەی کورد.

٣٤ – شەرەفخانی بەدلیسی، *"شەرەفنامە"*، (بطرسبرغ: دار الطباعة الأكاديمية، ١٨٦٠)، الصفحات ١٣، ١٩ – ٣٠.

٣٥ – میهرداد ئیزەدی، "لە نێوان عێراق و شوێنێکی سەختدا: تێوەگلانی کورد Between Iraq and a Hard Place: The Kurdish Predicament"، لە کتێبی لۆرانس جی. پۆتەر و گاری جی. سیک، *"ئێران، عێراق و میراتی جەنگ Iran, Iraq, and the Legacies of War"*، (نیویۆرک: پالگرەیڤ ماکمیلان، ٢٠٠٤)، ل ٧١، ٩٥.

٣٦ – نەبەز، *"کوردەکان ....."*، ل ٥٦.

٣٧ – هاکان ئوێزئۆغڵوو، *"ناودارانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی: گەشەکردنی شوناسەکان و رکابەریی دڵسۆزییەکان و لابردنی سنوورەکان* *Kurdish Notables and the Ottoman State: Evolving Identities, Competing Loyalties, and Shifting Boundaries"*، (ئەلبانی، ویلایەتی نیویۆرک: چاپی زانکۆی حکوومیی نیویۆرک، ٢٠٠٤)، ل ١٥٩.

٣٨ – طالبانی، *"کردستان والحرکة القومیة الکردیة"*، صفحة ١٤٠. میراودەلي ، "رۆشنبیرە کوردستانییەکان" ؛ ع. شەمزینی، *"جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان"*، چاپی چوارەم (سلیمانی، عێراق: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ٢٠٠٦)؛ گ. موکریانی *"سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەلە زمانانی ئێرانی"*، (هەولێر، هەرێمی کوردستان: دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨)، ل ٢٥ ؛ میران، *"ئێتنۆگرافیا و یەکێتیی ئێتنیکی کوردی"*، ل ٥٣.

٣٩ – بۆ دەقی تەواوی نامەکەی شێخ مەحموود، بڕوانە: *"سەردەمی قەڵەم و موراجەعات"*، ل ٢٠٠٧.

٤٠ – هەمان سەرچاوە، ل ١٩٧٧.

٤١ – تۆفیق وەهبی، ئەفسەرێکی عوسمانی و توێژەر و نەتەوەپەرستێکی ناودار و رێزلێگیراوی گەورەی کورد بوو. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠کاندا موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی بوو و سەرۆکە کوردەکان رێگەیان پێدابوو نوێنەرایەتییان بکات لە پەیوەندی و نامە و نووسراوکاریی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

٤٢ – *"سەردەمی قەڵەم و موراجەعات"*، ل ١٩٧ – ٢٠٠.

٤٣ – جەلال تاڵەبانی، دامەزرێنەر و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (PUK) و سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق (٢٠٠٥ – ٢٠١٤).

٤٤ – کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە ساڵی ١٩١٩دا لەلایەن هاوپەیمانانی سەرکەوتووی جەنگەوە بەسترا بۆ تاوتوێ کردنی داهاتووی ئیمپراتۆریّتی عوسمانی و کۆمەڵێک کاروباری تر.

٤٥ – جەلال تاڵەبانی، *"گفتوگۆیەکی جیدی لەگەڵ سوبحی عەبدولحەمید و هاوڕێکانی"*، (سلێمانی، هەرێمی کوردستان: شارەوانیی سلێمانی، ٢٠٠٤) ، ل ٤٨.

٤٦ – ئەم بابەتە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی حیزبەوە نووسراوە.

٤٧ – رۆژنامەی *خەبات*، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٩ / ١٠ / ١٩٦٠ .

٤٨ – طالبـانی، *"كردسـتان والحركـة القوميـة الكرديـة"*، ص ٦٧ ؛ مەلا، *"كوردسـتان و كورد"*، ل ٢٥ ؛ محمد، *"القضية الكردية في العراق"* ؛ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، "مێژووی کۆنی کوردستان"، دوا دەسکاریکردن لە٢٠ی دیسەمبەری ٢٠٠٧.
http://www.krg.org/articles/detail.

٤٩ – "یـادی رۆڵەی نەبەز پێشـڕەوی نەتەوەی کـورد"، *گۆڤـاری رزگـاری*، ژمـارە ٧ (١٩٥٢) ؛ "فی سبيل توحيد الحركة الثورية فی كردستان العراق"، *مجلة نداء كردستان، بغداد*، نداء كردستان، ١٩٥٦.

٥٠ – گۆڤاری کۆمەڵە، "ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"، ژمارە ٩ (١٩٨١) ؛ رۆژنـامەی کـۆمەڵە "ئۆرگـانی کـۆمەڵەی رەنجـدەرانی کوردسـتان"، ژمـارە ٣ (١٩٨١) ؛ ئیبـراهیم جەلال، *"کـۆمەڵەی رەنجـدەرانی کوردسـتان بـۆ کوردسـتانییە"*، (چاپخـانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٤) ؛ جلال طالباني، *"حول القضية الكردية"*، (إبراهيم عزو، ١٩٨٨)، الصـــفحة ٢٥ ؛ رەفیـــق ســـابیر، *"عێـــراق: دیمـــوکراتیزکردن یـــان هەڵوەشاندنەوە؟"*،(هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥)، ل ٤٧.

٥١ – طالباني، *"حول القضية الكردية"*، ص ٢٥.

٥٢ – یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێکە لە گەورەترین حیزبەکان لە کوردستاندا و رۆڵێکی هەژموونداری گێڕاوە لە سیاسەتی کوردیدا لە ساڵی ١٩٧٦وە.

٥٣ – کـۆمەڵەی رەنجـدەرانی کوردسـتان گەورەتـرین گـرووپ بـووە لە نـاو یەکێتیـی نیشتمانیی کوردستاندا و حیزبێکی سیاسیی کاریگەر بووە لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا.

٥٤ – لەبارەی PUK وە بڕوانە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، "راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"، (١٩٨٨)، پێگەی ئەلیکترۆنی:
www. sbeiy.com/UserFiles/File/NewFiles/Beyani

بۆ زانیاریی لە سەر کۆمەڵە، بڕوانە: رۆژنامەی کۆمەڵە، "ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"، ژمارە ٣ (١٩٨٢).

٥٥ – یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، راگەیانـدنی مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتـی، ل٢١ ؛ یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان *"بەرنـامە و پەیـڕەوی نـاوخۆی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان: پەسـەندکراوی یەکەمـین کـۆنگرەی گشـتی ٢٠٠١"* (هەرێمـی کوردسـتان: بڵاوکەرەوە نەناسراوە، ٢٠٠١)، ل ١٨.

٥٦ – رەفیق سابیر، *"دیموکراتیزەکردن"*، ل ٤٧ – ٥٥ .

٥٧ – عەبدوڵا مەلا ئەحمەد، *"مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز تەمەنێک خزمەت لە بزاڤی ئیسلامیدا"*، (هەرێمی کوردستان: بڵاوکەرەوە نەناسراوە، ٢٠٠٨)، ل ٨٤ .

٥٨ – حکوومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە *"مێژووی نوێ و هاوچەرخ"*، ل ١٧٩ – ١٨١.

٥٩ – پارتی رزگاریی کورد لە ساڵی ١٩٤٤ دامەزرا، بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و یەکێک بوو لەو گرووپە سەرەکییانەی کە بەشدار بووە لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا.

٦٠ – بۆ دەقی تەواوی یاداشتەکە بڕوانە دەیڤید ئەندرووس *"گەلە بەشخوراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: بەڵگەنامەکانی خەبات و تێکۆشان لەپێناوی مانەوە و سەربەخۆیی بۆ کورد و ئاشوورییەکان و نەژادە کەمینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"*، (سالیسبوری، کارۆلاینای باکوور: بڵاوکراوە بەڵگەنامەییەکان، ١٩٨٢)، ل ٤٣٥. (تێبینی: ساڵی ٢٠٠٩ بەندە ئەم کتێبەی لە ئینگلیزییەوە کردووەتە کوردی – وەرگێڕ).

٦١ – ساڵی ١٩٤٣، مستەفا بارزانی یاخیبوونێکی دەستپێکرد دژ بە رژێمی پاشایەتی و ساڵی ١٩٤٥ یاخیبوونەکە شکستیهێنا و کۆتایی هات. حیزبی هیوا، کە یەکێک لە کاریگەرترین حیزبە سیاسییە کوردییەکان بوو لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا، لە ساڵی ١٩٣٩دا لەلایەن خوێندکارێکی قوتابخانەی ناوەندیی کەرکووکەوە دروستکراوە.

٦٢ – وەدیع جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"، ل ٢٣٣.

٦٣ – *رزگاری*، "فی سبیل توحید الحرکة الثوریة".

٦٤ – الحزب الدیموقراطي الکردستاني، *"طریق الحرکة التحرریة الکردیة: تقیم ثورة أیلول والبرنامج الجدید للحزب الدیمقراطی الکردستانی"*، (کردستان العراق: الناشر غیر معروف، ١٩٧٩) ، ص ١٤ – ١٥؛ الحزب الدیمقراطی الکردستانی، "المنهاج والنظام الداخلی". www.kdp.com.

٦٥ – یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، "راگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی"، ل ٢٢.

٦٦ – کۆمەڵە، *گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان*، ژمارە ٦ (١٩٨٧)، ل ٣٢.

٦٧ – ئەم حیزبە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن سامی سنجارییەوە دامەزراوە، کە پێشتر جێگری سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو. بڕوانە: گۆڤاری پێشەنگ، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١: ٢٨.

٦٨ – ساڵی ١٩٨٧، هەشت حیزبی کوردی لە ژێر ناوی بەرەی کوردستانیی عێراق یەکیانگرت و ئەم بەرەیە وەک چەترێک وابوو بۆ هەموو گرووپە کوردییە چەکدارەکان. هێزێک بە ژمارەی پانزە تا بیست هەزار پێشمەرگە خرایە بەردەستی ئەم بەرەیەوە. لە پاش کشانەوەی عێراق، بەرەی کوردستانی بەخێرایی کەوتەخۆ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ناوچەکەدا و لە پاش راپەڕینەکەی کورد لە ساڵی ١٩٩١دا، بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی گرت بەسەر زۆربەی کوردستانی عێراقدا و بۆ دەستەبەر کردنی شەرعییەتی ناوخۆش، بەرەی کوردستانی کەوتە نەخشەدانان بۆ جێبەجێ کردنی هەڵبژاردن لە ١٩ی مایسی ١٩٩٢دا.

٦٩ – "الميثاق والنظام الداخلي للجبهة الكردستانية"، (كردستان العراق: الناشر غير معروف، ١٩٨٨).

٧٠ – "رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ٢٠٠٩"، پێگەی ئەلیکترۆنی:

Kurdistan – Constitution www.perleman.org/default.aspxpage

٧١ – گۆڤاری کۆمەڵە، "ئۆرگانی کۆمەڵەی رەجدەرانی کوردستان"، ژمارە (٩)، ١٩٨١؛ گۆڤاری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی ، "شۆڕش لە پیلانەکانی دوژمن بەهێزترە"، رێگای رزگاری، ژمارە (٣) ١٩٨٥ ؛ رۆژنامەی خەبات، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، (١٩٨٨) ؛ رۆژنامەی خەبات، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، (٢٠٠٢) ؛ الاتحاد الوطني الكردستاني، *"حقيقة موقف الأتحاد الوطني الكردستاني"*، (كردستان العراق: شهيد جعفر، ١٩٨٦) ؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، *"بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی، ١٩٩٢"*، (هەرێمی کوردستان: بڵاوکەرەوە نەزانراوە، ١٩٩٢)، ل ١٨ – ١٩؛ مسعود بارزانی، *"بارزانی والحركة التحررية الكردية"*، (أربيل، إقليم كردستان: منشورات ئاراس، ٢٠٠٢)، ص ٣٩ ؛ تاڵەبانی، *"گفتوگۆیەکی جیدی لەگەڵ سوبحی عەبدولحەمید"*، ل ٦٤ ؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني "المنهاج والنظام الداخلي".

٧٢ – یاموڵکی، *"سەرجەم بەرهەمی عەبدولعەزیز یاموڵکی"*، ل ٤٠ ؛ میران، *"ئیتنۆگرافیا و یەکێتیی ئیتنیکیی کورد"*، ل ٩٢.

٧٣ – حەسەنپوور و موجاب، *"دیاسپۆرای کورد"*.

٧٤ – بەدلیسی، *"شەرەفنامە"*، ل ١٣.

٧٥ – هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

٧٦ – ئەنوەر جاكار، "بەپێی قانوننامەی سوڵتان سولێمانی یەکەم: یەکە کارگێڕییەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە ساڵی ١٥٢٢دا"، ف. و. *"سۆسیاڵ بیلیملەر دەرگیسی"* ١ (٢٢٠٢): ٢٨١ ؛ ئۆیزۆغڵوو، *"ناودارانی کورد"*، ١٥٩ ؛ دەیڤید کەتهێل، "مانۆڕێکی کامالیست: "تێڕوانینێک بۆ دانوستاندنە سیاسییەکان لە دیاریکردنی سنووری تورکی – عێراقی"، لە کتێبی ریڤا سپێکتەر سیمۆن و ئیلیانۆر ئێچ. تەجیریان، *"دروستکردنی عێراق، ١٩١٤ – ١٩٢٢"*، (نیویۆرک: چاپخانەی کۆلۆمبیا، ٢٠٠٤)، ل ٨٢.

٧٧ – کەتهێل، *"مانۆڕێکی کەمالیست"*، ل ٨٢ .

٧٨ – مەسعوود بارزانی، *"مستەفا بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد Mustafa Barzani and the Kurdish Liberation Movement*، (نیویۆرک: پالگرەیڤ ماکمیلان، ٢٠٠٣)، ل ١١ – ٤٥ ؛ دەیڤید ماکدواڵ، *"مێژووی نوێی کوردەکان A Modern History of the Kurds"* (لەندەن: ئای. بی. تۆریس، ٢٠٠٤)، ل ١٨٠ ؛ وەدیع جوەیدە، *"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: بنەچە و پەرەسەندنەکانی The Kurdish National Movement: Its Origins and Development"*، (سیراکۆس، نیویۆرک: چاپی زانکۆی سیراکۆس، ٢٠٠٦)، ل ٢١٩ – ٢٢٩.

٧٩ – مارتن ڤان برونەسن، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان Agha, Sheikh, and State: The Social and Political Structures of Kurdistan"*، (لەندەن و نیوجێرسی: زەد بووکس، ١٩٩٢)، ل ١٧٢.

٨٠ – نەوشیروان مستەفا، *"چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی"*، (هەرێمی کوردستان: بڵاوکەرەوە نەزانراوە، ٢٠٠٤)، ل ١٨٨ ؛ عبد الستار طاهر شريف، "الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن: ١٩٠٨ – ١٩٥٨"، (السليمانية، إقليم كوردستان، دار سردم للنشر والطباعة، ٢٠٠٧)، ص ١٨٧ – ١٨٨.

٨١ – مەسعوود بارزانی، *"مستەفا بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد"*، ل ٢٠٩.

٨٢ – "عێراقێکی دیموکرات و سەربەخۆ، کوردستانێکی ئۆتۆنۆم"، ڕێبازی نوێ، ژمارە ٣ (١٩٨٢).

٨٣ – یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەناو خەڵکدا بە "شۆڕشگێڕان" ناسراوە و یەکێکە لەو دوو گرووپەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کانەوە دامەزراوە.

٨٤ – لە ناوەڕاستی ١٩٤٠کاندا، کوردە چەپڕەوەکان ڕێکخراوی مارکسیی خۆیانیان درووستکرد بە ناوی *تێکۆشین*، کە دواتر بوو بە *شۆڕش.*

٨٥ – نەوشیروان مستەفا، *"سەردەمی قەڵەم و موراجەعات"*، ل ١٨٨ ؛ شریف، "الجمعيات والمنظمات"، ص ٢٢٩.

٨٦ – كريم أحمد، *"المسيرة: صفحات من نضال كريم أحمد"*، (أربيل، إقليم كوردستان: مطبعة شهاب، ٢٠٠٦)، ص ١٤٠ ؛ شريف، "الجمعيات والمنظمات"، ص ٢٢٩.

٨٧ – دەستوورەکە ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن هەشت حیزبی کوردییەوە پەسەند کراوە.

٨٨ – الجبهة الكردستانية، *"الميثاق والنظام الداخلي"*.

٨٩ – بۆ نموونە، ڕۆژنامەی خەبات، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٥٩/٠٤/٠٤ ؛ ١٩٦٠/١٢/٠٧، بەغدا ؛ طالباني، *"كردستان والحركة القومية الكردية"*، ص ٢١٠ ؛ مەسعوود بارزانی، "کوردی عێراق داوای فیدراڵییەت دەکات"، وێبسایتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٣،

http://old.krg.org/docs/mb–federalism–kurdistan–dec03.asp ؛

شێرکۆ کرمانج، *"ناسنامە و نەتەوە لە عێراقدا"*، (بۆڵدەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: لین راینەر)، ل ١٢ – ١٨.

٩٠ – ڕۆژنامەی *خەبات*، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٥٩/٠٤/٠٤ ؛ ١٩٦٠/١٢/٠٧، بەغدا.

٩١ – عبدولسەلام عارف (١٩٢١ – ١٩٦٦)، لە ساڵی ١٩٦٣دا، لە کودەتایەکدا عەبدولکەریم قاسمی ڕووخاند و بوو بە دووەم سەرۆک کۆماری عێراق تا مردنی لە ساڵی ١٩٦٦دا.

٩٢ – دەستووری کاتیی عێراق و *کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق*، وێبسایتی:
http://inciraq.com/Arabic.

٩٣ – علی سنجاری *"القضية الكردية وحزب البعث العربي الأشتراكي فی العراق"*، (دهوک، إقليم كوردستان: مطبعة حاجی هاشم، ٢٠٠٦)، ص ٢٧٧ – ٢٩٤.

٩٤ – الدستور العراقی المؤقت، (١٩٦٨)، المؤتمر الوطنی العراقی،
http: // inciraq٢٠ ٪ .Temp ٪٢٠Constitution ٪٢٠ ١٩٦٨.htm
الدستور المؤقت للعراق (١٩٩٠)، *القانون الدستوري الدولی*، .http://www.servat.unibe.ch/ law / icl / izo1000_ html # A001

٩٥ – بارزانی، *"مستەفا بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد"* ؛ مەسعوود بارزانی، "دیدگایەکی کوردی بۆ عێراق"، رۆژنامەی *واشنتۆن پۆست*، ماڵپەڕی http://www.washingtonpost.com/ wpdyn / content / article / AR2005102501390.html / ٢٠٠٥/١٠/٢٥.

٩٦ – الدستور العراقی، *بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق*، آخر تعديل في عام ٢٠٠٥، www.uniraq.org/documents/iraqi_constitution.pdf

٩٧ – رۆژنامەی *خەبات*، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٠٩/٠٨/٠٥ ؛ ٢٠١٠/٠٦/٠٣، أربيل.

٩٨ – حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ : یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ماڵپەڕی: www.krg.org/uploads/documents/InvestmentLaw_KRGOfficialEng_2006_08_04

٩٩ – حکوومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پەروەردە، *"مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد"*.

١٠٠ – رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

# ١٠

# پێکهێنانی گەلان و دروستکردنی دەوڵەتان: جیاوازیی ئیتنۆ - ئایینی و دامەزراندنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە لە ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٣دا

**گیدیتا فۆنتانا**

توێژەرە لە زانکۆی بیرمینگهام

○ **گیدیتا فۆنتانا** Guiditta Fontana

ئەم خـــانمە تـــوێژەرە لە زانكـــۆی بیرمینگهـــام و تـــوێژەری هاوكـــار و ســـەردانیكەرە لە ســـەنتەری لێكـــۆڵینەوەی كـــۆمەڵگە دابەشبووەكان لە كۆلێجی كینگی لەندەن و سـەنتەری تـوێژینەوەی ململانـێ لە زانكـۆی ئوتریخـت (هۆڵەنـدا). پسـپۆڕی سیاسـییە لە دامودەزگا كولتوورییەكانی كۆمەڵگەكانی پاش ململانێ و كۆمەڵگە پەراوێـز و لاوازەكـان. هەڵگـری بڕوانـامەی دكتـۆرایە لە سـاڵی ٢٠١٠وە. خـــاوەنی كۆمەڵێـــك كتێـــب و لێكـــۆڵینەوەیە لە بـــواری سیاسـەتی پەروەردە و بەشـداریی تواناكـان لە كۆمەڵگەكـانی پـاش ململانێـدا. هەروەهـا لەسـەر سیاسـەت و مێـژووی هـاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەكێتیی ئەورووپا.

ئەم دەوڵەتــی عێــراقەی ئێســتا، کە لە لایەن بەریتانیــاوە لە هەر ســێ ویلایەتی عوسمانیی بەسرە و بەغدا و مووسڵ دروووستکرا، لە ساڵانی نێوان ١٩١٩ – ١٩٢٣ پەیــدابوو کــاتێ کە رژێمیکــی پاشــایەتی دامەزرانــد و سنوورەکانی بۆ دیاریکرا[١]. بەڵام هاتنە سەر عێراقی ویلایەتی مووسڵ بە رەسمی لە ساڵی ١٩٢٥دا لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دانی پێدانرا و جێگیر بوو، پاش ئەوەی بەغدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٣دا دەستی گرت بە سەر ناوچەکەدا تا دواجار کۆمەڵەی گەلانی ناچار کرد بڕیار لە سەر ئەوە بدات کە وا مووسڵ لە ڕووی بازرگانی و جوگرافییەوە بەشێکە لە عێراق[٢]. هەڵبەت لەبەر ئەوەی سیســتەمە سیاســییەکە تــازە دروووســتکراوە هــیچ توانــا و دەسەڵاتێکی بە کۆمەڵگە لۆکاڵەکان نەدا و سنووری دەوڵەتەکەش ڕەچاوی ڕەوشی ئێتنیک و ڕەگەزی نەکرد، لەم سۆنگەیەوە عێراق زۆر بە زەقی وەک قەوارەیەکی دەستکرد دەرکەوت و بوو بە وڵاتیکی پڕ لە کەمینە کە دەسەڵاتی سیاسی تێیدا بە سەر هێڵە ئیتنۆ – ئایینییەکاندا دابەشبوو.

ژمــارەیەکی بەرچــاوی بەڵگەنــامە و نووســین هۆکــاری دروســتکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و مووسڵ دەگێڕێتەوە بۆ فشاری نێودەوڵەتی و (بە پلەی یەکەم کێبەرکێ لەگەڵ فەرەنسادا)[٣]، لە سەر بەرژەوەندیی ئابووری و بەتایبەتی هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی یەدەکی چــاوەڕوانکراوی نەوت لە ویلایەتــی مووســڵدا[٤]، یــان بە هــۆی بــایەخی ستراتیجیی هەر سێ ویلایەتەکە سەبارەت بە پارێزگاری کردن لەو ڕێگەیەی بەرەو هندستان و کەناڵی سوێس دەچێت. ئەمانەش بەزۆری لێکدانەوەی بەریتانییەکان دەگەیەنن کە وا گوێ بە جیاوازیی ئیتنۆ – ئاینیی دانیشتوان

نەدەن لە نــاوچەکەدا و ئەمەش بــوو بەو سیاســەتەی پشــتی پێببەســتن و ڕێکوڕەوان هاوشێوەی عوسمانیەکانیان کرد لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەدا و سیســتەمی ســەرۆکە ئایینییەکانیــان بەرهەمهێنــایەوە[٥]. چــارڵس تریــپ، بە بەراوردکردنی بیرو بۆچوونی لەم چەشنە، جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە بەریتانییەکــان لە مــامەڵە کردنیانــدا لەگەڵ خەڵــکە لۆکــاڵەکە پشــتیوانییەکی تایبەتیان کردووە لە سەرۆکە ئایینییەکان و وایان پیشانداون کە یاساوڕێسای سروشــتیی کــۆمەڵگەن[٦] و بەئاگــان لە جیــاوازیی ئیتنــۆ – ئــایینیی خەڵکــی خۆولاتی. هەروەها هێز و دەسـەلاتی ئەوەشیان بۆ سەلماندن و پشتگیرییان کــردن بــۆ ســەرکوت کردنــی گــرووپە جیاجیاکــان. بە هەمــان شــێوە ســەعد ئەســــکەندەر ئەوە دەخـــــاتەڕوو کە وا بەریتانییەکــــان، کە لە ســــەرەتاوە پشتگیرییان لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرد، بەڵام دواجار بە هیچ شێوەیەک رەچاوی فاکتەری ئیتنیکییان نەکرد و کاریان بۆ بەستنەوەی کورد کرد بە عێراقەوە[٧].

گومــانی تێدا نیە کە وا بەرژەوەنــدیی ســتراتیجی و ئیمپریــالی پــاڵی بە بەریتانییەکانەوە نا بۆ چێکردن و گەلاڵە کردنی ئەم رەوشــە لە میزۆپۆتامیــادا. ئەگەرچــی پێناســەی ئەم بەرژەوەنــدیانە گەلــێ هۆکــار ئاڵۆزیــان کــردووە و دابەشبوونی دەسەلات لە ئاست سیاسەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە نێوان فەرمانگەی کۆلۆنیالی CO و فەرمانگەی کاروباری دەرەوە FO و فەرمــانگەی جەنگ WO و فەرمــانگەی هندستان IO بوو بە هۆی ئەوەی دید و بۆچوون لەمەڕ ڕێکخستن و سەروبەرگرتنی زەمینی و سیاسیی نــاوچە داگیرکراوەکان ببـنە سـەرچاوەیەکی ململانـێ و دژوارییەکـی تونـد. لە هەمـان کاتیشـدا، رای گشتیی بەریتانیا تادەهات داواکاریی زیادی دەکرد بۆ سوودی ئابووری و

ستراتیجی له میزۆپۆتامیا بەتایبەتی و ملك و هەرێمە بەدەستهاتووەکانی پشتی دەریا بەگشتی.

سەرباری ئەوەش، ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمیی ئاشتی تەنها لە ساڵی ١٩٢٣دا لە نێوان تورکیا و هاوپەیماناندا مۆرکرابوو. هاوپەیمانان، ئاماژە بە کاتی ئاگربەستی ساڵی ١٩١٨ کە بریتیبوون لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیا و یۆنان لەگەڵ ئەوانیتردا، لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا دژ بە عوسمانییەکان و هاوپەیمانەکانیان جەنگان. گرژی لە ساڵی ١٩٢٠دا گەیشتە ئاستێک کەوا تورکە کەمالییەکان بەندەکانی پەیمانی سیڤرەیان قبوڵ نەکرد (لای خۆمان بە سیڤەر ناسراوە – و) و کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ یۆنان و هاوپەیمانە ئیتاڵی و فەرەنسی و بەریتانییەکان و بەو پێیەی ئیتاڵی و فەرەنسییەکان ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی جیایان لەگەڵ ئەنکەرە مۆرکرد بەریتانیای مەزنیان بە تەریک و دابڕاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەجێهێشت.

دواجار، پەرەسەندنە بنەڕەتییە ئایدیۆلۆجییەکان نەزمی جیهانی بڕیاربەدەستانی بەریتانیای ناچار کرد بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد خەڵکی دەستەبژێری لۆکاڵ تێهەڵکێشی بەڕێوەبردنی ناوچە داگیرکراوەکان بکەن. پەیوەندیی نامە و نووسراوی نێوان کۆمیسیاری باڵا لە قاهیرە و شەریف حوسەینی مەککە بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەڵێنی سەربەخۆیی دا بە عەرەبەکان لەکاتێکدا کە جەختیان لە داگیرکارییەکی کورتخایەن دەکردەوە بۆ بەسرە و بەغدا[٨]. ڕەزامەندیی بەریتانیا بۆ چواردە بەندەکەی بەرنامەی ئاشتیی سەرۆکی ئەمریکا ودرۆ ویڵسن وای بیر لێدەکرایەوە کەوا "ئەو میللەت و نەتەوانەی کە ئێستا لە ژێر حوکمی تورکیادان دەبێ زەمانەتیان بدرێتێ کە ... هەلێکی ئۆتۆنۆمییان بۆ برەخسێنرێت"[٩]، و لە جاڕنامەی ٨ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ی ئەنگلۆ – فەرەنسیدا جارێکی تر جێگیر کراوە و بەڵێن

دراوه "هاوکـــاریی زیـــاتر بکرێـــت له دامەزرانـــدنی حکـــوومەت و بەڕێوەبەرایەتییەکـانی دانیشـتوانە رەسـەنەکانی سـووریا و میزۆپۆتامیـا"[١٠]. بەڵێن و زەمانەتی لەم چەشنە گریمانەی بایەخی زیاد کرد، له گەرماوگەرمی دوای جەنگدا و زەوتکردنی خاک و هەرێمەکان به هۆی جەنگەوە به نایاسایی حوکم دەکران و ماندێتەکانی کۆمەڵەی گەلان نەتەوە و میللەتەکانی خستە سەر رێچکەی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی له ژێر سایەی هێز و دەسەڵاتێکی خاوەن ماندێتدا. لێرەوە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین بوو به سەنگی مەحەک بۆ رێکخستنەوەی ناوچە و هەرێمەکانی دوای جەنگ و بۆ گەڵاڵەکردن و چەسپاندنی ئاشتیی جیهانی دەبوو هانی میللەتان بدرێت بۆ دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکوومەتگەلێکی دیموکراتی که وا نوێنەرایەتی خەلک بکەن.

له رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا دامەزرانـــدنی دەوڵەت – نەتەوە nation - states ئـاڵۆز بـوو به هـۆی بـوونی کەمینـەی جۆراوجـۆر و گرووپگەلـی ئیتنـۆ – ئـایینی نـاکۆک و رکـابەر. له خـاکی داگیرکـراوی میزۆپۆتامیادا ژمارەیەکی بەرچاوی کەمینەی کریستیان و جوو له ناوەندی شـارەکان و مەڵبەنـدە ژیارییەکانـدا هەبـوون، لەکاتێکـدا عەرەبه شـیعەکانی پەیڕەوانـی رێنمـایی موجتەهیـدەکان (واته رابەرانـی ئـایینی) زۆربەی زۆری دانیشتوانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرەیان پێدەهێنا. هەروەها بەشێکی دیـاری دانیشـتوانی سـوننه پـله و پـایەی بەرزیـان هەبـوو له سـەردەمی عوسمانیدا و به شێوەیەکی نەریتی بەگومان بوون له شیعەکان، له ویلایەتی بەغدادا ئامادەیی بەرچاویان هەبوو. هەڵبەت دەستەبژێری نوێ، پەیوەست به تـاکی گرووپەکـانی ئیتنـۆ – ئـاینییەوە، له سـەروەختی جەنگدا پەیدابوون. له ناوچەی باکووری دەستباڵایی سوننەی کورددا له مووسڵ، شێخ مەحموودی

بەرزنجیی رابەری خۆسەپاندوو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی کوردیی دەرکەوتوو لە لایەن بەریتانیاوە پشتگیریی دەکرا بۆ پاراستنی ئاسایش، بەڵام لە پانتایی جیهانی عەرەبدا سەرکردایەتییەکی نوێی ناسیۆنالیستی سوننەی عەرەب دەرکەوتن کە ئەوانیش شەریفییەکان بوون و وابەستەی بنەماڵەی شەریف حوسەینی مەککە بوون.

جیاوازیی ئیتنۆ – ئایینی و دەستەبژێرەکانی پەیوەست بە هەر گرووپێکەوە، بە شێوەیەکی سەرەتایی کەیفخۆش بوون بە بەریتانییەکان لە عێراقدا. ئەم نووسینە ئەوەیان پیشاندەدا، سەرباری فەرامۆش کردنی جیاوازی و ناکۆکییەکانی ئیتنۆ – ئایینەکان، بڕیاربەدەستانی بەریتانیا لە ساڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٠دا ئەم هۆکارانەی رەچاو کردووە و مشتومڕیان لە سەر ئەگەرەکانی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کەمینەکاندا و ئەمانە درووستکردنی ئەو جۆرە دەوڵەتە بوون کە رەگەز و ئیتنیکەکان تیایدا هاوشێوە و چونیەک بن. فاکتەرە ئیتنۆ – ئایینییەکان گرنگییان دایە دواوە، چونکە پێویستییە داراییەکانی پەیوەست بە پاراستنی نەزم و ئاسایش لە میزۆپۆتامیادا تادەهات کێشەی زیادی بۆ لەندەن درووست دەکرد و باوەڕ وابوو کە تاج لە سەرنانی مەلیکێکی عەرەب بەجێهێنانی بەڵێنەکانی حوکمی خۆکردنە، بەڵام بە هۆکاری هەوڵ و کۆششی کاربەدەستە بەریتانییەکان لە بەغدا، مشتومڕە ستراتیجییەکان زاڵبوون بە سەر ئیتنیکییەکاندا لە دەسنیشانکردنی سنوورەکانی دەوڵەتە تازەکەدا و بە هاتنی ساڵی ١٩٢٣ جیاوازیی ئیتنیکی و ئایینی خرایە لاوە و پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە نەما.

لە ساڵی ١٩١٩دا و لە سیاقی تەشەنەکردنی ئایدیای حوکمی خۆکردندا و بڵاوبوونەوەی نەفرەت و کینەی میللی بۆ ئیمپریالیزم، بڕیاربەدەستانی بەریتانیا بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە کە جێبەجێ کردنی حوکمی خۆکردن

زیاتر لە بەرژەوەندیی بەریتانیایە و دەبێتە هۆی سەقامگیریی ناوچەیی و مایەی منەتباری بۆ داگیرکەرە بەریتانییەکان و دواجار شەرعییەتی نێودەوڵەتی زەمانەتی بوونێکی بەردەوامی بەریتانی دەکات لە ناوچەکەدا. ئەمە بە شێوەیەکی کاریگەرانە مەسەلەی ئەو جەختکردنە بەربڵاوە دەورووژێنێت کە درووستکردنی دەوڵەتانی دەستکرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی سەرەکی لە تێگەیشتنی بڕیاربەدەستانی بەریتانیاوە سەرچاوەی گرتووە لەبارەی ململانێی رەگداکوتاوی نێوان بەرژەوەندییە قەبە و زەبەلاحەکانی بەریتانیا و دەرکەوتنی بنەماکانی حوکمی خۆکردن[١١]. لە هەمان کاتدا دواکەوتنی دانوستاندنی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا زەمانەتی ئەوەی دەکرد کە مشتومڕ لە سەر دەستنیشان کردنی سنوورەکانی دەوڵەتی تازە و رێکخستنی سیاسیی پاشەڕۆژ، کە سێر پێرسی کۆکس لە ساڵی ١٩٢١دا داینا، "سەرباری ئەکادیمی گرنگیی پراکتیکیشی هەبوو"[١٢]. بەم رەنگە جیاوازی و ناکۆکییە بیروکراتییە قووڵەکان رێگربوو لە دیدێکی مەحکەم و پتەو بۆ داهاتووی ناوچەکە و لە لەندەن ململانێ و ناکۆکییەکان لەبارەی هەوڵ و ئامانجی فەرمانگەی کاروباری دەرەوە بوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی کە لە لایەن فەرمانگەی هندستانەوە بەرهەڵستی دەکرا و جەختیان لە سەر پێویستیی بە مەحمییەیەکی بەریتانی دەکردەوە British protectorate[١٣]. لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین جیاوازیی یەکلاییکەرەوە لە نێوان کاربەدەستانی لەندەن و بەغدادا دەرکەوت لە سەر گونجان و نەگونجانی پەیڕەوی کردنی حوکمی خۆکردن.

لەکاتێکدا لە چوارچێوەدانی پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا چەندبارە دوادەخرا بەو باوەڕەی کە وا "کاستەکە دەتوانێت چاوەڕێ بکات"[١٤]، بارودۆخ و سنوورەکانی ئەو خاکەی کە جاران سەر بە تورکیا بوو (راستتر

دەوڵەتـی عوسـمانی – و) هەروا بەبێ یەکلابـوونەوە مـابووەوە و لەنـدەن کاربەدەسـتانی لە بەغدا راسـپاردبوو "بە وردی و ئاگـاییەوە رەفتـار بـکەن و دوور بـکەونەوە لە هەر هەڵسـوکەوتێک ببێتە هـۆی ئـاژاوە و وروژانـدن لە ویلایەتـی مووسـڵ یـان هەر شـوێنێکی تـر و ... چـونکە دۆخـی میزۆپۆتامیـا بەمـزوانە بڕیـاری لێـدەدرێت"[١٥]. لەگەڵ ئەوەشـدا کاربەدەسـتانی بەریتانیـا بە پەرۆشەوە مشتومڕیان لە سەر سنوورەکانی داهاتووی میزۆپۆتامیا دەکرد و ئـاخۆ دەوڵەتەکـانی داهـاتوو دەکرێـت لە ڕووی ئیتنیکیـیەوە هەمـوار و هاوشێوەبن.

ئەرنۆڵـد تـی. ویڵسـنی کۆمیسـیاری مەدەنـی لە میزۆپۆتامیـادا، لە یاداشـتەکانیدا تیشـک دەخـاتە سـەر بیـروڕای لەنـدەن ... " کەوا سـنوورەکانی پاشەڕۆژی دەوڵەتەکە، تا چەند بتوانرێت و بگونجێت پەیوەندیی بە ڕەگەز و ئیتنـیکەوە دەبێـت وەک لەوەی ئـابووری یـان جـوگرافی بێـت"[١٦]. خـاکە داگیرکـراوەکە دەبـوو لە نێـوان دەوڵەتێکـی عەرەبیـدا دابڕێـت کە لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرەی جاران و باشـوورێکی کوردسـتانی سـەربەخۆ لە بـاکووری ویلایەتـی مووسـڵدا. بە گەورەبـوونی فشـاری ئـابووری، وینسـتن چەرچڵ کە دواتر بوو بە وەزیری جەنگ، خەریکبوو مل بۆ داواکارییەکانی رای گشـتیی بەریتـانی کەچ بکـات و تـا ئەو ئاسـتە رۆیشـت کە لە مووسـڵ و بەغدا بکشێتەوە و لە یەکەمیاندا دەوڵەتێکی کوردی و لە دووەمدا دەوڵەتێکی سوننیی عەرەب درووست بکات لەگەڵ درووستکردنی مەحمییەیەکی بەریتانی لە ویلایەتی بەسرەی زۆرینە شیعەدا[١٧]. پابەند بـوونی لەندەن بە پشـتگیری و هاندانی حوکمی خۆکردن لە ناوچە داگیرکراوەکاندا لە یاداشـتێکی فەرمـانگەی جەنگدا سـەلمێنراوە کە بـۆ وەفـدی بەریتـانی لە کۆنفرانسـی ئاشـتیی پـاریس نێردراوە و هانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەدات و مشـتومڕ لە سـەر

ئەوە دەکـات کە ئامـادەگییەکی بەریتـانی لە کوردسـتانی باشـوور و عێراقـدا پێدەچێت ئاسایش دابین بکات سـەرەڕای ئەوەش کە سنوورە ستراتیجییەکان نـاجێگیر و ئـاڵۆزن[١٨]. ئەم دیـد و بۆچـوونە بەردەوام لە بەغـدا بەرهەڵسـتی دەکرا و کاربەدەستانی بەریتانیا لەوێ جەختیان لە سـەر ئەوە دەکردەوە کە "هەر سـێ ویـلایەتەکە گشـتێکی لێکتـر دانەبـڕاو پێکـدەهێنن"[١٩] بە تەواوی هەڵـومەرجە بازرگـانی و سـتراتیجییەکانەوە و بەم پێـیە دروسـتکردنی کوردسـتانێکی باشـوور دەبێـتە مـایەی ئەوەی کە سـنوورەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکە نائەمین و بەرگری لێنەکراو بێت.

هەروەهـا کاربەدەسـتانی بەریتانیـا لە بەغـدا چەنـدین جـار پرسـیاری گریمـانەی ئەوەیـان لە لەنـدەن کـردووە کە وا ناسـیۆنالیزمێکی تایبەتمەنـدی کـورد سـەریهەڵداوە و ئامـانجی دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆیە. هەردوک ویڵسـن و گێرتـرود بێـڵ راپۆرتیـان داوە کە داواکـاریی بـۆ سـەربەخۆیی کـورد، سـەرەڕای ئەوەی کەوا ئامـانجی ناسـیۆنالیزمێکی رەسـەن و راسـتەقینەیە، بەڵام بەرهەمـی تەمـاحی شەخسـی و داواکـاریی تاکەکەسیی سەرکردەکانی کوردە[٢٠]. جارِدانی شێخ مەحموود بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان لە مایسـی ١٩١٩دا و شکسـتهێنانی لەوەی یـاخیبووە کوردەکـان بەتەواوی شـوێنی بکەون ئەوەی بـۆ کاربەدەسـتە بەریتانییەکـان سـەلماند لە بەغدا کە وا زۆربەی زۆری کوردی ویلایەتی مووسڵ دڵگەرم نین بۆ مەسەلە ناسیۆنالیسـتییەکە. بە پێـی ئـەم سـیاقە و بە پشتبەسـتن بە ئەنجامەکـانی ریفراندۆمی ساڵی ١٩١٩ کە تیشکی خستە سـەر ئارەزووی مانەوەی تەواوی ویلایەتـی مووسـڵ لە عێراقدا[٢١]، ویڵسـن پێشـنیازی ئەوەی کـرد کە "بەخشـینی جۆرێـک لە ئۆتۆنـۆمی بە کوردەکـانی کوردسـتان وا باشـترە لێـبگەڕێن بـۆ دەستپێشـخەریی خۆمـان و نەخـرێتە بەردەمـی کۆنفرانسـی ئاشـتی"[٢٢].

کەڵەکەبــوونی ئــاژاوە و ئاشــوب لە نــاوچە کوردییەکانــدا و چڕبــوونەوەی فڕوفێڵـی تورکەکـان لە ئـاخر و ئۆخری سـاڵی ۱۹۱۹دا زیـاتر ویڵسـنی هێنـایە سەر ئەو رایە کە دامەزراندنی کوردسـتانێکی باشـووری سـەربەخۆ تەنها بەو ئەنجامە بشکێتەوە کە "ببێتە ناوچەیەکی پڕ لە ئاژاوە لە نێوان دەشـتاییەکانی میزۆپۆتامیا و سنووری وڵاتی فارسدا"[۲۳].

بەڵام سەرەڕای بەرهەڵستیی کاربەدەستان لە بەغدا، لەندەن هەر سـوور بوو لە سەر بڕیاری خۆی بۆ درووستکردنی دەوڵەتانی هاوچەشنی ئیتنیکی و پەیمـانی سـێڤرە (یـان سـیڤەر) لە ئـابی ۱۹۲۰دا رەنگـدانەوەی ترۆپکـی ئەو بۆچوونە بوو، کە بە رەسمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی لێ بەرهەم بێت. هەرچەنـدە ئەمە بە باشـی لە بەرژەوەنـدیی کوردسـتان بـوو[۲٤]، بەڵام پێـدراوەکانی پەیمـانی سـیڤەر لە لایەن ئەنجـومەنی بـاڵای نیشـتمانیی تورکیاوە تەگەرەی خرایە رێگە و رەتیکردەوە رەزامەندیی لە سەر دەرببڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیماننامەکە شکستی هێنا، بەڵام لەندەن ئەوەی هێشـتەوە کەوا تەنهـا لە رێـگەی درووسـتکردنی قەوارەیەکـی کـوردیی سـەربەخۆوە دەتوانرێت ئەمن و ئاسایش بپارێزرێت لە بـاکووری ویلایەتـی مووسڵدا، وەک فەرمـانگەی هندسـتان بە دوودڵیـیەوە پێشـنیازی کردبـوو کە "ئایـا لەم بـارودۆخەدا باشـتر نـیە ئەفسـەرە سیاسـییەکانمان بکێشـینەوە و کـورد سەرپشـک بکەیـن لە بەرانـبەر ویسـت و خواسـتی خۆیـدا؟... دوا شـت کە حکوومەتی بەریتانی خواست و ئـارەزووی لەسـەربێت خوڵقاندنی کێشـەیەکی نـوێی سـنووری بـاکوور – رۆژئـاوایە لە پڕگومـانترین سـنووری عێراقـدا"[۲٥]. جـارێکی تـر ویڵسـن تێبینیـی ئەوە دەکـات کە وا تەنهـا لە رێگەی هێنـانە نـاو عێراقـی ناوچەکـانی کـوردەوە ئەو ئاسـایش و ئـاراممیە بەدیـدێت و "کێشـەی

سنوور تەنها لەو کاتەدا درووستدەبێت کە لێبگەڕێین کوردستان خۆی بڕیار لە خواست و چارەنووسی خۆی بدات"[٢٦].

دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی لە میزۆپۆتامیا لە سالآنی ١٩١٩ – ١٩٢٠دا هەموو بە سەر یەکەوە خەسڵەتێکی چەقبەستوویی هەبوو. هەر لە سەرەتاوە و لە کانوونی دووەمی ١٩١٩دا، کۆمیتەی رۆژهەلاتی کابینەی حکوومەتی بەریتانیا نیازی خۆی دەربڕی بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی عەرەبی لە میزۆپۆتامیادا[٢٧] بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی جاڕنامەی نۆڤەمبەری ١٩١٨ی ئەنگلۆ – فەرەنسی لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی سەربەخۆ لە سووریادا[٢٨]. لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕ پەیدابوو لە سەر ئەوەی ئاخۆ حکوومەتێکی عەرەبی حوکمڕانییەکی رەسەن و راستەقینە دەستەبەر دەکات یان ئەنجامەکەی پێچەوانەی حکوومەتێک دەبێت کە نوێنەری دانیشتوانێکی دابەش بوو بە سەر رەگەز و ئاییندا. ئەمجارەشیان دیسانەوە ململانێ و ناکۆکی پەیدابوو لە نێوان کاربەدەستانی لەندەن و ویلسندا. فەرمانگەی کاروباری دەرەوە و (لە ساڵی ١٩٢٠دا فەرمانگەی هندستانیش)، وایاندەبینی کە حکوومەتێکی عەرەبی دامەزرێت بە سەرۆکایەتیی مەلیکێکی عەرەب بە دیدێکی ئایینیی لیبراڵەوە و ئەگەری ئەوەش هەبێت کە کوڕێکی شەریف حوسەین بێت[٢٩]، وەک جێبەجێی بەڵێنەکانی بەریتانیا لە سەردەمی جەنگدا بۆ رزگاربوونی عەرەبەکان، مافی چارەی میللیی لە خۆبەڕێوەبرندا و حکوومەتی نوێنەری خۆیان هەبێت[٣٠]. بەپێچەوانەوە بێت مشتومڕی لە سەر ئەوە دەکرد کە "بەپێی راگەیاندنی ئێوە ئێمە بەرەو ئەوە دەچین کە دەوڵەتێکی عەرەبیمان هەبێت لە میزۆپۆتامیادا لەکاتێکدا کە میزۆپۆتامیا بیخوازێت یان نە، ئەوە یەکەم بەڵگەیە کە من هەمە

بـــۆ بـــایەخی راســـتەقینەی حـــوکمی خـــۆکردن وەک لەم وڵاتەدا جێبەجـــێ دەکرێت"[٣١].

بەپێـــی بۆچـــوونی ویلســـن، دەوڵەتێکـــی عەرەبـــی کە مەلیکێکـــی عەرەب سەرۆکایەتیی بکات ئەنجامەکەی وا دەکەوێتەوە کە چڕبوونەوەیەکی ناهاوتای دەســـەڵاتی تێـدا دەکەوێـتە دەسـت کەمیـنەی سـوننە، لە سـۆنگەی راسـتیی دەســتباڵاییان لە ڕووی خوێنــدن و ســتانداردی پیشـــەییانەوە[٣٢] و دووپـــاتی دەکـــاتەوە کە "مـــن بـــڕوام وایە ئەنجامەکـــانی پـــێچەوانە دەبێـــت و لەگەڵ حکوومەتێکی دیموکراتیدا یەکناگرێتەوە"[٣٣]. بۆ بەرپەرچدانەوەی دڵگەرمـی و ســـووربوونی فەرمـــانگەی دەرەوە لە دامەزرانـــدنی دەوڵەتێکـــی عەرەبـــی بە سـەرۆکایەتیی ئەندامێکی بنەماڵەی حوسـەین، ویلسـن سـەرەتای سـاڵی ١٩١٩ سەرپەرشـتیی بەڕێوەچـوونی ریفرانـدۆمێکی کـرد لە نـاوچە داگیرکراوەکانـدا. پاشان توانی دەستنیشانی ئەوە بکات کە وا سەرباری زاڵبوونی دڵگەرمییەکی گشــتیی، بیــرۆکەی ئەمیرێکــی عەرەب کەمیــنە جــوولەکە و کریســتیانەکانی ترسـاندبوو بۆیە بڕیاربەدەسـتانی لەندەن تەنها هەر ئەم چەشـنە تێبینیانەیـان نەخستە لاوە، بە گریمانەی پێناسەی هاوبەش لە نێو عەرەبە موسڵمانەکاندا و بگـرە دابەشـبوونی شـیعە و سوننەشـیان پشـتگوێ خسـت. هەڵبەت نەزانییش رۆڵـی خـۆی لەمەدا بینـی و لە بەغدا پەیوەنـدی کـردن بە رابەرە ئایینییەکـانی شـیعەوە بەدەگمەن داوای مـانەوەی بەریتانیایـان دەکـرد[٣٤] و ئەنجامـدەدرا و ویلســـن راپـــۆرتی ئەوە دەدا کە لە کۆنفرانســـی ئاشـــتیی ڤێرســـایدا وەفـــدی بەریتـــانی لەو بـــاوەڕەدا نەبـــوون کە شـــیعە زۆریـــنەبن لە عێراقـــدا و ئەو مەسەلەیەیان رەتدەکردەوە[٣٥].

خـــۆلادان لە دەستنیشـــان کردنـــی بـــارودۆخی سیاســـیی پاشـــەڕۆژ لە میزۆپۆتامیـادا و سـووربوون لە سـەر بەڕێوەبردنی سـەربازی لە ناوچەکانـدا

وایکردبوو کە وا بەریتانییەکان کاریگەرانە کار لە سەر پەیدابوونی وڵاتێکی عەرەبیی عێراقی بکەن[٣٦]. بەم رەنگە، لە ماوەی یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٠ دژ بە داگیرکاریی بەریتانییەکان هەماهەنگییەکی نائاسایی هاتە کایەوە لە نێوان عەرەبە ناسیۆنالیستە عەلمانییەکان و هۆزە شیعەکان کە موجتەهیدەکان رابەرایەتیی دەکردن و ئیدارەی بەریتانییان بەچۆکدا هێنا. داواکاریی عەرەبەکانی میزۆپۆتامیا بۆ فەرمانڕەوایەکی موسڵمان هێشتا لە لایەن بەریتانییەکانەوە هەر وەک "ئاژاوە و دەمارگرژی تەماشا دەکرا و ... مۆرکی ناسیۆنالیزمی بەکەمی پێوە دیاربوو یان هەر نەبوو"[٣٧]، لەبەرئەوە یەکگرتن، بە پێی بۆچوونی کاربەدەستە بەریتانییەکان، بایەخێکی ئەوتۆی نەمابوو. حکوومەتی موسڵمان بۆ موجتەهیدە شیعەکان حکوومەت یان دەوڵەتێکی ئایینیی دەگەیاند و بۆ سوننییەکان و رۆشنبیرە ئازادەکانی بەغدا دەوڵەتێکی عەرەبیی سەربەخۆبوو لە ژێر سایەی ئەمیر عەبدوڵادا و بۆ تیرە و هۆزەکانیش نەبوونی رەهای حکوومەت مەبەستیان بوو[٣٨]. تەنانەت لە گەرماوگەرمی یاخیبوونەکەشدا ویڵسن بەڵگەی خۆی هەبوو بۆ مەزەندە و گومانەکانی و لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ سێ ناسیۆنالیستی عێراقی لە تەموزی ١٩٢٠دا تووشی گومان بووبوو لە پێگەی پاشەڕۆژی شیعە و کوردەکان و ئەمانیش پێیانڕاگەیاندبوو کە ئەوانە "جووتیاری نەزان و نەخوێندەوارن و بە ئاسانی کپدەکرێنەوە"[٣٩].

بەم رەنگە، لە ساڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٠دا گفتوگۆ و قسە و باس سەبارەت بە پاشەڕۆژی سیاسی و سەروبەرگرتنی ناوچە داگیرکراوەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان تیۆری بوو، هەرەوەها هیچ نەخشەیەک نەدەبوو جێبەجێ بکرێت پێش ئەنجامگیریی مەسەلەی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی ئیتنۆ – ئایینی دانیشتوان بڕیاربەدەستانی بەریتانیای سەرقاڵ

کردبوو، هەروەها کاریگەریی ئەگەری سیاسەتەکان لە سەر گرووپە ئیتنۆ – ئاینییە جیاوازەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان مشتومڕی لە سەر دەکرا. جیاوازیی گرنگ و بایەخدار سەریانهەڵدا لە نێوان کاربەدەستان لە لەندەن و ویڵسن لە بەغدا و لە روانگەی ویڵسنەوە قۆناخێکی حوکمی راستەوخۆی بەریتانیا پێویست بوو بۆ مسۆگەر کردنی ئەوەی کە دواجار شیعە بتوانن جێگەی راستەقینەی خۆیان بگرن لە ئیدارەی عەرەبیدا[٤٠]. ویڵسن لە پێداگری کردنیدا لەبارەی سوودەکانی مانەوەی بەریتانیادا، لەلایەن هەردوک حکوومەت و رای گشتییەوە بەرهەڵستی دەکرا و ئەوان پێیانوابوو کە ئیدارەی راستەوخۆی بەریتانیا تەنها ناسیۆنالیزمی دژە بێگانەی لێدەکەوێتەوە. راستییەکەی یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٠ تۆمەتباریی حکوومەتی سەلماند، کە بریتیبوو لە جمکە شکستی هەڵوەشانەوەی ئیدارەی سەربازی و دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردیی سەربەخۆ کە بوون بە هۆکاری دەرکەوتن و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم لە نێو کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ و عەرەبەکانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرەدا. رابەرایەتیی چینەکان لە شێوەی بزووتنەوەکەی مەحموودا بەرجەستە بوو لە کوردستانی باشوور و هاوپەیمانییەکی نێوان موجتەهیدەکان و عەرەبە سوننە ناسیۆنالیستەکان کە دابوویانە پاڵ شەریفییەکان لە هەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغدادا.

رووداوەکانی هاوینی ١٩٢٠ بە قووڵی سیاقی بڕیاردانی بەریتانیی گۆڕی لە میزۆپۆتامیادا لە چوار رووەوە: یەکەم رەتکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر لەلایەن تورکیا و جاڕدانی جەنگ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی باڵای ئەو وڵاتەوە دژ بە هاوپەیمانان کە ئەم جەنگەیان بەسەردا سەپاندووە و دەرفەتی ئاشتییان نەهێشتووەتەوە لەگەڵ تورکیادا. بەرپابوونی جەنگی نێوان یۆنان و تورکیا و بڕیاری لۆید جۆرج بۆ پشتیوانی کردنی یۆنانییەکان تەریک بوون و

دابڕینی بەریتانیای قووڵتر کردەوە لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا و سەری کێشایەوە بۆ پرۆپاگەندە و هەڵکوتانەسەری ویلایەتی مووسڵ لە لایەن تورکیاوە. دووەم، داگیرکردنی دیمەشق لە لایەن فەرەنساوە کۆتایی بە مەملەکەتەکەی سووریای فەیسەڵ هێنا و لەمپەری خستە بەر هیوای نەتەوەپەرستەکانی پان عەرەبیزم و خولیا و ئاواتیان خستە سەر تەخت و تاجی عێراق لە شەخسی فەیسەڵ خۆیدا. سێهەم، قبوولکردنی ماندێتی کۆمەڵەی گەلان بۆ خاکی میزۆپۆتامیا بە رەسمی لە لایەن بەریتانیاوە مۆڵەتی یاسایی دا بە بەریتانیا کاریگەری و دەسەڵاتی تەواوی بە سەر ناوچەکەدا بشکێت. چوارەم، یاخیبوونی عێراق کە تا نۆڤەمبەری ١٩٢٠ی خایاند و خەرج و تێچوونی داگیرکردن روو لە زیادی بوو قەناعەتی بە لەندەن هێنا بۆ هەڵوەشانەوەی ئیدارەی سەربازی و رازیکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی.

لە کانوونی دووەمی ١٩٢١دا بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزرا لە فەرمانگە یان ئۆفیسی قاهیرەدا بۆ ئەوەی رێنمایی پتەو و ناوەندی برەخسێنێت بۆ سیاسەتی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە کۆنفرانسی قاهیرە کە لە مارتی ١٩٢١دا بەسترا بەرنامەیەکی ورد بۆ سیاسەتی داهاتووی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیادا دانرا، کاتێ کە شارەزایانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە رابەری و رێنمایی چەرچڵی وەزیری نوێی کۆلۆنیاڵی، بە دیاریکراوی سیاسەتی حوکمی ناڕاستەوخۆی گرتەبەر لە خاک و ناوچە تازە بەدەستهاتووەکاندا[٤١]. پێدەچێت حوکمی ناڕاستەوخۆ سێ بایەخی زاڵی بڕیاربەدەستانی بەریتانیای بەتەواوی گرتبێتەوە کە بریتین لەمانە: پاراستنی کاریگەریی ئابووری و ستراتیجی، کەمکردنەوەی بنکە سەربازییە بەردەوامەکان بۆ کەمکردنەوەی خەرج و تێچوون و پێویستیی زەمانەتکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا. سێر پێرسی کۆکسی کۆمیسیاری باڵای نوێی

بەریتانی لە میزۆپۆتامیادا، تا ئاستێکی بەرز متمانەی چەرچڵی بەدەستهێنا و کاریگەرانە دەستوالآ بوو بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەریتانی[٤٢]. ئەوجا هەر کە کۆکس جێی ویڵسنی گرتەوە لە بەغدا، دەسبەجێ ئیدارەی سەربازی هەڵوەشێنرایەوە و لە نۆڤەمبەری ١٩٢٠دا ئەنجومەنێکی کاتیی عەرەبی بۆ حکوومەت پێکهێنرا و سەرنج و تێبینی لە سەر هۆکارەکانی ئیتنۆ – ئایینی هاتە کزی و لاوازبوون. لەکاتێکدا لەندەن سووربوو لە سەر نیاز و مەبەستی خۆی بە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لە باکووری ویلایەتی مووسڵدا، کاربەدەستان لە بەغدا خۆیان دەدزییەوە لە جێبەجێ کردنی راسپاردە و رێنماییەکانی لەندەن. هەڵبەت یاخیبوونەکەی ساڵی ١٩٢٠ و هەڵوێستی بەد و خراپی دژە بەریتانیی موجتەهیدەکانی شیعە وایکرد لە کاربەدەستانی بەریتانیی قەناعەت بەوە بێنن کە زیاتر پشت بە ناسیۆنالیستە سوننە گونجاوەکان ببەستن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق[٤٣].

لە ساڵانی ١٩٢١ – ١٩٢٢دا سیاسەتی بەریتانی لە ئاست مەسەلەی کورددا لە ویلایەتی مووسڵ هێشتا هەر خەسڵەتی دووری و ناکۆکیی تێدابوو لە نێوان لەندەن و کاربەدەستانی بەریتانی لە بەغدا. سەرەڕای شکستی پەیماننامەی سیڤەر بەڵام لەندەن هەر لە سەر ئەو بۆچوونە بوو کە دەوڵەتە تازە دروستبووەکان پێویستە لەڕووی رەگەز و ئیتنیکەوە هەمەچەشنە بن. چەرچڵ وایدەبینی کە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی باشترین زەمانەتە دژ بە زوڵم و ستەمی عەرەب لە کەمینەی کورد و لە هەمان کاتیشدا وەک ناوبڕێکی کاریگەر دەبێت دژ بە ئەگەری هێرش و پەلاماری تورک[٤٤]. بەڵام ئەم لە لایەن کۆکس و بێڵەوە بەرهەڵستی دەکرا و ئەم دووانە لە کۆنفرانسی قاهیرەدا هەموو هەوڵێکیان ئەوەبوو وای لەقەڵەم بدەن کە لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە خولیا و ئارەزووی دانیشتوانە کوردەکەیە[٤٥].

کۆنفرانسەکە مشتومڕی لە سەر ئەوە دەکرد کە تێکەڵ کردن و نووساندنی کورد بە عێراقەوە ڕەنگە باروودۆخی ناسیۆنالیزمی کورد ئاڵۆزتر بکات و مەسەلەکە سەر بکێشێتەوە بۆ بەستنی هاوپەیمانییەکی کورد لەگەڵ تورکیادا[٤٦] و بەو پێیە دەکرێت ناوچە کوردییەکان بە جیا لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵاوە ئیدارە بدرێن.

"بێگومان قەناعەت کردن بە کارێک لەڕووی تیۆری و ئایدیاڵەوە ئاسانە، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە تا پەڕی ئەوپەڕ گرانە ئیتنۆلۆجی بکرێتە تاقە کەرەستەی سنوورێک"[٤٧]. بۆ ساڵی دواتر کۆکس "وای بەلاوە باشتر بوو لێبگەڕێت مەسەلەکان ڕێڕەوی خۆیان وەربگرن"[٤٨] و کاریگەرانە ڕێنماییەکانی لەندەنی پشتگوێ دەخست سەبارەت بە جیابوونەوەی کورد و لەم ڕووەوە دوو شت کاریگەرییان لە سەر کۆکس دانابوو، یەکەمیان پەرۆشیی عەرەبی دەبینی بۆ زەوتکردنی ناوچە کوردییەکان وەک هاوتایی و پارسەنگێک دژ بە پرۆپاگەندەی بەریتانییەکان[٤٩]. ئەمە ئەو حاڵەتە ڕووندەکاتەوە کە پاڵپشتی کۆمیسیۆنی باڵا بۆ جەختکردنەوەی حکوومەتی عەرەبیی کاتی کە وا ڕەنگە تێکەڵبوون لەلایەن کوردەکانەوە قبووڵ بکرێت بە ڕەچاوکردنی "ژمارەی کەمیان و هەستەوەرییان بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ خەڵکی عێراقدا"[٥٠]. دووەم، کۆکس دەیویست خۆی لابدات لە خوڵقاندنی کارێکی پێشوەختەی جیابوونەوە لە دەوڵەتە تازە دروستکراوەکە. هەروەها لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١وە بەسرە کاری بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە دەکرد لە بەغدا[٥١] و ئەگەر ناوچە کوردییەکان جیابوونایەتەوە "ئەوە بەسرە و کۆمیونیتییەکانی تر هەمان داواکارییان دەبێت و ئەو کاتە قسەکردن لەگەڵیان زەحمەت دەبێت"[٥٢].

هەر لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٢١وە کۆکس هەوڵیدا بیانووی ئەوە بێنێتەوە کە وا لە قاهیرە بڕیاردراوە ناوچە کوردییەکان بخرێنە سەر عێراق[٥٣]،

چەرچڵیش بەتوندی و تووڕەبوونەوە ڕێنمایی داوەتێ لەبارەی "هێشتنەوەی ناوچە کوردییەکان دوور لە عێراق و ... دروستکردنی ناوبڕێکی یان بەربەستێکی غەیرە عەرەب لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکە و ئەگەری دوژمنانی تریدا"[٥٤]. بەهەرحاڵ، کۆمیسیۆنی باڵا بەو حاڵە مایەوە بە دواخستنی جێبەجێ کردنی سیاسەتەکە. لەبری ئەوە کوردەکان هاندەدران بەشداری بکەن لە ریفراندۆمی هەڵبژاردنی مەلیکی عێراقدا و قبوولکردنی فەیسەڵ کە بەربژێری کۆکس بوو. سلێمانی قایل نەبوو دەنگ بدات و کەرکوک "بەتوندی ڕەتیکردەوە سوێندی ملکەچی بۆ فەیسەڵ بخوات"[٥٥]. لە پاش هەڵبژاردنی مەلیک، کۆکس فەیسەڵی ئاگادار کردەوە کە وا "حکوومەتی بەریتانیا پێیباشە ناوچە (کوردییەکانی) ماونەتەوە بەشێکی تەواوکەری عێراقن لەجیاتی ئەوەی جیاببنەوە"[٥٦] و تەنها ئەو کاتەی هوبەرت یانگ لە فەرمانگەی قاهیرەوە بە شەخسیی گەشتی بەغدای کرد و بۆ فەیسەڵی ڕوونکردەوە کەوا "سیاسەتمان پشتیوانی و هاندانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو نەک داگیرکاریی عەرەبی"[٥٧]. لە کۆتاییەکانیساڵی ١٩٢١دا کۆکس هانی فەیسەڵی دا کە ڕەزامەندیی دەربڕێت لە سەر ئەوەی کە وا "حکوومەتی خاوەن شکۆیان خۆی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی تەواوی سەربازی و دەبێ دەنگی دلێری خۆی هەبێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات کە سنوورەکانی بە چ بارێکدا بکەونەوە"[٥٨].

گرژی و ئاڵۆزی ڕووی لە زیادی کرد لە ناوچە کوردییەکاندا و کوردەکان کەوتنە هەوڵ و تەقەلا بۆ سەربەخۆیی و گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە دەستبەسەری. بەم پێیە لە هاوینی ١٩٢٢دا فەرمانگەی قاهیرە ڕاستەوخۆ هاتە سەر خەت لەگەڵ "پەیامێکی پڕ لە نارەزایی و ... ڕاسپێریی ئەوەی ... کە ئێمە بە کردەیی ئامۆژگاریی تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی ناو

سنووری عێراق دەکەین بۆ ... پێکهینان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی"[٥٩]. هەڵبەت بەگوێرەی راسپاردە و رێنمایی روون و ئاشکرای ئۆفیسی قاهیرە جارێکی تر مەحموود لە دوورخراوەیی گەڕێنرایەوە و بە حوکمداری سلێمانی دامەزرا، کە شارێکی تەواو کوردنشینە و بەم دواییە هێزەکانی بەریتانیای لێکشاوەتەوە. ئامادەگیی مەحموود لە سلێمانی، لەکاتێکدا کە پڕبوو لە واتەوات و پرۆپاگەندەی تورک، بوو بە هۆکاری ئەوەی داوا و تکاکارییەکی لە ژمارە نەهاتوو بەرزبکرێتەوە لە لایەن ناوچە کوردییەکانەوە و جەختیان لەسەر جیابوونەوە لە عێراق دەکرد و لەگەڵ قەوارەکەی مەحمووددا یەکبگرن. کۆکس، لەجیاتی ئەوەی ئەمانە بە خۆپیشاندان و نمایشی ناسیۆنالیزمی کوردی ببینێت وای لێکدایەوە کە بەڵگەی ئاژاوە و تێکدانی ئاسایشی وڵاتە و لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٢٢دا ئامۆژگاریی لەندەنی کرد کە وا "لەم بارودۆخەی ئێستادا هەڵەیەکی گەورە دەکرێت و جێی دڵەڕاوکە و گومان دەبێت ئەگەر پرسیار لە ناوچە کوردییەکان بکرێت ئاخۆ دەیانەوێت بچنە پاڵ عێراق یان نە و ئەو ناوچانەی کە ماونەتەوە ئێستا تێهەڵکێشی هەڵبژاردنەکان بوون (بۆ ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق)"[٦٠]. مار وای بۆدەچێت کە وا بەدینەهاتنی سەربەخۆیی کورد بە هۆی نەبوونی سەرکردە و حوکمڕانی کوردەوەیە[٦١]. لەڕاستیدا سیاسەتی فەرمانگەی قاهیرە بە لێزانییەوە تێکدرا و شێوێنرا بە هۆی هەوڵەکانی کۆکسەوە بۆ هێنانەپێشەوە و دەست لە پشتدانی سەرکردە رکابەرەکانەوە[٦٢] و بە هۆی رەتکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵا بە دانپیانانی شەرعییەت و دەستوورییەتی شێخ مەحموود. لە لای خۆیشیەوە مەحموود لە پێگە و پایەی خۆی دەترازا و بەردەوام وەک "مەلیکی" کوردەکان جاڕی لەخۆی دەدا.

له دوادوایی ساڵی ١٩٢٠دا، بڕیاربەدەستانی بەریتانیا گەیشتنە قەناعەتێکی وا کە عێراق پێویستی بە حکوومەتێکی عەرەبییە تەنانەت بە نەبوونی ئاشتیش لەگەڵ تورکیادا. بەم پێیە بڕیاردرا کە مەلیکێک بۆ عێراق دابین بکرێت، لەکاتێکدا کە ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراقدا لەوانەیە جێی ماندێتی کۆمەڵەی گەلان بگرێتەوە. سیاسەت داڕێژانی بەریتانیا پێدەچێت لە ئێستادا بڕیاری ئەوەیان دابێت بۆ زەمانەتکردنی ئەوەی کە "دەسەڵاتی کۆتایی دەبێت لە دەستی سوننەکاندا بێت سەرباری ژمارەیەکی لەبننەهاتووی گرێ و گۆڵی خۆبەکەمزانییان، بەپێچەوانەوە دەوڵەتێکی ئایینییان دەبێت کە موجتەهید بەڕێوەی ببات"[٦٣].

بەم ڕەنگە، کۆکس هەر کە گەیشتە بەغدا بە شێوەیەکی سیستماتیکی کەوتە ڕەتکردنەوەی سەلماندنی دەسەڵاتی سیاسیی موجتەهیدە شیعەکان و لە دانوستاندنی کۆتاییهێنان بە یاخیبوونی ساڵی ١٩٢٠دا پەراوێزی خستن و دەیخواست "پەرِوباڵیان بکات"[٦٤]. لە هەمان کاتیشدا کۆمیسیۆنی باڵا پێداگریی دەکرد لە سەر ئامادەگیی شیعەیەکی سێکولار لە ئەنجومەنی کاتیی دەوڵەتی عێراقدا، بە ئومێدی هاندان و دەست لە پشتدانی دەرکەوتنی سەرکردایەتییەکی شیعەی سێکولاری وابەستە بە بەریتانییەکانەوە. بەڵام لەمەدا لە لایەن "کابینەکەی" عێراقەوە ڕێگریی لێکرا، "کە بە شێوەیەکی سەرەکی سوننە بوون و سووریش بوون لە سەر ئەوەی بە سوننی بمێننەوە"[٦٥]. دووبارە سەرهەڵدانەوەی باوەڕ بە یەکتر نەکردنی شیعە و سوننە لە دوای شکستی یاخیبوونەکەی ساڵی ١٩٢٠وە ئەوەندە توند و ئاشکرا بوو کە وا کێشایەوە بۆ زیادبوونی پشتیوانی کردنی سوننە لە حاکمێکی تورکی بۆ عێراق، چونکە "لەوە دەترسان لە لایەن شیعەوە قووت بدرێن و لەمەدا ڕەنگە تورکێک قەڵا و قایمکارییەکی باشتر بێت بۆیان لە کوڕێکی شەریف"[٦٦].

هەڵبەت ئەمە پێچەوانە کەوتەوە بۆ نەخشەکانی بەریتانیا و لە سەرەتای ئابی ١٩٢٠دا بێل بە شێوەیەکی سەیر و سەرسوڕهێنەرانە پێشنیازی کرد: "ئێستا فەیسەڵ لە ئینگلتەرایە و پێویستە سێر پێرسی لە وێستمینیستەر ئابی Westminster Abby تاجی پاشای میزۆپۆتامیای لە سەر بنێت"[٦٧]. ئەوی ڕاست بێت کە وا بە پێی پێشنیازی ویڵسن[٦٨]، کۆکس و لیژنەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی بەریتانی لە لەندەن ئەگەری دامەزراندنی فەیسەڵیان هێنابووە ئاراوە وەک مەلیکی عێراق لە سەرەتای ئابی ١٩٢٠ەوە[٦٩] و لە کۆنفرانسی قاهیرەدا دامەزراندنی فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق وەک "باشترین و هەرزانباییترین چارەسەر" دەرکەوت[٧٠]. بێگومان کراوەیی و لێبووردەیی ئاینیی ئەم دەبوو زۆرینەی شیعە رازی بکات، لەکاتێکدا متمانەی ناسیۆنالیستییەکەی دەبوو دانیشتوان یەکبخات، بەڵام کاندیدە لۆکاڵەکان کە بێ ئەملاوئەولا بناغەی دەسەڵاتیان تائیفی بوو، بەزۆری بۆ عێراق پەسەند نەبوون[٧١]. دانانی مێتۆدە دیموکراتییەکان بۆ هەڵبژاردنی مەلیکی داهاتوو لابران و "کۆپۆنە"[٧٢] بەریتانییەکە یەکلاکەرەوە بوو لە هەڵبژادنی فەیسەڵدا وەک مەلیک و تاج لە سەرنانی لە ئابی ١٩٢١دا. وەک سەرۆک هۆزەکانی زۆربەی ناوچەکانی فورات دەڵێن "ئێمە سوێندی ملکەچیمان بۆ تۆ خوارد وەک مەلیکی عێراق، لەبەرئەوەی لە لایەن حکوومەتی بەریتانیاوە قبووڵ کراویت"[٧٣].

بە ئومێدی گەورەکردنی کاریگەریی کۆمیسیۆنی باڵا، بەریتانییەکان پشتیوانیی دەسەڵاتەکانی مەلیکیان دەکرد لە سەر حیسابی کابینەی حکوومەت و ئەنجومەنی بنەڕەتیی داهاتوو[٧٤]. بەڵام ئەوەی کە لەندەن پێشبینیی نەکردبوو ئەوەبوو فەیسەڵ، کە خۆی وەک پاشایەتییەکی سەربەخۆ پیشاندەدا و هەوڵیدەدا بنکەی دەسەڵاتەکەی گەورە و فراوان بکات، ڕووبداتە

رابەرە ئایینییەکـانی شـیعە و پەیوەنـدیی بەهێـز بکـات لەگەڵیـان. فەیســەڵ تادەهـات هەوڵ و داواکـاریی روو لە هەڵکشـان بـوو لەپێنـاو ناسـیۆنالیزمێکی مکـوورِی دژە بەریتانیـدا[٧٥] و بـانگەوازی موجتەهیـدەکان بـۆ تەواوکردنـی سـەربەخۆیی موسـڵمانان و رزگاربوونیـان لە حـوکمی کریسـتیانەکان و ئەمە لەگەڵ ئۆپۆزســـیۆنێکی بـــاودا یەکیگــرتەوە دژ بە مانـــدێتی بەریتـــانی و پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقی.

لە هـاوینی ١٩٢٢دا شـیعە دەسـتبالاکانی نـاو هەردوو حیزبـی وەتەنـی و نەهزە تکاکارییەکیـان بەرزکردەوە بۆ مەلیک و داوای دەستلەکارکێشـانەوەی حکوومەتە ملکەچەکەی بەریتانیا و هەڵوەشـانەوەی ماندێت و پەیماننـامەکە و دەرکردنـی راوێژکارەکـانی بەریتانیایـان دەکـرد[٧٦]. برِیـارەکەی فەیسـەڵ بـۆ رازیکردنـی موجتەهیـدەکان بـوو بە هـۆی دەستلەکارکێشــانەوەی کـابینەی حکوومەت کە سـوننییەکان تیایدا بالادەست بـوون، لە کاتێکدا کە پەیوەندیی مەلیـک بە موجتەهیـدەکان و کەسـانی دژە بەریتـانییەوە لە عێراقـدا کۆکسـی خســـتە ســـەر کەڵـــکەڵەی پرســـیار کـــردن لەبـــارەی ئەنجـــامی سیاســـەتی بەریتانییەوە. کۆمیسیاری بالا راپۆرتی خۆی بەرزکردەوە بۆ لەندەن و تیایدا هـــاتبوو، کە لە کۆبوونەوەیـــدا لەگەڵ ســـوننە میانرِەوەکانـــدا، هەســـتی بە شـەرمەزاری کـردووە کـاتێ ئەو پرسـیارەی لێکـراوە کە بـۆچی "ئـێمە ئاوهـا ئازارمـــان داون بە ســـەپاندنی کـــاراکتەرێکی بێنـــرخ و بەهـــا وەک مەلیـــک بە ســـەریاندا"[٧٧] و مشـــتومرِی ئەوەیـــان دەکـــرد کە فەیســـەڵ "بە هاوکـــاریی دەســـتوپێوەندەکەی لە هەوڵ و مەراقـــی ئەوەدایە ببێـــتە حـــاکمێکی ملهـــورِی نابەرپرسیار"[٧٨].

ئەگەر لەندەن رەچاوی ئەوە بکات مەلیک لە سەر تەخت لاببات[٧٩]، هەل و دەرفەتێک هـاتبووە ئاراوە بـۆ کۆمیسـیاری بـالا کە راسـتەوخۆ دەسـتوەربداتە

کاروباری سیاسیی عێراقەوە. لە ساڵڕۆژی تاج لە سەرنانی مەلیکدا، کۆکس کۆبوونەوەیەکی ناسیۆنالیستیی وەستاند لە ناو کۆشکی پاشایەتیدا. بۆ رۆژی دوایی مەلیک نەخۆش کەوت و تووشی ریخۆڵە کوێرە بوو. لە غیابی کابینەی حکوومەتدا کۆکس خۆی دەسەڵاتەکانی گرتەدەست و بڕیاریدا ناسیۆنالیزمی دژە بەریتانیا سەرکوت بکات و دەستی کرد بە داخستنی رۆژنامە ناسیۆنالیستەکان. هەروەها سەرکردەکانی پارتە شیعەکانیشی گرت و رابەرە رۆحییە ناودارەکانیشیانی کردە ئامانج و فشاری دەخستنەسەر کە وا عێراق بەجێبێڵن بۆ وڵاتی فارس Persia (بەرەسمی لە ساڵی ١٩٣٤ەوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ئێران – وەرگێڕ). پاشان هەر کە شا فەیسەڵ لە نەخۆشییەکەی هەڵسایەوە یەکسەر رەزامەندیی لە سەر پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقی دەربڕی و فەرمانێکی شاهانەی دەرکرد بۆ پشتگیریی هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجومەنی بنەڕەتیی عێراق (المجلس التأسیسی) و بە تەواوی رەزامەندیی لە سەر کار و دەستپێشخەرییەکانی کۆکس دەربڕی.

بەم رەنگە، لە ساڵانی ١٩٢١ – ١٩٢٢دا کێشەی کورد پەراوێزخرابوو لەبەرئەوەی کۆمیسیاری باڵا پشتی راوبۆچوونی حکوومەتی عێراقی دەگرت و بەردەوام جێبەجێ کردنی رێنمایی و راسپاردەکانی لەندەنی دوادەخست بۆ درووستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی لە ویلایەتی مووسڵدا. رەتکردنەوەی کۆکس بۆ قبووڵ کردنی مەحموود وەک دانوستاندنکارێکی بەجێ و شیاو و هەوڵدانی بۆ پشتگیریی سەرۆکە کوردە رکابەرەکانی ئەوەی دەسەلماند کە وا کاربەدەستە بەریتانییەکانی بەغدا، بە پیشاندانی سەربەخۆییەکی بەرچاوی خۆیان لە لەندەن، بە ئاگاییەکی تەواوەوە جیاکارییان لە نێوان دەستەبژێرەکاندا دەکرد. بە هەمان شێوەش، کۆمیسیاری باڵا رەتیدەکردەوە دان بە موجتەهیدەکاندا بنێت وەک

دانوستاندنکاری سیاسی و راستەوخۆ لە هاوینی ١٩٢٢دا خۆی دەستنیشانی کردن. لەم قۆناخەدا هەوڵدانی بەریتانیا بۆ پشتگیریی لە شیعەیەکی عەلمانیی ئاسـایی و وابەسـتە بە حکـوومەتی عەرەبیـیەوە، بەڵام سـەرنەکەوت لەبەر جـووتە فشـاری دوودڵـی و گومـانی سـوننی لە لایەک و بەرهەڵسـتیی موجتەهیدە شیعەکان بۆ کاریگەریی بەریتانیا لە لایەکی ترەوە کە زۆرینەی شیعەیان قەناعەت پێکردبوو بە ئاشکرا بەرهەڵستیی ماندێت و پەیماننامەکە بکەن.

لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٢٢دا و کەوتنـی حکـوومەتەکەی لۆیـد جـۆرج لە بەریتانیـا و جێگـرتنەوەی لە لایەن کـابینەی بۆنـار لـۆی موحافزەکـارەوە بە ئاڕاستەی گەرمبوونی گفتوگۆ و مشتومڕدا رۆیشت لە سەر سوود و قازانجی بوونی بەریتانیا لە عێراقدا. لە سەرەتای دیسەمبەری ١٩٢٢دا کابینەیەکی نوێ لە عێراقدا پێکهات، بەڵام دەرکەوت کە بوونی بەریتانیا لە ناوچەکەدا هێشتا هەر بە پێویست دەزانرێت، بەڵام لەجیاتیی ئەو بیست ساڵەی کە لە بنەڕەتدا لە پەیماننامەکەی ئەنگلۆ – عێراقیدا هاتبوو کەمکرایەوە بۆ تەنها چوار ساڵ. پاشـان بە پێـی ئەم هەسـت و تێگەیشـتنە لە نیسـانی ١٩٢٣دا پەیماننـامەکە دەسکاری کرا. وەزیری کۆلۆنیاڵیی نوێ، ڤیکتۆر کەڤندیشی دۆقی دیڤۆنشایەر، کە زانیاریی پێشوەختی نەبوو لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و لەبەرئەوە سیاسەتی بەریتانیا زیاتر کەوتە ژێر کاریگەریی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە بەغدا[٨٠] (واتە کاربەدەستە بەریتانییەکانی بەغدا – و). دواجار، کە بۆنار لۆ جێگەی لۆید جۆرجی تا سەرئێسقان دژ بە تورکیای گرتەوە و کردنەوەی کۆنفرانسی لۆزان لەگەڵ تورکیادا لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢دا هەل و دەرفەتی هێنایە پێشەوە بۆ ئەنجامدانی ئاشتییەکی خێرا. لای خۆیەوە مەلیک فەیسەڵ دانی بەوەدا نا کە پشگیریی بەریتانیا پێویست دەبێت ئەگەر مووسڵ بخرێتەوە

سـەر عێـراق، کە هێشـتا هەر ئیـدیعا و داواکـاریی تورکیـای لەسـەربوو وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی خۆی.

ساڵی ١٩٢٣ سیاسەتی بەریتانیا لە عێراقدا ئامانجی چەسپاندنی دەوڵەت و بەهێزکردنی کۆنترۆڵی حکوومەت بوو بە سەر خاک و دانیشتوانەوە. بە پێی ئەم سـیاقە جیـاوازییە ئیتنـی و ئایینییەکـان بەتـاڵ بـوونەتەوە بە حـوکمی زەروورەتی مسۆگەر کردنی ئاسایشی سنوورەکان و بەهێزکردنی دەسەڵاتی تەواوی حکـوومەت. کـۆکس و هێنـری دۆبسـیش کە دواتـر جێـی گـرتەوە قەناعەتیان وابوو کە تەنها هێڵی ئاگربەس دەتوانێت سنوورێکی ستراتیجیی بەرگری لێکراو لە باکووردا دابین بکات و ئەمەش وا لە ئاوێتە و تێکەڵبوونی کورد دەکات کە پێویست بێت. بە هەمـان شـێوە کێشـەی شـیعەش لە سـاڵی ١٩٢٣دا گەیشـتە خـاڵی یەکلاکەرەوە و چارەسـەر کردن لە نێوان حکوومەتی عەرەبی و موجتەهیدەکانی شیعەدا.

ساڵی ١٩٢٣، سیاسەتی بەریتانیا لە ئاست کوردەکاندا زیاتر رەنگدانەوەی بۆچوونی حکوومەتە عەرەبییەکە بوو لە بەغدا، کە جەختی دەکردەوە لە سـەر ئەوەی کە وا ناوچە کوردییەکان بخرێنە سەر عێراق. کەمکردنەوەی ماوەی پەیماننامەی ئەنگلۆ – عێراقی بۆ چوار ساڵ کاتێکی گونجاوی بەدەستەوە نەهێشت بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کورد و ئەوەی دەگەیاند کەوا راسـپاردەکانی جیـابوونەوەی کـورد لە عێـراق هەرگیـز جێبەجـێ نـابن و وەک دۆبس لەوبـارەوە دەڵێت "خەڵـک فشـاری بـۆ نەکـردن"[٨١]. بە بڕیـاردانی چێکردنـی ئاشـتییەکی خێـرا لەگەڵ تورکیـادا، لەندەنیشـی هێنـایە سـەر ئەو باوەڕەی کە تێکەڵکردنی کورد رەنگە ئاسانکاریی بۆ دانوستاندن بکات، چونکە "خەیـاڵی تـورک بـۆ ... کوردسـتانی خـواروو پشـت بەو بـاوەڕە دەبەسـتێت کە نیـازی ئـێمە پێـدانی ئۆتۆنـۆمییە بەو نـاوچە کوردییـانەی دەکەونە بندەسـتی

عێراقەوە"[٨٢] و ترسیان لەوە بوو کە ئەمە دەبێتە مایەی هەمان داواکاری و دووبەرەکی لە نێو کوردەکانی تورکیادا.

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣وە و لە مانگی کانوونی دووەمدا مەلیک فەیسەڵ و کۆکس نیازی خۆیان ئاشکرا کرد بە پێدانی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان و بە شێوەیەکی وا کە حکوومەتی عێراق "دان بە مافەکانی ئەو کوردانەدا دەنێت کە لە ناو سنووری عێراقدا دەژین بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی ئەم سنوورانەدا"[٨٣] و مەسەلەی سەربەخۆیی لەئارادا نەبوو. دەستڕۆیشتنی دەسەڵاتی عێراق بە سەر ناوچە کوردییەکانی ویلایەتی مووسڵدا بە بڕیاری شازادە زەیدی برای مەلیک فەیسەڵ بۆ نیشتەجێبوون لە مووسڵ ئاماژەی پێکرا. کاربەدەستە بەریتانییەکان قەناعەتیان وابوو کە ئاژاوە و پشێوی لە ناوچە کوردییەکاندا لە ناسیۆنالیزمەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو بە هۆی "ئەو راستییەوەیە ... کە حکوومەتی عەرەبی شکۆی نەماوە" و باوەڕی وایە "کە ئەگەر لێبگەڕێین ئەوە زەید بە تەنها خۆی لەگەڵ کوردەکانی باکووردا دەگاتە رێکەوتنێکی تەواو دڵخۆشکەر"[٨٤].

هەڵبەت دوو فاکتەر پاڵی بە حکوومەتی عەرەبییەوە نا ئاوێتەکردنێکی خێرا ئەنجام بدات بۆ ناوچە کوردییەکان لە عێراقدا. یەکەم هەر لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٢١وە فەیسەڵ بە پێداگرییەوە مشتومڕی لە سەر ئەوە دەکرد کەوا پێدانی زۆرینە دیمۆگرافیی شیعە "پارچەیەکی گەورە لە ناوچەکانی سوننەی عێراق لە دەرەوەی دەوڵەت و دوورخستنەوەی نوێنەرانیان لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێدەچێت شیعە بخاتە پێگەیەکی زۆر بەهێزەوە"[٨٥]. دووەم، وەفدی بەریتانی بۆ لۆزان نەیتوانی تورکەکان قەناعەت پێبکات واز لە داواکارییەکانیان بێنن بۆ ویلایەتی مووسڵ و هەر کە رێککەوتننامەی ئاشتی

ئیمزاکــرا کێشــەی مووســڵ ســپێردرا بە کــۆمەڵەی گەلان، کە ئەگەری ســەربەخۆیی کــوردی خســتبووە لاوە و ســەرقاڵی ئەوەبــوو ئــاخۆ نــاوچە کێشەلەسەرەکان بە تورکیا دەسپێردرێت یان بە عێراق. فەیسەڵ، کە لە لایەن راوێژکارە بەریتانییەکانەوە پشتگیریی دەکرا، دەترسا مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی کورد ببێتە مایەی بەرپابوونی ئاژاوە و پشێوی و بەو پێیە "ئەگەر نێردەیەک لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە لەمساڵدا بگاتە ئەو ئەنجامەی کە دۆخەکە هێجگار مەترسیدارە و راسپاردەی ئەوەبێت کە وا کوردستانی باشوور بخرێتە سەر تورکیا بەو بنەمایەی عێراق نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات"[٨٦].

دەستبەرداربوونی بەریتانیا لە سیاسەتێکی جیاکردنەوە بە پێی رەگەز و ئیتنیک لە حوزێرانی ساڵی ١٩٢٣دا لە لایەن دۆبسەوە لە راپۆرتێکیدا بۆ لەندەن گوزارشتی لێوە کرا و تێیدا هاتووە کە "وا چاوەڕوان دەکرێت ... ناوچە کوردییەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بچنە هەڵبژاردنەکانەوە"[٨٧]. نارەزایی دەربڕینی ویلیەم ئۆرمسبیگۆری جێگری وەزارەتی کۆلۆنییەکان کەوا "هەندێ شت وەک سیاسەتێکی تایبەت ساڵی ١٩٢١ لە قاهیرە خراوەتە لاوە و ... بەو کارەی کە ئێستا لە لایەن سێر هێنری دۆبسەوە پێشنیاز کراوە و راستەوخۆ پێچەوانە بووەتەوە"[٨٨]، فەرامۆش کراوە. بە هاتنی ساڵی ١٩٢٣ مشتومڕ و بەڵگەهێنانەوە لە سەر مەسەلە ستراتیجی و ئابوورییەکان سەرکەوت بە سەر بناغەی خۆبڕیاردانددا و بەم رەنگە لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣دا دۆبس بێ هیچ بەرهەڵستییەک توانی روونیبکاتەوە کەوا "ئامانجی ئێمە خستنەپاڵی تەواوی ناوچە کورییەکانە لە میزۆپۆتامیادا، کە رەنگە لە سنوورەکانی بەری مووسڵەوە وەک ئەنجامێکی دانوستاندن بێت (لەگەڵ تورکیادا)"[٨٩].

لەم رووەوە تەنها کێشەیەک مابووەوە کە ئەویش بوونی مەسەلەی قەوارەیەکی کوردی بوو لە سلێمانی بە فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود. لە مانگی دیسەمبەری ١٩٢٣دا دۆبس بڕیاریدا ئەم شارە بۆردمان بکات و بە دڵگەرمییەوە رایدەردەبڕی کە جیابوونەوەی کورد کارێکی قبوڵکراو نیە. دواجار لە تەموزی ١٩٢٤دا سلێمانی لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاوە داگیرکرا و ناوچە کوردییەکانی بەشدار بوون لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٤ی ئەنجومەنی بنەڕەتیی عێراقدا لە کۆتاییدا خرانە سەر عێراق.

فەرمانی مەلیک بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی بنەڕەتی لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا بڵاوکرایەوە و دەسبەجێ فەتوای موجتەهیدە باڵاکانی شیعەی بەدوادا هات و جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە "بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا حەرامە چونکە زیان بە عێراق دەگەیەنێت"[٩٠]. لیژنەکانی هەڵبژاردن لەو ناوچانەی کە شیعە تێیاندا باڵادەستن بەکۆمەڵ دەستیان لەکارکێشایەوە و لەکاتێکدا سەرۆک هۆزەکان دوودڵ بوون لە نێوان چوونە پاڵ پاشایەتی و بەشداربوون لە هەڵبژاردندا یان بە چەپە هەڕەشەکردن ... کە "هەڵبژاردن بیدعە و نەشیاوە"[٩١]. ئەو موجتەهیدانەی لە ساڵی ١٩٢٠دا نەیاری چالاک بوون دژ بە بەریتانییەکان و دژ بە پەیماننامەکەی ساڵی ١٩٢٢ بە شێوەیەکی سەرەکی پاڵنەریان رەتکردنەوەی ئەوەبوو کە موسڵمانان بکەونە ژێردەستی بەریتانییە مەسیحییەکان. بۆ ساڵی ١٩٢٣ هەڵوێستی بەرەنگاریی رابەرە ئاینییەکان رەنگدانەوەی ناڕەزاییش بوو دژ بە پەراوێزخستنی شیعە لە ئیدارەدا و دەستبالایی سوننە لە کابینەی حکوومەتی عێراقدا[٩٢] و مەهدی ئەلخاڵسیی گەورە موجتەهیدی کازمێن (جاران بەم شێوەیە ناوی کازمییەی ئێستا دەهات – و) بانگەوازێکی بڵاوکردەوە بۆ جەماوەری موسڵمان کە رێگە

نەدەن بێگانە دەستوەربداتە کاروباریانەوە و داوای لە سەرجەمی شیعە کرد وەک "ناحەز و ڕکابەری دەوڵەت ڕەفتار بکەن"[٩٣].

ساڵی ١٩٢٣ ناکۆکی و ململانێیەک سەریهەڵدا لە نێوان حکوومەتی عەرەبی کە سوننە و عەلمانی تێیدا باڵادەست بوون بە سەرۆکایەتیی فەیسەڵ لە لایەک و ڕابەرانی زۆرینە شیعی لە عێراقدا. کارمەندە بەریتانییەکان لەمێژبوو دڕدۆنگ بوون لە هەوڵەکانی فەیسەڵ بۆ ڕازیکردنی موجتەهیدەکان و لە دوادوایی ساڵی ١٩٢٢دا بێڵ پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە وا مەلیک و کابینەی حکوومەت "هەموو جۆرە تەنازولێکیان کردووە لەتوانایاندا بووبێت و هیچیتر نەماوە بیکەن لە شەڕ و بەرەنگاریی بەولاوە"[٩٤]. کۆکس بە خۆی هۆشداریی دا بە لەندەن کە وا "هیچ شتێک نەماوەتەوە بەدەستبهێنرێت لە دواخستنی کارکردندا لە دژی *عولەماکان*"[٩٥].

لە کۆتایی دیسەمبەری ١٩٢٢دا، فەیسەڵ کابینەیەکی نوێی پێکهێنا بە نیازی "ڕێگری کردن لە دەستێوەردانی نایاسایی لە هەڵبژاردنەکاندا و لە ڕوانگەی فەتواکانی شیعەوە ئەم بڕگەیە بایەخێکی گەورەی هەبوو"[٩٦]. پاشان کە مەلیک ڕاسپاردەی ڕاوێژکارە بەریتانییەکانی سەلماند، کەوتە کار بۆ پەراوێزخستنی موجتەهیدەکان و لە هەمان کاتیشدا کەوتنە پشی پشی بۆ سەرۆک هۆزە شیعەکان لە دەمی بانگەشەی هەڵبژاردندا هاوینی ١٩٢٣ و مەلیک بەڵێنی زیادکردنی ژمارەی کورسیی پێدان بۆ ئەنجومەنی بنەڕەتی و بەخشینی سەرۆک هۆزە شیعەکان لە باجی جۆراوجۆر[٩٧]. هەروەها پرۆپاگەندەی حکوومەت ڕۆحانییەکانی شیعەی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە دەسکەلای حکوومەتی ئێرانن بەو پێیەی کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان هەیە. ئەمە لەکاتێکدا کە بە ئاشکرا ڕقی سوننەی بەرانبەر بە شیعە ئەستوور دەکرد توانیشی ناکۆکییەک بخاتە نێوان موجتەهیدە ئێرانییەکان و هۆزە

عەرەبەکانەوە[98] و بە شێوەیەکی کاریگەرانە کۆمەڵگەی شیعە دابەش بکات و هەڵاواردنی رابەرە ئایینییەکان ئاسان بکات و بوار بداتە حکوومەتی عەرەبی داواکارییەکانیان پشتگوێ بخات. پاڵپشت بە پێشنیازی چەندبارەی راوێژکارە بەریتانییەکان دەرکردنی موجتەهیدە باڵاکان پێویست بوو بۆ دابڕینیان لە خەڵکە لایەنداره‌کەیان[99] و هەروەها حکوومەتی عێراقیش یاسایەکی کۆچکردنی نوێی دەرکرد بۆ دوورخستنەوە و دەرکردنی ئەو هاوڵاتییە بیانییانەی چالاکیی دژە حکوومەت ئەنجام دەدەن.

کوڕێکی خاڵسی دەسگیرکرا لەو کاتەدا کە فەتوایەکی بە دەرگای مزگەوتی کازمێندا هەڵدەواسی و وەک کاربەدەستە بەریتانییەکان راپۆرتیان لەبارەوە داوە "ئەم رووداوە ... حکوومەتی بەتەواوی یەکلاکردەوە و ناکۆکی و دژایەتیی ئاشکرا کەوتە نێوان عولەما و حکوومەتەوە و بژاردەیەکی تر نەما جگە لە بەرەنگاری"[100]. بەم رەنگە خاڵسی و سێ کەسی تر لە ئەندامانی خێزانەکەی گیران و دوورخرانەوە بۆ وڵاتی فارس پاشان زۆربەی زۆری موجتەهیدە ناودار و دەرکەوتووەکانی عێراق بەرودوا بە شوێنیاندا هاتن.

ئەم دەرکردن و دوورخستنەوەیە بوو بە نیشانەی کۆتایی کاریگەریی ئەکلیرکی لە سەر سیاسەتەکانی عێراق و وەک مار تێبینی دەکات "سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی لە دەستی عەرەبە سوننییە ناسیۆنالیستەکاندا هێشتەوە کە خوازیار بوون هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەریتانییەکاندا بکەن"[101]. هەروەها هانی شیعە ناودارەکانیان دەدا کە بە لای مەلیکدا دایشکێنن و دەستباڵایی سوننە قبوڵ بکەن لە سیاسەتەکانی عێراقدا. ئەوجا هەر لە سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩٢٣وە وەفدێکی کەسایەتییە بەرچاوەکانی شیعە بەیانێکی رەسمییان بۆ مەلیک بەرزکردەوە و تیایدا

باسـیان لەوە کردبـوو کە وا "کـۆمەڵگەی شـیعە بەهەڵەدا چووبـوون و ئێسـتا راسـتییان بـۆ دەرکەوتـووە و پشـتی پەیماننـامەکە و وابەسـتەبوون بە بەریتانیاوە دەگرن"[١٠٢]. بەڵام سـەرباری هیـوا دەربڕینیـان بۆ نوێنەرایەتییەکی زیـاتری شـیعە لە حکوومەتدا کەچی جەختیـان دەکردەوە لە سـەر ئەوەی کە "ئەوان رازین بە کابینەی پێشنیازکراو و بە دڵسـۆزیی پشـتگیریی دەکەن"[١٠٣] و بەکـردەوە رازی بـوون بە پەراوێزخسـتنی شـیعە لە بەڕێـوەبردنی عێراقـدا. بە هەمـان شـێوەش، موجتەهیـدە دوورخراوەکـان فەتواکانیـان کێشـایەوە چـونکە حکوومەتی عێراق بەڵێنی دابوونێ کە لە دوای هەڵبژاردن دەیـانگێڕێتەوە بەو مەرجەی واز لە چالاکیی سیاسی بێنن.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی بنەڕەتی لە ساڵی ١٩٢٤دا بەڕێوەچوو، بە گوێرەی یاسایەکی هەڵبژاردنی وا "لە چوارچێوە درابوو کە نائومێدانە هەمـوو شـتەکان لە بەرژەوەنـدیی سـوننە بێـت"[١٠٤]. لێـرە بەدواوە، دەسـتەبژێری شـیعەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەو سەرۆک هۆزانە پێکدەهات کە گرێدراوی حکوومەت بوون لەسۆنگەی بەرژەوەندییە تاکەکەسییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکانیـان، کە لەڕووی سیاسییەوە ملکەچ و پاشکۆی کەمینەی سـوننی بوون. بەم رەنگە لە ئاخر و ئۆخری سـاڵی ١٩٢٣دا، داگیرکەرە بەریتانییەکـان توانییـان دەوڵەتێکی یەکگرتـوو درووسـت بـکەن لە هەر سـێ ویـلایەتەکەی مووسـڵ و بەغـدا و بەسـرە. پاشـان لێـرە بەدواوە، حکـوومەتێکی ناوەنـدیی کە سـوننە تێیـدا دەسـتبالابوو لە بەغـدا لەنـگەر دەگرێت و هەوڵـدەدات داواکـاریی بەردەوامـی ناسـیۆنالیزمی کـورد سـەرکوت بکـات و لە هەمـان کاتیشـدا لە پەیجـوری پەراوێزخستنی ئەکلیرکییە لە سیاسـەتدا و بەهێزکردنی دەسـتبالایی سیاسـیی سوننەیە بە سـەر شیعەی زۆرینەدا لەڕووی دیموگرافییەوە.

مێژووی عێراقی سەدەی بیستەم مۆرکێکی گەورەی بەردەوامیی گرژی و ئالۆزییە لە نێوان گرووپە ئیتنی و ئایینییە جیاوازەکاندا بە هۆی هەولّی حکوومەتی ناوەندییەوە کە سوننەی تێدا زاڵە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تەواویان بە سەر کوردەکاندا لە باکوور و پەراوێز خستنی سیاسیی شیعە. شوێنەواری گرژییەکان دەگەڕێنە دواوە بۆ ئەو سەروبەرگرتنە دەستکردە سیاسی و جوگرافییەی دەوڵەتی عێراقی لە سەر درووستکرا لە لایەن بەریتانییەکانەوە لە نێوان سالآنی ١٩١٩ و ١٩٢٣دا. ئاگالێبوونی بەریتانیا، یان فەرامۆش کردنی جیاوازیی ئیتنۆ – ئایینیی دانیشتوان لە خاکی داگیرکراوی میزۆپۆتامیادا پێویستی بە بایەخپێدانی تەواو و تیشک خستنە سەرە.

لە سالآنی ١٩١٩ – ١٩٢٠دا سیاسەتی بەریتانیا لە خاکی داگیرکراوی میزۆپۆتامیادا مۆرکێکی راوەستاویی بەخۆیەوە بینیبوو لەکاتێکدا کاربەدەستان مشتومڕیان بوو لە سەر گونجان و نەگونجانی چارەسەری خۆبەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان و حەزکردن بە پێکهێنانی حکوومەتێکی عەرەبی لە ناوچەکەدا. هەڵبەت تەنها لە سالآنی ١٩٢١ – ١٩٢٢دا بوو کە بڕیاربەدەستانی سیاسەتی بەریتانیا هاتنە سەر درووستکردنی حکوومەتێکی عەرەبی لە بەغدا بە سەرۆکایەتیی مەلیک فەیسەڵ و تەنها لە ساڵی ١٩٢٣دا بوو کە لەندەن پشتیوانیی خۆی دەربڕی بۆ حکوومەتە عەرەبییەکە کەوا دەسەڵاتی تەواوی خۆی بە سەر خەڵک و ناوچەکەدا بسەپێنێت و کاریگەرانە دەوڵەتێک دامەزرێنێت. لەم ڕووەوە سیاسەتی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیادا وا راڤە دەکرێت کە زۆر دواکەوتووانە بوو و بە پێی بناغەی هەڕەشەی تورکیا کاردانەوەی خۆی دەنواند، کە بریتی بوو لە راوەستاوی و گەلآڵە کردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەینبەستی کوردی و لە کۆتاییشدا ناوچە کوردییەکان بخاتە سەر عێراق.

پێناسە کردنی سیستەمی سیاسی و سنوورەکانی عێراق بەتەواوی لە ژێر کــــاریگەریی پەیوەنـــدیی نێـــوان دەزگاکـــانی حکـــوومەت لە لەنـــدەن و کاربەدەستەکانی بەریتانیدا بوو لە بەغدا. بێگومان پەیدابوونی گرژی لە نێوان ویلسـن و لەنـدەن سـەری کێشـایەوە بـۆ تونـدبوونی مشـتومڕەکانی سـاڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٠ و دواجـار کـۆکس تـوانی راسـپاردە و رێنماییەکـانی لەنـدەن پشـتگوێ بخـات سـەبارەت بە جیـابوونەوەی کوردەکـان. هەڵـبەت دەسـتباڵایی کاربەدەستان لە بەغدا بەسەر دارشتنی سیاسـەت لە سـاڵی ١٩٢٣دا زەمـانەتی ئەوەی کـرد کە پـرۆژەی دامەزرانـدنی دەوڵەت لە سـەر بنـاغەی هاوشـێوەیی رەگەز و ئیتنیک وازی لێبهێنرێت. هەروەهـا کاربەدەسـتان لە بەغدا پێویسـتیی ئەوەیان سەلماند کە بنەمای دەسەڵاتێکی بەرفراوان بۆ فەیسـەڵ دابین بکرێت بە درووســتکردنی ســەرکردایەتییەکی شــیعەی بەرژەوەنــدیی گرێــدراو بە حکوومەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە راکێشانی کەسە شیاوەکانی گرووپە ئیتنۆ – ئایینییە جۆراوجۆرەکان بۆ مەسـەلەی حکوومەتی عەرەبی لە رێگەی هانـدان و دەمـچەور کردنـی کـۆمەڵایەتی و ئـابوورییەوە بـۆ تاکەکەسـان. بەم پێــیە، بڕیاربەدەســتان، لە رێــگەی جیاکــاریی درووســتکردنەوە لە نێــوان دەستەبژێرە خۆوڵاتییەکاندا کاریگەرانە مەبەستی خۆیـان پێکا و هەڵبژاردنی تاج لە سەرنانی فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق، کە بێگانەیەک بـوو، رەنگدانەوەی بڕیــاری بەریتانییەکــان بــوو بــۆ قبــووڵکردنی بنەمــاڵەی شــەریف وەک گفتوگۆکاری عەرەب. لە زۆربەی نموونە و حاڵەتەکاندا، جیاکاری ئەگەرچی لە لەنــدەنەوە ســەرچاوەی دەگــرت، بەڵام بەرهەمــی رەفتــار و هەڵوێســتی کاربەدەسـتانی بەریتانیـا بـوو لە بەغـدا. ئەوی راسـتی بێـت کـۆکس هەر لەو دەمەوە کە هـاتە بەغـدا، دەسـتی کـرد بە پەراوێزخسـتنی موجتەهیـدەکان و لە هەمان کاتیشدا هەوڵیدەدا بۆ لاوازکردنی شـوێنکەوتووانی شـێخ مەحمـوود لە ناو کوردەکاندا.

راســـــتییەکەی لە ســـــاڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٠دا لەنـــــدەن لە بنەماکـــــانی خۆبەڕێـوەبردن و حکـوومەتی نـوێنەرایەتی نەگەیشـتبوو وەک ململانێیەکـی پێویست لەگەڵ بەرژەوەندییە کۆلۆنیاڵییەکانی بەریتانیادا. دامەزراندنی دەوڵەت بە پێی بنەمای هاوڕەگەزی وا دەهاتە بەرچاو کە زیاتر ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچە تازە داگیرکراوەکان دابین دەکات و لە هەمـان کاتدا پێزانینی میللی و شـەرعییەتی نێودەوڵەتی بـۆ داگیرکردنـی بەریتانیـا دەرەخسـێنێت. بە هەمـان شـێوە درووسـتکردنی حکـوومەتی نـوێنەرایەتی لە نـاوچە داگیرکراوەکانـدا وا دەهاتە بەرچاو کە خەرج و تێچوونی بەریتانیا لەودیـوی دەریـاوە و پابەندییە سەربازییەکان کەمدەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەرپابوونی دژایەتیی گشـتی بـۆ بڵاوبـوونەوە و تەشـەنەکردنی ئیمپراتـۆریێتی بەریتـانی چارەسـەر دەکـات. ئەوەی کە دەبـــوو زەمـــانەت بکرێـــت دانپیانـــان و ســـەلماندنی لەپێشـــینەی حکوومەتی نیشتمانی بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا.

بەم جۆرە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لە کۆتایی سـاڵی ١٩٢٣دا پەیوەنـدیی هێز لە نێوان گرووپە ئیتنۆ – ئاینییە جیاوازەکاندا لە عێراق ڕەنگدانەوەی شـێوازی فەرمـانڕەوایی عوسـمانی بـوو کە سـوننە تێیـدا باڵادەسـت بـوو و دووبـارە کـردنەوەی ئەو شـێوازە هەرگیـز گونجـاو نەبـوو، بەڵام تەنهـا کە فشـاری ئیکۆنـۆمی کەڵەکە بـوو مەسـەلەی کشـانەوەی بەریتانیـا لە داهـاتوویەکی زۆر نزیـک هـات بەخەیاڵـدا و مەسـەلەی ئاشـتی لەگەڵ تورکیـا دەبـوو پەلەی تێدا بکرێت. بڕیاربەدەستانی بەریتانیا کەوتنە گەلاڵە کردنی دامەزراندنی دەوڵەتێک لە هەر سێ ویلایەتەکەی پێشـوو. ئاسـایش و ئـارامیی دەوڵەتەکە دەبـوو لەو سنووره جوگرافی و ستراتیجییانەوە دابین بکرێت کە بۆی دیاری دەکرێت و ئاسایشـی ناوخۆیشـی دەبـوو بسـپێردرێت بە دڵسـۆزی و ملکەچیـی تـایبەتی دانیشتوانەکەی لە ژێر سەرپەرشتیی حکوومەتێکی ناوەندیدا.

له دوادوایی ساڵی ١٩٢٢دا دەوڵەتی تازە درووستبووی عێراق هێند دەستکرد دەهاتە بەرچاو بە رادەیەک کە ڕۆژنامەی لەندەن تایمز بە پێداگرتنەوە جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە وا "هیچ مەبەستێکی هاوبەش لە ئێستادا ئەم کۆمەڵگە جیاجیایانە بە یەکترەوە نابەستێت ... مێسۆپۆتامیا، بە سنووری ناڕوونی و دانیشتوانە تێکەڵ و پێکەڵەکەیەوە وەک گەلێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و وەک دەوڵەتێک لە حاڵەتی کۆرپەلەدایە و خراوەتە ریزی دیموکراتییە مۆدێرنەکانەوە لە ژێر سایەی کۆمەڵەی گەلاندا"[١٠٥].

## سەرچاوە:


گۆڤاری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بەرگی ٤٦، ژمارە ١، کانوونی دووەم ٢٠١٠
ناوی بابەت: پێکهێنانی گەلان و دروستکردنی دەوڵەتان: جیاوازیی ئیتنۆ – ئایینی و دامەزراندنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، ١٩١٩ – ١٩٢٣.
نووسەر: گیدیتا فۆنتانا

Middle Eastern Studies
Vol. 46, No. 1,1 –16, January 2010
Middle Eastern Studies
Creating Nations,
Establishing States: Ethno – Religious Heterogeneity and the British Creation of Iraq in, 1919 – 19 23.
Guiditta Fontana

# تێبینی و پەراوێز

نووسەر دەخوازێت سوپاسی پرۆفیسۆر رۆی میلەر بکات بۆ رێنمایی و چاودێری و پاڵپشتی کردنی.

١ – ئــی. خەدووری، "ئینگلانــد و رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، رووخــانی ئیمپراتــۆریێتی عوسمانی, "The England and the Middle East, 1914 – 1921 Destruction of the Ottoman Empire، (لەندەن: چاپ و بڵاوکردنەوەی مانسێڵی سنووردار)، ١٩٨٧، ل ٢١٣.

٢ – کۆمەڵەی گەلان، *"کێشەی سنوور لە نێوان تورکیا و عێراقدا*

*"Question of the Frontier between Turkey and Iraq*، راپۆرتێک بۆ ئەنجومەن لە لایەن ئەو کۆمیسیۆنەوە کە وا ئەنجومەنی کە لە ٣٠ ئەیلوولی ١٩٢٤دا شجێگەی ئەنجومەنی ئاشتەوایی گرتبووەوە، ٢٠ی ئابی ١٩٢٥.

٣ – ئی. خەدووری، "بەریتانیای مەزن، هێزەکانی تر و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێش و پاش جەنگی جیهانیی یەکەمدا

،"Great Britain، the Other Powers، and the Middle East before and after World War I."

لە کتێبی یو. دان، *" هێزە گەورەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا*

*The Great Powers in the Middle East 1919 – 1939.*،"

(نیویۆرک: هۆڵمز و مایەر، ١٩٩٨)، ل ٩ .

٤ – پ. سلاگلێت، *" بەریتانیا لە عێراقدا، پاشای ساختە و وڵاتی ساختە ١٩١٤ – ١٩٣٢*

P. Sluglett, *Britain in Iraq, Contriving King and Country,* (New York: Columbia University Press، 2007) , 1914 - 1932, p.66

(نیویۆرک: چاپی زانکۆی کۆڵۆمبیا)، ٢٠٠٧، ل ٦٦.

٥ – پ. مار، *"مێژووی نوێی عێراق The Modern History of Iraq "* (بۆڵدەر: چاپی وێستڤیو، ٢٠٠٤)، ل ٢٥ ؛ هەروەها ی. نەقاش، *"شیعەکانی عێراق"*، (ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی پرینستۆن)، ١٩٩٤ ، ل ٧.

٦ – سی. تریپ، *"مێژووی عێراق"*، (کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج)، ٢٠٠٠، ل ٣٠.

٧ – س. ئەسکەندەر، *"کوردستانی باشوور لە ژێر ماندێتی بەریتانیادا بۆمیزۆپۆتامیا: لە جیابوونەوەوە بۆ ئاوێتە کردن، ١٩٢٠ – ١٩٢٣"*، *گۆڤاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، بەرگی ٣٧، ژمارە ٢ (نیسانی ٢٠٠١)، ل ١٥٣ – ١٨٠).

٨ – بۆ گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسی لە سیاقی مێژوویی خۆیدا، بڕوانە: نامە و نامەکاریی حوسەین – مەکماهۆن لە کتێبی ئی. خەدووری، *"پێچاوپێچی کێشەی ئینگلیز و عەرەب"*،(کامبریج: چاپی زانکۆی کامبریج، ١٩٧٦) .

*"In the Anglo – Arab Labyrinth".*

٩ – ئێچ. دەبلیو. ڤی. تەمپەرلی، *"مێژووی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس"*، بەرگی ٦ ، ١٩٢٤، ل ٢٤.

*"A History of the Peace Conference of Paris"*, Hodder & Stoughton .(London: Henry Frowde).

١٠ – لە ئەی. تی. ویلسن وەرگیراوە، *"میزۆپۆتامیا ١٩١٧ – ١٩٢٠، ململانێی دڵسۆزییەکان Mesopotamia A Clash of Loyalties"*، (لەندەن: هەمفری میلفۆرد)، ١٩٣١، ل ١٠٢.

١١ – سی. کاتەروود، *"گەوجێتیی وینستن: ئیمپریالیزم و دروستکردنی عێراقی نوێ"* ، لەندەن: کۆنستەیبڵ، ٢٠٠٤، ل ٦٦.

١٢ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ٩ی دیسەمبەری ١٩٢١.

FO ١٤١ / ٤٤٦ / ٢, Public Record Office (PRO)

١٣ – ئـی. مـۆنرۆ، *"کـاریگەریی بەریتانیـا لە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، ١٩١٤– ١٩٧١*
*" Middle East, Britain's Moment in the* ؛ بی. وێستەرەیت، *"دیوانی عەرەب،*
*سیاسەتی بەریتانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ١٩١٦– ١٩٢٠*

*"The Arab Bureau،British Policy in the Middle Eas"t*

(یونیڤەرسیتی پارک: چاپی زانکۆی ویلایەتی پەنسیلڤانیا)، ١٩٩٢، ل ١٤٢ – ١٤٣.

١٤– ویڵسن، *"میزۆپۆتامیا "*، ل ٢٦١.*Mesopotamia*

١٥ – لە ئۆفیسی هندستانەوە IO بۆ ویڵسن، ٥ی حوزێرانی ١٩١٩. ژمارە ٦٠٨ / ٩٧.

١٦ – ویڵسن، *"میزۆپۆتامیا Mesopotamia"*، ل ١٤٤.

١٧ – *"کێشـەی عەرەب 'The Arab Problem'*"، رۆژنـامەی تـایمس، ٨ ی ئۆکتـۆبەر ١٩١٩؛ کاتەروود، *گەوجێتیی ویڵسن Winston's Folly*"، ل ٩٢.

١٨ – *"کۆنفرانسی ئاشتی: یاداشت لەبارەی میزۆپۆتامیاوە*

*Peace Conference: Memorandum Respecting Mesopotamia,*
کانوونی دووەمی ١٩١٩

١٩ – نووسراوی ویڵسن بۆ مۆنتاگۆ، ١٣ی شوباتی ١٩٢٠.

٢٠ – گێرترود لوسیان بێڵ، *"پێداچوونەوە بە بەڕێوەبردنی مەدەنی لە میزۆپۆتامیادا،*
"Review of the Civil Administration of Mesopotamia, 1920 (لەندەن:
ئۆفیسی خاوەن شکۆ)، ١٩٢٠، ل ٦٢، ٦٣، ٧٣، ٧٤.

٢١ – *خۆبەڕێـوەبردن لە عێراقـدا، کـۆپی و وەرگێڕانـی ئەو بەیـان و بەڵگەنامـانەی پەیوەندییان بە حوکمی خۆ کردن یان خۆبەڕیوەبردنەوە هەیە لە عێراقدا،*

*Self – determination in Iraq, Copies and translations of declarations and other documents relating to Self – Determination in Iraq* ،١٩١٩، ٢٠ی شوباتی ،FO ٦٠٨ / ٩٦, PRO.

٢٢ – ویڵسن، *"میزۆپۆتامیا ,Mesopotamia"*، ل ١١٤.

٢٣ – نووسراوی ویڵسن بۆ مۆنتاگۆ، ٢٥ی مارتی ١٩٢٠.

٢٤ – کاتەروود، *"گەوجێتیی ویڵسن"* ، ل ١١٦.

٢٥ – ویڵسن، *"میزۆپۆتامیا"*، ل ١٤٢.

٢٦ – هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.

٢٧ – *"کۆنفرانسی ئاشتی: یاداشت لەبارەی میزۆپۆتامیاوە"*، کانوونی دوەمی ١٩١٩.

٢٨ – گێرترود لوسیان بێڵ، *"سووریا لە ئۆکتۆبەری ١٩١٩دا"*. نووسراوی ویڵسن بۆ مۆنتاگۆ،١٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩.

٢٩ – نووسراوی بەلفۆر بۆ وینگەیت، ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

٣٠ – ئێچ. یۆنگ، *"یاداشت لەبارەی داهاتووی میزۆپۆتامیاوە"*، ٢٠ ی شوباتی ١٩١٩،

٣١ – نووسراوی ویڵسن بۆ هێرتزڵ، ١٢ی سێپتەمبەری، ١٩١٩، تۆماری ئۆفیسی هندستان. L / PS / ١٠ / ٧٥٧ .(India Office Records (IOR

٣٢ – نووسراوی ویڵسن بۆ مۆنتاگۆ، ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٩.

٣٣ – ویڵسن، *"میزۆپۆتامیا"*، ل ٣١٥.

٣٤ – کۆنفرانسی ئاشتی: *"یاداشت لەبارەی میزۆپۆتامیاوە "Memorandum Respecting Mesopotamia"*، کانوونی دوەمی ١٩١٩.

٣٥ – ویڵسن، *"میزۆپۆتامیا"*، ل ١١٦.

٣٦ – جەی. والاش، *"شاژنی بیابان، ژیانی نائاسایی گێرترود بێل.*

*"Desert Queen, The Extraordinary Life of Gertrude Bell,*، (لەندەن: فینیکس، ١٩٩٧)، ل ٢٦٣.

٣٧ – ویڵسن، لە کتێبی دەیڤید فرۆمکین وەرگیراوە، *"ئاشتییەک هەموو ئاشتییەکان کۆتایی پێدێنێت، دروستکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ،*

*Creating the Modern Middle East,A Peace to End All Peace* ١٩١٤ – ١٩٢٢". (London: A. Deutsch)، ١٩٨٩، ل ٤٥٣.

٣٨ – گێرترود لوسیان بێل، *"پێداچوونەوە بە بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنی لە میزۆپۆتامیادا، ١٩٢٠"*، ل ١٤٣.

٣٩ – ویلسن، *"میزۆپۆتامیا"*، ل ٢٦٩.

٤٠ – نووسراوی ویلسن بۆ مۆنتاگۆ، ١٥ی حوزێرانی ١٩٢٠.

٤١ – سلاگلێت، *"بەریتانیا لە عێراقدا Britain in Iraq"*، ل ١٤١.

٤٢ – نووسراوی چەرچل بۆ کۆکس، ٩ی تەموزی ١٩٢١. CO 730 / 3, PRO

٤٣ – نامەی گێرترود ل. بێل بۆ باوکی، ١٤ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠.

*The Gertrude Bell Project (GBP)*, www.gerty.ncl.ac.uk

٤٤ – *"راپۆرتی کۆنفرانسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە لە قاهیرە و ئۆرشەلیم بەستراوە، ١٢ – ٣٠ مارتی ١٩٢١"*،

*'Report on Middle Eastern Conference held in Cairo and Jerusalem, March 12th to 30th, 1921'*, June ١٩٢١, CO ٩٣٥ / ١.

هەروەها ئەسکەندەر، *"کوردستانی باشوور"*، ل ١٥٤,

Eskander, *'Southern Kurdistan'*

٤٥ – نووسراوی چەرچل بۆ کۆکس، ١٦ی مارتی١٩٢١،

PRO. E 4211 / ٥٣٣ / ٦٥, FO ١٤١ / ٤٥٦

٤٦ – ئەسکەندەر، "کوردستانی باشوور" ، ل ١٥٦.

٤٧ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچل، ٤ی تەموزی ١٩٢١،

٤٨ – پی. گرەیڤس، *"ژیاننامەی سێر پێرسی کۆکس"*،١٩٤١، ل ٢٨٣

*"The Life of Sir Percy Cox"* , (Hutchinson & Co. London).

٤٩ – ئەسکەندەر، *"کوردستانی باشوور"*، ل ١٥٧.

٥٠ – *"نامه له وەزارەتی بەرگریی نیشتمانییەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت"*، راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ٥، ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٢١،

٥١– بۆ خاوەن شکۆ سێر پێرسی کۆکس، کۆمیسیاری باڵای خاکی داگیرکراوی میزۆپۆتامیا، بەسرە،١٣ی حوزێرانی ١٩٢١.

٥٢ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ٢ی حوزێرانی ١٩٢١،

٥٣ – هەمان سەرچاوە.

٥٤ – رەشنووسی تەلەگرامی چەرچڵ بۆ کۆکس، حوزێرانی ١٩٢١،

٥٥ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٢١، پرۆژەی گێرترود بێڵ ...

٥٦ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٢١،

٥٧ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١،

٥٨ – کورتە هەواڵەکان Summary News، بەغدا، ١١ی نۆڤەمبەری ١٩٢١.

٥٩ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ١٥ی ئابی ١٩٢٢، پرۆژەی گێرتروود بێڵ GBP.

٦٠ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ١٤ی سێپتەمبەری ١٩٢٢،

٦١ – پ. مارڕ، "مێژووی نوێی عێراق "، ل ٢٩.

٦٢ – ئەسکەندەر، "کوردستانی باشوور"، ل ١٦٩.

٦٣ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠، پرۆژەی گێرترود بێڵ.

٦٤ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠، پرۆژەی گێرترود بێڵ.

٦٥– نامەی بێڵ باوکی، ٧ی شوباتی ١٩٢١، پرۆژەی گێرترود بێڵ.

٦٦ – نامەی بێڵ بۆ باوکی (هیو بێڵ)، ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢١، لە *نامەکانی گێرتروود بێڵ"* (لەندەن: ئێرنست بێن)، ١٩٢٧، ل ٥٨٥. *"The Letters of G. Bell"*.

٦٧ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ١٦ی ئابی ١٩٢٠، پرۆژەی گێرترود بێڵ.

٦٨ – نووسراوی ویلسن بۆ مۆنتاگۆ، ٣١ی تەموزی١٩٢٠.

٦٩ – بیست و پێنجەمین مەحزەری لیژنەی دارایی، ٣ی ئابی ١٩٢٠ و جەی. بی. فیلبی، "رۆژانی عەرەبی"،

٢٥th Minutes of the Finance Committee, ٣ Aug. ١٩٢٠, WO ٣٢ / ٥٧٤٥, PRO, and H. St. J. B. Philby, Arabian Days (London: Robert Hale Limited, 1948), p. 186.

٧٠ – نووسراوی چەرچڵ بۆ لۆید جۆرج، ١٣ی مارتی ١٩٢١

٧١ – راپۆرتی کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە قاهیرە و ئۆرشەلیم بەستراوە، ١٢ – ٣٠ مارتی ١٩٢١، حوزێرانی ١٩٢١.

*'Report on Middle Eastern Conference held in Cairo and Jerusalem*', March 12th to 30th, 1921', June 1921, CO ٩٣٥ /١.

٧٢ – ئێچ. دەبلیو. یۆنگ، *"عەرەبی سەربەخۆ The Independent Arab"*،

(لەندەن: جۆن موڕای)، ١٩٣٣، ل ٣٢٦.

٧٣ – راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ١٨، ١ی ئابی ١٩٢١، CO 730 / 4 بۆ قسە و باسی زیاتر لە سەر بناغەی دەسەڵاتی فەیسەڵ و گرنگیی پەیوەندیی بەریتانی، بڕوانە تیمپەرلی: "مێژووی ..."، ل ١٨٦؛ هەروەها سلاگلێت: *"بەریتانیا لە عێراقدا..."*، ل ٤٣ ؛ هەروەها ئیل. لوکیتز: *"باس و خواسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: گێرترود بێل و دروستکردنی عێراقی نوێ*

*Quest in the Middle East: Gertrude Bell and the Making of A Modern Iraq*"، (لەندەن: ئای. بی. تۆریس)، ٢٠٠٤، ل ١٥١.

٧٤ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ٤ی دیسەمبەری ١٩٢١.

٧٥ – نامەی بێل بۆ باوکی، ١٢ی حوزێرانی ١٩٢١، پرۆژەی گێرترود بێل.

٧٦ – پی. گرەیڤس، *"ژیاننامەی سێر پەرسی کۆکس"*، (لەندەن: هاچینسن ...)، ١٩٤١، ل ٣١٦.

٧٧ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ٢٤ی ئابی ١٩٢٢،

٧٨– هەمان سەرچاوە.

٧٩ – ڕەشنووسی تەلەگرامی چەرچڵ بۆ کۆکس، حوزێرانی ١٩٢١.

٨٠ – ئەسکەندەر، *"کوردستانی باشوور"*، ل ١٦٩، ١٧٢.

٨١ – هێنری دۆبس، *"ڕاپۆرتی کۆمیسیاری باڵا لەبارەی پەرەپێدانی 'عێراقەوە'، ١٩٢٠ – ١٩٢٥"*، ئابی ١٩٢٥،

٨٢ – نووسرای دۆبس بۆ دۆقی دیڤۆنشایەر، ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣.

٨٣ – ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ١، ١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣.

٨٤ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ١ی مارتی ١٩٢٣، پرۆژەی گ. بێڵ.

٨٥ – نووسراوی کۆکس بۆ چەرچڵ، ٢٠ی سەپتەمبەری ١٩٢١.

٨٦ – نووسرای دۆبس بۆ دۆقی دیڤۆنشایەر،٧ی حوزێرانی ١٩٢٣.

٨٧ – نووسرای دۆبس بۆ دۆقی دیڤۆنشایەر، ١٥ی حوزێرانی ١٩٢٣.

٨٨ – مەحزەری ویلیەم ئۆرمسبای گۆر لە سەر نووسرای دۆبس بۆ دۆقی دیڤۆنشایەر، ١٥ی حوزێرانی ١٩٢٣ .

٨٩ – نووسرای دۆبس بۆ دۆقی دیڤۆنشایەر، ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣.

٩٠ – ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ٢٢، ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢.
٩١ – *"شا فەیسەڵ لە گەشتدا King Feisal on Tour"*، ڕۆژنامەی تایمز، ٢١ی تەموزی ١٩٢٣.

٩٢ – ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ١٤، ٥ی تەموزی ١٩٢٣، هەروەها بڕوانە تریپ، *"مێژووی ..."*، والاش *"شاژنی بیابان Desert Queen"*، ل ٢٨٦ .

٩٣ – س. زوبەیدە، "لە پارچە و پرووچ گەل و وڵاتی خەیاڵ پێکدێت: مەسەلەی عێراق

The Fragments Imagine the Nation: The Case of Iraq"، لە *گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، بەرگی ٣٤، ژمارە ٢، (مایسی ٢٠٠٢)، ل ٢٠٥ – ٢١٥ بڵاوبووەتەوە.

٩٤ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ١٦ی دیسەمبەری ١٩٢٢، پرۆژەی گێرترود بێڵ.

٩٥ – نووسراوی کۆکس بۆ دۆقی دیڤۆنشایەر،١٩ی دیسەمبەری ١٩٢٣.

٩٦ – راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ٢٣، ١ی دیسەمبەری ١٩٢٢.

٩٧ – نەقاش، *"شیعەکان .."*، ل ٨٨ ؛ سلاگلێت، *"بەریتانیا لە عێراقدا"*، ل ٦٣ ؛ تریپ، *"مێژووی ... "*، ل ٥٦.

٩٨ – تریپ، *"مێژووی ..."*، ل ٥٧.

٩٩ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ١٢ی نیسانی ١٩٢٣، پرۆژەی گێرترود بێڵ.

١٠٠– راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ١٤، ٥ی تەموزی ١٩٢٣.

١٠١ – مارڕ، "عێراقی مۆدێرن" ، ل ٣٢.

١٠٢ – نامەی بێڵ بۆ باوکی، ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٢٣، پرۆژەی گێرترود بێڵ.

١٠٣ – راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ٢٣، ١ی دیسەمبەری ١٩٢٣.

١٠٤ – راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی عێراق، ژمارە ١٤، ٥ی تەموزی ١٩٢٣.

١٠٥ – *"پەیماننامەیەکی دەستکرد 'An Artificial Treaty"*، رۆژنامەی تایمس، ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢.